فڕیینم بیرچۆتەوە لەم کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم

ڕۆمان

Roman

PDF4Kurd

نووسینی: پۆلا سەعید

به" نازەنیین مەحمود شەریف" پێشکەش.

غـەریبیی غوربەتی کردم بە ئەوتـــان
سەراپای ئەرزی لێکردوومەتە زیندان،

حاجی قادری کۆییی

دەستپێکردن

هەینیی, 25. April 2003
کاتژمێر:19:20 ئێوارە

ا

تاک و تەنها بە گێژاوێکی بیرکردنەوەوە لە بریسکوهوڕی بەفرێکدا کە وەک سەرپۆشێکی سپیی ئاوریشم سەراپای شاری داپۆشیبوو ڕێگای دەبڕیی، لە دواوە جێگا پێکانی نەرم بە ناخی بەفرەکەدا چووبوو، هەنگاوەکان نزیکبوون لەیەکدییەوە قاچی ڕاست دەستی کردبووە ملی قاچی چەپ و شان بە شانی یەکدی دەڕۆیشتن، لاسی تاک و تەنها هەتا دەهات گوێکانی سوورتر هەڵدەگەڕان و زیاتر دەتەزیین و زیاتر بەستەڵەکی ئەم هەوارە تێکەڵی بیرکردنەوەکانی دەبوو. لەگەڵ پیاسەڕەوی هەڵهێنانەوەی پێکانیدا سنگی شەختەی کانیاوێکی کەنار داڵغەکانی ئەشکێ و وەک سووتانی مۆمی ڕۆحی لە گلێنەی چاوەکانیەوە بۆ سەر کولم و ڕووی تەزیووی تک تک ئەتکێ. لە ناکاو لە کەنار ڕێڕەوەکەی لاسدا لەسەر درەختێکی باڵا بەزری سەراپا بە بەفر داپۆشراو جریوەی بەفرخۆرەیەکی ئێسک سووک هەنگاوەکانی لاس ڕادەگرێت و ڕایئەکێشێتە نێو گوێڕایەڵیی نەغمە بەسۆز و غەمگینەکانی خۆیەوە. لاس هەڵوێستکەیەکی بۆ دەکات و دەستەکانی لە نێو قوڵایی گیرفانی کردووە و بە لێشاوێک شەپۆلی بیرکدنەوەوە گوێ بۆ نەغمەکانی ئەو بەفرخۆرەیە ڕادەگرێت. چاوەکانی ڕاستەوخۆ چەقانۆتە ڕووخساری ئاڵوواڵی ئەو فرندەیە و پێی دەڵێ: سڵاو ئەی جوانترین ڕووخسار سڵاو ئەی دڵفرێنترین ئاواز، منیش فرینم بیرچۆتەوە لەم کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم. لاس پرسیاری لێدەکات دەڵێ: ئەتەوێ ببیتە هاوڕێم؟

بەفرخۆرەکە دیسان دەیکاتە جریوە جریوو و جار ناجارێکیش تەماشایەکی خوارەوە دەکات و نیگاکانی بۆ حەپەسانی لاس دەهاوێت.

لاس دەڵێ: مەخابن کە هیچمان لە زمانی یەکدی ناگەین بەڵام دڵنییام لەوەی کە ئەم ئاوازانەت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاسەڕەوی ئەم ئێوارەیەی مندا نییە، تۆش خەمێک ڕاوێناویتە سەر باڵای ئەم درەختە و گریەی خەمەکانی خۆت بە گوێی تەزیووی بەستەڵەکی هەستەکاندا ئەدەیت. من و تۆ هەردووکمان ڕووخسارمان لە تەزیینی بیست پلە ژێر سفری ئەم هەوارەدا هەڵئەوەرێ و ناخیشمان بە کوانووی خەمەکانمان ئەکوڵێ. ماڵئاوا ئەی فرندەی ئاوازی غەم ماڵئاوا، من ئەبێ لەگەڵ کەشتیی بیرکردنەوەمدا بگەمە کەنارێکی بڕیاردان کە هەر ئێمشەو ئەم هەوارە بەجێبهێڵم، یان ئەوەتا پەتی زیاتر بۆ کۆلارەی ئەم خەمە بەربدەم.

لاس دەست بە بەردەوامیی ڕۆیشتن دەکات و بەفرخۆرەکەش بە ناڵەتر ئەجریوێنێ. پاش

ماوەیەک پیادەڕەوەکەی لاس کۆتایی پێدێت و ڕێگای ئەکەوێتە سەر دووڕییانێک کە هەریەکەیان دوو ڕێگای پان و بەرییني لێخوڕینی ئۆتۆمبیلن بەڵام سەراپایان نووقمی بەفرە، دونیاش هێدی هێدی ئەچێتە باوەشی تارییکییەوە، لاس تەماشایەکی ڕێگاکان دەکات و سەرێک هەڵدەبڕێت بۆ ئاسمان و دەڵێ: خۆ لەم کاولبووەدا ڕۆژ لە کاتژمێر چواردە و نیودا ئاوا دەبێت، ئەمە چ دۆزەخێک بێت سێ بەشی کاتەکانی ڕۆژێکت شەو داگیری بکات؟ بیرکردنەوەم شەوە هەستەکانم شەوە چوونەوە ماڵەوەم شەوە، شەو بۆتە ئیمپڕاتۆری چارەنووسێکی نادیارم.

لاس دەست بە گەڕانەوە دەکات لەگەڵ هەڵهێنانەوەی هەر هەنگاوێکیدا خۆر زیاتر دەچێتە تابووتی ئاوابوونەوە، تارییکیی باڵی ڕەشی خۆی بەسەر شاردا ڕادەکێشێ و فرمێسکەکانی لاسیش بە کوڵمییەوە دەیبەستێ. کە دەگاتەوە نێو دەرگای سووتانی، تەنها تروسکەی ڕووناکیی کەسێک دیارە کەسێک کە نە سڵاوێکی لێدەکات و نە ئاوڕێکیشی لێدەداتەوە، لە قوژبنێکی تەسکی ژوورەکەدا لاس پەنا دەباتە بەر باوەشی خەوتن و بە بەتانییەکی حەسرەت سەری خۆی و خەمەکانی دادەپۆشێ و لەسەر وەجاخی نامۆبوونێک فرمێسکەکانی ئەبرژێنێت، و لەژێر گڕی بەتانییەکەیەوە بە دەنگێکی نامۆ و نزم شەوشادێک دەکات و تروسکایی ناوژوورەکەش بێ ئاوڕدانەوە بە سادەیی دەڵێ: شەوشاد.

ئیدی ئەوسا لاس لە کوانووی ئەم شەوەدا کەڵەپشکۆی ناو ئەم خەمەیە و لە گڕی خۆیدا ئەسووتێت.

لەناکاو بارمەنێک دێت و ڕوودەکاتە تریفە و ئارا و پێیان دەڵێ: هیچیترتان پێویست نییە؟

ئارا لە زنجیرەی گێڕانەوەی قسەکانی دەبچڕێت و دەڵێ: نەخێر بەڕێزم جارێ هیچمان ناوێ.

تریفە دەڵێ: ببوورە کە لە قسەکانت بچڕایت بە ڕاستی من چووبوومە ناو قوڵایی باسەکەتەوە، ئارا دەزانی چی؟ پرسیارێک باشە تۆ لەو باوەڕەدایت کە ئەو بەفرخۆرەیەی لەسەر ڕێگای لاسدا سەرنجی لاسی ڕاکێشابوو، جریوەکانی وەک پەیامێک نەبووبێت بۆ لاس؟ بڵێی ئەو پەیامانە ڕاسپاردەیەک نە بووبێت بۆ لاس بەڵام لاس لێیان نەگەیشتبێت؟

ئارا دەڵێ: پێدەچێت هەندێ جارێ سروشت دەبێتە گەورەترین یاریدەدەری مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی کێشەکاندا، بەڵام ئایا ئێمەی مرۆڤ هەتا چەند باوەڕمان بە زمانی گفتووگۆی سروشتە لەگەڵ ئێمەی مرۆڤدا؟

تریفە دەستێکی ناوەتە ژێر چەنەی و دەڵێ: من پێموایە ئەو بەفرخۆرە درامای ئەوینەکەی لاسی لە بولێڵی ئەو ئێوارەیەدا بە نەغمەکانی خۆی خوێندۆتەوە. هەناسە تەزیووەکانی لاسی لە هۆنراوەیەکی خۆڵەمێشییدا کۆکردۆتەوە، ویستوویەتی پێناسێکی بوونی لاس لەو هەوارەدا بکات بەڵام لاس زمانی باڵندەی نەزانیووە تا تێی بگات، خۆیشی نەیتوانیووە بچێتە قوڵایی لێکدانەوەی دیدەنی ئەو بەفرخۆرە ناوەختەوە.

ئارا دەستێک بۆ خواردنەکەی بەردەم تریفە ڕادەکێشێ و بە چەتاڵەکەی دەستی دوو دەنک پەتاتە هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ دەمی و بەدەم خواردنەوە دەڵێ: دروستە بەڵام من پێموایە کە شتێکی هەر لێوەرگرتووە بۆیە هەر لەگەڵ گەیشتنەوەی بۆ ماڵەوە ڕاستەوخۆ بە بێ سڵاوکردن پەنا دەباتە بەر جێگای خەوەکەی و بەو خەیاڵەوە سەردەنێتەوە.

تریفە لە ناکاو قسەکان بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: ئارا باشە پێتوانییە کە ئەو تیشکەی لە ماڵەکەدا بووە هەستی بە سووتانی لاس نەکردبێت؟
ئارا بە هێمنی دەڵێ: بە دڵنیاییەوە.
تریفە دیسان بەردەوام دەپرسێ ئەی باشە بۆ هیچ ئاوڕی لە لاس نەداوەتەوە؟
ئارا چاوەکانی دەبڕێتە تریفە و دەڵێ: پێت وایە ئەگەر ئەو ژنەی ئەو تروسکەیەی لە ژوورەکەدا دروستکردبوو ویستی بوایە هەست بەوە بکات، ڕێگای لاسی دەدا بەو ئێوارەیە بە تەنها بچێتە دەرەوە بۆ ئەو شارەی کە نامۆیە تێیدا؟ بۆ ئەو شارەی کە لاس هیچ کۆڵان و شەقامێکی ناناسێ؟ من دەڵێم نەخێر، ئێمەی مرۆڤ هەندێ جار نامانەوێ بچینە ژێر باڵی ئەو گوناهانەوە کە لەبەر پێمانا کەوتووە، ئێمە بە ئاسانیی یان ئەوەتا هەنگاو بەسەریدا هەڵدەهێنین یان ئەوەتا بێویژدانانە پێی پێدا ئەنێین.
تریفە ناوبەناوێک چەتاڵێک لە خواردنەکەی بەردەمی ئەدات و پارووێەک دەخوات، لە نێوەندی نیگاکانی تریفەدا لە بۆ ئارای هاوڕێی دیسانەوە لە کامێرای چاوەکانی ئارادا پرسیارێک بەدی دەکات و دەڵێ: باشە ئارا چۆن ئەم وێنانە هاتنە دونیای خەیاڵی تۆوە؟
ئارا چەتاڵەکەی بە هێواشی لەسەر قەراغی قاپەکەی بەردەمی دائەنێت و دەڵێ: ئەو کاتەبوو کە من بە تەنیا لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکەی پشت ماڵی خۆمانەوە چیچکەم کردبوو لە هاتووچۆی ماسیەکانم دەڕوانی، من نە ئاوەکەم دەدیت نە ماسییەکان، ئەوەی دیتم ئەوەبوو کە بۆم گێڕایتەوە کەواتە دەشێت ئەم کارە لەسەر یەکێ لە بستەزەمینەکانی دونیادا ڕوویدابێت. کێ نالێ هەر لەم وڵاتە و هەر لەم شارەی ئێمەدا ڕوویندابوە؟ کێ نالێ لە بەریتانیا یان لە فەڕەنسا یان لە هۆڵندا یان دانیمارک یان سوێدن یان لە هەرشوێنێکی بەستەڵەکی ئەم جیهانەدا.
تریفە دەست بۆ پەرداخە شەرابەکەی بەردەمی ئەبات و قوومێک ئەکات بەسەر خواردنەکەیدا و دەڵێ: تۆ بۆچوونت چییە لە لێکدانەوەی ئەم وێنانەدا؟
ئارا سەرێکی بۆ دەلەقێنێت و دەڵێ: پێئەچێت ئەو لاسە من بم!
تریفە پاروەکە لە قوڕگی دەگیرێت و بە پەلە قوومێک شەراب دەکات بەسەریدا و دەڵێ: چی لاس تۆ بیت؟
ئارا دەڵێ: بەڵێ من.
تریفە دەڵێ: بەڵام تۆ لاس نیت تۆ هەرگیز لەناو بەستەڵەکی وادا نەژیاویت بەوشێوەیە شارێک نووقمی بەفر بووبێت، تۆ هەرگیز لە باڵای پێڵاوەکانت زیاتر بەفرت نەدیووە لەم شارەی خۆتدا.
ئارا دەڵێ: کێ ئەڵێ ئەو شارە ئەم شارەیە منی تێدا دەژییم؟
تریفە دەڵێ: ئەی ئەو تروسکەیەی ژوورەکەی ڕووناککردبۆوە من بووم؟
ئارا دەستەکانی دەکاتە باوەشێک و دەمووچاوی تریفەی پێدەگرێت و دەڵێ: تۆ هەرگیز منت بە وەجاخی سووتان نەسپاردووە لە هیچ شەوێکدا.
تریفە چاوەکانی نووقمی فرمێسکێکی گەش دەبن و دەڵێ: ئەی کێ بوو ئەو تروسکەیە؟ کێ توانای سپاردنی تۆی بە ئاگری خەم هەیە؟
ئارا لە نیگای چاوەکانی تریفەدا مەلە دەکات و دەڵێ: من پێموایە داهاتوویەکم بینیووە لەو

ڕووبارەدا پەیووەندیی بە چارەنووسی منەوە هەیە، ئەو تروسکەیە ئەو ژنەیە کە من بە دیدەنی دەگەم ئەو بەفرخۆرەش ئەو کەسەیە سەبووریی خەمەکانم ئەداتەوە، جا یان ئەوەتا یەکێکە لە هاوڕێکانم یان ئەوەتا کەسێکە لەو وڵاتی تەزیینەدا دەبێتە هاوڕێم. شتێکی تر هەیە تریفە کە لەم ژیانەدا پێدەچێت ئێمە هەتاوەکوو ئێستا سەرنجی خۆمانمان تێنەگرتبێت.

تریفە بە نیگا شیرینەکانییەوە بۆ ئارا دەڕوانێت و دەڵێ چییە ئەو شتە؟

ئارا چاوە کاڵەکانی لە چاوانی تریفە دەبڕێت و دەڵێ:

بێنەپێش چاوی خۆت لە ڕۆژێکی خۆش و سایەقەدا تێکڕای شتەکان بە ڕوونی دەبینیت سەرنجی خۆت بۆ گوڵەکان بۆ باڵندەکان بۆ مرۆڤەکانی سەرڕێ بە ئاسانی ئەدەیت، بەڵام لە ناکاودا هەور و ڕەهێڵە و "با" و بۆرانێک دادەکات سەراپای دونیا تارییک دەبێت تارییکییەک وەک تارییکی نیوەشەو تۆ نەگ من کە لەتەنیشتەوە ڕاوەستاوم بگرە بەرپێی خۆشت نابینیت، تا بزانیت چۆن هەنگاو هەڵبێنیت، پێت ڕیاڵ نییە ئەگەر ڕۆژێکی وا ئێخەمان بگرێت؟

تریفە بە سەرسوڕمانێکەوە وەڵامی ئارا ئەداتەوە و ئەڵێ: بەڵێ بە ڕیاڵی دەزانم لەم ژیینەدا هەموو شت چاوەڕوان نەکراوە.

ئارا کەمێک بە ڕووخسارێکی خەمبارانەوە وەک ئەوەی دوو دڵۆپ فرمێسک لە گلێنەی چاوەکانیا قەتیس بووبێت وەها وەدەردەکەوت، ڕوومەتەکانی وەک دڵ لێئەدەن وەک ئەوەی بیەوێ هەر ئێستا لەم چێشخانەیەدا بیداتە پرمەی گریان. زایەڵەی گووتەکانی لە نۆتەی مۆسیقایەکی خەمبار دەچوو، تیلەی چاوەکانی بۆ تریفە لە تیلەی سەگێکی کەساسی بێخاوەن دەچوو کە شەقام بە شەقام دەسوڕێتەوە تا دڵی ڕێبوارێک نەرمبکات کووتێ نانی پێبدەن، یان دڵی ئارایشتکردووی ژنێکی خانم بجوڵێنێ و لەگەڵ خۆیا بۆ ماڵەوەی بەرێتەوە، بە ئاوازێکی دڵتەزێنەوە بە تریفە دەڵێ:

کەواتە لە ژییانی ڕیاڵدا کارەساتەکان چاوەڕوان نەکراون، منیش لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا دەبمە مەلێک و دەفرم بۆ کیشوەرێکی دی پێئەچێت خودایەک ئەو پەیامەی بۆ ناردبێتم کە باڵم لێبڕوێنێت و بفرم بۆ ئەو شوێنەی کارتی بانگکردنەکەیان بۆ ناردووم. لەوێ لە دیدەنی ئەو تیشکەدا دەبمەوە ئاراکەی جاران و باڵی فڕیینم نامێنێت تا بتوانم بگەڕێمەوە کوخە کەساسەکەی خۆم، من تیشکێک کارتی بانگکردنم بۆ دەنێرێت بەڵام لەوێ تەنهام هاوڕێم نییە فڕیینم بیرچۆتەوە لەو کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم.

تریفە چاوەکانی بوونەتە دووکانی تەقیووی بەهارە و لێوەکانی وەک بەژنی دەرەختێکی تەزیوو هەڵدەلەرزن، لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵدەسێت و بەرەوڕووی ئارا دەڕواتو لەسەر کۆشی ئارا دادەنیشێت. ڕووخساری ئارا لە نێوەندی هەردوو دەستی دەنێت و ماچێکی نێوچەوانی ئارا دەکات. ئارا هێدی هێدی فرمێسکەکانی دەرگای چاوەکانی دەکەنەوە و بە کولم و ڕوویدا دێنەخوار و بە دەنگێکی نزم بە تریفە دەڵێ: چی بەسەر من و تۆ دێت؟ تۆ بڵێی هەر ئێستا ئا ئێستا ئەو ڕەهێڵە و "با"و بۆرانە دابکات و ئیدی کەسمان یەک نەبینینەوە؟ هەر ئێستا ئا لێرەدا من ببمە مەلێک، نەورەسێک، پاسارییەک و باڵم لێبڕوێت و بفرم بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا فڕیینم بیردەچێتەوە؟ تۆ بڵێی؟ تریفە دەست بۆ دەستەسرێکی سەر مێزەکە ڕادەکێشێت و جۆگەی

فرمێسکەکانی ئارای پێدەسڕێت، تریفە بێ گوێپێدانە ئەوەی کە لە چێشتخانەیەکدا دانیشتوون ئەیداتە پرمەی گریان و بە ئارا دەڵێ: ئارا گیان چیمان بەسەردێت؟ ئەم ژیانە بێویژدانە بەکام کیشوەری ئازار و تەزییناندا ئەدات؟ تۆ چوویت گوێ لە خوڕەی ئاوی ئەو ڕووبارە بگریت تۆ چوویت نیگای هاتووچۆی ماسییەکانی بکەیت، بەڵام چارەنووسێکی ونت تێدا بەدی کردووە، ونبوونی خۆتت تێدا تەماشاکردووە، بەستنی فرمێسکەکانی خۆتت تێدا دیدەنکردووە کە بە ئاگری ڕۆحت ئەی تاوێنێتەوە. لە ناکاو بارمەنەکە دێت و بە ئارا و تریفە دەڵێ: بەڕێزانم ئێمە ژووری تایبەتمان هەیە ئەگەر پێتان خۆشبێت دەتوانم بتان بەم بۆ ئەو ژوورە تا ئازادیی خۆتان وەربگرن، بەڵام لێرە پێمباش نییە میوانەکانی تر سەرنجی خۆیان بۆ بەڕێزتان بهاون، تریفە بە قوڵپی گریانەوە دەڵێ: نەخێر بەڕێزم پێموابێت ئێمە لە نانخواردن تەواوبووین دەڕۆین تکایە بۆمان بژمێرە چەندمان لەسەرە.

بارمەنەکە دەڵێ: بە خۆشییەوە چاوەڕێبکەن ئێستا دێمەوە، بارمەنەکە دەڕوات بۆ سەر کاسەکە و هەقی خواردنەکەیان بۆ ڕادەکێشێت و دێتەوە، پێیان دەڵێ: کە خواردن و خواردنەوەکەی هەردووکیان پێکەوە سەرجەم دەکاتە. 23 مارک و پەنجاوپێنج پفینک.

ئارا دەست دەکات بە جزدانەکەیدا و 25 مارک ئەدات بە بارمەنەکە و دەڵێ: باقییەکەی هی خۆتە، زۆر بمان بەخشن ئەگەر نائارامییەکمان لەلای بەڕێزتان دروستکردبێت، چێشتخانەکەتان شوێنێکی دڵگیرە و مرۆڤی باشی تێدایە.

بارمەنەکە سوپاسیان دەکات و هیوای ڕۆژێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت، ماڵئاوا

تریفە و ئارا ماڵئاوا.

II

گارەگاری مریشکەکانی ناوحەوشە و نەغمەکانی حەمەساڵح دیلان کە لە ماڵی دراوسێیەکی دەستە چەپەوە دەهاتە گوێی "بنار" بیرکردنەوەکانی بناریان تێکەڵوپێکەڵکردبوو بەسەریەکدا، لە ناکاو پۆلێک چۆلەکە بە جریوەجریو خۆیان بەناو دار هەنجیرەکەی بەردەمی بناردا کرد و بیرکردنەوەکانیان بچڕاند، بنار بە شڵەژاویی لەسەر جۆلانەکەی هەستا و بە یەک دوو پرتاو خۆی گەیاندە تەلەفوونەکە و زەنگێکی بۆ گوڵاڵەی هاوڕێی لێدا، جەڕەسێک و دووان بنار لە شڵەژاوییدا یاریی بە پرچەکانی دەکات و سەری بەملاوئەولادا ئەلەقێنێ، لەپڕ گوڵە دێتە سەر خەت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو.

بنار قیژەیەک دەکات و دەڵێ: ئەی سەرت شیینکەیت بۆ زوو نایەیتە سەر خەت خەریکی چیبوویت دیسان پڵاو و مەحشیی یان چ چڵێسییەک؟ کچە هەزار جارم پێگوتیت ئاگات لە لەشی خۆت بێت بەخوا دوایی کەس بە پولێکی قەڵب نایەوێت، ئەم هەموو قەڵەوییەت بۆچییە؟

گوڵە قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: نا وەحشی گیان خەریکی داخستنی حەمام بووم نیازی خۆشتنمان هەیە، بڵێ دەی بزانم دیسان چیت لەسەر دڵە.

بنار پیشەئاسای دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش دەڵێ: پێت وا نییە شتێکی سەیر ڕوودات؟

گوڵە بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: شتی سەیری وەکوو چی ئاخر ماڵەکەم؟

بنار دیسان بە شڵەژاوییەوە دەڵێ: نازانم بەڵام دڵم هەواڵێکی پێیە و ئەو هەواڵەش خۆش نییە، ئەگەر ئەو شتە ڕووبدات ئەوا من هەتا لە ژییاندا بم هەست بە تاوانباریی دەکەم، هەستدەکەم نزییکترین کەسم تووشی ناهەمواریی و ناخۆشیی دەبێت تووشی ونبوون دەبێت تووشی سووتان دەبێت، سووتانێک، کە هەرچیی ڕووباری دونیا هەیە بیخەیتەسەر گڕ و کڵپەی نەکووژێتەوە، ئاگرێکە لە هیچ ئاگرێکی دی ناچێت، سەرەتا بڕوام نەکرد هەتا بە پرتاو چۆلەکەکان خۆیان کرد بە هەنجیرەکەی حەوشەدا و ئەوسا دڵنییابووم ئەو شتەی لە هۆشمدایە و بیریلێدەکەمەوە تەنها بیرکردنەوەیەک نییە، بەڵکوو هەواڵێکە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. گوڵە باشە تۆ هەستت چییە ئەگەر ئەو کەسەی ڕۆژانێک پەرستگات بووبێت و ئێستاش بە بەرچاوی خۆتەوە ئەسووتێ و تۆش ناتوانی تۆزقاڵە زەرڕەیەک چییە لە بەژنی هەڵپروسکاوی بکووژێنیتەوە؟

گوڵە بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: بنە گیان تەندروستییت باشە ماڵەکەم؟ خۆ خوا نەخواستە هیچ ڕووینەداوە؟

بنار قسەکان بە گوڵە دەبڕێت و دەڵێ: من باشم هیچم نییە، تەنها ئەوە نەبێت دڵم هەواڵێکیداوەمەتێ و لێی ئەترسم.

گوڵە دەڵێ: ئەو هەواڵە بۆ کێیە؟

بنار بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: بەداخەوە ئەو هەواڵە بۆ "ئارا"یە.

گوڵە بە دەنگێکی نەرم دەڵێ: بنە گیان ئێستاش ئارات خۆشدەوێت؟

بنار بە خێرایی وەڵامدەداتەوە و دەڵێ: بێگومان خۆشمدەوێت، ئەمە لێرەدا هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە ئێمە ئێستا لێک دوورین، یان من شوومکردووە و خاوەنی مێرد و منداڵێکم، ئەم خۆشەویستییەم بۆ ئارا من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، کە ئەو ڕۆژانێک پەرستگام بووە، ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوەندا هەبووە و ئێستاش خۆشەویستییم بۆ ئارا وابزانم چۆتە قۆناغێکی سەیرەوە، کە ئەویش ئەوەیە وا هەست دەکەم ئارا کوڕمە و دەبێت ئاگام لێی بێت، هەربۆیە من ئەم هەواڵانە بە دڵمدا دێت، هەست بە دایکێتیی دەکەم هەستدەکەم ئارا ئێستا کوڕی منە و چەندیین ساڵە سلێمانیی بە جێهێشتووە و چۆتە هەندەران دەژیی، بەڵام من ئاگام لە هەواڵی نییە پۆستەچییەکان نامەکانی ئەوم پێناگەیەنن.

گوڵە چۆتە قوڵایی گوێگرتنەوە و بە نبار دەڵێ: وەیش بە ساقەی ئەو دڵەت بم بنە گیان خوا لە دایک و باوکی خۆت و مێرد و منداڵی خۆتت نەستێنێت، کە چەند کچێکی بە بەقایت بۆ ئارا، دوای چەندیین ساڵ جیابوونەوە، خوا هۆکارتان بگرێت، کەچیی ئێستاش ڕۆح و دڵت لای ئەوە و حەز بە ئازار و خەم و ژانی نامۆیی ئارا ناکەیت، لە ناخی دڵتەوە دڵت بۆی دەسووتێ، ئەترسیت لەوەی ئێستا نائارام بێت و خەم و ئازاری هەبێت، باشە ماڵەکەم بۆ تەلەفوونێک بۆ ماڵی باوکی ئارا ناکەیت هەواڵی ئارا بپرسیت یان ژمارەی تەلەفوونی ئارا پەیدا بکە و خۆت قسەی لەگەڵ بکە.

بنار دیسان بە کەساسییەکەوە دەڵێ: بەداخەوە تەنانەت ماڵی باوکیشی ئاگارداری هەواڵی ئارا

نین، پێموابێت ئارا بە دڵشکاوی ئەم وڵاتەی بەجێهێشت لە دوای چەندیین کارەساتی یەک لە دووی یەکی نالەبار، کە ژییانی ئارای کردبووە دۆزەخ و هیچ تروسکاییەکی لەم وڵاتەدا بەدی نەدەکرد. شەڕی دەستەو ئێخەی پارتەکان و بەشداربوونی خۆی لە چەند شەڕێکدا و کوژرانی چەندیین خەڵکی نزییکی خۆی لە بەرەکانی شەڕدا لە لایەنە جیاوازەکانی پارتەکاندا ئارایان تووشی لێکدانەوەیەک کردبوو کە هەستی بە تاوانباریێتیی خۆیدەکرد، بۆیە دەیگووت هەتا من لێرە بمێنمەوە مەرگی ئازییزانی خۆم دەبینم، فاتیحا لەسەر گۆڕی هاورێکانم خزمەکانم ناسیاوەکانی براکانم یان هی باوکم یان هی دایکم دائەدەم. یان ئەوەتا ئەم ئاگری شەڕی کۆنە قینی لایەنانە وا دەکات ڕۆژێک هاورێکانی خۆم لە بەرەکانی پارتەکانی تردا فاتیحا لەسەرِ گۆرِم دابەن. مردنی باوکم و گەشمردەبوونی " شەهید بوونی" جوانرۆ لە بەرەی جەنگی دوژمنایەتییدا و جیابوونەوەی تۆ کارێکی ئاسان نییە بۆ من بتوانم بەم تۆزقاڵە دڵەوە بەرگەی هەمووی بگرم، ناشمەوێ ڕۆحی خۆم لە کیس بدەم و بەردەوام من بە سەلیقە لەگەڵ کارەکانی ژییانی ڕۆژانەدا هەڵسوکەوت بکەم. لە هەندێ باروودۆخدا من پێویستم بە بوارە ڕۆحییەکان هەیە نەگ سەلیقە، وەک چۆن کە ماچت بکەم دەبێت ڕۆحم بمبزوێنێ ماچت بکەم نەگ بەوەی کە بمەوێ ماچت بکەم، من دەمەوێ چێژ لە هەستە ڕۆحییەکان وەربگرم. بنار گیان هەندێ شت هەیە مرۆڤ ناتوانێ سەلیقە زاڵبکات بەسەریدا، ئەو شەڕەی کە من دوێنێ تێیدا بەشدار بووم و جوانرۆی تێدا کوژرا، من ناتوانم بە سەلیقە بیری لێبکەمەوە و بڵێم ئیتر شەڕە و کووشتنیشی تێدا دەبێت، نەخێر من ڕۆحم ئازارم ئەدات بە کووشتنی جوانرۆ، شەو و ڕۆژ من لە بیرکردنەوەدام کە هاتمەوە ماڵەوە دایکم براکانم خوشکەکانم بە چاوی تاوانبار تەماشای منیانکردووە، منیش ئێستا خۆم بە تاوانبار دەزانم سەلیقە ناتوانێت من لەم قەیرانە ڕزگار بکات.
بۆیە هەستدەکەم هەموو ڕۆژێکی مانەوەم لەم وڵاتەدا ڕۆژێکی ونبووە، لەم قسانەی نێوانی گوڵە و بناردا لەپڕ قیژوهورِ لە ماڵەکەی دراوسێیی بەرانبەریان هەڵدەستێ و زرمە و ڕاکێشانی میلی تفەنگی دەستی پۆلیسەکانی ئاسایشی شار گەرەک هەراساندەکەن، هاوار هاواری ئافتاو خان و سۆما و شەیدای کچی گوێی هەموو ئەندامێکی ئەو گەڕەکەیان کاسکردبوو، بنار قسەکانی ئەبچڕێنێ و بە گوڵە دەڵێ: گوڵە گیان جارێ لای تۆم خۆش ئەوە لە گەڕەکی ئێمە قڵێشایەوە، ماڵی ئافتاوخان پڕە لە ئاسایشی یەکێتیی هاتوون ئاراسی کوڕی بەرن پێشمەرگەی پارتییە، دوایی تەلەفوونت بۆ دەکەمەوە ئەچم بزانم چیان لێبەسەردێت. بنار تەلەفوونەکە دادەخاتەوە و بە پەلە ڕادەکاتە بەردەگای حەوشە و تەماشای ئەو هەرا و هۆسەیەی ماڵی ئافتاوخان دەکات، دەبینێت دوو پۆلیس لە چەپ و ڕاستەوە دەستی ئاراسیانگرتووە ئەیهێننە دەرەوە دایکی ئاراس و هەردوو خوشکە بچکۆلەکەشی ناودەرگای حەوشەیان لە پۆلیسەکان گرتووە و ناهێڵن ئاراس بەرن. یەکێک لەو ئەفسەرە گەورانەی کە لە دەرەوە لەناو لاندگرۆزەرێکی سپییدا دانیشتووە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئاراس بێننە دەرێ و بیبەن، دادەبەزێتە خوارەوە دەچێتە لای دایکی ئاراس و پێی دەڵێ: دایە گیان هیچ خەمت نەبێت کوڕەکەت هیچی لێبەسەر نایەت ئێمە هەر تەنها چەند پرسیارێکی لێدەکەین و پاشان هەرخۆمان بۆتان ئەهێنینەوە ماڵەوە. ئافتاوخان هاوارێکیان لێدەکات و دەڵێ: وەی لەبەرتانمرم هیچی

لێناکەن هەر تەنها چەند پرسیارێکتان هەیە لێی، کورە ئەوە ئێوە داناوەشێن؟ کورە ئێوەحەیاتان نییە؟ کورە ئەمە هەتا کەی ئەم شەڕی دەستەوئێخەیە؟ کورە ئەوە سی و پێنج ساڵی ڕەبەقە ئێوە خوێنی یەکدەڕێژن ئەرێ ئەمە هەتا کەی؟ دانیشن حەیاتان بێت کەی کوردستان بەم شێوەیە ڕزگاری دەبێت کەی ئەمە ڕاستە دەستتان بچێتەخوێنی یەکدی، هەموو کوردین، هەموو بۆ یەک مەبەست تێدەکۆشیین، دەگ ڕۆڵە خوا ڕووڕەشی خوێنی شەهیدانتان بکات ئاوا بڕوات نەگ کوردستان گەرەکێکیشمان پێ ڕزگار ناکرێت. جا سەددام ئێمەی هەبێت وەک یەکێتیی و پارتی دیموکرات ئیتر"" حەرەس جمهوریی" بۆ چییە؟ قسەکانی ئافتاوخان زۆر کار دەکاتە سەر ئەفسەرەکە و بە پۆلیسەکان دەڵێ: کە دەستی ئاراس بەرەڵابکەن. ئەفسەرەکە ناوچەوانی ئافتاو خان ماچ دەکات و دەڵێ: قسەکانت هەمووی لەسەر سەرم قسەکانت هەمووی بەجێییە، بەڵام بە خوێنی شەهیدان ئێمە بەس پرسیارمان هەیە لە کوڕەکەت هیچی تر نا، تکایە با بەیانیی خۆی بە پێی خۆی بێت بۆ ئاسایشی ناو سەرا و کارەکانمان بە خۆشیی و بە گفتووگۆ مەیسەر دەکەین. ئیدی دایکی ئاراس ئەهۆن دەبێتەوە، باوەش بە ئەفسەرەکەدا دەکات و دەڵێ: دەگ ڕۆڵە خوا بمکات بە قوربانت خوا ڕۆڵە لە دایکی خۆتت نەستێنێ یاخوا، وەی بەسەر چاوانم بەیانیی خۆم ئاراستان بۆ دەنێرم بۆ ئاسایش جا کوا ئێوەی یەکێتیی و پارتی دیموکرات هەموو شتەکانتان بە گفتووگۆ چارەسەر بکردایە و ئەم هەموو خوێنەتان بەفیرۆ نەڕشتایە. پۆلیسەکانی ئاسایش و ئەفسەرەکە ماڵی ئافتاو خان بەجێدەهێڵن و ماڵئاواییان لێدەکەن. ئیدی وردە وردەماڵانی دەرودراوسێ لە ماڵی ئافتاوخان کۆدەبنەوە و دڵنەوایییان دەکەن. هەندێکیان هەر لەناو دەرگاکانی خۆیانەوە هاوار بۆ ماڵی ئافتاوخان دەکەن و دڵیان ئەدەنەوە. بناریش لە جێگەی خۆیەوە هاوار لە شەیدا دەکات و دەڵێ: شەیدا گیان بەساقە گوێمەدەرێ پەنا بە خوا هیچ نابێت، ئەوە بۆ خۆیان دڵیان نەرم بوو ئاراسیان بەجێهێشت کەواتە ڕاستدەکەن هەر پرسیاریان لێی هەیە. شەیدا سووپاسی دڵنەوایییەکەی بنار دەکات و بە سەری پەنجەیەک فرمێسکەکانی سەر گۆنای دەسڕێتەوە. لە دوورەوەقومریی دایکی بنار و مامۆستا تۆفیقی باوکی دەردەکەون، بە پێ بەرەو ماڵەوە دێن، کە دەگەنە بەردەمی ماڵ سەریان لەو هەموو قەرەباڵغییە دەسوڕمێت. قومریی دایکی بنار ڕاستەوخۆ دەپرسێ ئەوە چییە وا هەموو کۆبوونەتەوە خێرە خوا نەخواستە هیچ ڕوویداوە؟ گەلاوێژی فەرشچن لەناو دراوسێکاندا وەڵامی قومری ئەداتەوە و دەڵێ: قومریی گیان جا خێر ماوە بەدەست ئەم گەلەوە؟ خۆ شکور لە خوام بەزیاد نەکرد بووینەتە مۆرانە و ڕۆژ بە ڕۆژ گیانی یەکدەخۆین. ئاسایش لێرەبوون، هاتبوون ئاراسی ئافتاوخان بەرن، بەڵام دوایی دڵە بە بەردبووەکەیان جوڵا و بەرۆکی کوڕەکەیان بەردا و داوایان لێکرد کە سبەی بەیانیی خۆی بچێت بۆ ئاسایش.

قومریی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ: بە خوا قەت خێر لە خۆمان نابینین خوا قەت چاک ناهێنێتە ڕێمان هەتا ئەمە پیشەمان بێت. بۆ نابینی خۆ وا شارەکە کەسی تێدا نەما هەموو ڕۆیشتن سەری خۆیان هەڵگرت لە داخی ئەمانە. کوڕەکانمان یان کوژران لە داخی شەڕی دوژمنایەتیی ئاوارەبوون و سەری لووتی خۆیان ڕەشکرد و هەڵهاتن. لەم قسانەدا ژنێکی تری دراوسێ خۆی لە قسەکان هەڵدەقولێنێت و دەڵێ: ماڵی عەوڵادۆمیش دەڕۆن ئەوە هەموو

کەلوپەلی ماڵەکەیان فرۆشتووە، خانووەکەیان فرۆشتووە، هەموو شتێکیان خستۆتە سەرسەودا خاوخێزان دەڕۆن بۆ سوێدن.
قومریی بە ڕووخسارێکی ماندووەوە دەڵێ: دەگ دەستیان خۆش بێت ئەی چیبکەن لێرە؟ لەبرسا بمرن یان کوڕەکانیان بکەنە قوربانیی یەکێتیی و پارتی دیموکرات؟ وەڵڵا دادە من کوڕی خۆمم خۆشدەوێت نایانخەمە بەر ئەم قەسابخانەیەی شەڕی دوژمنایەتیی. من و تۆفیقیش بڕیارمانداوە ئەو لە پێشا بڕوات شوێنێک بۆ ئێمە بدۆزێتەوە لە هەر کاولبوویەکی ئەورووپادا بێت بە خوا هەزار هێندەی ئێرە زیاتر تێیدا ئەحەسێینەوە. ئەی چی بابە گیان کەی ئەمە حاڵە، کەی ئەم ژییانە خوا بەزیادم نەکرد ئەرەوەڵڵا. کاروانی کوڕە چکۆلەی قومریی بە پێی پەتی و بە گریان و نوزەنوزەوە، دایە دایە دایە دایە ... هاتۆتە سەر پلیکانەکانی ناو دەرگای حەوشە و داوای دایکی دەکات، قومریی دەڵێ: وەی گیانی دایە بەساقە وا هاتم ماڵەکەم دایە لە دەوری گریەت گەڕێ برسیتە دەزانم ئێستا دێم شتێکت بۆ ئامادە دەکەم، قومریی ماڵئاوایی لە دراوسێکانی گەرەک دەکات و دەچێتە ناودەرگای حەوشەی خۆیان و ئاوڕێک بۆ مامۆستا تۆفیقی مێردی ئەداتەوە دەڵێ: تۆفیقە گیان ماتەڵ مەبە ئەو منداڵانە تەنهان.
تۆفیق ئاوڕێ لە قومریی ئەداتەوە و دەڵێ: باشە قومریی گیان ماڵەکەم وا هاتم.
دراوسێکان ئیدی هێدی هێدی بڵاوەی لێدەکەن مامۆستا تۆفیقیش بە پلیکانەکانی بەردەرگای حەوشەدا سەردەکەوێت و دێتە ژوورەوە لەناو دەرگای حەوشەدا بنار باوەش بە باوکیدا دەکات و ئەم لاولای ماچدەکات و بەخێرهاتنەوەی دەکات. هەردووک پێکەوە ناودەرگاکە بەجێدەهێڵن و دەرگای حەوشە لەسەر خۆیان دادەخەن. بنار بە باوکی دەڵێ: بابە تووخوا ئافتاوخان بەو پەنجا و پێنج ساڵییەی خۆیەوە بەو سەرە سپییەیەوە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی ئاسایشدا تەقەلایدا تا کوڕەکەی نەبەن لەگەڵ خۆیان. تۆ تەماشا بابە گیان جەرگ چەند خۆشەویستە، من ئێستا هەستی پێدەکەم کە خۆم بوومەتە دایک و کچێکی سێ ساڵانم هەیە.
مامۆستا تۆفیق تەماشایەکی بنار دەکات بەدەم ڕۆیشتنەوە و ماچێکی نێوچەوانی دەکات، دەڵێ: بنار گیان جەرگ شیرینە باوانەکەم.
بنار باوەشێکی توند بە باوکیدا دەکات و دەڵێ: گوێم لێبوو دایکم لە کۆڵان چیگووت، بابە گیان نزیکبوویتەتەوە لە ڕۆیشتن؟
مامۆستا تۆفیق دەستێک بە سەری بناردا دەهێنێت و دەڵێ: ماڵەکەم ئەگەر کارەکان ڕێکوپێک بچێت بەڕێوە ئەوا هەفتەی داهات بەڕێدەکەوم، بەهیوام خوا هاوکارم بێت و زوو بگەمە مەرامی خۆم و بنەیەک بۆ ئێوەش چێبکەم.
بنار ڕووخساری پڕ بووە لە خۆشی و دەڵێ: ئۆخەی ڕزگارمان دەبێت لەم هەموو خەم و ژانە، خوا بۆمان ڕێکبخات بە دیداری ئازییزانمان شادبینەوە لە وڵاتی نامۆییدا.
مامۆستا تۆفیق لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا ڕادەوەستێت بۆ ئەوەی زیاتر قسە لەگەڵ بناری کچە گەورەی بکات، بە نەرمییەکەوە بە بنار دەڵێ: کزەی جەرگم بیری کێدەکەیت لە وڵاتی نامۆیی بێت؟ چ ئازییزێکت ئاوارەی ژییانی هەندەرانە؟

بنار سەرێک بە خەمبارییەوە دادەخات و دەڵێ: بابە گیان "ئارا".
مامۆستا تۆفیق هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: بنار گیان ئارا کوڕێکی زۆر ئازیزە، باوەڕبکە منیش ڕۆژ نییەبیری لێنەکەمەوە. هەموو ڕۆژێک دەڵێم تۆ بڵێی خوایە گیان ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوم بە چاوی ئارا بکەویتەوە؟ جارێکی تر شەو پێکەوە دابنیشین یار،ی کۆنکەن بکەین لەسەر کیلۆیەک پاقلاوە و لێیبەرمەوە؟
بنار نیوە گریان و نیوە پێکەنین دەگر،ی و پێدەکەنێت، دەڵێ: وەیش گیان خۆزگە ئەو شەوە منیش لاتان ئەبووم تا هەروەکوو جاران منیش پشتی ئارام بگرتایە و یارمەتییمبدایە تا نەیدۆڕانایە. بە خوا ئارا هەموو ئەو شتانەی بۆ خۆشیی دەکرد، قەت لە ژییانیدا خولیای ئەو یارییانەی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێک و شەوێکی خۆش بەسەر بەرین هاوئاهەنگیی کردووین و یارییەکانی دۆڕاندووە تا بچێت کیلۆیەک پاقلاوە بکرێت. هەندێ ئێواران هەستمدەکرد ڕووینەدەهات چ کیلۆیەک میوە یان شیرینی لەگەڵ خۆی بهێنێت، بیانوویەکی دەدۆزییەوە دەیگووت ئەم کیلۆ شیرینییەم هێناوە دەزانم ئیمشەو دەدۆڕێم بۆ ئەوەی جارێکی تر نەچمەوە دەرەوە هەر خێرا لەگەڵ خۆم هێنام.
مامۆستا تۆفیق بنار لە باوەش دەکات و دەڵێ: دەزانمماڵەکەم ئارا کوڕی ئەم ماڵەبوو.
بنار هەناسەی سوار دەبێت و لە باوەشی باوکیدا دەیداتە پڕمەی گریان و دەڵێ: بابە گیان دڵم هەواڵێکی ناخۆشی پێداوم، هەواڵێکە پەیوەندیی بە ئاراوە هەیە، ئارا تووشی خەمێکی پڕ ناسۆر دەبێت. چۆن و لە کوێ نازانم هێند دەزانم دڵم ئەو هەواڵەی ئیمڕۆ پێڕاگەیاندووم.
مامۆستا تۆفیق دووبارە ماچی سەری بنار دەکاتەوە و دەڵێ: بنار گیان شانازییت پێوەدەکەم کە کچێکی هێندە بە سۆز و بە بەقایت " بەوەفا" بەرانبەر ئارا. قومریی دایکی بنار دێتە بەرهەیوانەکە و تەماشایەکی بناری کچی و مامۆستا تۆفیقی مێردی دەکات و دەڵێ: ئۆ خوا بۆ یەکتان بهێڵێت چەند کچ و باوکێکی بە ئەمەگن، دە وەرنەسەرەوە ئەو منداڵانەی تر برسییانە چاوەڕوانی ئێوە دەکەن.
بنار و باوکی باوەشی یەکدی بەرئەدەن و دەست لە ناو دەست دێنە ژوورەوە، دایکی بنار دەستێک بە پشتی بناردا دێنێت و دەڵێ: خەمت نەبێت ئەوەندەمان نەماوە لەم قەسابخانەیەدا، هاکا باوکت ڕۆیشت و بنەیەکی بۆ چێکردین بە خوا بە خوا نەگ حەوت بەرد حەفتا هەزار بەرد لە دووی ئەم وڵات و شارە فڕێدەدەم. برۆ ئاوی ئاموون چێت بۆ چ ژیانێکە لەم دۆزەخەدا.
قاوقیژی کچەچکۆلانەکەی بنار و برابچکۆلەکەی لە ژوورەوە بەرزدەبێتەوە، هێند نازانن بە پرتاو تارای کچی بنار بەرەوپیری دایکی دێت و خۆی بە ماکسییەکەی دایکییەوە دەگرێ و بە پێکەنینێکی زۆر نەرم و نیان و میهرەبانانە، هاودەمی خاڵی کە هەر سێ ساڵانێک لەخۆی گەورەترە دێنێتە زەلزەلە، تارا دوو هەڵماتی هاودەمی فڕاندووە و نایداتەوە هاودەمیش وەک گێژەڵوکە تووڕەبووە و چنگ لەسەرشان پەلاماری تارا دەدات بێگوێپێدانە ئازاردانی تارا هەتا بۆی بکرێ مشتی پێدا دەکێشێت و قژی ڕادەکێشێ، تاراش لە نێوانی گریان و قاقادا نووقمبووە. وەک ئەوەی پێیخۆش بێت کە بەوشێوەیە خاڵی تووڕەکردووە. قومریی دایکی بنار باوەشێک بە تارای کچەزایدا دەکات و هەڵیدەگرێت بە بەرسنگییەوە و پێیدەڵێ: کچە عەیار ئەوە بۆ ئەوەندە

سوێدەکەیت بە دڵی ئەو خاڵەتدا؟ تۆ هەڵماتت بۆچییە؟ دەبیدەرەوە با بۆ خۆی بێت بەساقە. تارا هەر لە دونیای قاقادایە و یەک لەسەر یەک سەری نارەزابوون ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: نا نایدەم هی خۆمە.

بنار دەستێک بە ڕوومەتە گەشەکانی تارادا دێنێت و دەڵێ: تارا گیان بیدەیە من شتێکی جوانترم هەیە بۆ تۆ بەقوربان، دوایی ئەتبەم بۆ بازار شتی جوانت بۆ دەکڕم ئەو هەڵماتە ناشرییینانە چییە بتەوێ با ئەوە هەر بۆ خاڵە بێت. ئێمە بۆخۆمان ئەچین جلی جواندەکڕین ئێ. تارا دڵی نەرمدەبێت و خۆی هەڵدەداتە باوەشی دایکییەوە و هەتا بۆشیبکرێت هەڵماتەکان فرێدەداتە حەوشەکەوە، هەڵماتەکان هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕۆن و ئەوەندەی تر خاڵی شێتگیردەکات. دیسان خاڵە هاودەمی دەیکاتە هاوار و هەوڵی پەلاماردانی تارا ئەدات لە باوەشی دایکیا. بنار توند تارای لە باوەشگرتووە و ڕادەکاتە ژوورەوە، تارا ئەخاتە کۆشی باپیرەیەوە و دەڵێ: بەسەئیتر مردین لە برسا با نانەکەمان بخۆین. لەگەڵ دایکی و شادانی خوشکە چکۆلەیدا دەستدەکەن بە سفرە ڕاخستن و قاپ ڕیزکردن لە ژوورە گەورەکەی بەرهەیوانەکەدا بۆ نان خواردن، بنار پێشئەوەی دایک و باوکی بێتەوە بامیەکی زۆری لێنابوو لە نێوەندی بەزم و هەراکەی ماڵی ئافتاوخانیشدا شادانی خوشکی برنجێکی جوانی بۆ ئامادەکردبوو. قومریی دایکیان هەر لەسەر مەنجەڵەکە ناخونۆکێکی بۆ دەکات و دەستخۆشیی لە کچەکانی دەکات. سفرە بە گەورەیی و بە پان و بەرییني ڕازایەوە و خواردنەکان هەمووی لەسەر سفرە ڕیزکران و قومریی دایکیان لە قاپێکی قوڵدا ماستاوێکی خەست و خۆشیان بۆ دروستدەکات و بۆیان دەهێنێت. تاکوتەرا منداڵان لەسەر سفرە ڕیزبوون، کاروانی براچکۆلەی بنار پیشە ئاسای سوچێکی سفرەکەی گرتووە و قاچی لێخستۆتە سەر قاچ و ئامادەیە بۆ نان خواردن، چاوەڕێی دەنگدانی ئەوان دەکات بۆ دەستپێکردن. هەموو ئامادە دەبن بەس ڕەهێڵ ماوە قومریی هاوارێکی لێدەکات پاش کەمێک بە گێژەگێژ خۆیدەکات بە ژوورا و شوێنێک بۆخۆی دەکاتەوە. هەموو لەسەر سفرەکە کۆبوونەتەوە و پێکەوە دەست بە خواردن دەکەن.

پاش ئەوەی ئەم خێزانە بەختیارە پێکەوە سفرەی ژەمێکی نانی نیوەڕۆ کۆیاندەکاتەوە و پێکەوە بە یەکسانیی و بە تەبایی ناندەخۆن، منداڵان هەر لەگەڵ تێربوونیان سفرە بەجێدەهێڵن و هەریەکە بەلای خەریکبوونی خۆیەوە دەڕوات. زەنگی تەلەفوونەکە لێدەدات و شادان بە ڕێکەوت کە لەپێش هەموویانەوە لە ناخواردن لێبێوە، نزیکبوو لە تەلەفوونەکەوە وەڵام ئەداتەوە، شادان دەڵێ: گوڵاڵە خان تۆیت؟ چۆنی خانم؟ باشیت؟

گوڵە سوپاسی شادان دەکات و داوای لێدەکات کە بناری بۆ بانگ بکات.

شادان دەڵێ: بە چاوان ڕابوەستە ئێستا بانگی دەکەم. شادان دەچێتە ژوورە گەورەکەی بەرهەیوانەکە و بە بنار دەڵێ: کە گوڵاڵە لەسەر خەتە و داوای تۆ دەکات. بنار هەڵدەستێت و دێت بەدەم بانگەکەی گوڵەوە. تەلەفوونەکە هەڵدەگرێت دەڵێ: گوڵە گیان سڵاو.

گوڵە سڵاوی لێدەکات و دەڵێ: بنار گیان دوانیوەڕۆ کاتژمێر چوار کۆڕێک هەیە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانیی لەسەر ڕەو بۆ هەندەران وتم با پێت بڵێم ئەگەر کاتت هەبێت و حەزبکەیت ئەوا دەتوانم بێم بە دواتا پێکەوە بچین؟

بنار دەڵێ: پێمخۆشە زۆر ڕاوەستە با بە خێرایی پرسیارێک لە دایک و باوکم بکەم بزانم ئەوان دوانیوەڕۆ چیان لە پێشدایە؟ بنار دێتەوە بۆ لای دایک و باوکی و دەڵێ: بابە دایە دوانیوەڕۆ چیدەکەن؟ گوڵە دەچێت بۆ کۆڕێک لە هۆڵی ڕۆشنبیریی داوای لێکردووم، کە بچم لەگەڵی جا نازانم ئێوە دەڵێن چی؟

قومریی دایکی بنار دەڵێ: نە بەساقە ئێمە بۆ هیچ کوێیەک ناڕۆین دوانیوەڕۆ ماڵی پوورە گەلاوێژت دێن، ئەبێت لە ماڵ بین. ماڵەکەم تۆ بڕۆ لەگەڵ گوڵە بۆ خۆت ئێمە لێرەین ئاگامان لە ماڵ و منداڵە.

بنار سووپاسی دایکی دەکات و دێتەوە بۆ سەر تەلەفوونەکە و دەڵێ: گوڵە گیان دایک و باوکم ناڕۆنە دەرەوە لێرەن چونکە ماڵی پوورە گەلاوێژم دێن، ئەتوانین بڕۆین.

گوڵە دەڵێ: باشە کەواتە من لە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ دەگەمە ماڵی ئێوە لەوێوە پێکەوە دەڕۆین. جارێ لای تۆم خۆش بنار گیان.

بنار وەڵامی گوڵە بە سووپاسەوە دەداتەوە و دەڵێ: تا دوایی ماڵەکەم.

بنار دەگەڕێتەوە لای دایک و باوکی و تەماشا دەکات هەموو لە نانخواردن بوونەتەوە، دەستدەکات بە کۆکردنەوەی سفرەکە و لابردنی قاپەکان، پاش ئەوەی ژوورەکە خاوێندەکاتەوە دەچێتە مووبەق بۆ شتنی قاپەکان. شادان دێتە لای بنار بۆ یارمەتیدانی لە قاپ شتندا بەدەم کارکردنیانەوە قسە بۆ یەکدەکەن. بنار دەڵێ: کەمێکی تر گوڵەی هاوڕێم دێت پێکەوە ئەچین بۆ هۆڵی ڕۆشنبیریی دێیت لەگەڵمان؟

شادان دەڵێ: نا بنار گیان سووپاس ماڵی پوورە گەلاوێژ دێن، من و کانیی پوورە گەلاوێژ ئێوارە پێکەوە ئەچین لە سەهۆڵەکە پیاسەیەک دەکەین.

بنار دەڵێ: پێمخۆشە ماڵەکەم ڕۆژێکی خۆشە خوا دایناوە هەر بۆ پیاسە، بەشکم بتان بینین لەوێ، من و گوڵەش دوای کۆڕەکە دڵنییام بە سەهۆڵەکەدا پیاسەیەک دەکەین ئەوسا دێینەوە.

شادان خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: ئێ باشە ئەگەر حەزتانکرد و یەکمان بینی ئەوا ئەچین بۆ ئایسکرێم خواردن.

بنار ئەڵێ: ئەزانی هیچ شتێک لەم شارەدا وەک خۆی نەماوە هەموو شتەکان تام و چێژی خۆیان لە کیسداوە. بەڵام ئەوەی هەرگیز نە لە سەردەمی حیزبی بەعسدا و نە لە ئێستای ساباتی ئازادیی و گرەی شەڕی دوژمنایەتییدا نەتوانرا بشێوێنرێت سەمای دەروونی هەزاران لاوای ئەم شارە بوو، کە ئێوران هەموو پێکڕا وەک خوڕەی ڕووبارێکی هێمن سەربەرەوخوار ڕێگا دەبڕن. بێجگە لە دونیای خەونەکانیان هیچ شتێکی دی لە دەرگای بیرکردنەوەیان نادات. ئەوان ئێواران خۆیان نین، ئەوان ئێواران کەسانێکی دین. کەسانێکن لە باڵی پەروانە دروستکراون. کەسانێک لە کانیی میهری ئەوین هەڵکێشراون. ئەوینێک کە "با"ی پاییزێکی بێبەزەیی لە دڵی هەموویاندا هەڵکردووە. هەمووشیان وەک یەکە یەکەی گەڵاکانی بەژنی درەختی پاییزان لەبەرپێی ویژدانی تەزیووی ساڵدا هەڵدەوەرن. مەخابن، کە ئێمڕۆ هەموو کارە ڕیاڵەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بوونەتە یادگار و چدی نا.

شادان دواهەمیین قاپ لە دەستی بنار وەردەگرێت بۆ وشککردنەوە و پێی دەڵێ: بنار گیان

بەساقە ئەوەندە بیرمەکەرەوە باش نییە بۆ تەندروستییت ئەزییزم. برۆ تارا بەرە بۆ حەمام لەگەڵ خۆت و ئەوەندەت نەماوە کە گوڵاڵە خان بێت بە دواتا.

بنار سووپاسی هاوریکاریی شادانی خوشکی دەکات و دەڕواتە دەرێ لە مووبەق بە دوای تارادا دەگەڕێت. تەماشا دەکات تارای کچی لەگەڵ هاودەمی خاڵیدا لەسەر جۆلانەکە دانیشتوون و یاریی بە هەڵماتەکان دەکەن، وەک ئەوەی نە "با"یان دیبێت نە باران. بەرەوڕوویان دەچێت و دەستێکی ناز بە سەروقژی هەردووکیانا دێنێت و دەڵێ: تارا گیان من و تۆ ئەچین بۆ حەمام خۆمان دەشۆین باشە.

تارا دەڵێ: دایە من لە خاڵەم بردەوە هەڵماتێن، من من دەستم ڕاستبوو لە هەڵماتەکانمدا ئەها ئەزانی چۆن؟ ئاوا ئاوا لێمدا. تارا دەستە نەرم و جوانەکانی دەخاتە سەریەک و بۆ دایکی ڕووندەکاتەوە کە چۆن هەڵماتێنیکردووە.

بنار باوەشێکی پێدا دەکات و دەڵێ: دەگ ڕۆڵە لە دەورتگەڕێم یاخوا، ماچێکی توندی تارا دەکات و هەڵیدەگرێت.

تارا بە دەنگە بەسۆزەکەیەوە هاواری خاڵەی دەکات و دەڵێ: خاڵە خاڵە من بردمەوە من من من.

بنار و تارا خۆیان دەکەن بە حەمامەکەدا و دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن.

بنار بەدەم شتنی تارای کچییەوە جار ناجارێ گۆرانیی دەڵێ و دەنگە پڕسۆززەکەی سەرنجی هەموو لایەک ڕادەکێشێ، بنار لەرەیەکی فرە غەمگین لە زایەڵەی دێتەدەر ئەوکاتانەی دەڵێ: وا ئەڕۆیت و جێمئەهێڵی بۆ سبەی، ئەم دڵە دیلەش لەگەڵ خۆتا ئەبەی. بنار دەچێتە قوڵایی بیرکردنەوە و ناو ئەم گۆرانییەوە، هەرچەند دەکات ئەو "با"ی هەواڵەی لە هەواری دڵیدا پێ ئارام ناکرێتەوە. هەرچییەک دەکات لە پێشنیوەڕۆی ئەم هەواڵە ناوەختەوە هەر تێکەڵی شەپۆلی هەواڵەکە دەبێت بۆ چرکەیەکیش چییە ناهێڵێت بنار بیر لە چدی دیکە بکاتەوە. بۆیە لەناکاو بێئاگا لەخۆبوون جامێک ئاوی گەرم بە تارای کچیدا دەکات و تارا هاواری لێهەڵدەستێت و دەڵێ: دایە گەملە "گەرمە" سووتام.

بنار کزە لە جەرگییەوە دێت و دەڵێ: ئۆ دایە بە قوربانت بێت یاخوا ببورەماڵەکەم، خێرا کەمێک ئاو شلەتێن دەکات و دەیکات بەسەری تارادا تا ئەهۆن بێتەوە لەشی، باوەشی پێدا دەکات و ماچێکی دەکات.

کات تێدەپەڕێ و لە دەرگای حەوشە دەدرێت هاودەم بە ڕاکردن دەڕوات بەرە و دەرگای حەوشە و دەرگا دەکاتەوە، قومریی دایکی بنار لە بەردەمی پەنجەرەکەدا بە دانیشتنەوە تەماشای ناو دەرگای حەوشە دەکات بزانێ کێیە لەناو دەرگاکەدا وەستاوە. کە دەبینێت گوڵاڵەی هاوڕێی بنارە بە مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئەوە گوڵەش هات خوایە کە ئێسک سوک و خوێن شیرینە ئەم کچە، خوایە کوڕێکی باش بکەیت بە چارەنووسی. گوڵاڵە دێتە سەرەوە و قومری دەچێت بەرەوپیری و باوەشی پێدا دەکات و ئەملاو ئەولای ماچ دەکات. لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە ژوور، مامۆستا تۆفیق لە بەریهەڵدەستێت و بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکات. گوڵاڵە دەڵێ: تووخوا هەڵمەستە مامۆستا تۆفیق گیان پشووی خۆت تێکمەدە خۆ من میوان نیم بەخوا

هەر کچی ئەم ماڵە و خۆتانم.
قومریی دەڵێ: بەخوا قەت لەگەڵ بنار جیامان نەکردوویەتەوە گوڵە گیان ماڵەکەم یاخوا بەخێربێیت.
گوڵاڵە گەلێک سووپاسیاندەکات و دەڵێ: دوانیوەڕۆ کۆڕێکی بەسوود هەیە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی گووتم با بنار بەرم لەگەڵ خۆم کەمێک هەوایەکیش بگۆڕێت.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: گوڵە گیان کۆڕەکە لەسەر چییە بەقوربان؟
گوڵاڵە دەڵێ: مامۆستا گیان کۆڕەکە بە ناوی " ڕەو بۆ هەندەران" ە، سەنتەری گەنجان دەیگێڕن.
قومریی لەولاوە دەڵێ: بەخوا هەزار و یەک کۆری تر بگرن لەسەر ڕەو بۆ هەندەران یەک تۆزقاڵە زەڕرە کار لە من ناکات من هەر ئەم وڵاتەم لێبووە بە مۆتەکە و شەو نییە دەست نەخاتە بینەقاقام.
گوڵاڵە بە نەریمی پێدەکەنێت و دەڵێ: بەخوا بڵێم چیی دادە قومریی ڕاستە ناخۆشە بەڵام تەماشابکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئازییزانی خۆت لەم شارەدا دەبن بە هەڵم دیار نامێنن. چەند ناخۆشە تۆ هاوڕێیەکی ئازییزی خۆت چەندیین ساڵە دەستەخوشکی یەکن لەپڕ یان ئەوەتا شوو دەکات بە کوڕێک، کە لە ئەورووپاوە هاتۆتەوە یان ئەوەتا بە خاوخێزانەوە ڕەوی هەندەران دەکەن. یان ئەوەتا خۆمان بڕیار لەسەر ڕۆیشتن ئەدەین و هەموو کەسوکار و هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستەکانمان بێڕەحمانە بەجێدێڵیین.
قومریی دەڵێ: بەخوا بەساقە کەس بێڕەحم نەبوو یەکێتیی و پارتی دیموکرات نەبێت، ئەوان فێریانکردین ڕەوی هەندەران بکەین هەر دەبێت خۆشیان لە داهاتوودا داوای لێبووردن لەم گەلە بکەن تا بگەڕێنەوە. لەم قسانەدا تارای کچی بنار بە ڕۆبێکی حەمامەوە وەک بووکەشووشەیەک خۆی دەکات بە ژووردا، گووپەکانی سووربوونەتەوە و چاوەکانی وەک گوڵەنێرگز گەش گەش ئەدرەوشێنەوە. قومریی هاواری لێدەکات و دەڵێ: کچە وەی بەساقەت بم یاخوا ئۆ خوایە، کە جوانیی، خوایە، کە میهرەبانیت وەرە وەرە بۆ لای دایە گەورەی خۆت. تارا دەچێتە باوەشی دایە قومرییەوە دادەنیشێت، قومریی هەر بە کڵاوی ڕۆبەکەی بەری تارا خۆی قژی بۆ وشکدەکاتەوە.
تارا دەڵێ: دایە ئاوی گەملی پیاکردم.
گوڵاڵە بە بیستنی ئەم قسەیە لە دەمی تارا هەموو گیانی دەبێتە بزە و دەڵێ: وەیش بەساقە، کە خۆشە قسەت ماڵەکەم گوڵە لە دەوری خۆت و دایکت گەڕێ.
قومریی تەماشایەکی گوڵاڵە دەکات و دەڵێ: گوڵە گیان بەخوا ئەمەنە قسەخۆشە جاری وا هەیە هەر قەستە بیخۆیت. ئەوە ئەم چەند ڕۆژە باوکی ڕۆیشتووە بۆ هەولێر بۆ کاری ڕێکخراوەیی نزیکەی هەفتەیەکی پێدەچێت، بۆیە بنار حەزی نەکرد تەنهابن لە ماڵەوە هاتن بۆ ئێرە بۆ لای ئێمە.
گوڵەش دەڵێ: دڵنیام کچی دایکی خۆیەتی وەک بنار ڕۆح شیرینە، خوا لێتان نەستێنێت و بە دایک و باوک گەورەبێت.
لەم کاتانەدا بنار لە خۆشتن بۆتەوە و لە ژوورەکەی شادانی خوشکیدا خەریکی خۆ گۆڕین و

خۆ ئامادەکردنە پانتۆڵێکی کاوبۆی شیین و تیشێرتێکی سپیی لەبەردەکات، لەناو چەکمەجەکەی شاداندا قەڵەمێکی لێوی پەمەیی کاڵ دەردێنێت و کەمێک لێوەکانی پێ ڕەنگ دەکات. لەو کاتانەدا، کە بنار لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکات دیمەنێکی سەیر لە گلێنەی چاوەکانی خۆیدا بەدی دەکات وەک ئەوەی ڕووخساری ئارا هاتبێتە نێو گلێنەی چاوەکانییەوە وەها وەدەردەکەوت. بنار بروسکەیەکی پێدا دێت و دەڵێ: خوایە بە خێری بگێڕیت. ئەوسا لە ژوورەکەی شادان دێتەدەرەوە و دەڕوات بۆ بەخێرهاتنکردنی گوڵاڵەی هاوڕێی. هەرکە بنار لەناو دەرگای ژوورەکە بەدەردەکەوێت گوڵاڵە هەڵدەستێت و بەرەوڕووی بنار دەڕوات باوەش بە یەکیدا دەکەن تێر ئەملاوئەولای یەک ماچدەکەن. گوڵاڵە دەڵێ: بنار گیان هێشتا دەتوانین کەمێک لای دایە و بابە دانیشین ئەوسا دەڕۆیین.

بنار دەڵێ: کەواتە من چایەک لێدەنێم ئێوە قسەی خۆتان بکەن و هەرئێستا دێمەوە لاتان. بنار دەڕواتە مووبەق و خەریکی چالێنان دەبێت، لە ناو یەکێک لە تاکەکانی کەوانتەرەکەیاندا پاکەتێک بسکیت دەردێنێت و دەیخاتە سەر قاپێکی پان و سپیی لەسەر سینییەک دایدەنێت. بنار پاش چەند خولەکێکی کەم چاکەی ئامادە دەبێت و ڕیزێک پیاڵەی زەرلیی دەخاتە سەرسینییەکە و دەیبات بۆ ئەو ژوورەی، کە گوڵاڵە و دایک و باوکی لێدانیشتوون، پاشان دێتەوە قۆرییە چاکە و کترییەک ئاو دەخاتە سەرسینییەکی تر و دەیبات. لە تەنیشت گوڵاڵەی هاوڕێیەوە دادەنیشێت و دەستدەکات بە چا تێکردن، چایەکی پۆلیسیی بۆ مامۆستا تۆفیقی باوکی و چایەکی دێژلەمە بۆ قومریی دایکی، چایەکی ڕوونیش بۆ گوڵاڵەی هاوڕێی. بنار خۆی زۆر بە کەمیی چا دەخواتەوە، تەنانەت لە خواردنی بەیانییشدا دەگمەن بنار چای خواردۆتەوە، بەڵام بە خۆشیی گوڵاڵەوە دەڵێ: ئەم چایە بە خۆشیی هاتنی تۆوە دەخۆمەوە گوڵە گیان.

گوڵە دەڵێ: نۆشی گیانت بێت بەساقە. دوای دەمەتەقێیەکی گەرم لە نێوانی مامۆستا تۆفیق و گوڵاڵە و قومرییدا بنار دەڵێ: گوڵە گیان هەستە بابڕۆین وابڕوات هەر قسەدەکەین و فریای کۆڕەکەش ناکەوین هەستە بابڕۆین.

گوڵاڵە هەڵدەستێتە سەرپێ و سووپاسی میهرەبانیی و خانەخوێیی مامۆستا تۆفیق و دادە قومریی دەکات، ئەوانیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باوەشی پێدا دەکەن و ئەمالاوئەولای ماچدەکەن. قومریی دایکی بنار دەڵێ: گوڵە گیان ماڵەکەم چاوی دایکت ماچدەکەم بەساقە زۆر هەواڵی بپرسە و خوا یار بێت بەم نزیکانە دێمە دیدەنتان.

گوڵە دەڵێ: هاتنتان مایەی شانزییمانە بەخێر هاتن سەرچاوان، گوڵە و بنار دەڕۆنە ناو هۆڵەکەوە و پێڵاوەکانیان لەپێدەکەن و ماڵئاوایی دەکەن. لە کاتێکدا خەریکن لەناو دەرگای حەوشە دەربچن شادانی خوشکە چکۆلەی بنار هاوارێکیان لێدەکات و دەڵێ: دادە بنار ئێوارە چاوتان بۆ دەگێڕم لە سەهۆڵەکە.

بنار ئاوڕێک بۆ شادان دەداتەوە و دەڵێ: باشە ماڵەکەم. کاتژمێر نزیکەی سێ و نیووی دوانیوەڕۆیە خۆرێکی گەرم سەراپای شاری لەم مانگی گوڵانەدا بە سەرپۆشی سۆزی داپۆشیوە. بنار و گوڵە دەگەنە وێستگەی پاسەکە لەوێ دوو ژنی عەبا بەسەر و کوڕێکی گەنجی تەمەن نێوان بیست بۆ بیست و پێنج ساڵە بە دەستێک جلی کوردیی خاکییەوە

وەستاون، پاش کەمێک چاوەڕوانیی پاسێکی ڕیم دێت لە وێستگەکەدا ڕادەوەستێت. نەفەرەکان سەردەکەون لە دوای دواوە دوو جێگەی بەتاڵ هەیە بنار و گوڵە دەچن دادەنیشن. لە کاتی دانیشتندا گوڵە بزەیەک دەیگرێت و بە گوێی بناردا دەچرپێنێت دەڵێ: من لە قووتابخانەش هەر لە دواوە دانیشتبووم.
بنار خەندە لێوەکانی دەگرێت و دەڵێ: گوڵە گیان یاخوا هەروا دەم بەقسەی خۆش بیت. پاسەکە بەڕێدەکەوێت و جابییەکە دێتە دواوە بۆ کۆکردنەوەی پارەی ئەو کەسانەی کە تازە سەرکەوتوون، بنار دەست دەکات بە جزدانەکەیدا و ناهێڵێت گوڵە پارەی پاسەکەی بدات،.جابییەکە پارەکە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە نێو دەرگاکە. گوڵە سووپاسی بنار دەکات بۆ دانی هەقی پاسەکەی. لە پێش کورسییەکەی گوڵەوە پیاوێکی تەمەن چل ساڵە دانیشتووە و بە دووکەڵێکی زۆر جگەرە دەکێشێت، دووکەڵەکە وەک پەڵەیەک هەوری سپیی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووخساری گوڵەو بنار دەڕوات، گوڵەگەلێک بێزار دەبێت بەم دووکەڵە و سەرێک درێژدەکات بۆ پێشەوە بە پیاوەکە دەڵێ: بەیارمەتیی خۆت برای بەڕێز دەتوانی جگەرەکەت بکوژێنیتەوە؟
کابرا بێئەوەی ئاوڕبداتەوە یان جگەرەکە لە لێوی بکاتەوە دەڵێ: جا خوشکی من بۆ بە تەکسیی ناڕۆیت بۆ بازاڕ؟ کێ داوای لێکردیت سواری ئەم پاسەبیت؟
بنار دەڵێ: گوڵە گیان وازی لێبێنە ئاسنی سارد مەکووتە، قسەکردن لەسەر جگەرەکێشان و گوڵەبەڕۆژە خواردن لە پاسدا وەک ئەوە وایە تۆو لە دەریادا بچێنیت. ئەم خەڵکانە هیچ بە گوێیاندا ناچێت. بنار لەبری گوڵە بە پیاوەکە دەڵێ: ببوورە برای بەڕێز ڕاستەدفەرمووی دەبوایە بە تەکسیی بڕۆیشتینایە بەڵام چیبکەین تەکسییمان دەست نەکەوت. ببوورە جارێکی تر.

کابرا هێشتا جگەرەکەی بە دەمەوەیە دەڵێ: قەیناکە کێشەنییە خۆ ئێوە یەکەم کەس نین ئەو داوایەم لێبکەن. ئێوەش زەعیفەن چیبکەن پرچتان درێژە و بیرتان کورت، نازانن کە سواری پاس بوون جگەرەکێشانیشی تێدایە؟
بنار و گوڵە ئیتر هیچ فزە لە دەمیان دەرنایەت هەتا دەگەنە ناوەندی شار لەوێ دادەبەزن و پاسەکەیان دەگۆڕن بۆ ڕێگای هۆڵی ڕۆشنبیریی. بنار بە گوڵە دەڵێ: ماڵەکەم ئەمە یەکێکە لە هەرە خاڵە بچکۆلەکانی ئەم وڵاتە کە مرۆڤ ناتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکات. ئاخر پێمناڵێی ماڵەکەم ئێمە نەتوانین کەسێک ڕازی بکەین لە چوار مەتر چوارگۆشەدا بۆ ماوەی چەند خولەکێک جگەرە نەکێشێت ئیتر چۆن بتوانین باوەڕ بە دوو دەستەڵاتی زلهێزی ڕامیاریی بهێنین کە خوێنی برای یەکدی نەڕێژن؟ یان چۆن دەتوانی باوەڕ لە دڵی ئەو خەڵکانەدا دروستبکەیت کە وڵات بەجێنەهێڵن؟ چ پەیامێکت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان پێیە؟
گوڵە دەڵێ: ئاخ بنار گیان بەڕاستیی هەرچەند سەر دەهێنم و سەر دەبەم ئەم وڵاتە ناناسمەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵسووکەوتی، ڕەنگوبۆی، زایەڵە و نەغمەکانی وتەی ئەگۆڕێت.
بنار قسەکان بە گوڵە دەبڕێت و دەڵێ: ماڵەکەم با بڕۆینە پێشەوە ئەو پاسە بۆ ڕزگاریی دەچێت ئەگەر ئێستا سەرنەکەوین باوەڕ بکە کەمێکی دی دەبێت بە دوای پاسەکاندا ڕابکەین، تەماشا بکە ئەم هەموو گەنجە هەموو بۆ هۆڵی ڕۆشنبیریی دەڕۆن، باشترە پەلەبکەین تا لەوێش

شوێنێکی دانیشتنمان دەستبکەوێت. بنار و گوڵە بەرەو پێشەوە دەڕۆن و دەرگای پاسەکە دەکرێتەوە هەردووکیان لە پێش هەموو خەڵکەکانی ترەوە سەردەکەونە پاسەکەوە ئەمجارە گوڵە دەڵێ: وەرە قوتابییەکی زیرەکبین با لە پێشەوە دابنیشین ئەمجارەش هۆشمان بە دووکەڵ نەخنکێنن. بنار و گوڵە لە پشتی شۆفێرەکەوە دادەنیشن، لە چاوتروکانێکدا پاسەکە پڕدەبێت و شۆفێرەکە دەست بە لێخوڕین دەکات. گوڵاڵە دەڵێ: کچە تۆ زۆر ئاگری بنار گیان جا خۆ ئەوە من بوومایە چوار پاس دەڕۆیشت هێشتا من هەر فریا نەدەکەوتم سەربکەوم، کەچی ئەوا ئێستا لەناو ئەم عەشامە زۆرەدا لە پێش هەموویانەوە سەرکەوتووین. من ئیمڕۆ خۆم ئەدەمە دەست تۆ دڵنیام لە هۆڵی ڕۆشنبیرییش کورسییمان دەستدەکەوێت بۆ دانیشتن. جابیەکە وردە وردە دەکەوێتە خۆی و پارەی نەفەرەکان کۆدەکاتەوە، ئەمجارە گوڵاڵە لە بنار گورجوگۆڵتر دەبێت پارەی هەردووکیان ئەدات بە جابیە گەنجەکە. جابیەکە گەنجێکی گەنم ڕەنگی باریکەلەیە ریش و سمێڵێکی ڕەشی تەنکی هێشتۆتەوە ڕووخسارێکی زۆر بێتاوانی هەیە لە نێوەندی پارە کۆکردنەوەکانیدا هەندێ جار قسەیەکی خۆش دەردەپەڕێنێت. نەفەرەکان بە تێکڕایی شیرینی ئەو کورە دەچێتە دڵیانەوە. پاسەکە دەگاتە بەردەم وێستگەیەک لە نزییک باخی گشتیدا کورێکی مندالکاری تێدا وەستاوە، جابیەکە هاوار لە شۆفێرەکە دەکات دەڵێ: ماڵەکەم ڕابوەستە با ئەو دینارە هەڵبگرینەوە، ئەتوانێ بە پێوە دابنیشێت با کۆرەکەی لەکیس نەچێت دڵنییام ئەویش ئەچێت بۆ هۆڵی ڕۆشنبیریی. نەفەرەکان قاقا دەدەنە پێکەنین و پاسەکە ڕادەوەستێت کوڕەمندالکارەکە سەردەکەوێتە ناوپاسەکەوە و لەناو دەرگاکەدا بە پێوە دەوەستێت و دەڵێ: قوربان گیان سوپاس بۆ وەستانت. ژنێکی قەیرە لە ناوەڕاستی نەفەرەکاندا دانیشتووە ڕووی دەمی دەکاتە کوڕەمندالکارەکە و دەڵێ: لەبەرخاتری چاوی شیینی دینارەکەت وەستاین نەگ خۆت. کوڕە مندالکارە دەڵێ: وەی بەساقەی ئەو چاوە جوانانەی بم جا خۆ من هەر بەوەوە پیاوم، دەنا کێ لەم شارەدا بە پیاوت دەزانێت ئەگەر دینارێکی چاوشیینت لە گیرفاندا نەبێت؟

بنار و گوڵاڵە گوێڕایەڵی گفتووگۆکانی نەفەرەکانی ناو پاسەکەن بنار دەڵێ: هەندێ جار لە پاسدا وا هەستدەکەم لەناو کەسوکاری خۆمدام هەندێ جاریش وا هەستدەکەم چواردەورم بە تەلی دڕکاویی ڕەبایەکانی بەعس گیراوە ناوێرم فزەبکەم. ئێستا بۆ نموونە حەزدەکەم ئەم پاسە بچێت بۆ زاخۆ بۆ ئەوەی زۆر گوێڕایەڵی قسەکانی خەڵکانی ناو ئەم پاسە بم. لە پاسەکەی پێشتریشدا ئەتگووت لەسەر ئاگر دانیشتووم خوا خوام بوو زووبگەینە ناوبازاڕ. لە دواوە هەمان شێوە بابەت گەرم بووە خەڵکەکە سەرقاڵی قسەکردنن پاش کەمێک پاسەکە دەگاتە وێستگەی هۆڵی ڕۆشنبیریی و ڕادەوەستێت ئیدی لە چاوتروکانێکدا پاسەکە بەتاڵ دەبێت نەفەرەکان هەموو بۆ هۆڵی ڕۆشنبیریی دەچوون. کە جابیەکە تەماشا دەکات بە تەنیا ماوەتەوە خێرا دێتە ناودەرگای پاسەکە و هاوار لە خەڵکەکە دەکات هۆ خەڵکینە هۆ: خەڵکەکە ئاوڕ بۆ جابیەکە دەدەنەوە و تەماشا دەکەن جابیەکە لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و هاوار دەکات دەڵێ: بە

تەنیا جێی مەهێڵن ئیمشەو زریان دەیچێنێ، تەمومژ دایدەپۆشێ مانگەشەو دەیفڕێنێ.

خەڵکەکە هەموو دەیدەنە قاقای پێکەنین و دەستی بۆ بڵنددەکەنەوە. گوڵاڵە دەڵێ: بنار گیان تەماشابکە ماڵەکەم ئەوە نموونەیەکی بچووکە کە ئەگەر ئەم شارە لە دۆزەخیشدا بێت هێشتا

بزە سەرلێوی خۆی ون ناكات. ئەو خەڵكە هەر درزی ئاسودەییەك بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە. تەماشا ئێمە هەمووی چەند نەفەرێك بووین پاسێكمان جێهێشت و چۆڵمانكرد، ئەی ئەگەر هەموو ڕەو بكەین و شارێك جێبهێڵین و چۆڵی بكەین چۆندەتوانیت دڵی ئەو هەموو ئازییزانەت ڕابگریت؟ خۆ ئێمە كەسمان ئەو جابیە ناناسین، ئەویش كەسمانی نەدەناسی بەڵام لە نێوەندی چەند خولەكێكدا هۆگرییەك پەیدا بوو لە نێوانی ئەو و ئێمەدا تەماشابكە چەند پێوەی دیارە، جا نەخواستە وەرە سبەینێ ئەزییزێكت لێدووربكەویتەوە. دەزانی من باوەڕناكەم بەرگەی بگرم. بنار دیسان قسەكان بە گوڵاڵە دەبڕێت و دەڵێ: گوڵە گیان هەلێكی باشە تۆزێ خێرا بڕۆ با زووبگەینە ناودەرگاكە لەوباوەڕەدام هێشتا كورسیی ماوە بۆ دانیشتن. لەناو دەرگای هۆڵەكەدا قەرەباڵغییەكی كەم هەیە كە هێشتا مرۆڤ دەتوانێت پێیدا تێپەڕێت، لەملاوئەولای دەرگاكەوە كچ و كوڕێكی كارمەندی هۆڵی ڕۆشنبیریی ڕاوەستاون هەریەكەیان كارتێكی بچكۆلانەی سپیی بە ئێخەیانەوەیە ناوی خۆیان و پیشەكەیان لەسەری نووسراوە بەخێرهاتنی میوانەكان دەكەن. كە گوڵە و بنار دەگەنە ناودەرگاكە كچە كارمەندەكەی هۆڵی ڕۆشنبیریی بە بنار دەڵێ: بنار گیان ماڵەكەم بەخێرهاتیت. بنار كە تەماشادەكات سەرگوڵی هاوڕێیەتی لەناو دەرگاكەدا بۆ كردنە ژوورەوەی میوانەكان وەستاوە، باوەشی پێدا دەكات و داوای لێبووردنی لێدەكات كە نەیبینیووە.

سەرگوڵ دەڵێ: كێشە نییە دوای كۆڕەكە یەكدەبینین جارێ بچنە ژوورەوە با جێگای دانیشتنتان دەستكەوێت.

بنار و گوڵاڵە دەچنە ژوورەوە لە خانەی یەكەمی دەستە چەپەوە سەردەكەون بنار بە گوڵاڵە دەڵێ: گوڵە گیان تەماشابكە لە كورسییەكانی ناوەڕاستا جێگا هەیە بابڕۆین دابنیشین، دەگەنە سەر كورسییەكان و دادەنیشن. بنار دەڵێ: گوڵە گیان كزە لە جەرگمەوە دێت باوەڕدەكەیت؟

گوڵاڵە دەڵێ: بۆچی بەساقە بنار گیان؟

گوڵە بە دەنگێكی غەمگیین دەڵێ: دەیانجار لێرە لەسەر ئەم كورسییانە من و ئارا پێكەوە دانیشتووین. دەزانی كە من لەگەڵ ئارا دەهاتمە ئەم هۆڵە هەستمدەكرد كە كەسێكی ترم ئەو هاوڕێیانەی چ من چ هی ئارا كە لێرە دیدەنی یەكماندەكرد هاوئاهەنگییەكی زۆر پتەو لە نێوانماندا بەدی دەكرا. كەچی ئێستا ئەوشتانە هەموو بوونەتە یادگارێك و هیچی تر، دەزانی من نەگ ئارا بگرە هاوڕێكانیشی ئێستا نابینم، هەموو پێكەوە سەری خۆیان هەڵگرت.

گوڵاڵە دەستێك بە پشتی بناردا دەهێنێت و دەڵێ: ماڵەكەم زۆربیرمەكەرەوە ئەزییزم ئیدی ئەمەش چارەنووسی ئادەمیزادە، مرۆڤ زۆر جار دەبێت بەرەوڕووی ڕیالێك بێتەوە كە خۆی داوای نەكردووە یان ویستی ئەو ڕیاڵەی نەبووە. دروستە ئارا خاوەنی بنەمایەكی تایبەت بوو لە ژییانی ڕۆژانەی ناو كۆمەڵ و ناو دەزگا و ئۆرگانەكانی ڕێكخراوەكەیدا. ئارا كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتیی باشی بۆ خۆی دروستكردبوو تەنانەت كۆمۆنیستەكانیش ئارایان خۆشدەویست، بگرە هەندێ لەو كۆمۆنیستانە دەیانگووت: ئارا كۆمۆنیستێكە لە پێستی نەتەوەییەكاندا دەژیی. بەڵام ئارا قەت كۆمۆنیست نەبووە بگرە هەست و هۆشیاریی

نەتەوەیی ئارا وەهای کردبوو کە هەموو گرۆ و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بە یەک چاو تەماشا بکات کە ئەویش چاوی کوردبوونیان بوو. ڕاستە ئارا تفەنگی شەڕی دوژمنایەتیی کردە شان، بەڵام دڵنیام کە ئێستا ئەو پرسیارەی لێبکەیت وەڵامێکی بەجێی پێیە و پەشیمانە لە بەشداربوونیدا. دیارە ئەمە بە تیۆریی کارێکی ئاسانە قسەی لەسەر بکەیت، بەڵام بێگوومانم لەوەی هەرکەسێک بە پراکتیک بچێتە ناو ئەم بارووDۆخەوە ئەوا شانی هەر دەبێت بە تاوانی شەڕ ئارداویی بێت. هەرچەند زووش فریای خۆت بکەویت هێشتا هەر درەنگە چونکە زەنگی شەڕ دەمێکە لێیداوە و پێویستبووە بچیتە ناو پۆلەکانی سیمیناری شەڕەوە.
پاش کەمێک یەکێک لە کارمەندەکانی هۆڵەکە دێتە سەر مایکرۆفۆنەکە و دەڵێ: بەڕێزان میوانە ئازییز و خۆشەویستەکان ئامادەبووانی هێژا بەخێرهاتن بۆ ئێوارە کۆڕی " ڕەو بەرەو هەندەران" بەهیوای ئەوەین کاتێکی بەسوود و بەختەوەر لەگەڵمان بەرنەسەر. ئێستاش ئێوە و ڕووناکبیری گەلەکەمان کاک "هاوڕێ شاکار" با بفەرمووێ بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکەی.
هاوڕێ شاکار دێتە سەرتەختەی شانۆی هۆڵەکە و کورسیی و مێزێکی جوانی بۆ دانراوە بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکەی، لە تەنیشتەوە لەسەر مێزەکە چەند لاپەڕەیەکی سپیی و سوراحییەک ئاو و پەرداخێکی بچکۆلانە دانراوە. لە تەنیشت هاوڕێ شاکارەوە کارمەندێکی تر دانیشتووە بۆ هاریکاریی هاوڕێ شاکار لە نووسینی پرسیارەکان و تێبینییەکانی میوانەکاندا. هاوڕێ شاکار کوڕێکی گەنجی تەمەن سیی ساڵەیە، بەژنێکی لاواز و باریکی هەیە پانتۆڵێکی ڕەش و تیشێرتێکی سپی لەبەردایە. هاوڕێ شاکار بە نەرم و نیانیی بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانەکان دەکات و ئومێدی ئێوارەیەکی بەسوود و خۆشیان بۆ دەخوازێت. شاکار دەست دەکات بە چوونەژوورەوەی باسەکەی سەرەتا ناوی سەرچاوەکانی بابەتەکەی لای میوانەکان ئاشنا دەکات بەم جۆرە: بەڕێزان خۆشەویستانم بناغەی سەرچاوەی باسەکەم پێکهاتوون لە ((معجم علم الاجتماع نووسینی پرۆفیسۆر دیکن میشێل وەرگێڕانی دکتۆر ئیحسان محەمەد حەسەن ساڵی 1890، بەیاد عبدالقادر ئەحمەد دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ ساڵی 1987، دکتۆر حوسێنی خەلیقی فەلسەفە و کۆمەڵ ساڵی 1990، دکتۆر فواد تاهیر سادق ڕۆشنبیریی ساڵی 1989، دکتۆر محەمەد ئیسماعیل کۆمەڵناسیی و فەلسەفە ساڵی 1983. ئەوسا دەستدەکات بە باسکردنی سەرهەڵدانی چینی کۆمەڵایەتیی لە پلەکانی سەرەتای گەشەکردنی باری کۆمەڵاتییەوە هەتا دروستبوونی جیاوازی چینایەتی و ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵ و نەبوونی پەیوەندی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوسا باس لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی دەکات، باسی کەڵک وەرگرتنی کارڵ مارکس دەکات کە چۆن بۆ یەکەمیین جار ئەم زاراوەیەی بۆ تێگەیشتنی پان و بەرییینی کرێکاران بەکارهێنا کە بەهۆیەوە کێشەی نێوان خۆیان و بۆرژوازیەت بناسن کە ئەمەش دەبێتە هۆی پتەوبوونی یەکگرتوویی کرێکاران لە خەباتدا. پاشان باسی جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. هەروەها باس لەسەر دەوڵەت و لاڕێییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات

ئەوسا دێتەسەر ئەوەی کە شیکردنەوەیەک لەسەر ڕەوی کورد بۆ هەندەران بکات. ئەم باسانەی هەتا ئێستا تیشکی خستەسەریان دەیاکاتە بناغەیەک بۆ ئەوەی بۆ ئەو خەڵکەی شیبکاتەوە کە نەمانی هاوئاهەنگیی لە کۆمەڵدا دەبێتە هۆی زیادبوونی لاڕێیی کۆمەڵایەتیی، ئەم لاڕێییەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی چەند گرۆ و لایەن و خەڵکانێک. شانبەشانی ئەم لاڕێییانەش شەڕی یەکێتیی و دیموکرات خۆزگە و ئاواتی لە دڵی چەندیین خەڵکدا کووشت. باری سەختی ناهەمواریی ژییان و ئابووریی و قورسبوونی ژییان لەسەر شانی چەندیینەی خێزانی وڵاتەکە. زیادبوونی بێکاریی و نابووتبوونی چەندیین دەزگا و کارگەی بەرهەمهێنەر و بازرگانیی. چاولێکەریی و لاسایی کۆمەڵایەتیی کە کاریگەرێتییەکی بەهێزی هەبووە بۆ ڕەو بەرەو هەندەران. لە ماوەی یەککاتژمێردا هاوڕێ شاکار بابەتەکەی پێشکەشدەکات و ئەوسا چاوەڕوانی تێبینی و بۆچوون و پرسیارەکانی میوانەکان دەبێت. لەناو ڕاڕەوی هەر ڕیزێکدا لەناو میوانەکاندا چەند کارمەندێک خەریکی کۆکردنەوەی پرسیارەکانی میوانەکانن، پاشان پرسیارەکان گرمۆڵەدەکرێن و دەدرێنە دەست کارمەندێکی تر و ئەویش دەیگەیەنێتە بەردەم هاوڕێ شاکار بۆ وەڵامدانەوەیان. پرسیاری میوانێک کە ناوی خۆی نەنووسیووە دەڵێ: کاک هاوڕێ شاکار بۆچوونت چییە لەسەر ڕەوی خەڵکی ڤێتنامیی لەدوای جەنگی ئەمەریکا بۆ تێکڕای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەدا، یان هەر شوێنێک کە ڕوویان تێکردبێت؟ کەسێکی تر بە ناوی "وریا ئەحمەد"ەوە نووسیوویەتی دەڵێ: بەڕێز هاوڕێ شاکار پێتوانییە کە ڕەوی ئەوروپا لایەنی باشەشی هەیە وەک زیندووکردنەوەی ژێرخانی وڵات؟ کەسێکی تر بە ناوی هەڤاڵ سەرتەک دەڵێ: بەڕێز کاک هاوڕێ شاکار من پێمواییە ئەگەر شەڕی یەکێتیی و دیموکراتیش نەبوایە خەڵکی کورد هەردەچوو بۆ ئەوروپا ئایا ئێوە دەڵێن چی؟ بەم شێوەیە خەڵکانێکی زۆر و پرسیارێکی زۆر ڕووبەڕووی هاوڕێ شاکار بوونەوە. کۆڕەکە زیاتر لە دووکاتژمێر و نیووی خایاند بە وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانەوە. میوانەکان لانی زۆر ئاسوودەبوون بە کۆڕە کە سووپاسێکی زۆری هاوڕێ شاکار کرا بۆ کۆڕە بەنرخەکەی، پاشان داوای لێکرا لەلایەن جەماوەرەوە کە بەم زووانە باسێک لەسەر بناغەگشتییەکانی لاڕێیی کۆمەڵایەتیی پێشکەش بکات. هاوڕێ شاکار بەڵێن ئەدات بەپێی توانا و تەقەلای خۆی دریغی لەو بابەتە نەکات کە لەلایەن جەماوەرەوە بۆی دەستنیشانکراوە. لە دوای کۆڕەکە هێشتا هاوڕێ شاکار لەناو حەوشەی هۆڵی ڕۆشنبیرییدا ڕاوەستاوە ئەو میوانانەی کە هێشتا پرسیاریان هەیە بەردەوام پرسیاری لێدەکەن. هەندێک میوان کە زۆر ئاشنای قسەکانی هاوڕێ شاکار بوون تەنها حەزدەکەن تەوقەیەکی لەگەڵ بکەن، هەندێک دێن داوای لێدەکەن کە وێنەیەکی لەگەڵدا بگرن، هەندێک دەستخۆشی لێدەکەن. قەرەباڵغییەکی زۆر لە حەوشەکەدا دروستبووە، ئێوارەیەکی فرە خۆشە، زۆرینەی میوانەکان بە پێ بەرەو شەقامی سەهۆڵەکە دەڕۆن، هەر کوڕەو قۆڵیکردووە بە قۆڵی برادەرەکەیدا هەر کچەو قۆڵیکردووە بە قۆڵی هاوڕێکەیدا. بە دەگمەن دەبینرێت کە کچێک و کوڕێک قۆڵیانکردبێت بە قۆڵی یەکدا کە ئەویش بە دڵنیاییەوە یان ژن و مێردن یان خوشک و برا. ئەو کوڕانەی کە قۆڵیان لە قۆڵی کوڕەکاندایە بەو هەوایەوە دەڕۆن کە

هەستبکەن قۆڵیانکردبێت بە قۆڵی خۆشەویستەکانیاندا، ئەو کچانەی، کە لە خەون و ئەندێشە بۆخۆیان دروستکردووە. کچەکانیش هەمانشێوە قۆڵیان وەک بازنگ کردووە بە قۆڵی یەکدا بە نیگای هەر کوڕێکی سەر ڕێگای سەهۆڵەکە دەیانجار کزە لەجەرگیانەوە دێت و توانای گۆڕانی ئەو یاسایەیان نییە، کە بتوانن ئازادانە قۆڵبکەن بە قۆڵی ئەو کوڕانەی سەرڕێگادا. ئەو کوڕە دەستگیرانانەی، کە لەسەر یەکێ لە گۆشەکانی شەقامی سەهۆڵەکەدا چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، کە ئەو کچەی خۆشیان دەوێت ئەم ئێوارەیە بێرەدا تێبپەڕن، یان چاوەڕوانی دیتنیان دەکەن. بە چەند کاتژمێرک پێشهاتنی کچەکان ئەو کوڕانە دەلاکخانەکانی ئەو شەقامەیان هەراسانکردووە بە قژخاوکردنەوە و بە هەڵگرتنی برۆ و دەمووچاو و بە سپراکردنی قژیان. ئەمەش هەموو لەپێناوی چەند چرکەیەک نیگادا و هیچی تر نا. گوڵاڵە تەماشای ئەم جموجۆڵە دەکات و بزەیەک دەیگرێت بە بنار دەڵێ: بنار گیان وەیش تووخوا چەند گوناحین ئێمەی داماو ئێمەی گەورە کچ و کوڕانی وڵاتی شەڕ، تەنانەت لە گۆڕینەوەی هەستەکانیش بێبەشین، تەنانەت ئارەزووە ڕۆحانیی و ڕۆمانسییەکانیشمان لێ قەدەغەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەم پیاسەکردنەی سەهۆڵەکە سەبوورییەکمان پێدا دێت. خوا سەهۆڵەکەمان لێنەکەیت هەر ئەوە شک ئەبەین. لەناکاو لەسەر گۆشەکەی بەردەم کەبابخانەکەی سەهۆڵەکەدا دەنگێکی بەسۆز بەرز دەبێتەوە بە ژەنینی تەپڵ و دەفەوە، خەڵکانێکی زۆر لەملاوئەولای ئەو دەنگەوە وەستاون ئەو خەڵکانەش، کە بە پیاسەتێدەپەڕن زۆرینەیان لائەدەن بۆ وەستان، هەندێکیشان ملیان وەک مزراح ئەخولێننەوە تا زیاتر نیگای ئەو کۆمەڵە بکەن، کە ستران ئەچڕن. بنار و گوڵاڵە دەگەنە بەردەم ئەو دەنگە، کە تەماشادەکەن چوار کوڕی گەنجی تەمەن نزیکەی بیست بۆ بیست و پێنج ساڵە بە جلی کوردیی و شاڵی خورمایییەوە، بە کڵاشی دۆمیی و بە مشکیی و جامانەوە لەسەر بەڕەیەکی کوردیی مێژیینە دانیشتوون و سەماوەرێکی زەردی گەورەیان لە پێشدا دانراوە بە شەکری کلۆ و پیاڵەی زەرڵییەوە. کچێکی جاحێڵی جوان بە جلی کوردیییەوە سەروبەستی بەستووە، گەردنلغێکی ئاڵتوونی لە ملدایە و پاوانەی ئاڵتوون و چەند تاک بازنگێکیشی لە دەستدایە لەبەردەمی کوڕەکاندا دانیشتووە و خەریکی تێکردنی چایە. لەناو ئەو خەڵکانەدا، کە وەستاون بەدیار ئەو کۆمەڵە هونەرمەندەوە چەند کەسانێکی تێدایە، کە چوارمشقی لەدەوری ئەو کۆمەڵە دادەنیشن. ئیدی هەر ئەوەندە چەند کەسێک دانیشت ئەوسا ئەو خەڵکانەی تریش هەموو یەک لە دوای یەک دادەنیشن. کچەکەش هەرچی داوای چا بکات بۆی ئامادە دەکات. دەنگی زوڵاڵی کوڕە گۆرانیی بێژەکەیان، کە خۆیشی دەفەکەی ئەژەنی تەواوی ئەو خەڵکەی مەستکردبوو. لەناو ئەو خەڵکانەدا، کە دانیشتبوون بەدەوری هونەرمەندەکاندا کچێک دەنگی لێبەرز دەبێتەوە دەڵێ: بە یارمەتی بەڕێزان گۆرانیییەکی دەرویش. کوڕە گۆرانی بێژەکە ئاوڕێک ئەداتەوە سەرێکی ڕەزابوون ئەلەقێنێت و کچەکەش بەم دیمەنە شاگەشکە دەبێت. پاش تەواوبوونی ئەو گۆرانییەی هونەرمەندان ئیدی ئاوازەکەیان ڕوودەکاتە دەرویشی و ژەنینی هەردوو دەفەکە بەیەکەوە گوێی مۆسیقیی دانیشتوان و ڕێبوارانی دڵخۆشکردبوو. بەم شێوەیە هەتا دەهات خەڵک زیاتر دادەنیشت و

خەڵک زیاتر لای ئەدا بۆ لای ئەو کۆمەڵە. بنار و گوڵە پێکەوە دەڵێن: با ئێمەش کەمێک دانیشین تا ئەم گۆرانییە تەواو دەبێت، لە گۆشەیەکدا جێگەیەک بۆخۆیان ئەکەنەوە و دادەنیش. گۆرانیی بێژەکە لەپڕ دەنگی لێبەرز دەبێتەوە مووی لەشی هەموومان گرژدەکات بە دەنگەکەی و دەڵێ: بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزە دەرویش، حەزمکرد بەستەیەک ببیەم سەرانسەر حوزن و ماتەم بێ، لە سیماتا بەدیمکرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش، وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ، ئیدی ئەوسا یەکپارچە ئەو شەقامە دەبێتە ماستێکی مەیوو، دوکاندارەکان هەموو دێنە بەردەم دوکانەکانیان گوێدەگرن، چێشتخانە و کەبابخانەکان هەموو تێکڕا بە وەستا و بە شاگردەوە بە میوانەکانەوە هەموو دێنە بەردەرگا، هەندێکیان قاپە خواردنەکانیان و لەفە کەبابەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. قەمەرەکان هەموو ڕادەوەستن کەس گوێناداتە ئەوەی، کە دوا بکەوێت کەس گوێناداتە ئەوەی، کە ڕێگاکەیان گرتووە. سەر پردی پەڕینەوەکە پڕبووە لە خەڵک، سەربانەکانیماڵەکان پڕبووە لە خەڵک، سەرسەربانی مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتیمانیی پڕبووە لە ئەندام و کارمەند و پێشمەرگە هەموو کارەکانی خۆیان بەجێهێشتووە. قەرەباڵغییەک لە جادەی سەهۆڵەکە دروستبووە سەری هەیە و بنی نییە. ئەم شارە دەڵێی هەرگیز ناخۆشی بەخۆیەوە نەدیووە، ئەم شارە دەڵێی دڵۆپە خوێنێک چییە تێیدا نەڕژاوە. ئەوەی لەم دیمەنەدا ئێستا سلێمانیی ببینێت دەڵێت هەرگیزاوهەرگیز ئەم شارە نە ڕۆژێک برسیی بووە نە ڕۆژێک قەسابخانە بووە. هەرچی دیمەنی ناشرییینی ساڵانی ڕابووردە لە چاوتروکانێکدا لە بیرکردنەوەی خەڵکیدا وندەبن. هێند نابات دەنگێکی هەتا بڵێی بڵند وەک ئەوەی بڵێی لە کانیی ئاسکان و دووڕیانەکەی سەرچناریشەوە گوێت لەم دەنگە بێت ئەوهابوو، جەماوەر هەموو پێکەوە لەگەڵ گۆرانییبێژەکەدا گۆرانییەکە دەڵێنەوە و دەڵێن: مەزاجی کوردەوارییم تێکچووە دەرویش عەبدوڵا، دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە، شەپۆلی زەوقی میللیی پڕ دەروونی مات و چۆڵم بکە، ئیدی ئەو خەڵکانە وەک شۆڕەبی سەراپای بەژنیان ئەلەرزێ، هەیە هۆن هۆن ئەگریی، هەیە فرمێسکەکانی لە چاوەکانیدا قەتیس بووە، هەیە حەپەساوە هیچ نووتقەی لێوەنایەت، هەیە چۆتە قوڵایی دەنگەکانەوە بە پەرۆشەوە لەگەڵ ئاوازی دەنگەکان سەما دەکات. بنار و گوڵاڵە باوەشیانکردووە بەیەکدا و لە پرمە پرمی گریاندان، لەبەردەمی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانییەوە بە باوەش لەم دەست بۆ ئەو دەست جەماوەرەکە " دیاری قەرەداغیی"یان هەڵگرتووە و بەرەو پێشەوەی ئەبەن بە هەناسەداوان و بە ماندوێتیی حەسیب قەرەداغیی دەگەیەننە ناو کۆڕی هونەرمەندەکانەوە، هەر ئەوەندە نازانیت دەبێتە چەپڵە ڕێزانێک و فیکە فیکێک نەبێتەوە، خەڵکەکە هەموو بەیەکجار هاوار دەکەن مامۆستا مامۆستا مامۆستا... مایکرۆفۆنەکە ئەدەنە دەستی حەسیب قەرەداغیی و لەپڕ کوڕێکی چوارشانەی کەڵەگەت و تۆکمە دێت حەسیب قەرەداغیی هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەر قەڵادۆشکانی و حەسیب قەرەداغیی دەنگی لێبەرز دەبێتەوە و دەڵێ: "نیشتیمانە بێ باوکەکەم ". بەشێوەیەکی شێتگیرانە کۆڕی جەماوەری شاری سلێمانیی گەرمدەبێت خەڵک خۆی بیردەچێتەوە خەڵک

کاتی لەبیردەچێتەوە خەڵکانێک ماڵ و منداڵیان بیردەچێتەوە. ئەو خەڵکە هەتا نیوەشەو بەوسەر جادانەوە ئەسوڕانەوە و هاواریان دەکرد مەزاجی کوردەوارییم تێکچووە دەروێش عەبدوڵا، کۆمەڵێکی تر هاواریان دەکرد نیشتیمانە بێ باوکەکەم، هەندێکی تر لەبەردەمی مەڵبەندی سلێمانییدا وەستابوون و دەیانگووت زەرڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری. گوڵە و بنار شەو بەپێ دەڕۆنەوە بۆ ماڵی بنار کاتێک دەگەنەوە ماڵەوە، قومریی و مامۆستا تۆفیق و گەلاوێژی پوری بنار و کوڕانی خاڵۆزا و پورزا هەموو هەڵدەستنە سەرپێ و هاواردەکەن ئەوەتان هاتنەوە، ئیدی باوەشیان پێدادەکەن و بەخێرهاتنەوەیاندەکەن. ئەوانیش هەموویان بیستبوویان کە لەسەهۆڵەکە چی ڕوویداوە، دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفیزۆنیش بە زیندوو وێنەکانی سەهۆڵەکەی گەیاندبووە کەناڵەکان، ماڵی بنار بە تەلەفیزیۆن بنار و گوڵاڵەیان بینیبوو کە باوەشیانکردبوو پێکدا و دەگریان. هەندێک دەرودراوسێ کە ئەوانیش ڕێگەیان لێبڕاوبوو بە پێ هاتبوونەوە هەواڵەکانیان گەیاندبووە ناو گەڕەک. بنار بە پرمەی گریانەوە باوەش بە دایکیدا دەکات و دەڵێ: دایە گیان من ئەم شارە بەجێناهێڵم ئەوەی ئەم ئێوارەیە من بینینم هەرگیز لە دەروونمدا نادێتەدەرەوە، ئەم شارە ژییانی دەوێت ئەگەر لێیبگەڕێن، من دڵنیام هەموو ئەوخەڵکانەی ئەم شارە بەجێدێڵن گەورەترین زیان بە ڕۆحیان دەگەیەنن، خەڵک لە ژییانی ئەورووپادا بنەما ڕۆحییەکان وندەکەن من ئەوەم ئەم ئێوارەیە بە بەڵگە سەلماند، من نامەوێت ڕۆحم ونبکەم من سەلیقەم بۆچییە پەیوەست نەبم بە کاریگەرێتییە ڕۆحییەکانەوە؟ من نامەوێت ببمە ڕۆبۆت من پێویستم بە بنەما ڕۆحانییەکان هەیە.

III

ڕووناکیی مۆمێک ڕووخساری هەردووکیانی کردۆتە چوارچێوەیەکی زێڕیینەوە، نۆتەکانی مۆسیقای مۆنامۆش بوونەتە گوارەی هەست و لە گوێی هەردووکیانا لەژێر ڕووناکی مۆمێکدا ئەدرەوشێنەوە. کات دوا نیوەشەوێکی درەنگی ڕۆژی هەینییە تریفە و ئارا لە جێگادا ڕاکشاون، تریفە سەریکردۆتە سەرسنگی ڕووتی ئارا، بەتانییەک هەتا ناوقەدی هەردووکیانی داپۆشیوە، تریفە دەستی کردۆتە ناو دەستی ئاراوە و تەماشای دەمارە هەستاوەکانی پشتی دەستی ئارا دەکات و لێی ورددەبێتەوە. بە هێمنی دەستی ئارا دێنێ بەرەو دەمی و ماچێکی دەکات و دەڵێ: قوربانی دەمارە ماندووەکانی دەستت بم. کە تەماشای دەستت دەکەم سەدان چیرۆکی کوێرەوەرییم بۆ دەگێڕێتەوە ئەوکات من هێندەی دی خۆشمدەوێیت. هیچ پێویست ناکات لەگەڵم بدوێی من بەس بە تەنها نیگایەکی پەنجەکانت دەزانم ئێستا بیر لەچی دەکەیتەوە و دەتەوێت چیم پێبڵێی. تریفە توند دەستی ئارا دەگووشێت و بە نەرمی بە گۆرانییەوە پێیدەڵێت: خۆشمدەوێی بە قەد چاوم، بەقەد دڵەی هەڵگیرساوم، هەر تۆم ئەوێ هەتا ماوم. ئەوسا سەر بڵند دەکاتەوە دێتە سەرکۆشی ئارا دادەنیشێت. ڕووناکیی مۆمەکە ئەیدات لە بەژنی تریفە و شۆخ و شەنگیی تریفە بە

سێبەر لە دیوارەکەی تەنیشتیانەوە دروستدەکات. تریفە دەست درێژ دەکاتەوە بۆ بەتانییەکە و ئەیدات بەسەر کۆشیانا، پرچە درێژە جوانە زێڕیینەکەی تریفە بەسەر شان و ملیدا هاتۆتە خوارەوە مەمکی چەپی داپۆشیوە و مەمی ڕاستیشی بێبەشبووە لە باوەشی پرچەکانی.
تریفە دەستی ناوەتە سەرسینەی ئارا و لە ڕووخساری ماندووی دەڕوانێت و دەڵێ: ماڵەکەم بیر لەچیی دەکەیتەوە؟ چی ماندووی کردوویت؟ ئەتەوێت قسەبکەین لەسەر ئەو شتەی ئێستا بیری لێدەکەیتەوە؟ یان پێتخۆشە بێدەنگ بیت و تەنها خۆت لە دەریای ئەو گێژاوەدا مەلەبکەیت؟ من پێمباشە بۆ هەرکوێ چوویت بمبەیت لەگەڵ خۆت گەرەکمە منیش هاوبەشبم لەو گێژاو و خەم و ژانەی هەرکات وەک مۆتەکە سواری کۆڵی بیرکردنەوەت ئەبێت.
ئارا دەستی ڕاستی لەژێر بەتانییەکەوە دەردێنێت و بە ڕووخساری پەریی ئاسای تریفەیدا دەهێنێت و بە نەرمیی پێی دەڵێت: تریفە گیان چەند جوانیت و چەند بێتاوانیت، من هەندێ جار دڵم نایەت لێت بڕوانم چونکە خەمباریی دامدەگرێت تۆ ڕۆحی منداڵێکت لە ڕووخسارتا نەخشاندووە، ئەو منداڵەی، کە بەردەوام نیگای چاوەکانم دەکات و پێمدەڵێ: بمکە باوەش.
نازانم تریفە گیان، بیرکردنەوەم ئاڵۆزبووە لەوڕۆژەوەی ئەو تابلۆیانەم دیووە لەو ڕووبارەدا هەستدەکەم ژیانی ڕۆژانەم لە هێڵی ئاساییبوونی خۆیان لانداوە. تەنانەت لەسەر کاریش بەردەوام ئاگام لەخۆم نییە، هەڵە زۆر دەکەم، هەندێکجار تووڕە دەبم هەرکەسێک بچووکترین هەڵەم بەرانبەر بکات وەک سەگ دەچم بەگژیا. هەندێکجار لەو کیشوەرەدام، کە لە ڕووبارەکەدا بینینم تووشی لەرز و سەرمابوونێک دەبم هیچ کڵپەی ئاگرێکی سەرئەم ڕووی جیهانە ناتوانێ گەرممبکاتەوە. هەندێکجاریش وام لە کوردستان خەریکی کاری کوردایەتیی و ڕێکخستنم سەرم هێندە قاڵە کاتم نیە ڕیشیشم بتاشم، هەندێکجار لە ماڵی خۆمانم و هەست بە نامۆیی دەکەم ناچار دەبم پێڵاوەکانم هەڵکێشم و بڕۆم بۆ ماڵی بنار ئەوسا لەوێ لە بێشەی دڵی بناردا خۆم ڕادەژێنم هەتا خەوێکی ئارام دێتە چاوەکانم. نازانم تریفە گیان نازانم چیبکەم هێند دەڵێم ئومێدەکەم هەردووکمان لە ژیاندا بمێنین ئیدی هەرچییەکی دی دێتە ڕێگامان بە هێز و توانای بوونمان بەرەنگاری ئازارەکانی دەبینەوە. بڕواش ناکەم ئەوەشی بێتە ڕێگامان هێند ئەم باروودۆخەی ئێستامان سەخت بێت. مردن لە پێناوی ئازادییدا مردنێکی پایەدارە. ئیدی ئازادیی وڵات بێت، ئازادیی بیروباوەڕ بێت یان ئازادیی ژیانی تاکە کەسیی. ئەوەی ئێستا لە دڵمایە یان لە بیرکردنەوەمدایە، کە هەموو چرکەیەکی ژیانمی بەخۆیەوە خەریککردووە ئەوەیە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەساتێک ڕوودەدات، لێکدانەوەی منیش ئێستا لەم کاتەدا هێندە بەهێز و ژیر نییە بتوانێت بۆم ڕوونبکاتەوە چۆن و لە کوێ تا من فریای خۆم بکەوم. تا ڕێگا لە ڕوودانی ئەو کارەساتە بگرم. من لەو تابلۆیانەدا تۆ نابینم، تۆ لە کوێیت؟ ئەدی تۆ چیت لێدێت؟ ئەمەش بۆ من بەردەوام جێگەی لێکدانەوەیە.
تریفە لەسەر سنگی ئارا ڕادەکشێت و دەڵێ: وسبە هیچ مەڵێ بێدەنگبە نامەوێ چدی گوێم لەم شەپۆلانە بێت هیچ نەبێت تەنها بۆ ئەمشەو. نامەوێت لەوە زیاتر ماندوو بیت خۆمان

ئەدەینە دەستی چارەنووس هەرچی هات با بێت. با دەش بچێتە سەر نۆ. ئەوەی گرنگە ئەم چەند ماوەیەی هەتا لە ژیاندا ماوین کەمێک دەست لە ملی بەختەوەریی بکەین. من لەوەتەی هەم وێڵی دوای ئەم وتەیەم: جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم. ئارا گیان دیدەکەم هیچ مەڵێ دەخیلتم هیچ مەڵێ، تریفە تووند ئارا دەکاتە باوەشی و دەمدەکاتە دەمیەوە زۆر بە سۆزەوە، زۆر بە میهرەوە هەستەکانی ئارا دەبزوێنێت و تێکەڵی ڕۆحی دەبێت بە چێژێکی زۆر و تامەزرۆیەکی شیرینەوە لەگەڵ یەکتر دەخەون هەتا هەردووکیان لە هەناوی یەکدیدا وەکوو مۆم بەسەر جەستەی گڕگرتووی یەکدیدا ئەتوێنەوە. ئارا سەری نێوەتە سەرسینەی تریفە و هەردووکیان بە قوڵیی خەو ئەیانباتەوە. دەمەوبەرەبەیانێکی خۆرهەتاو ئەوکاتەی تیشکی خۆر وەک چەپکێ نێرگزی بەهار خۆی لە گوڵدانی باوەشی تریفە و ئارا دەکات، ئارا چاوەکانی بە نازی سەری پەنجەیەک هەڵدەگلۆفێت و تەماشایەکی تریفە دەکات کە هێشتا کۆرپەئاسا لە قوڵایی خەوێکی شیریندایە، دڵی نایەت بە ئاگای بهێنێت بە میهرەوە ماچێکی بنی پێی تریفە دەکات و لە جێگاکەیدا دێتەدەرەوە. ئارا هەر بە ڕووتیی ڕێی تەوالێت و دووشەکە دەگرێتەبەر، لەماوەی چارەکە کاتژمێرێکدا دووشدەکات و دەم و ددانی دەشوات. پاشان خۆی دەگۆڕێت و دەڕواتە دەرەوە، کاتژمێر هەشتی بەیانیی ڕۆژی شەممەیە، ئارا بە دڵێکی خۆشەوە ڕێگای دووکانی سەموونەکەی ژێریانەوە دەگرێتەبەر، بەیانێکی خۆرهەتاوە جموجۆڵێکی کەم هەیە لەسەر شەقامەکەیان، ئارا دەچێتە دووکانەکەوە و سڵاوێک دەکات لە کارکەرەکان، ئەوانیش بە دڵێکی پڕ سۆزەوە سڵاوی ئارا دەکەن. ئارا وەک پیشەی هەمیشەیی سەموونێکی باگێت دەکرێت لەگەڵ دوو قاش کێکی میوە، پاشان بۆ تریفە بەتایبەت یەکدوو پارچە کاری هەویری پڕ بە گوێز هەڵدەگرێت کە پێیدەڵێن " نووسهۆرنشن" خۆشترین خواردنی تریفەیە. پاشان ئارا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە هێمنی و بێچرپە دەچێتە ژوورەوە تا تریفە لەخەو ڕانەچڵەکێت. مووبەقەکەی ماڵی تریفە و ئارا لەناو دەرگای ئەپارتمەنەکەوە نزیکە، ئارا دەستدەکات بە ئامادەکردنی خواردنی بەیانیی. سەرەتا چایەکی ڕەش بۆ تریفە لێدەنێت، چونکە بەرچاییکردنێک بەبێ چا بۆ تریفە وەک ئەوە وایەکە ئەو ڕۆژە هێشتا دەستی پێنەکردبێت و هێشتا هەر شەو بێت. پاشان چەند هێلکەیەک دەکاتە مەنجەڵێکی تیڤالی پچووکەوە و کەمێک ئاوی تێدەکات و دەیکاتە سەرئاگرێکی کز بۆ کوڵاندن. پەنیری مۆتسەرێلا و مرەبای شاتوو خواردنی خۆشی بەیانیانی تریفەیە، بۆیە ئارا هەرچییەک دەکات پێشئەوە بیری لێدەکاتەوە ئایا تریفە حەزی لێیەتی یان نا؟ وردە وردە سەموونەکە قاش قاش دەکات و دەیخاتە ناو سەبەتەیەکی قامیشی بچکۆلەوە و پەڕۆیەکی تەنکی بەسەردا دەدات. کێەکان دەکاتە سەرقاپی بچکۆلانە و یەکی چەتاڵ و چەقۆیەکیان بۆ دادەنێت. هێدی هێدی خواردنەکان لە ژوورەوە لەسەر مێزێکی چکۆلانە کە لە ژووری دانیشتنەکەی ئارا و تریفە بوو دەڕازێنێتەوە. دوو کووپی شیین بۆ چا خواردنەوە دادەنێت و دوو پەرداخی بچکۆلانەش بۆ خواردنەوەی ئاو یان خۆشاو لەبەردەم هەریەکێک لە قاپەکان قووتدەکاتەوە. پاشان مۆمێکی سوور دەخاتە ناو مۆمدانێکی باریکەلەی سپییەوە و لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دایدەنێت بە داگیرساویی. ئارا

نزیکەی تەواوبووە لە ئامادەکردنی خواردن، چاکەی پێگەیشتووە و لەسەر ئاگرەکە لایدەبات و لەسەر مێزەکە لەسەر گڕی مۆمێکی بچکۆلانەی دادەنێت، کە هەرهێندە بۆ ئەوەیە کە چاکە ساردنەبێتەوە. ئەوسا ئارا مۆسیقایەکی کلاسیکیی بە دەنێگێکی نزم پێدەکات و دەچێتە سەرجێگاکەی تریفە لە خەوی هەڵبسێنێت. سەرەتا ماچێکی بنی پێی دەکاتەوە، ئەوسا بە هێمنی و لەسەرخۆ دەستێکی سۆز بە پێ و پووز و ڕانەسپیکەلە و جوانەکانی تریفەدا دێنێت. جوانیی تریفە مەگەر لە پیاهەڵدانی بوێژێکدا پێناسبکرێت، مەگەر لە دیوانی هۆنراوەکانی گۆراندا چەند دێڕێکی لێبدۆزیتەوە. ئارا بەردەوام بۆ پێناسی جوانی تریفە پەنای دەبردە بەر چوارینەیەکی حەزرەتی نالیی کە دەڵێ:

کرمی ئاوریشمە خەیاڵم بۆ سەرووی ئەو قامەتەت
من کە قۆزاخەی خەمێکم، دەوری داوم چاوەکەت
ئیشتیاقم: بەحری تینوو، هیجرەتم: سەحرا بە کۆڵ
ڕۆحی نالیی هەنگی عیشقە و شانەکەشی ناوەکەت،

تریفە وردە وردە هەست بە سۆزی سەری پەنجەکانی ئارا دەکات و بزەیەک دێتە سەر لێوەکانی و خۆی دەکێشێتەوە. تریفە بۆنی چای ڕەش دەکات و دەڵێ: چا چا چا چا چا .... دەستەکانی وەک باوەشێکی پڕ ئەوین و بەقای دڵداریی و سۆز بۆ ئارا دەکاتەوە و ئاراش هێمن هێمن کۆرپە ئاسا دەچێتە باوەشییەوە و لەسەر سنگی ڕادەکشێت. وەک دڵۆپێک بارانی بەهار لێوەکانی بە ماچێکی نەرم تەڕدەکات و تریفە دەڵێ: ئەی گیان کە خۆشبوو ئەو ماچە ئەوە چیبوو؟ بۆ وا شیرین بوویتە؟ ئیدی تریفە بە چێژی ئەو ماچەوە دەمدەکاتە ناودەمی ئاراوە و هەتا هەناسەی تێدا مابێت دەم لە ناو دەمی دەرناهێنێت، تریفەبە هێمنی چاوەکانی دەکاتەوە و هێشتا لێوەکانی بە لێوەکانی ئاراوەنووساون و دەڵێ: ئارا گیان خۆشمدەوێیت لە ڕۆحی خۆمم خۆشتر دەوێت، ئومێد دەکەم مەرگم پێشمەرگت بکەوێت. تۆ زۆر مانات داوەبە ژیینم خوا تۆم لێنەستێنێت.

ئارا دەستێکی ئەوین و سۆز بە ڕووخساری بێتاوانی تریفەدا دێنێت و دەڵێ: تریفە گیان منیش خۆشمدەوێیت ئەزییزم، تۆش هەمانشێوە مانایەکی نوێتداوە بە ژینم. دەهەستە ماڵەکەم با پاروویەک نان پێکەوە بخۆین هەمووکەسم.

تریفە بەتانییەکە لەسەر خۆی لادەبات و دەڵێ: ئارا گیان ئەو ڕۆبەم بۆ دەهێنیت بەقوربان؟ ئارا ماچێکی ناسکی سەر لێوەکانی تریفە دەکات و دەڵێ: وەبان دییەم تریفە گیان. ئارا هەڵدەستێت و ڕۆبێکی ئاوریشمی سپیی تەنک هەتا سەر ئەژنۆ بۆ تریفە دێنێت و بە میهرێکی زۆرەوە هەر لەناو جێگاکەیدا دەیکاتە بەری تریفە. ئەوسا تریفە پێیەکی دێنێتە سەر زەوییەکە و بە ئارا دەڵێ: دییەت خۆش ماڵەکەم سووپاس، من ئەچم دووشێکی خێرا دەکەم و دێمەوە باشە دییەکەم؟

ئارا نیگایەکی شیریینی تریفە دەکات و دەڵێ : باشە بەساقە بەڵام دەرگاکەت دامەخە دەمەوێ گۆرانییەکت پێشکەش بکەم با گوێت لێبێت.

تریفە چاوێکی مەکربازانە لە ئارا دادەگرێت و دەڵێ: گۆرانی چی دییەکەم؟

ئارا دەڵێ: وەڵامت نادەمەوە دەمەوێ لە ناکاو گوێت لێبێت.
تریفە دەڕواتەدەر لە ژووری نوسستنەکە و بەدەم ڕێگاوە دەڵێ: باشە قوربانت بم خۆت چۆنت گەرەکە با وابێت، گرنگ ئەوەیە کە دڵی من خۆشدەکەی ئەوە هەموو شتێکە بۆ من.
تریفە دەچێتە دووشەکەوە و ڕۆبەکەی دادەکەنێت سەرەتا ئاوی دووشەکە بەردەداتەوە هەتا کەمێک هەڵم لە ژوورەکەدا پەیدا بێت، ئەوسا دەچێتە ژێر ئاوە گەرمەکەوە دەست بە شتنی لەشی دەکات. لەناکاو دەنگی زوڵاڵی قادری ئەلیاسی دێتەگوێی تریفە، بروسکەیەک بە دڵیا دێت و لێوەکانی خەندەباران دەبن ئەوکاتانەی "عەزییزی شارۆخیی" دەڵێ: چۆن بۆم دەکرێ لە بیرتکەم ؟ چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم؟ تریفە لەژێر دووشەکەدا هاوارێک لە ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا ئارا ....
ئارا لە جێگەی خۆیەوە وەڵامی تریفە ئەداتەوە و ئەڵێ: گیانی ئارا ماڵەکەم.
تریفە دەڵێ: بەقوربانی دەمارە ماندووەکانی دەستت بم.
پاش کەمێک تریفە لە دووشکردن دەبێتەوە و دێتەوە لای ئارا دادەنیشێت. تریفە خاولییەکی لەسەریەوە ئاڵاندووە لە گوڵێکی بەر گزنگ دەچێت کە هێشتا تیشکی خۆر بەیانیی باشی لێنەکردبێت و پەڕەکانی هێشتا جوان نەکراونەتەوە. تریفە ماچێکی لێوەکانی ئارا دەکاتەوە و دەڵێ: ماڵەکەم سووپاس بۆ ئەو گۆرانییە خۆشە، زۆر بزواندمی بەڕاستی دەستخۆش.
ئارا دەڵێ: شایەنی نییە ماڵەکەم زانیم حەز بەو دەنگە و بەو گۆرانییە زۆر دەکەیت. تریفە ئێستاش لەبیرم ناچێتەوە وە برواش ناکەم هەرگیز لەبیرم بچێتەوە کە چۆن ئێمە ئەو ڕۆژە بە چەند کاتژمێرێک پێش ڕۆیشتنەوەت گوێمان لەم گۆرانییە دەگرت. پاشان ڕووباری فرمێسکەکانت هیچ شتێکی نەهێشتەوە هەردووکمان دامانە پرمەی گریان و باوەشمان بە یەکدیدا کرد هەتا بۆمان کرا هاوارمانکرد هەتا بۆمانکرا گریاین.
تریفە بە کسپەیەکەوە هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئارا گیان ماڵەکەم کەسەکەم ڕۆژێکی نوێیە نامەوێ دیسان ڕۆژێکی نوێ بە خەم و بە یادگاری تاڵ بەسەر بەرین. حەزت لەچییە ئیمرۆ بیکەین؟ بچین بۆ سینەما؟ یان بچین بۆ مەلەکردن؟ یان حەز دەکەیت لێبخوڕین بۆ شارێکی تر سەردانی کەسێک بکەین؟ هەر ئێستا دوای نانخواردن دەڕۆین. باشە ماڵەکەم. یان ئەتوانین بچین بۆ سوێدن بۆ هەفتەیەک. پێتخۆشە سەردانێکی ئەو خۆشەویستانەمان بکەین لە سوێدن؟
ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: بێگوومان پێمخۆشە، پێئەچێت باشیش بێت بۆ هەردووکمان کەمێک لەم گرێ و گریان و گێژەڵوکەی بیرکردنەوانە ڕزگارمان ببێت. ماڵەکەم هەتا دوای نانخواردن بیرێکی لێبکەرەوە ئەگەر گەیشتیتە ئەوەی بڕۆین ئەوا هەر ئیمرۆ دەڕۆین، دڵنیام ئەگەر ئێستا تەلەفوون بۆ خاوەنکارەکەت بکەیت هیچ نەبێت ڕێگەی هەفتەیەکی کتووپڕییت ئەداتێ گەشتێ بکەیت، کە بەم شێوەیە وا پەشێوی. تریفە لەگەڵ قسەکردن و نانخواردندا ڕووخسارێکی هێند میهرەبانی هەیە کە ئارا بە ئاستەم جورئەت ئەکات تەماشای بکات، کە دەبینێت تریفە وا بەوپەڕی دڵسۆزیی و سۆزییەوە هەوڵی ئەوە ئەدات کە ئەم شەپۆلی خەمانە لە دەروونی ئارادا هێوربکاتەوە. ئارا هێندەی تر هۆگری

تریفه دەبێت و له ئامێزی خۆشەویستیی و سۆزی خۆیدەگری. تۆ هەموو خەمەکانی خۆتت خستۆتەلاوە و ئەم ئاگره ناوەختەی خەمی منت له کۆشگرتووە، ئەم ڕەوشتەشت هێندەی تر خۆشەویستت دەکات لای من، ماڵەکەم سووپاس، که هەیت.
تریفه تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا گیان ماڵەکەم ئەگەر من وا نەبم ئەی بۆچی من و تۆ پێکەوەین؟ من خۆم به بەرپرسیاری خەمەکانت دەزانم چونکه ژیانی خۆمم لەگەڵ تۆدا بەشکردووە. من ئەمەوێ له خۆشیی و ناخۆشییتا هاوبەشبم.
ئارا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: دەزانم گوڵه گیان ڕاستدەکەیت، دوو خۆشەویست پێویسته خۆشیی و ناخۆشییان بەشبکەن.
تریفه قسەکان به ئارا دەبڕێت و دەڵێ: ئارا ئارا گیان ئەوەت لەیاد نەچێت، که تۆ سەرەتا هاوبەشی ناخۆشییەکانی من بوویت ئەوسا بوویته هاوڕێی خۆشییەکانم. خۆشت باشدەزانی من ڕۆژانەی ناخۆشییم له خۆشییم زۆرتره بەڵام تۆ هێشتا باڵای کێوێکی بڵندیت بەرانبەر ناخۆشییەکانم. هەرچەنده خەمەکانم ماندووتدەکەن بەڵام ورەت بەرنەداوە و ناڕووخێیت. دڵنیابه مانەوەی من له ژییندا لەسەر دەستی تۆدا بووە ئێستاش هەر لەسەر دەستی تۆدایه. ئەی من چۆن ئێستا بۆمدەکرێ لەم گێژاوەدا به تاک و تەنها بەجێت بێڵم، ڕێگەبدەم له کرێوەی سەقەمی ساڵدا له سەرمانا ڕەقبیتەوە؟
ئارا هەردوو دەستی به قولایی قژیدا دەهێنێت پاڵێک ئەداتەوە به قەنەفەکەوە و دەڵێ: دروسته بەقوربان بەڵام من نامەوێ لەم کاتەدا، که تۆ سەراپات به بەفری خەم داپۆشراوە و له سەرما و سۆڵەی ڕۆژگارێکدا بەدەم ڕەشەبای ڕق و گەردەلوولی تارییکستانی عەشایەرگەرییەوە هەڵدەلەرزی خەمەکانی منیش لەگەڵ ئەوانەی خۆتا له کۆڵ بگریت. ئەمه زۆر دەبێت بۆ تۆ ماڵەکەم. تاوانی تۆ نییه، که من ئێستا لەم کاتەدا سروشی خەمێکم بۆ هاتووە و هێشتا دڵنییانیم له دەستپێکردنی.
دیسان تریفه قسەکان به ئارا دەبڕێت و دەڵێ: ئاخر ئەوە کێشەکەیه، که ئێمه نازانین سەرەتای دەستپێکردنی ئەو خەمه کەیه، کێ نالێ هەر ئیمرۆ نابێت، کێ نالێ سبحەینێ، یان هەفتەی داهاتوو یان مانگی داهاتوو. کێ نالێ ئیمرۆ نارۆینه دەرەوەو کۆتایی به ژیانی هەردووکمان نایەت، یان به ژیانی من. بۆیه پێویسته ئێمه هەموو چرکەیەکی ژیانی خۆمانمان خۆشبوێت، چێژ له هەموو هەناسەیەکی پێکەوەییمان وەربگرین ئەوکات مردیشین خۆمان خۆش گرنگ ئەوەیه ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش ژیابێتین به ویستی خۆمان و به دڵی خۆمان بۆ یەکدیی و بۆ ئەویین ژیایین. گرنگ ئەوەیه مێژوویەکی پاک له دووی خۆمان بەجێدێڵیین.
ئارا لەسەر نانخواردنەکەی هەڵدەستێت و لەبەردەمی پەنجەره گەورەکەی هۆڵی دانیشتنەکەدا ڕادەوەستێت و به تریفه دەڵێ: لەوانەیه تریفه گیان قسەکەی تۆ ڕاستبێت کێ نالێ گەرانێک ئەم تەوژمەم لەسەر کەم ناکاتەوە؟ سەردانی ئەو ئەزییز و خۆشەویستانه له وڵاتی سوێدن پێمواية کارێکی باشه. دەنگم دەخەمه پاڵ دەنگت له ئێستا زووتر نییه تەلەفوونێک بۆ خاوەنکارەکەم دەکەم پێیدەڵێم پێویستم به دوو هەفته پشووی کتووپڕه. ئارا

ئاوڕدەداتەوە بۆ تریفە و ماچێکی بۆ هەڵئەدات و بەرەو لای تەلەفوونەکە دەڕوات، جەرەس بۆ خاوەنکارەکەی لێدەدات. پاش چاوەڕوانیی چەندیین جەرەس "هێربەرت" خاوەنکارەکەی ئارا کە پیاوێکی تەمەن چل وپێنج ساڵەی ئەڵمانییە دێتە سەرخەت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو:
ئارا بەیانیی باشی لێدەکات و دەڵێ: هێربەرت لە باروودۆخێکی دەروونیی زۆر سەرسەختدام پێویستم بە دوو هەفتە پشوو هەیە کە هیچ نەبێت دووربکەومەوە ئارامییەک بە دەروونم بدەم.
هێربەرت بە دەنگێکی باوکانەوە وەڵامی ئارا دەداتەوە و دەڵێ: ئارامیی لەسەر هیچ پارچە زەوییەکی ئەم دونیایەدا بۆ مرۆڤێکی پەنابەر وەدەست ناکەوێت، تەنها لە باوەشی دایکی نیشتمانەکەی خۆیدا نەبێت. دەتەوێت چیبکەیت ئارا؟ بۆ کوێ بچیت؟
ئارا دەڵێ: دەمەوێ گەشتێک بکەم لەگەڵ تریفەدا دەڕۆین بۆ سوێدن.
هێربەرت دەڵێ: ئارا من دوو هەفتە پشووت ئەدەمێ، ئێستا کەمێک کار هێمنە بەهۆی هاوینەوە، دەتوانم کرێکارێکی تر بخەمە سەرکارەکەت هەتا دێیتەوە. بەڵام تکایە بۆ هەرکوێ دەچیت ئاگات لەباری تەندروستیی خۆت بێت. نیشتمانی تۆ نە ئەڵمانیایە نە سوێدن نە هیچ شوێنێک نیشتمانی تۆ خاکەکەتە کە لێی لەدایکبوویت. ئەم وڵاتانەی تۆ گوزەری تێدا دەکەیت وێستگەی چاوەڕوانیی و لادانێکە بۆ پشوودان و هیچی تر نا. بۆ منێکی ئەڵمان و ئازاد لە هەرکوێ بژییم پێئەچێت بتوانم ئاسوودەیی بدۆزمەوە و بژییم بێ ئەوەی ئازار و ئەشکەنجەی خۆشەویستیی وڵات بمرووخێنێت. چونکە من بە ئازادیی لە وڵاتێکی ئازاددا لەدایکبووم، بەڵام تۆ نا، تۆ ژێردەستەبوویت و بە چەوسانەوەوە زمانت پژاوە. بۆیە بەردەوام کاریگەرێتییە دەروونییەکان شاڵاویان لەسەر تۆ زیاترە وەک لە کەسێکی ئازاد. بەهەر حاڵ بڕۆ بۆ سوێدن بە گەڕانەوەت ئاگادارم بکەرەوە.
ئارا سووپاسێکی زۆری قسەکانی هێربەرت دەکات و دەڵێ: بێگوومانبە وەڵامت لێدەگێڕمەوە. سوپاس بۆ هاریکارییت، بە هیوای کۆتایی هەفتەیەکی شاد بۆ تۆ. ماڵئاوا.

تریفە بە بزەیەکەوە تەماشای ئارا دەکات و دەڵێ: ئەوە سیمینار بوو یان تەلەفوون؟
ئارا پێکەنینێک دەیگرێت و دەڵێ: هێربەرت مرۆڤێکی باشە. مرۆڤێکی گەلێک بیر و هۆش فراوانە و منیشی گەلێک خۆشدەوێت. هەندێک جار هەستدەکەم کە هێربەرت جێگەی باوکمی گرتۆتەوە. بەهەرحاڵ تریفە گیان من ئەڕۆمە دەرەوە بزانم دوو بلیت بۆ سوێدن دەکڕم و دێمەوە. یان حەزدەکەیت بێیت لەگەڵم؟
تریفە سەرێکی بۆ دەلەقێنێت و لچەکانی پێکەوە دەنووسێنێت و چاوەکانی دەجووقێنێت و دەڵێ: نازانم بێم؟ یان نەیەم؟ نا ئارا گیان تۆ بڕۆ بلیتەکان بکڕە منیش ماڵەکە کۆدەکەمەوە و دوو جانتا ئامادە دەکەم بۆ گەشتەکەمان. هەتا تۆ دێیتەوە هەر ئەوە دەمێنێت دەرگاکە دابخەین و بڕۆیین.
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: تریفە گیان باوەڕناکەم هەر بۆ ئیمڕۆ بتوانین بفڕین، پێموابێت فڕیین ڕۆژانە نییە بۆ ستۆکهۆڵم. بەڵام ئەگەر بەخت یار بێت ئەوا بۆ سبەی دەتوانین بفڕین.

ئەزانی چی ماڵەکەم؟ تۆ دەتوانیت تەلەفوون لەگەڵ "شیلان" بکەیت ئاگاداری بکەیت بڵێی کە دێین بۆ لایان. پاشان پێویستم بە پاسپۆرتەکەتە بۆ ئەوەی بتوانم بلیت بۆ تۆش ببڕم.
تریفەدەڵێ: ئارا گیان باوەڕبکە توانای بەرزبوونەوەم نییە، خۆت دەست بکە بە گیرفانی جانتاکەمدا پاسپۆرتەکەم دەربێنە.
ئارا دەست دەکات بە جانتاکەی تریفەدا و پاسپۆرتەکەی دەردێنێت و دەڵێ: وەیش کە جوانیت ماڵەکەم تریفە گیان لەم وێنەیەدا، خۆزگە من تۆم "دە" ساڵ بەرلەئێستا دەناسی.
تریفە دەستەکانی وەک باوەش بۆ ئارا دەکاتەوە و لێوەکانی بۆ ماچی ئارا پێکەوە دەنێت و دەڵێ: وەرە ماچێکم بەرێ هەموو کەسم.
ئارا دەچێتە باوەشی تریفەوە و ماچێکی لێوەکانی و ناودەمی دەکات و دەڵێ: تریفە گیان سووپاس کە هەیت. ئێستا دەڕۆم، ئەگەر هەر هەواڵێکم دەستکەوت بۆ فڕیین زوو وەڵامت ئەدەمەوە. ئارا هەڵدەستێت و بەرەو ناودەرگای ئەپارتمەنەکەیان دەڕوات و پێڵاوەکانی لە پێدەکات و ماڵئاوایی لە تریفە دەکات. ئارا بە پلیکانەکانی ماڵەکەیاندا دێتەخوارەوە بۆ ناودەرگای حەوشە، لەوکاتەدا کە ئارا دەرگای حەوشە دەکاتەوە، تەماشا دەکات کوڕێکی گەنجی ڕەشتاڵەی قژ لوول لەناو حەوشەی ماڵەکەدایە، بە هاتنەدەرەوەی کتووپڕی ئارا بۆ ناوحەوشە، کوڕە ڕەشتاڵەکە ڕەنگی تێکدەچێت خۆی بە سندووقی پۆستەکانەوە خەریکدەکات. ئارا بە لایەکی چاو تەماشایەکی کوڕەکە دەکات و بەلایدا تێدەپەڕێت و دەڕواتە دەرەوە. ئارا دڵی خورپەیەک دەکات ئیدی لە چوونە دەرەوەیدا بە وریایی هەنگاو دەنێت. لەسەر گۆشەی بەرانبەری ماڵەکەیاندا ئۆتۆمبیلێکی "مێرتسیدس"ی ڕەش بەدی دەکات و سەرنجێکی خۆی بۆ دەهاوێت. لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا کەسێک لە شوێنی شۆفێر دانیشتووە و جگەرە دەکێشت، ئارا ناتوانێ دەمووچاوی بە تەواوەتیی ببینێت، بەڵام کەم تا زۆر سەرنجی خۆی بۆ دەمووچاوی ئەو شۆفێرە وەرگرتووە. ئارا بەرەو لای جێبەکەی خۆی دەڕوات و دەرگا دەکاتەوە و سەردەکەوێت. ئارا بە هێمنی و لەسەر خۆ سلفێک لێدەدات و دەڕوات. ئارا لە کاتی لێخوڕیینیدا زۆر بەسەرنجەوە تەماشای ئاوێنەکانی لاتەنیشت و دواوە دەکات تا بزانێت ئەو مێرتسیدسە ڕەشە لە دووی دێن. ئارا چەند ترافیکێک تێدەپەڕێنێت و بەدییان ناکات لەدواوە، تا لەڕێگادا لە پێش ترافیکی داهاتدا قەرەباڵغییەکی ئۆتۆمبیل دەست پێدەکات و ناچار هەموو قەمەرەکان دەبێت بە هێواشی لێبخوڕن. لەم کاتەدا ئارا لە ئاوێنەی دەستەڕاستی جێبەکەیەوە مێرتسیدسە ڕەشەکە بەدیدەکات. ئارا بێئەوەی خۆی تێکبدات هەر لە جێگەی خۆیەوە ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەیان لای خۆی دەنووسێت. پاش چەند خولەکێک ڕێگاکە دەکرێتەوە و ئەوسا ئارا کەمێک خێراتر لێدەخوڕێت، بەدەم لێخوڕیینەوە هەر چاوێکی لە ئاوێنەکانیەتی بۆ چاودێرییکردنی ئەو مێرتسیدسەی کە دوای کەوتووە. پاشان دەگاتە ئەو جێگەیەی کە خۆی مەبەستیەتی بۆی بڕوات، لە شوێنێکدا جێبەکەی ڕادەگرێت و دەڕواتە نووسینگەیەکی گەشت و گوزارەوە بۆ کڕیینی بلیتەکان بۆ ستۆکهۆڵم. ئارا سڵاو لە کارمەندانی نووسینگەکە دەکات و ئەوانیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەڵامی سڵاوی دەدەنەوە و بەخێرهاتنی دەکەن.

یەکێک لەو کارمەندانەی نووسینگەکە ژنێکی ئێسک سووکی باریکەلەی سوور و سپییە بانگی ئارا دەکات بۆ بەردەمی مێزەکەی خۆی تا داواکانی بۆ جێبەجێبکات. کارمەندەکە دەڵێ: فەرموو بەڕێز دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

ئارا سووپاسی دەکات و دەڵێ: لە ڕاستییدا ئەم بەیانییە زۆر شێتانە خۆم و هاوڕێکەم بڕیارێکی کتووپڕماندا و وتمان دەچین بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ماوەی دوو هەفتە بۆ سەردانی چەند هاوڕێیەکامان. جا نازنم لای بەڕێزتان نزیکترین کاتی فڕیین بۆ ستۆکهۆڵم کەیە؟

ژنە کارمەندەکە بزەیەک بۆ ئارا دەکات و دەڵێ: زۆرپینەی جار ئەو شتانەی کە مرۆڤ بێ پلان بۆ دانان دەست بە کردنی دەکات سەرکەوتووتر و ئاسانترە وەک لەوەی پلانی بۆ بکەیت. بەتایبەت لە گەشتکردندا.

ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: بەڵێ دروستە من بەشبەحاڵی خۆم بیرم نادێت کە پلانم بۆ گەشتێک کردبێت، هاتنم بۆ وڵاتی ئەڵمانیا و ژیانیشم لێرە هەر کتووپڕ و ڕێکەوت بووە. بۆیە من ئەو مرۆڤەم کە خۆم داوەتە دەستی ڕێکەوت.

ژنە کارمەندەکە پێدەکەنێت و دەڵێ: لەو باوەڕەدام چارەنووسی ڕێکەوتی ژیانت هەتا ئێستا باش هاتۆتە پێشەوە لەبەرئەوە بەردەوامبە لەسەر کاری ڕێکەوت دڵنییام بەختەوەرت دەکات.

ئارا سووپاسی کارمەندە ژنەکە دەکات و دەڵێ: هەتا ئێستا بەم شێوەیە ژییان ڕۆیشتووە وەک پێمگوتیت من ئەو مرۆڤەم کە خۆم داوەتە دەستی ڕێکەوت.

ژنەکە سەرێک ئەلەقێنێت و دەڵێ: هم، دیسان ڕێکەوت بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێر 10:15 خولەکفڕیین هەیە بۆ ستۆکهۆڵم. ئەتەوێت بفڕیت؟

ئارا بزەیەک دێتە سەرلێوانی و دەڵێ: بێگوومان دەمەوێت بفڕم، بەڵام بە تەنها نا.

کارمەندە ژنەکە دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: باشە خەمبارمەبە ئێستا جێگایەک بۆ هاوڕێکەشت دەدۆزمەوە و هەردووکتان لە تەنیشت یەکەوە دادەنێم. بەڵام ئێستا پێویستم بە پاسپۆرتەکانی هەردووکتانە بەهیوام پێت بێت.

ئارا دەڵێ: بێگوومان پێمە، دەستدەکات بە گیرفانی چاکەتەکەیدا و هەردوو پاسپۆرتەکەی خۆی و تریفە دەدات بە ژنەکە.

ئارا بە خۆشحاڵییەکەوە بزەیەک پێشکەشی ژنە کارمەندەکە دەکات و دەڵێ: بەڕێزتان زۆر میهرەبانن. ژنەکارمەندەکەخەریکی ڕێکخستنی بلیتەکانی ئارا دەبێت و لەسەر مێزەکەی وێنەیەک دانراوە، وێنەکە ڕەش و سپییە، وێنەی ژنێکی بە تەمەنە لەژێر درەختێکی گەورەدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە و دەستی خستۆتە ژێر چەنەی خۆی و لە قوڵایی بیرکردنەوەدایە. لە ژێرەوەی وێنەکە بە بچووکی نووسراوە: بیرکردنەوە قسەکردنە لەگەڵ خودی مرۆڤ خۆیدا. ئەم وێنەو ڕستەیە زۆر سەرنجی ئارا ڕادەکێشت بۆیە داوا لە کارمەندە ژنەکە دەکات کە پارچە لاپەڕەیەک و پێنووسێکی بداتێ.

ژنەکە بە خۆشییەوە پارچە کاغەزێک و پێنووسێک ئەدات بە ئارا و دەڵێ: فەرموو بەڕێزم.

ئارا سووپاسی دەکات و دەست دەکات بە نووسینەوەی ئەو ڕستەیەی ژێر وێنەکە و بە

ژنەکە دەڵێ: خانمی بەڕێز وێنەیەکی بەنرخت لەسەر مێزەکەی جێکردۆتەوە، ئەم ڕستەیە منی هەژاند بۆیە بۆ ئەوەی ئەم وتە گەوهەرە لەبیرنەکەم لای خۆم نووسیمەوە.
ژنەکارمەندەکە دیسان دەڵێ: باشە بەڕێزم ئەوە دوو جێگەم بۆ ئامادەکردن لەتەنیشت یەکەوە، بەیانیی کاتژمێر 10:15خولەک دەردەچن و کاتژمێر 14:25 خولەک لە فڕۆکەخانەی "ئارلاندا" لە ستۆکهۆڵم دادەبەزن.
ئارا گەلێک سوپاسی کارمەندە ژنەکە دەکات و دەڵێ: زۆر باشە بەڕێزم، پارەی هەردوو بلیتەکە چەند دەکات؟
ژنەکە دەڵێ: هم، ڕاوەستە با تەمەشایەک بکەمەوە و لەگەڵ باجەکەدا کۆیان بکەمەوە. پاش کەمێک چاوەڕوانیی ژنەکە دەڵێ: بەڕزێم هەردوو بلیتەکە دەکاتە 724.86 مارک.
ئارا دەڵێ: باشە بەڕێز دەتوانم بە کارت پارەکە بدەم؟
ژنە کارمەندەکە خەندەیەک دەکات و دەڵێ: بێگوومان دەتوانیت بەڕێزم.
ئارا کارتەکەی ئەداتە دەست ژنەکە و پارەکەی ئەدات. ژنەکەش بلیتەکانی بۆ دەکاتە ناو زەرفێکی بچکۆلانەوە و هیوای گەشتێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت لە شاری ستۆکهۆڵم. ئارا تەوقە لەگەڵ ژنە کارمەندەکە دەکات و ماڵئاوایی دەکات لێیان. بە دڵێکی خۆش و بەختەوەرییەوە نووسینگەکە بەجێدەهێڵێت و لەبەردەمی نووسینگەکەوە تەلەفوونە دەستییەکەی دەردێنێت و تەلەفوون بۆ تریفە دەکات، خەتەکەی ماڵەوە خەریکە، ئارا دەڵێ: هم، باوەڕناکەم بە یەک کاتژمێری تریش تریفەم دەستبکەوێت ئێستا قسە لەگەڵ شیلان دەکات، دڵنیام هەرچی شەش مانگ لەمەوبەر ڕوویداوە دەیگێڕنەوە. ئەمجارەیان تەلەفوون بۆ دەستییەکەی تریفە دەکات و پاش یەک دوو زەنگ، تریفە دەڵێ: ها، ئارا گیان ماڵەکەم شێریت یان ڕێویی؟
ئارا دەڵێ؛ من هەر شێر بووم گوڵە گیان، بەیانیی کاتژمێر دەونیوو دەفڕیین.

تریفە لە خۆشیدا هاوارێک دەکات و دەڵێ: ئۆخەی ئۆخەی ئۆخەی، هەر لە پاڵ ئەم قسانەدا تریفە تەلەفوونەکەی ماڵەوە هەڵدەگرێت و دەڵێ: شیلان گیان ئەوە بەیانیی کاتژمێر دەونیوو دەفڕین. تریفە دیسان لەگەڵ ئارا قسە دەکاتەوە و دەڵێ: ببوورە ئارا گیان ئەوە لەگەڵ شیلانیش قسەدەکەم.
ئارا دەڵێ: دەزانم ماڵەکەم پێشتر تەلەفوونم بۆ ماڵەوە کرد خەتەکەت خەریکبوو، هەر زانیم لەگەڵ شیلان قسە دەکەیت، تکایە سڵاوی منی پێبگەیەنە، وە بڵێ بەیانی کاتژمێر چواردە و بیست و پێنج خولەک لە فڕۆکەخانەی "ئارلاندا" دەنیشینەوە.
تریفە دەڵێ: دەیباشە ماڵەکەم با زۆر لەسەرت نەکەوێت زوو وەرەوە ماڵەکەم باشە.
ئارا دەڵێ: باشە گیانە هیچت پێویست نییە بۆتبکرم؟
تریفە دەڵێ: نەخێر ماڵەکەم، بەڵام ئەگەر هەندێ دیاریی بۆ شیلان و منداڵەکانی بکڕیت شتێکی خراپ نییە.
ئارا دەڵێ: نا خەمت نەبێت نیازمە دیارییەکیش بۆ سروودیش بکڕم.

تریفه دەڵێ: باشه ئارا گیان ئەوه شیلان حەیای بردم ئەڵێ: لەتاو ئارا هۆشت لای من نەماوه، دەست دەکات به قاقای پێکەنین.
ئارا دەڵێ: له دەوری ئەو قاقایەت گەڕێم، جارێ لای تۆم خۆش.
ئارا ڕووی ناوبازاڕ دەگرێتەبەر و بیردەکاتەوه چی بکڕێت بۆ دیاریی جوانبێت بۆ هاوڕێکانی. دەچێته ناوقەرەباڵغییەکەی بەردەمی ترافیکەکەوه بۆ پەڕینەوه، لەم کاتەدا ئەو کوره ڕەشتاڵەیەی له حەوشەکەی ماڵی ئارادا بوو، خۆیدەکات به نووسینگەی گەشت و گوزارەکەدا و به شلەژاویی سڵاوێک دەکات و دەڵێ: ببوورن بەڕێزان ئامۆزاکەم بڕیاربوو بێته ئێره بۆ لای ئێوه چاوەڕوانی من بکات، کوڕێکی باڵا بەرزی قژ ڕەشی باریکەله بوو. ئایا کەس بەم شێوەیه لاتان بووه؟
ئەو ژنه کارمەندەی بلیتەکانی بۆ ئارا ئامادەکرد دەڵێ: بەڵێ بەڕێزم کەسێک بەم شێوەیه لێره بوو به ناوی ئاراوه.
کوره ڕەشتاڵەکه دەڕوات بەرەولای ژنەکه و دەڵێ: ئەها، خۆیەتی سووپاس بۆ خوا. ئەی لەسەر چی ڕێکەوت؟
ژنەکه به بزەیەکەوه دەڵێ: خۆت ئەزانی ئارا هەمیشه خۆیداوەته دەستی ڕێکەوت، بۆیه هەر بەڕێکەوت بەیانیی کاتژمێر دەوچارەک دەفڕێت بۆ ستۆکهۆڵم لەگەڵ هاوڕێکەی بۆ ماوەی دوو هەفته.
کوره ڕەشتاڵەکه دەڵێ: باشه بەڕێزم زۆر سووپاس بۆ زانیارییەکانت. کوره به پرتاو له نووسینگەکه دێتەدەرەوه و بەرەولای ئۆتۆمبیلەکەی دەڕوات. به شۆفێرەکه دەڵێ: بەیانیی دەڕۆن دەچن بۆ سوێدن بۆ ستۆکهۆڵم، دەست دەکات به گیرفانیدا و تەلەفوونه دەستییەکەی دەردێنێت و دەڵێ: سڵاو بەڕێزم، بەیانیی ئارا و تریفه دەڕۆن بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ماوەی دوو هەفته.
ئەو کەسەی که کوره ڕەشتاڵەکه قسەی لەگەڵ دەکات، پیاوێکی کەچەڵی باڵا مامناوەندییه لەسەر کورسییەکی گەوره له هۆڵێکدا دانیشتووه و قورئانێک له کۆشیدایه و دەڵێ: زۆر باشه کەواته ئێوه سبەی شەو بچنه ماڵەکەیانەوه، به پشووی خۆتان بەدوای ئەو نامەیەدا بگەڕێن که من به دەستوخەتی خۆم بۆ تریفەم ناردووه. ئەو نامەیه بگاته دادگا لەسەر من ئەکەوێت و تریفه دەتوانێت بەو نامەیه تاوانبارم بکات. چونکه من هەڕەشەی کوشتنم لێکردووه. له دادگای پێشوودا نەیتوانی بیسەلمێنێت که کەسێکم ناردۆته سەری بیکوژێت، چونکه بەڵگەی بەدەستەوه نەبوو، بەڵام ئەمەیان هەڵەی من بوو که به نامه بۆم نووسی بەخەتی خۆم و به ئیمزای خۆمەوه. بۆیه دەبێت به هەرچی نرخێک بێت ئەو نامەیه بگاتەوه دەستی من.
کوره ڕەشتاڵەکه به دڵنیاییەوه دەڵێ: بێگوومانبه بەڕێزم هەر سبەی شەو ئەم کاره ئەنجام ئەدەین. جارێ لای ئێوەم خۆش، له هەواڵی تازه ئاگادارتان دەکەمەوه هەرچییەک ڕوودات.
کابرا تەلەفوونەکه دادەخاتەوه هەناسەیەکی درێژ هەڵدەمژێت و لەبەر خۆیەوه دەڵێ: وقاتلهم حتى لاتكون فتنته وقد يكون الدين الله.

لەم کاتەدا تریفە خەریکی جانتا و کەلوپەل کۆکردنەوەیە بە دڵێکی خۆشەوە گۆرانی دەچڕێت و بۆ ژییان پێدەکەنێت زەنگی تەلەفوونەکەی دیسانەوە لێدەداتەوە کە تەماشای شاشەی تەلەفوونەکەی دەکات ناوی ئارای لەسەرە، تەلەفوونەکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: ها ئارا گیان ماڵەکەم چییە؟

ئارا دەڵێ: تریفە گیان ئەوە من تەواوبووم لە کڕینی ئەو شتانەی کە پێویستمبوو، نازانم تۆ هیچ شتێکت هەیە زیادە بۆت بکڕم؟

تریفە دەڵێ: نا ئارا گیان هیچم گەرەک نییە تەنها خۆشیی خۆت نەبێت،

ئارا دەڵێ: باشە ماڵەکەم کەواتە خۆت ئامادەبکە من کەمێکی دی دێمەوە هەڵتدەگرم ئەچین بۆ نانخواردن. ئیمڕۆ من بانگت دەکەم بۆ خواردنی کەباب.

تریفە دەڵێ: واو ئارا گیان ئەوە بۆ ئەوەندە شیرینیت؟ جا خۆ ڕۆژێک دێت ئەتخۆم لە خۆشیاندا.

ئارا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ئەگەر بە خەنجەر پارە پارەم بکەیت لەسەر ڕێم دابنێیت، دەست لە تۆ هەڵناگرم، من تۆم لە خەڵکی چاکتری.

تریفە ماڵئاوایی لە ئارا دەکات و تەلەفوونەکە دادەخاتەوە. پاشان دەستدەکات بە کۆکردنەوەی کەلوپەلی گەشتەکەیان و لەنێوەندی دوو جانتای گەورەیان دەنێت. تریفە فرە خۆشحاڵە بەم گەشتە لە ناکاوەیان بۆ وڵاتی سوێدن، بەتایبەت دیدەنییکردنی شیلان بۆ تریفە مانایەکی تازە دەبەخشێت بە ژییانی داهاتی تریفە. هەرچەندە هێشتا تریفە و شیلان و ئارا یەکتریان نەدیووە بەڵام پێیان وایە هاوڕێی گیانیی و منداڵیی یەکترن. هاوڕێیەتی تریفە و شیلان و ئارا تەنها لە ڕێگەی تەلەفوون و ئیمایلەوەیە. بۆیە بۆ تریفە گەلێک گرنگی بە سەردانەکەیان بۆ ستۆکهۆڵم ئەدات. تریفە لەگەڵ ئەوەی خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلی گەشتەکەیان و ڕێکخستنی ماڵە هەمانکات هۆشی لە شوێنێکیترە و سەرقاڵی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەک کە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵیدا دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام پرسیار لە خۆیدەکات و دەڵێ: ئاخۆ بشێ ڕۆژێک دابێت منیش وەک مرۆڤێک وەک ژنێکی خاوەن ماف و خاوەن بڕیار و خاوەن ئازادیی بم ، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمبدەم و بە جگەرگۆشەکانم شادبمەوە؟ دوور لە تیرۆر دوور لە هەڕەشەی کووشتن و بڕیین؟ تریفە بە درێژایی شەش دانە ساڵی ڕەبەقە هەوڵی ئازادکردنی مێژووی خۆی ئەدات، ئازادکردنی مێژووی تریفە ئازادکردنی خودی تریفە خۆیەتی. شووکردنی تریفە لە هەڕەتی هەرزەییدا شووکردنێکی بەسەردا چەسپاو بووە لەلایەن باوک و مامەوە. دوای چەندانە مانگێک تریفە لای ئاشکرا دەبێت کە ژییان لەگەڵ ئەم پیاوەدا جگە لە کۆیلەیەتیی و سووکایەتییپێکردن هیچی دیکەی تر نییە. هاتنەدەرەوەی تریفە بۆ دەرەوەی وڵات لە سەردەمانی حیزبی بەعسدا بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر بوو لە بواری ئابووریی و بەڕێوەبردندا. بەڵام شووکردنی لە دەرەوەی وڵات لە ژێر فشاری باوک و مامیدا هیواکانیان بە ساوایی کووشت. چونکە دوای شووکردنی مێردەکەی خوێندنی لێقەدەغەکرد و کردیە ژنی ماڵەوە بۆ بەجێهێنانی کارەکانی خزمەتگوزاریی پیاو. تریفەیەکی فریشتەئاسا و پەریی

ئاسا جوان، بووە نەورەسێکی بەندی قەفەزی حەزەکانی پیاو و باڵی هەڵفڕینیان بە گۆشتەوە قرتاند. لەورۆژەوە تریفە فڕینی بیرچۆتەوە و بەدوای شاباڵەکانی خۆیدا وێڵە. تریفە هەردوای دوو مانگی یەکەم داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات، بەڵام مێردەکەی بەوپەڕی دڕندەییەوە بەرپەچی تریفە ئەداتەوە و داواکەی بەجێناگەیەنێت. مێردەکەی کە شەهابی ناوە، بە ڕەگەز کوردە و بەڵام زمانی کوردیی نازانێت و بە زمانی عەرەبیی لەگەڵ تریفە ئەدوێت. ڕۆژێک شەهاب بەوپەڕی تووڕەییەوە هەتا هێزی تێدابێت پێلەقەیەک لەسەر سنگی تریفە ئەدات و ئەیدات بەزەوییدا، کە ئەم لێدانەی ئەبێتە هۆی شکانی دوو پەراسووی تریفە، پاشان پێڵاوەکانی لەسەرسنگی تریفە دائەنێت و ئەڵێ: جیابوونەوەی تۆ لە من تەنها بە مردنتە. ئەوسا شەهاب، تریفە بەشکستی بەجێدێڵێت و دەرگایماڵەکە بە توندی پێوەئەدات و ئەچێتەدەرەوە. لەکاتی دەنگ بەرزکردنەوەی شەهابدا بەسەر تریفەدا ماڵێکی دراوسێیان کە بەرانبەریانە گوێیان لە هاوار هاوار و کروزی تریفە ئەبێت. دراوسێکەی ماڵی تریفە ژن و مێردێکی ئیسپانیین، لە کوونی دەرگاکەوە سەرنجی ماڵی تریفە ئەدەن، چاویان لە شەهاب ئەبێت کە ماڵ بەجێدەهێڵێت ڕاستەوخۆ دێنەدەرەوە لە دەرگای ماڵی تریفە ئەدەن بۆ بە تەنگەوە هاتنی بەڵام تریفە لەسەر زەوییەکە کەوتووە و لەتاو ئازار لەهۆش خۆیچووە. پاش ماوەیەک چاوەڕێکردن خێزانە ئیسپانیییەکە تەلەفوون دەکەن بۆ پۆلیس بۆ بە تەنگەوە هاتنی تریفە. پاش چەند خولەکێک پۆلیس دێت و دەرگای ماڵی تریفە دەشکێنن و دەچنەژوورەوە، کە دەبینن تریفە لەناو هۆڵەکەدا لە هۆش خۆیچووە، بە پەلە ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن بانگدەکەن بۆ تریفە و دەیگەیەننە خەستەخانە. تریفە دوو هەفتە لە خەستەخانە دەمێنێتەوە و پەراسووەکانی لە گەچدەگرن. پاشان پۆلیس ڕووداوەکە لای خۆیان تۆمار دەکەن بە شایەتی ماڵە دراوسێکەی تریفە. پاش چەند ڕۆژێک نامەی لێپرسینەوە لە دادگاوەدەنێرن بۆ شەهابی مێردی. بەڵام شەهاب بەردەوام لە دادگاکانیدا گرەوی خۆی دەبردەوە بەوەی دوو پارێزەری هەبوو کە لە هەموو باورووەدۆخە ناهەموارەکاندا شەهابیان دەردەهێنا و ئەویش پارەیەکی باشی پێدەدان. بەڵام قوڕ بەسەرییەک تەنها بۆ تریفە مابۆوە چونکە نە پارێزەری هەبوو نە کەسێکی دڵسۆز کە پشتگیری لێبکات. تەنانەت باوکیشی پشتگیری شەهابی دەکرد، بەردەوام بە تریفەی دەگووت کچی سەگ ئەگەر ژنێک ژن بێت بۆچی مێردەکەی لێیدەدات؟ دیارە تۆ ژن نیت ژانیت بۆیە شەهاب لێتدەدات. دانیشە و بە ژێریی لە ماڵی خۆتدا داسەکنە. تریفە ناچار هانای بۆ مامی دەبرد دەچووە لای بۆ ماڵەوە و چەندیین ڕۆژ لای مامی دەمایەوە تاوەکوو ڕازیبکات کە واز لەو مێردەی بهێنێت و جیابێتەوە لێی. بەڵام پاش چەند ڕۆژێک بە بێ هیوایی دەگەڕایەوە بۆ لای مێردەکەی،.ئەویش هێندەی تر ئازاری تریفەی ئەدا و سووکایەتی بەرانبەر دەکرد، چونکە دەیزانی کەسێک نییە کە پشتگیریی لێبکات، ئەمیش لەسەر دەستوورەکانی ئایەتی مانگا "بقرە" ڕەفتاری لەگەڵ تریفەدا ئەکرد و بەویستی خۆی وەک کێڵگەیەک تریفەی دەکێڵا بە لێدان و بە پەراسووشکاندن و سووکایەتی و دەست بۆ بردنی زۆرەملێیی ڕەگەزبازیی. بەم شێوەیە ساڵانێکی پڕ ناخۆشی بەسەر ژییانی زۆرەملێیی تریفەدا تێپەڕی و تریفە دوو کوڕی

له شەهاب بوو، بەردەوام وەک دەزگایەکی پاککەرەوە و ڕەگەزبازیی و منداڵ دروستکردن بەکار هات. هەتا ڕۆژێک تریفە کە دەزانێت سکی بە منداڵی سێهەم پڕە بە دزیی شەهابەوە دەچێتە لای دکتۆر و منداڵەکەی لەبارخۆیدەبات. پاشان کە شەهاب بەم کارە دەزانێت چینێکی باش لە تریفە ئەدات بەشێوەیەک هێندەی نامێنێت تریفە لەژێر دەستی شەهابدا بمرێت. دوابەدوای ئەوە تریفە دەچێتە ماڵی مامی بۆ سکاڵاکردن هەتا لەدەست زۆرداریی ئەو پیاوە ڕزگاری ببێت بەڵام چاری ناچارە و هەردەینێرنەوە لای مێردەکەی. پاش چەند مانگێک دیسان لە شەڕ و شۆڕێکی تردا کە شەهاب بە تاوەیەکی پان و گەورە ئەکێشێت بەسەری تریفەدا، تریفە لە دەستی ڕادەکات و لەناو هۆڵی نهۆمەکەدا هاواری یارمەتیی دەکات و ماڵە دراوسێکەیان دەرگا دەکاتەوە و دێت بە هانای تریفەوە. لەم کاتەدا تریفە تەواو تەواو شکست و ماندوو بووە بە شەهاب ئەڵێ: دەبێت هەر ئێستا جیابیتەوە لێم یان ئەوەتا بانگی پۆلیس دەکەم، شەهابیش دەڵێ: برۆ کچی سەگ سێ بە سێ تەڵاقت کەوتبێت قەحبەیەکی وەک تۆ لە ئێستاوە ژنی من نییە، تریفە بەم قسانە گەلێک دڵشاد دەبێت. پاشان لەگەڵ ژنی ماڵە دراوسێکەیاندا دەچنە ژوورەوە و تەلەفوون بۆ مامی دەکات و دەڵێ: مامە من تەڵاقدراوم لەم کاتەوە تکایە ئاگاداربە دەبێت ئەو پیاوە مافی جیابوونەوەی خۆمم بداتێ، یەکەم منداڵەکانم دووهەم خانووەکەم بۆ چۆڵبکات و مانگانەش خەرجی منداڵەکان بخاتە سەرکۆنتۆکەم. پاشان بەهیچ شێوەیەک بۆ نییە سەربکات بە ماڵمدا.

ئیدی لەوکاتەوە ژییانی تریفە ڕەوتێکی تری بەخۆوە گرت، لەوکاتەوە تریفە بەردەوام لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامیدا بۆ تەواو ئازادکردنی ژییانی تایبەتی خۆی وەک مرۆیەک وەک تاکێکی کۆمەڵ بتوانێت خۆی بڕیار لەسەر ژییانی خۆیبدات. بەبێ جیاوازیی ڕەگەزایەتیی. بەبێ ئەوەی بەردەوام بەچاوێکی بەزەیییەوە تەماشا بکرێت کە ژنە یاخود بەزمانی کۆمەڵی کوردەواریی "زەعیفە"یە، کە بەردەوام ڕقی لەم وشەیە دەبۆوە. ئەو دەیویست مافەکانی خۆی بەو شێوەیە بەدەست بهێنێت کە خۆی بڕیاری لەسەر ئەدات نەگ لەلایەن باوکی و برا و مامەکانیەوە بۆی دەستنیشانکرابوون. بەردەوام کۆششی لەپێناوی ڕووخاندنی ئەو یاسا کۆنەپەرستیانەدا بوو کە لەناو عەشایەرەکەیاندا بە بەردەوامیی وەک میرات بۆیان مابۆوە. ئەویش جیاوازیی کۆمەڵایەتیی بوو لەسەر بنچینەکانی جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێ. ئەمەش یەکێک بوو لەو کارانەی کە هەمیشە خانەکانی بیرکردنەوەی تریفەیان شێتگیردەکرد. جیابوونەوەی تریفە لە مێردەکەی بووە یەکەمیین هەنگاو لە پرۆسێسی ئازادیی تاکە کەسیی تریفە لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کورددا.

لە ناکاودا لە دەرگادەدرێت و زڕەی کلیلەکانی ئارا دێتە بەرگوێی تریفە، بەمشێوەیە تریفە لە هەوارگەی بیرکردنەوەیدا دێتە دەرێ و بەرەوڕووی دەرگاکە ڕادەکات و پێش ئەوەی ئارا دەرگاکە بکاتەوە، تریفە دەرگاکە دەکاتەوە و باوەشێکی توند و گەرم دەکات بە ئارادا و توند ئەینووسێنێت بەخۆیەوە. تریفە دەنگی لێدانی دڵی و گڕەی هەناسەدانی ئارا سەرسام دەکات و ئەیحەپەسێنێت. ئارا دەڵێ: تریفە گیان ئەزییزم خۆ هەر هێندەی دوو کاتژمێرە من تۆم بەجێهێشتووە بۆ ئەوەندە تامەزرۆم بوویت و هۆگرم بوویت؟

تریفە هیچ کاردانەوەی نابێت و بەردەوام خۆی نووساندووە بە ئاراوە. لەم کاتەدا دراوسێکەی ماڵی ئارا و تریفە دێتە دەرەوە، کە کوڕێکی باڵا بەرزی باریکەلەی هۆڵەندییە و ناوی "ڕۆلاند"ە، ڕۆژ باش لە ئارا و تریفەدەکات و دەڵێ: خۆشەویستیی ئەبێت ئاوها جوان بێت.

ئارا و تریفەدەست دەکەن بە پێکەنین و دەڵێن: سووپاس ڕۆلاند.

ئارا تەماشایەکی ڕۆلاند دەکات و دەڵێ: ئێمە بەیانیی کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانیی ئەفڕیین بۆ سوێدن، تکایە بەپێی توانا و لەوێبوونت چاوێکت لە ماڵەکەمان بێت.

ڕۆلاند دەڵێ: بێگوومان چاوم لێدەبێت، بەهیوام کاتێکی خۆشتان هەبێت لە سوێدن، کەواتە سەیر نییە کە تریفە وا بە دڵەوە لەباوەشی گرتوویت لە ناودەرگاکەدا.

ئارا و تریفە دیسان دەستدەکەنەوە بە قاقای پێکەنین و تریفە دەڵێ: دڵنیابە ڕۆلاند وایە جا چۆن لەخۆشیاندا تێر تێر نەیگووشم بەخۆمەوە.

ڕۆلاند دەڵێ: کەواتە من کاری گرنگم هەیە دەبێت بڕۆم، بەڵام ئاگاتان لەخۆتان بێت و کاتێکی خۆش بەرنەسەر لە سوێدن، دڵنیابن ژییان شایەنی خۆشییە نەگ خەم و مەراق.

تریفە و ئارا ماڵئاوایی لە ڕۆلاند ئەکەن و دێنەژوورە، دەرگاکە لەسەرخۆیان دادەخەن و ئارا دەڵێ: تریفە گیان خۆت بگۆڕە بابچینە دەرەوە من بانگت دەکەم بۆ نانخواردن، حەز دەکەم ئەم دوانیوەڕۆیە لە دەرەوە بەسەربەرین بۆخۆمان باشە ماڵەکەم.

تریفە دەڵێ: سووپاس ئارا گیان کەسەکەم، من هەموو شتێکم ئامادەکردووە و ماڵەکەشم پاککردۆتەوە هەرئەوەندەمان ماوە بڕۆین، هەرئێستا خۆم دەگۆڕم و ئەڕۆین. ئارا گیان حەز دەکەیت چی لەبەربکەم ماڵەکەم؟

ئارا دەڵێ: تریفە گیان هەرچییەک خۆت بەدڵت بێت پێم جوانە. دڵنیابە هێند جوانیت بە هەموو جۆرە بەرگێکەوە ئاڵ و واڵیت.

تریفە دێتە بەردەمی ئارا و ماچێکی دەکات و دەڵێ: سووپاس کە هەیت.

پاش چەند خولەکێک چاوەڕوانیی، تریفە لە خۆگۆڕیینی تەواو دەبێت و بە ئارا دەڵێ: ماڵەکەم من تەواو بووم دەتوانین بڕۆین.

ئارا خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێ: تریفە گیان هێندە جوانیت دەڵێی گوڵێکی گەشاوەی بەهاریت.

تریفە سووپاسی پێدا هەڵدانە ناسکەکەی ئارا دەکات و دەڵێ: منیش دەزانم چ کوڕێکی هەست ناسک و دڵ گەورەم هەڵبژاردووە، هەتا ئەوم هەبێت منیش جوانتر و جوانتر دەبم.

هەردووکیان بە جووتە دەڕۆن بەرەو ناو دەرگاکە و ئارا دەرگاکە بۆ تریفە دەکاتەوە هەتا پێش بکەوێت. کاتێک ئارا دەست بە کیلونی دەرگاکەوە دەگرێت،تەماشای دەکات و دەڵێ: تریفە گیان دڵم بەم دەرگایە خۆش نییە و زۆر دەترسم ڕۆژێک ئاسان بێنە ژوورەوە لە کاتێکدا ئێمە لێرە نین کارێکمان لێبەسەر بهێنن.

تریفە دەڵێ: ئارا گیان تازە ئیمرۆ فریای هیچ ناکەویت، بەڵام پێم باشە کە هاتینەوە هەر دەرگاکە هەمووی بگۆڕیین.

ئارا سەرێک ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: مەگەر هەر وا بکەین دەنا ئەم دەرگایە بەشی

چاککردنەوەی تێدا نەماوە. باشە ئەم چەند ڕۆژە ڕۆلاندیش ئاگای لە ماڵەکەمان دەبێت. ئێستا با بڕۆین ماڵەکەم. بە پلیکانەکاندا دەڕۆنە خوارەوە و ئارا جێبەکەی لە بەردەمی دەرگادا ڕاگرتووە، تریفە بزەیەک ئەیگرێت و دەڵێ: ئۆخەی جارێک پارکمان لە بەردەمی ماڵەکەماندا دەستکەوتووە.

ئارا دەڵێ: تریفە گیان تۆ لێبخورە من ئارەزووم نییە.

تریفە ماچێک بۆ ئارا هەڵ ئەدات و دەڵێ: ئاخر ئەگەر من لێبخورم هەتا ستۆکهۆلم ناوەستم.

ئارا دەڵێ: نا نا تریفە گیان بۆ ستۆکهۆلم ماندووت ناکەم ئەفڕیین و بە چەند کاتژمێرێک دەگەین.

تریفە دەچێتە ناو جێبەکەوە و سلفێک لێدەدات و دەست بە لێخورین دەکات. لە بەردەمی ترافیکی یەکەمدا خاتوو کراگی دراوسێیان بە ڕێکەوت تێدەپەڕێت و بە تریفە دەڵێ: خاتوو تریفە ئیمڕۆ وەک گوڵێکی گەشاوە وایت سلاوت لێ بێت. تریفە سەرێک بۆ خاتوو کراگ دەردێنێت و دەستێکی بۆ هەڵ ئەبرێت و ڕۆژ باش لە خاتوو کراگ دەکات و دەڵێ: سووپاس خاتوو کراگ تۆش هەمانشێوە. لە دوای ماوەی پێنج خولەکێک لێخوڕیین تریفە دەگاتە بەردەمی چێشخانەی ئازادیی و لە سەر گۆشەیەکی چێشتخانەکەدا پارکێک دەکات و دادەبەزن. ئارا دەستی تریفە دەگرێت و هەردوو بە جووت هێندە جوانن هەر کەسێک بە لایاندا تێبپەڕێت نیگایەکیان دەکات و خەندەیەکیان پێدەبەخشێت. ئارا و تریفە دەچنە چێشتخانەکەوە و سلاو دەکەن و لە پشتەوەی هۆڵی دانیشتنەکەدا دەچنە سەر مێزێک و دادەنیشن. پاش کەمێک یەکێک لە کارمەندەکانی چێشتخانەکە دێتە لایان و بەخێرهاتنێکی گەرمیان دەکات و کارتی خواردنەکانی ڕۆژانەیان بۆ دەهێنێت. تریفە تەماشایەکی کارمەندەکە دەکات و دەڵێ: سووپاس بەڕێزم ئەگەر دەکرێت دوو ماستاوی گەورەمان بۆ بهێنیت بۆ خواردنیش من پێویستم بە کارتەکە نییە، تکایە دوو شیش کەباب و زەلاتەیەک بۆ من بهێنە.

ئارا تەماشایەکی کارمەندەکە دەکات و سلاوی خۆی پێدەگەیەنێت و دەڵێ: بەڕێزم منیش هەمانشێوە پێویستم بە کارتەکە نابێت. بۆ من پیزایەکی مام ناوەندیی بە شامپیۆن لەگەڵ زەلاتەیەکی بچکۆلانەدا.

کارمەندەکە کارتەکان لە دەستی ئارا و تریفە وەردەگرێتەوە و دەڵێ: باشە بەڕێزان بە چاوان خواردنەکانتان ماوەی "دە" خولەکی پێدەچێت بە هیوام ئارامتان هەبێت.

تریفە دەڵێ: باشە بەڕێزم ئاساییە.

ئارا ڕوو دەکاتە تریفە و دەڵێ: تریفە گیان سووپاس بۆ ئەوەی، کە هەوڵی ئارامکردنەوەم ئەدەیت. بەڕاستی ئەم بیرکردنەوەیەت بە ڕۆیشتنمان بۆ ستۆکهۆلم لە جێگەی خۆیدا بوو. من زۆر خۆشحاڵ دەبم دڵنیام لەوەی کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین.

تریفە دەست دەخاتە ناو دەستی ئاراوە و دەڵێ: ماڵەکەم دڵیشم بۆ تۆیە، وەک چۆن تۆ لە ناخۆشییەکانمدا هاوکارمیت، منیش بە ئەرکی خۆمی دەزانم لە ناخۆشییەکاندا بەشدار بم. خۆشی تۆ هی منە و ناخۆشیشت هەر هی منە.

کارمەندەکە دەگەڕێتەوە دوو ماستاوی گەورەی بۆ ئارا و تریفە هێناوە و لەگەڵ چەقۆ و چەتاڵ و دوو زەڵاتە و زەمیلەیەکی بچکۆلانە نانی کوردیی و مۆمێکیشیان لە ناوەڕاستی مێزەکەدا بۆ دادەگیرسێنێت.
ئارا دەڵێ: تریفە دەزانی هەفتەی ڕابوورد لە یەکێ لە لاپەڕە کوردییەکاندا هۆنراوەیەکی قوبادی جەلی زادەم خوێندەوە بە ناوی " دەریا"وە، بەڕاستی ئەو پیاوە زۆر ناسکە زۆر ڕۆمانسییە و زۆر سێکسییە؟
تریفە دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: بە خوا وایە خۆ من ڕووم نایە هەندێ جار هۆنراوەکانی بخوێنمەوە. خۆ سڵ لە هیچ وشەیەک ناکاتەوە، شتێک نییە پەیوەندی بە ڕۆمانس و دڵداریی و سێکسەوە هەبێت باسی نەکردبێت. دەزانی لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی " مێژوو" دەڵێ: گەل مێژووی خۆی بە شۆڕش دەنووسێتەوە، شاعیر بە خەون، ڕووبار بە گوڵ، شەونم بە فرمێسک، پەروانە بە ئاگر، زیندان بە جەللاد، کەر بە زەڕیین، قەحبە بە گان.
ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و خۆی پێ ناگیرێتەوە لەتاو پێکەنین، هێندە پێدەکەنێت تریفەش ئەهێنێتە پێکەنین. ئارا توند دەستەکانی تریفە ئەگووشێت و ئەڵێ: کچی خوا ئەمەت لە کوێوە هێنا و لە کوێ خوێندووتەتەوە؟
تریفە بە پێکەنینەوە دەڵێ: تاقگەی دەستەخوشکم بە ئیمایل بۆی ناردم. ئەوەندە شیعرەکەم بە دڵ بوو هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا لەبەرمکرد.
ئارا دەڵێ: زۆر هۆنراوەی قوباد دەناسم بەڵام ئەم هۆنراوەیەم هەتا ئێستا درک پێ نەکردووە. بەڵام ئافەریین قوباد بە ڕاستی جوان بۆ شتەکان دەچێت.
کارمەندەکە دێتەوە لای تریفە و ئارا و خواردنەکانی بۆ هێناون و بە شێوەیەکی جوان لەسەر دوو قاپ بۆی ڕازاندوونەتەوە و دەڵێ: بە هیوام چێژێکی خۆش لە خواردنەکان وەربگرن.
تریفە و ئارا پێکەوە سووپاسی کارمەندەکە دەکەن، دەستدەکەن بە نانخواردن. ئارا بە تریفە دەڵێ: نۆشماڵەکەم، بە هیوام کەبابەکەت بە دڵ بێت.
تریفە بزەیەک ئەگرێتە ئارا و دەڵێ: سووپاس ماڵەکەم نۆشی تۆش بێت. کەبابی ئەمان زۆر جوانە و بە ڕاستی خۆشیشە، وەک ئەو کەبابەی ئەو شوێنەی تر نییە کە چووین ئەو جارە. ئەرێ ناوی چی بوو ئەو شوێنە؟
ئارا سەرێکی بۆ ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: باوەڕبکە نازانم، خۆ ناوی لەسەر نەنووسرابوو چێشتخانەکە. ئەویش بە هۆی سەلاحەوە چووین ئەو بردینی بۆ ئەوێ.
تریفە دەڵێ: ئا بەڵێ وا بوو سەلاح بردینی.
دوای ئەوەی تریفە و ئارا تێر نان دەخۆن و پشووی خۆیان ئەدەن، چێشتخانەکە بەجێدەهێڵن و دەڕۆنە دەرەوە. تریفە دەڵێ: ئارا با جێبەکە لێرەبێت حەزدەکەم بە پێ بڕۆین بۆ ناوبازاڕ و پیاسەیەک بکەین و لەوانەشە شتێک ببینم حەزی لێبکەم بیکرم.
ئارا دەڵێ: ئۆکەی بۆ نا، با بڕۆین، قۆڵ دەکەن بە قۆڵی یەکتردا و بە پیاسە بەرەو ناوبازاڕ

دەکەونە ڕێگا. تریفە لە بەردەمی جامخانەیەکی بۆندا ڕادەوەستێت و بە ئارا دەڵێ: حەز دەکەیت بچینە ژوورەوە تەماشایەک بکەین؟
ئارا خەندەیەک بە تریفە دەبەخشێت و دەڵێ: ئا با بڕۆین بۆ نا.
تریفە دەستی لە ناو دەستی ئارادایە و بەرەو لای پێشانگای بۆنەکان دەڕۆن، تریفە وەک هەموو ژنێکی تری ئەم جیهانە زۆر حەز بە بۆن و متومور و تەنتەنە و حەنحەنە دەکات. بە ئارا دەڵێ: پێمخۆشە بۆنێک لەگەڵ خۆم بۆ شیلان بەرم. دەست دەبات بۆ چەند بۆنێک و هەموویان تاقیدەکاتەوە و هیچییانی بە دڵ نابێت. هەتا لە پەسارێکدا بۆنێکی فارنهایتی بەرچاو دەکەوێت و حەزی پێدەکات و هەڵیدەگرێت. تریفە ماچێکی نەرمی لێوەکانی ئارا دەکات و دەڵێ: ماڵەکەم تۆ هیچت ناوێت؟ حەز لە بۆنی تازە دەکەیت بۆت بکڕم؟
ئارا تریفە دەنووسێنێت بە خۆیەوە و دەڵێ نا ماڵەکەم چەند بۆنێکم هەیە لە ماڵەوە. سووپاس. ورده ورده بە نەرمە پێ دەڕۆن بەرەو کاسەکە و پارەی بۆنەکەیان ئەدەن کە هەڵیانگرتووە. تریفە هەر لەسەر کاسەکە داوا دەکات کە بۆیان بپێچنەوە. ژنەکەی سەر کاسەکە بانگی کچێکی گەنجی کارمەند دەکات بۆ ئەوەی بۆنەکە بۆ تریفە بپێچێتەوە. کچە جاحێڵەکە بە خۆشحاڵییەوە دێت بەرەو پیری تریفە و بۆنەکەی لێوەردەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیانبات بۆ سەرمێزێک لەوێ لە چاوتروکانێکدا بۆنەکەیان بۆ دەپێچێتەوە و ئەیداتەوە دەستیان.
تریفە زۆر سووپاس و ستایشی خۆی بۆ کچە جاحێڵەکە دەردەبڕێت و ماڵئاوایی لێدەکات.
تریفە دەست دەکاتەوە ناودەستی ئارا و دەڕۆنە دەرەوە.
ئارا دەڵێ: تریفە گیان با بڕۆین لە کافتریاکەی سەر پردەکەی سەنتەر کافییەک بخۆینەوە.
تریفە دەستی ئارا دەگووشێت و دەڵێ: با بڕۆین کەسەکەم چیت پێ خۆشە وا دەکەین. بە جووتەبە ناوقەرەباڵغییەکەدا دەست لە ناو دەست تێدەپەڕن، هەتا دەگەنە لای کافتریاکەی سەر پردەکە، تریفە لە تەنیشت پەرژینەکەوە کە دەڕوانێتە سەر ئەو ڕووبارەی بە بەردەمی کافتریاکەدا تێدەپەڕێت مێزێک دەست نیشان دەکات و دەڵێ: ئارا گیان با لەوێیدا دابنیشین ڕوانینێکی جوانی هەیە.
ئارا دەڵێ: باشە ماڵەکەم وەرە با بڕۆینە ئەوێ. پاش دانیشتنیان لەسەر ئەو مێزە، ژنێکی کارمەندی باریکەلەی شۆخ دێتە لای مێزەکەی ئارا و تریفە و دەڵێ: ڕۆژتان باش بەڕێزان.
ئارا و تریفە بە ڕوویەکی خۆشەوە ڕۆژ باش لە خانمەکە دەکەن و تریفە دەڵێ: من دەمەوێت داوای کوپێکی گەورە میلش کافێ بکەم. پاشان ڕوو دەکاتە ئارا و دەڵێ: شۆخە گیان حەزت لێیە بۆ تۆش میلش کافییەک داوا بکەم؟
ئارا دەڵێ: بێگوومان ئەی چۆن نا گوڵە گیان.
تریفە خەندەیەک بە ژنەکە دەبەخشێت و دەڵێ: پیاوەکەشم هەر هەمان شێوە میلش کافێ داوا دەکات.
خانمە کارمەندەکە بزەیەکیان بۆ دەهاوێت و دەڵێ: هەر ئێستا بۆتان دێنم.
ئارا سەر دێنێتە پێشەوە بۆ بەر دەموچاوی تریفە و تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: گوڵە گیان

پیاوەکەت؟ پیاوەکەت؟
تریفە دەست بەپێکەنین دەکات و دەڵێ: ئەی خۆ مەگەر پیاوی من نەبیت، خۆ ژن و مێردایەتیی هەر بە مزگەوت و ئایەتی کورسی و فاتیحا و چووزانم چی نابێت. ژن و مێردایەتیی باوەڕە لە دڵی دوو کەسدا. دوو کەس یەکتریان خۆشویست و باوەڕیان بە یەک هەبوو ژن و مێردن. من یەکجار بە تەڕەماش و مەلا و ساحر شوومکرد و دۆزەخێکم بۆ خۆم نایەوە نایکەم بە دوو.
ئارا دەڵێ: دەزانی ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، مرۆڤ باوەڕی بەو جادووگەرییەی مارەکردن نییە، بە مەلا و بە تەڕەماش کەچی بە زۆر یاسایەکی کۆمەڵایەتیی ئەدرێت بە سەریدا و هیچ ڕێگای دەرباز بوونی بۆ نامێنێتەوە. من زۆرینەی جار ئێرەییم بەم ئەوروپیییانە دێت کە خۆیان لە دەرگای کەنیسە و باوەڕی ئایینیی ڕزگار کردووە. خۆ ئەگەر دوو کەس بیانەوێت پێکەوە بن ئەوا پێکەوەن و یەکتریان هەڵبژاردووە. گرنگ نییە ماوەی چەند پێکەوەن گرنگ ئەوەیە بڕیاریانداوە و بەجێیدەگەیەنن. هەیانە هەتا مردن پێکەوەن بە بێ ئەوەی هیچ شتێک لە نێوانیاندا ئیمزا کرا بێت یان دەستی ئایینیی بۆ درێژکرابێت، وە پێدەچێت لە هەموو خێزانێکی تر ئاسوودەتربن. بۆ نموونە ماڵی خاتوو شمید کە لە نهۆمی سێهەمن لە ئەپارمەنەکەی ئێمەدا. تەماشاکە کچەکەی بیست و دوو ساڵە و کوڕە گەورەکەی بیست و حەوت و کوڕە بچکۆلەکەی شانزە. نە لە لای دەوڵەت ناویان هەیە وەک ژن و مێرد نە لە کەنیسە. " سلڤیا شمید" و " ئوڤە هان" ئەوە سیی ساڵە یەکتر دەناسن و پێکەوە دەژیین منداڵیشیان هەیە و خێزانێکی بەختەوەریان بۆ خۆیان پێکهێناوە. تریفە گیان منیش لەگەڵتام ژن و مێردایەتیی باوەڕە نەگ ئیمزا و مەلا و قەشە. بەڵام هەتا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی و هۆشیاریی لەناو ئێمەی کورددا بەرپا دەبێت ئەوا سەدان ساڵی ترمان دەوێت.
خانمە کارمەندەکە دەگەڕێتەوە و دوو میلش کافێی جوانی بۆ ئارا و تریفە هێناوە، تریفە دەستدەکات بە جانتاکەیدا پێنج مارک ئەداتە خانمەکە و دەڵێ: ئەوی دەمێنێتەوە بۆ بەڕێزتە.
خانمەکە سووپاسی تریفە دەکات و دەڵێ: کاتێکی خۆشتان هەبێت لە ژن و مێردێکی گەلێک ئێسک سووک و بەخشندە دەچن ئەتوانم بپرسم خەڵکی کوێن؟
تریفە دەڵێ: بێگوومان بەخۆشییەوە. ئێمە کوردین خەڵکی باشووری کوردستانین.
خانمەکە دەڵێ: باشووری کوردستان کوێیە؟ تورکیا؟
تریفە دەڵێ: نەخێر خاتوون تورکیا بەشی باکووری وڵاتەکەمانی داگیرکردووە و ئێران خۆرهەڵاتی و سوریا خۆر ئاوا و ئێراقیش باشوور.
خانمەکە دیسان دەڵێتەوە: ئەها یانی ئێوە ئێراقیین؟
ئارا دەڵێ: بەڵێ بەزۆری زۆرەملایەتیی ئێراقیین، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئێستا ئێمە لە ئەڵمانیاین، چونکە ئێمە خۆمان بە کورد دەزانین نەگ بە ئێراقیی. کەواتە ئەگەر هەر بەزۆری زۆرەملان بێت. ئەوا من خۆم ڕەگەزنامەیەک هەڵدەبژێرم، ئارا دەستدەکات بە گیرفانیدا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانیی بۆ پەناهەندە دەردێنێت و دەڵێ: ئەمە ڕەگەزنامەی هەڵبژاردەی داهاتی

منه. که کەس بەزۆر من ناکات بە ئەڵمانیی بەڵکوو خۆم داوادەکەم لە دەوڵەتی ئەڵمانیی کە لە چەند ساڵی داهاتدا ڕەگەزنامەی ئەڵمانییم پێببەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنها لاپەڕە و دۆکۆمێنتە، بەڵام خوێن و دڵ و لێکدانەوەو هۆشم کوردییە.

خانمەکە سەری سوڕدەمێنێت لە قسەکانی تریفە و ئارا و دەڵێ: پێموابێت ئێوە دوو کەسی ڕامیارکارن. بە هەرحاڵێک خۆشحاڵم بە هاتنتان بۆ کافتریاکەمان، من ئیتاڵییم و کەچی منیش ڕەگەزنامەی ئەڵمانییم هەیە. بەڵام ئەوەی سەیرە هەر دەڵێم ئیتاڵییم ناڵێم ئەڵمانم. بە هەرحاڵێک من دەبێت برۆم بەلای کاری خۆمەوە، ڕۆژێکی خۆشتان هەبێت.

تریفە و ئارا ماڵئاوایی لە خاتوونە کارمەندەکە دەکەن و ڕوو دەکەنە یەکتریی و دەستدەکەن بە پێکەنینن. ئارا دەڵێ: باشە ئەم پێکەنینە چی بوو؟

تریفە دەڵێ: نازانم لەوانەیە ئون بیڤوست بێت " نەست" کە هەردووکمان وەک یەک بیردەکەینەوە. تریفە زۆر بە نەرم و نیانانە کافێکەی دەخواتەوە نیگای چاوەکانی ئارا دەکات بە شێوەیەک کە وەک ئەوەی پێشتر ئارای نەدیبێت.

ئارا دەڵێ: گوڵە گیان ئەوە بۆ وا قوڵ نیگام دەکەیت؟ ئەڵێی یەکەم ڕۆژمانە یەک ببینین و وردە وردە حەزم لێدەکەیت و ئاشقم دەبیت.

تریفە دەڵێ: دەتوانم هەموو ڕۆژێ سەرلەنوێ ئاشقت ببمەوە هەموو ساتێک دوای هەموو ماچێک دوای هەموو تێکەڵبوون و سێکسێک.

ئارا دەستەکانی تریفە دەگووشێت و بە گۆرانییەوە دەڵێ: هەر ئەمنم ئەو کەسەی ژیینی بۆ تۆ ماوە، حەز لە کەس ناکەم قەت تاکوو دونیا ماوە، هەر تۆی قسەی ئەشقم توو خوا مەمخە لاوە، توو خوا مەمخە لاوە جەرگم سووتاوە.

تریفە بە نیگایەکی قوڵەوە دەمی دەهێنێتە پێشەوە و ئەمیش بە گۆرانییەوە دەڵێ: ڕەنگ زەرد و چاو بە گریانم وەڵڵا من بەبێ تۆ، بێدەنگ و مات و غەمبارم بیللا من بەبێ تۆ، جا بۆ چیمە ئەمن ئەم ژییانە بێ تۆ؟ ئەم ژییانە بێ تۆ؟ ئەم ژییانە بێ تۆ؟

ئارا و تریفە پەنجەکانیان لە پەنجەی یەک ئاڵاندووە و بە نەرمیی ماچێکی ناو دەمی یەکتر دەکەن و بە یەکتر دەڵێن: ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا وەک شیعر و ئاواز لە یەک بەستەدا، دونیا ناتوانێ لێکمان بکاتەوە مەگەر خوا بۆ خۆی بمان باتەوە.

دەستدەکەن بە پێکەنین و ئەمجا تریفە قومێکی قوڵ لە کافێکەی ئەدات و خۆی منداڵ دەکاتەوە و دەڵێ: هم زۆل خۆسە زۆل زۆل.

ئارا پێکەنینێک ئەیگرێت و دەڵێ: تریفە تۆ دەبوایە لە تەلەڤیزیزۆن کاری مۆنتاژت بکردایە بۆ منداڵان. ئەوەی لای من زۆر زۆر جوانە لە تۆدا ئەو ڕۆحە منداڵییە یە کە هەتا ئێستا لە ناختا ونت نەکردووە. هەر ئەوەش تۆی شیریین کردووە و بە پاکیی هێشتوویتیەوە.

تریفە دەڵێ: تەماشا بکە ئارا ئێستا چەند شێوازێکی جیاوازی منداڵانەت نیشان ئەدەم. بۆ نموونە ئەمە توورە بوونی منداڵە بە بێ ئەوەی دەنگی لێوەبێت، نیشانی ئەدات کە ها بزانن تووڕەم. تریفە لچەکانی تووند ئەنووسێنێ بە یەکەوە و لچی ژێرەوەی شۆڕ دەکاتەوە و چاوەکانی خۆی بچووک ئەکاتەوە و برۆکانی ئەدات لەیەک.

ئارا دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێ: ئەی کچی ئاسمان بەبیرم نادێت کەی ئەم دیمەنەم دیبێت.
پاشان دەڵێ: ڕابوەستە ئەمەش منداڵێکە بێ ئەوەی قسە بکات داوای شتێکت لێدەکات، بەتایبەت ئەگەر خواردنێک بێت یان هەر شتێک بێت جا ئایا لە ماڵەوەبێت یان لە ناو بازاڕدا کە بە لای دوکانێکدا بڕوات شتێکی لێبێت حەزی لێ بێت و نەوێرێ بە دایکی یان باوکی بڵێ، ئەوا بەم شێوەیە پێی ئەڵێ: تریفە سەرێک دادەخات و لەژێر زوڵفیەوە برۆکانی بۆ سەرەوە هەڵدەبڕێت و دەمی کەمێک کردۆتەوە وەک ئەوەی بیەوێت قسە بکات بەڵام هیچ لە زاری نادێتە دەر ئینجا هەڵدەستێتە سەر پێ و خۆی ئەچەمێنێتەوە و بە بەردەمی ئارا دا دەڕوات و چاوەکانی ڕێک هاویشۆتە چاوەکانی ئارا و بە خشەخش بە ڕێگادا دەڕوات وەک ئەوەی ئارەزووی پێ هەڵهێنانەوەی نەبێت.
ئارا دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێ: وەرە وەرە کچی خوا وەرە ئەوە بۆ کوێ ئەچیت وەرە بۆت دەقلم، شتی جوانت بۆ دەقلم.
ئینجا تریفە هێشتا هەر لە خەڵوەتگای منداڵدایە و دادەنیشێت و بە دیمەنی ڕووخسارێکی منداڵانەوە بە ئارا دەڵێ: تلیفە گوناخە؟ فەقیلە؟ شتی بۆ دەقلی؟
ئارا ئەوەندە پێدەکەنێت دەست بەسکییەوە دەگرێت، تریفە بە پێکەنینەکانی ئارا زۆر ئارەزوو خۆشدەبێت و ئەویش خۆی پێناگیرێت بە پێکەنینەکانی ئارا پێدەکەنێت هەتا کەمێک ئارام دەبنەوە و ئینجا ئارا دەڵێ: تریفە گوڵ خۆزگە تۆ دایکی من دەبوویت، بە خوا قەت گەورە نەدەبووم قەت دڵم نەدەهات ئەو منداڵیەتییە بەجێبهێڵم.
تریفە کووپەکەی دەبات بۆ لێوی و قومێک لە کافێکەی ئەدات و کووپەکە بە بەرلێویەوە دەگرێت و دەڵێ: جا کێ خوا ئەیداتێ هەموو تەمەنی هەر منداڵێ بوایە، بێجگە لە بووکە شووشە و گەمە و یاریی کەسی تری نە ناسیایە. قومێکی تر لە کافێکەی ئەدات و دەڵێ: ئارا گیان چی بخۆین بۆ ئێوارە؟
ئارا دەڵێ: ئەی قوڕ بەسەرم گوڵە گیان ئەڵێی باوکمیت ئیمڕۆی لە هەموو ڕۆژەکانی خۆشتر بێت، کێ ناڵێ ئێستا گیانی لە تەنیشتمانەوە نییە تەماشامان بکات. ئەویش نانی نیوەڕۆی ئەخوارد و هێشتا دەستی نەشووشتبوو دەیگووت ئەرێ ئێوارە چیمان هەیە؟ نانی ئێوارەی دەخوارد و دەیگووت ئەرێ بەیانیی چیمان هەیە؟
تریفە پێدەکەنێت و دەڵێ: دە ئەبوایە من کچی باوکت بوومایە. تۆ واز بێنە ئەزانی حەزم لە چییە؟
ئارا دەڵێ: هەر کەبابەکە نییە گوڵە گیان؟
تریفە پێدەکەنێت و دەڵێ: نا ماڵتم ئاوا کرد ئێجگار واشمان نەگووت. حەزم لە ساوەرە بە زەڵاتەوە، ئێستا ئەگەر بچین لەسەر گۆشەکەی لای کەنیسەکەوە دوکانێکی هندیی هەیە ئەوان ساوەریان هەیە چەند جارێک لێمکڕیوون. ئێستا دوای ئەوەی لێرە هەستاین دەڕۆین بۆ ئەوێ. ئیمڕۆ شەممەیە هەتا کاتژمێر هەژدە دوکانیان کراوەیە.
ئارا دەڵێ: من کافێکەم تەواو بووە، هیچم نەماوەتەوە بۆ خواردنەوە.

تریفە دەڵێ: منیش ئەهـــــــــــــــــــــــا هەر ئەم قومەم ماوە تەواو دەبم. تریفە بە قومێک کافیێکەی تەواو دەکات و قۆڵ دەکات بە قۆڵی ئارا دا و دەڕۆن بەرەو دوکانە هندییەکە. لە ڕێگا ئارا دەڵێ: باشە بە هندیی بە ساوەر ئەڵێن چی؟

تریفە پێدەکەنێت و دەڵێ: چووزانم خۆ باوکم هند نەبووە.

ئارا دەڵێ: ئەوەنییە ئەچیت بۆ دوکانی هندیی؟

تریفە چەپۆکێک ئەکێشێت بە شانی ئارا دا و دەڵێ: لە تاقەکاندا هەموو جۆرە خواردنێکی خۆرهەڵاتیی دانراوە چیت بوێت هەیانە بۆ فرۆشتن. پاش چەند خولەکێک ئارا و تریفە دەگەنە لای دوکانە هندییەکە و تریفە خۆیدەکات بە ژووردا و دەڕوات بەرەو لای تاقی خواردنی وشکە. ئارا بە دوای تریفەدا ڕێدەکات و تریفە ئاوڕ بۆ ئارا دەداتەوە و دەڵێ: ئەها تەماشا بکە لیمۆی بەسرە، نانە قەیسیی، تەمەر هند هەموو شتێکیان هەیە، ئەوە چای سیلان، ئەوەش ساوەر ئەها تەماشا بکە. کیسەیەک کیلۆیەکی تێدایە ئێمە دوو کیسە دەبەین. ئارا دوو کیسە ساوەر هەڵدەگرێت و دەڕۆن بەرەو لای کاسەکە بۆ ئەوەی پارەی ساوەرەکان بدەن. پیاوە هندییەکەی سەر کاسەکە کیسە ساوەرەکان سکێنەر دەکات و دەڵێ: یەک مارک و پەنجا پفینک دەکات. تریفە دەست دەکات بە جزدانەکەیدا و یەک مارک و پەنجا پفینک ئەدات بە پیاوەکەی سەر کاسەکە و ماڵئاوایی دەکات.

ئارا دەڵێ: ئەزانی تریفە گوڵ تۆ شوێنی وا پێدەزانیت لەم شارەدا من هەتا ئێستا سەرم پێیدا نەکردووە و ناشزانم.

تریفە پێدەکەنێت و دەڵێ: ئاخر ئارا گیان من بە هۆی کارەکەمەوە کە هەر چەند مەترێک لێرەوە دوورە زۆر جار لە پشووی نیوەڕواندا لەگەڵ مۆنیکا و یاسمینی کۆلێگەمدا " هاوڕێی کرێکار" دێین لێرە لەم ناوە بۆ خۆمان دەگەڕێین. ئا بەم شێوەیە من ئەم شوێنانە ئەدۆزمەوە. پاشان دەڵێ: ئارا گیان ماندوو بووم لە ڕۆیشتن با بڕۆینەوە بۆ لای جێبەکە.

ئارا دەڵێ: باشە گوڵە گیان خۆ هێندەمان نەماوە هەر پێنج خولەکێکی تر دەگەینەوە لای جێبەکە. ئارا دەست دەکاتە ناودەستی تریفەوە و بە دەم قسەکردنەوە ڕێگاکە دەبڕن و دەگەنەوە لای جێبەکەیان. تریفە دەرگاکە دەکاتەوە و سەردەکەون و سلف لێ ئەدات و ئەڕۆن. تریفە بە ئارا دەڵێ: کووبە گیان هەرکە چووینەوە، هەموو شتێکی زەڵاتەمان لە سەلاجەکەدا هەیە، تۆ زەڵاتەکە دروست بکە منیش دەست دەکەم بە کوڵانی ساوەرەکە هەتا دەستپێکردنی فیلمەکەی پرۆ زیبن، خواردنەکەش ئامادە دەبێت و بەدیار فیلمەکەوە ساوەر دەخۆین باشەماڵەکەم.

ئارا دەڵێ: باشە ماڵەکەم وا دەکەین.

تریفە پەنجەرەکەی لای خۆی کردۆتەوە لە کاتی لێخوڕییندا بایەکی نەرم یاری بە پرچی دەکات و لە پەنجەرەی جێبەکەوە دەیهێنێتە دەرەوە. خانمێتیی زۆر پێوە دیارە پاکیزەیەتیی زۆر پێوە دیارە. جوانیەکەشی سەرنجی هەموو کەسێک ڕادەکێشێت، ئارا دەستی ناوەتە ژێر چەنەیی و نیگای تریفە دەکات لە کاتی لێخوڕییندا. تریفە ئاوڕێک بۆ ئارا ئەداتەوە و دەڵێ: ئەزانم بیر لە چیدەکەیتەوە، تۆ قەت تێر نابیت لە من وە زۆریشم پێخۆشە وا. پاشان لە

ڕاوەستانی ترافیکێکدا تریفە سەری دێنێتە پێشەوە بۆ لای ئارا و دەم دەکاتە ناو دەمییەوە هەتا دەتوانێت لێوەکانی دەمژێت و ئەوسا زۆر بە نەرم و نیانیی دەستێک بە ڕووخساری ئارا دا دێنێت دەڵێ: خۆشم دەوێیتماڵەکەم.
ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: منیش تۆم خۆشدەوێت بەساقە.
ترافیکەکە سەوز دەبێت و تریفە لێدەخوڕێت بەرەو ماڵەوە پاش چەند خولەکێک دەگەنە کۆڵانەکەی خۆیان و تریفە لەپڕ قیژەیەک دەکات و ئارا ڕادەچڵەکێت و ئەڵێ: چییە ماڵەکەم چی بوو؟
تریفە دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێ: پارکی چۆڵ هەیە ئیمڕۆ شانسمان هەستاوە لە بەردەمی ماڵی خۆماندا. ئەڵێی ئیمڕۆ ئەم پارکە ناوی ئێمەی لەسەر نووسراوە کەس لێی ناوەستێت.
ئارا دەڵێ: ماڵتم ئاوا کرد گوڵە گیان خۆ زیرەت پێکردم وامزانی لە منداڵێکت دا وامزانی ئاخۆ چی بێت ئەم هاوارە.
تریفە هەر بەدەم پێکەنینەوە خۆی ئەکات بە پارکەکەدا و جێبەکە ئەکوژێنێتەوە و لەگەڵ ئارا دا دادەبەزن و دەڕۆنە سەرەوە بۆ ماڵەکەیان.
پاش ئەوەی تریفە و ئارا دەچنە سەرەوە بۆ ماڵەوە تریفە گورجوگۆڵانە وەک ئەوەی یەک هەفتە بێت نانی نەخواردبێت خۆی دەکات بە موبەق دا و دەکەوێتە تەقە تەق بە مەنجەڵەکان و شتنەوەی ئەو ساوەرەی کە لە دوکانە هندیەکە کڕیبوویان. تریفە بانگی ئارا دەکات بۆ موبەق و دەڵێ: ئارا گیان بە یارمەتیی ئەتوانیت سیدییەکی مەزهەری خالقیی بکەیتە پلەیەرەکەوە؟ هەستدەکەم شتێکم لێ ونبووە بە بێ مەزهەر.
ئارا دەڵێ: بۆ تریفە گیان مەبەستت ئەوەیە ساوەر بەبێ مەزهەری خالقیی لێ نانرێت؟ یان ئەوە وەک بەهارات و زەردەچەوە بەکاری دەهێنیت؟
تریفە پاڵێک بە ئاراوە دەنێت و دەڵێ: لاچۆ لاچۆ دەی خێراکە برۆ گۆرانییەکم بۆ بخەسەری دییەکەم با ساوەرەکەمان خۆش دەربچێت. باوەڕ بکە دوایی تامی مەزهەری خالقیی ئەدات.
ئارا موبەقەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە ژووری دانیشتنەکە و سی دییەکی مەزهەری خالقی دەخاتە پلەیەرەکەوە، دێتەوە بۆ لای تریفە، بە دەم مۆسیقاکانی مەزهەرەوە جۆش و خرۆشییەکی زۆر بە دڵی هەردووکیاندا دێت. تریفە بۆ سووپاسی خۆی بەرانبەر ئارا بە ماچێک دەردەبڕێت بە بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت.
ئارا خۆی بە دروستکردنی زەڵاتەوە خەریک دەکات و دەڵێ: تریفە گیان دەڵێم سبەینێ چی بهێنم لەگەڵ خۆم؟ پێت باشە جلی زۆر بهێنم لەگەڵ خۆم؟ یاخود چی بهێنم زیاتر لەم وەرزەدا بۆ سوێدن بشێت؟
تریفە دەڵێ: دییەکەم من حەز دەکەم پووختە و شیک بیت لە سوێدن. دوو قات بهێنە لەگەڵ خۆت و دوو جووت پێڵاوی جیا جیا و چەند کراس و تیشێرت و پانتۆڵێک ئیتر بەستە.
تریفە ساوەرەکەی دەخاتە سەر گەرمیی و بە ئارا دەڵێ: ماڵەکەم من کاری خۆم تەواو کرد

ئەچم خۆم دەگۆڕم. تکایە ئەگەر تەواو بوویت تەماشایەکی ساوەرەکە بکە، ئەگەر هاتوو ئاوی تێدا نەما بوو ئەوا چاوێکی تری بە گەرمییەکی کەم بۆ دابگیرسێنە و ماوەی بیست خولەکی بۆ بگرە.

ئارا دەڵێ: باشە گوڵە گیان دەبڕۆ خۆت بگۆڕە.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک ئارا کارەکانی لە موبەق تەواو دەکات و دەست دەکات بە خاوێنکردنەوەی موبەقەکە و بۆ تریفەش چایەکی جوان لێدەنێت. تریفە خۆی گووتەنی چرکەیەک بە بێ چا ناتوانێت هەر بۆیە بەردەوام ئارا لەگەڵ چا لێناندا بۆ تریفە بە ڕۆحێکی شیرینەوە مامەڵە دەکات. کووپێک چا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژووری دانیشتنەکە بۆ تریفە و لەسەر مێزەکەی ناوەڕاستی ژوورەکە دا دایدەنێت. تریفە پەردەکانی ژوورەکەی داوەتەوە و چەند مۆمێکی بچکۆلانەی لە ژوورەکەدا داگیرساندووە و بە ژێر کراسێکی سپیی ناوجێگاوە کە هەتا سەر دامێنی درێژە و کۆمەڵێک ورچی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە، لەسەر قەنەفە شیینەکەی ناوژووری دانیشتنەکە پاڵی داوەتەوە و گوێ لە گۆرانییەکانی مەزهەر دەگرێت. کاتێک ئارا کووپە چاکە دادەنێت، تریفە سووپاسێکی زۆری دەکات و بە ڕاکشاوییەوە باوەشی بۆ دەگرێتەوە. ئارا خۆی دەنێتە باوەشی تریفەوە و لەسەر سکی ڕادەکشێت هێدی هێدی وەک سافانی " چکە،دڵۆپە" بن گوێسوانەیەک لە شەستە و ڕەهێڵەی باران دا، ئەچۆڕێتە ڕۆحییەوە. تریفە پەنجەکانی لە سەر و قژی ئارا دا ونکردووە و وردە وردە زیاتر قاچەکانی بڵاو دەکاتەوە و ئارا لە کۆشی خۆیدا نوقم دەکات. بە شێوەیەک دەمیانکردۆتە دەمی یەکدییەوە و لێوەکانی یەکدی هەڵدەمژن هەتا بێت زیاتر دەچنە قوڵایی ڕۆحی یەکترەوە. تریفە دەست دەبات بۆ قایشی پانتۆڵەکەی ئارا و وردە وردە پانتۆڵەکەی بۆ دادەکەنێت. لە کاتێکدا ئارا دەستی نێوەتە مەمکە گەورە و خڕپنەکانی تریفە و هەڵیدەگلۆفێت و لێوەکانی لەسەر دەمی و هیچ بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە هەناسەش بدات، تریفە دەستی ناوەتە ناو دەرپێکەی ئاراوە و سەما لەگەڵ ئارەزووەکانی ئارا دەکات و هەتا بێت زیاتر و زیاتر ئارا سوێ ئەچێتە هەستەکانیەوە. کاتێک تریفە هەستدەکات ئارا گەیشتۆتە لووتکەی هەوەس و ئارەزوو دەرپێکەی بۆ دادەکەنێت و بە ناوگەڵی خۆیەوەی دەنووسێنێت و جوڵەیەک دەکات بۆ پێشەوە و ئارا تێکەڵی خۆی دەکات و دەیهێنێتە ناو سوێ گڕگرتووەکانی سکییەوە و هەتا بێت زیاتر دەنگی بەرزدەکاتەوە ئاهەکانی لە هۆڵی دانیشتنەکەدا وەک پاساریی سەما دەکەن و زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی نێوچەوانی ئارا دەڕژێتە سەرسینەی و بە نێوانی مەمکەکانیدا بەرەوە سەرسکی دادەچۆڕێن. ئارا کراسەکەی تریفە دادەکەنێت و لە تەنیشت خۆیەوە فڕێی ئەدات و تریفەش قۆپچەکانی کراسەکەی ئارا دەکاتەوە و کراسەکەی بۆ دادەکەنێت و فڕێی ئەداتە پشت سەری خۆیەوە و ئەوسا دەنووسێن بە سینەی یەکترەوە و هەتا لە سوێی یەکتردا ئەتوێنەوە و ژوورەکە پڕ دەبێت لە هاوار و ئاهی هەردووکیان و تریفە توند دەست بە سمتی ئاراوە دەگرێت و دەینووسێنێت بەخۆیەوە ناهێڵێت جوڵە بکات. پاش ئەوەی ئارا بەسەر سینەی تریفە دا وەک شۆڕەبی شۆڕ دەبێتەوە و هەناسەکانی دەگەڕێنەوە بۆ نۆڕماڵیەتی خۆیان. تریفە دەستێک بە

دەموچاوی ئارادا دێنێت و ماچێکی نەرمی دەکات و دەڵێ: بەخێر بێیت دییەکەم، یا خوا بەخێر بێیت سەرچاو، بە ڕەنجی شان و ئارەقەی نێوچەوانت هاتیت.
ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: خۆت بەخێر هاتیتماڵەکەم، سووپاس کە هەیت. خۆزگە تۆ هەموو تەمەن لە ناومدا دەبوویت هەموو چرکەساتەکانی ژیانم هەستم پێت بکردایە.
تریفە خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: ئەتوانی چەورم بکەیت و بمکەیتە خۆتەوە.
ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: کچی خوا خۆ تام نییە تا وەکوو شاف هەڵتگرم.
تریفە لە تریقەی پێکەنیندایە و دەڵێ: جا خۆزگە تۆ شاف بوویتایە، بە خوا هەتا مردن هەڵم ئەگرتیت. پاشان هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە باوەشی یەکتردا بە بێدەنگیی و بە بێ قسەکردن بەسەر ئەبەن، تا ئەو کاتەی تریفە دەست درێژ دەکات بۆ کووپە چاکەی و ئارا خۆی لەسەر سینەی شل دەکات و هەڵدەستێت بە قنەوە لە تەک تریفەوە دادەنیشێت. تریفە کەمێک خۆی ئەهێنێتە دواوە و پشتی ئەدات بە دیواری قەنەفەکەوە و قاچەکانیشی هەر ڕاکشاندووە لەسەر قەنەفەکە. چاکەی دەگرێت بە دەستەوە و چەند قومێکی لێ ئەدات و دیسانەوە سووپاسی ئارا دەکات بۆ دروستکردنی چاکە.
ئارا ماچێکی تریفە دەکات و دەڵێ: نۆشی گیانت بێت، هەرچەند ئێستا ساردبۆتەوە. من ئەچم ساوەرەکە دەکوژێنمەوە ئێستا تەواو بووە و لەسەر گەرمییەکە لای دەبەم.
تریفە دەڵێ: باشە ماڵەکەم برۆ. تریفە لە جێگای خۆی بەرز دەبێتەوە و هەڵدەستێتە سەرپێ و کەمێک خۆی ئەکێشێتەوە، ئەو بەژن و باڵا بەرز و ڕێکەی هێشتا هەڵاوی لێهەڵدەستێت لە ناوەڕاستی هەموو مۆمەکانی ژوورەکەدا خۆی وەک مۆمێکی باڵا بەرز ڕاوەستاوە و پرچە زێڕیینەکەشی سەمای گڕیەتی و هێندەی تر ڕۆشناییداوە بە ژوورەکە. دوای ئەوەی چەند قومێکی تر ئەدات لە چاکەی بە ڕووخسارێکی پڕ پێکەنینەوە دەچێتە ژێر دووشەکەوە و لەژێر تاڤگەی ئاوێکی بە خوڕ و گەرمدا جەستەی ئارەقکردووی دەشواتەوە و گۆرانیی بۆ بەهاری ساڵ دەڵێت.
ئارا سەرمێزی نانخواردنەکەیان ئەڕازێنێتەوە دوو قاپ زەڵاتە و شەربەتی پرتەقاڵ و دوو گڵاس لەسەر مێزەکە ئامادە دەکات. پاش چەند خولەکێک بانگێکی تریفە دەکات و دەڵێ: کووبە گیان زۆرت ماوە؟
تریفە بە گۆرانییەوە دەڵێ: ماڵەکەم وا خۆم وشک دەکەمەوە.
ئارا دەچێتەوە بۆ موبەق و دوو قاپ ساوەر ئامادە دەکات و لەسەر مێزی نانخواردنەکەی دادەنێت. لە کاتێکدا ئارا خواردنەکان لەسەر مێزەکە دەڕازێنێتەوە تریفە لە دواوە بە ڕۆبێکی سەوزی کاڵەوە باوەش بە ئارا دا دەکات و ئەینووسێنێت بەخۆیەوە و ماچێکی دەکات.
ئارا ئاوڕێکی بۆ ئەداتەوە و بۆنی گەردن و سنگی دەکات و دەڵێ: هـــــــــــــــم، چەند بۆنت خۆشـــــــــە. وەرە گوڵە گیان دانیشە با نانەکەمان بخۆین. تریفە و ئارا دادەنیشن و دەست دەکەن بە نانخواردن و تریفە دەڵێ: کووبە گیان کوا کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆنەکە با تەماشای پرۆ زیبن بکەین ئێستا فیلمی خۆش دەکات.

ئارا دەست درێژ دەکات لەژێر قەنەفەکەوە کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆنەکە دەردێنێت و تەلەڤیزیۆنەکە دادەگیرسێنێت و ئەیخاتە سەر پڕۆ زیین.

تریفە و ئارا بە دەم نانخواردن و تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆنەوە شەوەکەیان بەڕێدەکەن و پاشان دەچنە جێگاوە بۆ خەوتن بۆ ئەوەی بەیانیی زوو بەئاگا بێن و خۆیان ئامادەبکەن بۆ گەشتەکەیان. دەمەو بەرەبەیان ئارا لەخەویدا دیسان لە گۆشەیەکی چکۆلانەدا لەماڵێکدا دانیشتووە ڕووناکاییەکی بارییک، کە مۆمێکی چکۆلانە داویەتی بە ژوورەکە ڕووخساری ئارای لە تاریکیی ژوورەکەدا دەرخستووە. ئارا بە قنەوە لە ناوجێگایەکدا دانیشتووە و دەستەکانی ناوەتە سەرئەژنۆی و تەمشای سێبەری ئەو تارماییە دەکات، کە لەبەر دەمیدا لەسەر کۆمپیوتەرێک دانیشتووە و تەقەتەقی تایپکردن و کیبۆردەکەی دێت. ڕووناکییەک داویەتی لە پشتی سەری و بریسکەی قژە مێشکردووەکەی بۆتە یەکێک لە ڕەنگەکانی ڕۆشنایی ژوورەکە. ئارا لە خەونەکەیدا مەراقی دیتنی ڕووخساری ئەو تارماییەی نێو ژوورەکەیەتی، بەڵام هەتا ئێستا تەنها لە پشتەوە نیگای بەژن و باڵای ئەو کەسەی کردووە، کە دێتە نێو جیهانی نەستیەوە. ئارا بە ترسەوە لە جێگاکەیدا دێتە دەرێ بەرەو ئەو تارماییە دەڕوات، کە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دانیشتووە هەتا تەماشای ڕووخساری بکات و بیناسێت. ئارا لە هەستان و ڕۆیشتنیدا دڵی خێراتر لێدەدات بە یەک دوو هەنگاو ئەگاتە لای تارماییەکە و دەستێک ئەخاتە سەرشانی. تارماییەکە زۆر بە هێمنیی و لەسەرخۆ ئاوڕێک بۆ ئارا ئەداتەوە. لە ئاوڕدانەوەی تارماییەکەدا بۆ لای ئارا، لە خەو دادەچڵەکێت و هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە بەشێوەیەک، کە زیرە لە دڵی تریفە هەڵدەستێت لە تەنیشتیەوە. تریفە دەشڵەژێت و باوەش بە ئارا دا دەکات بۆ هێمنکردنەوەی. بەخێرایی لە تەنیشت خۆیەوە گڵۆپێک دادەگیرسێنێت و تەماشای ئارا دەکات، کە هەموو گیانی شەڵاڵی ئارەقکردنەوە و لێوەکانی وەک درەختی بەر ڕەشەبای پاییز هەڵدەلەرزن. ئارا دەنووسێنێت بە خۆیەوە و دەست بە سەر و قژیدا دەهێنێت بۆ زیاتر هێمێنکردنەوەی و دەڵێ: هیچ نەبوو ئارا گیان هیچ نەبوو خەوێکی ناخۆشت هەبووە و هیچی تر نا، هێمن بەرەوە ماڵەکەم هێمن بەرەوە هیچ نییە بەقوربان. تریفە لە جێگاکەی دێتە دەرەوە و دەڕوات بۆ موبەق هەتا پەرداخێک ئاوی سارد بۆ ئارا بهێنێت و هێمنی بکاتەوە، دێتەوە ژووری نووستنەکە و پەرداخە ئاوەکە ئەکات بە دەمی ئاراوە. دیسان تریفە دێتەوە ناو جێگاکەی و ئارا دەنێتە باوەشی خۆی و دەست بە پشتیدا دێنێت بۆ هێورکردنەوەی. ئارا سەری ناوە بەسنگی تریفەوە و هەناسەی قوڵ هەڵدەمژێت. تریفە بە سۆزێکی پڕ میهرەبانییەوە دەست بە ڕوومەتی ئارادا دەهێنێت و دەڵێ: ئارا گیان چیتبینی لەخەونتدا؟

ئارا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: دیسان لەو ژوورەدا بووم، کە تارماییەکی تێدایە، شەو بوو تەنها مۆمێکی بچکۆلانە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دا نرابوو مۆمەکە بە تیشکێکی بارێک و کز ڕووخساری من و پشتی سەری ئەوی ڕۆشندەکردەوە. ئەم جارە ویستم برۆم تەماشای تارماییەکە بکەم دەستم خستە سەرشانی و ئاوڕێکی لێدامەوە، تیشک و ڕووناکییەکی ئێجگار زۆر دای لە چاوانم و نەمتوانی ڕووخساری ببێکم هێندە

دەشترسام بۆیە توانای ئەوەم نەبوو بتوانم بەردەوام بم لە تەماشاکردنیدا، ترسەکە زاڵ بوو بە سەرمدا هەر بۆیە بە ترسەوە لە خەو داچڵەکیم. کێشەکە ئەوەیە ئەمانە هەموو پۆستێکن بۆ من دێن. پۆستێکە لە دوارۆژەوە هاتووە، بەڵام من لە ناوەرۆکەکەی ناگەم. ئەم خەونە بەزمانێک نووسراوە هێشتا من فێری نەبووم، ئەویش زمانی شیکردنەوەی دیمەن و وێنەیە. ئەوەی هەتا ئێستا تێیدەگەم تۆ لە بینینمدا نیت نە لەخەون دا نە لەو دیمەنانەی کە بە نەست دێنە ناوجیهانی بیرکردنەوەمەوە.

تریفە بە ترسێکەوە لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەی من لە کوێم؟

ئارا باوەش بە تریفەدا دەکات و دەڵێ: نازانم، بەڵام هەستم هیچ هەواڵێکی ناخۆشم لە بوونی تۆ پێ نادات. تۆ لە ژیانداییت بەڵام دوور لە من. لە کوێیت؟ نازانم!

تریفە بە سەرسوڕمانێکەوە بە بەرخۆیەوە دەڵێ: ئیسرائیل

ئارا دەڵێ: چیی؟ ئیسرائیل؟

تریفە دەڵێ: بەڵێ ئیسرائیل

ئارا بە سەرسووڕمانێکەوە بێدەنگ دەروانێتە تریفە و هیچ ناڵێت.

تریفە دەڵێ: من ڕەگێکم جولەکەیە کەسوکاریشم هەن لە ئیسرائیل پێدەچێت تەنها لەوێدا دەستی تیرۆرم بۆ درێژ نەکرێت. من چەند جارێک بیرمکردۆتەوە دەستی هەردوو منداڵەکەم بگرم و لە باوکیان بفرێنم بۆ ئیسرائیل. کە من دیار نەبم لە نەست و خەونەکانتدا و تۆش هەست بە ناخۆشیی من نەکەیت، کەواتە من لە ژیاندام لە شوێنێکی تر ئاسوودەبم یان نا گرنگ ئەوەیە شوێنێکم هەبێت تێیدا بژیم. ئەمانەی تۆ دەیبینیت دوارۆژە، من تۆ دوارۆژمان پێکەوە نییە، کەواتە لە خەونەکەتدا ئێمە پێکەوە نەماوین. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کەی من و تۆ لێک دەترازێین؟ چی بەسەر تۆ دێت. وا تۆ دڵنیایت لە مانەوەی من لە ژیاندا ئەی تۆ لە ژیانی خۆت دڵنیاییت؟

ئارا سەرێک ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: نەخێر هیچ دڵنیا نیم. ئەگەر ئەم دیمەنانەی من دەیبینم پۆستێک بن لە دوارۆژەوە، دەبێت گرنگیی ئەم پۆستە چی بێت؟ تەنها ئەوەی کە ژنێکی ترم پێبناسێنێت لە دوارۆژدا؟

تریفە دەڵێ: ئەو پۆستەی تۆ ناوەرۆکەکەی گرنگیی تەنها بە بوونی ئەو ژنە نەداوە کە تۆ دەیناسیت، بەڵکوو چی ڕوودەدات لە ناسینی تۆ و ئەو ژنەدا؟ ئەوە ناوەرۆکی نامەکەیە. بەڵام تۆ نایبینیت هەتا خەونەکانت نەبنە ڕیاڵ. ئەمەش چارەنووسە ئارا گیانماڵەکەم. دڵنیابە هەتا من لە نزیکتەوە بم و لای تۆ بم ناهێڵم هیچ ناخۆشییەک ڕووت تێبکات. ئەگەر چارەنووسیش من و تۆی لێککرد ئەوا لە دەستەڵاتی من و تۆدا نییە، گرنگ ئەوەیە هەردووک لە ژیاندا بین.

ئارا جوڵەیەک لە باوەشی تریفەدا دەکات و دەڵێ: ماڵەکەم من پێم باشە بچم دووشێکی گەرم گەرم بکەم وا کاتژمێر شەش و نیووی بەیانییە، دەبێت وردە وردە خۆمان ئامدە بکەین بۆ ڕۆیشتن.

ئارا دەڵێ: باشە کووبە گیان با بڕۆین منیش دووش دەکەم لەگەڵت. هەردووکیان بەجووتە دەچنە ژێر دووشەکەوە و لە هەڵم و هەڵاوی ئاوی گەرمدا خۆیان وندەکەن. تریفە بۆ زیاتر هێمنکردنەوەی ئارا لەژێر دووشەکەدا تێکەڵی ڕۆحی ئارا دەبێت و لە هەڵاوی ئاهەکانی ئۆرگازمدا خۆی بە دیواری دووشەکەوە دەنێت و ئاراش لە دواوە توونـد باوەشی کردووە بە تریفەدا و شەلاڵی ئارەزووەکانی یەکتر دەبن. پاش ئەوەی لە دووشکردن دەبنەوە ئارا دێتە موبەق و دەستدەکات بە ئامادەکردنی خواردنی بەیانی. لەپێش هەموو شتێکەوە چا بۆ تریفە دروست دەکات. پاشان چەند هێلکەیەک دەشکێنێت و دەیکاتە تاوەیەکی گەورەوە و سوری دەکاتەوە. چەند قاشێک تەماتە و خەیار و بیبەری شیرین لەگەڵ هێلکەکاندا دەخاتە سەرقاپێک و دەیانباتە ژوورەوە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دایان دەنێت. ئارا قاپەکانی شەویان کە هێشتا هەڵیان نەگرتبوو لەسەر مێزەکە کۆدەکاتەوە و دەیان هێنێتە مووبەق. یەک دوو کەوچک قاوە دەکاتە کافێ ماشینێکەوە و قاوەیەکیش بۆ خۆی ئامادە دەکات. ئارا دەچێتەوە بۆ ژووری نووستنەکە و تیشێرت و پانتۆلێک لە پێ دەکات و دێتەوە دووشەکە بۆ لای تریفە و دەڵێ: من دەچم یەک دوو سەموونی تازە دێنم لە خوارەوە لای خاتوو کراگ. تریفە خەریکی قژ وشککردنەوەیە، ئاورێک بۆ ئارا دەداتەوە و دەڵێ: باشە ماڵەکەم.

ئارا بە پلیکانەکاندا دەڕواتە خوارەوە بە چەند هەنگاوێک دەگاتە دوکانی سەموونەکەی خاتوو کراگ. بەیانیی باش لە خاتوو کراگ دەکات و بە ڕوویەکی خۆشەوە داوای سەموونێکی "باگێت" دەکات لەگەڵ پارچە کێکی میوە.

خاتوو کراگ ژنێکی تەمەن چل و سێ ساڵەی ئەڵمانە و بەژن و باڵایەکی باریک و مام ناوەندی هەیە، قژێکی زەرد هەتا سەر شانی و چاوەکانی دەریا ئاسا شیین. دراوسێیەتیی خاتوو کراگ و ئارا و تریفە خۆشحاڵییەکی زۆری داوە بە هەردوولایان. پاشان خاتوو کراگ لە ئارا دەپرسێت کە ئایا تێر خەو بووە؟ بۆ بەم بەیانییە زووەی ڕۆژی یەکشەممە لە خەو هەستاون؟

ئارا دەڵێ: لە ڕاستییدا تێر خەو نەبووم، خەوی ناخۆشم بینی و بە ترس و هاوارەوە لە خەو داچڵەکیم، تریفە بە ئاگاهات و دڵنەوایی کردم پاشان بۆ ئەوەی باری دەروونیم باشبکەم چوومە ژێر دووشەکەوە دووشێکی گەرمم کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کاتژمێر "دە"ی بەیانی دەڕۆین دەفڕین بۆ سوێدن جا بۆیە تریفەش هاتە دووشەکەوە لەگەڵم و وتمان تازە پێویست ناکات بخەوینەوە.

خاتوو کراگ دەڵێ: وەی بە داخەوە کە خەوی ناخۆشت بینیووە، بەڵام کارێکی باش دەکەن دەڕۆن بۆ وڵاتێکی تر بۆ پشوودان بە هیوام کاتێکی خۆشتان هەبێت و سڵاوم بە تریفەی جوان بگەیەنە.

ئارا بزەیەک ئەگرێتە خاتوو کراگ و دەڵێ: وەی بە چاوان. پاشان پارەی سەموون و کێکەکان ئەداتە خاتوو کراگ و ماڵئاوایی دەکات. ئارا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و تریفە بە ڕۆبەکەیەوە چاوەڕوانی ئارا دەکات. ئارا دێتە ژوورەوە و لە تەنیشت تریفەوە دادەنیشێت و دەستدەکەن بە نانخواردن. ئارا لە کاتی نانخواردندا سڵاوی خاتوو کراگ بە تریفە

دەگەیەنێت و دەڵێ: تریفە گیان ئەڵێی چی دوای نانخواردن بڕۆین بۆ فڕۆکەخانە؟ لەوێ لە یەکێ لە کافتریاکان دادەنیشین هەتا کاتی فڕینمان دێت.
تریفە پارووپەک لە دەمیدایە و دەڵێ: سووپاسی خاتوو کراگ دەکەم، ئەی بۆ نا ئارا گیان دەتوانین دوای نانخواردن بڕۆین. بەڵام پێمباشە ئۆتۆمبیلی خۆمان نەبەین بەڵکوو تەکسی بگرین بڕۆین.
ئارا دەڵێ: زۆر باشە تەکسی دەگرین چونکە لەوێ شوێنمان نییە جێبەکەی لێ دابنێین. پاش ماوەیەک کە تەواو دەبن لە نانخواردن هەردووکیان دەستدەکەن با پاکژکردنەوەی ماڵەکە و شووشتنی قاپەکان و پاککردنەوەی مووبەق. کاتێک تەواو دەبن لە هەموو شت جلوبەرگیشیان هەموو خستۆتە نێو جانتاکانیانەوە و ئامادەن بۆ ڕۆیشتن. کاتژمێر دەگاتە هەشت و نیوو، ئەوسا ئارا تەلەفوون بۆ تەکسی دەکات و لە ماوەی دوو خولەکدا تەکسییەکە دەگاتە بەردەرگا و ئەوانیش لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی خوارەوە دەکەن، کە دەبینن تەکسییەکەیە دەچنە خوارەوە. شۆفێرەکە بەیانیی باشیان لێدەکات سندوقەکەیان بۆ دەکاتەوە و جانتاکانی تێدەکەن. ئارا و تریفە سەردەکەونە تەکسییەکەوە و دەڵێن: بۆ فڕۆکەخانە.
شۆفێرەکە لێدەخوڕێت و لە ماوەی "دە" خولەکدا دەیانگەیەنێتە فڕۆکەخانە.
ئارا سووپاسی تەکسییەکە دەکات و پارەی ئەداتێ و ماڵئاوایی لێدەکات، وردە وردە دێنە ناو فڕۆکەخانەکەوە و ئارا دەڵێ: تریفە بابچین هەر ئێستا جانتاکانمان چێکن بکەین تا ئەو کێشەیەشمان نەمێنێت. هەردووکیان دەڕۆنە بەر پەنجەرەی گەشتەکەیان و جانتاکانیان چێکدەن. خاتوونی سەرشاڵتەرەکە دەڵێ: لە هێڵی چوارەمەوە دەفڕن تکایە ئاگادار بن. پاشان دەچن بۆ کافتریایەکی ناو فڕۆکەخانەکە و داوای دوو کافێ دەکەن. کیژۆڵەیەکی جاحێڵ دێت بەرەوپیریان و بەخێرهاتنیان دەکات، ئارا و تریفە بە ئێسک سووکیی‌یەوە بەیانیی باش لە کیژۆڵەکە دەکەن و کیژۆڵەکە مێزێکی چکۆلانەیان لە گۆشەی کافتریاکەدا بۆ دەستنیشان دەکات و ئارا و تریفە سووپاسی خۆیان بۆ کیژۆڵەکە دەردەبڕن و تریفە دەڵێ: بەڕێزم ئەگەر بکرێت دوو کافێ داوا دەکەین.
کیژۆڵەکە دەڵێ: بەخۆشیی‌یەوە بەڕێزان هەر ئێستا دیمەوە لاتان.
ئارا دەستی لەسەر مێزەکە داناوە و تریفەش وەک ئەوەی لە مێژە ئارای نەدیتبێت سەرنجی ڕووخساری ماندووی ئارا ئەدات. ئارا هەستدەکات کە تێڕوانینەکەی تریفە ئاسایی نییە، دەست بۆ ڕووخساری تریفە درێژ دەکات و دەستەکانی دەکاتە باوەشێکی گەرم بۆ ڕوومەتەکانی تریفە و دەڵێ: گوڵە گیان چییە؟ هیچ لێکدانەوەیەک خەریکی کردوویت لۆ وا بە قوڵیی تەماشام دەکەیت؟
تریفە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: نازانم، هەستدەکەم ماندوویت زۆریش نەگ کەم.
ئارا کەمێک توند ڕوومەتەکانی تریفە دەگووشێت و دەڵێ: هیچ نییە ئەزییزم تەنها کەم خەوییە و هیچی تر نا دڵنییابە بیرکردنەوەم زۆر باشە، هەر ئەوەندەش گەیشتینە

ستۆكهۆڵم ئیتر دڵنییام گەش و هەوایەكی دی ڕوومان تێدەكات. لە ناكاودا كیژۆڵەكە بە خۆی و دوو كوپی گەورەی پڕ كافێوە دێتەوە، تریفە ڕووخساری پڕ دەبێت لە خۆشیی و دەڵێ: وەی گیان لەم كوپە گەورانە جا خۆ من هەتا سبەی لەم كوپەدا كافێ بخۆمەوە تێر نابم.

كیژۆڵەكە دەست دەكات بە پێكەنین و دەڵێ: نا نا واش نا دەنا هەتا یەک هەفتە خەو ناچێتە چاوانت ئەوەش زیانی هاوڕێكەتی تێدایە.

ئارا و تریفە پێكەوە ئەیدەنە قاقای پێكەنین و تریفە بە كیژۆڵەكە دەڵێ: جا ئەگەر هاتوو من یەک هەفتە خەو نەیەتە چاوم ئەوا ئیتر جەژنی هاوڕێكەمە ئیتر پێویستی نییە نیوەشەو بە ئاگام بهێنێت چونكە خۆم بە ئاگام. هەرسێكیان پێكەوە دەستدەكەن بە قاقای پێكەنین و كیژۆڵەكە بە تریفە دەڵێ: ئەی خۆزگەم بە خۆت، جا خۆ هەموو كەس ئەو شانسەی تۆی نییە.

تریفە لە قاقای پێكەنیندایە و بە ئارا دەڵێ: ها ئارا دەڵێی چی شانسێک ئەدەیت بەم كیژۆڵە ئێسک سووكە؟

ئارا سوور دەبێتەوە و شەرم دەیگرێت و پێدەكەنێت دەڵێ: هیچ كۆمێنتارم نییە بۆ ئەم پرسیارە.

كیژۆڵەكە دەڵێ: ئەڵمان گووتەنی بێ وەڵامیی وەڵامێكی باشە. دیسان هەرسێكیان دەست دەكەنەوە بە پێكەنین و كیژۆڵەكە دەڵێ: من ئەبێت بەردەوامیی بە كار بدەم بە هیوام كافێكانتان بە دڵ بێت. كیژۆڵەكە دەڕوات و تریفە توووند دەستەكانی ئارا دەگووشێت و دەڵێ: دڵنییام ئارا گیان گەشتەكەمان خۆش دەبێت كورد دەڵێ: مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە، ئێمەش بەیانەكەمان زۆر بە خۆشیی بەڕێوەچووە هەتا ئێستا، هەستێكی خۆشە بەڕاستیی.

ئارا سەرێكی ڕەزامەندیی بۆ دادەنەوێنێت و دەڵێ: دروستە تریفە گیان وایە. پاشان دەستدەكەن بە خواردنەوەی كافێكانیان. دوای ئەوەی بە دەمەتەقێوە كاتەكە بەسەر دەبەن ئارا دەڵێ: تریفە گیان با بچم تێلێفۆنێک بۆ شیلان بكەم و پێی بڵێم كەمێكی تر دەفڕیین.

تریفە دەڵێ: باشە گیانەكەم بڕۆ، ئەوەندەشمان نەماوە بفڕیین.

ئارا دەچێتە لای یەكێک لە تێلێفۆنەكانی ناو فڕۆكەخانەكەوە و ژمارەكەی شیلان لێدەدات، پاش چەند جەرەس لێدانێک شیلان دێتە سەرخەت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو:

ئارا بەیانیی باش لە شیلان دەكات و دەڵێ: شیلان گیان من ئارام، ویستم ئاگادارت بكەمەوە ئەوا نزیكەی بیست خولەكی تر دەفڕیین، بەڵام لە فڕانكفورت دەبێت كەمێک زیاد چاوەڕێ بكەین هەتا فڕۆكەی دووهەم دەفڕێت بۆ لای ئێوە. بەهەرحاڵ تۆ دەتوانیت كاتژمێر 14:25 خولەک لە ئارلاندا چاوەڕێمان بكەیت.

شیلان دەڵێ: باشە ئارا گیان بەساقە بە بان دییەم چاوەڕێتان دەكەم.

ئارا دەڵێ: دییەت خۆش گوڵە گیان، جارێ لای تۆم خۆش ماڵەكەم،

ئارا دێتەوە لای تریفە و دەڵێ: تریفە گیان دەڵێم: با پارەی كافێكانمان بدەین و بڕۆین

هێندەمان نەماوەبفڕین.
تریفە بە نیگا و تەماشاکردنێک بانگی کیژۆڵەکە دەکات و پارەی کافێکانیان ئەدات و هیوای ڕۆژێکی خۆش بۆ کیژۆڵەکە دەخوازێت.
کیژۆڵەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێ: خۆزگە وا زوو نەدەڕۆیشتن من کەمێکی تر پشووم هەیە دەمانتوانی پێکەوە دابنیشین و قسە بکەین.
تریفە دەڵێ مەخابن فڕۆکەکەمان دەفڕێت، بەڵام ئێمە لە دوای هەفتەیەکی تر دێینەوە ئێرە ئەوسا دەتوانین زیاتر قسەبکەین.
کیژۆڵەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێ: منیش ناوم "ئانیا"یە خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان، بەهیوای گەشتێکی خۆش.
ئارا و تریفە بە پلیکانەکاندا سەردەکەونە سەرەوە و دەچنە دەمی هێڵی فڕینی چوار لەوێ دەچنە خاڵی پشکنینەوە و بەیانیی باش لە کارمەندەکان دەکەن و بە خەتی پشکنینەکەدا تێدەپەڕن و دەڕۆن، پاشان لە هۆڵی چاوەڕوانییدا دەچنە ڕیزەوە هەتا بلیتەکانیان چێکن بکەن و بڕۆنە ناوفڕۆکەکەوە. دوای کەمێک نۆبەتیان دێت و تریفە و ئارا بە دوای یەکدا بلیتەکانیان چێکن دەکەن و دەڕۆنە ناوفڕۆکەکەوە لەوێش دوو کیژۆڵەی جوان لەناو دەرگاکەدا بەیانیی باشیان لێدەکەن. ئارا و تریفە شوێنی دانیشتنەکەیان دەدۆزنەوە و تریفە دەڵێ: خۆم ئەچمەلای پەنجەرەکەوە بۆ ئەوەی دەستم دەربهێنم.
ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: نا کچی چاکبە شتی وا مەکە دەستت بکەیتە ملی من باشترە دڵنیابە.
تریفە دەڵێ: ئۆکەی ئەوەش لەبەر دڵی تۆ.
کاتژمێر دەبێتە10:15 خولەک و فڕۆکەکە خۆی ئامادە دەکات بۆ فڕیین کیژۆڵەکان لەناو ڕێڕەوی فڕۆکەکەدا نەفەرەکان ئاگادار دەکەنەوە و سەرنجیان ئەدەنێ کە چۆن خۆیان ببەستنەوە و لەکاتی تەنگانەدا چۆن هەڵسوکەوت بکەن دوای ئەوەی دڵنییا دەبن هەموو کارێکی یاسایی‌یان کردووە ئەوسا فڕۆکە دەجولێت و وردە وردە بەرەو خێرا لێخوڕین دەکەوێتە ڕێگا و دوای ئەوەی خێرایی تەواوی خۆی وەردەگرێت بەرزدەبێتەوە و دەفڕێت، تریفە دەڵێ: هەموو جار لەم کاتەدا وا هەستدەکەم لە شاری یارییم و سواری "ئاختەبان" بووم، خەریکە دڵم دێتە دەرەوە، جا ئەمە باشە ئارا گیان ئەمانە فڕۆکەی لوفتهانزەن ئەگەر بە فڕۆکەی تورکیی بفڕیت بۆ ئەستنەبوڵ دەبێت لە پێشدا وەسێت بکەیت.
ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: جا من چۆن سەر لە خۆم ئەشێوێنم سواری فڕۆکەی تورکیی ببم.
تریفە دەڵێ: بەڕاست ئارا تۆ هیچ بیر لە گەڕانەوەیەک ناکەیتەوە بۆ کوردستان؟ هیچ نەبێت کەسوکارەکەت ببینە و دایکت ببینە، کوڕە خۆ ئەو دایکەت وەختە شێت بێت بۆت، دەزانم تۆ هەندێ شت هێشتا لە دڵتا ماوە و کاتی دەوێت هەتا بتوانیت لێبووردنت بەرانبەریان هەبێت، بەڵام دەزانیت ئەو دایکەت چەند دڵخۆش دەبێت بە دیدەنت؟
ئارا دەڵێ: دەزانم، دایکم زۆر پێویستی بە دیدەنی منە، بەڵام هێشتا ناتوانم، کاتم دەوێت.

ئارا سەر دەخاتە سەر شانی تریفە و دەڵێ: گوڵە گیان پێدەچێت ئەمەش چارەنووس بێت، من هێشتا ئەو دڵنیاییەش نابینم کە دەنگ بدەم بەوەی ڕۆژێک دادێت دەگەڕێمەوە، من زۆر جار سواری پشتی ئەسپی گەڕانەوە بووم و دابەزیوومەتەوە. پاشانیش من ئەم باسە ئازارم ئەدات ئەتوانین باسەکەمان بگۆڕین بۆ شتێکی تر گوڵە گیان؟

تریفە توووند دەستی ئارا دەگرێت و دەڵێ: بمبوورە ئارا گیان دییەکەم، ویستم نەبوو ئازارت بدەم ئیتر لێکدوانەکە لە فڕۆکەی تورکیی ئاگر تێبەربووەوە هات.

ئارا خەندەیەک دەیگرێت و دەڵێ: گوڵە گیان گۆرانییەکم بۆ دەچڕیت؟ حەزم لە مەزهەری خالقییە،

تریفە تەماشایەکی ئەملاوئەولای خۆی دەکات دەڵێ: دییەکەم گۆرانیی چی باوەڕبکە مەگەر بچرپێنم بە گوێتا.

ئارا دەڵێ: قەیناکە واش خۆشە.

تریفە دەم دەنێت بە گوێی ئاراوە بۆ ئەوەی گۆرانیی بڵێ، بەڵام هەناسەی تریفە ئەوەندە گەرمە ئارا دەخاتە پێکەنین و ختووکەدان، بۆیە ئارا گوێی دوور دەخاتەوە و هەردووکیان دەکەونە پێکەنین، دیسان تریفە هەوڵدەداتەوە جارێکی تر دەم بنێ بە گوێی ئاراوە هەمدیسان ئارا ختووکەی پێدا دێتەوە و دوور دەکەوێتەوە.

تریفە دەڵێ: جا ئەمە چۆن وا دەبێت من دەم بنێم بە گوێتەوە و تۆش ختووکەت بێت، کەواتە هەر لە دوورەوە من وەک کەڕ و لاڵ دەستم و لێوەکانم دەجوڵێنم تۆش تێم بگە. تریفە دەستدەکات بە دەم و لێو جوڵاندن و دەست و پل بەرزکردنەوە و سەری خۆی بەلای ڕاست و چەپدا ئەجوڵێنێت و چاوەکانی لێ جوقاندووە و چۆتە گەش و هەوای گۆرانیی وتنەوە.

ئارا کەوتۆتە پێکەنین و بە تریفە دەڵێ: باشە باشە بەسە بەسە تەواو خەریکە ڕیخۆڵەم ئەبچڕێت لە پێکەنیندا، هەڵی بگرە بۆ ماڵی شیلان.

تریفە بە ڕووخسارێکی شیرینەوە وەک ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبێت دەڵێ: ها دەنگم خۆش بوو؟

ئارا دەڵێ: ئا ئا هەر زۆر بەڵام هەڵی بگرە بۆ ماڵی شیلان من وا سکم تەقی ئەوەندە پێکەنیم پێت. لەناکاودا کیژۆڵەیەک بە خۆی و چوارپێچەیەکی چکۆلانە خواردنەوە دێتە بەردەمیان و دەڵێ: بەیانییتان باش. نانخواردنی بەیانییمان هەیە چیتان حەز پێیە بیخۆن؟ چا کافێ پەنیر باستووڕمە؟ چیتان حەز لێیە؟

ئارا و تریفە بەیانیی باش لە خاتوونەکە دەکەن و دەڵێن: ئێ دیسان خواردن، ئارا دەڵێ: من پەنیر و کافێم دەوێت.

تریفە دەڵێ: من چا و پەنیر.

خاتوونەکە خواردنەکەیان بۆ دەخاتە سەرمێزەکەی بەردەمیان و هیوای چێژێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت و دەڕوات.

ئارا و تریفە دەستدەکەن بە خواردن و تریفە دەڵێ: ئارا گیان ئیمڕۆ پیشەمان هەر خواردنە

هەتا لە سویدن دێینەوە هەر یەکەمان لانی کەم پێنج کیلۆ زیاد دەکەین.
ئارا دەڵێ: پەندێکی پێشینانی کوردیی هەیە دەزانی دەڵێ چی؟
تریفە دەڵێ: چووزانم خۆ تۆ پەندەکەت نەگووتووە تا بزانم مەبەستی پەندەکە چییە.
ئارا دەڵێ: کورد دەڵێ: من کەری خۆم بەستۆتەوە.
تریفە ئەیداتە قاقای پێکەنیین و دەڵێ: جا خۆ منیش هی خۆم لە مێژە بەستۆتەوە بە گوریس. ئارا ئەزانی قسەی خۆمان بێت هەندێک پەندمان هەیە بەڕاستیی مرۆڤ ڕووی نایەت بیڵێت، ئاخر کەر بەستنەوە و ئەم بابەتەی قەڵەویی یانی چی؟ یان ماین و ژن یان تفەنگ و ژن، بەڕاستیی من هەندێکیان بە لۆگیک نازانم.
ئارا پاروویەکی چکۆلانە پەنیری بەدەستەوەیە و تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: ئەی تۆ ئەوە بۆ ناڵێیت کە دەڵێ: ژنت بە دەست خەڵکەوە بێت بەڵام ماڵت بە دەست خەڵکەوە نەبێت. واتە دیسان بوونی ماتریاڵ بە بەهاترە وەک لە بوونی ژنێک وەک مرۆڤ. لە نێوەندی قسەکردنی ئارادا کیژۆڵەیەکی دیکەی تری ناوفرۆکەکە بە خۆی و دیسان چوارپێچکەیەکی چکۆلانەوە کە خواردن و خواردنەوە و کەلوپەلی وردەواڵەی لەسەرە لەبەردەمی ئارا و تریفەدا قووتدەبێتەوە و دەڵێ: هیچی ترتان پێویست نییە بەڕێزان؟
ئارا نیگایەکی نەرم دەهاوێتە کیژۆڵەکە و دەڵێ: نەخێر سووپاس بەڕێزم.
تریفە چاوێک بە سەرمێزی چوارپێچکەکەدا دەخشێنێت و بۆنێکی "بۆس" بەدی دەکات و دەڵێ: ببوورە خانم من شتێکم گەرەکە.
کیژۆڵەکە ڕادەوەستێت و دەڵێ: بە چاوان خانم بفەرموو.
تریفە دەستنیشانی پاکەتێکی چکۆلانە لە بۆنی "بۆس" دەکات و دەڵێ: ئەو بۆنەم دەوێت.
ئارا دێتە قسە و دەڵێ: تریفە گیان ئەو بۆنە پیاوانەیە گوڵم.
تریفە بزەیەک دەکات و دەڵێ: دەزانم پیاوانەیە منیش بۆیە دەیکڕم، خۆ پیاوی وا هەیە هەتا خۆشەویستیی و دیاریی بدەیتێ هێشتا کەمە و مرۆڤ هەست بە ئاسوودەییی ناکات.
کیژۆڵەکە بۆنەکە ئەداتە دەست تریفە و دەڵێ: یانزدە مارک و نەوەت و نۆ پفینک دەکات بەڕێزم.
تریفە دەست دەکات بە جزدانەکەیدا و پارەکە ئەداتە کیژۆڵەکە و هەردوولا سووپاسی یەکتر دەکەن و کیژۆڵەکە بەرەو پێشتر دەکەوێتە ڕێگا. ئینجا تریفە ڕوودەکاتە ئارا و بۆنەکەی دیاریی دەکات و دەڵێ: دییەکەم ئەم بۆنە بۆ تۆ ماڵەکەم، حەزمکرد هەرهیچ نەبێت بەم بۆنە کەمێک زاخاوی خەمەکانی ئەم بەیانییەت بدەمەوە کە زۆر بە دڵتەنگییەوە بە ئاگا هاتیت لەخەو.
ئارا لە لاتەنیشتەوە باوەشێکی توند دەکات بە تریفەدا و دەڵێ: سووپاس کە هەیت. بەڕاستی وا هەستدەکەم کە تۆ نەگ بەس بە تەنها ژنم بیت یان خۆشەویستم بیت بگرە لە یەککاتدا هەموو کەسێکیت لە بۆ من و بگرە زۆ جاریش دەبیتە پسیشۆ تێراپۆیتێک بۆ من کە بە تەنگ خەم و لێکدانەوەکانمەوە دێیت. دڵنییام کە تۆ دەروونناس نیت بەڵام هێندەی دەروونناسێک دەتوانیت هێورمبکەیتەوە. سووپاس تریفە گیان سووپاس گوڵم. بە هیوام کە

منیش بتوانم ڕۆژێک لە ڕۆژان بە بارتەقای ئەم هەموو سۆز و خۆشەویستیی و دڵسۆزیی‌یەت پاداشتی تۆ بدەمەوە لە جێگەی خۆیدا.
تریفە دەستێک بە ڕوومەتی ئارا دا دێنێت و دەڵێ: سووپاس ماڵەکەم زۆر بە ناسکیی و زۆر بە دڵگەورەییی‌یەوە هەستەکانی خۆت بەرانبەر بە من دەربڕی. بەڵام من هیچم نەکردووە بۆ تۆ، بگرە من هەرچی دەکەم دانەوەی پاداشتی خۆتە، من هەرچی بکەم بۆ تۆ هێشتا بەقەد تۆم پێناکرێ کە لە بۆ منت کردووە. منیش خۆم بە قەرزاربار دەزانم وە بێجگە لە هەست و سۆز و دڵسۆزیی هیچی ترم لەدەست نایەت بیکەم، دیارە من ماڵی دونیا و سامان و زێڕ و پارە بە پاداشت نازانم چونکە ئەو شتانە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی و مرۆڤ دەتوانێت بە هەوڵ و تێکۆشان ببێتە خاوەنی پارە و زێڕ و سامان، بەڵام ئایا هەموو کەس دەتوانێت ببێتە مرۆڤێکی خاوەن هەست و سۆز و دڵ گەورە و خاوەن هەستی هاریکاریی و دڵسۆزیی و مرۆڤ پەروەر وەکوو تۆ؟ دڵنییام نەخێر. ئارا گیان باوەڕ بکە لەم ڕۆژگارەدا بە دەگمەن مرۆڤی وەکوو تۆ هەن. تۆ ئامادەیت هەموو شتێک بدەیتە بەرانبەرەکەت کە لەگەڵت گوزەر دەکات بەتایبەت بۆ ژن تۆ یەکپارچە هەست و سۆزیت. خۆزیا ئەمن هەر لەسەرەتاوە تۆم بناسیایە، خۆزیا بەس ئەتوو لە تەمەنی جاحێڵیی و پیریيم دا بوویتایە. بەڵام مەخابن بڵێم چی کە کیژێکی بەدبەختی خانەوادەیەکی کوردم، دیلم دیلی دەستی یاسا کۆمەڵایەتیی‌یە نالەبارەکان، دیلی دەستی یاسا ئاینیی‌یەکان، دیلی دەستی یاسا عەشایەرییی‌یەکان، دیلی ئەوەم خۆم خاوەنی بڕیاری خۆم نیم کە لەگەڵ کێ دەژییم و کێم دەوێت و چیم دەوێت. بەڵکوو من بەس بەتەنها بوونیەتێکم کە هەڵسووکەوتم و دانیشتنم و هەڵسانم بە دەست خەڵکانی ترەوەیە وەک دەزگایەکی تەکنەلۆژیاییی بە کۆنترۆل دێم و دەچم. ئاخر لەم ڕۆژگارەدا کەی باوی زۆرەملێیی ماوە؟ کاکە گیان من بەرلە حەوت دانە ساڵ بە زۆرەملێیی نووساندوویانم بە کەسێکەوە کە نامەوێت و خۆشم ناوێت و ناتوانم تەماشای نێوچەوانیشی بکەم، هەر بگرە بۆم نییە تەماشای بکەم، دەبێت شەوان لە دوای ئەوەی ئەو خەوت من بنووم و بەیانیان پێش ئەو لەخەو هەڵبستم و نانخواردنی بەیانیی بۆ ئامادە بکەم و دەزگایەک بم لە ماڵەکەیدا بۆ دروستکردنی منداڵ و پاککردنەوەی ماڵ و دروستکردنی خواردن. حەوت دانە ساڵ من بە هەوڵ و تەقەلای خۆم هەموو ڕێگاکانم تاقیکردەوە بۆ دەربازبوون لەم جەهەننەمە، ڕاکردن بۆ ماڵەباوک پاشان بە شەق دەیانناردمەوە، ڕاکردن بۆ ماڵە مام پاشان بە شەق دەیانناردمەوە ڕاکردن بۆ ماڵە برا پاشان بە شەق دەیانناردمەوە. هەمووی لە پێناوی ئابڕوو نەچووندا وایان دەزانی کە کچەکەیان وازی لە ماڵ و مێرد و منداڵ هێنا ئیتر ئابڕوویان نامێنێت. ئاخر نەگبەتیی‌یەکەی ئێمە لەوەدایە کە ئابڕوومان وا لە دەرپێی ژنەکانماندا نەگ لە کردەوەدا، بڕۆ بزانە چەند ساڵە هەزاران ڕۆڵەی جوان و قارەمان و ئازامان لەخۆمان بە دەستی خۆمان کووشت هەتا ئێستا کەسێک گووتی ئەرێ بەڕێزینە ئێوەی یەکێتیی و پارتی دیموکرات کەسانێکی بێ ئابڕوون؟ هەتا ئێستا کەسێک بەو مستەشار و جاش و خۆفرۆشان و ئەنفالچییانە دەڵێ ئێوە خەڵکانێکی بێ ئابڕوون ئێوە چی دەکەن لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی و پارتی دیموکرات و فلان و فیسار لایەن

دا؟ نەخێر هیچ کەس ناڵێ، چونکە ئابڕوو لەلای ئەمانە وا لە دەرپێی ژنان دا و هیچی تر نا. ئێستاش ئەوە وا بۆ ماوەی ساڵێک دەچێت کەم تا زۆر من لەگەڵ تۆدا دەژییم، هەرچەندە جار بووە بە دوو مانگ من دوورکەوتوومەتەوە لە تۆ ئەویش بە ویستی خۆم نەبووە بگرە بە ویستی هەڕەشە و فشار بۆ هێنانی کەسوکار و کۆنە مێرد و کۆمەڵێ شتی نابەجێ، ئەوەی هەتا ئێستا من تێیناگەم ئەوەیە کە من لە دادگا لەم پیاوە جیابوومەتەوە ئەوەتا بەڵگەنامەکانم لە ماڵەوە هەمووی بە مۆرکراویی هەیە، کەچی هێشتا دەستەڵاتێکی پتەوی بەسەر مندا هەیە و هیچ لە کەسوکارەکانم نە دایک و باوک نە برا نە مام نە هیچ کەس ناڵێت ئەرێ کابرا تۆ چیت دەوێت لەم کچەمان بۆ وازی لێناهێنیت؟ بگرە ئەوان خۆیان لە پشتی داواکانی ئەو کۆنە مێردەمەوە دەوەستن. وا بۆ ماوەی یەک دانە ساڵ دەچێت من بۆ چرکەیەکیش چییە لەگەڵ تۆدا ناکۆکیم نەبووە و لێم نەبیستوویت دەنگ بەرز بکەیتەوە بەسەرمدا یان کارێکی وەها بکەیت کە دڵگران بم پێی، ئەمانە هەموو ئەو بارودۆخانەن کە من نایناسم و نەمبووە لە ژییانی ڕابردوومدا. بۆیە من لە کانگای دڵمەوە ئاواتی ئەوە دەخوازم لەگەڵ تۆدا پیر بم و لەلای تۆ بمرم. بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و بگرە مەحاڵە وە دڵنییاشم لەوەی ڕۆژێک دادێت من و تۆ بۆ هەتا هەتاییی لێکدادەبڕێین بەڵام کەی نازانم، بۆیە دەمەوێت هەموو چرکەیەکی ژییانم لەگەڵ تۆدا بە ئاسوودەییی بەرمەسەر. لەناکاو پیلۆتی فڕۆکەکە ئاگاداریی‌یەک پێشکەش دەکات و دەڵێ: لەچەند خولەکی داهاتدا دەگەینە فڕۆکەخانەی فرانکفورت تکایە هەموو خۆتان ببەستنەوە و ئامادەی نیشتنەوە بن. تریفە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: پێموابێت ئەم پشووەم پێویست بوو بۆ ئەوەی لە

قوڵاییی ئەم باسەدا تووشی هەناسە سواریی نەبم. ئارا گیان خۆت ببەستەوە دەنیشینەوە. ئارا سەری تریفە دەگرێت و دەینووسێنێت بە سنگی خۆیەوە و دەڵێ: خۆشم دەوێیت هەتا ئەو چرکەیەی لەگەڵ تۆدا بم ئاسوودەم و ئەتپارێزم لە هەموو دەستدرێژیی‌یەک، تۆ مرۆڤێکی دڵ گەورە و بەخشندەیت کێ دڵی دێ تۆ ئازار بدات؟

پاش چەند چرکەیەک فڕۆکەکە سەربەرەوخوار دەبێتەوە و لە پەنجەرەکانەوە شاری فرانکفۆرت وەدەردەکەوێت و تریفە سەری لەسەر سنگی ئارا لا دەبات و دەڵێ: ئارا گیان تەماشای فرانکفورت بکە لێرەوە چەندە جوانە. ئەها ئەوەندەی نەماوە بنیشینەوە هەر چەند چرکەیەکمان ماوە، پاش چەند قسەیەک فڕۆکەکە بە فڕۆکەخانەی فرانکفورت دەگات و دەنیشێتەوە. تریفە هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: خۆ لە چاوترووکانێکدا هاتینە فرانکفورت بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین. بەو شەمەندەنەفەرەش هەتا دەگەیتە هامبورگ جەرگت دێتە دەرەوە، جا وەرە هەتا ستۆکهۆڵم، بۆ خۆت ئەبیت بە شێلمی کوڵاو. خۆشییەکەی لەوەدایە لە گێرمە و کێشەی جانتا ڕزگات دەبێت هەتا ستۆکهۆڵم، ئێمەش ئەڵێی ماڵ ئەگوێزینەوە ئەچین بۆ هەر شوێنێک بارێکی قورس لەگەڵ خۆماندا ئەبەین. نەفەرەکان لە فڕۆکەکەوە ڕاستەوخۆ بە هۆی لولەیەکەوە کە پێیدا تێدەپەڕن دێنە ناوهۆڵی فڕۆکەخانەی فڕانکفورتەوە، ئیدی وردە وردە هەریەکەیان لە هێڵی داهاتی خۆی دەگەڕێت بۆ شوێنی مەبەست. هۆڵی فڕۆکەخانەی فرانکفورت هۆڵێکی گەورە و زەبەلاحە چەندیین

ڕێڕەوی دوور و درێژی هەیە کە بە هۆی پلیکانە و پیادەڕەوی کارەباییی‌یەوە کار دەکەن،
ئارا دەڵێ: تریفە گیان تا ئێستا هاتوویتە ناوفڕۆکەخانەی فرانکفورتەوە؟
تریفە دەڵێ: نەخێر ئەمە یەکەمجارمە. بەڵام وا دەردەکەوێت فڕۆکەخانەیەکی گەورەوگران بێت.
ئارا دەستی تریفە دەگرێت و دەڵێ: بەڵێ زۆر گەورەیە و یەکێکە لە فڕۆکەخانە دەوڵەمەندەکان و بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا. ئارا و تریفە بە پیادەڕەوێکی دوور و درێژدا ڕێگە دەبڕن هەتا بچنە سەرهێڵی داهاتیان بۆ فڕیین بەرەو ستۆکهۆڵم، لە پێشیانەوە ژنێکی تەمەن "سی" ساڵە و منداڵێکی "دە" دوانزدە ساڵانە دەڕۆن، منداڵەکە زوو زوو ئاوڕێک بۆ ئارا و تریفە ئەداتەوە و خەندەیەکیان تێدەگرێت. لەناکاو منداڵەکە ڕووی دەمی دەکاتە ئارا و دەڵێ:
من تۆ ئەناسم.
ئارا خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: بە ڕاست کوڕە جوان؟ ئاخ بەداخەوە ببوورە ناوەکەتم بیرچۆتەوە ناوت چی بوو؟
منداڵەکە خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: "کلاوس" پاشان سەرێک دادەخات و دەڵێ: خۆ منیش نازانم ناوت چییە، بەڵام ئەتناسم.
ئارا کەمێک هەنگاوەکانی لەگەڵ تریفەدا خێراتر دەکات هەتا بگەنە نزیکی ژن و منداڵەکە، پاشان دەستی تەوقەیەک بۆ دایکی منداڵەکە درێژ دەکات و سڵاوی خۆی بە دایکی منداڵەکە دەگەیەنێت، تریفە هەمانشێوە سڵاو لە ژنەکە دەکات و دەستێک بە ڕووخسار و قژی منداڵەکەدا دێنێت و سڵاوی لێدەکات، پاشان ئارا تەوقەیەک لەگەڵ منداڵەکە دەکات و پێی دەڵێ: کلاوس گیان من ناوم "ئارا"یە، زۆر خۆشحاڵم جارێکی تر یەکترمان بینییەوە.
کلاوس قسەکان بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: بۆچی جارێکی تر؟ ئێمە هەتا ئێستا یەکترمان نەدیوە. ئەمە یەکەمجارە بەرەو ڕووی یەکبینەوە.
دایکی منداڵەکە داوای لێبووردن لە ئارا دەکات و دەڵێ: تکایە بەڕێز ببوورە، کلاوس منداڵە و حەز بە گاڵتە و گەپ زۆر دەکات، تکایە دڵگران مەبن.
کلاوس تەماشایەکی دایکی دەکات و دەڵێ: دایە گیان بەڵام من ئێستا لەگەڵ ئارا دا گاڵتە و گەپ ناکەم، من ئەم پیاوە دەناسم، بۆچی ئەیناسم؟ نازانم!
دایکی کلاوس دەستێک بە قژی منداڵەکەیدا دەهێنێت و دەڵێ: دەزانم ماڵەکەم کە دەیناسیت، لەوە دڵنیام بەڵام بیربکەرەوە بزانە لە کوێ دیووتە.
کلاوس دەڵێ: بەڵێ دەزانم، بەڵام ئێستا لە بیرکردنەوەم دا نییە لەکوێ ئارام دیوە. ڕێڕەوە کارەباییی‌یەکە کۆتایی پێدێت و ئارا لە دایکی منداڵەکە دەپرسێت بۆ کوێ دەفڕن؟ دایکی کلاوس دەڵێ: لە ڕاستیدا ئێمە لە "مایۆکا" گەڕاوینەتەوە و بەرەو ماڵەوە دەفڕیین چاوەڕێدەکەین هەتا فڕۆکەی داهات بەرەو بەرلیین دەفڕێت.
ئارا بزەیەک دەکات و دەڵێ: ئێ زۆر چاکە ئێمەش چاوەڕێدەکەین هەتا فڕۆکەکەمان بەرەو ستۆکهۆڵم دەفڕێت، ئێمەش کاتمان هەیە ئەگەر پێتان خۆشە پێمخۆشە بچین دابنیشین کافێیەک بخۆینەوە.

دایکی کلاوس دەڵێ: بەخۆشییەوە، ببوورن من خۆمم پێ نەناساندن، من ناوم "سلڤیا"یە.
ئارا خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: منیش ناوم" ئارا"یە، ئەویش ژنەکەمە ناوی "تریفە"یە.
کلاوس دێتە نێو قسەکانەوە و دەڵێ: ئارا من زۆر پێمخۆشە تۆ پیاوی دایکم بوویتایە، دایکم پیاوی نییە و ئەوە یەک ساڵە باوکم بەجێیهێشتووین. باوکی من وەک تۆ دڵ گەورە و نەرم نەبوو، پیاوێکی دڵڕەق و تووڕە بوو، قەت نەمدیبوو باوکم ئاوا وەک تۆ بە سۆزەوە دەستی دایکم بگرێت و ڕێزی لێبگرێت. باوکی من هەموو کات سەرخۆش بوو. خۆزگە تۆ پیاوی دایکم دەبوویت.
سلڤیا قسەکان بە کلاوسی کوڕی دەبڕێت و دەڵێ: کلاوس گیان بۆت نییە ئەو قسانە بکەیت ماڵەکەم، ئەوانە قسەی ژییانی تایبەتن، ناتوانیت بۆ خەڵکی بێگانەی باس بکەیت.
کلاوس بە سەرسوڕمانێکەوە وەڵامی دایکی ئەداتەوە و دەڵێ: بەڵام ئارا بێگانە نییە، من ئارا دەناسم، بەڵام ئێستا بیرم نایەتەوە لە کوێ ئارا دەناسم.
سلڤیا دیسان داوای لێبووردن لە ئارا و تریفە دەکات و دەڵێ: ببوورن تکایە، کلاوسی کوڕم، مرۆڤێکی ئاسایی نییە، توانایەکی لە سنور بەدەری هەیە لە هەستەکاندا، تا ئێستا بۆ لای چەند دکتۆرێکی دەروونییم بردووە، دکتۆرەکان دەڵێن: کلاوس نەخۆش نییە، بەڵکوو لە سنور بەدەر توانای هەستپێکردنی هەیە. بۆیە لە هیچ کاتێکدا ڕێگە لە دەربڕیینی قسەکانی مەگرە.
ئارا کەمێک دەحەپەسێت و تریفەش ڕەنگێک دەهێنێت و ڕەنگێک دەبات، ئارا دەست بۆ قژی دەبات و کەمێک سەری خۆی دەخورێنێت و دەڵێ: کەواتە کارێکی زۆر ئاساییە کە کلاوس منی بە دەست کەوتووە، بڕواش بە کلاوس دەکەم، کلاوس منی دیوە و من دەناسێت زۆر بە دڵنیاییەوە.
کلاوس تەماشایەکی دایکی دەکات و دەڵێ: نەمگووت دایە گیان من ئارا دەناسم، خۆ درۆ ناکەم.
سلڤیا باوەشێک بە کلاوس دا دەکات و دەڵێ: دەزانم ماڵەکەم دەزانم، بەڵام تۆ ناکرێت لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئاوا خەڵک ڕابگریت و لە ئیش و کاریان بکەیت. سلڤیا بە ئارا و تریفە دەڵێ: ئەڵێن چی بابچینە ئەم قاوەخانەیەی بەردەممان دابنیشین.
تریفە دەڵێ: بۆ نا بابچین. هەموو پێکڕا دەچنە قاوەخانەکە و دادەنیشن. ڕاستەوخۆ کوڕێکی جاحێڵ بەرەو ڕوویان دێت و بەخێرهاتنیان دەکات و دەڵێ: فەرموو بەڕێزان ئارەزووی چیتان هەیە بۆ خواردن و خواردنەوە؟
کلاوس یەکەم کەس دێتە قسە و دەڵێ: من جارێ منداڵم بۆم نییە قاوە بخۆمەوە، من شەربەتێکی پرتەقاڵ و قاشێک کێکی میوەم دەوێت.
هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین و پێکڕا دەڵێن: ئافەرین کلاوس. سلڤیا دەڵێ: دەکەواتە بۆ ئێمەی گەورە سێ قاوە بێنە بەڕێزم. سلڤیا، ژنێکی ئەڵمانیی قەد باریک و کەمێک ناوەنجییە لە باڵادا، ڕووخسارێکی شیریین و جوان سپیکەلەی هەیە، چاوەکانی شیین و

قژێکی قاوەیی کاڵی هەیە، ژنێکی هەتا بڵێیت ئێسک سووک و ڕۆح شیرینە. پاشان ڕووی دەمی دەکاتە ئارا و دەڵێ: ئارا بەڕاستت بوو کە بە کڵاوست گووت: من باوەڕ بە کڵاوس دەکەم کە من دەناسێت و منی دیوە، یان ویستت دڵی کڵاوس ڕابگریت؟

ئارا ڕاستەوخۆ وەڵامی سلڤیا ئەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ زۆر بەڕاستم بوو، بەبێ هیچ هینتەرگرووندێک. من باوەڕ بە کڵاوس دەکەم، چونکە لەم کاتەدا کۆمەڵێک گێژاوی دەروونیی و پاراسایکۆلۆژی لە ژییانی ڕۆژانەی مندایە کە خۆشم نازانم چۆن شیکاریان بکەم. بۆیە باوەڕم بە کڵاوس هەیە، دڵنییاشم کڵاوس دەتوانێت زۆر یارمەتییم بدات.

سلڤیا بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێ: چی کڵاوس ئەتوانێت یارمەتییت بدات؟

ئارا سەرێکی بۆ ئەلەقێنێت و دەڵێ: بەڵێ بە دڵنیاییەوە. کوڕە کارمەندەکە دێتەوە لایان و داواکانی لەسەر سینییەک بۆ داناون و یەکە یەکە ئەیانخاتە بەردەمیان و هیوا دەخوازێت چێژێکی خۆشی لێ ببینن، ئەوانیش سووپاسی دەکەن و کوڕەکە بەجێیان دەهێڵێت و دەڕوات. تریفە لەگەڵ کڵاوس دا خۆی خەریککردووە و پێکەوە سەرقاڵی قاوە خوارنەوە و کێک خواردنن. کڵاوس بە تریفە دەڵێ: ئەزانم حەزت لێیە قاشێکت بدەمێ وەرە شەرم مەکە لەگەڵم بخۆ، کێکەکە گەورەیە بەشی منداڵێک و گەورەیەکیش دەکات. تریفە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: ئەی کڵاوسە ساختەچی ئەم قسە زلزلانە لە کوێ فێر بوویت؟ کڵاوس دەڵێ: لە دایکمەوە. دایکم زۆر قسە خۆشە و زۆر گاڵتە چییە، بەڵام باوکم وا نەبوو زۆر پێچەوانەی دایکم بوو، نازانم ئەم دایکەی من چۆن تووشی باوکم بوو بوو. دایکم دەبوایە ئارای بناسیایە ئارا دەتوانێت ڕێز و نرخی دایکم پێ بزانێت و دایکم ئاسوودە دەبکات.

تریفە دەستێک ئەخاتە ژێر چەناگەی و بە وردی گوێ بۆ قسەکانی کڵاوس شل دەکات. پاشان دەڵێ: چۆن دەزانێت کڵاوس مرۆڤێکی باشە.

کڵاوس دەڵێ: من ئەتوانم ناخی ببینم، لە دڵی ئارا دا بێجگە لە گوڵ هیچی تر نابینیت.

تریفە قسەکان بە کڵاوس دەبڕێت و دەڵێ: ئاخر خۆ ئارا ئێستا ناتوانێت ببێتە پیاوی دایکی تۆ چونکە پیاوی منە.

کڵاوس هەناسەیەک هەڵدەمژێت دەڵێ: بەڵێ دەزانم، بەڵام ڕۆژێک دێت ئیتر کڵاوس هی تۆ نییە.

تریفە دەڵێ: ئەی ئارا دەبێتە هی کێ؟

کڵاوس دەڵێ: نازانم لەوانەیە هی هیچ کەس.

تریفە زۆر سەری لە قسەکانی ئەو منداڵە سوڕدەمێنێت و تەواو تەواو بیرکردنەوەی داگیرکردووە. پاشان تریفە ئۆقرەی لەبەردەبڕێت و دەڵێ: ئەی من ئەبم بە هی کێ کڵاوس؟

کڵاوس دەڵێ: تریفە من تۆم نەدیوە پێشتر، بەڵام تۆش لە داهاتدا هی ئارا نیت، تۆش چارەنووسێکی ئاڵۆزت هەیە.

سلڤیا زۆر خۆشحاڵە بەوەی ڕێکەوتی ئارای کردووە، زۆر بە قوڵیی هەردووکیان چوونەتە نێو باسکردنی ژییانی تایبەتی خۆیان و بوونیەتی کڵاوسەوە. سلڤیا دەڵێ: دوای گەرانەوەتان لە وڵاتی سوێدن دەبێت بە دڵنیاییەوە بێنە بەرلین بۆ سەردانمان.

ئارا بەڵێن ئەدات بە گەڕانەوەیان لە سویدن بۆ کۆتایی هەفتەی داهات بێنە بەرلین بۆ سەردانی سلڤیا و کڵاوس. لە ناکاودا کوڕی قاوەخانەکە دێتەوە لایان و دەڵێ: بەڕێزان هیچی ترتان پێویست نییە بۆتان بێنم؟
ئارا دەڵێ: پێمواببێت ئێمە هێندە کاتمان نەماوە دەبێت بڕۆین فڕۆکەکەمان دەفڕێت. سلڤیاش دەڵێ: ئێمەش هەمانشێوە. کەواتە با پارەی کافێکانمان بدەین و بڕۆین.
ئارا بە کوڕەکە دەڵێ: بەڕێزم هەمووی پێکەوە بژمێرە. کارمەندەکە دەڵێ: باشە بەڕێز کۆی تێکڕا دەکاتە 10،90 مارک و نەوەد پفینک. ئارا جزدانەکەی دەردێنێت و 12 مارک ئەداتە کوڕەکە و دەڵێ: ئەوی دی بەخشیشە بۆ خۆت.
کوڕەکە سوپاسی ئارا دەکات و هیوای فڕینێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت. پاشان سلڤیا و کڵاوس کەمێک دەکەونە پەلەپەل تا فڕۆکەکەیان لە کیس نەچێت. ئارا ژمارەی تەلەفوونی خۆیان لەسەر پارچە کاغەزێک بۆ سلڤیا دەنووسێت و دەڵێ: بە هیوام لە گەڕانەوەماندا پەیوەندییمان پێوەبکەیت تا سەردانتان بکەین.
سلڤیا زۆر خۆشحاڵ دەبێت و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن و هەریەکەیان ڕێگای هێڵی فڕینەکەی خۆیان ئەگرنە بەر و ئەڕۆن، لە کاتێکدا سلڤیا دەیەوێت ئەو پارچەکاغەزەی کە ئارا ژمارەی تەلەفوونی خۆیانی لەسەر نووسی بوو بیخاتە گیرفانیەوە بەرێکەوت ناچێتە گیرفانیەوە و لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە و درکی پێناکات و دەڕۆن بەرەو هێڵی فڕینەکەیان. ئارا و تریفە دەست لە ناودەستی یەکتر دەچنە بەردەمی چوونە ژوورەوە بۆ خانەی فڕین و لەناو دەرگاکەدا دەستی یەکتر بەرئەدەن و بە دەرگا لێزەریەکەدا دەچنە ژوور، لەوێشەوە وردە وردە دەڕۆن بەرەو چێکنکردنی بلیتەکانیان هەتا بڕۆنە فڕۆکەی دووهەمەوە بەرەو ستۆکهۆلم. ئارا و تریفە بە ڕوویەکی خۆشەوە دەچنە ناوفڕۆکەکەوە و ڕۆژباش لە کارمەندەکانی ناوفڕۆکەکە دەکەن و شوێنی دانیشتنەکانی خۆیان ئەدۆزنەوە و ئامادە دەبن بۆ فڕین.
لە کاتێکدا سلڤیا و کڵاوس هەمانشێوە بەرەو خانەی فڕینەکەیان دەڕۆن بە دەرگا لێزەریەکەدا تێدەپەڕن و کڵاوس هەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ئارا تۆ کێیت؟ تۆ کێیت؟ لە کوێ تۆم دیوە؟
سلڤیا دەستێک بە قژی کڵاوس دا دێنێت و دەڵێ: کڵاوس گیان خۆت ماندوو مەکە ئەزیزم کە هاتنەوە تەلەفوونیان بۆ دەکەم دێنە لامان بۆ بەرلین. سلڤیا و کڵاوس دەچنە بەردەمی شاڵتەرەکە و بلیتەکانیان چێکن دەکەن و سلڤیا دەچێتە ژوورەوە و کڵاوس بە دوایدا و لەناکاو کڵاوس هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: دایە، ئارا
سلڤیا دەڵێ: کڵاوس گیان ئەوان ئەچن بۆ سویدن نایەن بۆ بەرلین ئەوان ئێستا ئەفڕن.
کڵاوس دەڵێ: دەزانم ئێستا دەفڕن ئاخر ئەوە کێشەکەیە، ئێستا دەزانم ئارا کێیە، دەبێت بڕۆم فریای بکەوم. کڵاوس لە ناوخانەکەدا دێتە دەرەوە و دەستدەکات بە ڕاکردن. سلڤیا ڕادەکات بە دوایدا و دەڵێ: کڵاوس فڕۆکەکەمان دەفڕێت فریای ئارا ناکەوێت ئێستا ئەوانیش

دەفرن.

کلاوس ئاوڕێک بۆ دایکی ئەداتەوە و دەڵێ: دایە دەبێت فریای ئارا بکەوم دەنا ئارا دەمرێت ئێستا دەزانم ئارا کێیە. ئەگەر ئێستا من بە ئارا نەڵێم ئەوا ئارا بەم زیکانە دەمرێت لە کیس تریفە و لە کیس تۆش دەچێت. کلاوس ڕادەکات بەرەو خانەی فڕینەکەی ئارا و تریفە بە خێراییەکی زۆر بەنێو دەرگا ئەلەکرۆنییەکەدا تێدەپەڕێت و سکیوریتییەکانی ناودەرگاکە ڕادەکەن بە دوای کلاوس دا بۆ ئەوەی بیگرن نەگ مەترسییەکی هەبێت بۆ فڕۆکەخانەکە. کلاوس دەگاتە بەردەمی خانەی فڕینەکە و پیاوێک لە شاڵتەرەکە ڕاوەستاوە و کلاوس ڕادەگرێت ناهێڵێت بڕواتە ژوورەوە. کلاوس لێیان دەپاڕێتەوە و دەڵێ: تکایە ڕێگام بدەن بچمە ئەو فڕۆکەیەوە ژیانی کەسێک لە مردن ڕزگار بکەم. سکیوریتییەکان دەگەنە سەرکلاوس و دەستی دەگرن. کلاوس هەر هاوار هاوارێتی و دەڵێ ڕێگام بدەن بڕۆم دەنا هاوڕێکەم دەمرێت ڕێگام بدەن بڕۆم. کلاوس لە شوێنی خۆیەوە دەست بە هاوار هاوار دەکات و بانگی ئارا دەکات، بە جارێک هەرچی لەو فڕۆکەخانەیەدایە گوێیان لە دەنگی قیژە و هاواری کلاوسە و هەموو پێکرا سەریان لەو منداڵە سوڕماوە. هێندە نابات لە پەنجەرە گەورەکەی بەردەم شاڵتەرەکەوە کە حەوشە و سەرای فڕۆکەکانی لێوە دیارە فڕۆکەکەی ئارا دەکەوێتە جوڵە و بەرەو پێش مل ئەنێت. کلاوس داوا دەکات کە تەلەفوون بکەن بۆ فڕۆکەوانەکە هەڵنەفرێت هەتا کلاوس بێتە ژوورەوە و ئارا لە مردن ڕزگار بکات، بەڵام هیچ کەسێک گوێ لە کلاوس ناگرێت و دوو پۆلیس دێن پەلی کلاوس دەگرن و لە هۆڵەکە دەیهێننەدەرەوە، سلڤیای دایکی کلاوس بەرەو ڕووی پۆلیسەکان دێت و دەڵێ: دەستی کوڕەکەم بەربدەن تکایە ئەوە کوڕی منە. یەکێک لە پۆلیسەکان دەڵێ: ئەگەر کوڕی تۆیە بۆ ئاگات لێی نابێت هێمنیی فڕۆکەخانەکە بپارێزێت؟ سلڤیا تووڕە دەبێت و دەڵێ: کوڕەکەی من زۆر لە تۆ زیاتر هێمنیی ژییان دەپارێزێت، ئێستاش قۆڵی کوڕەکەم بەربدە. کلاوس دێتە لای دایکی و دەڵێ: ئەو بەرازانە ڕێگایان نەدام بچم بە تەنگ ژییانی ئاراوە، ئارا دەمرێت و ئەم بەرازانە بەرپرسن لە مەرگی ئارا. یەکێک لە پۆلیسەکان دێتە پێشەوە بۆ لای کلاوس و دەڵێ: بزانە چی ئەڵێیت وشەی بەراز جارێکی تر بەدەمتا نەیەت. کلاوس هێندەی تر شێتگیر دەبێت و دەڵێ: لاچۆ لەبەرچاومدا بەراز، تۆ خۆت لە خۆتا بەرازیت. سلڤیا بە کلاوس دەڵێ: بابڕۆین ماڵەکەم دەبێت خێرا بکەین دەنا فڕۆکەکەی ئێمەش دەفرێت و ئێمەش بەجێدەمێنین. کلاوس بە خەمبارییەکەوە دوای دایکی دەکەوێت و هۆڵەکە هێمن دەبێتەوە. کلاوس و سلڤیا دەچنەوە ناو هۆڵەکە و کیژۆڵەیەک داوایان لێدەکات کەمێک پەلە بکەن چونکە کاتیان نەماوە. سلڤیا و کلاوس چەند هەنگاوێک خێراتر دەڕۆن و دەچنە ناوفڕۆکەکەوە و دادەنیشن لە شوێنی خۆیان و خۆیان دەبەستنەوە و ئامادە دەبن بۆ فڕین. کلاوس هەتا بڵێیت خەمبارە و سەری ناوەبە پەنجەرەکەوە و تەماشای فڕینی فڕۆکەکانی تر دەکات و دەڵێ: ئارا دەمرێت.

سلڤیا سەری کلاوس ئەنێت بە سنگی خۆیەوە و دەڵێ: کلاوس گیان کە چووینە ماڵەوە ئەتوانین بە تەلەفوون قسەیان لەگەڵ بکەین، ئارا ژمارەی تەلەفوونی مۆبایل و ماڵەوەشیانی

بۆ نووسیووم، ئەوەتا تەماشا بکە. سلڤیا دەستدەکات بە گیرفانی دا بۆ ئەوەی ژمارەی تەلەفوونی ئارا نیشانی کلاوس بدات بەڵام گیرفانی بەتاڵە و هیچ کاغەزی تێدا نییە. سلڤیا لێرەدا زۆر خەمبار دەبێت و هەموو کون و قوژبنێکی جلەکانی دەگەڕێت و هیچ شتێکی تێدا نادۆزێتەوە. کلاوس تەماشایەکی سلڤیا دەکات و دەڵێ: دایە گیان ژمارەکەت لێ ونبووە خۆت ماندوو مەکە. تازە ئێمە ناتوانین هیچ بۆ ئارا بکەین. بینینی ئارا ئەم بەیانییە شتێکی ڕێکەوت نەبوو، ئارا بۆیە ڕووی بوو بە ڕووی منەوە هەتا من ڕزگاری بکەم بەڵام من هیچم نەکرد، من تاوانبارم لە مەرگی ئارا دا.

سلڤیا باوەش بە کلاوس دا دەکات و دەڵێ: وا مەڵێ کلاوس گیان تۆ لە هیچ شتێکدا تاوانت نییە، پاشان تۆ بۆ ئەوەنە دڵنیایت کە ئارا دەمرێت؟ بۆچی دەمرێت؟ هۆکەی چییە؟

کلاوس دەڵێ: لەتاو خەم و پەژارەی ژییانی ئاوارەیی و چارەنووسێکی نادیاری خۆیدا. بەڵام پێش مردنی ئازارێکی زۆر دەچێژێت بەدەست ژیانییەوە، ئەو دڵە پڕ گوڵ و گوڵزارە بەر ڕەشەبای پەژارەدەکەوێت و هەموو پەڕەی گوڵەکانی هەڵدەوەرێنێت. هیچی تر لە توانایدا نامێنێت بێجگە لە ونبوون و خەم خواردن. ئارا لە داهاتدا بە ئازارەوە دەمرێت، من بینیم کە چۆن خوێن لە کەللەی فیچقە دەکات و گیانی شیرینی دەردەچێت.

سلڤیا قسەکان بە کلاوس دەبڕێت و دەڵێ: بەسە کلاوس گییان بەسە تۆ تازە تەمەنت دوانزدە ساڵە نابێت ئەم دیمەنانە ببینیت. سلڤیا دەست دەکات بە گریان و فرمێسکەکانی چۆڕ چۆڕ بە ڕوومەتیدا دێنە خوارەوە. کلاوس باوەش بە دایکیدا دەکات و دەڵێ: دایە گیان ببوورە بەڵام من نەمویست خەمت بدەمێ. من سەرەتا ئەوەم بینی کە ئارا ئەو مرۆڤەیە ژییانی تۆ پڕ دەکاتەوە. دڵی ئارا پڕ گوڵەباخی سوور بوو دایە گییان. من دەمبینی تریفە لە ژییانی ئارادا نامێنێت و بەخۆشەویستیی تۆ ئاشنا دەبێت، بەڵام درەنگ ئەم درامایەم بینی، دەنا نەمدەهێشت ئارا بفڕێت یان پێش فڕینی پێمدەگووت، ئەوسا تووشی ئەو خەم و پەژارەیە نەدەبوو، دەهاتە لای تۆ و ژییانی سەرلەنوێ سەوز دەبۆوە. کوڕ و دایک بە هەنسکی گریانەوە باوەش بە یەکتردا دەکەن و دڵنەوایی یەکتر دەکەن.

ئارا و تریفە ماوەیەکە بە بێدەنگیی دانیشتوون و هیچ وتەیەک لەدەمیان نادێتە دەرەوە، وەک ئەوەی دەمیان فاقەی واق وڕمان گرتبێتی، هەر یەکێکیان چۆتە دونیایەکی بیرکردنەوەی خۆیەوە، ئارا لە دەریای لێکدانەوەکانی کلاوس دا مەلە دەکات، هێندە شەپۆلی توونڕ و تیژ داویەتی بە ڕووخساریدا وەختە هەناسەی لەبەر ببڕێت. بە پەلەقاژەیەکی زۆرەوە هەوڵ ئەدات لەو گێژاوە بێتەدەرێ و هەوایەکی حەوانەوە هەڵبمژێت، لە ناکاوێکدا ئارا شەختەی سەهۆڵ بەندانی بێدەنگیی‌یەکەیان دەشکێنێت و دەڵێ: دەبوایە من ژمارەی تەلەفوونی سلڤیام وەربگرتایە و هەر ئەم ئێوارەیە بە تەلەفوونم قسەم لەگەڵ بکردنایە. تریفە گیان تۆ دەزانیت ئەو منداڵەی سلڤیا، بوونیەتێکی ئاسایی نەبوو، بگرە هەر دیدەنییشمان نەڕێکەوت و نەنۆرماڵیش بوو. بیهێنە بەرچاوی خۆت کلاوس دەڵێ: من و تۆ هەرگیز یەکترمان نەدیوە، بەڵام من تۆ دەناسم! دەبێت کلاوس چۆن من بناسێت کەمنی نەدیبێت؟! کەواتە ئەو منداڵە هەستی حەوتەمی لە زیاد بەدەر بەهێزە، بگرە ئێستا دەزانێت

چارەنووسی من بەکوێ دەگات و چی لێدێت. دەبوایە ژمارەی تەلەفوونەکەیانم وەربگرتایە و ئیمشەو قسەم لەگەڵ کردبان.
تریفە بە دەنگێکی نزم و سەرسوڕهێنەرەوە دەڵێ: دییەکەم دەزانی من هەندێ پرسیارم لە کلاوس کرد، وەڵامەکانی زۆر سەیر بوو.
ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: وەکوو چی ئەزییزم؟
تریفە جوڵەیەک دەکات و خۆی دەنێتە سەرشان و کەمێک هەوڵ ئەدات دەنگی باشتر بکات و دەڵێ: کلاوس گووتی کە من و تۆ پێکەوە نامێنین، سەبارەت بە ژییانی داهاتمان بە منی گووت تۆ دەڕۆیت ژییانی خۆت لە شوێنێکی تر بەسەر دەبەیت، بەڵام ئارا ئاسوودە نابێت. ئەمانەش هەمووی لەوەوە هات کە دەیگووت ئارا ئەو پیاوەیە کە دایکم ئاسوودە دەکات. منیش گووتم ئاخر ئارا ئێستا ناتوانێت بۆ دایکت بێت چونکە هاوڕێی منە. ئەویش گووتی ئاخر ئێوەش لێک دەبڕێن و ئەوسا نەتۆ هی ئارایت نە ئاراش هی تۆیە، کەواتە ئەتوانێت بۆ دایکم بێت. کلاوس و قسەکانی تەواو تەواو منیشیان واق وڕماندبوو. بەڵام ئارا گیان دیمەنەکانی تۆش کە دێنە بەرچاوت بیهێنەرەوە بەرچاوی خۆت، تۆ دەڵێیت من لە هیچ شوێنێکی ئەو دیمەنانەوە وەدەرناکەوم، کەواتە من لە ژییانتا نەماوم تۆ تەنهایت لە تابلۆکانتا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قسەکانی کلاوس ڕاستە من و تۆ لێک دەبڕێین. بەڵام بەشکم سلڤیا خۆی تەلەفوونمان بۆ بکات دوای گەڕانەوەمان کە بچینە لایان ئەوسا لەوێ لەماڵی خۆیان دەتوانین باشتر لەسەر ئەم باسە بدوێین. وا هەستدەکەم سەرەتای ئاڵۆزییەکان لەم بەرەبەیانەوە دەستیان پێکردووە، هەنگاو بە هەنگاو شتی تازە دێتە ئاراوە. ئارا گیان دەبێت لە ئێستا بەدواوە زۆر بە وریایانە بڕوانینە هەموو جوڵانەوەیەک لە دەوری خۆمان تەنانەت هەڵفڕین و نیشتنەوەی باڵندەکانی دەوروبەریشمان چۆنێتیی هاتنیان چۆنێتیی ڕۆیشتنیان ڕەنگەکانیان، تەنانەت ژن و منداڵ و پیاو بە تەمەنەکانیش بە کورتیی و بە کوردیی هەموو شتێک. ئەوەشی زۆر گرنگە دەبێت ئەم گێژاوانە سەرمان نەخۆن، هەوڵبدەین تام و چێژ لە ژییان وەربگرین هەتا ئەو دوا چرکەیەی تێیدا دەژیین. تریفە ماندوو دەبێت لە لێکدانەوە و لە قسەکردن هەر دوو دەستی دەکاتە باوەشێکی سۆز بۆ ڕووخساری ئارا و ماچێکی ناودەمی ئارا دەکات و دەڵێ: دییەکەم بەسە ئیتر با چدی لەم باسە نەدوێین پێم وابێت ماندووتر دەبیت، ئێستا هەوڵبدە بنوو کەسەکەم، منیش چاوێک ئەجوقێنم هەتا ستۆکهۆڵم. ئارا و تریفە هەردووکیان پاڵ ئەدەنەوە و چاوەکانیان لە باس و لێکدانەوە و قسەکردن دادەخەن و دەنوون. پاش ئەوەی هەردووکیان بۆ ماوەیەکی کورت خەو میوانی چاوەکانیان دەبێت، یەکێک لە کیژۆڵە کارکەرەکانی ناوفڕۆکەکە دەستێک ئەخاتە سەرشانی ئارا و داوای لێبووردنی لێدەکات، کە لەخەو بەئاگای هێناوە، پرسیار دەکات ئەگەر برسییان بێت شتێک بخۆن؟ ئارا چاوەکانی چەند جارێک ئەجووقێنێت و ئەکاتەوە و بە خانمەکە دەڵێ: سووپاس خاتوون، بەڵێ برسیمە نان دەخۆم. خاتوونەکە دەڵێ: ئارەزووی چی دەکەیت سنگی مریشک و سووپی سەوزەمان هەیە . وەیان ئەگەر ئەمەشت پێخۆش نییە، ئەوا ماکەرۆنییمان هەیە بە سۆزی تەماتەوە. ئارا بە بزەیەکەوە دەڵێ: من

گۆشتخۆر نیم، تکایە ماکەرۆنییم بۆ دابنێ. بۆ هاورێکەشم بە دڵنیاییەوە مریشک.
خاتوونەکە پێدەکەنێت و دەڵێ: دیارە خاتوونەکەت گۆشتخۆرە.
ئارا خەندەیەک دەگرێتەخاتوونەکە و دەڵێ: وەک شێر وایە بێ گۆشت ناژیی. ئارا دەستێکی پڕ میهر و سۆز بە ڕوومەتەکانی تریفەدا دەهێنێت و دەڵێ: گوڵەخان هەڵبستە نان بخۆ ئەزییزم. تریفە بەئاگا دێت و تەماشا دەکات خاتوونی ناوفرۆکەکە بە دیاریانەوە وەستاوە و خەریکی خواردن دانانە بۆیان.
خاتوونەکە تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: خاتوونە جوانەکە جوامێرەکەت داوای مریشکی کرد بۆت جا نازانم هەڵبژاردنەکەی ڕاستە یان نا؟
تریفە بە پێکەنینێکەوە وەڵامی خاتوونەکە ئەداتەوە و دەڵێ: جوامێرەکەم هەموو کات شتی باش بۆ من داوا دەکات.
خاتوونەکە پێدەکەنێت و دەڵێ: کەواتە خاتوونێکی بەختەوەریت لەگەڵ جوامێرەکەتدا. خواردنێکی خۆشتان هەبێت، من دەبێت خەریکی کار بم.
ئارا بە نەرم و نیانییەکەوە تەماشای تریفە دەکات و دەڵێ: گوڵەخان دەزانیت خەوێکی زۆر قورسم هەبوو، وا هەست دەکەم هەشت نۆ کاتژمێر خەوتووم.
تریفە ماچێکی نەرمی لێوەکانی ئارا دەکات و وەک منداڵێکی ساوا ئەگەشێتەوە و دەڵێ: ئۆخەی ئۆخەی دییەکەم بەرەو باشبوون دەڕوات.
ئارا وەک ئەوەی چووبێتە دونیایەکی ترەوە لە ماوەیەکی وەها کورتدا لە خەوێکی وەها کورتدا چووە نێو ئارەزوویەکی ترەوە، وەک ئەوەی بیەوێت هەروەک چۆن پلاکی دەزگایەکی کارەبایی دەربهێنیت و بیکوژێنێتەوە هەتا بێدەنگییەک بدۆزیتەوە ئاوها بوو. ئارا پلاکی دەرهێناوە و بیرکردنەوەی ناجۆر لە بیرکردنەوەیدا نەماوە هەرهیچ نەبێت ئێستا لەم کاتەدا. تریفە بەدەم نانخواردنەوە دەڵێ: ئارا پێموایە ناخت وەیاخود ئەڵمان گووتەنیی گایستت هەست بەوە دەکات لە ماوەیەکی کورتدا دەگەینە ستۆکهۆڵم و دیدەنیی شیلان دەکەین و نایەوێت بە ڕووگرژیی چاوپێکەوتن لەگەڵ شیلاندا بکات. لەبەرئەوە کارێکی باشە، هیچ نەبێت بۆ خۆت، کەواتە ئێستا ئامادەیت دیسان پێبکەنیت دیسان بکەویتە نووکتە و قسەی نەستەق و خۆش. دیسان وەک ئەوەی ئیستۆپی چەناگەت بچڕابێت دیسان بکەویتە نێو باسی سیاسەت و فەلسەفەوە.
ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و بە تەوسێکەوە دەڵێ: دەی گوڵە گیان پێمان ڕابوێرە بۆ نا.
تریفە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: بە خودای بەڕاستمە لۆ پێت ڕادەبوێرم، ئۆکەی بەسە تەواو من تێربووم، نامەوێت زۆر بخۆم دوای شیلان لێمان توورە دەبێت، دەبێت بەشی ئەویش بهێڵینەوە، داماوە لە بەیانیی زووەوە هەستاوە خەریکی خواردن ئامادەکردنە بۆ ئێمە.
ئارا دەڵێ: منیش تەواو ناخۆم، تریفە پێموابێت هێمن و سروودیش دێن بۆ ماڵی شیلان بۆ نیوەڕۆ وانا؟
تریفە دەڵێ: با با دێن شیلان گووتی هێمن تەلەفوونی کردووە وتوویەتی ئێمە دەچین بە

شوێن ئارا و تریفەدا، بەڵام شیلان ڕازی نەبووە وتوویەتی خۆم ئەیانهێنمەوە. لەم قسانەدا و خاتوونەکان دێنەوە بۆ کۆکردنەوەی قاپە بەتاڵەکان و پاککردنەوەی مێزەکان، تریفە سینیەکەی بەردەمی خۆی هەڵدەگرێت و دەڵێ: دەستتان خۆش بێت خۆش بوو. ئاراش سینیەکەی خۆی بۆ بەردەمی خانمەکە درێژ دەکات و دەڵێ: دەستتان خۆش بێت سووپاس.

خانمەکەبە ڕوویەکی خۆشەوە سووپاسیان دەکات و دەڕوات.

تریفە دەڵێ: ئارا ناخەوینەوە هێندەمان نەماوە ئەها هەرهێندەی خانمەکان سینیەکانیان کۆکردەوە و دەستیانکرد بە جگەرە و بۆن و ئەلکهول فرۆشتن ئیدی دوای کەمێکی تر دەگەین. گوێبگرە ئارا، پێتوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان حەسەن زیرەکێکی تر لەدایک بێتەوە؟ یان سالح دیلان؟ یان خارە تایەر؟ یان سێوە؟

ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: هەتا ئێستا بینیت ئەفلاتوونێک، سوقراتێک، کانتێک، ئاینشتاینێک، کارل مارکسێک، زیگموند فرۆیدێک لەدایک بێتەوە؟

تریفە قایمتر پێدەکەنێت و دەڵێ: جا کوڕی خوا ئەوانەی تۆ ناوت هێنان و من ناوم هێنان زەویی و ئاسمانیان جیاوازە. تۆ نموونەی دۆزەرەوە و پسیشۆلۆگ و فەیلەسوف بۆ من دەهێنیتەوە نەگ گۆرانیی بێژ. هیچ نەبێ بڵێ: بتهۆڤنێک، مۆتسارتێک، باخێک، ئێلڤیسێک، کوڕە نازانم کێیەک. ئێمەی کوردی داماو هەر ژێردەستە و دەروێشی ئیسلام بووین، لەکوێوە بۆمان لواوە کانتێک یان فوکۆیەک و فرۆیدێکمان هەبێت. سەری بگریت و قنی بگریت شێخمارفی نۆدێ و مەلای گەورەی کۆیە و مەولاناخالیدی نەقشبەندییمان هەبووە.

ئارا دەستێک بۆ سەری دەبات و دەڵێ: ئۆکەی باشە کەواتە ئێمەی داماو لەوانەشدا بێبەشین. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەڵێم نەخێر. بە ناشکوریی نەبێت گۆرانییبێژەکانی ئێستا گوێی مۆسیقیی تێک ئەدەن. چەند کەسێک نەبێت ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ئیتر مەبەستم لە ناسر و نەجمە و عەدنان و بێژەن و عەزییری شارۆخیی و لەم دوا بەدوایانەشدا خەڵکانی وەک حەسەنی دەرزیی و بەهجەت یەحیا هاتنە ئاراوە. ئا کەریم کابانم بیرچوو، من کەریم کابانم زۆر خۆشدەوێت زۆر چێژ لە گۆرانییەکانی وەردەگرم. بەڵام دڵنیابە نە ناسر نەکابان نە نەجمە ئەمانە کەسیان لەدایک نابنەوە. بەڵام لەوانەیە لە داهاتدا هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیی پێشبکەوێت. ئێستا کورد کێشەی زۆرە، کێشەی نەتەوەییی کێشەی ئابووریی و ڕامیاریی ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی کۆمەڵ دوا بکەوێت. کورد ئازاد نییە، ئازادییش فاکتەرێکی گەورەیە بۆ شارستانیەت و کۆمەڵگای هاووڵاتیی. هەمانکاتیش ناتوانین هەموو ئەم شتانە بکەین بە بیانوویەک کە بۆچیی لەناو کۆمەڵگای کوردیی‌دا خەڵکانێکمان لێهەڵنەکەوتووە بگەنە ئاستێک کە لە هەموو جیهاندا ناسرابن، جا لە هەر بوارێک دا بووبێت. بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سەدەکانی پێش ناوەراست دا سەلاحەدینی ئەیوبییمان هەبووە، ئەویش وەک کورد خۆی نەناساندووە بەناخێری. خاچ پەرستەکانی هەتا فەلەستین ڕاونا بە خۆی و سەد هەزار سەربازی کوردەوە. وانەبوایە کریستەکان هەموو خۆرهەڵاتی ناوەراستیان داگیر دەکرد.

تریفە سەر دەخاتە سەرسنگی ئارا و دەڵێ: ئارا گیان ئای چەندم خۆش ئەوێی ئەوکاتانەی ئیستۆپی چەناگەت ئەپچرێت و کەس ناتگرێتەوە، من باسی مۆسیقام بۆ کردیت تۆ بردتەوە بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبیی و ئیسلام و کریست.
ئارا بە نەرمیی دەست بە قژە خاوەکەی تریفەدا دەهێنێت و دەڵێ: ئای چەندەم خۆش ئەوێ وای چەندەم خۆش ئەوێ، لێرە بێ یاخود لەوێ دڵەکەم هەر تریفەی ئەوێ،
تریفە بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە بۆ ئارای ئەسەنێتەوە و دەڵێ: دەروونم پڕە لە ژان فرمێسک ئەڕژێ لە چاوان، پشتم شەق بوو چەماوە هەر وەکوو کامەی گۆچان. کاپتنی فڕۆکەکە ئارا و تریفە لە گۆرانیی وتن ئەپچڕێنێت و لە بڵندگۆکەوە داوا لە میوانەکانی ناوفڕۆکەکە دەکات کە خۆیان ببەستنەوە و لە ماوەی 3 خولەکی داهاتدا دەگەنە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم "ئارلاندا" تریفە دەڵێ: یاهووووووووو ئارا گەیشتین، خۆت ببەستەرەوە دەنا شەست مارکت بۆ ئەنووسن پۆلیسی ناوفڕۆکە. تریفە قاقایەک لێ ئەدات و دەڵێ: خۆش ئەبوو ئارا هەر ئەمەمان کەم دەبوو.
ئارا قایشەکەی ئەبەستێت و دەڵێ: باشە تورکی تێدا نییە فڕۆکەکە دەنا ئێستا بە بسملا و بە یا ئەڵڵا و ماشاڵڵا مێشکیان تێک ئەدایـن، جا کە فڕۆکەکەش نیشتەوە دەست ئەکەن بە چەپڵەلێدان. فڕۆکەکە لە زەویی نزیکدەبێتەوە و لەچاوتروکانێکدا دەنیشێتەوە. تریفە دەڵێ: ئارا خۆش ئەبێت شیلان نەدۆزینەوە. یان ئەو ئێمە نەدۆزێتەوە.
ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: نا گوڵەگیان جارێ ماومانە ئاوهامان لێبێت ماڵەکەم. فڕۆکەکە دەوەستێت و میوانەکان دەکەونە خۆیان بۆ دابەزیین. ئارا دەڵێ: تریفە گیان ئێمە لێرە هیچمان پێنییە، ئەوەمان باشە بە دەستی بەتاڵ دادەبەزیین. دوای چەند خولەکێک تریفە و ئارا لە فڕۆکەکە دێنەدەرەوە و بەرەو هۆڵی هەڵگرتنی جانتاکانیان دەڕۆن. دەگەنە ناو هۆڵەکە و جانتاکان لەسەر ڕۆڵەیەکی خڕ دەخولێنەوە، تریفە وەکوو منداڵ قاچەکانی ئەدات بە زەوییدا و دەڵێ: خودایە خودایە جانتاکانمان زوو بێت.
ئارا دەڵێ: تریفە گیان زوو بێت یان درەنگ هیچ لە بابەت ناگۆڕدرێت، پاشان لێرە ئەوەی باشە جانتاکان دێن، چا بوو لە سوریا نەبووین، لەوێ یان جانتا نایەتەوە یان کە هات زۆربینەی جار بە کراوەیی دێتەوە، لەبەرئەوە بیرت نەچێت هەر کە فڕییت بۆ سوریا جانتاکانت بە قفڵ دابخە.
تریفە قۆڵ ئەکات بە قۆڵی ئارادا و توووند خۆی ئەنووسێنێت بە ئاراوە و دەڵێ: ئۆ خوا ئەوەم لەگەڵ نەکەیت بچمە سوریا، من لە تورکیا تووشی پەرکەم دەبم جا سوریا. ئارا لە ناکاوێکدا دەڵێ: ئەوە جانتاکانمان بە دوای یەکدا هاتن. با بچینە پێشەوە هەڵیانبگرین. تریفە و ئارا بەخێرایی دەڕۆن بۆ لای جانتاکان و هەڵیان دەگرن و بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە دەڕۆن. هەر کە دەگەنە ناو دەرگای هۆڵی گەورە لە دوورەوە سروود و هێمن و شیلان دەستیان بۆ بەرزدەکەنەوە. ئارا و تریفە ڕووخساریان پڕدەبێت لە خۆشیی و بەرەوڕوویان دەڕۆن. شیلان بەرەوپیریان ڕادەکات و باوەش بە تریفەدا دەکات و دەڵێ: وەیش کە جوانییت خوایەگیان، یاخوا بەخێرهاتن سەرچاوان. شیلان تێر ئەملا و ئەولای تریفە

ماچدەکات و پاشا باوەش بە ئارادا دەکات و ئەملا و ئەولای ماچ دەکات و بەخێرهاتنیان دەکات. سرووود و هێمن بە گەرمییەوە دێن بەرەورووی تریفە و ئارا ئەملا و ئەولایان ماچدەکەن و لەباوەشی میوانداریی‌یان دەگرن. هێمن و سرووود جانتاکان لەدەستیان وەردەگرن و بەرەو دەرەوە ملی ڕێگا دەبرن. لە دەرەوەی فڕۆکەخانەکەدا شیلان و هێمن ئۆتۆمبیلەکانیان ڕاگرتووە و شیلان دەڵێ: با هەریەکەمان دانەیەکیان بەرین. هەموو دەستدەکەن بە قاقای پێکەنین و تریفە دەڵێ: من و شیلان پێکەوە دەڕۆین ئێوەش پیاوان بۆ خۆتان دوامان بکەون.

سرووود دەڵێ: هەر ئەمەمان کەم بوو لە ئێستاوە شەڕە ژن و پیاومان لەگەڵ دەکەن. باشە دەی بڕۆن وەرە ئارا گیان لەگەڵ خۆمان وەرە، هەتا ماڵەوە لە تریفەت هەڵدەگێڕمەوە. تریفە هاوارێک دەکات و دەڵێ: وای لێهات سرووود گیان ئەمە بوو برایەتییەکەت؟

سرووود دەڵێ: ئەی قور بەسەرم بابە درۆم کرد سەرم دای لە بەرد، کێ بۆی هەیە ئێوە لە یەک بکات. باوکم ئێوە خواش لێکتان ناکات مەگەر عەشیرەتەکەتان ببێتە لۆریی و بچێتە نێوانتانەوە.

شیلان دەڵێ: دەی باشە سرووود گیان با بڕۆین خواردنەکەمان سارد دەبێتەوە. دوام بکەون باشە.

سرووود دەڵێ: یانی ئەگەر دوات نەکەوین چی دەبێت؟ ون ئەبین؟

تریفە دەڵێ: ئەی بێگوومان، هەموو کات پیاو بە بێ ژن مرۆڤێکی ون بووە.

سرووود دەڵێ: تریفە گیان، بەخوا من لە تۆ نابەمەوە، باوکم با بڕۆین دواتان دەکەوم. هەردوو قەمەرەکە دەکەونە ڕێگا بۆ ماڵی شیلان. دوای چارەکە کاتژمێرێک دەگەنە ماڵەوە. شیلان و تریفە دادەبەزن بەرەو لای پیاوان دەڕۆن و هەموو خەندە لە ڕووخساریان دەبارێت هێندە ئارەزوو خۆش و دڵشادن.

سرووود دەرگای سندووقی ئۆتۆمبیلەکە دەکاتەوە بۆ دەرهێنانی جانتاکانی ئارا و تریفە. بەدەم دەرهێنانی جانتاکانەوە دەڵێ: شیلان گیان ئەزانی من بیرم لە شتێک کردەوە.

شیلان دەڵێ: سرووود گییان بیرت لە چیی کردەوە؟ لە ژن هێنان؟ هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین.

سرووود دەڵێ: نە شیلان گیان ماڵتم ئاواکرد، تۆش هەر بە منەوە گرتووتە. ئەیهێنم باوەڕ بکە ئەیهێنم جارێ با کەمێک تاڵی سپیی بکەوێتە قژمەوە ئەوسا بیری لێدەکەمەوە. شیلان گیان دەڵێم من پێشنیاری ئەوە دەکەم، بەپێی ئەوەی گەش و هەوا ئیمڕۆ زۆر خۆشە بێ چاوێنیی بێت. دەچینە سەرەوە لای تۆ جانتاکانی تریفە و ئارا دادەنێین و خواردنەکان و یەک دوو حەسیر و بەڕە و کەلوپەلی پێویست هەڵدەگرین و شیلان قسەکان بە سرووود دەبڕێت و دەڵێ: ئەچین بۆ سەردەریا.

سرووود بە بزەیەکەوە دەڵێ: ئەی دەمخۆش شیلان گیان.

شیلان دەڵێ: پێمخۆشە ئەگەر تریفە و ئارا حەز بکەن.

تریفە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: شیلان گیان من لە ئەڵمانیاوە بێزوو بەو سەردەریایەوە دەکەم،

ئەوەندەیان بۆ باسکردووین. هەی شانی وا هەی باڵی وا، هەی وا خۆشە، هەی وا جوانە.
سروود دەڵێ: هەڤاڵانی بەڕێز و قارەمانەکانی شۆڕش، دوای گفتووگۆیەکی بەپێز و درێژخایەن لەنێوانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتییدا توانیمان بگەینە ئەو بڕیارەی کە ئەم دوا نیوەڕۆیە لەسەر دەریا بەسەر بەرین. دە پێشکەون بۆ سەرەوە دەی با خۆمان ئامادەبکەین. شیلان پێشیان دەکەوێت و بەرەو ناو دەرگای ماڵەوە دەڕۆن. لەناو هۆڵی ماڵەکەدا چاوەڕوانی سەرخەرەکە دەکەن. سروود دەڵێ: شیلان گیان هەموومان لەم سەرخەرەدا جێگامان دەبێتەوە؟ ناکەوینە خوارەوە؟
هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و شیلان دەڵێ: نا مەترسە، شیلان پەنجە بۆ کارتێکی چکۆلانەی فافۆن درێژ دەکات کە بە دیواری لاتەنیشتی دەرگای سەرخەرەکەوە هەڵواسراوە و دەڵێ: ئەها تەماشا بکە لەسەری نەنووسراوە " مێد ئین ئیراک" بەڵکوو نووسراوە " مێد ئین سوێدن" کەواتە ناکەوینە خوارەوە. پاشان بۆمان هەیە هەتا هەزار کیلۆ بخەینە ناوئەم سەرخەرەوە. ئێمەش بە هەمووومان ئەگەر سێ سەد و پەنجا کیلۆیەک دەربچین. سەرخەرەکە دەگاتە نهۆمی دووهەم و شیلان لە پێشیانەوە دێتە دەرەوە و بەرەو دەرگای ماڵەکەی خۆی دەڕوات، دەرگا دەکاتەوە و فەرموو لە میوانەکانی دەکات بۆ ژوورەوە. لەناو هۆڵە باریکەکەدا کوڕە گەورە و کچە بچکۆلەکەی شیلان ڕاوەستاون و یەکە یەکە بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەن. شیلان، ئارا و تریفە و هێمن و سروود بە کەژاڵی کچی و بە هەڵۆی کوڕیان دەناسێنێت. هەردوولایان زۆر خۆشحاڵ دەبن بە ناسینیی یەکتر و بەرەو هۆڵی دانیشتن هەموو دەڕۆن. شیلان دەڵێ تریفە گیان تۆ لەگەڵ من وەرە با بزانم ئەم جانتایانەتان لە کوێ دابنێم و ژوورێکم بۆ ئامادەکردوون پێتی نیشان بدەم. شیلان و تریفە دەڕۆنە ئەو ژوورەوە کە بۆ ئارا و تریفە سازکراوە. شیلان دەڵێ: تریفە گوڵ ئەمە ژووری کوڕە بچکۆلەکەمە ئێستا لێرە نییە لەگەڵ پۆلی قووتابخانەکەیاندا چوون بۆ گەشتی هاوین لە ئیتاڵیا، دوو هەفتەی تر دێنەوە.
تریفە سووپاسی ماندووبوونی شیلان دەکات و دەڵێ: شیلان گیان ئەرکت کێشاوە ماڵەکەم، سووپاس. باشە شیلان ئێستا کەواتە جانتاکان هەرئاوها وەک خۆی دادەنێین، تەنها چەند شتێکی پێویست نەبێت کە پێویستمان دەبێت لەسەر دەریا دەریدەهێنم و هیچی تر نا. بۆستە چیمان دەوێت. ئەها دەرپێی مەلە بۆ ئارا و خاولییەکی گەورەم بۆ هێناوە، چونکە زانیم هەر دەچین بۆ سەردەریا. دەستێک جلی مەلە بۆ خۆشم و خاولییەک ئیتر هیچی ترمان ناوێت تەواو. ئۆی شیلان گیان کرێمی خۆرمان بیرچوو.
شیلان دەڵێ: وەرە کچێ من هەمە ناتانەوێت.
تریفە دەڵێ: نا شیلان پێمە هەر دوێنێ چووم کرێم بتڵێکی گەورە، ئەها ڕاوەستە ئێستا لە جانتاکەمدا ئەیدۆزمەوە. ئەها ئەوەتا تەماشا.
شیلان دەڵێ: دەباشە ماڵەکەم دەی بابڕۆین، ئەو خواردنانە بپێچینەوە. من ئەڵێم هەر بە مەنجەڵەکانەوە ئەیبەین. سندووقێکی پلاستیکی گەورەم هەیە، ئەوە کاتی خۆی هەر بۆ ئەوە کڕیم کە مەنجەڵی خواردنی تێدا بەرین بۆ سەردەریا. پاشان دوو زەمیلەی شوڵکی گەورەم

هەیە لەوەشدا ئەتوانین نان و خواردنەوە بەرین. ئیتر جا ئەگەر ئاو بێت یان شەربەت گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە کە تینوومان بوو شتێکمان پێیە بۆ خواردنەوە.
تریفە دەڵێ: زۆر چاکە دەبا بڕۆین بۆ موبەق، شیلان و تریفە لە ژوورەکە دێنە دەرەوە و بە پیاوان دەڵێن: کوڕینە وەرن ئێوە بۆ موبەق لەگەڵمان یارمەتییمان بدەن بۆ پێچانەوەی پێویستییەکان. ئیتر خۆتان دەزانن هۆشی دوان لە هی یەکێک چاکترە.
هێمن دەڵێ: ئەی کەوا نییە، بەڵام هەردێم لەگەڵتان دەست ئەدەمە شتێک. ئیتر لە موبەقدا شیلان سەبەتە و زەمیلە و سندوقی پلاستیک ئەخاتە بەردەمیان و ئەوانیش کەلوپەل و خواردنەکانی تێدەکەن. پاش چارەکە کاتژمێرێک هەموو شتەکانیان بە ڕێکوپێکی ئامادە دەکەن و دەڵێن دەی هەر ئەوەمان ماوە بڕۆین. هەڵۆ و کەژاڵی کچی شیلان دەڵێن: دایە ئەمەندە بە ئارەزوویەکی خۆشەوە خۆتان ئامادەکردووە ئێمەش حەزدەکەین بێین لەگەڵتان.
شیلان دەڵێت: وەی بە بان دییەم جا چوونە سەردەریا بە ئێوەوە خۆشە، دەبڕۆن شتی خۆتان بهێنن و زوو وەرنە خوارەوە، ئێمە شتەکانمان دەبەینە ناوئۆتۆمبیلەکانەوە.
هەڵۆ و کەژاڵ هەریەکەیان بەرەو ژووری خۆی ڕادەکات و کەلوپەلەکانیان کۆدەکەنەوە، کەژاڵ بە مۆبایلەکەی تەلەفوون بۆ کچێکی هاوڕێی دەکات و پێیڕادەگەیەنێت کە لەگەڵ دایکی و میوانەکانیاندا دەچن بۆ سەر دەریا. کچەکەش خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێ: باشە منیش داوا لە دایکم دەکەم ڕێگام بدات کە بێمەلاتان بۆ سەردەریا.
شیلان و سروود لە کۆڵان خەریکی دانانی شتەکانن لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا و بە جوانی مەنجەڵەکانیان توندکردووە لەناو سندووقە پلاستیکەکەدا، بۆ ئەوەێ ترسی ڕژانیان لێی نەبێت. پاش کەمێک هەڵۆ و کەژاڵیش دێنەخوارەوە و دەچنە لای تریفە و شیلان سەردەکەون. ئارا و هێمن و سروودیش پێکەوەن لە ئۆتۆمبیلەکەی خۆیاندا. شیلان دیسان پێشیان دەکەوێت و سروودیش بە دوایاندا بەرەو سەردەریا دەڕۆن.

IIII

بەرەبەیانێکی کزە ساردە مامۆستا تۆفیق خۆی ئامادەکردووە کە ماڵئاوایی لە خاوخێزانی بکات، تەواوی خێزانەکەیان لە حەوشەکەدا کۆبوونەتەوە بۆ ماڵئاوایی کردن لە مامۆستا تۆفیق. یەکە بە یەکەی ئەندامانی خێزانەکەیان باوەشیانکردووە بە مامۆستا تۆفیقدا و کزەی جەرگ و گریانیان دێت. کاروان باوەشی بە ناوقەدی باوکیدا کردووە و دەڵێ: بابە گیان زوو زوو نامەمان بۆ بنێرە.
شادان دەستی باوکی ناوەتە ناودەستەکانییەوە و دەڵێ: بابە گیان خودا ئاگادارت بێت.
بنار لە بەردەمی باوکیدا حەپەساوە و دەڵێ: بابە گیان تکایە بە گەیشتنت بۆ هەرشوێنێک بەر لە هەموو شت دەبێت لە سۆراغی ئارا بپرسیت.
قومریی ژنی مامۆستا تۆفیق باوەشێکی توند بە مامۆستا تۆفیقدا دەکات و دەڵێ: تۆفیق گیان قوونە قوون نەکەیت لە هەوڵدانەکەتدا هەولبدە زوو بگەیتە شوێنی مەبەستی خۆت و بە هیوای ئەوەی زوو وەڵام وەربگریت و ئێمەش ڕزگار بکەیت لەگەڵ خۆتدا. هاودەمی

کوڕە چکۆلەکەی مامۆستا تۆفیق هەر بابەخولەیەتی بە دەوری مامۆستا تۆفیق و تێکڕایی خێزانەکەیانەوە، مامۆستا تۆفیق هەڵیدەگرێت و ماچێکی دەکات و دەڵێ: کەسەکەم دڵنییابە لە هەموویان زیاتر بیرت دەکەم.
لەم کاتەدا تارای کچی بنار بە بن ماکسییەکەی قومرییەوە دەنگێکی نیمچە خەواڵوی لێهەڵدەستێت و دەڵێ: ئەی من بابە تۆفیق؟
مامۆستا تۆفیق هاودەم ئەداتە دەستی قومریی و بەرەو لای تارا دەچێت و دەڵێ: وەی گیان بە قوربانی ئەو ڕۆحەشیرینەت بم تارا گیان تۆ لە جەرگ و دڵمایت هەردەم بیرت دەکەم.
لەم کاتەدا هۆڕنێک لە بەردەم دەرگا لێدەدرێت و مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئەوە برادەران هۆڕنیان بۆ لێدام دەبێت بڕۆم، قومریی و تێکڕای خێزانەکە لەگەڵ مامۆستا تۆفیق دەڕۆنە ناودەرگای حەوشە، دەرگاکە دەکەنەوە قەمەرەیەکی کرۆلای تەکسیی لە بەردەرگادا ڕاوەستاوە و شۆفێرێکی سەر سپیی و کوڕێکی گەنجی سپیکەلە لە پێشەوە دانیشتوون و دوو کوڕی تری گەنجی ڕۆح سووک لە پشتەوە دانیشتوون، کوڕەکان لە دواوە دەرگاکە بۆ مامۆستا تۆفیق دەکەنەوە بەیانیی باش لە مامۆستا و لە خێزانەکەشی دەکەن، مامۆستا تۆفیق ئەچێتە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە و دەرگاکە دادەخات. شۆفێرەکە سلفێک لێئەدات و ڕاستەوخۆ چاوی یەکە بە یەکەی خێزانەکە پڕ دەبێت لە فرمێسک و هێدی هێدی دەستدەکەن بە گریان بۆ دواجار مامۆستا تۆفیق ماڵئاوایی دەکات و شۆفێرەکە پێی پێدا ئەنێت و ئەڕۆن و لە کۆڵانەکەدا نامێنن. تێکڕای خێزانەکە بە دڵێک غەمگین و بە دڵێک ئاسوودە دێنەوە ژوورەوە و دەرگای حەوشە لەسەرخۆیان دادەخەن.
دەمەو دوانیوەڕۆیەکی درەنگ مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانی دەگەنە شاری زاخۆ و لە هۆتێلێکی ناوجەرگەی شاردا دادەبەزن و سەردەکەونە سەرەوە بۆ هۆتێلەکە و داوای دوو ژوور دەکەن بۆ دوو شەو. کابرای پرسگە داوای پێناسەکانیان دەکات و پێیان دەڵێت کە شەوی هۆتێل بەس خەوتن بەبێ نانخواردن بە سیی دینارە، ئەوانیش سەری ڕزای بوونی بۆ ئەلەقێنن و کابراش دەستدەکات بە تۆمارکردنی ناوەکانیان و پاشان پێشیان دەکەوێت و دەیانبات بۆ ژوورەکانیان و پێیاندەڵێت کە لە کاتژمێر 22:00ی شەوەوە دەرگای هۆتێل دادەخرێت دەبێت ئێواران زوو بگەڕێنەوە بۆ ئوتێلەکە لەبەر ئاسایشی ناوخۆی ئوتێلەکە.
ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ باشە بە چاوان ئێمە هەر دوو شەو دەمێنینەوە و پێویستیشمان نییە شەوان بچینە دەرەوە. مامۆستا تۆفیق و ئازاد و شادیی ئەچنە ژوورێکەوە و ئاسۆ و کاوانیش دەچنە ژوورێکەوە. مامۆستا تۆفیق دەڵێ: من پێم باشە پێش ئەوەی ئێوارە درەنگ بکات و پشوو بدەین پێویستە بچین بەدوای قاچاغچییەکەماندا بگەڕێین.
ئاسۆ دەڵێ: مامۆستا گیان ئێستا بچین دڵنیابە لە چایخانەکەی ناوبازاڕدا دڵە شەڕواڵ پیس ئەبینین، منیش پێمباشە بچین ئاگاداریان بکەینەوە کە ئێمە گەیشتووین و ئێستا واین لە هۆتێل. کێ ناڵێ هەرئێمشەو ئەوان نەفەریان نییەو دەرناچن بۆ ئەودیوو.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ بڕواناکەم چونکە دڵشاد لە بازاڕی مەولەویی بە منی وت کە پێویستە ئێمە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 10.10.95 لە زاخۆ بین و شەوەکەی دەردەچین بەڵام ئێمڕۆ

هەینییە و 08.10.95 یە، کەواتە هێشتا ئێمە دوو ڕۆژمان لە پێشدایە.
کاوان دێتە قسە و دەڵێ: ڕاستە مامۆستا گیان بەڵام ئەمە قاچاغچێتییە وەکوو دۆلار نرخ و کاتیش یاری دەکات کێ ناڵێ ئیمشەو نارۆیین؟!
ئازاد دەڵێ: کوڕە خواکە ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ من وەختە بمرم لە برساندا با بڕۆیین پارووێەک نان بخۆیین.
هەموو پێکەوە جانتاکانیان لەسەر قەرەوێڵەکان دادەنێن و ژوورەکانیان دادەخەن و دەڕۆنەدەرەوە. ئاسۆ و کاوان پێشیان دەکەون و بەدەم پێکەنین و قاقایانەوە دەڵێن: دێینەوە دێینەوە ئێمە دێینەوە بەرەو وڵاتێکی وێران بەرەو خانووە ڕووخاوەکان، ئازاد و شادیی پێکەوە هاواریان لێدەکەن و دەڵێن: ئەی کەوانییە، بەسەری خۆتان هەرچوونە ئەودیوو سنورەوە ئەتانبینین ئەڵێن: من کوردیی نەزان. لەسەر پلیکانەکانی هۆتێلەکە ژنێکی خانومانی بەتەمەن وەدەردەکەوێت و تەماشای ڕووخساری ئاسۆ و کاوان دەکات و دەڵێ: یاخوا هەروا دڵتان خۆش بێت ڕۆڵەکانم، خوا بە خواست و ئاواتی خۆتان بگەیەنێت و دایک و باوکتان لەبەرتان بحەسێتەوە.
کاوان دەڵێ: دەستت ماچدەکەم دایە گیان خوا ئێوەش بە ئاواتی خۆتان بگەیەنێت.
مامۆستا تۆفیق لە دوایانەوەیە و سڵاو و ڕێزی خۆی بە ژنەکە دەگەیەنێت و دەڵێ: ئێمە هێندە نابێت گەیشتووین کوڕان برسییانە ئەچینە دەرەوە نانێک ئەخۆین.
ژنەکە دەڵێ: لە ناوبازاڕ چێشتخانەیەکی باش هەیە خواردنیان خۆشە و هەرزانیشە هەر ڕاستەوخۆ بەرانبەری بازاڕی دۆلارەکەیە.
مامۆستا تۆفیق سووپاسی ژنەکە دەکات و دەڵێ: دڵنییام ئێوارە یەک دەبینینەوە جارێ بەهیوای کاتێکی خۆش خاتوون.
شادیی هاوار لە مامۆستا تۆفیق دەکات و دەڵێ: مامۆستا گیان وەرە خوارێ کاتی دڵداریی نییە، کاوان و ئاسۆ ئەیدەنە قاقای پێکەنین و دەڵێن: هەر لە ئێستاوە مامۆستا گیان خۆ هێشتا ڕیشمان نەهاتۆتەوە مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئەی خوا بتانگرێ باشە ئەوە بۆ ئەوەنە ئاگرن؟ کوڕە خۆ ئەو ژنە داماوە بە دایکم ئەشا دڵداریی چی؟
ئازاد ئاوڕێک ئەداتەوە و ئەڵێ: دەی دەی مامۆستا گیان بزەی سمێڵت ئەهات قسەی خۆمان بێت. لەپڕ تەکسییەک بە لایاندا تێدەپەڕێت و هۆڕنێکیان بۆ لێ ئەدات و کوڕێک لە پەنجەرەی لای شۆفێرەکەوە سەردەردێنێت و هاوار دەکات و دەڵێ: ئازاد مامۆستا تۆفیق شەو لە هۆتێل بن دێمە لاتان.
ئاسۆ و کاوان ڕاستەوخۆ هاوار دەکەن و دەڵێن: هۆ شەڕواڵ پیس هۆ. مامۆستا تۆفیق گەشدەبێتەوە و دەڵێ: کەواتە پێویست ناکات بە دوای دڵشاد دا بگەڕێین ئەوە خۆی ئێمەی بینی و شەو دێتەلامان. پاشان هەموو پێکڕا بەدەم قسەکردنەوە ملی ڕێگا دەگرن بۆ ناوبازاڕ، کاتێک دەگەنە شوێنێکی قەرەباڵغ بۆیان ڕووندەبێتەوە کە ئەوە بازاڕی دۆلارەکەیە، پاشان مامۆستا تۆفیق دەست ڕادەکێشت و دەڵێ: کوڕینە ئەوە ئەو چێشتخانەیەیە کە ئەو خاتوونەی لە هۆتێلەکە دەستنیشانیکرد بۆمان، با بچین بۆ ئەوێ.

کوڕان هەموو دەڵێن : بەڵێ باشە مامۆستا تۆفیق بۆ نا، بابڕۆین. مامۆستا تۆفیق پێشی کوڕەکان دەکەوێت و دەچنە ناوچێشتخانەکەوە و سڵاو دەکەن و یەکێک لە کارمەندەکانی ناوچێشتخانەکە دێت بەرەوپیریان و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێدەکات و پێشیان دەکەوێت و ئەیانباتە سەرمێزێکی گەورە تا جێگای زۆریان هەبێت. ئەوسا کارمەندەکە پرسیاریان لێدەکات کە ئارەزوومەندی چین بیخۆن؟

ئازاد دەڵێ: کاکە گیان ئێمە هەموومان لە بنەماڵەی قەل و داڵ و داینەسۆرین خوای گۆشتخواردنین، خەڵکی سلێمانیین، خەڵکی سلێمانییش واتە برنج و فاسۆلیا و فەل و ئەشق.

هەموو پێکڕا ئەیدەنە قاقای پێکەنین و کارمەندە کە دەڵێ: کەواتە بۆ هەمووتان قۆزی و شلەی فاسۆلیا بێنم.

شادیی ئەڵێ: نە کاکە گیان من مریشک ئەخۆم یەک مریشکی تەواو بۆ من بێنە.

کاوان ئەڵێ: قوڕ بە سەرم گەدە گەدە نییە زێرابە.

شادیی بە پێکەنینێکەوە ئەڵێ: کاوان گیان تووخوا وازبێنە با ئەم ئێوارەیە تێربخۆم کێ ناڵێ تەمەنی درێژم هەر چەند ئێوارەیەکی تر نییە.

بە دەرپەڕاندنی ئەم قسەیە لە زاری شادییەوە هەموو هاوڕێکانی دەکەونە گێژەنێکی قوڵی خەمبارییەوە، تەنانەت کارمەندی چێشتخانەکە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: بەڕێزانم بە ئومێدی ڕۆژێکی ڕوون بە دڵی خۆتان نان بخۆن، خۆشحاڵیی ئەوەیە هەرچەند خەڵکی سلێمانیی دێتە لای ئێمە بەردەوام کاریگەریێتیی تازەیان لەسەر ئێمە و لەسەر ژییانیش هەیە. وابزانم ئەگەر وا بڕوات بەم نزیکانە ئەبمە نووسەرێکی بەناوبانگ لەوانەشە یەکەم ڕۆمانم لەژێر ناونیشانی " کۆچی پەڕەسێلکەکانی وڵات بۆ تاراوگە"دا بنووسم، جارێ با بچم خواردنەکانتان بۆ ئامادەبکەم.

مامۆستا تۆفیق ئەڵێ: کوڕیینە خۆ داوای خواردنەوەتان نەکرد، ئەی چی ئەخۆنەوە لەگەڵ خواردنەکەتان؟

ئازاد دەڵێ: خۆ ڕاستدەکەیت مامۆستا گیان، بۆ شادیی هێشتی کەس هیچی بیربمێنێت، کاکە گیان من قاپێ ماستاوم ئەوێت.

شادیی دەڵێ: بۆ منیش ماستاو.

کاوان داوای کۆلا دەکات و مامۆستا تۆفیقیش سێڤن ئەپ.

کارمەندەکە دەچێتە موبەق و داوای سێ قۆزیی بە شلەی فاسۆلیا دەکات و لەگەڵ مریشکێکی تەواو بە برنج و شلەی فاسۆلیاوە. پاشان ئەچێتە لای یەکێک لە کارمەندەکانی تری چێشتخانەکە و داوا دەکات کە کاسێتێکی نەجمەدینی غوڵامییان بۆ ئامادەبکات و گۆرانیی بەهارەبولبول پێشکەشی میوانەتازەکان بکات. کارمەندەکە بەشێوەیەکی وەها چۆتەژێر کاریگەریێتیی ئەو قسەیەی شادییەوە کە بەردەوام بیری لێدەکاتەوە و وشە بە وشەی قسەکانی شادیی بوونەتە ئاوێنەی شەوقدانەوەی لێکدانەوەی بۆ ژییانی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد. لە کاتێکدا خواردنەوەکانی میوانەکان ئامادە دەکات و بۆیان دەبات، بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: بەڕێزان ئیمڕۆ ئەو ڕۆژەیەکە من ژییانمی تێدا دەگۆڕم، ئەم

ئێوارەیە یەکەمین هەنگاوی قۆناغەکانی گۆڕانی ژیانمە و ناوەخنەکەشی کاک ....،
مامۆستا تۆفیق قسەکە بۆ کارمەندەکە تەواو دەکات و دەڵێ: "شادیی "ە
کارمەندەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت، کە مامۆستا تۆفیق هاریکارییکرد، ئەویش خۆی بە میوانەکان دەناسێنێت و دەڵێ: منیش ناوم سەربەست زاخۆلییە، و ماوەی پێنج ساڵە لەم چێشتخانەیەدا کار دەکەم و دەرچووی کۆلێژی ئادابم.
شادیی بە خۆشحاڵییەکەوە دەستەکانی کارمەندەکە دەگووشێت و دەڵێ: زۆر خۆشحاڵبووم بە ناسیینت کاک سەربەست گیان.
مامۆستا تۆفیق دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: منیش ناوم مامۆستا "تۆفیق"ە و خەڵکی شاری سلێمانییم.
ئازاد دەستی تەوقە بۆ سەربەست زاخۆلیی درێژ دەکات و دەڵێ: منیش ناوم "ئازاد"ە و خەڵکی سلێمانییم.
کاوان دەستی تەوقە بۆ سەربەست زاخۆلیی درێژ دەکات و ئەڵێ: من ناوم "کاوان"ە و خەڵکی شاری هەڵمەت و قوربانییم.
ئاسۆ دەستی تەوقە درێژ دەکات و دەڵێ: منیش ناوم "ئاسۆ"یە و خەڵکی سلێمانییم.
پاشان سەربەست زاخۆلیی دەڵێ: مەخابن ئێمە سەردەمانێک ڕژێمی بەعسی فاشیست پێوەندییە بنەماییە نەتەوایەتییەکانی تێکدابووین، بە پلانێکی شەڕ خوازانە بادینان و سۆرانی کردبووە دوژمنی باوک کووشتەی یەکدیی و پاشانیش ناتەباییەکانی نێوانی هەردوو پارتی زلهێزی سیاسیی پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوونە هۆکارێکی تر و ماوەیەکی دوور و درێژ دیسانەوە ئەم کۆنە قینانە تازەبوونەوە. پاشان سەربەست داوای یارمەتییان لێدەکات و بەجێیان دەهێڵێت و بەرەو موبەق دەڕوات. بە هاتنە ژوورەوەی سەربەست بۆ موبەقەکە یەکێک لە چێشتکەرەکان بە تەوسێکەوە بە سەربەست دەڵێ: کاک سەربەست من پێموابێت تۆ گیانێکی بادینییت و کەچی بارەکەوێکی سۆرانیی لە دەروونتا قاسپەتی.
سەربەست تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: هەتا ماسییە سوورەیەکی سۆرانیی لە ڕووباری دڵی هەمووماندا مەلە نەکات ئێمە کەسمان نازانین نەغمەکانی خۆشئاوازی ئازادیی باس لە چ ڕەنگێکی پەلکە زێڕینەی پێکەوە ژیان دەکات.
چێشتکەرەکە خوارنەکانی میوانەکان دەخاتە بەردەمی سەربەست و بەشێوەیەکی وەها جوان ڕازاندوویەتییەوە کە سەربەست بزەیەک دەکەوێتە سەرلێوانی و سووپاسی چێشتکەرەکە دەکات.
چێشتکەرەکە بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشای سەربەست دەکات و دەڵێ: سووپاسی ناوێ سەربەست گیان، ئەمەی دەیکەم ئەرکێکی سەرشانمە وەک چێشتکەر لەم چێشتخانەیەدا. بەڵام من چۆلەکەیەک لە دڵما ئەجریوێنێت و پێمدەڵێ: کە تۆ هێندەت نەماوە لای ئێمە و تۆش بەم زووانە هاژەی کۆچی پەڕەسێلکەکانی وڵات ئەتبات بۆ تاراوگە.
سەربەست سەرێک دادەخات و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: پێئەچێت. هەمان

چۆلەکە لەسەر هەورەبانی دڵی خۆیشمدا دەخوێنێت. لەوانەیە هەر ئیمشە و ئەو چۆلەکەیە باڵبگرێت، کێ چاک دەزانێت چی ئەکات گەردوون؟!
سەربەست خواردنەکان دەبات بۆ میوانەکان و هەموو شتێکیان بە تێر و تەسەلیی بۆ دادەنێت و تام و چێژێکی خۆشیان لە خواردنەکە بۆ دەخوازێت و بەجێیان دەهێڵێت.
هەموویان دەست دەکەن بە خواردن و بە ڕوویەکی گەلێک خۆشەوە نیگای ڕووخساری یەکدی دەکەن. لە ناکاو مامۆستا تۆفیق دەڵێ: کوڕینە هەست بە تەوژمێکی تر دەکەم ئێستا لە دەروونما، نازانم چۆن پێناسی ئەم هەستە بکەم؟! بەڵام من لەوە دڵنییام کە ئەم شوێنەی ئێمەی لێدانیشتووین یەکەمیین هەنگاوی قۆناغەکانی گۆڕانمانە جا چ بەرەو باشە چ بەرەو خراپە. بەڵام من ئومێد دەکەم هەموومان بەرەو باشە بگۆڕێین.
شادیی لە ژێر لێوەکانییەوە بە دەنگێکی نزم و کاریگەر دەڵێ: ئەگەر هاتوو لە ژییاندا مایین.
ئاسۆ کەوچکەکەی لەسەر دەمی ڕادەگرێت و دەڵێ: شادیی گیان قسەیەک دەکەم لێم زییز مەبە بەڵام بۆ ئەوەندە مردن کیشوەری تەمەنتی داگیرکردووە؟ هەستدەکەم مردن سەربازێکی ڕادیکاڵ و دڵڕەقە و لولەی تفەنگەکەی لە نێو دەمت ناوە و تۆش چاوەڕوانی ئەوەیت ئاخۆ کەی دەیتەقێنێت.
شادیی دەڵێ: ببوورن کە وا هەندێ جار دەبمە گرێ تەنانەت لە نان خواردنیشتانا.
ئاسۆ تەماشایەکی شادیی دەکات و دەڵێ: شادیی گیان بۆم هەیە پرسیارێکی تایبەت بکەم؟
شادیی دەڵێ: بێگوومان فەرموو، من باوەڕم بە تایبەت نییە، ژییانی من پەنجەرەیەکی یەکالایە بۆ کۆمەڵ.
ئاسۆ دەڵێ: هۆی چییە ئەڕۆیت بۆ ئەوروپا؟
شادیی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و دەست لە نانخواردن هەڵدەگرێت و پەرداخێک ئاو بە یەکجار هەڵئەدات و پاڵێک دەداتەوە بە کورسییەکەیەوە و دەڵێ: ئەڕۆم ئەگەڕێم بە دوای ونبووندا.
مامۆستا تۆفیق دەستێک بە قژیدا دەهێنێت و دەڵێ: گەڕان بە دوای ونبووندا؟!! مەبەستت لە چییە شادیی گیان.
شادیی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئەو ونبوونەی کە منی لە باوەشی خاک و ئاو و نیشتیمان و دایک و باوک و خوشک و برا وەدەرهێناوە و بۆ ئەو کیشوەرەم دەبات کە تێیبگەم. تێگەیشتن لە مانای بوون و تێگەیشتن لە مانای لەدەستدان. تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە هەموومان بە تەنها و ئازاد لەدایک بووین کە چی تەنها نین و ئازادیش نین، بەڵام دیسانەوە بە تەنها دەمرین بەڵام مردنەکەشمان زۆرێینەی جار ئازادانە نییە. من مرۆڤێکم لێ ونبووە کە لە یەککاتدا مانای ژیین و ژییانم بوو، من مرۆڤێکم لێ ونبووە کە ترپەی لێدانی دڵم بوو، من کچێکم لێ ونبووە کە من سەربازی مەرگی بووم. ئازاد قسەکان بە شادیی دەبڕێت و دەڵێ: شادیی گیان ناشێت تۆش یەکێک بیت لەو جانەوەرانەی ڕۆژانە دەست و پەنجەکانیان بە گیانی کچان و ژنانی ولاتەکەم سوور دەکرد؟
شادیی دەڵێ: خۆزیا یەکێک بام لە وانە، ئێستا بۆ خۆم ئارام دەبووم و ڕۆژانە لەم کوانووی

سووتانەدا هەڵنەدەقرچام و پەلاسی ناودەمی ئەو ئازارانەم ماچ نەدەکرد.
ئاسۆ کەمێک دەشڵەژێت و دەڵێ: کاکە شادی گیان هێند بە فەلسەفەوە قسەمان لەگەڵ مەکە خۆ تا ئێستا تەلاقی هەموو جاف کەوتبێت من هیچت لێ تێنەگەیشتم. تکایە خۆشت و ئێمەش لەم قەیرانە ڕزگار بکە.
شادیی هەردوو دەستی بە دەمووچاویدا دەهێنێت و دەڵێ: باشە هاوڕێیان پێتان دەڵێم لە دەروونی هەڵقرچاوی مندا چە باسە. من کوڕی بنەماڵەیەکی ئایینیم دایک و باوکم و خوشک و براکانم خەڵکانێکی زۆر بە باوەڕن بە ئیسلام. منیش کاریگەرێتیی ئەوانم لەسەرە بەڵام دەروونم شێوەیەکی دی خۆی پۆشیوە دڵی من جۆرێکی دی لێدەدات وەک لە دڵی ئەوان. من عاشقی کچێک ببووم کە ساڵانێکی دوور و درێژ پێکەوە وەک دوو دڵدار دڵمان بۆ یەکدییان لێدەدا و بە دزییەوە دیدەنیی یەکترمان لە کۆڵان و شەقامەکانی سلێمانییدا دەکرد. یان لە سەنتەری گەنجان یان لە کۆڕ و ئاهەنگێکدا زیاتر بوارمان هەبووە لێکنزیکببینەوە، بەڵام مەخابن کاتێک گەیشتینە سەرئەو باوەڕەی ببینە خێزانێک و بچم بۆ داوای ماڵی باوکی من بە هەموو شێوەیەک ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو کە خێزانی کچەکە خێزانێکی ئایینیی و بە باوەڕ نەبوون و ئەمەش لەگەڵ بیرکردنەوەی دایک و باوکی مندا ناگونجێت. پاش ماوەیەک کچەکە لەگەڵ تەواوی خێزانەکەیاندا ڕوویانکردە ئەورووپا و ماوەی یەک دوو ساڵ ئەو لە ئەورووپا و منیش لە کوردستان بە تەواوی تووشی هەراسانێکی شپرزەیی ببووین بەڵام چاریشمان نەبوو. من بە بەردەوامیی سەرمدەکردە سەر باوکم بۆ ئەوەی دڵی نەرم بکەم بەڵام ئاسنی ساردم دەکووتا. ماڵی باوکم بەهیچ شێوەیەک ڕازیی نەبوون من بیێم بۆ ئەورووپا، دەنا چەند جارێک وامان لێکدایەوە من بچم بۆ ئەورووپا بۆ لای کچەکە و لەوێ دایک و باوکی ئەو ڕازیی دەبوون بە من و دەمتوانی لەگەڵ کچەکەیان بژییم، بەڵام باوکم نەیدەهێشت کەسمان کوردستان بەجێبهێڵین. ئەو کچە هێندە بیری منی دەکرد تووشی نەخۆشیی ئازاری وڵات بوو تووشی نەخۆشی نامۆیی بوو ماوەیەکی زۆر لە خەستەخانەدا کەوت و دکتۆرەکان هیچ جۆرە ئەزموونێکی پزیشکیی نوێ نەما لەگەڵیدا بەکاری نەهێنن بەڵام چاری نەبوو. کاتێک دکتۆرەکان بە دایک و باوکی کچەکە دەڵێن بۆ نایبەنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆتان با ماوەیەک لەوێ بێت ئێمە دڵنییاین کە کاریگەرێتییەکی باشی دەبێت بۆ کچەکەتان، ئەم کچە شتێکی لێ ونبووە ئەویش ئەو کەسەیە کە خۆشی دەوێت لێرە ئێمە دەستمان ناچێتە ئەو کەسە جا باشترە ئێوە بیبەن بۆ لای ئەو کەسە. ماڵی باوکی کچەکە دوای دوو ساڵ گەڕانەوە بۆ سلێمانیی بۆ ئەوەی کچەکەیان من ببینێت و هیوایەک بێتەوە بە ژییانیدا.
ئازاد هەرچی مووی لەشی هەیە بەرزبۆتەوە و دەستی ناوەتە ژێر چەنەیی و گوێڕایەڵی قسەکانی شادییە، بە تاسەیەکەوە دەڵێ: ئەی شادیی گیان یەکترتان بینی توانیتان دوای دوو ساڵ دوور لە یەکتریی جارێکی دی بچنەوە باوەشی ئەویین و گوێتان بە لێدانی دڵی یەکتر ئاشنا بێتەوە؟
شادیی تۆزقاڵێکی ڕووخساری چییە نابینێرت، بە شێوەیەک نووقمی ئەسرییین و گریانە

هەر هیچ کەس لەو باوەڕەدا نەبووە کە ئەم کوڕە هێند دڵ گەورە و دڵ ناسک و بە هەست بێت. بە کروزەوە بە ئازادی گووت: بەڵێ توانیمان جارێکی دی بە دیدەنیی یەکدیی شاد بینەوە، بەڵام ئەو باوکە دڵڕەقەم هێشتا هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. شادیی پێکەنینێک تێکەڵی گریانەکەی دەبێت و دەڵێ: تەنانەت ڕۆژێکایان باوکی کچەکە خۆی هات بۆ داواکردنی من، بە باوکمی گووت تکات لێدەکەم دڵت نەرم بێت و بەزەیی‌یەکت بە کچەکەی مندا بێتەوە دڵنیابە تاکە هیوا بۆ ڕزگارکردنی کچەکەم لە مردن کوڕەکەی تۆیە بۆیە لێتدەپاڕێمەوە و دەستەکانت ماچدەکەم لێگەڕێ کچەکەم بە کوڕەکەت بگات دەنا دەمرێت. ئاگام لێبوو باوکی کچە لە بەرچاوی دایکم و خوشکەکانم و مندا دانەوییەوە و دەستی باوکمی ماچکرد. بەڵام ئەو دڵە ڕەقەی باوکم هیچ تۆزقاڵێک نەجولا، بگرە باوکی کچەکە لەلای باوکم زیاتر سووک بوو، چونکە لە کۆمەڵگای کورددا تاوان و سووکایەتییە ئەگەر بنەماڵەی کچێک خۆیان بە پەرۆشەوە بچن بەرەو پیری ماڵی خۆشەویستی کچەکەیانەوە. ئیدی باوکی کچەکە بە دڵشکاوییەوە ماڵەکەمانی بەجێهێشت. منیش لە میانەی ئەو چەند هەفتەیەی کە ئەوان لە سلێمانیی بوون بە دزییەوە من دەچووم بۆ ماڵی ئەوان و دیدەنیی کچەکەیانم دەکرد. کچەکە زۆری پێگووتم تکایە شادیی گوێ مەدەرە دایک و باوکت وەرە لەگەڵ ئێمە، وەرە بۆ ئەوروپا ئێمە دەتوانین بۆ یەکبین و پێکەوە بژیین، تکایە وەرە لەگەڵم شادیی من بە بێ تۆ ناتوانم بژییم.

لەو ڕۆژەدا کە من لە ماڵی ئەوان بووم، بێگوومان ئەوان کە هاتبوونەوە لە ماڵی مامێکیان بوون چونکە خۆیان خانوویان نەمابوو لە سلێمانیی. لە بوارێکدا توانیم خۆم بدزمەوە و بەهۆی هەر شتێکەوە بێت باوکی کچەکەم ڕاکێشا بۆ حەوشە و لێمپرسی کاک سەردار تکایە من وەک کوڕی تۆ وام ئێستا منیش یەکێکم لە ئەندامانی خێزانەکەتان ئەو قسەیەی کە بە باوکمت گووت کە سۆزان دەمرێت ڕاستە؟ کە ئەم پرسیارەم لە کاک سەردار کرد بە تەواوی تێکچوو و بە شڵەژاوییەوە وەڵامی دامەوە و گووتی: نا نا شادیی گیان من هەر ئەوەم مەبەست بوو کە دڵی باوکت نەرم بکەم و هیچی تر نا.

بەڵام مەخابن کاک سەردار نەیویست ئەو ڕاستییە بە من بڵێ بێگوومان دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەوروپا سۆزان هەر چەند هەفتەیەک ژییابوو و پاشان گیانی پاکی بە تۆز و خۆڵی نامۆیی سپاردبوو. ئێستا من ئەو سەربازە دڵڕەقەم کە تفەنگی مەرگم لە نێو دەمی سۆزان چەقاندبوو دەرم نەهێنا هەتا نەمتەقاند. چی دەبوو ئەگەر من یەک ساڵ لەمەوبەر کوردستانم جێ بهێشتایە و بچوومایەتە ئامێزی سۆزانەوە و چ نەبایە چەند ساڵێکم لە تەمەنی خۆم دیاریی کردبایە؟ ئێستاش دوای مەرگی سۆزان ڕێگەی نامۆییم گرتۆتەبەر بۆچی؟! خۆیشم نازانم بۆ؟! هێند نەبێت لە ونبوونی خۆم و لە تۆز و خۆڵی گیانی سۆزانە نەبێت دەگەڕێم هەر هیچ نەبێت تەنها جارێک باوەش بە گۆڕەکەیدا بکەم. تەنها جارێک ئەرخەوانی سەرمەزاری ماچ بکەم. تەنها جارێک بە دوو دڵۆپ خوێنی ئەشکی چاوانم سووراوێک بۆ لێوە وشک هەڵهاتوەکانی نێو گۆڕی تەسک و تارییکی مەرگی بکەم. لەم قسانەدا شادیی ئەیداتە پرمەی گریان و دەڵێ: من هاتووم جەستەم بدەم بە دەم ئاوەکەی

ئۆپسالای سنورەوە، هاتووم ڕۆحم لەم تاوانە پاکبکەمەوە، هاتووم لاشەم بکەمە خۆراکی ماسیی، هاتووم بۆ لای تۆ سۆزانی غەم لە چەند هەفتەی داهاتوودا ڕۆحم وەک ملوانەکە بە گەردنی بێ خشڵتا هەڵبواسی.
لەم کاتەدا مامۆستا تۆفیق و ئاسۆ و ئازاد و کاوان هەموویان دێن و باوەش دەکەن بە شادییدا و بەڵێنی پێدەدەن، کە هەمیشە هاوڕێ و برا و دڵسۆزی شادیی بن لە خۆشیی و لە ناخۆشییدا. شادیی هەر پرمەی گریانیەتی و هاوڕێکانیشی لە بەشداربوونی خەمەکانی هیچی دیکەی تریان لەدەست نایەت بۆی بکەن، لەم کاتەدا سەربەست زاخۆلیی لە دوورەوە چاوی بەو کۆمەڵە بەسەریەکدا هەڵرژاوە دەکەوێت و بەرەو لایان دەڕوات. سەربەست بە حەپەساوییەکەوە لێیان دەپرسێت ئاخۆ چ باسە؟ بۆ وا هێند قوڵ چوونەتە باوەشی یەکدییەوە؟ بۆ شادیی دەگریی؟ مامۆستا تۆفیق دەستێک دەخاتە سەرشانی سەربەست و دەڵێ: هیچ نییە کاکە سەربەست گیان شادیی کەمێک نائارامە، کەمێکی دی دێتەوە سەرخۆی. تکایە کاکە سەربەست ئەو هەقی خواردنەمان بۆ بنووسە و ئێمە دەبێت بڕۆین وا ئێوارە تارییک دەکات ئێمەش نامۆین لەم شارەدا باشترە بڕۆینەوە بۆ هۆتێل.
سەربەست زاخۆلیی بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: سەرچاڤە مامۆستا گیان، هەر ئێستا بۆتان ئەژمێرم. پێنووسێک دەگرێت بە دەستییەوە و دەکەوێتە نووسینی پارەی خواردنەکانیان.
پاشان لیستەکە ئەدات بە مامۆستا تۆفیق و داوای حەفتا و پێنج دیناریان لێدەکات.
مامۆستا لیستەکە لە دەستی سەربەست وەردەگرێت و دەست دەکات بە گیرفانیدا حەوفتا و پێنج دینارەکەی ئەداتێ.
دیسانەوە سەربەست زاخۆلیی بە شپرزەییەوە دەڵێ: تکایە مامۆستا پێمبڵێن لە چ هۆتێلێکن با بێمە سەردانتان.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: باوەڕبکە جوان سەرنجم نەداوە ناوی هۆتێلەکەمان چییە، بەڵام هەر لە خوار بازاڕی دۆلارەکەوە پێنج خولەکێ بە پێ دوورە.
سەربەست زاخۆلیی دەڵێ: ئەها دەزانم کامەیە باشە بەڕێزانم من ئیمشەو دێمە سەردانتان.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: باشە بەڕێزم زۆر خۆشحاڵ دەبین.
سەربەست زاخۆلیی، مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانی بەجێدەهێڵێت و دەچێت بەپیر میوانە تازەکانەوە.
ئاسۆ دەستێک دەخاتە ژێر باڵی شادییەوە و دەڵێ: خۆشەویستان من پێموایە بڕۆینە دەرەوە هەوایەک لێمانبدات بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوەوە بۆ هۆتێلەکەمان. شادیی هەڵدەستێتە سەرپێ و ئازاد بە دەستەسرێکی پاکژ چاوەکانی بۆ دەسرێت. مامۆستا تۆفیق پێشیان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە کارمەندەکانی چێشتخانەکە دەکەن و دەڕۆنە دەرەوە.
لە بەردەمی چێشتخانەکەدا شادیی داوای لێبوردن لە هاوڕێکانی دەکات، کە ئێوارەکەی لێ ناخۆشکردن.
کاوان دەستێک دەخاتە سەرشانی شادیی و دەڵێ: نەخێر شادیی گیان هیچ ئێوارەکەت لێ تێک نەداین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە فێری کۆمەڵێک شتی تازەت کردین. فێری ئەوەت کردین

مرۆی بەویژدان بین، فێرتکردین، کە هاورێیەتی و ئێسک سووکی زمانێکە، کۆترەکانی سەر قووبە و بنارەی ڕۆح ئەیبیستن و کوێرەکانیش لە ئاوێنەی هەستیاندا ئەیبینن. ئێمە هەمووی چەند ڕۆژێکە یەکتریی دەناسین ئەویش بەهۆی دڵە شەرواڵ پیسەوە بوو. کەواتە ئێمە لە یەککاتدا کوێریشین و کۆتریشین. تۆ لەم ئێوارەیەوە فێرتکردین داخراو نەبین و یەکتر بناسین، فێرتکردین لە بەربانیژەی کەساسیی خۆمانەوە نیگای ئازارەکانی بەرانبەرمان بکەین. دیارە ئێمە هەر لە سلێمانییەوە، کە هاتووین خۆمان لەسەر ئەوە ڕاهێنا، کە ڕابوورد لەیاد بکەین، بەڵام هەڵەین چونکە ڕابوورد سێبەرێکە و لێمان نابێتەوە. ڕابوورد بەردی بناغەی دواڕۆژمانە. ئێمە وا فێرکرابووین هەر لە شەقامی مەولەویی و بازاڕی جەوازەکەوە، هەر یەکێکمان حەوت بەرد بکەینە گیرفانمانەوە بۆ ئەوەی، کە گەیشتینە ئەو دیوو سنوور بیگرینە باشووری کوردستان و وەک شەیتان بەردەبارانی بکەین. بەڵام تۆ ئەم ئێوارەیە فێرتکردین، کە گەیشتینە سەر سنوور ماچی ئەم خاکە بکەین و ئاوێزانی بین.

لە کاتێکدا کاوان خەریکی ئەم قسانەیە بۆ شادیی، ئاسۆ دەستێک دەکات بە گیرفانیدا و توورەکەیەکی شیینی بچکۆلانە لە گیرفانیدا دەردێنێت و حەوت بەردی هەڵماقۆی تێدا دەردێنێت و فڕێی ئەداتە ناو تەنەکە خۆڵەکەی بەردەم چێشتخانەکەوە.

دوا بە دوای کاوان ئازاد دەست دەکات بە گیرفانیدا ئەویش حەوت بەرد دەکاتە ناو تەنەکە خۆڵەکەوە و دەڵێ: ئەم بەردانە هی سەرکارێزە لە کۆڵانەکەی خۆمان کۆمکردۆتەوە ئەوا بوو بە خۆراکی ئەم تەنەکە خۆڵە. لە پڕێکدا هەموو پێکەوە دەست دەکەن بە قاقای پێکەنین و ئەکێشن بە شانی ئازاددا، مامۆستا تۆفیق دەڵێ: خوا بە خێری بگێڕێت، بەڕاستیی خۆشحاڵم بەوەی لەگەڵ ئێوەدا ڕەو دەکەم، سووپاس بۆ خوا، کە تووشی ئێوەبووم.

شادیی بزەیەک دەیگرێت و دەڵێ: سووپاس بۆ خوا، سووپاس بۆ شەرواڵ پیس.

هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و پێکەوە دەڵێن: بە خوا شادیی گیان وابزانم کوودەتایەک بەرانبەر خودا دەکەیت بەم زووانە.

شادیی ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: باشە کوڕینە بۆ بەم دڵشادە ئەڵێن شەرواڵ پیس؟ خۆ بە ڕواڵەت کوڕێکی باریکەلە و ئێسک سووک و ڕۆح شیرینە. تۆ بڵێی هێندە حەرامزادە و نمەک حەرام بێت ئێمە نەمانزانیبێت؟

دیسانەوە هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین، ئازاد ئەڵێ: جا خۆ ئەگەر وابێت ئەبێت ئێمەش لە خۆمان بترسین و سەر و سندوق بۆ قنگمان بکەین. دیسان ئەبێتە قاقا و پێکەنین بەشێوەیەک کاوان لەسەر زەوییەکە دەکەوێت و دەستی گرتووە بە سکییەوە هێند قوڵ پێدەکەنێت. سەربەست زاخۆلیی گوێی لە دەنگی پێکەنینەکەیان دەبێت و دێتە بەردەم پەنجەرەکە و تەماشایان دەکات، کە دەبینێت وا مامۆستا تۆفیق و شادیی و هاوڕێکانی لەو ئاهەنگی پێکەنین و خۆشییەدان، لە بەرخۆیەوە دەڵێ: ڕۆژێکی ونبوو تەنها ئەو ڕۆژەیە، کە مرۆڤ تێیدا پێنەکەنیوە.

مامۆستا تۆفیق هێشتا پێکەنین لە قوڕگیدا ماوە و دەڵێ: ئەی خوایە بە خێری بگێڕیت. نا شادیی گیان بەو شێوەیە نییە، کە تۆ تێگەیشتوویت. دڵشاد کوڕێکی زۆر هاوڕێ دۆست و

دڵ پاکە، بەڵام ئیتر ئەم نازناوەی پێوەلکاوە.
شادیی دیسان بە سەرسوورمانەوە دەڵێ: ئاخر بۆ ئەم نازناوە؟ بۆ شەڕواڵ پیس؟ بۆ نەیان گووت: دڵە دڵپاک؟ یان دڵە تەتەر یان نازانم هەر شتێکی تر.
کاوان دەڵێ: شادی گیان، شەوێکیان دڵە کە نەفەر ئەبات بۆ ئەو دیوو، وەک شۆفڵ و گەڵابە ئاودیوویان دەکات، لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەگەڵ نەبەز دا دڵشاد ئەکەوێتە ناو قوڕاوێکەوە هەموو گیانی پیس و قوڕاوی ئەبێت. کاتێک ئەگەنەوە ماڵەوە یەکێک لە هاوڕێکانی نازانم ناوی چییە کە تەماشای دڵشاد دەکات هەموو گیانی پیس و قوڕاوییە ڕاستەوخۆ دەڵێ: دڵە شەڕواڵ پیس ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟
کە نەبەز ئەم قسەیە دەبیستێت دەڵێ: ئەی بە قوربانی دەمت، بە قوربانی ئەو ژەندرمانەش بم کە بە تەقە هەڵیانبڕین هەتا ئەم ناوە لە دڵە گیان بنێین. نەبەز دەمووچاوی لە دەموو چاوی دڵشاد نزیک دەکاتەوە هەر هێندەی نەماوە لووتی بدات لە لووتی دڵشاد و پێی دەڵێت: شەڕواڵ پیس. ئیتر لەو ڕۆژەوە دڵشاد بە شەڕواڵ پیس ناسراوە.
شادیی دەست دەکاتەوە بە پێکەنین و ئەڵێت: ئەی دڵەی نەگبەت، بەخوا من مەسینەیەک ئاو لەگەڵ خۆمدا ئەبەم نەگ منیش پیس بم، زوو خۆم پاکدەکەمەوە تا منیش نازناوێکی وا وەرنەگرم.
کاوان دەڵێ: دەکەواتە کوڕ ئەو کوڕەیە مەشکەیەکی دەست بکەوێت و لەگەڵ خۆیدا بیبات. کوڕینە واز لەم قسانە بێنن ئەڵێم: با بڕۆینەوە بۆ هۆتێل کاکە گیان وا درەنگە ئێمەش لەم شارەدا نامۆیین.
هەموو پێکەوە دەڵێن ڕاستدەکەیت کاوان گیان با بڕۆین. ملی ڕێگا دەگرن و بە تاریکیی دەگەنەوە ناو دەرگای هۆتێلەکە بە پلیکانەکاندا سەردەکەون و یەکە یەکە سڵاو لە کابرای هۆتێلچی دەکەن و ئەویش بە دڵێکی خۆشەوە بەخێرهاتنەوەیان دەکات. خانمە بە تەمەنەکە لە هۆڵەکەدا دانیشتووە و تەماشای تەلەفیزیۆن دەکات، ئاوڕێکیان لێ ئەداتەوە و دەڵێ: بەخێربێنەوە ڕۆڵەکانم. ئەوانیش بە خۆشییەوە سڵاوی لێدەکەن و سووپاسی دەکەن.
ئازاد دەڵێ: ئەوە دایە گیان لەم تەلەفیزیۆنە توورکییەوە فێری چی بوویت ئەم چەند ڕۆژەی لێرەیت؟
خانمەکە دەڵێ: گیانی دایە، وەڵڵا ڕۆڵە گیان هەر دۆقسان دۆقسەکە نییە.
هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین و دێن لە دەوری خانمەکە دادەنیشن. کاوان دەڵێ: وەڵڵا دایە گیان خۆزگەم بە خۆت بەس نییە تۆ ئەوەش دەزانی لە زاڵگەکانی سلۆپی و جەزیرە پێی دەربچیت ئێمە ئەوەش نازانین.
خانمەکە دەڵێ: حەدیان چییە سەگبابانی وا من دادەگرن، من جنسییەی سوێدییم هەیە. من ئێستا وەک سوێدییەک هاتوومەتەوە بۆ کوردستان و دەڕۆمەوە بۆ سوێد.
کوڕان هەموو دەمیان ئەبێت بە تەڵەی تەقیوو. شادیی دەڵێ: یانی دایە گیان تۆ ئا بەم جلە کوردیانەوە هاتوویتەتەوە بە ناو تورکیادا و بەم جلانەشەوە دەڕۆیتەوە؟

خانمەکە دەڵێ: وەی گیانی دایە من ئەوە یانزە دانە ساڵە هەر بە جلی کوردییەوە دێم دەچم لە سوێد. بەم جلانەشەوە سواری فڕۆکە بووم و هاتوومەتە ئەنقەرە و لە وێشەوە بۆ دیاربەکر. ئێستاش هەر ئاوا دەڕۆمەوە.
شادیی دەڵێ: ئەی دایە گیان چیدەکەیت لەم هۆتێلە بۆ نارۆیتەوە بۆ سوێدن خۆ تۆ قاچاغ نیت پاسپۆرتت پێیە.
خانمەکە دەڵێ: بەڵێ ڕۆڵە گیان ڕاست دەفەرموویت، بەڵام من کوڕەکەم لەگەڵدایە لە سلێمانیی ژنی هێناوە کچێکی ناسیاوی خۆمانە، ئەوە ئێمە یەک هەفتەیە لێرە قەتیس بووین هەتا فیزەیەکی بۆ وەربگرین بیبەین بۆ تورکیا. بەڵام ئەم مەنسولانە هەر دەستی دەستیمان پێدەکەن. هەر دەڵێن ئیمڕۆ نا سبەی، هەر دەڵێن فاکسمان کردووە بۆ ئەوبەر وەڵامیان نەداوینەتەوە. ئیتر نازانم بۆ وا دەکەن. کوڕەکەشم چووە بە قیندا لێیان ئەڵێ؛ ئەم سەگبابانە دەستی دەستیم پێدەکەن تا بەرتیلیان بدەمێ، منیش ڕازیی نیم لە خاکی خۆمدا بەرتیل بدەم بە کورد کارێکم بۆ بکەن. ئەو کوڕەم پێشمەرگەی دێرینە و بە خوا ناهەقیشی نییەوا بکات. ئەو داماوە بووە بە بێژن ئەوەندە گوللەی پێوەیە، هەر خوا نەیکوشتووە.
ئاسۆ دەڵێ: بەخوا دایە گیان ڕاست دەکەیت ناهەقی نییە، بەڵام باوەڕ بکە بەرتیلەکەی خۆی بدات بڕوات ڕزگاری بێت، چیداوە لەم دەردەسەرییە، من کوڕەکەت ببینم پێیدەڵێم.
خانمەکە دەڵێ: وەڵلا بڵێمچی کوڕەکەم، ئەوە ئێستا لەگەڵ ژنەکەیدا بۆ خۆیان چوونەتە دەرەوە بۆ گەڕان. تووخوا بابڕۆن کەمێک بۆ خۆیان خۆش بژیین. ئێستاش بنە پێم هەمووی مێخەکەی ڕێگای شاخ و داخی ئەو کوڕەیە. دایکی کوێر بێت بە خوا گەرمیان و کوێستان نەماوە نەیکەم بە دوای ئەم کوڕەمدا. ساڵی 1982 کە بە برییندارى بینیم لە قەرەداغ بە خوا هەر شێت و هار بووم، خۆم هەتا ئێران چووم لەگەڵیدا دوو مانگ بە دیارییەوە بووم لە خەستەخانە، پاشان ناردیانین بۆ سوریا لەوێ ماوەیەک لە دیمەشق بووین و نماینگەی یەکێتی پاسۆرت و شتوومەکیان بۆ سازکردین و ڕەوانەی سوێدیانکردین. ئیتر لەوساوە لە سوێدین هەتا دوای ڕاپەڕین بۆمانکراوە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.
شادی دەڵێ: ئەی دایە گیان مێرد و کوڕ و کچەکانی ترت ئەوان لە کوێن؟
خانمەکە دەڵێ: وەڵلا ڕۆڵە گیان هەمووومان لە سوێدین، کوڕە گەورەکەم شەهیدە و کچ و کوڕەکانی ترم خوا نەیبڕێت هەموو لە ماڵی خۆیاندان و شوویانکردووە و ژنیان هێناوە. ئەم کوڕەم کوڕە بچکۆلەمە و لە هەموویان خۆشەویسترە وا تازە ژنی هێناوە.
شادی دەڵێ: یاخوا خوا لێکتان نەستێنێت خاتوو گیان. شایەنی هەموو شتێکن چونکە خێزانێکی کورد پەروەر و قوربانیی دەربوون. بەڵام تووخوا ناوت چییە دایە گیان؟ با بە ناوی خۆتەوە بانگت بکەم.
خانمەکە دەڵێ: وەڵلا ڕۆڵە گیان ناوم فاتمە. پێشمەرگە دێرینەکان کاتی خۆی دەچووم بۆ لایان بۆ شاخ هەر بە دایە فاتم بانگیان دەکردم، حەزدەکەم تۆش بەو ناوەوە بانگم بکەیت
شادیی بە بزەیەکەوە دەڵێ: ئەی وەبان دییەم دایە فاتم گیان، منیش ناوم شادییە. ئەم بەڕێزانەی تریش کە لە گەڵمدان، ئەمەیان مامۆستا تۆفیقی بەڕێزە. ئەوەیان کاکە ئاسۆیە.

ئەوەیان کاکە کاوانە و ئەوەشیان کاک ئازادە.
مامۆستا تۆفیق و ئازاد و ئاسۆ و کاوان، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە سڵاوی خۆ پێناساندن لە دایە فاتم دەکەن و دڵشادیی خۆیان بەرانبەری دەردەبڕن.
دایە فاتم دەڵێ: یاخوا ڕۆڵەکانم خوا بە مەرامەکانی خۆتان بگەیەنێت. بە خوا ئێمەی کورد زۆر ماندووین و زۆر داماوین. هەرچەندە ئەم کوڕەوە بۆ ئەوروپا خاکی کوردستان چۆڵ دەکات و مەرامێکی دوژمنانە کە کورد وڵاتەکەی خۆی جێبهێڵێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنییام لەوەی هەریەکێک لە ئێوە ئەبێتە کۆڵەکەیەکی پتەو بۆ پشتگیریکردنی کەسوکارتان و چ نەبێت کەسوکارتان لە مەترسی برسێتیی و ماندووبوون ڕزگار دەکەن.
لەسەر پلیکانەکانی هۆتێلەکەوە دەنگی قاقای پێکەنین و گۆرانیی دێتە بەرگوێی دایە فاتم و سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە هۆڵەکەدا دانیشتوون، دایە فاتم دەڵێ: ئەوە بووکەکەم و کوڕەکەشم هاتنەوە، ئەو قاقا پڕ شادییە هەر دەشێ هی دڵە خۆشەکەی کوڕەکەم و بووکەکەم بێت خوا لە یەکیان نەکات لە چاوی پیس بەدوور بن. ئاوات و تارا دێنە سەرەوە و سڵاو لە کارمەندانی هۆتێلەکە دەکەن و سڵاو لەو کۆمەڵە دەکەن کە دەوری دایە فاتمیان گرتووە. ئاواتی کوڕی دایە فاتم دەڵێ: دایە گیان یا خێر دیوەخانت گەرمە نیازی چ سەربازگەیەکت هەیە بیگریت؟ تارای بووکی دێتە تەنیشت دایە فاتمەوە و دەڵێ: دایە فاتم ئەی هیچ شوێنێکت بۆ من داناوە؟ یان ئەبێت دیسان ناوساجی بۆ پێشمەرگە دروست بکەم؟
دایە فاتم دەڵێ: بەساقە ئاوات گیان ئەم کوڕە چاکانە ئیمڕۆ هاتوون و دەیانەوێت بڕۆن بۆ هەندەران. ئەم ئێوارەیە یەکترمان ناسیوە حەز دەکەم تۆش بیانناسیت مرۆڤی باشن. ئیدی یەکە یەکە ئازاد و کاوان و شادی و ئاسۆ و مامۆستا تۆفیق خۆیان بە ئاوات و تارای بووکی دایە فاتم ئەناسێنن و خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن.
دایە فاتم دەڵێ: ئەوەی لە هەموو شتێک خۆشترە ئاوات گیان ئەم کوڕە چاکانە دەڵێن با کاکە ئاوات ئەو چەند دۆلارە بدات بەم سووخۆرانە و بڕوات ڕزگاری بێت لەم گێرمە و کێشانەی سەر سنوور.
ئاوات دێتە لا تەنیشتەکەی تری دایکییەوە و دەڵێ: بڵێم چی دایە گیان خۆ بابەت لێرەدا ئەو چەند دۆلارە نییە کە من ئەیدەم، بابەت لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆ؟ لە پێناوی چیدا؟ من ئەمە بە دزیی دەزانم بە ناوی خوێنی شەهیدانەوە.
کاوان دەڵێ: دروستە کاکە ئاوات ئێمەش لەگەڵ قسەکانی بەڕێزتاین ئێمەش ئەوەمان لا پەسەند نییە. ئێمەش لامان ڕوون و ئاشکرایە کە ئیمڕۆ لەم سەرسنورەدا بازرگانیی بە خوێنی شەهیدانەوە دەکرێت، بەڵام ئێمە ئەمانەوێت ئەم سنورەتێپەڕێنین نەگ هەوڵی گۆڕانی بدەین. ئەگەر ئێمە بۆ گۆڕانی هەوڵبدەین ئاخۆ دەبێت بۆ لەم وڵاتە وەدەرچین و ملی ڕێگای ئەوروپا بگرینەبەر؟ بێگومان ئاشکرایە کە ئەمە ڕاست نییە، بەڵام ئێمە نامانەوێت لێرەدا لەم وڵاتە تێکشکاوەدا. تێکشکاو وەک خاک وەک ئایدیۆلۆژیی وەک ژیان وەک ئاسایش، ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینین بۆ گەیشتن بە ئاکارێکی چاکتر لە گوزەردا. نەخێر ئێمە ئەمانەوێت بڕۆین بە هەرنرخێک بێت لەم جەنجەڵستانی بیرکردنەوەیە ڕزگار بین و خانەکانی

بیرکردنەوەمان لە شوێنێکی دیدا بۆ هەر شتێکی دیکەی تری ژییان تەرخان بکەین. جا ئایا بۆ کار کردن بێت بۆ ڕاکێشانی کەسوکارمان بێت بۆ دڵداریی بێت، بۆ ئەو کچە قژ زەرد و جاو شیینە کەڵەگەتەی لە داهاتدا لە وڵاتی ترافیە و تراوگەدا پێی شاد ئەبین. یان ئەو ڕۆژگارە پڕ چاوەڕوانییانەی ناو کەمپەکانی پەناهەندە جا لە هەر وڵاتێکی ئەورووپایی و ئەمریکایی و ئەسکەندەنافیاییدا بێت. ئێمە کۆچمان دەوێت بۆیە بە هەر نرخێک بێت دەڕۆین، ئەگەر بەرەنگارییمان بوێت ئەوا دەبێت بە هەر نرخێک بێت بمێنینەوە و ئامادەبین بۆ هەموو جۆرە پێکدادانێکی ئایدیۆلۆژیی و چەکداریی لەناوچوون و هەڵساندنەوە. جا کاکە ئاوات بەڕێزت لە ژییانی ڕابووردی خۆتدا هەرچییەکت کردووە بۆ گەلەکەتت کردووە نەگ بۆ ئەو چەند بازرگانەی لەم سەرسنورەدا دەیان بینیت. لەبەر ئەوە من وەک برایەک پێت دەڵێم لە بەیانیی زووتر نییە ئەو لوقمە شیرینە بکە بە گیرفانی بازرگانەکانی سەر سنوردا و بڕۆ لە ستۆکهۆڵم ئەو چەند ڕۆژە ڕۆمانسیییانە بەسەر بەرە، تۆ تازە زاوایت دەشێ ڕۆژانەت بە شتی ترەوە بەسەربەریت کە چێژ بە ژییانت بگەیەنێت نەگ جێگایەکی زۆر لە لاپەڕەکانی یادەوەرییت بە ناخۆشیی بگریت. لەکوێ سبەی شەو لە ستۆکهۆڵم بن لە ناو کەشتییەکدا پێکەوە بە جووت دابنیشن و مۆمێکتان داگیرساندبێت و خواردنێک بکەن بە دەمی یەکدییەوە، دوور لەم هۆتێلە چەپەرە دوور لە منێکی چەنەباز دوور لەو جەنجەڵستانی سنورە. لەم قسانەدا لە پڕ دڵە شەڕواڵ پیس خۆی ئەکات بە هۆڵی هۆتێلەکەدا هەر وەک جنۆکە، بێ ئەوەی هیچ کەس درکی پێبکات. دڵە هەر لە دوورەوە دەڵێ: هەتیوو کاوان لەسەر ئەم زمانەت بە خوا بچیتە سەرمەریخیش هەر ئەتکوژن. ئەوە من لە ناودەرگاکەوە گوێم لە قسە زلەکانی تۆیە، سەگباب خۆ ئێرە نە مەڵبەندی ڕێکخستنە نە کۆمیتەیە و نە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانیی. ئێرە وێستگەی چاوەڕوانیی‌یە چاوەڕێدەکەیت هەتا شەمەندەنەفەرەکەت دەگات، ئەوسا سەردەکەویت و لێی ئەدەیت ئەڕۆیت ملت ئەشکێنیت بۆ ئەورووپا. ئەوسا لە ئەورووپا دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت گابەردی شاخێک هەڵبکەنیت و لە ڕۆژنامەیەکدا بیدەت بە تەوقەسەری بازرگانانی خوێن و شەڕ و سنوردا. دەگ سڵاوتان لێبێت و بەخێر بێن هەموو لایەک. نەفەرەکانی دڵشاد هەموو بە خۆشییەوە لەبەر دڵشاد هەڵئەستن و سڵاوی لێدەکەن و ڕایدەمووسن. دڵشاد خۆشحاڵیی خۆی بە دیتنیان دەردەبڕێت و دەڵێ: گیرفانم ڕوون بۆوە ببوورن چاوەکانم ڕوون بۆوە. هەموو دەستدەکەن بە قاقای پێکەنین و ئەیدەن بە شانی دڵشاددا. پاشان دڵشاد سڵاو و ڕێزی خۆی بە دایە فاتم و بە ئاواتی کوڕی و بە تارای بووکی ڕادەگەیەنێت.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: دایە فاتم و کاکە ئاوات گیان ئەمە کاک دڵشادە، سیاسیی و ڕۆشنبیر و قاچاخچیی گەلەکەمانە، بە کوردستان باس لە هەرچییەک دەکەیت ئەم خۆی تێهەڵدەقورتێنێت و بواری کەس نادات قسە بکات. دیسان هەموو بە خۆشییەوە دەست دەکەنەوە بە قاقا و پێکەنین.

دڵشاد دەڵێ: چ باسە قسەکانی خۆتان تەواو بکەن، ببوورن با من لە گفتوگۆتان نەگرم.

کاوان دەڵێ: دڵە گیان کاکە ئاوات ئەوە وەک دایە فاتمی دایکی دەڵێ بۆ ماوەی سێ چوار

هەفتەیە لێرە قەتیسن و لە برایم خەلیل ڕێگایان نادەن بڕۆن، بە کوردییەکەی فیزەی تورکیایان نادەنێ دەڵێن هێشتا فاکسمان بۆ نەهاتووە لەوبەرەوە، ناتوانین ڕەوانەت بکەین هەتا سەرەت نەیەت. ئێ ئەمانیش پاسسپۆرتی سوێدییان پێیە و تارا خانیش ژنی کاک ئاواتە و مامەڵەی بۆ کردووە بیبات بۆ سوێدن.

دڵشاد دەڵێ: هیچ نییە تۆزێک بۆڵبرینەکانی تەقەی تێکەوتووە چەوری دەکەیت چاکدەبێت. هەموو دەستدەکەنەوە بە قاقای پێکەنین. پاشان دڵشاد بە ئاوات دەڵێ: بە قسەی برای خۆت دەکەیت هەتا زووە برۆ، ئەم سنورە بە هیچ شێوەیەک جێگەی متمانە نییە تێیدا بمێنیتەوە. برۆ هەتا شەوێک زووتر لە سوێدن بیت درەنگە. چش لەم چەند دۆلارەی ئەیکەیت بە قورگی ئەم بازرگانانەدا، خۆ هەر ناوی من بە ناوبانگە کە قاچاخچییم بەڵام ئەوان لە من و لە خەڵکانێکی تر زۆر قاچاخچیترن بە ناوی پێشمەرگایەتی و بەڕێوەرایەتییەوە. ئەوی خۆشە ناویان لێناوە کۆمەکی شەهیدان. خۆ ئێستا ئەگەر شەهیدان زیندوو بوونایەتەوە لە پێش هەر ڕەبایەیەکی بەعسەوە ڕەبایەکانی بازرگانێتیی و وڵات فرۆشیی ئەمانیان دەگرت. برۆ براکەم برۆ ئەم سنورە بێ باوەڕە، هاکا تورکیا خۆی کرد بەم دیوودا خۆ ئەو پێشمەرگانە وەک کارتۆن وان لەو سەر پردە هیچیان پێناکرێت لە ئاستی سووپای تورکییدا. هەندێ جار خۆشیان بە ڕەزامەندیی خۆیان ئەیانهێنن بەم دیوودا بۆ ڕاوی پێشمەرگەکانی پەکەکە.

ئاوات دەڵێ: باوەڕ بکەن زۆر خۆشحاڵم بە دیتنتان و زۆر ئاسوودەم بە گوێڕایەڵییتان قسەکانتان هەمووی لەسەر سەرم پێدەچێت من ئەم چەند ساڵەی کە دوور بووم لە کوردستان لە زۆر شت بێ ئاگا بم بەڵام ئێوە خۆتان لەناو جەرگەی ڕووداوەکاندا دەژیین بۆیە قسەکانتان بەجێیە و بەڵێنتان پێ ئەدەم بەیانیی ئەم کارەبکەم.

کاوان دەڵێ: بۆ بەیانیی ئەی بۆ ئێستا نا بۆ ئەوەی بەیانیی یەکسەر دەربچن و بڕۆن.

ئاوات دەڵێ: ئاخر ئێستا بەم شەوە پردەکە داخراوە و کاری پەڕینەوە ناکرێت. چاوەڕێدەکەین هەتا ڕۆژ بێتەوە.

هەموو دەست دەکەن بە قاقای پێکەنین و مامۆستا تۆفیق دەڵێت: نا کاکە ئاوات ئەوانە دوکانەکانیان بیست و چوار کاتژمێرە کراوەیە بۆ هاووڵاتییانی کورد. مامۆستا تۆفیق ڕوو دەکاتە دڵشاد و دەڵێ: دڵە گیان دەبڕۆ دەی چاوەڕێی چی دەکەیت.

دڵشاد دەڵێ: باشە وەبان دییەم، هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: دەی کاکە ئاوات با بڕۆیین.

ئاوات دەڵێ: بۆ کوێ کاکە دڵشاد؟

دڵشاد دەڵێ: بۆ ڤیزەی ژنەکەت.

ئاوات بزەیەک ئەکەوێتە سەر ڕوومەتی و دەڵێ: باشە ئامادەم با بڕۆیین.

دڵشاد و ئاوات پێکەوە هۆتێلەکە جێدەهێڵن و بە خاوەن هۆتێلەکە دەڵێن: تکایە ئەگەر کەمێک درەنگ هاتینەوە دەرگامان لێبکەنەوە و لەو بەردەرگایەدا ڕامان مەگرن.

هۆتێل چییەکە دەڵێ: باشە کاکە دڵشاد گیان بە چاوان.

دڵشاد کەسایەتییەکی ناسراو بوو لە زاخۆدا زۆرینەی خەڵکی زاخۆ دەیانناسی، هەمیشە

خۆشەویست بووە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی زاخۆدا. تەنانەت لێپرسراوانی سەرپردەکەش خۆشیان دەویست، بەردەوام داوای چییان لێبکات بۆی دەکەن. بێگوومان دڵشاد پارەی خۆی ئەدات و دەمیان بەردەوام چەور دەکات. دڵشاد و ئاوات تەکسییەک دەگرن دەڕۆن بۆ گەڕەکێکی قەراخ شاری زاخۆ لەوێ لە بەردەمی ماڵێکدا ڕادەوەستن و بە شۆفێرەکە دەڵێن کە لەبەردەرگا چاوەڕوانیان بێت هەتا دێنە دەرەوە. دڵشاد چەند جارێک لە دەرگاکە ئەدات، پاش چەند چرکەیەک لەودیوو دەرگاکەوە دەنگێک بەرز دەبێتەوە دەڵێ: کێ لە دەرگا دەدات؟ دڵشاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: لە تەتەرەکەی زاخۆ زیاتر دەبێت کێ بێت بەم نیوەشەوە دەمی دەرگات بگرێت؟

هەڤاڵ ئاکرێیی دەرگاکە دەکاتەوە و دەڵێ: دڵشاد گیان ئەوە چ خێرە بەم نیوەشەوە؟

دڵشاد دەڵێ: خێر دەبێت هەڤاڵ گیان خێراندار دەبێت. هاتووم بۆ کاری ئەم بەڕێزە، کاک ئاوات ئەمە هەڤاڵ ئاکرێیی‌یە حەز دەکەم پێت بناسێنم، هەڤاڵ گیان ئەم برایەش کاک ئاواتە و لە سوێدن دەژیی ڤیزەی دەوێت بۆ ژنەکەی کە بەڕێی بکات.

ئاوات خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: بەڵێ هەڤاڵ ئاکرێیی دەناسم چەند جارێک لە سەر پردەکە دیدەنییم کردووە.

هەڤاڵ ئاکرێیی هەمانشێوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: سەرچاوە بەیانی زوو کاتژمێری نۆ بێتە سەر پردەکە چاوەڕێم بکات ئەیپەڕێنمەوە. بەڵام دەبێت ڕێک لە نۆ لەوێ بێت بەبێ دواکەوتن.

ئاوات دەڵێ: زۆر سووپاس هەڤاڵ گیان، دڵنیابە دوا ناکەویین.

پاشان دڵشاد دەڵێ: زۆر باشە کەواتە هەڤاڵ گیان با ئێمە زیاتر کاتت لێ نەگریین ئێمەش دەبێت بگەڕێینەوە چونکە دەرگای هۆتێلەکەیان دادەخرێت. دڵشاد دوو سەد دۆلار ئەکاتە دەستی هەڤاڵ ئاکرێیی‌یەوە دەڵێ: دڵنییام ئیمشەو خەوەکەت شیرینتر دەبێت.

هەڤاڵ ئاکرێیی دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێ: دڵشاد ئەمە چەندین جارە تۆ ئەم کارە دەکەیت، ئەمجارە دەبێت لە پێشدا لەسەر گەڵاکان قسە بکەین، چونکە لە داهاتدا من دوو گەڵا وەرناگرم.

دڵشاد دەڵێ: باشە باشە ماڵتم ئاواکرد ئێوەش ڕۆژ بە ڕۆژ خۆتان گران دەکەن، ئەگەر وا بڕوات کەس لە پردەوە ناڕوات هەمووی دێن بۆ لای من بازاڕی خۆتان مەشکێنن. هەموو دەست دەکەن بە پێکەنین و پاشان شەو باش لە یەکتریی دەکەن و دڵشاد و ئاوات ناودەرگای هەڤاڵ ئاکرێیی جێدەهێڵن دێن بەرەو لای تەکسییەکە، پێش ئەوەی سەربکەونە ناو تەکسییەکەوە ئاوات بە بزەیەکەوە ئەکێشێت بە شانی دڵشاددا و دەڵێ: دڵشاد گیان ئەم ژیانە چەکمەجەیەکی پڕ نهێنییە هەتا نەیکەیتەوە و تەماشای نەکەیت نازانیت چ دەریایەکی نهێنی لەم ژیانەدا هەیە. هەرگیز لە بیرکردنەوەمدا نەبووە ڕۆژێک ئاوا ئاسان لەم هەڤاڵ ئاکرێیە نزیکبمەوە و بەم شێوە سادە و ساکارە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم. خۆ ئەگەر لەسەر پردەکە ئەم پیاوە دەبینیت کەسایەتییەکی ترە و بگرە مرۆڤ هەر ناوێرێ تەماشای چاوەکانیشی بکات. کەچی ئاوا ئاسان دیلی دەستی گەڵایە و زمان لە دەمیدا نییە.

دڵشاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ئاخ چیت دیوە کاکە ئاوات گیان، هێشتا لە کوێتە بۆیە پێمخۆشە زوو بڕۆیتەوە بۆ سویدن هەتا ئەم بەهەشتەت لێ نەبووە بە دۆزەخ. پێمخۆشە بڕۆیت هەتا ئەم وڵاتی دایکەت لەبەرچاو نەکەوتووە. ئەم خاکەی ئێمە چەندینەمان ماڵ و سامان ئابڕووی خۆمانمان لەسەر دانا و ئۆقیانووسێکی خوێنمان لەبۆ ڕشت هەتا ئازادیی بکەین ئیمڕۆ وردە وردە بێزمان لێی دێتەوە و ئەڕۆین ڕەو دەکەین بەرەو هەندەران. بەرەو هەر کیشوەرێک کە تۆزقاڵە زەڕڕەیەک ئاسوودەیی تێدا شک بەرین. ئا لەو ئاسایشی زاخۆیەدا سێ دانەڕۆژ بە پانکەوە هەڵیان واسیوم بێ نان بێ ئاو سووکایەتییان بە مرۆڤ بوونمەوە کردووە. ئێستاش لە تۆڵەی ئەو کارە ئەوی پێمبکرێت دەیکەم تا لووتی ئەم گەورەپیاوانە بشکێنم. هەر ئەمانە منیان لەسەر قاچاغچێتیی ئەشکەنجە دەکرد، کەچی ئێستا هەر ئەمانە گیرفانم لەگەڵ خۆیان بەش دەکەن. من قاچاغچییم، ڕاستە من پارە وەردەگرم بەڵام ویژدانی خۆم هەرگیز نادۆڕێنم. هەتا پارە لە نەفەرێک وەردەگرم پارە لە سیان وەرناگرم. چەندیین کوڕی هەژار و برسییم ئاودیوو کردووە ئێستا لە هەندەرانن بۆ خۆیان و بۆ کەس و کاریان. چەندیین پێشمەرگەی دێریینم ئاودیوو کردووە کە لە شارەکاندا ڕسوا ببوون پاکەتێک جگەرە لە گیرفانیاندا نەبوو کەسێک نەبوو لێیان بپرسێتەوە لایەنێک نەبوو لایەکیان لێبکاتەوە. من قاچاغچییم بەڵام ئەمانە دزن، ئەمانە خیانەتکارن ئەمانە بازرگانیی بە خوێنی شەهیدانەوە دەکەن. هەر کوردێک لە ئەورووپاوە دێتەوە بیست و پێنج دۆلاری بۆ خوێنی شەهیدان لێدەستێنن، هەر دەزگایەک و ئۆتۆمبیلێک دێتە ئەم خاکەوە کۆمەڵێک گومرگی دەکەن. کوا ئەم هەموو پارەیە چی لێدەکەن، ئەگەر ئەم پارانە بۆ خوێنی شەهیدان بوایە ئێستا دەبوایە کوردستان بەهەشت بوایە و ماڵە شەهیدەکانیش وەک گوڵ ڕازاوە و تێر بن. بەڵام کوردستان بووەتە جەنجەڵستان و مەیدانی شەڕیدوژمنایەتیی و کیشوەری برسێتیی و مەرگ. لەهەر بستە زەمینێکی ئەم وڵاتەدا چاو ئەگێڕی لەتاو بێ نان و ئاویی ژنانی ئەم وڵاتە لەشی خۆیان ئەفرۆشن. لە پێش هەموو کەسێکەوە ئەمانە دەیکرن. واز بێنە کاکە ئاوات من دەروونم وەک بورکان دەکوڵێت. وەرە ئائێستا ئەڕۆین بۆ ماڵی مامۆستایەک هیچ ناکەین بەڵام بۆ ئەوەی چەند بەڵگەیەکت بدەمێ بزانە ئەم وڵاتە چی لێهاتووە. ئاوات و دڵشاد سواری تەکسییەکە دەبن و دڵشاد بە شۆفێرەکە دەڵێ: سەیدا گیان لێخوڕە بۆ جەمعییە. پاش چەند خولەکێک تەکسییەکە دەگاتە جەمعییە و دڵشاد و ئاوات لە بەردەمی ماڵێکدا دادەبەزن و دیسانەوە شۆفێرەکە چاوەڕوانی ئاوات و دڵشاد دەکات. دڵشاد و ئاوات دەچنە ناو دەرگاکە و لە جەرەسی ماڵە ئەدەن، پاش کەمێک پیاوێک بە قاتێ چاکەت و بیجامەی شیینی کاڵەوە دێتە ناو دەرگاکەوە و بەخێر هاتنی دڵشاد و ئاوات دەکات و لەگەڵ خۆی ئەیانباتە ژوورەوە لە هۆڵی دانیشتن دایان ئەنێت و دەڵێ: بەڕێزان بەخێرهاتن چ حەز پێدەکەن بیخۆنەوە؟ با بچێک ئاوتان بۆ بێنم یان چایەکی جوان.

دڵشاد دەڵێ: زۆر سووپاس مامۆستا گیان هیچ ناخۆین ئەزییزم، تێرین و هەموو شتمان هەبووە ئەم ئێوارەیە.

مامۆستا دەڵێ: یاخوا بەخێر بێن سەرچاوە، پاشان مامۆستا ڕووی دەمی دەکاتە دڵشاد و

دەڵێ: دڵشاد گیان ئەوە چۆنە دیار نیت؟ ماوەیەکی زۆرە هیچ دەنگ و باستمان نەدەزانی.
دڵشاد دەڵێ: مامۆستا گیان بڵێم چی باوەڕبکە هیچ بوارم نەبووە بێم سەردانتان بکەم، ئەم ئێوارەیەش بەخۆشیی کاکە ئاواتەوە هاتم، کە لە سوێدنەوە هاتۆتەوە.
مامۆستا دەڵێ: باشە خێراندار بێت دڵشاد گیان، کاکە ئاواتیش سەر سەرێ ئێمە هات.
ئاوات دەڵێ: سەرتان خۆش بێت مامۆستا گیان سووپاستان دەکەم.
پاش کەمێک فاتیمەی ژنی مامۆستا بە ژێرکراسێکەوە دێتە ناو هۆڵەکە و سڵاو لە میوانەکان دەکات و ئەملاو ئەولای دڵشاد ماچ دەکات. فاتیمە بەژن و باڵایەکی بەرز و بارییکی هەیە، قژێکی ڕەشی قەترانیی هەتا سەر شانی شۆڕبۆتەوە و هیچ پیاوێک نییە بتوانێت نیگای جوانی فاتیمە نەکات، جوانیی فاتیمە پەیکەرێکی یۆنانیی بوو، بۆیە ئاسان نەبوو هیچ پیاوێک بتوانێت بە لایدا تێپەڕێت و بۆنێکی گوڵی گۆنای نەکات.
ئاوات بەم دیدارە سەری ئەسوڕمێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەم وڵاتە چی لێهاتووە؟ دەشێت ئێمە بۆ ئەوە پێشمەرگە بووبێتین بەم شێوەیە گەلەکەمان بەڕێوەبەرین. پیشەی مامۆستا لە قووتابخانەکاندا پەروەردەکردنی منداڵانە بۆ دواڕۆژ نەگ ئەم کارەی کە ئێستا دەیکەن.
دڵشاد بە نەرمیی ئەکێشێت بە شانی ئاواتدا و دەڵێ: هیچ بیرکردنەوەی ناوێت ئەمە ڕاستیی‌یە کە دەیبینیت. مامۆستایەکی داماو بە شەش مانگ جارێک مووچە وەربگرێت یان وەری نەگرێت ئەبێت بەچی بژیی؟ بەچی قووتی دەمی خۆیان و منداڵانیان بدەن. هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئیمساڵ تەمەننای مەرگی پێرارەبێ تۆ.
فاتیمە بە بزەیەکەوە ڕوو دەکاتە دڵشاد و دەڵێ: دڵە گیان حەز دەکەن هەردووکتان پێکەوە بێن یان بە جیا؟
دڵشاد دەڵێ: نا ماڵەکەم مامۆستا گیان ئیمڕۆ هەر تەنها بۆ ئەوە هاتم سەردانتان بکەم بە ڕاستیی نیگەرانتان بووم بیرم دەکردن. دەبێت بڕۆین هاوڕێیان لە هۆتێل چاوەڕێمان دەکەن. بەڵام چاو و دڵم ڕوونبۆوە کە دوای ماوەیەکی زۆر بەدیدەنتان شاد بوومەوە. خوازیارم گوزەرتان باش بێت و ئاسوودەبن.
فاتیمە زۆر سووپاسی دڵشاد دەکات و دەڵێ: خودێ دڵشاد گیان هاتنت هەموو شتێکە بۆ ئێمە، زۆر سەیرە هەستێکی سەیرم لە بۆ تۆ هەیە. وا هەستدەکەم کە تۆ لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبیت. یان هەندێ جار وا هەستدەکەم کە عیسایەکی کورد بیت. چونکە تەنها عیسا بوو کە ڕێزی لە ژنە سۆزانیی‌یەکان دەگرت و هەستێکی مرۆڤانەی هەبوو بۆیان. هەر ئەو هەستە مرۆڤانەیەی عیساشە هەتا ئێستا لە ئەوروپادا ژنانی ئەوروپیی و ئەمریکیی بە چاوێکی ڕێزەوە لە لایەن پیاوانەوە تەماشا دەکرێن. دوای ماوەیەک گفتووگۆی هەمە جۆرە، دڵشاد و ئاوات هەڵدەستن و ماڵئاوایی لە مامۆستایان هەردووکیان دەکەن و خۆشحاڵیی خۆیان بە هاتنیان بۆ لایان دەردەبڕن و دەچنە ناودەرگاکەوە. ئاوات بە دڵشاد دەڵێ: دڵە گیان من ئەچمە بەردەرگا جگەرەیەک ئەکێشم. پاش کەمێک دڵشاد لە ناو دەرگاکەدا بڕێک پارە ئەکاتە دەستی فاتیمەوە و دەڵێ: ئاگاتان لە خۆتان بێت ڕۆژێک دادێت خۆری ئەم وڵاتە هەڵبێت و ئێوەش کاری ڕاستەقینەی مامۆستایی خۆتان بکەن. هەر لەکۆڵانەکەدا ئاوات و

دڵشاد بۆ چەند چرکەیەکی درێژ خایەن بەبێ قسەکردن بەرانبەر یەکدی ڕادەوەستن، شۆفێری تەکسییەکە هۆڕنێکیان بۆ لێدەدات و لەو مەلەی دەریای بیرکردنەوەیان دەکات. ئەوانیش دادەچڵەکێن و دەست دەخەنە سەرشانی یەکدی و بەرەو لای تەکسییەکە دەڕۆن. کاتێک دەرگای تەکسییەکە دەکەنەوە و سەردەکەون. شۆفێرەکە بەخێرهاتنەوەیان دەکات و دەڵێ: سەیدا گیان، من تەنها دەتوانم بۆ یەک شوێنی ترتان بەرم چونکە کاتی کارکردنم تەواو بووە و ئێستا ژن و منداڵانم چاوەڕێمدەکەن بگەڕێمەوە.

دڵشاد دەڵێ: باشە سەیدا گیان ماندوومان کردیت، زۆر سووپاس بۆ مانەوەت لەگەڵمان.

بە درێژایی ئەو ڕێگایە هەتا دەگەنە هۆتێلەکە ئاوات هیچ وشەیەک لە دەمی نادێتە دەرەوە. بە شێوەیەکی وەها نقووم بووە دەڵێی لە مێژە لەم ڕووبارە بەخوڕەی داوە و شەپۆلەکان بەخنکاویی لە کەناردا فڕێیانداوە. یاخود وەک بڵێی زمانی بە فاقەی واق وڕمان گیرابێت و بۆی نەکرێت زار هەڵبێنێتەوە. ئەوەی ئاوات لە ماوەی ئەم چەند کاتژمێرەدا بینیوویەتی بە درێژایی ئەو چوار هەفتەیەی زاخۆ و ئەو چەند هەفتەیەی سلێمانیی نەیدیوە و درکی پێ نەکردووە. بۆیە ئاوات تووشی شۆک و داچڵەکین بووە ئاسان نییە وا زوو بتوانرێت وەئاگای خۆی بهێنرێتەوە. پاش چەند خولەکێک تەکسییەکە دەگاتە بەردەمی هۆتێلەکە و دڵشاد پارەی ئەو چەند کاتە و گەیاندنانەی ئەداتێ و گەلێک سووپاسی خۆی بۆ شۆفێرەکە دەردەبڕێت. شۆفێرەکەش سووپاسیان دەکات و هیوای شەوێکی شادیان بۆ دەخوازێت. دڵشاد لە جەڕەسی هۆتێللەکە ئەدات کە تازە کات بووەتە یازدەی شەو، پاش کەمێک دەرگای هۆتێلەکەی لێدەکەنەوە و ئاوات و دڵشاد بە بێ دەنگیی سەردەکەونە سەرەوە، کە تەماشا دەکەن بەس کارمەندێکی هۆتێلەکە لەسەر سێرڤیزەکەیە و تەماشای تەلەفیزیۆن دەکات. شەو باشی لێدەکەن و پاشان دڵشاد دەڵێ: کاکە ئاوات وا دیارە ئێستا برادەران هەموویان خەوتبن، تکایە ئەگەر بە ڕێکەوت یەکێکیانت بینی پێیان بڵێ من بەیانیی کاتژمێر هەشت دەگەڕێمەوە بۆ لایان. ئیتر شەوێکی خۆشت هەبێت کاکە ئاوات گیان.

ئاوات دیسان زۆر سووپاسی ئەو هەموو ماندووبوونەی دڵشاد دەکات و دەست دەکات بە گیرفانیدا دوو سەد دۆلار دەردێنێت و ئەیکاتە دەستی دڵشادەوە.

دڵشاد دەیەوێت پارەکەی لێ وەرنەگرێت، بەڵام ئاوات ڕازی نابێت و دەڵێ: تۆ منت ئەم ئێوارەیە ناسیوە ناتوانم ئەرکێکی وا گەورە بخەمە سەرشانت کە پارەم لێ وەرنەگریت، پاشان خۆ تۆ قازانجت لێ وەرنەگرتووم ئەوە بۆ من جێگەی دیاریی و خۆشحاڵییە. ئاوات باوەشێک دەکات بە دڵشاد دا و دەڵێ: باوەڕ بکە لە ئیبراهیم خەلیل چەند دەلاڵێکی ئەمانە هاتنە لام داوای چوارسەد دۆلاریان دەکرد، ئەزانی تۆ چەند یارمەتیی منت داوە ئیمڕۆ؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لەم دوو کاتژمێرەدا فێری بووم لەگەڵ تۆ پێموابێت تۆ نەبوویتایە بە دەیان ساڵی تریش نەدەگەیشتمە ئەم ئاستی بیرکردنەوەیە. هەر بژیت دڵشاد گیان سووپاس.

دڵشاد دەڵێ: نا کاکە ئاوات من هیچم نەکردووە، بە هیوام بەیانیی بە خۆشیی بپەڕێنەوە ئەوبەر، شەوێکی شاد و بەختەوەرت هەبێت. دڵشاد شەو شاد لە کارمەندی هۆتێلەکە

دەکات و بە پلیکانەکاندا دەڕواتە خوارەوە، هەتا دەنگی داخستنی دەرگای هۆتێلەکە دێت ئاوات لە هۆڵەکەدا ڕادەوەستێت ئەوسا دەچێتە ژوورەکەی دایکی و تەماشایەکی دەرگاکەی دەکات تا بزانێت داخراوە یان هێشتا بە ئاگایە و نەخەوتووە. دەستێک بە کێلونی دەرگاکەوە دەنێت و دەرگاکە ناکرێتەوە ئەوسا دڵنییا دەبێت کە دایکی نووستووە. پاشان دەچێتە ژوورەکەی خۆیان و دەرگاکە بە کلیل دەکاتەوە، کە تەماشا دەکات تارای ژنی هەمانشێوە خەوتووە. پێڵاوەکانی دادەکەنێت و بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵەوە دەست دەکات بە خۆ داکەندن و خۆ ڕووتکردنەوە. لەم هەناسە هەڵکێشانانەی ئاواتدا تارا بە ئاگا دێت لە خەو و دەڵێ: ئاوات گیان بەخێر هاتیتەوە، دڵمان لات بوو. بۆ وا درەنگت پێچوو؟

ئاوات دەڵێ: سووپاس تارا گیان، بلێمچی تارا گیان شوێنەکان دوور بوون. ئاوات گلۆپەکان دەکوژێنێتەوە و دێتە ناو جێگاکە بۆ لای تارا، ماچێکی تارا دەکات و لەسەر گازی پشت دیسان بە هەناسەیەکی قوڵەوە پاڵ ئەداتەوە.

تارا هەستدەکات کە ئاوات باری دەروونیی تەواو نییە، ڕوو دەکاتە ئاوات و دەڵێ: ئەتەوێت قسە بکەیت لەسەر ئەم بێ ئارامیی‌یەت؟ ئەگەر بابەت ئەوەیە ڤیزەکە وەرنەگیراوە بۆتان و دوا دەکەوێت، ئەواماڵەکەم من پێمخۆشە تۆ بڕۆیتەوە هەتا کارەکەت لە کیس نەچێت و ماوەیەکی دی بێیتەوە بە دوامدا. من پەلەم نییە و ئارامیشم زۆرە.

ئاوات دەڵێ: نا گوڵە گیان ڤیزەکەمان هەر زوو جێبەجێکرد، بەیانیی کاتژمێر نۆ ئەپەڕیینەوە بۆ تورکیا.

تارا بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێ: ئەی ئەم بێ ئارامیی‌یەت هی چییە ماڵەکەم؟

ئاوات دەستێک بە دەموچاویدا ئەهێنێت چەند جارێک هەناسەی قوڵ هەڵ ئەمژێت و ئەڵێ: تارا گیان تۆ دەزانیت شێتێتی و چەواشەیی زۆر ئاسانتر بەدی دەکرێت وەک لەوەی ڕاستیی بدۆزیتەوە؟

تارا خۆی دەخاتە سەرلا و چەناگەی لەسەر سنگی ڕووتی ئاوات دەنێت و بە نەرمیی پەنجەیەک ئەخاتە سەر لێوەکانی ئاوات و ئەڵێ: ئاوات گیان مەبەستت لە چییە لەم قسەیەی کردت؟ کێ یان چ شتێک تووشی چەواشەیی کردوویت؟ یان کام ڕاستیی‌یەت بۆ نادۆزرێتەوە؟

ئاوات چاوەکانی وردە وردە تەڕ دەبن و کریستاڵی فرمێسکەکانی وەک شەمێک بە گۆنایەوە دادەگیرسێن، هەتا بێت هەناسەدانیشی تەنگتر دەبێت و دەڵێ: تارا گیان تۆ دەزانیت من کوڕی خێزانێکی هەژار بووم بەڵام زۆر دەوڵەمەند بووین لە هەڵوێستدا هەتا ئێستا سەرمان بۆ داگیرکەران شۆڕ نەکردووە و نایشیکەین. من بە تەمەنی حەڤدە ساڵیی ڕامکرد بوومە پێشمەرگە. هەموو کچانی ئەم وڵاتەم بە خوشکی خۆم دەزانی، هەموو ژنانی ئەم خاکەم بە دایکی خۆم دەزانی. ئەگەر لەتێ نانمان پێبوایە ئەوا هەموو وەکوو خوشک و برا بەشمان دەکرد ئەوسا دەمانخوارد. یان کە دەچووینە هەر گوندێک هەرچی خەڵکی دێکە بوو وەک برا و وەک خێزان چێشتووی ژەمی خۆیان لەگەڵ بەشدەکردین. کەواتە ئێمە خوێنمان بۆ ئەم گەلە بوو، ئەم گەلەش نانی بۆ ئێمە بوو. ئێمە گیانێک بووین لە دوو جەستەدا. ئەو ساڵانە

ئەمانزانی بۆچی بەو شاخانەوە دەژیین. ئەمانزانی بۆ سنگ بە گوللەوە دەنێین. بێگوومان ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆیی و سەرفرازیی ئەم گەل و نیشتیمانەدا بوون. ئیمڕۆ تەماشا دەکەم لە دەمی گەل ئەکرێتەوە ئەکرێت بە دەمی خۆشگوزەریی خۆیاندا. ئیمڕۆ دەبینم گەلەکەم ڕۆ دەچێت بە ناخی زەوی خەم و پەژارەدا ئەچێت، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک کزەیەک چییە بە دەروونی ویژدانیدا بێت. من لە ئەم هەموو ماوەیەی کە لە کوردستاندام هەتا ئێستا نەمتوانی بوو لە درزی نهێنییەکانی ئەم خاکەوە لە ڕاستییەکان بڕوانم. بەڵام ئەم ئێوارەیە ئەو دڵشادە گەورەترین چەکمەجەی نهێنی ئەم ژییانەی لای من ئاوەڵاکرد، کە نیگاکردنی ستەم بوو. ستەم بوو بۆ منێکی وێرانە ڕۆح کە بتوانم دوای چەندیین ساڵ تێکۆشان و ئاوارەیی و دەربەدەریی بەرەو ڕووی دیدارێکی وەها تێکشکاندەر بمەوە. ئێمە ئەوە چواردانە هەفتەیە لەم دەڤەرەدا قەتیسین بەس بە تەنها بۆ ئەوەی ئەم سنورە ببەزێنین. لە کاتێکدا ئێمە هەموو شتێکی یاسایی و دەوڵەتییمان پێیە و وەک یاسا مافی ئەوەمان هەیە تێپەڕ بین. بەڵام خەڵکانێکی هەلپەرست لە پێناوی ڕاو و ڕووتدا دیلی نێو هاتووچۆیان کردووین. هەر ئەو پیاوە بەرز و بڵندەی ئیبراهیمم خەلیل ئەو هەڤاڵ ئاکرێییەیە لە بەردەمی دڵشاد دا بێجگە لە قاچاخچییەک هیچی تر نەبوو. بێجگە لە بێ کەسایەتییەکی بازرگان هیچی تر نەبوو. بە دوو سەد دۆلار بەیانیی ئەو دەرگا ئاسنینەی بەری دەرچوونی گرتووین ئەیشکێنین. لە هەموو شتێک دڵ تەزێنتر هەر ئەم ئێوارەیە بردمی بۆ ماڵێک بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەنێک ڕاستییم نیشان بدات. ئەو ماڵە ماڵی دوو مامۆستای کورد بوو. ماڵی دوو چرای دواڕۆژی منداڵانی کورد بوو. ئەو دوو مامۆستایە ژن و مێردێکی گەنج بوون، ژنەکە ناوی فاتیمە بوو پیاوەکەش ناوی ئەحمەد بوو، دوو منداڵی چوار و پێنج ساڵانیان هەبوو. ژنەکە دەتگووت پەریی بەهەشتە هێندە جوان بوو. هێندە مرۆڤانە هێندە ئێسک سووک، هەرچی هەڵسوکەوتی سۆزانیی هەبوو لە ڕووخساریدا بەدی نەدەکرا بەڵام بۆ بژێوی ژییان ئەو فاتیمەیە کاری سۆزانیی دەکرد. جەستەی خۆی دەفرۆشت لە بۆ نان لە بۆ ژییان. ئەو دیدارە سەراپای گیانی تەزاندووم ئەو دیدارە لێکدانەوەکانی پێکرا هەراسانکردووم. ئەوەی لە دڵشاددا ئەم چەند ساتە بینیم لە هەموو تەمەنمدا نەمدیووە. کە ئێمە چووین بۆ ئەو ماڵە فاتیمە وایدەزانی هاتووین لەگەڵیدا بنووین، بەڵام دڵشاد پێشی کەوت و گووتی: تەنها بۆ سەردانتان هاتووین مامۆستا گیان گەلێک سووپاس. پاش ئەوەی کەمێک دانیشتین من بەرگەم نەگرت لەوەزیاتر هاتمە دەرەوە لە بەردەرگا جگەرەیەکم کێشا و چاوەڕوانی دڵشادم کرد تا بێتە دەرێ و بڕۆین. لە ناودەرگاکەدا ئاگام لێبوو دڵشاد مشتێک پارەی کردە دەستی فاتیمەوە و ماڵئاوایی لێکرد. بە دەردی فاتیمە دەیگووت: ئەم دڵشادە پێدەچێت لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبێت یان کوڕی عیسا بێت. لە لایەک زۆر دڵ تەنگ بووم لە لایەکی ترەوە ئاسوودە بووم کە دڵشاد بەو شێوەیە هاریکاریی ئەو خێزانەی کرد. بێگوومان ئەوە یەکێکە لە نموونەی هەزاران ژنی کورد کە لە پێناوی بژێوی ژییاندا جەستەی خۆیان دەفرۆشن. لایەنەکانی دەوڵەتیش سەرقاڵی دزیی و شەڕی دوژمنایەتیین.

تارا به دەستەسڕێک فرمێسکەکانی ئاوات ئەسڕێتەوە و توند ئەیگووشێت بە سنگییەوە و دەڵێ: ئاوات گیانماڵەکەم لەوەتەی تۆ دەناسم هەرگیز بەم شێوەیە تۆم نەدیوە، ئێستا لەم کاتەدا ڕووی ناوەوەی تۆ دەبینم وە من شانازیی پێوە دەکەم کە پیاوی منیت بەم هەموو دڵە گەورەیەی خۆتەوە. تارا سەر دەخاتە سەر سنگی ئاوات و بە هەنسکێکی قوڵەوە بە ئاوات دەڵێ: ئاوات گیان خۆشم دەوێیت. ماوەیەکی زۆر بێدەنگیی دەکەوێتە نێوانیانەوە و بە جووت بە کزەیەکی تەزیووەوە لە ئامێزی یەکدیدا خەو ئەیان باتەوە.

سەرلە بەیانیی ڕۆژی داهات لە کاتژمێر هەشتی بەیانییدا تەواو و ڕێک دڵشاد دێتە هۆتێلەکەوە و لە دەرگای ژووری مامۆستا تۆفیق ئەدات و لەخەو بە ئاگایان ئەهێنێت. مامۆستا تۆفیق بەیانیی باش لە دڵشاد ئەکات و ئەڵێ: دڵە گیان چ خێرە وا بەم بەیانییە زووە هاتوویت؟

دڵشاد دەڵێ: خێرە مامۆستا گیان، هاتووم پێتان بڵێم کە ئەم ئێوارەیە دەردەچین ئیمڕۆ سەر لە بەیانیی نەبەز گەڕایەوە و ئیمشەو دەڕواتەوە بۆ ئەستەنبوڵ ئێوەش لەگەڵ نەبەز دەڕۆن. تکایە بڕۆن بۆ بازاڕ هەریەکەتان جووتێ پێڵاوی لاستیک و پانتۆڵ و کراسێکی کۆن بکڕن بۆ ڕێگا بۆ ئەوەی جلەکانی خۆتان پیس نەکەن. تکایە ئەوەی مەلە نازانێت با چووپ بکڕێت بۆ خۆی. من ئەڕۆم و دوا نیوەڕۆ کاتژمێر پێنج دێم بە دواتانا تکایە بە بێ دواکەوتن هەمووتان لە هۆتێلەکە بن. بەداخەوە ماڵی کاک ئاوات هێشتا نووستوون لە منەوە سڵاویان پێبگەیەنە، چونکە کارەکەی ئەوان مەیسەر بوو ئیمڕۆ کاتژمێر نۆی سەر لەبەیانیی دەردەچن. دڵشاد لە ژوورەکە ئەڕواتە دەرەوە هەر وەک ئەوەی بایەک هەڵیکردبێت لە چاوترووکانێکدا لە هۆتێلەکەدا نامێنێت و ئەڕوات. مامۆستا تۆفیق یەکە یەکە هەواڵەکە بە برادەرەکانی دەگەیەنێت. هەندێکیان ڕاستەوخۆ لە خۆشییاندا قووتدەبنەوە و لەسەر قەرەوێڵەکانیانەوە دەست دەکەن بە قسەکردن، ئاسۆ دەڵێ: دڵم لێیدابوو ئیمڕۆ دەردەچیین.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: خوا بەخێری بگێڕێت با بزانین چۆن دەبێت. ئیمڕۆ ماڵی کاک ئاواتیش دەردەچن دەڕۆن. دڵشاد کارەکەی بۆ جێبەجێکردوون،

شادیی دەڵێ: ئێمەش ئیمڕۆ دەردەچین لەوانەیە لە ئەستەنبوڵ ماڵی کاک ئاوات ببینینەوە.

لە دەرەوە دەنگی دایە فاتم دێت، مامۆستا تۆفیق هەڵدەستێت و دەچێتە ناودەرگاکەوە و بەیانیی باش لە دایە فاتم دەکات.

دایە فاتم بە ڕوویەکی خۆش و دڵ گەورەییەوە بەیانیی باش لە مامۆستا تۆفیق دەکاتەوە و دەڵێ: ڕۆڵە گیان ئەوا دیسان شەوێکی ترمان ڕۆژ کردەوە خوا کەریمە بۆ شەوێکی تریش.

مامۆستا تۆفیق پێدەکەنێت و دەڵێ: نا نا دایە فاتم گیان ئیمشەو کەسمان لە زاخۆ ڕۆژ ناکەینەوە هەموو دەڕۆیین.

دایە فاتم ئاهێکی گەورە هەڵدەمژێت و دەڵێ: دەگ خوا ئاگای لێتان بێت ڕۆڵەکانم یاخوا بە مەرامی خۆتان بگەن.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: سووپاس دایە فاتم گیان لەگەڵ ئێوەدا بە هیوام یان لە ئەستەنبوڵ یان

ئەگەر ئێمەش هاتین بۆ سوێدن ئەوا ڕۆژێک چاومان بە چاوی یەکدی بکەوێتەوە. بەڵام دایە گیان ئێوە پێش ئێمە دەردەچن، ئێمە لە ئێوارەدا لێی ئەدەیین.
دایە فاتم بە غەمگینییەکەوە دەڵێ: بە خوا ڕۆڵە گیان بڵێم چی، ئێمە باوەڕ ناکەم وا زوو بڕۆین ئەم ناجسنانە ڕێگاکەیان لێ قەتیس کردووین ناهێڵن بڕۆیین.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: نا دایە فاتم گیان، بۆ نەت زانیوە ئێوە کەمێکی تر دەڕۆن لە زاخۆ نامێنن؟ ئێوە ئەبێت کاتژمێر نۆ لە سەر پردەکە بن.
دایە فاتم دادەچڵەکێت و دەڵێ: ئەوە بەڕاستە مامۆستا گیان؟ نە بەخوا ئاگام لە هیچ نییە. دوێنێ شەو خۆ ئاوات گیان نەهاتەوە منیش خەوم دەهات.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: نا دایە گیان ئێوە ئەڕۆن بەیانیی دڵشاد لێرە بوو ئەو هەواڵەی دامێ. دەکەواتە بڕۆ لە دەرگای کاک ئاوات بدە نەگ هێشتا هەڵ نەستابێتن، ئێوە هەر چل خولەکتان ماوە دەبێت بڕۆن دەنا فریا ناکەون.
دایە فاتم دەچێتە بەردەمی ژوورەکەی ئاوات و تارا و دەستدەکات بە دەرگا لێدان و دەڵێ: تارا گیان ئاوات کوڕم هەستن درەنگە ئێمە ئەبێت بڕۆیین.
ئاوات و تارا دادەچڵەکێن و بە پەلە لە جێگاکەیان دێنە دەرەوە و دەڵێن: درەنگە درەنگە، خێرا خێرا دەبێت بڕۆیین.
ئاوات دەڵێ: دایە گیان سووپاس کە بە ئاگات هێناین هەر ئێستا دێینەدەر.
دایە فاتم بە مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ڕۆڵە گیان دە کەواتە با من بڕۆم جانتاکانم کۆبکەمەوە بەساقە با دوا نەکەویین.
ئاوات و تارا بە پەلە لە ژوورەکەیان دێنە دەرەوە و بەیانیی باش لە هاوڕێیان تێکڕا دەکەن و بەرەو تەوالێت و حەمام دەڕۆن بۆ دەموچاو شتن. لە ماوەیەکی کورتدا تارا و ئاوات و دایە فاتم خۆیان تەواو ئامادە دەکەن و دێنە ناودەرگای کوڕەکان و یەکە یەکە تەوقەیان لەگەڵ دەکەن و ماڵئاوایییان لێدەکەن. پاشان ئاوات دێتە لای سێرڤیزەکە و پارەی ئەو ڕۆژەیان ئەداتێ و زۆر سووپاسی هاوکارییان دەکات. شادیی و ئازاد سەرو جانتایەک بۆ دایە فاتم و تارا هەڵدەگرن هەتا لە پلیکانەکان ماندوو نەبن. هەموو پێکەوە لەگەڵ ماڵی دایە فاتم دێنە خوارەوە هەتا تەکسییەکیان وەدەستدەکەوێت، هاوڕێیان جانتاکانیان بۆ دەخەنە ناو سندوقی تەکسییەکەوە و دیسان ماڵئاوایی لەو خێزانە خۆشەویستە دەکەنەوە. تەکسییەکە لە ماوەی دەخولەکدا دەگاتە ئیبراهیم خەلیل. ئاوات بە پەلە ڕادەکاتە ژوورەوە لە دوورەوە هەڤاڵ ئاکرێیی دەستی بۆ ڕادەوەشێنێت و ئاوات ڕادەکات بەرەو پیری.
هەڤاڵ ئاکرێیی دەڵێ: کەلوپەلەکانتان بێنە ژوورەوە و بڕۆ بۆ پێشەوە لەسەر پردەکە چاوەڕێمبکە ئێستا دێمە لاتان.
ئاوات دەگەڕێتەوە لای دایکی و تارا و دەڵێ: خێرا بکەن وەرن دەردەچین، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە چوار هەفتەیە چاوەڕوانیم. بە هەڵەداوانێک ئاوات و دایە فاتم و تارا دەگەنە سەر پردەکە هەر چۆنێک بێت بە هەڵگرتن و ڕاکێشان جانتاکانیان دەگەیەننە سەر پردەکە. پاش کەمێک هەڤاڵ ئاکرێیی بە ئۆتۆمبیلێکی تویۆتا کرۆنا دێتە بەردەمیان و سەریاندەخاتە ئۆتۆمبیلەکەوە

و ئەیانباتە ئەوبەر. دوای چەند خولەکێک ئۆتۆمبیلەکە لە بەردەمی زاڵگەی ژاندرمەکانی تورکدا دەوەستێت و هەڤاڵ ئاکرێیی دادەبەزێت و پاسپۆرتەکەی تارا بە دەستییەوە دەگرێت و ئەیباتە نووسینگەی تورکەکانەوە هەتاوەکوو ڤیزەی بۆ وەربگرێت. پاش کەمێک هەڤاڵ ئاکرێیی دێتەوە و پاسپۆرتەکەی تارا ئەداتەوە بە ڤیزەی تورکیاوە. لێرەدا ئیتر هەڤاڵ ئاکرێیی کاری بەزاڵگەکە نەما و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئیبراهیم خەلیل، ماڵئاوایی لە ئاوات و دایک و ژنەکەی دەکات هیوای گەشتێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت. هەڤاڵ ئاکرێیی دەگەڕێتەوە و ئاوات و دایە فاتم و تاراش دەچنە ناو زاڵگەکەوە و پاسپۆرتەکانیان ئەدەنە زاڵگەکە و جانتاکانیان پێ دادەنێن. ژەندرمەیەک دەکەوێتە پشکنینی گیانی ئاوات و دایە فاتم و تاراش ئەبەنە ژوورێکەوە لە زاڵگەکە لەوێ ژنێکی تورک دەکەوێتە پشکنینی گیانی دایە فاتم و تارا. لە دەرەوەش چەند ژەندرمەیەک دەکەونە پشکنینی جانتاکانیان هەرچی لە جانتاکەیاندا هەیە دەریدەهێنن، هەرچی نامەیان پێیە هەڵیدەپچڕن و لە زاڵگەکەدا تورکمانێکی ئێراقییان داناوە کە زمانی کوردیی بە نووسین و خوێندنەوەوە دەزانێت، دەکەوێتە خوێندنەوەی نامەکان. ئەو پەڕتووکانەی کە ئاوات هێناویەتی لەگەڵ خۆیدا دەکەونە خوێندنەوەی. پاشان دەکەونە تەماشا کردنی کاسێتی ڤیدیۆکانیان، هەر لە نووسینگەکەدا ڤیدیۆ و تەلەڤیزیۆنیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. ئەو کاسێتانەی وێنەی کوردستانی تێدایە هەمووی لای خۆیان دەهێڵنەوە و نایدەنەوە بە دایە فاتم و ئاوات و تارا. پاش ئەوەی ژەندرمە تورکەکان هەر بە دەستی ئانقەست بۆ ئەوەی سووکایەتی بە کەسایەتی کورد بکەن گێرمە و کێشەیەکی زۆر بە ئاوات و دایکی و تارای ژنی دەکەن ئەوسا ڕێگایان ئەدەن کە بڕۆنە ناو خاکی تورکیاوە. ئاوات و تارا و دایە فاتم زیاد لە دوو کاتژمێر لەو زاڵگەیەدا ڕاگیرا بوون، هێندە باری دەروونییان خراپ ببوو هەر خوا خوایان بوو بڕۆن و دەرچن لەو ناوەدا نەمێنن. دایەفاتم دەڵێ: ئۆ لە جێگەی ئێوەبم ژەندرمەی تورکی هەتا ئێوە لەو سەرسنورە بن ئەگەر سەر بکەمەوە بە کوردستان دا.

ئاوات هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: دایە گیان ئارامت بێت با لێرە بڕۆین ڕزگارمان بێت بگەینەوە جێگەی خۆمان، منیش باوەڕم نییە بەم شێوەیە جارێکی تر کەسایەتی کوردیی خۆم بشکێنم بۆ گەڕانەوەیەک. ئاوات تەکسییەک دەگرێت و کەلوپەلەکانی تێدەکات و لێدەخوڕن بۆ دیار بەکر بۆ فڕۆکەخانە. بەمشێوەیە دوای چواردانە هەفتەی بە داخ و ژان و چاوەڕوانیی دایەفاتم و ئاوات و تارای ژنی لەو قەیرانە ڕزگاریان دەبێت.

دەمەو دوا نیوەڕۆیەکی ڕۆژێکی ئێجگار ئەرخەوانیی لە بەردەم ئاسایشی زاخۆدا گەڵابەیەک ڕاوەستاوە و دەڵێی تەواوی دانیشتوانی ئەم شارە لە دەوری ئەم گەڵابەیە کۆبوونەتەوە. هەر ژنی عەبا بەسەرە و هاوار دەکات وەی ڕۆڵە گیان وەی کوڕە جوانەکەم. هەر کچی عازەبە و دەیبینی دەقیژێنێت و پرچە خۆڵاوییەکانی خۆیان دەسکەنە دەکەن و برا ڕۆیانە. هەر پیاوێکی بە تەمەن و پیر دەبینیت واقوڕماوی دیدەنێکی ناوەختن و چاوەکانیان پڕە لە فرمێسکی قەتیسماو. هەر کوڕە جاحێڵ و لاوێکی ئەم ناوچەیە دەبینیت وەک ژەژەری

ماخۆلانگرتوو قیژە قیژیان دێت لەم سەردیوار بۆ ئەو سەردیوار بازدەدەن. کاوان و شادیی و ئاسۆ و مامۆستا تۆفیق و ئازاد دێن بەرەو پیری کۆبوونەوەکە و تەواو تەواو جڵەویان تێکچووە و نازانن چۆن ڕەفتار بکەن. مامۆستا تۆفیق لە گەلابەکە نزیک دەبێتەوە و دەبینێت شەش لاشەی کوڕی گەنجی تێدایە، کە بەشێوەیەکی دڕندانە جەستەیان شێوێنراوە. کوڕێکی گەنجی باریکەلەی خوێنگرتوو دەچێتە سەرلێواری گەلابەکە و دەقیژێنێت و دەڵێ: ئەمە چارەنووسی گەلێکی بێ خاوەنە، ئەمە چارەنووسی نەتەوەیەکی وەک کوردی داماوە. ئاخۆ دەشێت بێجگە لە کورد هیچی نەتەوەیەکی تر بەمشێوەیە کووشتنی ڕۆڵەکانی خۆی قبوڵ بکات؟ دڵنیام نەخێر هیچ نەتەوەیەک نییە لە ئاستی کارەساتێکی وەها دڕندەدا بێدەنگ بێت تەنها ئێمەی کورد نەبێت. بەلام ئایا پێمنالێن بۆ؟ دەپێمبڵێن دەیبزانم کێتان وەلامێکی تەواو و ڕێکی بۆ ئەم پرسیارەی من پێیە؟ لەناو قەرەباڵغییەکەدا کوڕێکی گەنج هاوار دەکات و دەڵێ: چونکە بێکەسین ئەم پارتانەی، کە دەیبینن و ناوی خۆیان ناوە پەرلەمان و دەوڵەت هەر تەنها دەوڵەتن بەسەر دەستەلاتی یەکتردا، دەنا ئەمانە لە ئاستی دڕندەیی تورک و فارس و عەرەب دا هیچیان پێ ناکرێت. بگرە ناشوێرن قسەبکەن و باسی بکەن نەک لێیان تووڕەببن. ئەو کوڕەی لەسەر لێواری گەلابەکە وەستاوە بە پێوە دیسان هاوار دەکات و دەڵێ: خۆ ئەم کوڕە گەنجانە پێشمەرگە نەبوون خۆ ئەم کوڕە جاحێڵانە، نە پەکەکە نە هیچ لایەنێکی تری کورد نەبوون. ئەمانە هەموو ئەو ڕۆڵە جوانانەن، کە لە دەستی قاتوقڕیی و برسێتیی و نەبوونی دڵنیایی کۆمەلایەتیی و سیاسیی و ئازادیی بەرەو تاراوگە هەڵهاتبوون. ئەمانە هەموو بە زیندوێتی لەتوپەتکراون و چاویان هەڵکۆڵراوە. قەرزارم بن ئەگەر نەیەن تەماشای ئەم لاشانە بکەن، وەرن پێمبڵێن کامەیە جێگەی هاوەن، کە وەک تورکە ژەندرمەکان دەڵێن بەر هاوەن کەوتوون، ئەمانە هەموو بە چەقۆ چاویان دەرهاتووە و ڕیخۆڵەیان دەرهاتووە و گورچیلەیان دەرهاتووە. کوڕەکە دەچێتە ناو گەلابەکەوە و دەست ئەداتە قۆڵی یەکێک لە کوڕە کوژراوەکان و هەڵی دەبرێت و دەڵێ: ئا ئەم دەستە، ئایا هاوەن شکاندوویەتی یان ئەمە ئا بەم شێوەیە نووسێنراوە بە سەر کلاوەی ئەژنۆیەکەوە و شکێنراوە؟ کوڕە ئەی هاوار خەڵیکینە خۆ ئێمە نە گێلین نە کوێرین، ئەی هاوار چۆن خەڵکی کورد ئەمە لە تورک قبوڵ دەکات؟ چۆن لە پێناوی چیدا؟ لە پێناوی گومرگدا؟ لە پێناوی فرگەکەی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵدا کە سیاسەتمەندارانی پێدا بۆ ئەو ئەوروپا دەپەڕێنەوە؟ لەناکاو دوو پۆلیسی ئاسایش هەڵئەکووتنە سەر گەلابەکە بۆ ئەوەی کوڕەکەی ناو گەلابەکە بگرن، بەلام کوڕەکە خێراتر دەبێت لەوان و بە بازێک خۆی هەڵئەداتە دەرەوە و ڕادەکاتە سەرقەراغی دیوارێک و ڕوو دەکاتە پۆلیسەکان و دەڵێ: نە ئێوە نە ئاسایشی زاخۆ نە حکومەتی کوردستان نە تورکیای دەوڵەتی ئاگر و ئاسن و ژان ڕامناگرێت لەم ڕەوە. ڕامناگرێت لەم هەڵهاتنە، ئەم لاشانە ورەی بەرزی من ناڕووخێنێ، هەر ئێمشەو من لەو سنووره ئەدەم. دەوەرن بمگرن ئەی ئاسایشی زاخۆ، وەرن ڕامگرن ئەی حکومەتی کوردستان، وەرن لەت لەتم بکەن ئەی ژەندرمەی ژەهر و تاوان. من لە کارەساتێکی وەهادا هیچم بۆ گەلەکەم پێناکرێت هیچ هیچ جگە لەوەی بقیژێنم و هاوار بکەم بۆیە ئەم ولاتە

جێدەهێڵم تا ئازارەکان ئەوەندەی تر ناخم نەخۆن. بەڵام ئێوەش ئەی دەوڵەتی کوردستان کە هیچتان بۆ ئەم گەلە پێناکرێت گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن بۆ ئەو کەسانەی خوێنی ئەم لاوانە نادات بە فیرۆ، چۆڵی بکەن بڕۆن حاشا لە بوونتان. هەر بۆ دزیی و ڕاو و ڕووت لەو پردەی ئیبراهیم خەلیل ڕاوەستاون. لە تاو دۆلار هەموو کوردتان بیرچۆتەوە. لەم قسانەدا لە ناکاو چەند پۆلیسێکی تر دێنە دەرەوە و دەستدەکەن بە بڵاوە لێکردنی خەڵکەکە و کوڕەکەش جەربەزانە بەناو قەرەباڵغییەکەدا ڕەتدەبێت و خۆی لە پۆلیسەکان وندەکات. ئیتر لەو کاتەوە هیچ کەس ڕووخساری نەبەردانەی ئەو کوڕەی نەدیوەتەوە هەتا ئێستا. مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانیشی بە شۆکێکی گەورەوە گۆڕەپانەکە جێدەهێڵن و یەک ڕوو دەکەنە یەکدی و نازان چی بڵێن دەمیان بووە بە فاقەی تەقیوو. مامۆستا تۆفیق دەڵێ: کوڕینە بیری لێبکەنەوە ئەوەی دیتان نموونەیەکە لەو نموونانەی کە دێتە ڕێگامان. من بەشبەحاڵی خۆم پێی ڕازیم و ئەو دیمەنە ڕامناگرێت لەو بڕیارەی داومە. هەر وەک چۆن ئەو کوڕە جەربەزەیە گووتی من ئەم ڕەوەم لە پێشدایە و هیچ هێزێک نییە بمگەڕێنێتەوە.

ئازاد یەکەم کەس دەست هەڵدەبڕێت و دەڵێ: منیش

ئاسۆ دەڵێ: منیش

شادیی دەڵێ؛ من هەر لە سلێمانییەوە ئەم دیمەنانەم لا قبوڵ بوو.

کاوان دەڵێ: منیش لەگەڵتانم.

هەموو پێکڕا بە حەپەساوییەکەوە دەگەڕێنەوە سەرڕێگەی هۆتێلەکە و ئازاد دەڵێ: کوڕینە خۆ هەموو شتی تەواومان کڕیوە، هیچ هەیە ئێمە بیرمان چوو بێت بۆ کڕیین و شتێکی پێویستیش بێت؟

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: بڕواناکەم تەنها چووپ هەیە کە نەمانکڕیوە پاشان هەموومان مەلە دەزانین پێویستمان بە چووپ نابێت.

ئازاد دەڵێ: دە پێموایە با بچین لەو دووکانە هەریەکە و بە پێی سکی خۆی " لاوەشکێنەی گۆشتی جنراو" بکڕیین و بیپێچینەوە بۆ ڕێگا لەگەڵ خۆمانی بەرین. هەموو پێکەوە دەڕۆن بۆ دوکانەکە و هەر یەکەیان سێ تا چوار لاوەشکێنە دەکڕێت و دەیبات لەگەڵ خۆی. کاتێک دەگەنەوە بەردەمی هۆتێلەکە تەماشا دەکەن نەبەز و دڵشاد و دوو کەسی تر لەبەردەم هۆتێلەکەدا بە دوو ئۆتۆمبیلەوە وەستاون. کە دەگەنە لایان، دڵشاد پێیان دەڵێ: بڕۆن هەر ئێستا جانتاکانتان بهێنن دەڕۆین لە هۆتێل مەمێنن ئاسایش دەگەڕێت بەدوای ئەو نەفەرانەدا کە دەڕۆن بۆ هەندەران. ئەتانبەین بۆماڵی ئەم کاک ناسرە ئیمشەو لەوێ بن.

ئازاد دەڵێ: یانی چی ئیمشەو لەوێ بین ئێمە ئیمشەو دەردەچین هەموو خۆمان ئامادەکردووە.

دڵشاد دەڵێ: کاکە گیان ڕێگا باش نییە دوێنێ شەو کارەسات ڕوویداوە، نامەوێ بڵێم چییە بەڵام پێم باش نییە بڕۆیین.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: دڵشاد گیان ئێمە خۆمان ئێستا لە ئاسایش بووین لاشەکانمان بینی هی ئەو کارەساتەی دوێنێ شەو. ئێمە ئەو کارەساتە نامانترسێنێت، ئەگەر لەبەر ئێمەتە ئەوا

له ئێمە دڵنیابە. ئێمە خۆمان پێشتر قسەمان لەسەر ئەوەکرد کە هەر دەڕۆیین.
دڵشاد بە بیستنی ئەم قسەیە هێمن ئەبێتەوە و دەڵێ: یانی ئێوە ناترسن لە مردن؟
هەموو پێکەوە دەڵێن: بۆ هەموو ڕۆژێکمان مردن نییە لەم وڵاتە لەمە زیاتر چی؟
ناسر کە یەکێکە لە ڕێبەرەکانی دڵشاد دەڵێ: دەکەواتە دڵە گیان با هەر ئێستا بڕۆین بۆ سەر ئاوەکە هەتا کەمینی ئاسایش دەرنەچووە، ئەمان ناترسن هەر ئێمشەو ئەیانکەین بەو دیوودا وەک وتم من و نەبەز دوێنێ شەو لەو ڕێگایەوە هاتووین من دڵنیام لەوەی لەو ڕێگایەوە دەرباز دەبیین.
دڵشاد دەڵێ: زۆر باشە دە بڕۆن هەر ئێستا جانتاکانتان بهێنن و وەرنە خوارەوە.
هەموو پێکرا بە خێرایی دەچنە سەرەوە بۆ هۆتێلەکە و کەلوپەلەکانیان کۆدەکەنەوە و دەچنە لای سێرڤیز پارەی هۆتێلەکەیان ئەدەن و ماڵئاوایی دەکەن. پاشان دێنەوە خوارەوە و دڵشاد سەریان دەخاتە ناو دوو ئۆتۆمبیلەوە و ئامادەن بۆ ڕۆیشتن، کاتێک ناسر و شۆفێرەکەی دی سلف لێ ئەدەن کە بڕۆن لە دواوە کەسێک بە تەپە تەپ دەیکێشێت بە جامی ئۆتۆمبیلەکەدا و دەڵێ: ڕاوەستە مەڕۆ ڕاوەستە کاک شادیی مامۆستا تۆفیق.
ناسر و دڵشاد سەریان ئەسوڕمێت و نازانن چ باسە، کە هەموو پێکرا ئاوڕ ئەدەنەوە تەماشا دەکەن سەربەست زاخۆلیی چێشتخانەکەیە و هەناسەی سوار بووە و دەڵێ: بەجێم مەهێڵن منیش دێم. هەموو دەستدەکەن بە قاقای پێکەنین و دەڵێن وتمان خوایە چی بێت ئەم تەپە تەپە،؟! ئەمە توومەس تۆیت.
دڵشاد دەڵێ: سەربەست گیان تۆ دەزانیت دەڵێی چی؟
سەربەست دەڵێ: چاک دەزانم ئێستا منیش لە ئاسایش بووم، کوڕێک لەوێ زیاد لە نیو کاتژمێر قسەی کرد لەسەر کوژراوەکان. قسەکانی زۆر کاریگەر بوو ئەیگووت ئەوی تۆزقاڵە زەڕڕەیەک هەستی هەبێت هەڵوێست وەردەگرێت. منیش ناتوانم هەڵوێستم هەبێت هیچم پێناکرێت. بۆیە منیش وڵاتەکە جێدەهێڵم کە هیچم پێنەکرێت سوودم چییە لەم وڵاتەدا. منیش ناتوانم بێدەنگ دانیشم و سەری خۆم کز بکەم. تکایە بمبە لەگەڵ خۆتان دەستەکانیشت ماچدەکەم.
دڵشاد دەڵێ: سەربەست گیان وا مەڵێ: وەرە سەرکەوە بە چاوان ئەتبەم. هەردوو ئۆتۆمبیل دەکەونە ڕێگا و دەڕۆن بەرەو ڕێگای ئیبراهیم خەلیل. هەردوو ئۆتۆمبیل پێش ئەوەی بگەنە ئیبراهیم خەلیل لادەدەنە سەر ڕێگایەکی خۆڵ و بە ناو دەشتاییەکدا بەخێراییەکی گەلێک زۆر لێدەخوڕن هەتا هیچ کەسێک بەدییان نەکەن. دڵشاد دەڵێ: ناسر گیان کەمێکی تر دۆڵێکی بچکۆلانە دێتە بەردەممان ڕێگای ئۆتۆمبیلیشی هەیە خۆت بکە بە وێدا هەتا لە وێدا ڕابوەستین. دڵشاد لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە سەرێک دەردێنێت و ئاوڕ بۆ دواوە ئەداتەوە، هەتا دەستنیشانی ڕێگایەک بۆ نەبەز و هاوڕێکانی بکات کە لە ئۆتۆمبیلەکەی دواوەن. ناسر خۆی دەکات بە ناو ئەو دۆڵەدا کە دڵشاد دەستنیشانی بۆ کرد، دۆڵەکە کەمێک تەسکە و زەوییەکەشی بە بەردی نیمچە گەورە و خڕ داڕێژراوە. ڕێڕەوی ناو دۆڵەکە وا پێدەچێت کە لە کاتی خۆیدا ڕێڕەوی ڕووبارێک بووبێت، یان ڕێڕەوی لافاوی

شەستە و ڕەهێڵەی باران. ناسر لە پەسارێکدا ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەگرێت و نەفەرەکان یەک لە دووی یەکدا دادەبەزن. شۆفێرەکەی تریش کە ناوی حەسۆیە بە دوای ناسردا خۆیدەکات بە دۆڵەکەدا و ئەویش لە پەنایەکدا ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەگرێت و لەگەڵ نەبەز و نەفەرەکاندا دادەبەزن. دڵشاد دەڵێ: تکایە هەموو یەکێکتان دەستبکات بەخۆ گۆڕین و جلە پاکەکانتان بکەنە ناو جانتاکانتانەوە و هەموو یەکێکتان ئامادەی دەرچوون بێت. نەبەز لێرە لاتان ئەمێنێتەوە و من و ناسر و حەسۆش ئەڕۆین چەند نەفەرێکی ترمان هەیە دەیانهێنین. لە ماوەی نیو کاتژمێری تردا ئێمە لێرەین. هەتا ئێمەش نەیەینەوە نەبەز گیان ئێوە دەرناچن.
تکایە هیچ کەسێکتان هیچ پرسیارێکتان هەیە؟
هەموو سەریان دەلەقێنن و دەڵێن: نەخێر تەنها ئەوە نەبێت ئێوە بەسەرکەوتوویی بگەڕێنەوە.
دڵشاد دەڵێ: بە هیواین هەتا ئێستا باش ڕۆیشتووە دڵنییام بە باشیی دەگەڕێینەوە. دڵشاد دەڵێ: ناسر و حەسۆ دەی کاکە گیان با بڕۆین کاتمان زۆر نییە. لە چاترووکانێکدا حەسۆ و ناسر دەردەچن و دەگەڕێنەوە بۆ زاخۆ بۆ هەڵگرتنی شەش نەفەری تر. دڵشاد لە ڕێگا تەماشایەکی ناسر دەکات و دەڵێ: ناسر گیان دەبێت ئیمشەو لە هەموو شەوێک زیاتر ئاگامان لە خۆمان بێت، نابێت تووشی بچووکتریین ناخۆشیی ببین چ لەناو زاخۆدا چ لەسەر سنور. بە ڕاستیی ئەم نەفەرانەی ئیمڕۆ تەواو تەواو لە هەست و هۆشیان داوم. ئەوانە پێش ڕۆیشتنیان چوون تەماشای ئەو لاشانەیانکردووە کە دوێنێ شەو کوژراون، کەچی هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە و بگرە زیاتر مل بەو ڕێگایەوە ئەنێن. ئەبێت چ جادووگەرییەک بێت وا لە ڕۆحی ئەم نەفەرانەدا گێژەڵوکەی هەڵکردووە؟! یان ئەوەتا هێند بێزارن لەم مەملەکەتی خوێن و گڕ و جەنجاڵییە بە هەموو نرخێک خۆیان ئەدەنە دەستی چارەنووسێکی نادیار.
ناسر دەڵێ: کوڕە دڵە گیان ئەی ئەم خەڵکە چیبکات ئەمە کەی ژیانە؟ ئەمە کەی حاڵە؟ بە خوا منیش دەڕۆم بەڵام من چاوەڕێم هەتا شتێک پارە پێکەوە بنێم بۆ ئەوەی پێی بگەمە ئەوروپا. من کاکە گیان دوو منداڵ و ژنێک چۆن دەربکەم لەو ئەستەنبوڵە؟ دەبێت هیچ نەبێت پارەی ئەو ڕێگایەی یۆنان خڕ بکەمەوە. ئەگەر لە یۆنانیش بمێنمەوە کێشە نییە. خۆ هیچ نەبێت دەتوانم کار بکەم و ترسی گەڕانەوەشم نییە کە بمکەنەوە بەم دیوو سنوردا.
بەڵام تورکیا بۆ من جێگەی باوەڕ و مانەوە نییە. ئەزانیت ماڵی مامۆستا فاتمەش ئەڕۆن؟
دڵشاد ڕادەچڵەکێت و دەڵێ: چی ئەوە بەڕاستە؟
ناسر دەڵێ: بە خوا باوەڕ بکە. خۆیان پێیان گووتم.
دڵشاد دەڵێ: کەی پێیان گووتی؟
ناسر دەڵێ: وەڵڵا ئەوە چوار پێنج ڕۆژ دەبێت. شەوێک چووم بۆ لایان.
دڵشاد دەڵێ: من دوێنێ شەو لەوێ بووم هیچ باسیان نەکرد. بەڵام من کەم مامەوە لایان، هەر حەزمکرد ئەو خێزانە بە کاک ئاوات بناسێنم.
ناسر دەڵێ: کاک ئاوات کێیە؟ ئاسایشی تازەیە؟
دڵشاد پێدەکەنێت و دەڵێ: نا نا ماڵتم ئاواکرد تۆش هەر ناوی ئاسایشت لەسەر دەمە،

کورێک بوو لە سوێدەوە هاتبۆوە داماوە نەیدەزانی ئەم وڵاتە لە چ کارەساتێکدا دەژیی. شەو چووین بۆ ماڵی هەڤاڵ ئاکرێیی بۆ پەڕینەوەی ژنەکەی. کەچی ئەو ئاواتە داماوە لە باوەڕیدا نەبوو کە ئەو هەڤاڵ ئاکرێییە ئاوا کەویی دەستی دۆلار و دینار بێت. زۆر بە لایەوە سەیر بوو، منیش وتم وەرە نیشانت بدەم بزانە لێپرسراوانی ئەم وڵاتە چۆن بە دۆلار مامەڵە دەکەن و لە من قاچاخچییترن و بزانە هاووڵاتی قوربەسەریش جەستەی خۆی دەفرۆشێت بۆ نانی ڕۆژانە. چووین بۆ ماڵی مامۆستا. باوەڕت بێت ناسر باوەڕ ناکەم ئەو ئاواتە کە ئێستا بە ڕێگاوەیە بڕواتەوە سوێدن هەتا یەک مانگی تریش خەوی ئارام بچێتە چاوی.

ناسر قسەکان بە دڵشاد دەبڕێت و دەڵێ: بێدەنگ بە وا ئاسایش لەسەر ڕێگان ئێستا ڕامان دەگرن، بڵێ چووین دۆلار بکڕین لە ئیبراهیم خەلیل. ناسر لێخورینەکەی هێواش دەکاتەوە و لە بەردەمی زاڵگەکەدا ڕادەوەستێت.

زاڵگەکە بریتییە لە سێ پێشمەرگەی ئاسایشی زاخۆ و هەموویان چەکدارن. یەکێک لە پشمەرگەکانی ئاسایش دێتە پێشەوە و سڵاو لە دڵشاد و ناسر دەکات و دەڵێ: لە کوێوە دێنەوە بەڕێزان؟

ناسر دەڵێ: لە ئیبراهیم خەلیلەوە قوربان.

ئاسایشەکە دەڵێ: چ خێر بوو لە ئیبراهیم خەلیل بوون؟

ناسر دەڵێ: وەڵلا چووین بزانین دۆلارمان دەستناکەوێت بە نرخێکی هەرزان.

ئاسایشەکە تەماشایەکی دڵشاد و ناسر دەکات و چاوێک بە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا دەگێڕێت و دەڵێ: بە یارمەتیی ئەو سندوقە ناکەیتەوە تەماشایەکی بکەم؟

ناسر دەڵێ: سەرچاڤە سەیدا، دادەبەزێت و سندوقەکە بۆ پێشمەرگەکە دەکاتەوە. سندوقەکە بێجگە لە تایەیەکی سپێر هیچی تری تێدا نییە. ئاسایشەکە خۆشحاڵ دەبێت و پێیان دەڵێت کە بڕۆن.

ناسر سەردەکەوێتەوە و لێدەخوڕن، لە ئاوێنەکەوە تەماشای حەسۆ دەکەن و دڵشاد دەڵێ: خەمت نەبێت حەسۆ لە شەیتان زۆڵترە قەت ناکەوێتە داوی ئەوانەوە، پاشان ئەو خۆی بادینییە و خەڵکی زاخۆشە لێی مەترسە پێمان دەگاتەوە. ناسر بەم قسەیەی دڵشاد ئارامییەک بە دڵیدا دێت و بەرەو ئەو ماڵە لێدەخوڕێت کە نەفەرەکانی لێیە. پاش چەند خولەکێک دڵشاد و ناسر دەگەنە ماڵەکە و لەبەردەمی ماڵەدا ڕادەوەستن. دڵشاد بە ناسر دەڵێ: ناسر گیان تۆ لێرەبە با قەرەباڵغی دروست نەکەیین.

ناسر ئەڵێ: بەڵێ باشە گەورەم

دڵشاد لە جەڕەس ئەدات و لە دیواری حەوشەی ماڵەکەوە کاوە تەڕەزان سەر دەردێنێت و دەڵێ: ها شەڕواڵ پیس بۆ وا درەنگ هاتیت؟

دڵشاد ئەڵێ: جارێ تۆ بیکەرەوە شیتا.

کاوە تەڕەزان دەڵێ: هەتیوو من تەڕەزانم شیتا مەیموونەکەمە. کاوە دەرگاکە دەکاتەوە و بەخێرهاتنی دڵشاد دەکات و دەڵێ: دڵە گیان ئەم نەفەرانە مێشکی سەریان بردووم تکایە

دووریان بخەرەوە لیم خەریکە دڵم ئەتەقیت لە داخا. بە کوردستان شتی وام لە ژییانمدا نەدیووە ئەمانە کوڕی نەستەلە و شیرن. ئەمانە ئەزانی لە کامانەن دڵە گیان؟

دڵە تەماشایەکی کاوە دەکات و دەڵێ: نە باوەڕبکە نازانم هێشتا نەمدیوون.

کاوە دەڵێ: گوێبگرە ئەمانە هەر لە ئەستەنبوڵەوە وێنە دەگرن دەینێرنەوە بۆ کوردستان، لە یۆنان لە ئامۆنیا وێنە دەگرن و دەینێرنەوە بۆ کوردستان، لە ئەوروپا لە هەر وڵاتێک بن هێشتا پەناهەندەیی‌یان وەرنەگرتووە لە باوەشی جوانتریین کچکدا وێنە دەگرن و دەینێرنەوە. سەرمێزێک پڕ دەکەن لە شووشەی شەراب و ویسکی و بیرە و بە وێنەوە دەینێرنەوە. کوڕە ئەمانە سەلاجەکانیان پڕ دەکەن لە گۆشت و لە میوە و لە شەربەت و دەینێرنەوە. دڵە ئەمانە هەر کە پاسپۆرتیان وەرگرت دێنەوە بۆ کوردستان بە پارەی سۆسیال پۆرت بەسەر خەڵکی هەژاردا لێدەدەن.

دڵشاد دەڵێ: باشە وسبە شیتا با گوێیان لێت نەبێت ئەوا هاتنە دەرەوە بۆ لامان.

کاوە ئاوڕ ئەداتەوە و دەڵێ: خۆشیی لە خۆتان ئەوە دڵشاد هات بۆ لاتان هەرئێستا ئەبێت بڕۆن، هەموو دێن بەرەو پیری دڵشاد و سڵاوی خۆیان بە فەلسەفە و و هونەرەوە بە دڵشاد دەگەیەنن.

دڵشاد سووپاسیان دەکات و دەڵێ: تکایە خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆیین.

یەکێک لە نەفەرەکان دەڵێ: کاک دڵشاد ڕێگا خۆشە؟

دڵشاد دەڵێ: خۆشی ڕێگا نازانرێت هەتا لە ئاوی خاپور نەپەڕینەوە.

نەفەرەکە دەڵێ: یانی چی هەتا نەپەڕیینەوە نازانین؟ ئەی کەواتە بۆ بڕۆیین؟

دڵشاد دەڵێ: دروستە ئەی بۆ بڕۆین؟ دەتوانیت لێرە بیت نەیەیت لەگەڵمان.

نەفەرەکە ماتەم دەبێت و دەڵێ: نەکاکە من هاتووم بچم بۆ ئەوروپا نەگ بۆ زاخۆ. من بڕیارمداوە بە بیست شەو بگەمە هۆڵندا و ساڵی داهات بەسەردان بێمەوە بۆ کوردستان.

دڵشاد دەڵێ: کارێکی باش دەکەیت برام بە هیوای خۆشییت، ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە ئێوە بە بێوەیی بگەیەنمە جێگەی خۆتان، جا یارمەتیمان بدەن تا کارەکەتان مەیسەر بکەیین. ئەویش بەوەی کە سەرمان لێ نەشێوێنن.

حەسۆ دەگاتە بەردەرگای ماڵەوە و هۆڕنێک بۆ دڵشاد لێدەدات.

دڵشاد دەچێتە دەرەوە بۆ لای حەسۆ تا بزانێت چ باسە.

حەسۆ دەڵێ: دڵشاد دەبێت خێرا بڕۆین تکایە ڕێگاکان خەریکە پڕ دەبن لە ئاسایش یەک ڕێگا شک دەبەم دەربچین ئەگەر ئێستا نەڕۆین ئەو ڕێگایەش نامێنێت و نەبەز و ئەوانیش لەوێ گەمارۆی تورک و ئاسایش ئەدرێن.

دڵشاد ئەچێتەوە ژوورەوە و دەڵێ: دەی کاکە خێرا بکەن دەڕۆین، ڕازی نیم هیچ کەس پرسیاری نابەجێ بکات. دەبێت کارێک بکەین هاریکاریی یەکتر بکەین تا کارەکانمان تەگەرەی تێ نەکەوێت. نەفەرەکان بە ڕاکردن بە خۆیان و جانتاکانیانەوە ڕادەکەنە ناو ئۆتۆمبیلەکانەوە و ئامادەی دەرچوون دەبن. دڵشاد سووپاسی کاوە تەڕەزان دەکات کە دالدەی نەفەرەکانی دابوو.

کاوە دەڵێ: ئۆخەی دڵە گیان ئێستا ئاسوودەم، کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەم نەوەی نەستەلانەدا.
حەسۆ دەچێتە لای ناسر و دەڵێ: ناسر گیان من ڕێگایەک پێدەزانم هەر ئەو ڕێگایەش ماوە ئیمرۆ لێوەی دەربچین، تکایە دوامکەوە.
ناسر دەڵێ: باشە حەسۆ گیان تۆ خۆت سەرپشکبە.
حەسۆ دەردەچێت و ناسر بەدوایدا لێدەخوڕێت. دڵشاد دەڵێ: حەسۆ گیان زۆرمان پێدەچێت لەم ڕێگایەوە؟
حەسۆ دەڵێ: ئەگەر بەخت یار بێت دڵنیام لە کاتی خۆیدا ئەگەینەوە لای نەبەز و ئەوان. کات بەرەو درەنگبوون دەڕوات و حەسۆ و ناسر بە خێراییەکی زۆر لێدەخوڕن هەتا بگەنە ئەو توولە ڕێگایەی کە دەیانباتەوە سەر دۆڵەکەی کە نەبەز و نەفەرەکان تێیدا چاوەڕوانیان دەکەن. پاش نزیکەی بیست خولەکێک لێخوڕین حەسۆ و ناسر دەگەنە دۆڵەکە و نەبەز و نەفەرەکان هەموویان هەڵدەستنە سەرپێ لە خۆشیاندا باوەشدەکەن بە دڵشاد و حەسۆ و ناسردا.
نەبەز دەڵێ: کوڕی خواکان یەک تۆزی تر دوابکەوتنایە من دەگەڕامەوە بۆ زاخۆ بە پێ.
دڵشاد دەڵێ نا نەبەز گیان من بەڵێنم دا کە دێمەوە. بەڵام تووشی ئاسایش بووین کەمێک دوایان خستین.
دڵشاد بە ناسر و حەسۆ دەڵێت کە ئەوان پاش نیوو کاتژمێری تر هەر کە دونیا بەرەو تاریکیی ڕۆیشت بگەڕێنەوە بۆ زاخۆ. دڵشاد نەبەز بانگدەکاتە لاوە و پێی دەڵێ: ئەم نەفەرە تازانە پێدەچێت ماندوومان بکەن بەڵام دەبێت ئارامت بێت لەگەڵیان تکایە. ئیمشەو لە هەموو شەوەکان ترسناکترە.
نەبەز دەڵێ: باشە دڵە گیان خەمت نەبێت.
پاشان دڵشاد دەگەڕێتەوە لای نەفەرە تازەکان و دەڵێ: تکایە بە خێرایی خۆتان بگۆڕن هەر ئەوەندەی خۆر ئاوا بوو ئێمە لە ئاوەکە ئەدەین و ئەپەڕینەوە.
نەفەرەکان هەر یەکەیان خێرا دەست دەکەن بە خۆ گۆڕین و یەکێک لە نەفەرەکان دەڵێ: کاک دڵشاد من هیچ جلی پیسم پێ نییە و پێڵاویشم پێنییە.
دڵشاد دەڵێ: کێشەی خۆتە کاکە گیان کەواتە جلی پاک لەبەر بکە. کاوە تەڕەزان کە ئێوەی ناردە بازاڕ جلی کۆن و پێڵاوی لاستیک بکڕن تۆ لە کوێ بوویت کاکە گیان؟
نەفەرەکە دەڵێ: من کەمێک هیلاک بووم سەرخەوێکم شکاند.
دڵشاد دەڵێ: دە بە خەوەکەت بڵێ: با ئاگای لێت بێت.
نەبەز دێتە لای دڵشاد و دەڵێ: دڵە گیان ئەو شەش نەفەرە بدە بە من، بە خوا ئێستا بۆ دوارۆژیان ئاقڵ ئەکەم. ئەمانە خۆم ئەزانم چ نەوەیەکن.
دڵشاد تەماشایەکی هەموو نەفەرەکان دەکات و دەڵێ: تکایە ئەوەی برسییەتی با ئێستا تیکەیەک نان بخوات ئەوەی دەیەوێت تەوالێت بکات با ئێستا بەجێی بگەیەنێت لە یەک چارەکی تردا دەکەوینە ڕێگا. ئەوسا هیچ کەس بواری هیچ شتێکی تری نادرێتێ هەتا دەگەینە شوێنی مەبەست.

ئازاد و شادیی و ئاسۆ و مامۆستا تۆفیق و کاوان له دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و دەڵێن: کوڕینە نابێت ڕێگا بدەین ئەم نەفەرانە بە هیچ شێوەیەک دەرچوونەکەمان لێ تێکبدەن. ئەمانە پێدەچێت کوڕی نوقڵ و حەڵوا بن و هەرگیز هەتاویان نەدیبێت.

کاوان دەڵێ: بەخوا ئەگەر درۆم نەکردبێت لە کوڕەکانی دکتۆرە ناسکە دەچن.

نەبەز دێتە لای مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانی و دەڵێ: کوڕینە تکایە ببوورن ئەم نەفەرانەی ئێستا تووشمان هاتوون پێناچێت هەر وا ئاسان بن بۆ مامەڵەکردن. من هیچ هاوئاهەنگیی‌یەک لە هەڵسوکەوتیاندا نابینم ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناسازگاریی‌یەک لەناو گرۆکەماندا دروستبکەن کە ژیانمان هەتا ئەستەنبوڵە پێکەوە. جا تکایە ئەگەر پێویستمان بە یارمەتییتان بوو دڵمان مەشکێنن.

ئازاد دەڵێ: کاک نەبەز تۆ ڕێبەریت یان دەروونناس؟

هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین و نەبەز دەڵێ: نە بەساقە شوکر هەتا پۆلی سێی ناوەندییم خوێندووە ئەویش بە مەکتەبی شەو و بە شەڕە شەق. خۆ شکورم نەکرد و لە خوام بەزیاد نەکرد ژییانی هەژاریی نەیهێشت بە هیچ بگەین. بە ڕۆژ لە چێشتخانەی جەمال قاپ شۆر بووم شەویش دەچووم بۆ خوێندن. پاشان مردنی دایکم و شەهید بوونی براکەم ئەوەندەی تر ژییانی لێ تاڵکردم. بەڵام بە خوا ئەم سیاسەت و ڕێکخستن و کۆمیتەیە فێری شتێکی کردم.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: خەمت نەبێت کاکە نەبەز بەپێی توانا لەگەڵتان دەبین.

نەبەز زۆر سووپاسی هاریکاریی‌یان دەکات و دەڕواتەوە بۆ لای دڵشاد.

دڵشاد دەڵێ: ناسر و حەسۆ ئێوە دەتوانن بڕۆن ئێمە دەردەچین ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت نەکەونە کەمینی ئاسایشەوە تکایە هەتا دەگەنە سەر جادەی قیر لایت دامەگیرسێنن.

حەسۆ و ناسر باوەش بە دڵشاد و نەبەز دا دەکەن و یەکە یەکە تەوقە لەگەڵ نەفەرەکان دەکەن و بە هیوای سەرکەوتن بەجێیان دەهێڵن.

دڵشاد ڕوو دەکاتە نەفەرەکان و دەڵێ: مامۆستا تۆفیق تۆ و هاوڕێکانت وەرنە لای من، نەبەزیش لەگەڵ ئەو شەش بەرێزەدا دەبێت. تکایە من لە پێشتانەوەم ئێوەش بە دوای مندا دێن. لە ئاوەکەدا دەبێت بە هیچ شێوەیەک هەرا و هوریا دروست نەکەن. بە بچووکترین دەنگە دەنگ هەموومان کوژراوین. جا بۆیە هەوڵبدەن لە ئاوەنزمەکدا هەنگاو هەڵنەهێننەوە بەڵکوو پاڵ بە ئاوەکەوە بنێن و با قاچتان هەر لە ئاوەکەدا بێت هەتا دەنگی شڵپە شڵپی نەیەت. لەو شوێنەی کە کەمێک قوڵە دەبێت مەلە بکەن. ئەمەش هێندە قورس نییە چونکە ئاوەکە هەر هێندەی باڵای خۆمان قوڵە. کە دەگەینە ئەوبەر ڕێگاکە قوڕێکی جیرە دەبێت هەوڵبدەن خێرا بڕۆن و پێڵاوەکان لە پێتان دانەکەنرێت. کەس کەس بەجێ ناهێڵێت هەر شتێک ڕوویدا بەبێ هاوار کردن نەبەز ئاگادار دەکەنەوە. تکایە کەس پرسیاری هەیە؟

نەفەرەکان بێدەنگ دەبن و کەس پرسیار ناکات.

دڵشاد دەڵێ: دە کەواتە با بڕۆین. دڵشاد پێشیان دەکەوێت و بە دزەدزە بەرەو ڕۆخی ڕووبارەکە دەڕۆن دونیا بەرەو تارییکی دەڕوات خۆر هەر هێندەی تۆزێکی ماوە لەکەلەپۆدا

ون بێت. نیگاکردنی خۆر ئاوابوون گەشێکی شاعیرانەی بۆ هەر یەکێک لە نەفەرەکان دروستکردووە و هەریەکەیان لە ناخ و هۆشی خۆیدا خولیایەکی هەیە و ئاواتێک لە دڵیدا لە دایک دەبێت. هەندێکیان کۆشکی خەیاڵێکی ئەفسانەیی‌یان بۆ خۆیان دروستکردووە. هەندێکیان خەیاڵیان بووە بە چەپکێک گوڵ و خۆیان لە گوڵدانی دایکیان باوکیان برایان خوشکیان خۆشەویستیان کردووە. هەندێکیان ترس بۆتە مۆتەکە و سواری ملی بووە. هەندێکیان لە ناخیاندا بوونەتە پێشمەرگەی چارەنووس و هەڵمەت بۆ سەر مۆڵگەی سنور ئەبەن. دڵشاد ئەگاتە سەر ڕووبارەکە و خۆی دا ئەوێنێت و بە نەفەرەکان دەڵێ: دانیشن، دڵشاد ئەچێتە سەر ڕۆخی ئاوەکە و تەماشای پێش و پاش و لاکانی ڕووبارەکە دەکات تا بزانێت هیچ کەس دیارە.

پاش کەمێک دڵشاد دەگەڕێتەوە بۆ لای نەفەرەکان و دەڵێ: کوڕینە ئێوە لێرە لای نەبەز ئەمێننەوە، من ئەچمە ئەوبەر تەماشای ڕێگا دەکەم. تکایە بە ڕوودانی هەر شتێک ئێوە بەس دوای نەبەز دەکەون ئەو ئەم ناوە لە هەمووتان باشتر شارەزایە و کوڕێکی نەبەردیشە ئەگەر ئێوە سەری لێ نەشێوێنن هەرچییەک ڕوو بدات دەرتان دەکات. ئەمەی من دەیڵێم پلانی ژمارە دووهەمە تکایە کەس ورەی خۆی نەڕووخێنێت.

نەفەرەکان بەڵێن بە دڵشاد ئەدەن کە گوێڕایەڵیی قسەکانی بکەن.

دڵشاد خۆشحاڵ دەبێت و دەڕوات بەرەو ڕۆخی ڕووبارەکە. تەماشایەکی ئەملا و ئەولای خۆی دەکات و خۆی دەکات بە ئاوەکەدا. دڵشاد بە شێوەیەک بە ئاوەکەدا تێدەپەڕێت بە هیچ شێوەیەک هەستی پێناکرێت کە کەسێک یان شتێک بەو ئاوەدا ڕەتدەبێت. دیارە ئەمەش ئەزموونی هاتووچۆی دوو ساڵەی دڵشاد خۆیەتی. دڵشاد دەگاتە ئەوبەری ئاوەکەو بە وریایی لە ئاوەکەدا دێتە دەرەوە و بە سنگەخشکێ خۆی ئەکاتە بە شەخەڵەکەی بەردەمیدا. ئەوسا ژیرانە هەڵدەستێت و بە ناو شەخەڵەکەدا بە بێ خشپە ڕێگا دەبڕێت هەتا شەخەڵەکە تێدەپەڕێنێت دەکەوێتە سەر ڕێگایەکی تەڕ و بارییک دڵشاد نزیکەی کیلۆمەترێک بە پێش خۆیەوە دەپشکنێت و تەماشای هەموو لاکانی خۆی دەکات دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لە بێوەیی ڕێگاکە دەگەڕێتەوە بۆ لای نەبەز و هاوڕێکانی بۆ ئەوەی بیانهێنێت. دڵشاد دەگاتەوە ئەوبەر و بە نەبەز دەڵێ: ڕێگاکە هەتا یەک کیلۆمەتر بێوەیە دەبێت خێرا بکەین هەتا کەمین نەهاتووە. دڵشاد، مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانی دوای خۆی دەخات، نەبەزیش ئەو شەش نەفەرەی تر. دڵشاد مامۆستا تۆفیق و هاوڕێکانی فێر دەکات کە چۆن دەنگی شڵپەی ئاویان نەیەت لە ڕووبارەکەدا ئەوانیش ئەیگەیەنن بە ئەو کەسانەی دوای خۆیانەوە. ئەوەندە نازانن لە دواوەوە شڵپە شڵپێک دروست دەبێت نەبێتەوە. دڵشاد شێتگیر دەبێت بەم کارە و ناشتوانێت دەنگ هەڵببڕێت. نەفەرەکانی دواوە لە ترسی گیانی خۆیان زۆر بە خێرایی هەنگاو دەنێن لە ئاوەکەدا بۆ ئەوەی زوو بگەنە ئەوبەر ئاوەکە. ئەمە یەکێکە لە هەڵەکانی ئەو نەفەرانەی لە ئاوەکە ئەدەن. نەبەز لە دواوە هەوڵ ئەدات نەفەرەکانی هێمن بکاتەوە و فێریان بکات چۆن لە ئاو ئەدرێت بەڵام کار لە کار ترازاوە نەبەزیش هیچی پێناکرێت تەنها ئەوەنەبێت چاوەڕێبکات بگەنە ئەوبەر. دڵشاد و مامۆستا تۆفیق یەکەم کەسن دەگەنە ئەوبەر

خۆیاندەکەن بە شەخەڵەکەدا و چاوەڕوانی نەفەرەکانی تر دەکەن. شادیی و هاوڕێکانیشی دەگەنە ئەوبەر و هەموو یەکێکیان هەناسەبڕکێیان پێکەوتووە. پاش کەمێک نەبەز و نەفەرێکی تر دەگەنە ئەوبەر و چاوەڕوانی نەفەرەکانی تری دەکات هەتا دەگەن ئەوسا هەموویان خۆیاندەکەن بە شەخەڵەکەدا و دەچنە لای دڵشاد. دڵشاد گەلێک تووڕەیە و هەڕەشە لە نەفەرەکان دەکات کە گوێڕایەڵیی قسەکانی دڵشاد بکەن نەگ هەر یەکە بە ویستی خۆی بجوڵێتەوە. دڵشاد دەڵێ: ئێوە شانستان هەیە کە بۆسە نییە دەنا ئێوە هەمووتان درابوونە بەر دەستڕێژی گوللە. تکایە ئێستا لەم ڕێگایەدا دەبێت خێرا بڕۆن وە دەنگتان لێوە نەیەت. دەبێت بە شێوەیەک بڕۆن گیانتان لە گژ و گیا و هیچ شەخەڵێک نە خشێنن تا دەنگتان لێ بەرزنەبێتەوە. خۆ ئەگەر بۆسە هەبێت ئەوا بە خشەخشەکانتانا هەستتان پێدەکرێت و دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە. دڵشاد دەکەوێتە ڕێگا و بە ناو شەخەڵەکەدا تێدەپەڕێت بە خێراییەکی زۆر دەڕوات و نەفەرەکان بە هەنگاوەکانی ناگەنەوە. ئەمەش زیاتر دڵشاد تووڕە دەکات ناچار دەگەڕێتەوە و لێیان تووڕەدەبێت هەتا خێرا تر بڕۆن. دڵشاد دەگاتە شوێنێک کە زۆر چۆڵانییە و مەترسیی لێدەکات کە ئەگەر لێرەدا خێرا نەبن و ئاشکرا ببن ئەوا بە کلاو دەگیرێن. دیسان دەوەستێت و بە نەفەرەکان دەڵێ: لێرەدا دەبێت ڕابکەین لەم دەشتاییەدا زۆر جار سەگەکانی ئەو قەرەقولە هاتووچۆ دەکەن خۆ هەر هێندەی بۆنیان کردین ئیتر دەست دەکەن بە وەڕیین هەتا ژەندرمەکان دەگەنە سەرمان. بەڵام ئەگەر خێرا بڕۆین ئەو زوو دەگەینە ئاوی دووهەم و ئەوسا سەگەکان جێگا پێکانمان و بۆنمان ون دەکەن. هەتا سێ دەژمێرم من ڕادەکەم ئێوەش هەموو نەفەرێکتان هەتا شەش دەژمێرێت و بە دوای مندا ڕادەکات ئەمەش بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە نەبین و ماوەیەک لە نێوانی ڕاکردنماندا هەبێت. هەتا ئاوی دووهەم لەوێ من چاوەڕێتان دەکەم. دڵشاد دەڵێ: یەک دوو سێ و دەست بەڕاکردن دەکات. بە دوای دڵشاد دا مامۆستا تۆفیق دەڕوات، بەم شێوەیە هەتا دەگاتە سەرەی نەبەز کە لە دوای هەموویانەوە ڕادەکات. کاتێک دەگەنە ناوەڕاستی ڕێگا سەگەکان دەستدەکەن بە وەڕیین و نەفەرەکان دەشڵەژێن، ترس ئێخەی هەر یەکێکیان دەگرێت و هەتا دێت ترسەکە زیاتر دڵیان دەکووتێت و خێراتر ڕادەکەن. دڵشاد هەست بە مەترسییەکە دەکات و تازە کاریش لە کار ترازاوە. نەبەز لە دواوە هەمانشێوە هەست بە مەترسییەکە دەکات ئەوەندە نازانن دەستڕێژێک دەکرێت بەسەریاندا، شڵەژانێک دەکەوێتە ناو نەفەرەکانەوە نەبەز لە دواوە بە نەفەرەکەی بەردەمی دەڵێت خێراتر ڕابکات بەرەو لای دڵشاد. ڕاکردنەکە وەها دەنگی تێکەوتووە کە سەگەکان زیاتر پێی هەراساندەبن و زیاتر دەنگیان بەرەو لای نەفەرەکان نزیکدەبێتەوە. دڵشاد لەسەر ئاوی دووهەم ڕاوەستاوە و مامۆستا تۆفیق بە دوایدا دەگات خێرا مامۆستا تۆفیق ئەکات بە ئاوەکەدا و دەڵێ: لەوبەر چاوەڕێبکە لە قەراغ ئاوەکەدا. مامۆستا تۆفیق خۆی ئەدات بە ئاوەکەدا و ئەڕوات. دەنگی تەقە و دەستڕێژ هەتا بێت زیاتر و زیاتر دەبێت نەفەرەکان یەک لە دووی یەک دەگەنە لای دڵشاد و دڵشاد ئەیاندا بە ئاوەکەدا. هەتا نەبەزیش دەگاتە ئاوەکە و ئەوسا دڵشاد خۆی ئەدات بە ئاوەکەدا و بە نەبەز

دەڵێ: کۆنترۆڵی باروودۆخەکە بکات و خۆی لە دوایی هەموویانەوە بێتە ئەوبەر. نەفەرەکان لە تاو گیانی خۆیان زۆر بە خێرایی لە ئاوەکە ئەدەن و لەوبەر بە یەکدەگەنەوە ئەوسا دڵشاد دەڵێ: دەبێت لێرە بۆ ماوەی بیست خولەک بەس ڕابکەین تکایە دەبێت کەس دوا نەکەوێت دەنا ئێستا بە زرێپۆش دەگەنە سەرمان. دڵشاد پێشدەکەوێت و بە یەکێک لە نەفەرەکان دەڵێ: لەسەر ئاوەکە بوەستێت هەتا نەفەرەکانی تر دوای دڵشاد بخات و پاشان خۆی لەگەڵ نەبەز بێت. دڵشاد ڕێگا بەخێرایی دەبڕێت و نەفەرەکان بە هەناسەبڕکێ و بە ترس و لەرز دوایان دەکەون. تیایاندا هەیە هەتا ئەم کاتە بیست جار ئاتی قورئان و دوعای خوێندووە، کە تووشی کارەسات نەبن. هەتا بێت ترسەکان زۆر تر دەبن و دڵەکان خێراتر لێدەدەن. نەبەز دەگاتە ڕۆخی ڕووبارەکە و ئەو نەفەرەی، کە چاوەڕێی نەبەز و نەفەرەکان دەکات ڕێگاکەی ڕۆیشتنی دڵشاد، نیشانی نەبەز ئەدات و لەگەڵ نەبەز دەکەوێتە ڕێگا. بە پەڕینەوەی نەفەرەکان لە ئاوی دووهەم سەگەکان هێور دەبنەوە و بۆنی نەفەرەکان وندەکەن. لەناو قەرەقولەکەدا ژەندرمەکان دەکەونە خۆیان و یەکێک لە ئەفسەرەکان دێتە پێشەوە بۆ لای سەربازەکان و فەرمان ئەدات بە چەند تانکێک بڕۆن بەرەو پیری وەڕینی سەگەکانەوە. ژەندرمەکان بەخێرایی دەکەونە خۆیان و یەکێک لە بەرزایی خاڵێکی ئێشکگرییەوە بلاجکتۆرێکی بەهێز بە چواردەوری خۆیدا لێ ئەدات هەتا بتوانێت هەر جوڵەیەک لە ناوچەکەدا هەبێت بەدی بکات. دڵشاد و نەبەز هەست بە مەترسییەکە دەکەن، دەزانن وەڕینی سەگەکان چ مانایەک ئەدات بەدەستەوە. بەڵام دڵشاد زۆر بەخێرایی ڕێگا دەبڕێت و ڕادەکات و هیچ بوار بۆ نەفەرەکان ناهێڵێتەوە هەتا دەیانگەیەنێتە جێگایەک، کە بتوانێت باوەڕی پێبهێنێت و مەترسیی لێ نەکات. لەوێدا دڵشاد ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی نەبەز و نەفەرەکانی تر دەکات. بە گەیشتنی نەفەرەکان و نەبەز. دڵشاد دیسان سەرنج ئەدات تا دڵنیا بێت، کە نەفەرەکان هەموو گەیشتوون، پرسیار دەکات، کە ئایا هەموویان لێرەن کەس بەجێ نەماوە؟

نەفەرەکان تەماشای یەکتر دەکەن و دەڵێن: هەموومان تەواویین.

دڵشاد دەڵێ: باشە لێرەدا بۆتان هەیە تەنها سێ خولەک پشوو بدەن پاشان دەکەوینەوە ڕێگا بەڵام ئەمجارە پێویستمان بە ڕاکردن نییە تەنها ئەوە نەبێت دەبێت ماوەی یەک کاتژمێر ڕێگا ببڕین هەتا دەگەینە جێگای خۆمان ئەوسا لەوێدا چاوەڕێدەکەین هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و دەڕۆین بەرەو سلۆپیی.

نەفەرەکان هەریەکەیان لە جێگای خۆیاندا پاڵی لێئەدەنەوە و سووپاسی خوا دەکەن، کە تووشی کارەسات نەبوون. ئاسۆ دەڵێ: کوڕیینە بە ڕاستیی لە هەموو ژیانمدا ئەوەندە ترس لە دڵما نەبووە، هەرگیز بۆ چرکەیەکیش چییە ترسی وا ڕووی تێنەکردووم.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: خوا ڕەحمی پێکردین، سووپاس بۆ خوا.

یەکێک لە شەش نەفەرەکەی تر دەڵێ: بە سەری باوکم دڵم لە ناو مشتما بوو چەند جارێک خەریکبوو لێم بکەوێت ئەگەر دەمزانی ڕێگای قاچاغ وایە هەرگیز بە قاچاغ نەدەهاتم.

دڵشاد تەماشایەکی نەفەرەکان دەکات و دەڵێ: هەستن کوڕیینە کاتی ئەوەمان نییە دەبێت

برۆین. دڵشاد دەکەوێتە ڕێگا و نەفەرەکان بە دوای دەکەون. بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە هەریەکەیان دیسان دەکەوێتەوە ناو کەشتیی خەیاڵ و هەنگاوەکانیان لەگەڵ لێکدانەوەیاندا تێکەڵ دەکەن. بەم شێوەیە زۆرپینەیان بۆ ئەوەی کە ترس لە خۆیان دوور بخەنەوە دەکەونە دووی هەنگاوەکانی بیرکردنەوەیان، تەواو تەواو شەکەت و ماندوو بوون گیانیان تەڕ تەڕە و هەتا بێت زیاتر سەرما زەفەریان پێدەبات. یەکێک لە نەفەرەکان بە بەرخۆیەوە دەڵێ: ئیمشەو شەوی پێشمەرگەیە، نەبەز ڕادەکاتە پێشەوە بۆ لای نەفەرەکە و دەڵێ: برای من تکایە بێدەنگ بە هێشتا مەترسییمان لەسەرە.

لەم قسانەدا لە پڕ دڵشاد ڕادەکاتە لایان و دەڵێ: هەمووتان خۆتان بدەن بە زەویدا تانکێک لە پێشمانەوەیە. هەر کە دڵشاد وا دەڵێت دیسان نەفەرەکان دڵیان دەبێتەوە بە دەهۆڵ لەسەر سەد و بیست لێدەدات. تانکەکە بە دووریی چوار سەد مەترێک لە نەفەرەکانەوە بلاجکتۆرێک ئەدات لە چوار دەوری خۆی و لەو ناوچەیەی نەفەرەکانی لێیە، بەڵام هیچ شتێک بە دی ناکات. دڵشاد دەڵێ: ئەو تانکە دوای ئێمە کەوتووە لە وەڕیینی سەگەکانەوە ئەگەر لێرەدا بە دیمان نەکەن دەگەڕێنەوە. پاش کەمێک تانکەکە لە لایت هاویشتن دەکەوێت و بەرەو ناوچەیەکی تر بەڕێدەکەوێت. دڵشاد هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: هەستن کوڕیینە دەبێت برۆین. بەڵام تکایە کەمێک خێراتر ڕێگا ببڕن، هاتنی ئەم تانکە بە باش نازانم.

نەفەرەکان دەڵێن: بەڵێ باشە کاک دڵشاد فەرموو بابڕۆیین.

دڵشاد پێشیان دەکەوێت و ڕێگا دەبڕن، بۆ ماوەی نیوودانە کاتژمێری تەواو و ڕێک بە بێ پشوودان و وەستان ڕێگا دەبڕن و تووشی هیچ شتێک نایەن. ئەمەش بە شتێکی دڵخۆشکەر دەژمێردرێت چ بۆ دڵشاد و نەبەز چ بۆ نەفەرەکانی تریش. یەکێک لە نەفەرەکانی ماڵی کاوە تەڕەزان پەکی دەکەوێت بە هەنگەشەلە ڕێگا دەبڕێت کاتێک نەبەز لە دواوە دەگاتە سەری تەماشا دەکات یەک تاک پێڵاوی لە پێدایە و بنی پێی تەواو هەراسان و زامدار بووە.

نەبەز ڕادەکاتە پێشەوە و دڵشاد ڕادەوەستێنێت و ئاگاداری دەکاتەوە کە یەکێک لە نەفەرەکان ماندووە و پێڵاوی لە پێدا نەماوە. دڵشاد ڕۆیشتنەکە ڕادەگرێت و بە نەفەرەکان دەڵێت کە دابنیشن. پاشان لەگەڵ نەبەزدا دەچێتە لای ئەو نەفەرەی کە پێڵاوی لە پێدا نەماوە و لێی دەپرسێت ناوت چییە کاکە گیان؟

نەفەرەکە بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە وەڵامی ئەداتەوە و دەڵێ: خەسرەو کاک دڵشاد گیان.

دڵشاد تەماشایەکی قاچی دەکات و دەڵێ: لە کەیەکەوە پێڵاوت لە پێدا نەماوە؟

خەسرەو دەڵێ: لە ڕاکردنەکەی یەکەمەوە کە سەگەکان دەستیان بە وەڕیین کرد.

دڵشاد ئەکێشێت بە سەری خۆیدا و دەڵێ: ئەی کوڕی خوا بۆ قسە ناکەیت لەو ساوە؟

خەسرەو دەڵێ: نەمویستووە ببمە هۆکاری ناخۆشیی ڕێگاکەمان. نەگ من ببمە هۆی دروستکردنی کارەساتێک.

نەفەرەکان هەموو سووپاسی هەڵوێستی خەسرەو دەکەن و ماتەمینیی خۆیان بۆ خەسرەو نیشان ئەدەن. پاشان دڵشاد دەڵێ: دە باشە کاکە گیان تازە هێندەمان نەماوە بگەینە جێگای

خۆمان هەر چارەکە ڕێگایەکمان ماوە بلوسێک شتێک دەربێنە قاچتی پێ پاک بکەرەوە و پێڵاوی تازە لە پێبکە.
خەسرەو دەڵێ: ئاخر پێڵاوەکانم پیس دەبێت کاک دڵشاد.
دڵشاد توورە دەبێت و دەڵێ: کاکە گیان هەزار پێڵاوم کرد بە قوربانی بنی پێت ئەوە ئەڵێی چی کاکە؟ لە پێی بکە قاچت خۆشتر بوێت لە پێڵاوەکانت.
خەسرەو دەستدەکات بە جانتاکەیدا و بلوسێک دەردێنێت قاچی پێ پاک دەکاتەوە و تاکێک لە پێڵاوە تازەکانی لە پێ دەکات. پاش کەمێک حەوانەوە دڵشاد دەڵێ: دەی کوڕینە یەک چارەکی تر دەگەین ئەوسا لێی پاڵبدەنەوە بە ئارەزووی خۆتان. دڵشاد پێشیان دەکەوێت و هەموو دیسانەوە یەک لە دووی یەک دەکەونەوە ڕێگا بڕیین. مامۆستا تۆفیق لە دڵشاد نزیک دەبێتەوە و دەڵێ: بە ڕاستی هەلویستێکی باشی هەبووە ئەم خەسرەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەم هەموو ڕێگایە بە یەک تاک پێڵاوەوە ببڕێت هەتا کێشە نەکەوێتە ناو دەرچوونمانەوە و تووشی کارەسات نەبین. بە ڕاستی جێگەی شانازییە.
دڵشاد دەڵێ: بەڵێ منیش وای دەبینم، لەو باوەڕەدام کە خۆی کەوتۆتە ناوجەرگەی باروودۆخێکی ڕاستەقینەوە ئەوسا ئەو بڕیارەی داوە. بێگوومان منیش سووپاسی دەکەم بە هیوام نەفەرەکانی تریش هەمان هەلویستیان هەبێت. بە دەم قسەکردنەوە هێندە نابات دەگەنە ئەو شوێنەی کە دڵشاد مەبەستێتی. دڵشاد ڕادەوەستێت و بە نەفەرەکان دەڵێ: کوڕینە ئەم شوێنەی ئێمەی تێداین نزیکەی دەخولەک لە سڵوپییەوە دوورە. ئێرە دەغڵێکی پەمووە، بەیانیی زوو کرێکارەکانی دێنە ئێرە بۆ کارکردن. بەڵام ئێمە دەبێت پێش ئەوان لە خەو هەستین و بڕۆینە سەر جادەکە بۆ ئۆتۆمبیل وەستان تا بمانباتە سڵوپی. ئێستا هەریەکەتان شوێنێک بدۆزنەوە لێی ڕابکشێن هەتا بەیانیی زوو. بەیانیی جلە پیسەکانتان دابکەنن و جلی تازە لەبەر بکەن و خۆتان ئامادەبکەن بۆ ڕۆیشتن هەر یەکێکتان پاسپۆرتەکانتان ئامادەبکەن کە فیزەی تورکیای لێدراوە بە ڕێکەتی سبەینێوە. ئێستا هەوڵبدەن بحەوێنەوە و بنوون لێرە لە ژیانی خۆتان دڵنیا بن چونکە مەترسییمان لەسەر نەماوە. نەفەرەکان جانتاکان لە شانیان دەکەنەوە و هەریەکەیان پاڵ ئەدات بە کۆڵە پشتەکەی خۆیەوە و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژن و ئاهێکی سەبووریی بە گیانیاندا دێت.
ئاسۆ لە تەنەیشتی شادییەوە دادەنیشێت و دەڵێ: ها شادیی گیان چۆنیت؟
شادیی دەڵێ: سووپاس ئاسۆ گیان زۆر باشم، تەنها ئەوەنەبێت ماندووی ڕاکردن و دڵەڕاوکێم. بە ڕاستیی ئیمشەو پاڵەپەستۆیەکی زۆری دەروونییمان لەسەر بوو، پاڵە پەستۆیەک کە لەژییانمدا شتی وام بە خۆمەوە نەدیووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستدەکەم ئێستا مرۆڤێکی ترم، ئەزموونێکی باش بوو بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنێتی ژیان، چ لە دیدەنی ئەو لاشانەدا کە لەبەردەم دەرگای ئاسایشی زاخۆدا بینیمان، چ لە هاتنی خۆماندا بەم ڕێگا پڕ مەترسییەدا. باوەڕ بکە ئێستا مرۆڤێکی ترم و جۆرێکی تر بیردەکەمەوە.
ئاسۆ دەستێک ئەکاتە سەر شانی شادیی و دەڵێ: شادیی گیان خۆشحاڵم کە گوێم لێتدەبێت بەم شێوەیە شیکاری هاتنی خۆت دەکەیت لەم ڕێگا پڕ مەترسییەدا. منیش هەمان هەستی

تۆم هەیە. منیش لەم ئێوارەیەوە لێکدانەوەم بۆ چەندیین شت لە ژیاندا گۆڕا. لە ئێستاوە هەستدەکەم دوارۆژم دڵنییا کردووە، لەو کاتەوەی لە ڕابردووی خۆم نزیکبوومەتەوە. ئێستاش لێدانی ئەو ڕێگایە بۆ هەر یەکێکمان بووەتە ڕابردوو، بۆیە هەموو یەکێکمان لە ئێستاوە دوارۆژی خۆی دڵنیا کردووە.

شادیی دەڵێ: ڕاستدەکەیت دڵنیام لەوەی هەموو یەکێکمان لەم شەوەدا کۆمەڵێک شتی بە نرخ فێربووین کە وەک گوارەیەک کراوەتە گوێچکەی مێژووی بوونمان، هەتا ئەم دڵە چکۆلانەیەمان لە ژیاندا لێبدات ئەو لەگەڵ یادەوەرییەکانماندا ئەلەرێتەوە.

ئاسۆ لەپاڵ شادییدا کۆڵە پشتەکەی دادەنێت و دەڵێ: شادیی گیان پێموابێت ئەگەر هەولبدەین ئەم چەند کاتژمێرە خەوێک بە چاوماندا بهێنین چ نەبێت کەمێک دەروونمان ئارام بێتەوە خراپ نییە.

شادیی دەڵێ: باشە ئاسۆ گیان پێمخۆشە، بەڵام بە خوا بەم جلە شێدارانەوە بەرەبەیان لەتاو سەرما زیرەمان لێهەڵدەستێت. شادیی لەسەرلا سەردەخاتە سەر کۆڵە پشتەکەی و شەو شاد لە ئاسۆ دەکات.

ئاسۆ هەمانشێوە لەسەر گازی پشت لێیدەکەوێت و دەڵێ: گرنگ ئەوەیە ئێستا من چەند کاتژمێرێک بنووم و مێشکم بحەوێتەوە قیروسییا با ڕەقببمەوە. شەو شاد شادیی گیان ماڵەکەم.

نەفەرەکان هەموو دوو دوو سێ سێ لەتەک یەکدیی خڕ بوونەتەوە و دەمەتەقێیانە و هەندێکیان هێند ماندوون توانای قسەکردنیان نەماوە و تەخت لێی خەوتوون.

دڵشاد و سەربەست زاخۆلیی و نەبەز لە لای یەکدییەوە ڕاکشاون و خەریکی پلان دانانن بۆ بەیانیی، کە چۆن لێرەوە یەکێکیان بگاتە سلۆپیی و لەلای برادەرەکانیانەوە ئاوتۆمۆبیل بهێنن بەشوێن نەفەرەکاندا.

سەربەست دەڵێ: کاکە دڵشاد ئەز لەگەڵ تۆ دێمە سەر جادە دەستێ خۆ لە ئۆتۆمبیل ڕادەگرین و دەچینە سلۆپیی.

دڵشاد دەڵێ: زۆر باشە سەربەست گیان کەواتە نەبەز ئاگای لە نەفەرەکان دەبێت و ئێمەش دەچین ئەحمەد و شۆفێرێکی تر دێنین بەشوێن ئەماندا. دوای گفتووگۆیەکی زۆر سەربەست و نەبەز دەڵێن: دە کاکە دەی ئێستا با کەمێک بخەوین و ماندوومان بحەوێتەوە.

دڵشاد دەڵێ: ئێوە بخەون من ئێشکگرتان دەبم دوای چەند ساتێک نەبەز تۆ هەڵدەستێنم بە ئاگا بیت و من دەخەوم.

نەبەز دەڵێ: باشە دڵە گیان دەی شەو شاد.

نەفەرەکان هەموو دەخەون بە تەنیا دڵشاد بە ئاگایە و پاسەوانی هەمووان دەکات. هەتا کاتژمێر سێی دوا نیوەشەو دڵشاد لەگەڵ بیرکردنەوەی خۆیدا دەستەملان دەبێت بۆ تێپەڕبوونی کات. شەوێکی هەتا بڵێی پڕ پێروە " هێشووە ئەستێرە" سامالێکی پاکژە و وردە وردە کزەی بایەکی نەرم دێت، کە نەفەرەکان بەو جلەتەڕانەوە ئەتەزێنێت. شەوێکە تارییک تارییک لە دوورەوە نەبێت چەند گلۆپێکی سلۆپیی ئەدرەوشێتەوە هیچ تروسکاییەکی تر

بەدی ناکرێت لە چواردەوریان. چریکە چریکی سیسرکەکانی ئەو ناوە کۆنسێرتێکیان بۆ دونیای بیرکردنەوەی دڵشاد سازکردووە، بە شێوەیەک کە دڵشاد بیریشی چۆتەوە خۆی لە کوێدا ئەبینێتەوە. لە بیرکردنەوەیدا لە خۆی دەپرسێتەوە ئاخۆ هەتا کەی دڵشاد تەتەری ئەم ڕێگا و بانەبێت؟ هەتا کەی ژییانی خۆی بداتە دەست چارەنووس و داهاتێکی نەبێت؟ لە قوڵایی ئەو شەوەدا دڵشاد بە درێژاییی ئەو ماوەیەی بە ئاگایە دەست بە پرچی قەترانیی شەودا دێنێت و دەستەملانێی جریوەی ئەستێرەکانی سەریەتی تا ئەو کاتەی شەکەت و ماندوو دەبێت و نەبەز بە ئاگا دێنێت بۆ ئێشک گریی و خۆیشی هەر لە جێگای خۆیەوە تەخت لیی ڕادەکشێت ڕاستەوخۆ خەوی لێدەکەوێت.

نەبەز بە قنەوە دادەنیشێت و تەزوویەکی سارد بە گیانیدا دێت، هەرچەند دەستەکانی خۆی هەڵدەگلۆفێت بۆ ئەوەی ئاهێکی گەرمی پێدا بێتەوە بەڵام چاری نییە. دەست دەکات بە ناو کۆڵەپشتەکیدا و قەمسەڵەیەک دەردێنێت و ئەیدات بەسەر شان و ملی خۆید. دیسان نەبەز بۆ تێپەڕبوونی کات یاریی بە پرچی ڕەشی شەو و گوارەی گوێی ئاسمان دەکات. نەبەز لە شەودا کە تەماشای ئاسمان دەکات دەڵێ: من شەوان وادەزانم ئاسمان گوێی شەوە و ئەم ئەستێرانەش هەموو گوارەی زێڕینی گوێی ئەون. نەبەز ئەو شەوانەی لە کات و شوێنی ئاوهادا کە بە ئاگا دەبێت بیرکردنەوەی ئەیباتەوە بۆ لای شەهید بوونی شێرکۆی برای. بەردەوام لەگەڵ خوێنی سەرسنگی شێرکۆی برایدا گیروگرفتێتی. لە لای نەبەز هێشتا خوێنی سەرسینەی شێرکۆی برای نەمەییوە و هێشتا هەر هەڵاوی لێهەڵدەستێت. وا ئێستا زیاد لە دە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر شەهیدبوونی شێرکۆی برایدا بەڵام نەبەز هێشتا ئارام نەبۆتەوە و سەبووریی نەهاتووە. نەبەز بەردەوام دەڵێ: من کاتێک سەبوورییم دێت کە تاوانکاری کووشتنی شێرکۆی برام خوێنی بڕژێت. من تەنها تۆڵەسەندنەوە دەتوانێت ئاسوودەم بکات دەنا پێکڕای تەمەنم من کەشتییەکی پەککەوتەم و لە کەنارێکدا جێماوم کە هیچ کەس و هیچ ڕێکەوتێک کەشتییەکی پێدا تێناپەڕێنێت تا لەگەڵ خۆیاندا ڕامبکێشێتەوە بۆ ئاوەدانیی. بەڵام ئەو تاوانبارەی دەستی لە کووشتنی شێرکۆی برایدا هەبوو ئێستا لە باوەشی هەندەراندا ڕادەژەنرێت کە دوورە لە دەستی نەبەزەوە، ئەم کارەش ئازارەکانی نەبەز بەسوێرتر دەکات. هەتا بەرەبەیان نەبەز لەگەڵ ئازارەکانی ناخیدا خۆی ئەخواتەوە. شەو نییە نەبەز بە دیار چاوە ڕەشەکانی شەوەوە تێر تێر نەگریی، شەو نییە لە باوەشی ئەم ژانە بەسوێییەدا چرای چاوەکانی نەبنە دوو جۆگە و بە دەشتی کاکیی بە کاکیی بیرکردنەوەیدا دانەچۆڕێن. هەر لەبەر ئەم نهێنییەشە کە ئەو کەسەی بەیانیان تەماشای ڕووخساری نەبەز بکات وا دەزانێت چاوەکانی نووقمی دەریای خوێن بووە. نەبەزیش بۆ ئەوەی ڕێگا لە بیرکردنەوەی خەڵکیی بگرێت دەڵێ: کاکە گیان من ئەلەرگیم هەیە بۆیە بەیانیان هەتا چەند کاتژمێرێک چاوەکانم سوورن و پاشان خۆیان ڕووندەبنەوە. نەبەز کە تەماشا دەکات دونیا تەواو تەواو ڕووناک بۆتەوە و گزنگێکی تەواو دڵفرێنە، هەڵدەستێت یەکە یەکە نەفەرەکان لە خەو بە ئاگا دەهێنێت بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن و جلی پاکژ لەبەر بکەن. نەفەرەکان ئیتر جوڵەیان تێدەکەوێت و هەریەکە لە جێگەی خۆیەوە دەست دەکات بە

خۆ گۆڕیین و خۆ پۆشتەکردن. دڵشاد چاو دەگێڕێت بزانێت کەوتوونەتە کوێوە، پاشان بەرەو جادەکە دەڕوات کە هەر پەنجا شەست مەترێک لێیانەوە دوورە لە تەنیشت جادەکەوە پەنایەکی قوڵ دەدۆزێتەوە کە نەفەرەکانی لێ حەشار بدات. پاشان دێتەوە بۆ لای نەفەرەکان و پێیان دەڵێت تکایە زوو خۆتان بگۆڕن ئێستا جووتیارەکان دێن و تووشی گۆڵمەز دەبین. تکایە ئەوەشی تەواو بوو، با بڕوات بۆ لای جادەکە بپەڕێتەوە ئەوبەر و هەر ڕاستەوخۆ بچێتە خوارەوە و لە پاڵ جادەکەدا دابنیشێت. دڵشاد یەکە یەکە نەفەرەکان ئەنێرێت بۆ ئەو بەری جادەکە و چەند نەفەرێک ئەمێنێت کە هێشتا خۆیان تەواو نەگۆڕیوە، ئەوانیش ئەداتە دەست نەبەز کە بیانهێنێت بۆ ئەو ئەوبەر. دڵشاد لەگەڵ نەفەرەکانی تر دەچێتە ئەوبەر، هەموویان لە قەراغی جادەکەدا دادەنیشێنێت کە نزمترە لە ئاستی بەرزی جادەکە. لەسەر جادەکەوە ئەگەر کەسێک سەر شۆڕ نەکاتەوە بۆ خوارەوە مەحاڵە هیچ کەس بە دی بکات. پاش کەمێک نەبەز و نەفەرەکانی تریش دەگەن و دادەنیشن. دڵشاد دەڵێ: کوڕیینە دیسان مەراسیمەکەمان دەست پێدەکاتەوە بەڵام لێرەوە بە گریلایانە نا بەڵکوو لێرەوە بە مێشک و هۆش. تکایە هەتا دەتوانن جوان خۆتان پاک بکەنەوە و پێڵاوتان پاک ڕووخسارتان پاک جلتان پاک بۆ ئەوەی درکتان پێ نەکرێت کە قاچاغن. خەسرەو تۆ ماڵەکەم تکایە جوان جوان بنی پێت پاکبکەرەوە و تکایە هەر کامێکاتان کرێمێک نیڤیایەک هەر شتێکتان پێیە بیدەنە خەسرەو با بنی پێی پێ چەور بکات و ئازاری نەبێت. ئەوسا خەسرەو گیان پێڵاوەکانیشت لە قوڕ و پیسی پاکبکەرەوە. من و سەربەست دەڕۆین بۆ سلۆپی بەشوێن ئەحمەددا کە بتان هێنێت بۆ سلۆپی. نەبەز لێرە ئاگای لێتان دەبێت. تکایە بە هیچ شێوەیەک ناجوڵێن لە جێگەی خۆتان. هەموو بڕیار ئەدەن کە لە جێگەی خۆیان نەجوڵێن و سەرەتاتکێ نەکەن. دڵشاد و سەربەست سەردەوکەنە سەر جادەکە و بە پیادە بەرەو ڕووی سلۆپی دەڕۆن . پاش تێپەڕبوونیان ماوەی یەک کیلۆمەتر لە شوێنی نەفەرەکان دوور دەکەونەوە و ڕادەوەستن بۆ ئەوەی دەست لە ئۆتۆمبیل ڕابگرن بۆ سلۆپی. دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ئۆتۆمبیلێک ڕادەوەستێت بۆیان و هەڵیاندەگرێت لەگەڵ خۆیان بۆ سلۆپی. دڵشاد و سەربەست دەڕۆنە نووسینگەکەی ئەحمەدەوە و بەیانیی باش دەکەن. ئەحمەد بە قاقا و پێکەنینەوە لەبەر دڵشاد هەڵدەستێت و ئەملا و ئەولای ماچ دەکات و دەڵێ: چەند نەفەرت هەیە دڵشاد؟

دڵشاد دەڵێ: بەخۆم و نەبەزەوە چواردە نەفەر.

ئەحمەد بەم قسەیە خەنیی دەبێت و دەڵێ: دڵشاد گیان ئەز گوڵێ تۆمە قوربانێ تۆمە. هەڕە بچین چایە جوان بخۆرەوە. ئەحمەد ئاوڕدەداتەوە بۆ کارمەندەکانی نووسینگەکەی و دەڵێ: کوڕیینە لەم پاسەی ئێستادا جێگەی پێنج نەفەر بگرن بۆ دڵشاد ئەوی دی چوار ئەوی دیش پێنج واتە هەتا کاتژمێرە دوویە نیوەڕۆ سێ پاس. باشە هەڤاڵان؟

یەکێک لە کارمەندەکان دەڵێ: باشە هەڤاڵ سەرچاڤە.

دڵشاد و سەربەست و ئەحمەد ئەچنە چاخانەکەی تەنیشتیان و دادەنیشن بۆ چا خواردنەوە. دڵشاد دەڵێ: ئەحمەد نابێت دوا بکەوین دەنا نەفەرەکان دەگیرێن ئەوەتان لەسەر جادە

چاوەڕێم دەکەن.
ئەحمەد دەڵێ: بسەکنە لێرە دەچم شۆفێرێکی تر دەهێنم تا دوان بڕۆین بۆ لایان.
دڵشاد دەڵێ: باشە خێرابە.
لە لای نەبەز و نەفەرەکانی ترەوە لە دوورەوە دوو پیاوی چەک بەدەست بە چنگ لەسەر شان دێن بەرەو پیری نەفەرەکان هەر کە نزیکدەبنەوە لە نەفەرەکان میلیان لێرادەکێشن و دەست دەکەن بە هاوار هاوار بەسەریاندا. نەبەز دەچێتە پێشەوە بۆ لایان بۆ ئەوەی چەکدارەکان هێمن بکاتەوە. نەفەرەکان تەواو تەواو دەترسن و ماتەمینیی دایاندەگرێت. نەبەز ئاوڕ ئەداتەوە بۆ نەفەرەکان و دەڵێ: مەترسن ئەمانە کوردن و جاشن فێرن بە ڕووتکردنەوەی خەڵکیی لەم ناوچەیەدا ئەمە کاری یەکەم جاریان نییە، دیارە ئەمانە دەزانن کە نەفەر دێنە ئەم چاڵەوە بۆیە بەیانیان زوو ئەڵێی بۆ کۆنکرێت تێکردن دەڕۆن چەکەکانیان دەکەنە شان و دێن نەفەر ڕووتدەکەنەوە. جاشەکان داوای دوو سەد دۆلار لە نەبەز دەکەن دەنا دەیان بەن بۆ قەرەقۆل. جاشەکان هەموو کات نەفەرەکان بە ژەندرمە و قەرەقۆل ئەترسێنن ئەوانیش بۆ ئەوەی نەیانگەڕێننەوە بۆ سنور داواکانیان بەجێدەگەیەنن. نەبەز مامەڵەیان لەگەڵ دەکات بۆ ئەوەی شتێک کەمتریان بداتێ بەڵام هیچ چاری نابێت جاشەکان هەتا بێت تووڕەتر و هەڵەشەتر دەبن. نەبەز ناچار دێت لە هەر نەفەرە و شتێکیان لێوەردەگرێت و ئەیدات بە جاشەکان ئەوسا جاشەکان ئەڕۆن و بەجێیان دەهێڵن. پاش تێپەڕبوونی چارەکە کاتژمێرێک ئەحمەد و دڵشاد و شۆفێرێکی تر دێنە سەر چاڵەکە و خێرا خێرا نەفەرەکان دەردێنن و سواری ئۆتۆمبیلەکانیان دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ سلۆپی. نەبەز دەڵێ: دڵشاد گیان جاشەکان هاتنە سەرمان ڕووتیانکردینەوە دوو سەد دۆلاریان لێوەرگرتین.
ئەحمەد دەڵێ: ئاخ مەخابن ئەم سەگبابانە چاک فێر بوون بەم ڕووتکردنەوەیە. بە خودا هەقی وان کووشتنە. پاش کەمێک هەردوو ئۆتۆمبیلەکە دەگەنە سلۆپی و ئەحمەد نەفەرەکان لە چایخانەکە دادەنێت و دەڵێ: دڵشاد یەک چارەکی تر پاسەکەمان دەردەچێت بۆ ئەستەنبوڵ پێنج نەفەر دابنێ بڕۆن. کاتژمێرە یانزدە پاسێکی دی دەڕواتن چوار نەفەر دابنێ بڕۆن، کاتژمێرە دووی دوانیوەڕۆ پاسێکی تر دەڕوات پێنج نەفەر دابنێ بڕۆن.

دڵشاد دەڵێ: زۆر باشە ئێستا من و مامۆستا تۆفیق و کاوان و خەسرەو یەک نەفەری ترتان با بێت لە نەفەرەکانی کاوە تەڕەزان ئێمە دەڕۆیین. ئاریان کە نەفەری کاوە تەڕەزانە دەڵێ: من دێم.
دڵشاد دەڵێ: زۆر باشە تکایە ئێستا ئێوە نان و چای خۆتان بخۆن بڕۆن بۆ ئەو دیوو بۆ نووسینگەکە.
پاشان کەیوان و کامەران و شێرزاد کە نەفەری کاوە تەڕەزان بوون لەگەڵ سەربەست زاخۆلیی ئامادە دەکرێن بۆ کاتژمێر یانزدە کە دەربچن. دەمێنێتەوە سەر نەبەز و ئاسۆ و ئازاد و شادیی و بژار کە نەفەری کاوە تەڕەزانە. ئەوانیش ڕێکدەخرێن کە کاتژمێر دووی

دوا نیوەڕۆ دەربچن.
ئەحمەد دەڵێ: زۆر باشە ئێوە نان و چای بەیانی خۆتان بخۆن و بحەوێنەوە هەتا دەردەچن، بەڵام نەفەرەکانی دڵشاد کە تەواو بوون وەرنە ئەو دیوو ئێوە دەڕۆن. ئەحمەد و دڵشاد دەڕۆنە نووسینگەکە و نەفەرەکان بەجێدەهێڵن. دڵشاد پارەی هەموو نەفەرەکان ئەدات بە ئەحمەد و پرسیاری چۆنێتی ڕێگای لێدەکات.
ئەحمەد دەڵێ: چ شتێک نینە ڕێگا پڕ باشە. پاشان ئەحمەد بە یەکێ لە کارمەندەکانی دەڵێ: کە جانتای نەفەرەکانی دڵشاد بکاتە ناو پاسەکەوە و ئاگاداریان بکاتەوە بۆ سەرکەوتن.
دڵشاد داوا لە ئەحمەد دەکات کە چاودێریی نەفەرەکانی بکات و ئاگای لێیان بێت تووشی هیچ نەبن.
ئەحمەد ئامادەیی خۆی نیشان ئەدات و دڵشاد دڵنییا دەکاتەوە کە وا بزانێت خۆی لە لایانە.
دڵشاد سووپاسی ئەحمەد دەکات و باوەشی پێدا دەکات و ماڵئاوایی لێدەکات. پاش کەمێک دەچێتە لای نەفەرەکان و یەکە یەکە سووپاسی هەموویان دەکات کە خۆگربوون لە هاتنیاندا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێت لە ڕۆیشتنیاندا. ئەوسا خۆی و نەفەرەکانی سەردەکەونە ناو پاسەکەوە و ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان دەکەن. دڵشاد لە کۆتایی قسەکانیدا بە نەبەز دەڵێ: کە لە تەرمینالی ئەستەنبوڵ چاوەڕێیان دەکات.
هەموو هەڵدەستنە سەرپێ و بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە دەست بۆ ڕۆیشتنی دڵشاد و هاوڕێکانی ڕادەوەشێنن. پاسەکە دەکەوێتە ڕێگا و وردە وردە لە چاو ون دەبێت لە جادەکەدا.

IIIII

تریفە لە ژووری پشوودان لەگەڵ یاسمین و مۆنیکا دا دانیشتووە و باسی چۆنێتیی سەردانەکەیان بۆ ستۆکهۆڵم دەکات. تریفە هێندە ئارەزوو خۆشە لە گێڕانەوەی قسەکانیدا بەشێوەیەک کە بە جارێ تەواو سەرنجی مۆنیکا و یاسمینی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەر لەسەرەتای گەیشتنیانەوە بۆ ناو فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵم و پێشوازییکردنیان لەلایەن شیلانەوە هەتا گەڕانەوەیان هەنگاو بەهەنگاو چیانکرد بوو ئەو ماوەیەی کە لە سوێدن بوون بۆ مۆنیکا و یاسمین دەگێڕێتەوە.
مۆنیکا دەڵێ: من هەتا ئێستا بۆ وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان نەچووم، دەگێڕنەوە دەڵێن سوێدن زۆر خۆشە بەڵام وڵاتێکی گرانە بۆ تیۆریست.
یاسمین دەڵێ: من لەوەتەی هەم هۆلیدەیەکانم لە تورکیا بردۆتەسەر، بە دەست ئەم دایک و باوکەمەوە وەختە شێت و هار بم، سەری زمان و بنی زمانیان چارڵش و پارەیە. پارە وار پارە یۆک، چارڵش یۆرم، چارڵش یۆک. بەڵام وەک تریفە دەگێڕێتەوە لەگەڵ دیتنی هەر وڵاتێک دا بۆچوونێکی تازە بۆ ژییان، لەگەڵ ناسینی هەر نەریتێکی نوێدا هەنگاوێکی باشتر بۆ ژییان. هەرچەندە من چەندیینەی جار ویستوومە لەگەڵ کوڕەکەی دڵدارمدا بۆ ئیسپانیا

بچم، بەڵام لە کویێ ویێراومە بڵێم من دڵدارم هەیە! جا نەخواستە بڵێم لەگەڵی دەچم بۆ گەشت. هەر بۆیە ئەوەندە نازانیت من کوڕێکی تازە لە ژییانمدا هەیە، چونکە ناوێرم ئاشکرای بکەم و ئەویش ئەترێست و وازم لیێدێنێت.

مۆنیکا دەڵیێ: یاسمین کێشەی تۆ ئەوەیە ناتەوێت لەگەڵ تورک بیت بگرە هەر بە تەنها ئەڵمان، خێزانەکەی تۆش خێزانێکی ئینتێلێەکتوێل نین هەتا بتوانن ئەو شتانە نۆرماڵ وەربگرن. بۆیە هیچ ئەڵمانێک لەگەڵ تۆ نامێنێتەوە. باشترە بگەڕێیتەوە بۆ چاوگەی خۆت، چونکە کوڕێکی تورک کلتووری تۆ دەناسێت، بەڵام ئەورووپیی‌یەک ناتوانێت لەگەڵ ئەو کلتوورەدا هەڵبکات.

تریفە ئەیداتە قاقای پێکەنین و ئەڵێ: یاسمین تۆ بە وەجاخ کوێریی ئەمریت. کچە دەبەسە تۆ کەس لێت تێناگات تۆ لەقسەکردنتا لە ئەتاتورک تورک تریت، بەڵام حەزت لە قژی زەرد و چاوی شیینە، یان هەست دەکەیت ئەگەر لە شانی پیاوێکی ئەڵمانەوە بڕۆیت ئەوا نرخت گرانترە؟

یاسمین پەلاماری گۆشەیەک ئەدات لە تەنیشتییەوە و ئەیگرێتە تریفە و دەڵێ: ناشریین بابەت حەزە حەز، بابەت "میندە ڤێرتیگکایت کۆمپلێکس" خۆ بە کەم زانیین" نییە. پاشان من حەزم لە هەموو پیاوێکی ئەڵمان نییە، حەزم لە پیاوی جوان و ڕۆمانسیی ئەڵمانە.

لەناکاو "ئەنتیا"ی بەڕێوەبەری کارەکەیان دێتە ژوورەوە و گوێی لە یاسمین دەبێت، کە دەڵێ: حەزم لە پیاوی جوان و ڕۆمانسیی ئەڵمانە. تەماشایەکی یاسمین دەکات و دەڵیێ: یاسمین هیوام بە تۆ بوو، بەڵام ئەوە تۆش فت.

هەموو بە یەکجار ئەیدەنە قاقای پێکەنین و مۆنیکا و تریفە دەڵێن: شەرم مەکە یاسمین بۆ نا؟ باوەڕ بکە هەر کات بە دایک و باوکت بڵێیت دەچم بۆ لای کچێکی هاوڕێم قەت ڕێت لێناگرن. بەڵام بۆ لای کوڕ بڤەیە. جا کار لەمە باشتر ناڕوات بەڕێوە.

یاسمین تەماشای مۆنیکا و تریفە دەکات و هیچ وشەیەک لە دەمی نایەتە دەرەوە، ئەنتیا، ژوورەکە بەجێدێڵێت و دەڵیێ: بێدەنگیی نیشانەی ڕازیی بوونە.

مۆنیکا هەڵدەستێتە سەرپیێ و دەڵیێ: کچیینە کامتان کافیێ دەخۆنەوە؟ کەمێکی تر پشووەکەمان تەواو دەبێت، پێم باشە کافیێیەک بخۆمەوە، چونکە ئەم دوانیوەڕۆیە دەردەکەوێت کارمان زۆر بێت و کڕیارێکی زۆر ڕوومان تێبکەن. جا باشتر وایە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە سەرئێشە پەنا بەرینە بەر کۆفەئیین.

یاسمین دەمووچاوێکی بۆ دەجووقونێت و دەڵیێ: من لەسەر کاسەم، سەرم زۆر نایەشێت.

تریفە دەستێک بە قژیدا دێنێت و دەڵیێ: کافیێ دادی من نادات، تەنها چا ڕەشەکە نەبێت.

مۆنیکا بەدەم قاقایەکەوە دەڵیێ: نورهانیشمان بەس بە تەنها کوڕی ڕەشی ئەفریقیی دادی ئەدات. هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و لەپڕ تریفە دەڵیێ: ئەریێ بەڕاست نورهان کەی دێتەوە؟

یاسمین دەڵیێ: دوو هەفتەی تر، جەنابی ئێستا لە تورکیایە. تورکە حەیاتەکە ساڵ دوانزەی مانگ کاردەکەن، ئەگەر پشووشیان هەبێت یان کاری ڕەش دەکەن، یان دەچنەوە بۆ تورکیا.

تریفە تەماشایەکی یاسمین دەکات و بە بزەیەکەوە دەڵێ: باوەڕبکەن بیری دەکەم ئەو ساختەچیی‌یە. شوێنەکەی دیارە، نورهان یەکێکە لەو کچانەی هەمیشە بە دوای قسەی خۆش و نوکتە و گاڵتەدا دەگەڕێت. دڵێکی پاکی هەیە و نازانێت بوغز مانای چی. هەرچەندە ئێمە زۆر سەر دەکەینەسەری بەڵام ئەو هیچ مێش میوانی نییە.

مۆنیکا دەڵێ: من ئێستاش هەرچەند بیر لەو ڕۆژە بکەمەوە کە پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی شەممە بوو، لە ڕۆژی لەدایکبوونی یاسمین دا، کوڕێک لە کۆڵانی پشتەوە چاوەڕێی نورهانی دەکرد، ئێمەش جار جار لە پەنجەرەکەوە تەماشای خوارەوەمان دەکرد. نورهان جارجارێک سەرێکی بۆ خوارەوە شۆڕ دەکردەوە و یەک دوو قسەی بە تورکیی لەگەڵ کوڕەکەدا دەکرد. ئەنتیا بە نورهانی گووت ئەوە لەگەڵ کێ قسەدەکەیت نورهان؟ نورهان گووتی کوڕێکی هاوڕێمە چاوەڕێم دەکات لە خوارەوە. ئەنتیا وتی هاوڕێ یان دڵداری تازەتە؟ نورهان بە بزەیەکی عەیارانەوە گووتی دڵداری تازە. ئەنتیا وتی تورکە؟ نورهان خەریکی پرۆسێکۆ خواردنەوە بوو، سەرێکی بە بەڵێی دانەواند و وتی یا. ئەنتیا وتی ئەمەیان تازەیە نورهان کوڕی تورکی هەیە. پاشان ئەنتیا پرسیی چ کارەیە کوڕەکە؟ نورهان زۆر بە شانازیی‌یەوە وتی گۆرانیی بێژێکی ناودارە. ئەنتیا چاوێکی سەرسووڕمانی زەقکردەوە و وتی هم زۆر سەرنجڕاکێشە با منیش سەیرێکی خوارەوە بکەم، بزانم ئەم دڵدارە گۆرانیی بێژەی نورهان چ کوڕێکە. ئەنتیا کە تەماشای خوارەوەی کرد، لەو کاتەدا کوڕەکە میزی دەکرد بە دیوارەکەدا. هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین بە جارێک، مۆنیکا بە دەم پێکەنینەوە درێژە بە قسەکانی ئەدات و ئەڵێ: ئینجا ئەنتیا تەماشایەکی نورهانی کرد و وتی نورهان کە چوویتە خوارەوە پەیوەندیی‌یەکەت ببڕە لەگەڵ ئەو کوڕەدا. نورهان بە حەپەساویی‌یەکەوە گووتی: بۆچیی ئەنتیا؟ ئەنتیا سەرێکی بۆ خوارەوەی پەنجەرەکە جوڵاند و نورهان بە پەلە خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکە، کە تەماشای خوارەوەی کرد کوڕەکەی بینی کێری بە دەستەوەیە ڕایدەوەشێنێت تا چۆڕەی میزەکەی ببڕێت. لەم کاتەدا کوڕەکە بە ڕێکەوت تەماشایەکی ناوپەنجەرەکەی نورهان دەکات، دەبینێ نورهان لە پەنجەرەکەدا بە حەپەساویی وەستاوە و کچەکانی تریش لە دواوە تەماشای ئەو دەکەن. کوڕەکە تەریق دەبێتەوە و شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێت و دەڵێ: خۆمم پێ نەگیرا. نورهان بە تووڕەیی‌یەکەوە کچەکان لا دەبات لەبەردەمی پەنجەرەکەدا و بە شپرزەیی‌یەکەوە پەنجەرەکە دادەخات و پەردەکانی دادەداتەوە. خێرا بەرەو پرۆسێکەکە دەڕوات و گڵاسێکی لێ پڕ دەکات و بە یەک قووم هەڵی ئەدات و ئەڵێ: ئارشلۆخ. تەماشایەکی ئێمەی کرد و وتی با بۆ خۆی عەریف بێت، دەبێت هەتا بەیانیی چاوەڕوانی ئەوەبێت من لەو دەرگایەوە بێمەدەرەوە لەگەڵی برۆم. پاشان هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و یاسمین دەڵێ: بەڕاستیی ئەو ڕۆژە هێندە خۆش بوو قەت لە یاد ناچێت. هێندەنابات کچێکی تری کارکەر خۆی دەکات بە ژووردا و دەڵێ: کچینە خێرا وەرن ئەنتیا داواتان دەکات دەڵێ: کاتی پشوو تەواو بوو، کڕیارێکی زۆر ڕوویان تێکردووین دوکانەکەمان جمەی دێ لە کڕیار. یاسمین بە پەلەهەڵدەستێت و یەک دوو چەپڵەلێدەدات و دەڵێ: هەستن کچیینە دەی "شۆ تایم" ئێستا ئانتیا شێت بووە بە تەنیا

لەسەر کاسەکە. هەرسێکیان بە دوای یەکدا دەڕۆنە دەرەوە لە ژووری پشوودان و هەریەکەیان دەچن بە لای کاری خۆیانەوە. دوانیوەڕۆیەکی پڕ خۆر و گەرمە کڕیارێکی زۆر ڕوویانکردۆتە دوکانەکەیان، هەر لە کچی دەدوانزدە ساڵانەوە لێرەدا دەیبینیت هەتا ژنی پەنجا ساڵە. تاکە تاکەش پیاوان لە دوکانەکەدا دەردەکەون، هەندێکیان لەگەڵ ژن و کچانی هاوڕێیاندا هاتوون، هەندێکیشیان بە تەنها هاتوون بۆ ئەوەی پارچە جلێک بۆ ژنیان یان بۆ هاوڕێیان بکڕن. تریفە دەچێتە لای کابینەی خۆگۆڕینەکانەوە، بۆ ئەوەی ئەو پارچە جلانەی، کە لە ژووری خۆگۆڕییندا بەجێماون بیانخاتەوە شوێنی خۆیان. ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی، کە تریفە زۆر پێی توورە دەبێت، ئەگەر هاتوو کڕیارێک چەند جلکێکی لەگەڵ خۆیدا بردە ژووری پرۆبەوە و دوای ئەوە هیچیانی بەدڵ نەبوو، هەر لەناو کابینەکەدا بەجێیان بهێڵێت. تریفە بە بێدەنگییەکەوە کابینە بە کابینە دەگەڕێت و جل کۆدەکاتەوە، مۆنیکا بە شپرزەییەوە دێتە لای تریفە و دەمێک پێدەکەنێت و دەمێکیش زوو زوو دەڵێ: بە ڕاستیی باوەڕ ناکەیت ئەگەر پێت بڵێم لە خوارەوە لە کابینەکانی مندا چی ڕوودەدات. تریفە بە سەر سوورمانێکەوە دەڵێ: چییە مۆنیکا گیان خۆ ناشێ جنۆکەت دیبێت لە کابینەکانتا؟! مۆنیکا چەپۆکێک ئەکێشێ بە شانی تریفەدا و دەڵێ: کچە باشتربوو جنۆکە بوایە. کچ و کوڕێک لە یەکێک لە کابینەکانی مندا سێکس دەکەن و هەرچییەک بەویادا دەڕوات گوێی لێیانە.

تریفە ئەحەپەسێت و دەڵێ: خێراکە بابڕۆینە خوارەوە، هەردووکیان دەچنە خوارەوە و بەرەو لای ئەنتیای بەرێوەبەریان، تریفە دەڵێ: ئەنتیا کاسەکە بەجێبهێڵە بۆ یاسمین و وەرە لەگەڵمان کارمان پێتە زۆر گرنگ. ئەنتیا بە حەپەساوییەوە دوایان دەکەوێت، کە دەگەنە لای کابینەکە وردە وردە ئەنتیا دەبینێت چەند کەسێک بە پێکەنینەوە لای کابینەکان وەستاون، کە ئەنتیا نزیک دەبێتەوە لە کابینەکان ئەوسا بە دەنگەکاندا تێدەگات بۆچیی تریفە و مۆنیکا بە پەلە ئەمیان هێناوە بۆ ئێرە. ئەنتیا لە دەرگای کابینەکە ئەدات و دەڵێ: هەرئێستا بە زووترین کات وەرنە دەرەوە لەو کابینەیەدا. کچ و کوڕە بە تەپەتەپ و قسەکانی ئەنتیا بەئاگا دێن و بێدەنگییەک ئەکەوێتە کابینەکەوە، زۆر بە پەلە کچ و کوڕە دەست دەکەن بۆ خۆ کۆکردنەوە و پانتۆڵ و تیشێرت لەبەرکردن. پاش کەمێک کوڕەکە دەرگای کابینەکە دەکاتەوە، کە دەبینێت ئەنتیا لەبەردەمی کابینەکەدا بە توورەیی وەستاوە و تێکڕای کڕیارەکانی ئەو دەروبەرە بە پێکەنینەوە تەماشای کوڕ و کچەکە دەکەن. ئەنتیا دەڵێ پێشم بکەون بۆ ژوورەکەی خۆم لە سەرەوە. تریفە پێش کچ و کوڕەکە دەکەوێت و ڕێگایان پیشان ئەدات بۆ ژوورەکەی ئەنتیا. لە ژوورەکەی ئەنتیادا تریفە بە کچ و کوڕەکە دەڵێ: فەرموون دانیشن، ئەنتیا دێتە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخات و بە توورەییەوە دەڵێ: باشە هیچ شوێن نەبوو لە کابینەکەی مندا نەبێت سێکس بکەن؟ کوڕەکە بە شەرمێکەوە منکە منکێکی بۆ دەکات و دەڵێ: نەخێر. ئەنتیا بەم قسەیە توورەتر دەبێت. تەماشایەکی کوڕەکە دەکات و دەڵێ: تەمەنت چەندە؟ کوڕەکە دەڵێ: حەڤدە ساڵم. پاشان ئەنتیا تەماشای کچەکە دەکات و دەڵێ: ئەی تۆ تەمەنت چەندە؟ کچەکە دەڵێ: من شانزەم. کچەکە قسەکان بە ئەنتیا

دەبڕێت و دەڵێ: گوێگرە خاتوون، سەرەتا من داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر بووبێتینە هۆی ئەوەی نائارامییەک بکەینە دوکانەکەتانەوە، بەڵام لە ڕاستییدا ئێمە زۆر شێتانە و هەرزەکارانە ئارەزووی یەکترمان هەبوو، بەڕێکەوت لەبەردەمی دوکانەکەی تۆوە دەڕۆیشتین منیش دەستی کوڕەکەی هاوڕێمم گرت و وتم وەرە بەدوامدا ئیتر چووینە ناوکابینەیەکی بەتاڵەوە و سێکسمانکرد. تکایە ببوورە، ئەگەر ناشمانبووریت ئەوا دەتوانیت سکاڵامان لەسەر بنووسیت. ئەنتیا سەرێک ڕادەوەشێنێت و تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: چاوت لێیە تریفە ئێستا چییان لێبکەم؟! تریفە تەماشایەکی ئەنتیا دەکات و دەڵێ: هم، هیچ. خۆرێکی خۆشە ئیمڕۆ با بچن ئایسکرێم بخۆن و بەردەوامیی بە ئارەزووە شێتانییەکانی خۆیان بدەن.

ئەنتیا بزەیەک ئەیگرێت و دەڵێ: ئەی بۆ نا، با بڕۆن. تەماشایەکی کچ و کوڕەکە دەکات و دەڵێ: بەڵام جارێکی تر لە کابینەی مندا نەیکەن ئەگەر هاتوو ئاڵۆشتان تێکەوت و بەڕێکەوت لەبەردەمی دوکانەکەی منەوە ڕۆیشتن. کچ و کوڕەکە دەستدەکەن بە پێکەنین و دەڵێن: نا خەمت نەبێت ئەمجارە دەچین بۆ مەکدۆناڵدس. ئینجا هەموو پێکڕا پێدەکەنن و کچ و کوڕەکە دەچنە دەرەوە و دوکانە بەجێدەهێڵن. ئەنتیا دەڵێ: تریفە من ئەچمەوە بۆ سەر کاسە، تۆش بچۆ بزانە لە کابینەکانی خۆتدا کچ و کوڕێک نادۆزیتەوە. هەردووک پێدەکەنن و یەکتریی بەجێدەهێڵن. دوانیوەڕۆیەکی گەرم و پڕ خۆرە، خەڵکانێکی زۆر کەوتوونەتە ناوبازاڕ و قاوەخانەکان و ئایسکرێم فرۆشەکانەوە. سەرشەقامەکان و قاوەخانەکان لە باخچەیەک دەچن چەندەها جۆر گوڵی تێدا بێت، زۆرییینەشیان، کە مرۆڤ نەزانێت ناوی بنێت و نەزانێت ناویان چییە. ئارا بە ناوبازاڕدا دەردەکەوێت و وردە وردە بە هەوای شان دێت بەرەوخوارەوە. لەنێو ئەو قەرەباڵغییەی ناوبازاڕدا ئارا لە مەلێکی تەرە و ماندوو دەچێت، بە چوارلادا چاو دەگێڕێت وەک ئەوەی بۆ سەرلقی حەوانەیەوەک بگەڕێت لەسەری بنیشێتەوە. ئارا چاویلکەیەکی ڕەشی لەچاودایە و تیشێرتێکی جەرگیی و پانتۆڵێکی ڕەشی لە پێدایە، بریسکەی قژی قەترانیی و پێڵاوە ڕەشەکانی لە تیشکدانەوەی ئاوێنەیەک دەچن، کە لەبەر خۆردا دانرابێت. ئارا دەگاتە بەردەمی قاوەخانەیەکی گەورە، کە لەبەردەمی قاوەخانەکەدا بە دەیان کورسیی دانراوە و خەڵکانێکی زۆر لە ژن و پیاو و خەڵکی جاحێڵ وەک پوورەهەنگ لەسەر کورسییەکان هەڵنیشتوون و هەموو ئارەزوو خۆش بەدەم خواردن و خواردنەوەوە خەریکی قسەکردنن. ئارا لە قاوەخانەکە لادەدات و چاودەگێڕێت بۆ کورسیی و مێزێکی چۆڵ، لە یەکێک لە گۆشەکانی کەنار پیادەڕەوەکانەوە مێزێک بەدی دەکات و دەڕوات دادەنیشێت. ئارا بە دیتنەوەی جێگایەک بۆ دانیشتن فرە دڵخۆش دەبێت و هەناسەیەکی پشوودان هەڵدەمژێت و یەکێک لە ژنە کارمەندەکانی قاوەخانەکە دێتە لای و سڵاوی لێدەکات و دەڵێ: فەرموو بەڕێز، داوات چییە؟ ئارا بە ڕوویەکی خۆشەوە سڵاو لە خانمەکە دەکات و دەڵێ: شتێک، کە بتوانێت لەم گەشە خۆشەدا فێنکییەک بە دەروونما بهێنێت، " شپاگێتیی ئایس"م گەرەکە بەڕێز. خاتوونەکە لای خۆی داواکەی ئارا دەنووسێت و دەڵێ: هەرئێستا داواکەت بەجێدەگەیەنین بەڕێزم. خاتوونەکە دەڕوات و ئارا دەست دەکات

به گیرفانی پشتەوەیدا و پەرتووکێکی بەرباخەڵی چکۆلانە دەردێنێت بۆ خوێندنەوە. پەڕتووکەکە بریتییە لە ڕۆمانێکی درامیی بە ناوی "ڕووناکیی" وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ ئەڵمانیی "کریستۆف مێرکڵ. ئەمە سەری دەیەمین جارە کە ئارا ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە و پێشناچێت ئارا لە شەکراوی هونەری ئەم ڕۆمانە تێر بێت. بەدەر لە ڕووداوە درامیی‌یەکانی ناوئەم پەڕتووکە ناوەڕۆکی ڕۆمانە بە گوڵاوی وشەی یادگاریی‌یەکان گوڵپڕژێنکراون. ڕۆمانی ڕووناکیی وەک چۆن نۆتەکانی مۆسیقای "فانگلیز" شەکراوی مۆسیقایە بۆ ئارا، هەمانکات ڕۆمانی ڕووناکیی قوومێک ئاوی تینوێتیی‌یە. یەکێک لە وتەکانی ناوئەم ڕۆمانە کە ئارا وەک ناوی خۆی لەبەریکردووە دەڵێ: پێمخۆشە ئێستا لات بم، زۆرم پێخۆشە لات بم و شتێکت بۆ بکەم، گرنگ نییە چیی؟ گرنگ ئەوەیە شتێکت بۆ بکەم. یان ڕۆژنامەیەکت بە هەواڵی خۆشەوە بۆ بهێنم. یان کڵاوەی ئەژنۆکانت بۆ بخوورێنم. یان نانی بەیانییت لەگەڵ بخۆم و پەڵاسی ناودەمت ماچبکەم. شنەی بایەکی نەرم قژەخاوە ڕەشەکەی ئارا جار ناجارێک بەلادا دێنێت و دەبات. ئارا زۆر ناسکانە و زۆر جەنتڵانە دەستێک بۆ قژی دەبات و لەسەر چاویلکەکەی دووردەخاتەوە. خاتوونێکی باریکەلەی قژ خەنەیی لە لاتەنیشتی ئاراوە دانیشتووە و سەرنجی ئارا دەدات لە نووکی پێ هەتا تەوقی سەر. خاتوونەکە وەک ئەوەی هەراسان بووبێت بە شتێک وەها وەدەردەکەوت. خاتوونێکی تەمەن نێوان بیست و پێنج بۆ سیی ساڵ، پانتۆڵێکی بێجیی و تیشێرتێکی ئێخە حەوتیی سپیی لەبەردایە، بەرسنگی بە زنجیرێکی باریکی زێڵبەر ڕازاندۆتەوە. چەند جارێک دەست بە قژیدا دێنێت و دەمووچاوی خۆی هەڵدەگڵۆفێت، هێندەنابات وەک چۆن ئیدی لەوەزیاتر هیچی دی بەرگە نەگرێت ڕوودەکاتە ئارا و بە ڕوویەکی زۆر خۆشەوە سڵاوێک لە ئارا دەکات و دەڵێ: پێدەچێت جەنابیشت چاوەڕوانی کەسێک بکەیت؟

ئارا سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: نەخێر خاتوون، تەنهام.

خاتوونەکە سەرلێوانی دەبێتە باخچەی گوڵ و پەپوولە و بە بزەیەکەوە دەڵێ: دەتوانم بێمە لای بەڕێزت دابنیشم؟ بەڕاستیی دانیشتن بە تەنها ناخۆشە.

ئارا بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: بێگوومان لارییم لێی نییە، فەرموو بەڕێزم.

خاتوونەکە جانتاکەی دەستی و گڵاسە شەربەتەکەی دەهێنێتە سەرمێزەکەی ئارا و دەستی تەوقە بۆ ئارا درێژ دەکات و دەڵێ: سڵاو، من ناوم "ئەندرییا"یە.

ئارا دەستی تەوقەی خاتوونەکە دەگووشێت و دەڵێ: سڵاو منیش ناوم "ئارا"یە، خۆشحاڵم بە ناسینت.

ئەندرییا پێکەنینێکی نەرم ئەگرێتە ئارا و دەڵێ: منیش هەمانشێوە، ناوەکەت جوانە، دەتوانم بپرسم کوێندەریی‌یە ناوەکەت؟

ئارا بزەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: بێگوومان بۆت هەیە. ناوەکەم کوردیی‌یە و من خۆشم کوردم و لە باشووری کوردستانەوە هاتووم.

ئەندرییا بە دڵێکی خۆشەوە دەڵێ: واو ناوێکی کوردیی، خۆشحاڵم لەگەڵ کوردێک دابنیشم. بۆ یەکەمیینجار لە پەڕتووکەکەی "کارڵ مای"یەوە ئاشنای کورد بووم بە ناوی " کوردستانی

کێویی" ئەیناسیت ئەو پەرتووکە؟
ئارا سەرێک ئەلەقێنێت و دەڵێ: بەڵێ دەیناسم، بەڵام لەوباوەڕەدا نیم کارڵ مای ڕۆژێک لە ڕۆژان چووبێتە کوردستان. مەگەر چووبێتە باکووری کوردستان لە ڕێگای چەند تورکێکەوە ئاشنای هەندێک شوێنەواری کورد بووبێت لەو بەشەدا کە دەوڵەتی تورکیی دەستی بەسەردا گرتووە دەنا ناوەرۆکی پەرتووکەکەی کارڵ مای لەسەر کورد هێشتا وەک مێژوو دەوڵەمەند نییە، لە هەندێ شوێندا بۆچوونەکان و نووسینەوەکەی وەک مێژوو جێگەی پرسیارە، کە کارڵ مای بەچ دۆکۆمێنتێک باس لەم پەرەگرافە دەکات؟ بەڵام ئەوە بۆچوونی خۆیەتی وەک نووسەرێک من وەک خوێنەرێک و وەک کوردێک لەگەڵ چەند برگەیەکی مێژووەکەیدا نیم.
ئەندرییا قوومێک لە شەربەتەکەی دەدات و دەڵێ: ئۆی ئۆی ئۆی، دەشێت وابێت وەک من بیردەکەمەوە یان ڕێکەوتە و تووشی من دەبێت؟
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: چیی ڕێکەوت بێت یان وا بێت؟
ئەندرییا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەست بە قژیدا دەهێنێت و دەڵێ: من جارێک هاوڕێیەکی کوردم هەبوو، ماوەیەک پێکەوە دڵدار بووین. کوڕێکی جوانکیلە و هەست ناسک و نووسەر بوو. هەرگیز من لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئەو کوڕە ئەوە بێت، کە من هەرگیز بیرم لێ نەدەکردەوە و بۆی نەدەچووم.
ئارا بەسەر سوڕمانێکەوە دەڵێ: ئۆی دەبێت کوڕێکی زۆر خراپ بووبێت نەگ هەست ناسک وەک تۆ پێناسی دەکەیت.
ئەندرییا دەڵێ: نا نا نا، من هێشتا قسەکانم تەواو نەکردووە بۆیە دەبێت ئارامت بێت. هەتا من بتوانم پێناسی ئەو کوڕە بکەم. ئەو کوڕە لە فیرمایەک کاری دەکرد کە هاوکار بوو لەگەڵ فیرماکەی ئێمەدا. جار ناجارێک ئەو کوڕە دەهات بۆ فیرماکەمان بە ڕێکەوت وا دەهات کە من کارەکانیم بۆ بکردایە، چەند جارێک دەیگووت با ڕۆژێک پێکەوە برۆین بۆ نانخواردن، منیش بە شۆخییەوە دەمگووت باش. بەڵام من نەمدەویست لەگەڵ ئەو کوڕەدا بچمە دەرەوە.
ئارا قسەکان بە ئەندرییا دەبڕێت و دەڵێ بۆ؟
ئەندرییا دەڵێ: یەکەم چونکە هەرگیز پێشتر تێکەڵاویی بێگانەم نەکردبوو بێجگە لە ئەڵمان، دووهەم ئەو جۆرە کرێکارانە وەها وەدەردەکەوتن کە خەڵکانێکی زۆر ئاسایی یان خەڵکانێکی بێ چاوڕوو بن، بۆیە ئاسان نەبوو مرۆڤ بتوانێت بڵێت هاوڕێیەتییەک لەگەڵ ئەم خەڵکانەدا دروستدەکەم. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی زۆر ڕۆژێک هەمدیسان پێی گووتمەوە منیش ژمارەی تێلێفۆنی خۆم دایە و تێلێفۆنکردن کەوتە بەینمانەوە تا ئەوکاتەی ئێوارەیەکی پاییز چووین بۆ نانخواردن. بۆ ئێوارە کە یەکتریمان بینی باوەڕ بکە زۆر گران کوڕەکەم ناسییەوە، وەها جوان خۆی گۆڕی بوو، قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی ڕەشی جوانی لەبەردابوو و بۆینباخێکی سووری بەستبوو، ڕینکۆتێکی نیلیی درێژیشی بەسەر قاتەکەدا لەبەرکردبوو. ئەو کوڕە ئەوەندە جەنتڵ بوو بتدیبایە دەتگووت ئەم کوڕە کەسێکی گەورەیە.

که چووشین بۆ نانخواردن و کەوتینە قسەکردن. باوەڕ بکە ئەو کوڕە هێندە زانا بوو هێندە زانا بوو، من شەرمم لەخۆم دەکرد کە نەمدەتوانی لە هەندێ بابەتدا لەگەڵی بڕۆم، ئێوارەکەمان بە باسی فەلسەفە و کۆمەڵ و ڕامیاریی بەسەر برد. کە چوومەوە بۆماڵەوە شەوێ یەکسەر تەلەفوونم بۆ هاوڕێکەم کرد، ئەوەی بینیم و بیستم بۆم باسکرد، ئیدی لەو کاتەوە ئارەزووم بۆ ئەو کوڕە جوڵا و حەزم لێکرد، بەڵام بەداخەوە زۆر پێکەوە نەبووین.
ئارا تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و دەڵێ: یادگارێکی جوانت لا بەجێماوە، پێمخۆشە لە ئەلبوومی ژییانتا بیپارێزیت. مرۆڤ یادگاری وا جوانی لە ژییاندا کەم جار دەستدەکەوێت.
بەڵام ئەتوانم بپرسم بۆچیی وازتان لەیەک هێنا؟
ئەندرییا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێ: من نەمتوانی.
ئارا لچەکانی دەنێتە سەریەک و دەڵێ: لەبەرئەوەی کە بێگانە بوو یان کورد بوو یان چیی؟
ئەندرییا دەڵێ: خۆشم هەتا ئێستا نازانم بۆچیی؟! زۆر لێکدانەوەم لەگەڵ خۆمکرد ئایا هی ئەوەیە کە بێگانەیە؟! هی ئەوەیە کە کارەکەیم بەدڵ نییە؟! هی چییە؟ نازانم. بەڵام هەتا ئێستاش یەکدەبینین لەسەر کار جار ناجارێک بە خۆشیی‌یەوە سڵاو لەیەک دەکەین و قسە و باس دەکەین. بەڵام وەکووتر بۆ چوونە دەرەوە ئێستا یەک نابینین و تەلەفوونیش بۆیەک ناکەین.
ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: هەرچی فیلمی زۆرینەی دڵدارانە بەوشێوەیە کۆتایی دێت ئەوە مەخابوونەکەیە. هەندێک جار لایەک لە دڵدارەکان هەر ماوەیەکی کورت دڵداریی و ڕۆمانسیان دەوێت، لاکەی تریش بۆ هەمیشەیی بەڵام لەم بارودۆخەدا لایەک دڵخۆشە و ئەوی تر دلگران. جا تۆ دڵخۆشەکەبوویت و کوڕەکەش دڵشکاو.
ئەندرییا بە قوڵیی تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: بەهیوام بە هەڵە بیرم لێ نەکەیتەوە. ئیتر ئەمە ژییانە، هەندێک جار وەها نادێتە پێشەوە کە مرۆڤ ویستی بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ نابێت خۆی لە خۆشاوەکانی ژیان بێبەش بکات. ئەگەر هاتوو ئەو خۆشاوە تەنها بۆ چاوترووکانێکیش بێت.
ئارا دەڵێ: لەگەڵ ئەم قسەیەتدام، منیش هەمان بۆچوونم بۆ ژییان هەیە. بژیی بە خۆشیی و بە کامەرانیی هەتا تروسکایی‌یەک لەم تارییکستانەدا بەدی دەکەیت.
ئەندرییا سەرێکی سەرسوڕمان ئەهێنێت و ئەبات و دەڵێ: بۆچیی تارییکستان ئارا؟
ئارا دەستێک دەبات بۆ چاویلکەکەی و دایدەکەێت و دەیچەقێنێتە قژیەوە. ئەندرییا بە بزەیەکەوە دەڵێ: ئاوا زۆرم پێ باشترە کە بتوانم چاوەکانیشت ببینم لە کاتی قسەکردنتدا.
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەها بۆ ئەوەی ڕاست و ناڕاست لە چاوەکانما بەدی بکەیت، ئەگەر هاتوو گوومانت لە وتەیەکم هەبوو.
ئەندرییا قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: نا نا نا من ئەوەم نەگووت و مەبەستیشم نییە. هەر پێمخۆشە کە چاوەکانت دەبینم.
ئارا بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: ئۆکەی زۆر ئاسایی‌یە و دەزانم تێت دەگەم دڵنییابە من خۆشم هەمان هەستم دەبوو ئەگەر تۆش چاویلکەیەکی ڕەشت لە چاودابایە. خاتوونە

کارمەندەکە لەناکاودا پەیدا دەبێت و قاپێک شپاگێتیی ئایس لەبەردەمی ئارادا دادەنێت و دەڵێ: بەڕێزم دەکرێت ئێستا پارە بدەیت، چونکە قاوەخانەکەمان قەرەباڵغە و سەرمان ناپەرژێتە سەرهیچ کەس.
ئارا دەست بۆ گیرفانی دەبات و جزدانەکەی دەردێنێت و دەڵێ: بەڵێ خانم بەخۆشییەوە، چەندی کرد ئایسەکەی من؟
خاتوونەکە ڕەچەتەیەک دەخاتە بەردەمی ئارا و دەڵێ: چوار مارک و پەنجا تسێنت بەڕێزم.
ئارا پێنج مارک لە جزدانەکەی دەردێنێت و دەڵێ: فەرموو خاتوون، ماوەکەشی هی خۆتە.
خاتوونەکە سوپاسی ئارا دەکات و هیوای کاتێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت و دەڕوات.
ئەندرییا تەماشای ئایسەکەی ئارا دەکات و دەڵێ: هەممممم شپاگێتیی ئایس، زۆر خۆشە.
ئارا تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و دەڵێ: حەز دەکەیت لەگەڵم بخۆیت؟
ئەندرییا دەڵێ: نا نا سووپاس، لەوانەیە دوایی تەنها ئارەزووی کەوچکێک بکەم لەگەڵت.
ئارا قاپە ئایسەکەی دێنێتە بەردەمی خۆی و دەڵێ: ئۆکەی پێویست بە شەرم کردن ناکات.
ئەندرییا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ماڵ ماڵی خۆتە.
ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: ئەمە لەکوێ فێر بوویت؟
ئەندرییا دەڵێ: لە هاوڕێکەمەوە، ئەویش هەمانشێوە لە خواردندا دەیگووت شەرم مەکە ماڵ ماڵی خۆتە. بەتایبەت ئەگەر من لە ماڵی ئەو بوومایە.
ئارا بەدەم ئایس خواردنەوە سەرنجی چووە بۆ سەرمێزێکی بەرامبەریان، کە کچ و کوڕێکی جاحێڵی لەسەر دانیشتوون. ئەندرییا هەستدەکات کە ئارا هۆشی لای ئەندرییا نییە و چاوەکانی لە شوێنێکی تر دەڕوانن. ئەندرییا وا هەستدەکات کە ئارا نیگای ژنێکی تر بکات، سەرەتا کەمێک نیگەران دەبێت، بەڵام کە دوای تیلەی چاوەکانی ئارا دەکەوێت دەبینێت کە ئارا سەرنجی داوەتە ئەو کچ و کوڕە جاحێڵەی بەرانبەریان کە لە ڕووخسارییاندا وەدەردەکەوێت کێشەیان هەبێت پێکەوە. ئەندرییا هەلۆیەک لە ئارا دەکات و دەڵێ: هەلۆ ئارا، بۆ کوێ چوویت ئەوەش دەبێت، ئەوانە هێشتا جاحێڵن هەڕەتی چوونە ناوئەوکێشانەیانە. ئاسایی وەریبگرە.
ئارا تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: دڵنییابە ئاسایی وەریدەگرم، بەڵام ئەوەی لام ئاسایی نەبوو، ئەوەبوو کچەکە پێش کوڕەکە دانیشتبوو، پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا کوڕەکە هات گوڵەباخێکی سووری بەدەستەوە بوو، ڕووی هێنا کچەکە ماچ بکات بەڵام کچەکە نەیهێشت. دیارە کوڕەکە دواکەوتووە لە کاتی ژوانەکەی، پاشان کوڕەکە گوڵەکەی دا بە کچەکە هەمانشێوە وەری نەگرت. کوڕەکە گوڵەکەی لەبەردەمی کچەکەدا دانا. ئەویش زۆر دڵڕەقانە فڕێیدایەوە بەردەمی کوڕەکە. لەم فڕێدانەدا گوڵەکە یەک دوو پەڕەی لێ هەڵوەریی. باشە ئەوە کوڕەکە درەنگ هاتووە گوڵەکە بڵێ چیی؟ خۆ گوڵەکە بۆ ئاشتبوونەوە هاتووە.
ئەندرییا بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: ئەی خودایە لەم هەستە! تۆ زۆر هەست ناسک دیاریت، پێدەچێت زۆر ڕۆمانسیی بیت.

ئارا کەوچکێک بۆ ئایسەکەی دەبات و دەیخوات ئەوسا ڕوو دەکاتە ئەندرییا و دەڵێ: گوڵ ئەگەر هۆشی هەبێت هەرگییز سەر لەخاک ناکاتە دەر. هاوڕێی گوڵ دەبێت پەروانە و هەنگ بێت، ئەوان لە زمانی شیرینی گوڵ دەگەن نەگ ئێمەی مرۆڤ. منیش زۆر جار ئاوات بە ژییانی پەپوولەیەک دەخوازم. ڕاستە پەپوولە تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە و زۆرینەی باڵدارەکان دوژمنی پەپوولەن، هەندێ جار لە یەکەمین لەنجەی فڕینی تەمەنیدا دەبێتە خواردنی پاساریی‌یەک، ئیدی بە ماچی پەڕەی لێوی گوڵێک ناگات. بەڵام پەپوولە کە لەدایک دەبێت بۆ ناسینی گوڵ لەدایک دەبێت. پەپوولە تەنها گوڵ دەناسێت و تەنها گوڵیش هاوڕێیەتی. بەڵام ئێمەی مرۆڤ هەتا تووشمان بە تووشی گوڵێکەوە دەبێت دەیان دڕک و داڵمان لێ پەیدا دەبێت و دەمانڕەنجێنن ئەمانگریەنن.

ئەندرییا ئەبڵەقی دەربڕینی هەستەکانی ئارا بووە و دەڵێ: ئەڵێی لە سینەمام و تەماشای فیلمێک دەکەم. بەڕاستیی من ئەم قسانەم تەنها لە پەڕتووکدا خوێندۆتەوە و لە فیلما گوێم لێ بووە. تۆ کوڕێکی زۆر هەست ناسکیت، دەبوایە تۆ یان شاعیر یان ڕۆمان نووس بوویتایە. ئێستا حەزم نەگ لە کەوچکێک ئایسە حەزم لە دوان و سیانیشە، هەستدەکەم تەواوی لەشم گەرم بووە. ئەندرییا دەست دەکات بە قاقای پێکەنین و سەری دەهێنێت و دەبات و دەڵێ: هەی هەی هەی ئەندرییا چیتکرد بەخۆت ئیمڕۆ؟ هەی ئاگر. لەگەڵ ئارا بە جووت ئەیدەنە قاقای پێکەنین و ئەندرییا کەوچکەکە لە دەستی ئارا وەردەگرێت و دەستدەکات بە خواردنی ئایسەکە. مۆسیقای مۆبایلەکەی ئارا دێتە بەرگوێی هەردووکیان و ئارا دەڵێ: ئۆی تەلەفوون. ئارا داوای لێبووردن لە ئەندرییا دەکات و دەستدەکات بە گیرفانیدا بۆ دەرهێنانی مۆبایلەکەی. ئەندرییا ناودەمی پڕە لە شپاگێتی ئایس و بە سەر وەڵامی ئارا دەداتەوە و دەستی ڕەزامەندیی بۆ ئارا درێژ دەکات. ئارا تەماشای دیسپلەی مۆبایلەکەی دەکات و ناوی تریفە لەسەر شووشەکەی دەبینێت و دەڵێ: تریفە گیان سڵاو ماڵەکەم.

تریفە سڵاو لە ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا گیان لەکوێیت ئەزییزم؟ من کەمێکی تر تەواو دەبم لە کار. ئەم ئێوارەیە من پێویست ناکات لەگەڵیان بمێنمەوە بۆ سەرژمێری پارە و کۆکردنەوەی جلوبەرگ. کەواتە ئاوا لە نێوانی چارەکێکی تر ئازادم. حەزمکرد پێکەوە بچین ئایس بخۆین. باسی ئایسمکرد ئیمڕۆ شتێک ڕوویداوە لەسەر کار هەر بچڕاوم لە پێکەنیندا. لەوەشەوە کە من کچ و کوڕێکم لەدەستی ئەنتییا ڕزگارکرد و ڕەوانەی ئایس خواردنم کردن دوای ئەوەی لە یەکێک لە کابینەکانی ئێمەدا سێکسیانکرد.

ئارا دەڵێ: چیی سێکس لە کابینەدا؟ بۆ شوێنێکی ئارامتر نەبوو بیدۆزنەوە یان دیاربووە زۆر هەراسان بوون.

تریفە دەڵێ: ئا زۆر، کچەکە وتی خۆمان پێ نەگیرا بوو. قاقایەک لێدەدات و دەڵێ بەسە ئیتر ئارا گیان با کارتەکەم تەواو نەبێت وەرە بە دوامدا ئۆکەی.

ئارا دەڵێ: تریفە گیان من لە قاوەخانەکەی لای خۆتانەوە دانیشووم لە قاوەخانەی "ئالێکس".

تریفە دەڵێ: بە تەنها ئارا گیان؟
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: بە تەنها هاتم، بەڵام ئێستا کچێکی جوانیش لەسەر مێزەکەمە، داوایکرد بێتە لام ئەویش تەنها دانیشتبوو لە مێزێکی تەنیشت منەوە.
تریفە قاقایەک لێ ئەدات و ئەڵێ: خۆ نیازی نییە ئیمشەو بتباتەوە ماڵی خۆی؟
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەگەر ساڵێک لەمەوبەر بوایە با دەیبردم. بەڵام ئێستا نا. دەی تریفە گیان وەرە ئەزییزم، نا خەمت نەبێت ماڵەکەم کچێکی ئێسک سووکە و حەز بە قسەکردن دەکات و تەنهایە. تریفە ماڵئاوایی دەکات و ئارا مۆبایلەکەی دادەخاتەوە و جارێکی دی داوای لێبووردن لە ئەندرییا دەکات و دەڵێ: ببەخشە ئەوە کچەکەی هاوڕێم بوو، کەمێکی تر لەکار تەواو دەبێت و دێتە لامان.
ئەندرییا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئەها، لە کوێ کار دەکات؟
ئارا دەڵێ: لە کۆگایەکی گەورەی جلوبەرگ لە شەقامێک خوار ئێمەوە هەر یەک دوو خولەک دوورە بە پێ لێرەوە.
ئەندرییا وەک ئەوەی دڵپیسییەک وەک هەڵمێک بەرپەنجەرەی دڵی گرتبێت تەماشای ئارا دەکات و دەڵێ: دەمێکە پێکەوەن؟
ئارا دەڵێ: نزیکەی ساڵێکە.
ئەندرییا قوومێک لە شەربەتەکەی ئەدات و ئەڵێ: پێکەوە دەژیین؟
ئارا دەڵێ: بەڵێ پێکەوە دەژیین. ئەی تۆ پێدەچێت کوڕت نەبێت ئەندرییا؟
ئەندرییا دەڵێ: نەخێر نیمە، بەڵام خەمباریش نیم.
ئارا کەوچکێک لە ئایسەکەی ئەدات و دەڵێ: ئەوە لە هەموو شت گرنگترە. مرۆڤ بەس خەمبار نەبێت کێشەکانی تری ژییان هەموو شیاوی چارەسەرن. ئارا ئایسەکەی تەواو تواوەتەوە و شپاگێتییەکان لەناو خۆشاوی ئایسەکەدا بەکەوچکەکەی دەردێنێت و دەیانخوات و دەڵێ: ئەمەش کێشەی ئایس خواردنە، من قەت ئایسێکم داوا نەکردووە بتوانم وەک ئایس بیخۆم. هەمیشە یەک دوو کەوچکی یەکەم ئایس بووە. پاشان بووە بە شەربەت.
ئەندرییا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئاخر مرۆڤ زیاتر لەم شوێنانەدا سەرقاڵی قسەکردنە بۆیە. کە سەرقاڵیش بوویت ئاگات لەخواردن و خواردنەوەکەت نامێنێت. ویستم پرسیارێک بکەم لێت ئارا. بەڕاست تۆ لە کەیەوە لەم وڵاتە دەژییت؟
ئارا یاریی بە کەوچکەکەی دەستی دەکات و دەڵێ: نزیکەی دوو ساڵ و نیوە.
ئەندرییا تەماشایەکی ئارا دەکات و خەندەیەک دەخاتە سەرلێوانی و دەڵێ: بۆ نێوانی دوو ساڵ و نیوو ئەڵمانییەکی باش دەزانیت. دیارە چوویتە قوتابخانە یان پێدەچێت ئێستا خوێندکاری دانیشتگا بیت، بەوپێیەی زۆر لەسەر کۆمەڵ و ڕامیاریی و فەلسەفە ئەدوێیت.
ئارا قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: خۆزگە وابوایە جا چیمدەویست لەوە زیاتر. نەبەداخەوە من تەنانەت دەوڵەت کۆرسێکی زمانیشی پێڕەوا نەبینیم، وتیان پارەیەکی زۆری تێدەچێت و ئێمەش لە تواناماندا نییە ئەو پارەیە خەرج بکەین. من بە هەوڵی خۆم فێری زمانی ئەڵمانیی

بووم، هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنمەوە ڕۆژانە زیاد لە هەشت کاتژمێر، من خەریکی فێربوونی زمان و لەبەرکردنی وشەی ئەڵمانیی بووم. سەرەتا کچێکی ئەڵمان کە خوێندکاری زانکۆ بوو، لەو شارەی من لێی دەژییام، بەهۆی کاریتاسەوە یەکمان ناسیی و ئەتوانم بڵێم ئەو یەکەم مامۆستام بووە و بەڕاستیی زۆر ماندوو بوو لەگەڵم، من هەمیشە سووپاسی دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا من ئاسوودەنیم بە زمانەکەم، چونکە هێشتا زۆر شتی تر هەیە کە من توانام بەسەریدا ناشکێت لە زمانی ئەڵمانییدا. زمان زانین هەرئەوە نییە، بتوانیت گفتووگۆ لەگەڵ خەڵکییدا بکەیت. من لەم زمانەدا لەدایک نەبووم بۆیە ناتوانم پەرتووکێک وەربگێرم یان بتوانم لەسەر بابەتێکی فەلسەفیی بە چڕ و پڕیی بدوێم و مافی تەواو بە بابەتە بدەم.

ئەندرییا دەڵێ: ئاخر ئەوە کێشەی ئەڵمانیشە نەگ تەنها بێگانەیەک، لەو بارەوە مرۆڤ دەبێت پڕ بێت ئەوکات بتوانێت هەرچی ئەو زاراوە بیرکارییانە هەیە بەکاریان بهێنێت. دڵنییام تۆ لەو بارەیەوە دەوڵەمەندیت تەنها ئەوە نەبێت نارەزایت لە زمانەکەت هەیە. دڵنیابە تورک هەیە لەم وڵاتەدا ئەوا زیاد لە چل بۆ پەنجا ساڵە دەژیین ئێستاش کە بە ئەڵمانیی دەدوێن وادەزانیت دوێنێ هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە یان واهەستدەکەیت کە بە هۆلیدەی هاتبێتنە ئەم وڵاتە. نە بەڕاستیی من زۆرم لا باشە کە تۆ بێ قووتابخانە و بێ کۆرسی زمانی ئەڵمانیی ئەم زمانە باشە قسە دەکەیت. لەناکاو تریفە لە دواوە دەمووچاوی ئارا دەگرێت و تەماشایەکی ئەندرییا دەکات هەتا بێدەنگ بێت، ئارا دەست بۆ دەستەکانی تریفە دەبات و پەنجەیان پێدا دەهێنێت و دەڵێ: ئەم دەستە ناسکانە بێجگە لە هی گوڵ تریفە هی کەسی تر نییە. تریفە قاقایەک لێدەدات و سەر دێنێتە پێشەوە بۆ لای ئارا و ماچێکی یەکدی دەکەن و ئینجا تریفە سڵاو لە ئەندرییا دەکات و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و خۆی پێدەناسێنێت.

ئەندرییا زۆر خۆشحاڵ دەبێت و بەخێرهاتنی تریفە دەکات. ئارا کورسییەکەی خۆی بۆ تریفە چۆڵدەکات و دەڕوات بۆ هێنانی کورسییەکی تر بۆ خۆی. پاش کەمێک ئارا دەگەڕێتەوە و کورسییەکی لەگەڵ خۆی هێناوە و لە تەنیشت تریفەوە دادەنیشێت و دەڵێ:

تریفە گیان بەخێرهاتیت. حەزت لە چییە؟

تریفە سووپاسی ئارا دەکات و دەڵێ: ئێوە هیچتان خواردووە؟ ئارا دەڵێ من شپاگێتی ئایسم خوارد.

ئەندرییا دەڵێ: هممم، بەخۆشی تۆوە تریفە منیش داوای ئایسێک دەکەم.

تریفە بە بزەیەکەوە ڕوو لە ئەندرییا دەکات و دەڵێ: سووپاس پێمخۆشە. تریفە دەستێک بۆ یەکێک لە کارمەندەکانی قاوەخانەکە بەرزدەکاتەوە بۆ بانگکردنیان. یەکێک لە خاتوونەکان دەستی تریفە دەبینێت و بەرەوڕووی دەچێت. خاتوونەکە هەردوو دەستی گیراوە، تریفە دەست دەبات سینییەک لە دەستی وەردەگرێت و لەسەر مێزەکەی دادەنێت. سینییەکەی تریش ئارا لە دەستی وەردەگرێت و ئەوسا هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین وخاتوونەکە دەڵێ: خۆزگە میوانەکانمان هەموو وەک ئێوە بوونایە، ئیتر ئەوڕۆژەمان بەخۆشیی

لێدەڕۆیشت. خاتوونەکە تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: فەرموو خانم داوات چییە؟
تریفە دەڵێ: قاپێکی گەورە ئایسی شیلک.
ئەندرییا دەڵێ: بۆ من ئایس کافێیەک.
ئارا تەماشایەکی ئەندرییا و تریفە دەکات و دەڵێ: دەکەواتە منیش شتێک داوا دەکەم هەتا هەست بە تەنهایی نەکەن، دیسان ئەیدەنەوە قاقای پێکەنین و ئەندرییا دەڵێ: نا ئارا تۆ خۆت هەر نەوسنی بەرگە ناگریت لێرە دانیشیت و نەخۆیت. ئارا دەڵێ: مادام وای لێهات من تەنها ئاوێکی مینەڕاڵ داوا دەکەم.
خاتوونەکە داواکانیان لای خۆی دەنووسێت و سینیی‌یەکانی هەڵدەگرێتەوەو دەڕوات و دەڵێ: کەمێکی دی داواکانتان بۆ ئامادە دەکەین.
ئەندرییا تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: تریفە تۆش کوردیت؟
تریفە بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: بەڵێ کوردم.
ئەندرییا دەڵێ: هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە کوردبیت. قژێکی جوانی درێژی زەرد و دوو چاوی شیین و باڵایەکی وا بەرز. بەڕاستیی ئارا بووکەشووشەی وەچنگ کەوتووە.
هەموو ئەیدەنە پێکەنین و ئارا دەڵێ: ئەی تریفە چی دەستکەوتووە؟
ئەندرییا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: سامانێک کە بە پارە و پوول ناکڕڕێت.
تریفە تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و دەڵێ: ئەندرییا تۆ چووزانیت ئارا سامانە؟ خۆ هەمووی کاتژمێرێکە تۆ ئارا دەناسییت!
ئەندرییا بە تیلەیەکی چاو تەماشای ئارا دەکات و ڕوو دەکات تریفە و دەڵێ: دەزانم، هەروا ئاسان دەزانم.
تریفە دەستێک بە ڕوومەتی ئارادا دێنێت و دەڵێ: ئەوی بۆ چرکەیەک تۆ ببینێت دەزانێت کە تۆ زێڕیت، سووپاس کە هەیت.
ئینجا ئەندرییا دواهەمین قووم لە شەربەتەکەی ئەدات و دەڵێ: ڕۆژی کارەکەت چۆن بوو؟
تریفە دەستێک ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: یەکەم ڕۆژی دوای هۆلیدەی هەر ناخۆشە.
ئەندرییا دەڵێ: بۆ تازە لە ئورلاوب " هۆلیدەی، گەشت" هاتوونەتەوە؟
تریفە دەڵێ: بەڵێ دوو هەفتە لە ستۆکهۆڵم بووین، سەردانی چەند هاوڕێیەکی نزیکی خۆمانمانکرد.
ئەندرییا دەڵێ: خۆزگەم بە خۆتان، ستۆکهۆڵم خۆشە، بەهیوام کاتێکی خۆشتان هەبووبێت. من پێش دوو سێ ساڵ لە هاوینێکدا چووم بۆ ستۆکهۆڵم لە ڤیستیڤاڵێ ئاودا. ئەوکاتە بلیتێکی هەرزان هەبوو بە هۆتێلەوە بەبۆنەی ئەو ڤیستیڤاڵەوە، بلیتەکەم کریی و چووم.
تریفە دەڵێ: بە تەنها چوویت ئەندرییا؟
ئەندرییا دەڵێ: بە تەنها چووم و بەجووت کاتمان بەسەربرد لە ستۆکهۆڵم.
ئارا ئەڵێ: ئەمە مەتەڵە دەیبزانم ئەزانیت چییە تریفە؟
تریفە پێدەکەنێت و دەڵێ: ئاسانە یان ئەوەتا لە فڕۆکەکەدا کوڕێکی ناسیوە یان ئەوەتا لە ستۆکهۆڵم کوڕێکی ناسیوە و پاشان لەوێ یەکترییان دیوەتەوە.

ئارا تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و دەڵێ: وابوو ئەندرییا؟
ئەندرییا تەماشایەکی ئارا و تریفە دەکات و دەڵێ: کەمێک دای لە تەنیشتی بەڵام خراپ نەبوو بۆچوونەکەی. لە ڕاستییدا من لە هۆتێلەکە ژن و پیاوێکی ئەڵمانیی کەمێک بە تەمەنم ناسیی ئیتر ئەو ماوەیە هەرسێکمان پێکەوە دەچووینە دەرەوە و دەچووین بۆ گەڕان. لەگەڵ گروپی ئورلاوبکەراندا دەهاتین و دەچووین. بەڵام کوڕ ناسینیش کارێکی گران نەبوو، سوێد پڕ کوڕی جوانە، پێویستت بەوەیە کەمێک ئینگلیزیی بزانیت، ئەگەر نەشی زانیت ئەوەش هەر کێشە نییە، ئەندرییا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: زمانی نزیکبوونەوەی ژن و پیاو هەموو کەس دەیزانێت، ئەمە کارێکی خۆرسکە پێویستی بە فێربوون نییە، دەی با منیش لێتان ببم بە فەیلەسووف تۆزێک فەلسەفەتان بۆ بکەم. هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و تریفە دەڵێ:
دەی دەبیلێ کەست ناسی یان نا؟
ئەندرییا تەماشایەکیان دەکات و دەڵێ: ئا و نا هەردووکیان.
ئارا دەڵێ: یانی چیی ئا و نا؟ دەبێت یان ئا بێت یان نا.
ئەندرییا دەڵێ: دوو شەو لەگەڵ کوڕێک پێکەوە بووین. کوڕێکی ئیرلەندیی بوو، ئەویش بە ئورلاوب هاتبوو بۆ سوێدن هەر لە هەمان هۆتێل بوو کە ئێمەی لێبووین. بەڵام گروپەکەی ئەوان پێش ئێمە ڕۆیشتنەوە، چونکە ئەوان پێش ئێمە هاتبوون.
تریفە دەڵێ: ئەی ئێستا کۆنتاکتی تێلیفۆن یان ئیمایل نییە لەنێوانتاندا؟
ئەندرییا دەڵێ: ئۆخ، تریفە گیان من باسی سێ ساڵ لەمەوبەر دەکەم، سەرەتای یەکەم با تێلیفۆنمان بۆ یەکتر دەکرد، بەڵام ئیتر پاش ماوەیەک وازمان هێنا، لەوکاتەوە کەسمان تێلیفۆن بۆ یەک ناکەین من جارێ هەر ژمارەی تێلیفۆنەکەشیم نەماوە. دڵنیام ئەویش هەروەکوو من. پاشان شتێک بوو لە ڕابووردا ئەو دەم بەویستی خۆمان بووە و کاتێکی خۆشمان بەسەربردووە. ئەویش با لە یەکێ لە ئەلبوومی یادەکاندا ڕابکشێت.
خاتوونی قاوەخانەکە دێتەوە و داواکانی هەرسێکیانی لەسەر سینیی‌یەک داناوە و پێشکەشیان دەکات. خاتوونەکە دەڵێ: بەیارمەتییتان دەبێت ئێستا پارەبدەن، لەبەر قەرەباڵغیی قاوەخانەکە.
ئارا دەڵێ: باشە خانم دەزانین.
ئەندرییا دەست دەکات بە جزدانەکەیدا و دەڵێ: ئەوی من چەندی کرد؟
خاتوونەکە دەڵێ: دوو مارک بەڕێزم.
ئەندرییا دوو مارک و پەنجا تسێنت ئەداتە خانمەکە و دەڵێ: ئەوی تر هی خۆتە.
ئارا ڕوو دەکاتە خاتوونەکە و دەڵێ: ئەوەی ئێمە پێکەوە دابنێ.
خاتوونەکە دەڵێ: ئەوەی ئێوە شەش مارک بەڕێزم.
ئارا "دە" مارک ئەداتە خانمەکە و دەڵێ: شەش و پەنجا هەڵبگرە بەڕێزم، ئەوی دی هی خۆتە.
خاتوونەکە سووپاسیان دەکات و هیوای کاتێکی خۆشیان بۆ دەخوازێت و بەجێیان دەهێڵێت.
ئینجا هەموو بە نەوسنیی و چڵێسییەوە دەکەونە هەمە هەم کردن لە ئایس و

خواردنەوەکانیان و پێکەوە ئەیدەنە قاقای پێکەنین. ئارا دەڵێ: ئەوە سەلماندتان کە ئێوە لە من نەوسنترن، جا ئیتر بۆ شەرم دەکەن و دەیشارنەوە.
ئەندرییا کەوچکێک ئایس لە دەمیدایە و ڕوو دەکاتە ئارا و دەیەوێت قسەیەکی پێ بڵێ لەم کاتەدا ئایسەکە بە مەڵاشووی ئەندرییاوە دەنووسێت و ئەیتەزێنێت. ئەندرییا هیچی پێ ناکرێت لەوەی زیاتر دەستەکانی بلەرێنێتەوە و دەست بەدەمیەوە بگرێت. تریفە و ئارا ئەیدەنە قاقای پێکەنین و ئارەزوو لە مەڵاشوو تەزانی ئەندرییا وەردەگرن. ئەندرییا دەڵێ: پێم پێبکەنن بۆ نا خۆ مەڵاشووی ئێوە نەتەزیوە. ئەمەش هەمووی خەتای ئارایە، ویستم شتێکی بۆ باس بکەم لەسەر چلێسیی لەتاو تەزانی مەڵاشووم ئەویشم بیرچۆوە.
تریفە دەستێک بە شان و پشتی ئەندرییادا دەهێنێت و دەڵێ: ئۆی ئەندرییا گیان دەباسی بکە بۆمان، هەوڵبدە بیرتبکەوێتەوە.
ئەندرییا دەڵێ: نە باوەڕ بکە بیرمچۆوە. تازە وازی لێبهێنە، بەهەرحاڵ، ئەڵێم ئێوە لەم شارە دەژیین وانییە؟
تریفە دەڵێ: هەتا ئێستا بەڵێ سبەی چیمان بەسەر دێت نازانین.
ئەندرییا دەڵێ: یا یا تریفە سبەی چیمان بەسەر دێت؟ وازبێنە کچی باش ئێمە لە وڵاتێکی ئازاد و سۆسیال و دیموکراتییدا دەژیین هیچمان لێنایەت، کەسیش لە برساندا نامرێت. ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و هەناسەیەکی گەرمی خەمبارانە هەڵدەکێشێت و تریفە دەست دەکاتە ناودەستی ئاراوە و توووند دەیگووشێت. ئەندرییا کە ئەم دیمەنە دەبینێت کەمێک سەری دەسووڕمێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە قسەکانی دەدات. پاشان دەپرسێت کە ئەگەر بۆ کۆتایی هەفتەی داهات ئارەزوو بکەن پێکەوە بچن بۆ سەریەکێک لە دەریاچە نزیکەکانی ئەم دەوروبەرە، هەم بۆ مەلەکردن هەم بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و سەیران ئاسا.
تریفە تەماشایەکی ئەندرییا دەکات و دەڵێ: من شەممەی داهات هەتا کاتژمێر شانزەی دوانیوەڕۆ کاردەکەم، مەگەر بۆ ڕۆژی یەکشەممە بۆ چوونە دەرەوە یەکببینین، جا نازانم ئارا ئارەزوو دەکات یان نا؟
ئارا تەماشایەکی ئەندرییا و تریفە دەکات و دەڵێ: بەڵێ بۆ نا ئەگەر گەشێکی گەرم و خۆشمان هەبێت ڕۆژی یەکشەممە دەتوانین بچین.
ئەندرییا زۆر خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ زۆر باشە، دەکەواتە من ژمارەی تێلێفۆنی خۆمتان ئەدەمێ ئەتوانین پەیوەندیی پێکەوە بکەینەوە. ئەندرییا ژمارەی تێلێفۆنی مۆبایل و ماڵەوەی ئەدات بە تریفە و ئەویش لە مۆبایلەکەی خۆیدا تۆماری دەکات و پاشانیش تریفە ژمارەی تێلێفۆنی خۆی و ماڵەوەیان ئەدات بە ئەندرییا و هەردوولایان هیوا دەخوازن کە بۆ یەکشەممەی داهات گەشێکی گەرم و خۆشیان هەبێت. ئارا ڕوویەک دەکاتە ئەندرییا و دەڵێ: ئەدی ئەندرییا تۆ لە کوێ دەژیت؟ هەر لەم شارەی ئێمە یان لە دەرەوەی نورنبێرگ؟ ئەندرییا بە ڕوویەکی خۆشەوە و بەدەم خواردنەوەی ئایس کافێکەیەوە دەڵێ: من لە نورنبێرگ کاردەکەم و لەدەرەوەی نورنبێرگ دەژییم ئاوا بیست کیلۆمەترێک دوورم

لێرەوە، لە شارۆچکەیەک کە ناوی "فۆیشت"ە، هەندێ جار کە ئاوا گەش خۆش بێت دوای کار دێمە ناوسەنتەری نۆرنبێرگ و پیاسەیەک دەکەم یان تەماشای هەندێ کەلوپەل دەکەم یان ئەوەتا ئاوها دێم لە کافێیەک دادەنیشم و خەڵکانی وەک ئێوە دەناسم. هەرچەند من چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کەوا دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەم بەمشێوەیە خۆش و پڕ قسەی پێکەنین و خۆش بێت و کچ و کوڕێکی کوردی ڕەوشت پێشکەوتووی ئەورووپیی بناسم. چونکە بەڕاستیی زۆر قورسە کە خەڵکانی خۆرهەڵاتیی بتوانن کراوەبن. من کراوەیییەکی زۆر لە ئێوەدا دەبینم وەک کورد، کە ئێوە نەتەوەیەکی ژێردەستن و دوور بوون لە ئەزموونەکانی ئازادیی و دیموکراتیی و سۆسیالەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر باش خۆتان ڕاهێناوە لەناوژییانی کۆمەڵگای ئەورووپیی دا. لەڕاستییدا ئێمە وەک ئەڵمانێک وەک ئەورووپییەک کێشەمان لەگەڵ ئەورووپای خۆرهەڵاتدا هەیە، کە زۆر داخراون و لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە قەتیسن و کێشەیان هەیە، ئاوها بەکراوەی مرۆڤ ناتوانێت تێکەڵیان بێت. گەلەکانی وەک ئەلبانیی و یۆگسلافیی و ڕۆمانیی و چیی و چیی، ئەمانە بەڕاستی قورسن بۆ ژییانی هارمۆنیی. ئەوەی لە ئێوەدا بەدی دەکەم هارمۆنیی و تۆلەڕانتێکی بەرفراوانە. بۆ نموونە تریفە وەک کچێکی خۆرهەڵاتیی تێلێفۆن دەکات بۆ هاوڕێکەی کاتێک دێت تەماشا دەکات هاوڕێکەی لەگەڵ کچێکی بێگانە دانیشتووە، ئیتر تریفە بەبێ ئەوەی دانیشتنەکە تێکبدات و تووڕەبێت یان دڵپیس بکات دێت دادەنیشێت و ئەکسێپتی من دەکات و خۆشحاڵ دەبێت. بگرە ژمارەی تێلێفۆنی خۆشیانم پێدەدات و ئامادەیە تێکەڵاویی بکەین و ببینە هاوڕێ. بەراستیی خۆشحاڵم بە ناسینتان.

تریفە بە ڕوویەکی خۆش و دڵخۆشانەوە دەست بە پشتی ئەندرییادا دێنێت و دەڵێ: چۆن ئێمە لەدایکبووین ئاواش دەمریین. جا ئەم تەمەنەی ئێمە لەم سەرزەمینە دا تەمەنێکی میوانە، بۆیە مرۆڤ دەبێت هەوڵبدات زیاترییني کاتەکانی لە ژییاندا بەخۆشیی و شادیی بەسەرببەرێت. ژییان شایەنی دۆستایەتییە نەگ دوژمنایەتیی. بەمشێوەیە ئەندرییا و ئارا و تریفە کاتێکی بەسوود و خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن. دوای ئەوەی تێر دەبن لە قسەکردن و ئایس خواردن ئامادە دەبن بۆ بەجێهێشتینی قاوەخانەکە، ئەندرییا باوەش بە ئارا و تریفەدا دەکات و جارێکی تر خۆشحاڵیی خۆی بەناسینیان دەردەبڕێت. تریفە و ئارا هەمانشێوە ئەندرییا لەباوەش دەگرن و خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن و بەڵێن بەیەکدی دەدەن کە پەیوەندیی تێلێفۆنیی لەیەک نەبچڕن. ئەندرییا دەڕوات و تریفە و ئاراش بە پێ بە پێ بەرەو ماڵەوە بەڕێدەکەون. ئارا و تریفە دەست دەکەن بە ناوقەدی یەکتردا و بە نەرمیی ڕێگا دەبڕن. تریفە ڕوویەکی زۆر خۆشی لێنیشتووە و هەست بەئارامیی و دڵخۆشییەکی زۆر دەکات. ئارا سەرنجی هەنگاوەکانی تریفە ئەدات و خەندەیەک دەبێتە میوانی لێوانی.

تریفە بە سۆزەوە تەماشایەکی ئارا دەکات دەڵێ: بەچیی دەخەنی دییەکەم؟

ئارا نیگایەکی دڵدارانە دەگرێتە تریفە و دەڵێ: هەنگاوەکانت لەگەڵ هەنگاوەکانی مندایە دەڵێی پێکەوە چووینەتە سەربازیی بۆیە وا جوان لەگەڵم دەڕۆیت.

تریفە پێکەنینێک دەیگرێت و دەڵێ: بۆ هەر دەبێت سەربازییت کردبێت ئەوسا بە ڕێکوپێکی

برۆیت؟
ئارا دەڵێ: نا واش ناڵێم، بەڵام هەموو کەس بەوشێوەیە هاوئاهەنگیی دروست ناکات لە ڕۆیشتندا. ئارا و تریفە دەگەنە ناوکەناری پارکەکەی نزیک ماڵی خۆیان کە بە پارکی "پیگنیتس" ناسراوە، لێرەوە ئیدی جریوەی باڵندەکان و گەش و هەوای ناوپارکەکە مرۆڤ بەرەو ئارەزوویەکی دڵفڕێن دەبات. لە تووڵەڕێی سەرڕێگاکەی ئارا و تریفەدا ڕێچکەی مێرووڵەیەکی زۆر هەراسانیی‌یەکیان لەسەر ڕێگا دروستکردووە. تریفە ڕادەوەستێت و دەڵێ: ئۆی ئارا گیان ئەم مێرووڵانە چەند بەستەزمانن لەم سەرڕێگایەدا دەبێت ڕۆژانە چەندیان لێ پانبکرێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گرنگیی بەوەنادەن کە دەمرن، گرنگ ئەوەیە ئەو فەرمانەی پێیان سپێردراوە بەجێیبگەیەنن. من زۆر پابەندم بە هاوئاهەنگیی ژیانی مێرووڵەوە بەڕاستیی زۆر بەتەنگ یەکەوە دێن و هەموو شتێکیان هەرپێکەوەیە خۆشیی و ناخۆشییان خۆزگە ئێمەی مرۆڤیش وا دەبووین.
ئارا بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: مەخابن ئێمەی مرۆڤ هەتا بێت بەرەو خۆپەرستیی دەڕۆین. پاشان ئارا و تریفە درێژە بە ڕۆیشتنیان دەدەن و دەگەنە دەمی دەرگای ماڵەوە، ئارا دەستدەکات بەگیرفانیدا و کلیلەکانی دەردێنێت و دەرگای حەوشە دەکاتەوە. تریفە بە ئارا دەڵێ: ئارا گیان ناکرێت هەڵمبگریت هەتا سەرەوە باوەڕبکە ئارەزووم نییە پێ هەڵبهێنمەوە؟! ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: بەڵام کە هەڵمگرتیت نەڵێی دامگرە.
تریفە دەڵێ: بەڵێن بێت.
ئارا باوەش بە تریفەدا دەکات و دەیکاتە سەرقۆڵەکانی و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت. دەگەنە بەردەمی ژوورەکەی خۆیان و تریفە دەڵێ: من دەرگا دەکەمەوە چونکە تۆ دەستت گیراوە.
ئارا قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: چا نییە ئەمەیان خۆت دەیکەیت. تریفە دەرگای ماڵەکەیان دەکاتەوە و پێکەوە دەچنە ژوورەوە. لەناو دەرگاکەدا ئارا پێڵاوەکانی پێی دادەکەنێت و تریفەی هێشتا بەباوەشەوەیە و ڕاستەوخۆ دەیباتە ژووری دانیشتنەکە و لەسەر یەکێک لە قەنەفەکان دایدەنێت. ئەوسا قاچەکانی تریفە شۆڕدەکاتەوە بۆ سەرفەرشەکە و پێڵاوەکانی تریفە دادەکەنێت و لەگەڵ پێڵاوەکانی خۆیدا لە سندوقی پێڵاوەکانی دەکات. تریفە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێ: ئۆ ڕۆڵە هەزار پیاوی خوێریی و بەد بکەم بەساقەت.
ئارا ماچێکی نەرمی لێوەکانی تریفە دەکات و دەڵێ: گوڵەگیان دەچم شتێک دێنم بۆ خواردنەوە حەزت لە چییە؟
تریفە لچەکانی دەکاتە سەریەک و پانیان دەکاتەوە و تووند ڕوومەتەکانی ئارا دەگرێت و دەڵێ: چـــا چـــا چـــا چـــا ئارا گیان چـــا.
ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: جا خۆ هەموو جارێک ئاوا ڕوومەتەکانم ڕابکێشیت جارێک بەدەستەوە دێت. ئارا تریفە بەجێدێڵێت و دەڕواتە موبەق بۆ ئامادەکردنی چاکەی تریفە. ئارا چاوێکی بچکۆلانەی تەباغەکە دادەگیرسێنێت و کترییەک ئاوی دەکاتەسەر.

تریفە دەچێتە ژووری نووستنەکە بۆ خۆگۆڕیین، ژێرکراسێکی شیینی کاڵ و ڕۆبێکی ئاسمانیی لەبەردەکات و هاوار بۆ ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا ئەرێ بەڕاست لە دوێنێوە کە هاتووینەتەوە بۆنی جگەرە دێت لەم ماڵە، هەستت پێکردووە؟ دوێنێ ئێوارەش پێمگووتیت بەڵام هیچ گرنگییت بە قسەکەم نەدا. لەناکاوێکدا تریفە ڕادەکاتە لای دۆلابی تەلەڤیزیۆن و ستریۆکە و بەخێرایی دەست بۆ پشتی ستریۆکە دەبات کیسەیەک و زەرفێکی گەورەی کاغەز دەردێنێت و تەماشای ناویان دەکات. لە کیسەکەدا ئاڵتوونەکانی تریفەی تێدایە و لە زەرفەکەشدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دادگا و نامەکەی مێردە کۆنەکەی تێدایە کە هەڕەشەی کووشتنی تریفەی تێدا کردووە. ئاڵتوونەکان و بەڵگەنامەکان هەمووی لەجێگەی خۆیانن. تریفە هاوار دەکاتەوە بۆ ئارا و دەڵێ: ئارا من دڵنییام کە هاتوونەتە ئێرە لەوکاتەدا کە ئێمە لە سوێدن بووین.

ئارا بە پەلە ڕادەکاتە لای تریفە و دەڵێ: چۆن دەزانیت؟

تریفە بە شڵەژاوییەکەوە دەڵێ: دەزانم ئارا گیان دەزانم، ئەو سەگ جنسە هاتۆتە ئێرە ئەگەر خۆشی نەهاتبێتە ژوورەوە ئەوا پیاوەکانی ناردووە. دەرگاکەی ئێمە خۆی لە خۆیدا شکاوە و بە هەوایەکی شان دەکرێتەوە، چەندم پێگوویت ئارا گیان ئەو دەرگا گووە چاکبکەرەوە ئارەزووی کەتنێکمان نییە پێمان بگێڕن. ئارا هەستی پێدەکەم لەم ماڵەدا خەڵکی بێگانە هەبووە لەکاتێکدا کە ئێمە لێرە نەبووین. بگەڕێ بزانە هەموو شتەکانمان تەواوە و لە جێگەی خۆیەتی تەماشای هەموو شوێنێک بکە بزانە چییان بردووە. ئارا و تریفە دەکەونە خۆ و کون و قوژبنی ماڵەکە ئەدەن بەسەریەکدا و دەگەڕێن بەدوای ئەوەدا بزانن چییان لە ماڵەکەدا نەماوە هەتا هەستی پێبکەن. تریفە دەڵێ: ئارا وەرە لەگەڵم لە ژووری نووستنەکە و سەرمێزی کۆمپیوتەرەکە یان لە کتێبخانەکەتدا بزانە چی بەدی دەکەیت کە وەک خۆی دانەنرابێت. کۆمپیتەرەکەش دابگیرسێنە بزانە هیچ دۆکۆمێنت و شتێکت ونبووە و یان لە جێگەی خۆیدا نەماوە. تریفە تەواو شپرزەبووە، بەڕێکەوت گۆشەیەکی مێزی کۆمپیوتەرەکە بە تەڵخیی دەکەوێتە بەرچاوی تریفە و هاوارێکی لێهەڵدەستێت و دەڵێ: ئارا وەرە تەماشا بکە. ئەمە جێگا سووتانی جگەرەیە. ئارا دێتە لای تریفە و سەرنجی خاڵە ڕەشەکەی گۆشەی مێزی کۆمپیوتەرەکە دەدات و دەڵێ: زۆر ڕاستە تریفە گیان، ئەم مێزە هەموو تەمەنی شەش مانگ نابێت و هەتا ئێستا هیچ کەسێکیش لەم ماڵەی ئێمەدا جگەرەی نەکێشاوە، جا نەخواستە لە ژووری نووستن و لەسەر مێزی کۆمپیوتەرەکەم. ئەمە شوێنی جگەرەیە، دیارە ئەو کەسە جگەرەکەی لێرەدا داناوە و تەماشای سەرمێزەکەی کردووە بەدڵنیاییەوە کۆمپیوتەرەکەشی داگیرساندووە. تریفە گڵۆپێکی تریش لە ژووری نووستنەکەدا دادەگیرسێنێت و تەماشا خوارەوەی مێزەکە دەکەن و سووتووی جگەرەکە لەخوارەوەی مێزەکە دەدۆزنەوە. تریفە هەتا بێت تووڕەتر دەبێت و دەڵێ: ئەم سەگ ئاژدادانە هاتوونەتە ماڵەکەمانەوە. دڵنییام زانیوویانە کە ئێمە دەڕۆین دڵنییام دوامانکەوتوون، دڵنییام شەو ڕۆژ لەبەردەمی ماڵەکەماندا وەستاون.تریفە بە تووڕەییەوە ڕادەکاتە بەردەمی پەنجەرەکە و پەردەکان لادەبات و پەنجەرەکە دەکاتەوە و تەماشای

خوارەوە دەکات. ئارا تەماشای کۆمپیوتەرەکە دەکات و هەموو دۆکۆمێنت و فایلەکانی ناوکۆمپیوتەرەکەی تەماشا دەکات و دەڵێ: تریفە گیان لێرە هیچ دەستکاریی نەکراوە، ئەگەر شتێک کرابێت ئەوا کۆپییانکردۆتە سەردیسکێت. ئەوەشی لەناو ئەم کۆمپیوتەرەدا هەبێت ئیمایلەکانی تۆیە کە بۆت ناردبووم هەموو ئەو ئاگادارییانەت تێدا نووسیبوو کە شەهابی مێردت بەرانبەرت کردبووی لەو ماوەیەدا کە تۆ چووبوویتەوە ماڵە کۆنەکەت بۆ سەردانی منداڵەکانت. پاشانیش ئەو نووسینانەی کە شەهاب بە مێسنگەر سێرڤیس نووسیبووی بۆت و کۆپیمانکردبوو. ئەمانە لەجێگەی خۆیان ماون دیارە نەیاندۆزیوەتەوە دەنا ئەوانەیان دەکوژاندەوە. ئارا دەڕوات بۆ لای تریفە و دەڵێ: تریفە گیان ئەم خۆ تووڕەکردنە بێجگە لەوەی ماندووت دەکات هیچی تر سوودی نییە بۆ تۆ. تەواو ناتوانی هیچ بکەیت. ئەوانە هاتوونەتە ژوورەوە بەڵام دڵنییابە هیچیان نەدۆزیوەتەوە و هیچیان نەبردووە. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە من دڵنییام ئەو نامەی هەڕەشەی کووشتنە بووە، ئەویشیان نەدۆزیوەتەوە. دڵنییات دەکەمەوە کە ئەوان بەس بۆ ئەو نامەیە هاتوون.

تریفە تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ڕاستدەکەیت ئارا گیان. من بێجگە لەوەی خۆم ماندوو دەکەم هیچ سوودێکی تر لەم تووڕەبوونە وەرناگرم. تکایە بڕۆ دەرگای ماڵەکە بکەرەوە با ئەم بۆنی جگەرەیە لەم ماڵە بچێتەدەرەوە. ئیتر ئەوسا ئارام دەبمەوە. ئەم بۆنە شێتم دەکات.

ئارا دەچێت دەرگای ماڵەکە دەکاتەوە و دەڕواتەوە بۆ موبەق، کترییە ئاوەکە گەرم بووە و قوڵپی دێت، ئارا قۆرییەکی لێپڕ دەکات و کەمێک چای ڕەشی تێدەکات و بەدیاریەوە دەوەستێت هەتا دەم دەکێشێت. ئەوسا قۆرییەکە دادەگرێت و کووپێکی گەورە چا بۆ تریفە تێدەکات و بۆی دەخاتە سەرسینییەکی پلاستیکی شیینی چکۆلانە و بۆی دێنێتە ژووری دانیشتنەکە. ئارا تکا لە تریفە دەکات بێت دانیشێت چاکەی بخواتەوە. ئارا بۆ ئەوەی دەروونی تریفە هێمن بکاتەوە کاستێکی مەهەستیی دەخاتە سەرستریۆکە و گۆرانیی "ئێنکە دلم ڕا" بۆ تریفە دادەنێت. هەتا لەگەڵ لەرەی دەنگی مەهەستیی دا تریفە بتوانێت کەمێک هێور بێتەوە. موسیک باشترین تێراپۆیتی دەروونی تریفەیە، هەر لەبەرئەوەشە کە تریفە ساتێک بێ موسیک ناتوانێت بگوزەرێت. تریفە دێتە سەرقەنەفەکە دادەنیشێت و دەست دەکات بە چا خواردنەوە. سەرەتا هێمنییەک باڵی خۆی بەسەر ژوورەکەدا ڕادەکشێنێت، نە تریفە نەئارا هیچ کەسێکیان ورتەیان لە زار نادێتە دەرەوە. شنەی بایەکی نەرم پەردەکان لە ناوپەنجەرەکەدا دەهێنێت و دەبات، کۆترێکی شیینکەیی لەسەر کەناری سەربانەکەی بەرانبەر ماڵی تریفە نیشتۆتەوە چاوەکانی بڕیوەتە نێو پەنجەرەکەی ماڵی تریفە و وەک ئەوەی سەرنجی ماتەمینیی تریفە بدات وەها وەدەردەکەوێت، لەرینەوەی پەردەکان بەدەست و پەنجەی ناسکی نەرمەبایەک و دەنگە بزوێنەرەکەی مەهەستیی و نیگای کۆترەکە، ئارایان کردۆتە نێو پلانێتێکی پڕ بیرکردنەوەوە. ئارا لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەم دیمەنانە کارێکی ئاسایی نییە. من لەم هەموو کاسێت و سیی‌دییەدا بۆچی مەهەستیی هات بەدەستمەوە؟ بۆچی ئەم گۆرانییە؟ " ئێنکە دلم ڕا" نیشتنەوەی ئەم کۆترەشیینکەیە لەم ئێوارە وەختەدا و

هەمانکاتیش ڕێک بەرانبەری ماڵی ئێمە و چاوەکانیشی بڕیوەتە نێو تەماشاکردنی تریفەوە. هەڵکردنی ئەم شنەی "با"ی لەناکاوە! ئەمانە هیچی ئاسایی نین. ئەمانە هەموو پۆستێکن. بەڵام ئایا چ پۆستێک؟ مەهەستیی دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟ ئەم شنەیە چ پۆستێکی پێیە بۆ ئێمە؟ ئەو کۆترە لەوبەرەوە دەڵێت چی؟ ئەدی بێدەنگییەکەی تریفە مانای چی؟ ئارا نووقمی دەریای بیرکردنەوە بووە لەناکاودا زەنگی مۆبایلەکەی تریفە لێدەدات و ئارا و تریفە ڕادەچڵەکێن و بیرکردنەوەیان دەبچڕێت. تریفە هەڵدەستێت و بەرەو لای مۆبایلەکەی دەڕوات و وەڵامی تێلیفۆنەکە دەداتەوە. تریفە بە ڕوویەکی خۆشەوە سڵاو دەکات و دەڵێ: ئارام گیان تۆیت؟ سڵاو ماڵەکەم چۆنیت بەساقە؟ باشیت بەقوربان؟ ئاریی چۆنە؟ باشە؟ تریفە بەدەم قسەکردنەوە دێتە نێو پەنجەرەکەوە دەوەستێت و تەماشای کۆڵان دەکات پاش کەمێک تریفە ڕوانینی دەڕوات بۆ لای کۆترەکەی بەرانبەریان و تەماشایەکی دەکات. کۆترەکە زۆر بە قوڵیی تەماشای تریفە دەکات و لە پڕێکدا ئەیدات لە شەقەی باڵ. ئارا کاتێک ئەم دیمەنە دەبینێت بە ڕوویەکی خەمبارەوە تەماشای تریفە دەکات و پاشان دەڕوات لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت. تریفە لەگەڵ ئارامی کوڕیدا هەتا بێت ڕووخساری تێکدەچێت و ڕوومەتەکانی دەلەرزن لەکاتی قسەکردندا. ئارا دەزانێت شتێک لە ئارادا هەیە و تریفەش نیگەرانێتی. ئارام لە ماڵەوە لەسەر قەنەفە گەورەکەی هۆڵی دانیشتنەکە دانیشتووە و باوکیشی لەتەنیشتییەوە فێری دەکات کە چۆن قسە لەگەڵ دایکییدا بکات. ئارام دەڵێ: دایە بۆ نایەیتەوە لامان؟ تۆ ئێمەت خۆش ناوێت تۆ وازت لە ئێمە هێناوە، تۆ ئێمەت بەجێهێشتووە. ئەگەر بەم زووانە نەیەیتەوە ئەوا باوکمان ئەمانبات بۆ سعودی عەرەبیی لەوێ ئەژیین لەلای مامەمان. تکایە تکایە دایە گیان ئەگەر ئێمەت خۆشدەوێت فریامانبکەوە. باوکم لە ئێستاوە جێگاشی بۆ گرتووین لەوێ لە قووتابخانە. باوکم وا خەریکە ناوماڵەکە دەفرۆشێت و خۆی کۆدەکاتەوە بۆ ڕۆیشتن. ئەگەر نەیەیتەوە دایە ئەوا قەت ئێمە نابینیتەوە. ئینجا باوکیان تێلیفۆنەکە ئەداتە دەست ئاریی و پێیدەڵێت کە بگریی. ئاریی دێتە سەرخەت و یەکسەر بە گریان دەستپێدەکات و دەڵێ: دایە ئەگەر نەیەیتەوە ئەوا قەت نامانبینیتەوە. باوکم دەڵێ: ئەتانبەم ئەتانکەم بە قووتابی "بن لادن" لە قووتابخانەکەی ئەو فێری قورئان و خوێندن بن. ئینجا باوکیان تێلیفۆنەکە لەدەست ئاریی وەردەگرێت و سەرەتا هەرچی جنێوی ناشرین هەبێت بە تریفەی ئەدات. شەهابی کۆنە مێردی تریفە بە دەنگێکی بەرز هاوار بەسەر تریفەدا دەکات کە ئارا لەسەر قەنەفەکەوە گوێی لێیەتی. شەهاب بە عەرەبیی بە تریفە دەڵێ: قەحبەی بەرەڵڵای بێ عار چیدەکەیت لەلای ئارا؟ تێر نەبوویت نەدرایت؟ بۆ نایەیتەوە بۆ لای منداڵەکانت؟

تریفە تووڕە دەبێت و دەڵێ: جوان قسەم لەگەڵ بکە و بزانە چی دەڵێیت. هەر هیچ نەبێت ڕێزی ئەوەت تێدا بێت کە دایکی دوو کوڕتم. جنێو بە من مەدە. من لەدەست تۆ ڕامکردووە نەگ لەدەست منداڵ. سێ پەراسووم شکاوە بە پێ لەقەی تۆ، دوو بڕبڕەی پشتم شکاوە بەپێ لەقەی تۆ لە زستانی پارەوە کە لەسەر پلیکانەکانی ماڵەوە بەلەقە فڕێتدامە خوارەوە و دوو مانگ لە خەستەخانەبووم و سێ مانگ پشتم لە گەچ گیرا. .لەوەتەی لەگەڵ تۆم بەناوی

ژن و مێردایەتییەوە تەعدام لێدەکەیت.ماڵی عەشیرەت و باوک و برا و مامم کاولکرد کە منیان کردە دەستی تۆوە و ئێستاش سەگبابێکیان نییە لێمپرسنەوە بزانن چیم لێهاتووە؟ چۆن دەژییم؟ چۆن تەعدام لێدەکرێت؟ چۆن مافم زەوت دەکرێت؟ چۆن منداڵ و جەرگی خۆمیان لێکردووم بە دوژمن و چۆن جەرگیان لێکردووم؟ لە تەواوی ئەورووپادا کە ژن و مێرد جیا دەبنەوە منداڵ موڵکی ژنە بەس بۆ منی ڕەنجەڕۆ نەبێت. چونکە بێکەس بووم کەس بە هانامەوە نەهات و لانەیەکم نەبوو. چونکە بێکەس بووم، بە هەزاران فێڵ و فەرەجە و پارێزەر و ئەکت و فایلی درۆ و ساختە منتان کردە شێت و سەرلێشێواو هەتا دادگا منداڵم پێ نەدات. تۆ پیاو نیت ئەگەر پیاو بیت وەکوو پیاو ڕەفتار دەکەیت من چەند ساڵە دەڵێم تۆم ناوێت دەمەوێت لێت جیا بمەوە خۆشم ناوێیت بێزم لێت دەبێتەوە تۆ عەرەبیت تۆ بەعسییت تۆ مرۆڤ نیت بەڵام بە زۆری زۆرداریی منت لای خۆت بەستۆتەوە و بە ئارەزووی خۆت تەعدام لێدەکەیت. ناهەقیشت ناگرم چونکە سەدان جار تۆرام و هانام بۆ ماڵەباوک برد، بە دەستی خۆیان منیان هێنایەوە لای تۆ. سەدان جار تۆرام و ڕوومکردە ماڵە مام، بە دەستی خۆیان منیان پێشخۆیان خست و منیان هێنایەوە لای تۆ. چوومە ماڵە برا هەمانشێوە. ئیتر هیچ نەما نەیکەم لەگەڵت دەیانجار دادگام لێگرتیت نەدەهاتیت و بە پارێزەر کێشەکانت ئەبردەوە. ئێستاش پێت خۆش بێت یان ناخۆش بێت دەبێت بێیت بۆ دادگا. گووم کردە خانوو و موڵک و ماڵت یەک پولم لێت ناوێت بەس لە کۆڵم بەرەوە. بە بیست پەنجە بۆت ئیمزا دەکەم یەک پولم لێت ناوێت برۆ ئاوی ئاموون چیت توونی بابا چیت.

شەهاب دەنگ هەڵدەبڕێت و بە هاوارێکی زۆر دڕندانە دەڵێ: سبەینێ دێیتەوە باشە نادێیتەوە ئەوا من منداڵەکان دەنێرم بۆ سعودی عەرەبیی لەوێ بژیین، ئەشیانکەم بە قووتابی بن لادن هەتا سبەینێ کە گەورە بوون بەدەستی خۆیان بتکووژن. ئەشتوانییت ئێستا بێیتەوە ئێمە دێین بەشوێنتا.

تریفە لێوەکانی دەلەرزێت و فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ وەک نمەی بارانێکی درەنگ وەخت سەرکوڵم و ڕووی تەڕ دەکات و دەڵێ: نا ئێستا نا بەیانیی وەرن.

شەهاب کە گوێی لەم قسەیە دەبێت برۆکانی بۆ سەرەوە هەڵدەکێشێت و دەڵێ: زۆر باشە سبەینێ بەیانیی لای تۆین. شەهاب بەبێ ماڵئاوایی تێلێفۆنەکە بەسەر تریفەدا دادەخاتەوە.

تریفە وەک ئەوەی لە باڵەخانەی بینایەکی بڵندەوە فڕێت دابێتەخوارەوە وەها وەدەردەکەوت. بەجارێکی وەها هێزی دەست و ئەژنۆی لێ بڕابوو، کە ئارا لەوەو پێش بەهیچ شێوەیەک تریفەی بەمجۆرەی ئێستا نەدیبوو.

تریفە ئیدی وەرزێکی پڕ گریان بووە میوانی و بزە لە لێوەکانی بڕا. ئەم دیمەنەی تریفە ئارای هەراسانکردبوو، بەشێوەیەک کە ئارا نەیدەزانی چیی بکات بۆ ئەوەی چ نەبێت کەمێک هێمنیی بکاتە میوانی بەرهەیوانی بیرکردنەوەی تریفە. ئارا هەتا سەرنجی تریفەی زۆرتر بدایە زیاتر ڕەنگی هەڵدەبزڕکا و تێکدەچوو. تریفە پاڵیداوەتەوە بە دیواری پەنجەرەکەوە و بەقنەوە دانیشتووە. بارانی فرمێسک هێدی هێدی کێڵگەی ڕووخساری دەکێڵێت. دیمەنی

تریفە بەو ژێرکراس و ڕۆبە شیینەوە ببووە تابلۆیەکی ڕیالیستیی کە چۆن ئەژنۆکانی لە باوەشی خەم و پەژارەی گرتووە و کۆشیشی بەجامی چۆڕاوگەی فرمێسکی. بایەکی لەناکاو خۆیدەکات بە ژووردا و پەردەکان بە ئاسمانی ژوورەکەدا دەهێنێت و دەبات تریفە ڕوو دەکاتە ئارا و دەڵێ: ئارا یانی تەواو ئیدی هەر ئەوەندە بوو تەمەنی خۆشەویستیییەکەمان؟ یانی ئیدی ناتبینمەوە؟ یانی تەواو؟
ئارا سەراپای وەک شۆڕابە دەلەرزێت و دەڵێ: چیی تەواو تریفە گیان؟ ئەوە دەڵێیت چیی؟ بۆ ئەوەندە تێکچوویت؟ شەهاب چیی پێگووتیت لە تێلیفۆنەکەدا؟ ئارا وردە وردە دێتە پێشەوە لە تریفە و لەبەردەمیدا دادەنیشێت و ڕوومەتەکانی لەباوەش دەگرێت. تریفە ئەیداتە پڕمەی گریان و ئارا بە بەردەوامیی فرمێسکەکانی بۆ ئەسرێت. ئارا هێندە دڵی پڕ بووە لەگەڵ گریان و نووزەی تریفەدا لەتاواندا ڕوومەتەکانی وەک دڵ لێدەدەن و دەلەرزن. تریفە بەدەم پڕمەی گریانەوە ڕوودەکاتە ئارا و دەڵێ: ئارا گیان ئەو دڕندەیە هەڕەشەی لێکردم کە بچمەوە، دەنا سبەینێ منداڵەکان دەبات بۆ سعودی عەرەبیی بۆ لای براکەی ئیدی نایانبینمەوە. دەڵێ: ئەگەر دییتەوە ئەوا ڕێگا دەدەم منداڵەکان هەر لێرە بژیین. تۆش دەتوانیت لێرە لای منداڵەکانت بژییت.
ئارا تریفە لەباوەش دەگرێت و دەڵێ: تریفە گیان، ئەو پیاوە دەتترسێنێت چۆن دەتوانێت لەخۆیەوە منداڵ بەرێت بۆ وڵاتێکی تر بەبێ پرسی تۆ؟ پاشان خۆ هێشتا دادگا بڕیاری نەداوە خۆ هێشتا ئێوە هەر ژن و مێردن لەلای دەوڵەت. قەیناکە ئەو پیاوە وەک ئایینی ئیسلام لە تۆ جیابۆتەوە، بە شەریعەتی ئیسلام تۆی تەڵاق داوە، بەڵام ئێوە لە فەرمانگەی ژن و مێردایەتیی هەر ژن و مێردن. ئەو پیاوە بۆی نییە بەبێ پرسی تۆ هیچ لە منداڵەکان بکات. ئەمە تەنها ترساندنێکی تۆیە وەک دایک. باشترین چارەسەر ئەوەیە کە تۆ بتوانیت لە دادگادا لەم پیاوە جیابیتەوە و هەوڵبدەیت مافی تەواوی منداڵەکان بۆ خۆت وەربگریت. لەدوای ئەوەی کە تۆ بە دۆکۆمێنت لەم پیاوە جیابوویتەوە ئەوکات ناتوانێت هیچ هەڕەشەیەکت لێبکات. ئەم پیاوە ئەوە چەند ساڵە تۆی بە تەڵاقێکی ئیسلامی خڵەتاندووە و لەگەڵت نادێتە دادگا بۆ جیابوونەوە. جیابوونەوەی ئیسلامیی لەم ئەوروپایەدا پوولێکی قوڕاویی ناهێنێت. لێرە کار لەسەر دۆکۆمێنت دەکرێت نەگ لەسەر تیۆریی تەڵاق. هەتا تۆش جیانەبیتەوە لەم پیاوە لە دادگا ئێمە ناتوانین ببینە ژن و مێرد. چونکە تۆ خاوەنی پیاوێکی تریت وەک دۆکۆمێنت. کەواتە ئێمە ناتوانین یەکتریی مارەبکەین. تریفە گیان ئەم پیاوە بەس دەتترسێنێت و هیچی تر نا.
تریفە بە نووزەی گریانێکی دڵپچڕێنەوە زۆر بە کەساسیی تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا گییان، گوێمەدەرێ دەڕۆمەوە دادەنیشم سەری خۆم کز دەکەم وەک کۆیلەیەک لەلای منداڵەکان دەژییم، من کەسم نییە، من بێ خاوەنم، من هیچ کەس پشتگیریم ناکات. نە باوک نە برا نە دایک نە مام نە خاڵ نە پوور نە هیچ کەس لەم عەشرەتەی ئێمە پشتگیریم ناکەن، ئەویش بە ئارەزووی خۆی یاریی بە بوونی من و کەسایەتییم دەکات.
ئارا سەری تریفە هەڵدەبڕێت و دەڵێ: تریفە قسەی وا مەکە ئەزییزم ئەم قسانە ناخت

دەڕووخێنێت، ئێمە چەند مانگە هەوڵی ئەوە دەدەین کە ناخی ڕووخاوت دروستبکەینەوە. ئەم پیاوە چەندیین ساڵە ناخی تۆی هەرەس پێ هێناوە بۆ ئەوەی هەست بە مرۆڤبوونی خۆت نەکەیت. چەندیین ساڵە تۆی کردۆتە کۆیلەی دەستی بڕیارەکانی خۆی. ئەو دەروونی تۆی تەواو داگیرکردووە، وەک ئیمپراتۆرێک دەستەڵاتێکی تەواوی بەسەر بیرکردنەوەی تۆدا هەیە. هەربۆشە هەر دەم نا دەمێک بڕیارێک دەردەکات و بەئاسانیی ڕاتدەکێشێتەوە بۆ نێو دەرگاکەی خۆی. تۆ دەبێت هەوڵبدەیت بەرلەهەموو شت ناخی خۆت ئازاد بکەیت، ئەوسا خۆت لەژێر دەستی ئەم پیاوەدا ڕزگار بکەیت. هەتا ناخت ئازاد نەکەیت ناتوانیت لۆگیکانە بیربکەیتەوە. هەتا دەروونت ئازاد نەکەیت ناتوانیت سەلیقە لە بڕیارەکانتا بەکار بهێنیت. تۆ بە بچووکترین هەڕەشە جارێکی دەچیتەوە ژێر فەرمانەکانی ئەو، کەواتە تۆ تا ئێستا نەتوانیووە ناخت ڕزگار بکەیت هەربۆیە ناشتوانیت ئاوا ئاسان خۆت لەژێر دەستی ئەودا دەربهێنیت. فەرموو هەتا ئێستا دیلیت، ئەوەتا بەیانیی دەرۆیتەوە، بەڵام ئایا لە ڕۆشتنەوەتدا چیی دەکەیت؟ ئایا دەتوانیت کار بکەیتە شەهاب و ڕایبکێشیتە بەردەمی دادگا بۆ جیابوونەوەیەکی یاسایی؟ ئایا دەتوانیت هەوڵبدەیت منداڵەکانی لێبستێنیتەوە و لای خۆت گەورەیان بکەیت کە کلتووری تۆ وەربگرن نەگ کلتووری پیاوێکی فوندامێنتالیستی فەناتیک.

تریفە بەدەم گریانەوە دەڵێ: ئارا من دایکم دایک. دەزانی چەند گرانە جەرگت لا نەبێت؟ بەتایبەت ئەگەر منداڵ بن و پێویستیان بە تۆ هەبێت؟ دەزانییت ئێستا من هەناوم چەند ژان دەکات بۆ ئەو منداڵانە کە لەژێر زەبری باوکیاندا دەبێت هەموو هەینییەک لەناوجەرگەی ئەوروپادا بچن بۆ مزگەوت لەگەڵ باوکیان بۆ نوێژی بە کۆمەڵ. دەزانییت چەند خەم دەخۆم لە کاتێکدا هەردوو کوڕەکەم بە شەقی باوکیان بانگ دەکرێنە سەرتێلیفۆن و قسەی ناشریین بەمن ئەڵێن. ئەمانە هەموو ئازارن ئەم ئازارانەش وەک مووگناتیس ڕامدەکێشێتەوە باوەشی ئاگر، هەمووی لەپێناوی منداڵەکاندایە. کە دەمەوێت لەم تەمەنەدا بەتەواویی کلتووری باوکیان و کلتووری ئیسلام وەرنەگرن. تاوانە لە ناوجەرگەی ئەوروپادا منداڵەکانت لەدایک بن و ببنە مرۆڤێکی ئیسلامیی ڕادیکاڵ. تاوانە لە وڵاتی هیگڵ و نیچە و مارکس و ئێنگڵس و کانت دا منداڵەکانت لەدایک بن و لە دواڕۆژدا ببنە دڕکی کۆمەڵ. من دەمەوێت منداڵەکانم ببنە گوڵ لە کۆمەڵدا نەگ دڕک. بۆیە بە هەموو نرخێک من هەمیشە دەگەڕێمەوە باوەشی ئاگر. من سبەینێ دەرۆمەوە نامەکەی کە هەڕەشەی کووشتنم دەکات دەیبەم لەگەڵ خۆم، وەرگێڕدراوە ئەڵمانییەکەشم پێیە دەیبەم بۆ دادگا لەگەڵ خۆم، بەم دۆکۆمێنتانەوە هەوڵدەدەم کە سزاش وەربگرێت لە دادگا و منداڵەکانیشم بهێنمە لای خۆم.

ئارا سەرتاپای وەک شۆڕەبیی بەر سەرمای پاییز هەڵدەلەرزێت و نوتقە لە دەمی نایەتەدەرەوە بەشێوەیەک حەپەساوە کە هەرگیز ناتوانێت باوەڕ بەوە بکات کە ئیدی ئیمشەو دواهەمیین شەوی تریفە بێت لە ئامێزی خۆشەویستیی دا. ئارا سەردەنێتە سەر سینەی تریفە و هێدی هێدی فرمێسکەکانی سینەی تریفە تەڕدەکەن. تریفە کاتێک هەستدەکات فرمێسکەکانی ئارا سینەی ڕادەموسن، کزەیەک بە جەرگی تریفەدا دێت و ئەیداتە پڕمەی گریان. تریفە هەرگیز پێشتر ئارای بەمشێوەیە نەدیبوو، ئەو ئارایەی کە

هەمیشە لە ڕووخاندا تریفەی دەهێنایەوە سەرپێ و فێری تەماشاکردنی خۆرهەڵهاتنی دەکرد، ئێستا خۆی پەڵەی بارانی گریانە و لە کوانووی خەمی تریفەدا دەسووتێت. تریفە سەری ئارا توونـد بە سینەیەوە دەنووسێنێت و دەڵێ: ئارا گیان بەسە بەرگەی چرکەیەکی دی ناگرم، بەسە مەگری باوانەکەم. ئەمە هیچ تاوانێکی تۆی تێدا نییە، ئەمە چارەنووسێکی تەڵخە لە ساوایەتییمەوە وەک مۆرێک لە نێوچەوانم دراوە. منداڵێکی جوان و پەریزادە بووم، بەڵام جوانییەکەم هەمووی بەدبەختیی بوو، هیچ خۆشییم لە جوانیی خۆم نەدی، هیچ سەبووریییەکم لە چرکەساتەکانی تێکڕای تەنما نەدی. ئەمە چارەنووسی منە.
ئارا سەری بە سینەی تەڕی تریفەوە نووساندووە و بە دەنگێکی زۆر غەمگینەوە دەڵێ: تریفە گیان، گریانم بۆ ڕووخان نییە، گریانم بۆ ئەم تەمەنە پڕ کوێرەوەرییەی تۆیە. ئاخر بۆ دەبێت بەشی تۆ ماتەم شین بێت و بەشی خەڵکیش زەماوەند بێت؟ یانی ئەمە بوو بەچیی؟ دەیانجار هێنایتی و بردتی دەیانجار دایک و باوک و برای لێ ڕاسپاردی. دەیانجار پریڤات دێتێکتیفی دواخستیت. دەیانجار خەڵکی بە هەڕەشەی کووشتنتەوە ناردەسەرت. تەنانەت هاتنە ناو شوێنی کارەکەتەوە هەڕەشەی کووشتنیان لێکردیت بەناوی براکەتەوە. بەڵام هەر خۆی دەرچوو. ئەم پیاوە نەخۆشە، ئەم شەهابە پەروەردەی قووتابخانەکانی بەعسە، شیری شۆڤێنییەت بە قورقوڕاگەیدا ڕۆچووە. ئەم هەموو تیرۆری دەروونییە چییە دەیکاتە سەرت. ئەمانە هەموو لەلایەک، بەڵام بۆ دەبێت منداڵەکانت لێ بکات. ئەمە بێجگە لەوەی، کە تۆ هێشتا لەم وڵاتەدایت، کە منداڵەکانت تێیدا دەژیین، کەچی مافی ئەوەت ناداتێ منداڵەکانت ببینیت. ئێستاش دەڵێ منداڵەکانت دەبەم بۆ سعودی عەرەبیی، وڵاتی فرۆشگای ژنە ئەنفالکراوەکانی کورد. ئەمە چ مێشکێکە بەم پیاوەوە؟! تریفە گیان، باوەڕبکە من ئێستا هێندە بیر لەوە دەکەمەوە، کە چ نەبێت بۆ چەند ڕۆژێک ئارام بیت و ئاسوودەبیت بەبێ گریان بەبێ فرمێسک بەبێ تیرۆری دەروونیی، لەگەڵ منداڵەکانتا تێلێفۆن بکەیت یان بیانبینیت بیر لە هیچی تر ناکەمەوە. ئەم پەیوەندییەی من و تۆ سنووری خۆشەویستیی تێپەڕاند، ئەمەندە بەسەر تەنافی ئازارەکانەوە وەک کراسی خەم هەڵخراین. ئارا و تریفە پاش ماوەیەک لە باوەشی یەکتردا بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەریای بێدەنگییدا نووقم دەبن، هەتا کزەیەکی ساردی دەمەو ئێوارەیەکی تارییک لەسەرماندا لە باوەشی یەکتریان دەردەهێنێت. تریفە بە دەستە ناسکەکانی فرمێسکەکانی لە چاوانیدا دەسڕێت و چەند جارێک دەست بە دەموچاویدا دەهێنێت. پاشان تریفە بە نەرمیی ماچێکی سەری ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا گیان هەستە سەرمامان دەبێت وا شەوداهات با پەنجەرەکان دابخەین. ئارا هەڵدەستێت و بە شکستییەکەوە دەڕواتە سەر بێتەکەیان " جێگای خەوتن" و ڕادەکشێت. تریفە پەنجەرەکە دادەخات و پەردەکان دادەداتەوە. ژوورەکە مەیلەوتارییک دەبێت و تریفە دەچێتە ژووری بادەکەوە و دەست و دەمووچاو و ددانەکانی دەشوات. بە یەکێک لە خاولییە شیینە هەڵواسراوەکانی ناوبادەکە دەموچاوی وشکدەکاتەوە و ئاهێک هەڵدەکێشێت و لە ئاوێنەکەدا تەماشایەکی خۆی دەکات و دەڵێ: تۆ دەبێت بەهێز بیت تریفە. تۆ نابێت بڕووخێیت. تۆ نابێت بدۆڕێیت. تۆ دەبێت بەسەر خاڵە لاوازەکانی خۆتدا زاڵ بیت. تۆ دەبێت

لە پێشدا ئەم شەڕە لە ناخی خۆتدا ببەیتەوە. ئەمە ئامۆژگاریی "نیچە"یە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. تۆ دەبێت ئەم شەڕە لە پێش هەموو شتێکەوە لە ناخی خۆتدا ببەیتەوە. تۆ نابێت هیچ لاوازیی نیشانی ئەو پیاوە بدەیت. بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو هەست بکات کە تۆ خەم دەخۆیت. پاشان تریفە بادەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە مووبەقەکەوە و دەرگای سەلاجەکە دەکاتەوە و شووشەیەک ئاو لەگەڵ خۆیدا دەبات و دەڕواتەوە لای ئارا. تریفە دەچێتە تەنیشت ئاراوە ڕادەکشێت و پرسیار لە ئارا دەکات کە ئایا تینووی نییە هەتا قوومێک ئاو بخواتەوە؟

ئارا بە دەنگێکی نزم وەڵامی تریفە دەداتەوە و دەڵێ: نەخێر تریفە گیان سووپاس.

تریفە شووشەکە دەنێت بە دەمییەوە و بە جارێک نیوەی شووشە ئاوەکە دەخواتەوە. پاشان داوای لێبووردن لە ئارا دەکات کە بەم ناوەختە تووشی خەمبارییکرد.

ئارا دەڵێ: تریفە گیان داوای لێبووردنی چیدەکەیت؟! ئەزیزم تۆ ئەوە یەک مانگی ڕێکە بەدەست منەوە گیرتخواردووە ئەمەندە خەممکرد بە دەروونتا بەهۆی ئەم گێژاوە دەروونییەی ڕووی تێکردووم. ئەزیزم هیچ پێویست بەوەناکات داوای لێبووردن بکەیت.

تریفە دەست بە قژی ئارادا دێنێت و دەڵێ: ئارا گیان دەمەوێت بەیانیی پێش ئەوەی من بڕۆم، تۆ بڕۆیتە دەرەوە. من بەرگەی ماڵئاواییی ناگرم. نامەوێت ماڵئاواییت لێبکەم. من ئەبێت تۆ ببینمەوە جا چ بەوەی پێکەوەبین یان نەبین. من ئەبێت تۆ ببینمەوە من نامەوێت ماڵئاوایی بکەین لەیەک.

ئارا لەسەرلای چەپ ڕاکشاوە و دەستەکانی خستۆتە ژێر ڕوومەتەکانییەوە و دەڵێ: تریفە گیان منیش نامەوێت ماڵئاواییت لێبکەم. من نەگ ئەمەوێت یەک ببینینەوە بەڵکوو دەبێت یەکتریی ببینینەوە، تازە هیچ هێزێک نییە نێوانی من و تۆ بپسێنێت، جا چ بە پێکەوە بوون بێت یان پێکەوە نەبوون. من لەم ئێوارەیەوە هەستدەکەم ئیدی ئەو تابلۆیانەی چ بە خەو و چ لە تەماشاکردنی هەر شتێکدا دەیانبینم، دەبنە ڕیاڵ. بۆیە تریفە گیان من تەنها یەک داوام هەیە، هەرچییەک ڕوودەدات بەس بەتەنها مەرگ نەبێت ئیدی هەرشتێکی دی بێت دڵنییام بەرگەی ژانەکەی دەگرین.

تریفە لە ئارا نزیکدەبێتەوە و پەتووەکە ڕادەکێشێت بۆ لای خۆیان و خۆی و ئارا دادەپۆشێت و توند ئارا دەنووسێنێت بەخۆیەوە و ماچێکی نەرمی لێوەکانی دەکات و دەڵێ: ئارا گیان هیچ مەڵێ: هێمنبە. دەمەوێت تەنها هەستت پێبکەم. ئارا و تریفە لە باوەشی گەرمی بێدەنگییدا چاوەکانیان دەنووقێنن و وردەوردەش شەو باڵی ڕەشی تارییکیی خۆی بەسەر شاردا دەدات. تریفە و ئارا لە باوەشی یەکتردا خەو دەچێتە چاوەکانیان و ژوورەکەشیان پڕ دەکەن لە نامەی یادگاریی دوێنێ شەو. بۆ سبەینێ ئارا بەیانییەکەی زوو هەڵدەستێت و لە جێگاکەی دێتەدەرەوە. سەرەتا دەچێتە دوشەکەوە و دوشێکی گەرم دەکات و ددانەکانی دەشوات و ڕۆبێکی سەوزی کاڵی تریفە کە لە بادەکەدا هەڵواسرابوو لەبەردەکات و دێتە موبەقەکەوە کافییەک بۆ خۆی و تریفە لێدەنێت. تریفە بەئاگا دێت و هەستدەکات کە ئارا لەتەنیشتییەوە نەماوە خورپەیەک بە دڵیدا دێت. تریفە هەست بەوە

دەکات کە ئیتر لێرەوە چرکەساتەکانی جیابوونەوەی لە ئارا دەستپێدەکات، چونکە پێشتر هەرگیز ئەم هەستەی ئێستای نەبووە. بۆیە بە هەراسانییەکەوە هاوار بۆ ئارا دەکات هەتا بزانێت کە ئایا ئارا ماڵەکەی جێهێشتووە یان هێشتا لەماڵەوەیە. ئارا دێتەوە ژووری نووستنەکە بۆ لای تریفە و بەیانیی باش لە تریفە دەکات. تریفە بە نەرم و نیانییەکی پڕ سۆزەوە قۆڵەکانی دەکاتە باوەش بۆ ئارا و بانگی دەکات بۆ لای خۆی. ئارا دەچێتە باوەشی ئاراوە و تریفە ئارا تووند توونتد بەخۆیەوە دەنووسێنێت و ماچێکی ناودەمی دەکات. پاشان تریفە دەڵێ: ئارا گیان، لە دوای خەوتنێکی قوڵ ئێستا زۆر بیرکردنەوەم گۆڕاوە. واهەستدەکەم کە دەبێت وەک یاسای "کات"ی ئەلبەرت ئاینشتاین بەم بارووودۆخەشدا تێپەڕم. دڵنییام کە ئەم بارووودۆخەش ماوەیییە و وەک چۆن خاڵی دەستپێکردنی هەیە دەبێت کۆتاییشی هەبێت.

ئارا بە بزەیەکەوە وەڵامی تریفە ئەداتەوە و دەڵێ: منیش ئەم بەیانییە کە هەستام لە خەو، دڵنییابە بیرکردنەوە گەلێک گۆڕابوو. منیش واهەستدەکەم کە ئەم ڕووداوە هەر دەبوایە ڕوویبدایە. ئەمە چارەنووسێکی ئاڵۆزە بۆیە دەبێت ئێمەش لەم ئاڵۆزیەدا وەک "با" وابین بۆ ئەوەی بتوانین دەلاقەیەکی دەربازبوون بدۆزینەوە. بۆیە ئەزییزم دەمەوێت نانی بەیانی ئیمڕۆمان بەخۆشیی بخۆین و هیچیشمان ماڵئاوایی لەیەک نەکەین، چونکە تۆ دەڕۆیت بەڵام هێشتا ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ بۆ هەتا هەتایی لێم دووربکەویتەوە.

تریفە دەستێک بە دەموچاوی ئارا دێنێت و دەڵێ: ئارا گییان منیش وەک تۆ بیردەکەمەوە ئەزییزم. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ مەرگی نەبێت، دەنا هەموو کێشەکانی دیکەی تری ژییان شایانی چارەسەرکردنن. ئێستا دییەکەم با بچم دوشێک بکەم هەتا من تەواو دەبم تۆش خواردنەکان ئامادە بکە و پێکەوە ناندەخۆین.

ئارا بە بزەیەکی تێکەڵەوە لە هەوری خەمباریی و ئاوات، باوەش بە تریفەدا دەکات و لە جێگاکەی دەردێنێت و ماچێکی نەرمی لێوەکانی دەکات و دەڵێ: وەبان دییەم تریفە گیان. ئارا تریفە جێدەهێڵێت و دەڕواتە مووبەقەکەوە خەریکی ئامادەکردنی خواردنی بەیانیی دەبێت. کاتژمێر هێشتا حەوتی سەرلەبەیانیی نەبووە، ئارا و تریفە مەگەر کارێکی زۆرگرنگ یان گەشتێکیان لەپێشدا بوایە ئەوها زوو لەخەو هەڵدەستان. لەڕاستییدا ئەم بەیانییە بەیانییەکی ئاسایی نییە بۆ ئارا و تریفە هەربۆیە وا زوو لەخەو هەستاون. جریوەی چۆلەکە و باڵندەکانی کۆڵان ئاوازێکی تایبەتمەندیان بۆ ڕۆژێکی نوێ هێناوەتەکایەوە. ئارا کە خۆی زۆر حەز بە جیهانی باڵندە و ئاژەڵ دەکات، ئارەزوویەکی زۆر خۆش لەم نەغمانە وەردەگرێت و جارناجارێکیش لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی درەختەکانی بەردەمی ماڵیان دەکات و بۆ ئەو خۆشئاوازە دەگەڕێت کە دەنگێکی سەرسوڕهێنەری هەیە. وەک پیشەیەکی هەمیشەیی کە ئارا و تریفە بەیانییان زۆر حەز بە خواردنی سەموونی گەرم و ماست و پەنیر دەکەن، ئارا فڕنی تەباغەکەیان دادەگیرسێنێت و ئامادەی دەکات بۆ گەرمبوون، هەتا سەموونی پێببرژێنێت. وەک تریفە هەموو جار دەڵێت: ڕاستە خۆ ئێمە دوکانی "بێکەڕای" لە خوار ئەپارتمەنەکەمانەوەیە، بەڵام هیچی وەک ئەوەنییە کە خۆت سەموونی گەرم لە

فڕنەکەت دەربهێنیت بەتایبەت بۆ ژەمی بەیانیی. پاش کەمێک فڕنەکە گەرم دەبێت و ئامادەیە بۆ برژاندن، ئارا چەند سەموونێک لە بەفربەستەکەیان دەردێنێت و کەمێک تەڕیان دەکات و دەیانهاوێتە ناوفڕنەکەوە. پاشان وردەوردە کەلوپەلەکانی تر دەباتە ژووری دانیشتنەکەیان و لەسەرمێزەکە بەشێوەیەکی جوان دەیانڕازێنێتەوە بۆ خواردن. هێندەنابات تریفە لە مووبەقەکەدا دەردەکەوێت و ئارا بە پێکەنینێکەوە دەڵێت: کچە ئەوەندەت پەلەیە بڕۆیتەوە چ وا زوو دوشتکرد؟

تریفە بە بزەیەکەوە دەڵێ: جا خۆ تۆ نەهاتیت بمشۆیت، منیش بە تەنها ئارەزووم نەبوو، هەرخێرا وەک منداڵێکی لاسار کە دایکی بەزۆر دەیکاتە گەرماوەوە بۆ خۆشتن، کە چۆن بەپەلە دەستێک لەخۆی ئەدات و دێتەدەرەوە، کاتێک دەزانێت سەری هێشتا کەفی شامپۆی پێوەماوە، توومەس هێندەی پەلەبووە بێتەدەرەوە هەر تەماشای لەشی کردووە کە کەفی پێوە نەماوە. پاشانیش ئارا گیان قژم کۆکردەوە نەمشت، بەس لەشم شتووە.

ئارا ماچێکی تریفە دەکات و دەڵێ: باشە منداڵە لاسارەکەم، خۆ هەر بانگێکت بکردمایە دەهاتم.

تریفە لچەکانی وەک منداڵ ئەدات بەیەکدا و دەڵێ: هم، جا خۆ دەبێت خۆت بیزانیت، مەلعون. لەپڕ تریفە هاوار دەکات و دەڵێ: ئارا خێراکە فریای سەموونەکانت بکەوە سووتا.

ئارا بە پەلە دەست دەبات بۆ دەستگرێک و دەرگای فڕنەکە دەکاتەوە و سینییە سەموونەکە دەردێنێت و لەسەر تەختەیەکی سەوزەجنینی دادەنێت. تریفە دادەنەوێتەوە و فڕنەکە دەکووژێنێتەوە. ئارا دەڵێ: باشە ئەمجارەشیان ڕزگارمان بوو لە سووتانی سەموون.

تریفە دەچێتە لای سەموونەکان و لە سەبەتەیەکی قامیشی چکۆلانەی دەکات و بە پەڕۆیەک دایان دەپۆشێت هەتا ساردنەبنەوە. پاشان ڕوودەکاتە ئارا و دەڵێ: نانخواردنێکی بەیانییان بەبێ سەموونی گەرم، بەیانیییەکی ونبووە. تریفە سەموونەکان دەباتە ژووری دانیشتنەکە و لەسەر مێزەکەی دادەنێت و دەگەرێتەوە بۆ مووبەق بۆ لای ئارا. دەرگای دۆڵابە سپییە هەڵواسراوەکە دەکاتەوە و دوو کووپی شیینی گەورە بۆ کافێ خواردنەوە دەردێنێت و دەڵێ: ئارا گیان پێمواببێت هیچمان نەماوە تۆ سوراحییە کافێکە و کووپێ شیر بهێنە ئیتر هیچمان ناوێت هەموو شتت بردووە بۆ ئەودیوو.

ئارا لە سەلاجەکەدا پاکەتێک شیر دەردێنێت و کووپێکی دەم سووراحیی لێپڕدەکات و پاکەتەکە دەکاتەوە ناوسەلاجەکە. پاشان دەست ئەداتە کافێکە و پێکەوە لەگەڵ تریفە دەڕۆنە ژووری دانیشتنەکە و لە تەنیشتی یەکەوە بۆ نانخواردن دادەنیشن. ئارا کووپێک کافێ بۆ تریفە تێدەکات و کووپێکیش بۆ خۆی، تریفە لەسەر مێزەکە دەروانێت و تەماشا دەکات شەکریان نەهێناوە، هەڵدەستێتە سەرپێ و دەیەوێت بڕوات شەکر بهێنێت. ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و دەڵێ: چێوە دەچیت گوڵم؟

تریفە بەدەم ڕۆیشتنەوە دەڵێ: شەکرمان بیرچووە ماڵەکەم.

ئارا داوای لێبووردن لە تریفە دەکات و دەڵێ: من چوونکە خۆم شەکر ناخۆم، هەموو کات یادم نییە شەکر بهێنم لەکاتێکدا کە بمانەوێت کافێ بخۆینەوە.

تریفە زوو دێتەوە ژووری دانیشتنەکە و لە تەنیشتەوە ماچێکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئەرێ ئەوە تۆ بۆچی دەبێت بۆ هەموو شتێک داوای لێبووردن بکەیت؟ پیاوی وەک تۆم نەدیووە، جا خۆ ئەگەر هەموو پیاوی دونیا وەک تۆ وابوایە هیچ ژنێک لە مێردەکەی جودا نەدەبۆوە و ڕای نەدەکرد. بزانە وا بۆ ساڵێک دەچێت من لەگەڵ تۆدا دەژییم لەگوڵ کاڵترت پێ نەگووتووم، تەنانەت تووڕەبوونێکی چکۆلانە چییە لێم نەدیوویت.
ئارا دەستێک بە ڕوومەتی تریفەدا دێنێت و دەڵێ: هێندە هەستدەکەم من زۆر جیاوازترم لە خەڵکیی، بەدوورم لە دڵپیسیی و شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکیی، بەڵام تریفە گیان ژییان شایەنی ئەوەیە بۆی پێبکەنیت، جا جیاوازیی من و شەهاب چییە، ئەگەر منیش هەمان ڕەفتارت لەگەڵ بکەم؟ من هەر وابووم، هەمیشە دژی شەڕ و ئاژاوە و ناخۆشیی بووم. ئارا و تریفە ماوەی کاتژمێرێکی ڕێک بەنانخواردنی بەیانیییەوە بەسەردەبەن. دوای ئەوەی کەمێک پشوو لە قسەکردن ئەدەن، تریفە هەڵدەستێت دەچێتە لای "سی دی پلەیەر"کە و سی دییەکی عەزییزی شارۆخیی دەکاتەسەر و هەر لەگەڵ نۆتەی یەکەمین مۆسیقاوە، هەر لەگەڵ یەکەم دەنگی ژەنینی دەفەوە لەسەر چۆک دەکەوێتە لاوانەوەی سەری، تریفە وردە وردە هەورێکی خەمباریی بەری چاوی دەگرێت و هێدی هێدی فرمێسکە کریستاڵیییەکانی بە ڕوومەتە ئاڵەکانیدا دێتەخوارەوە، ئارا لەسەر کورسیییەکەیەوە سەرنجی تریفە ئەدات و ڕوومەتەکانی دەکەونە لەرزیین. هەر لەگەڵ یەکەم دەنگ هەڵبڕینی عەزییزی شارۆخییدا " چۆن بۆم دەکرێ لەبیرت بکەم؟ چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت بکەم؟ چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت بکەم؟ گیان. تریفە ئەیداتە پڕمەی گریان و دەکەوێتە لاوانەوەی کەساسیی و بەدبەختیی و بێچارەیی خۆی. تریفە هەتا زیاتر تەماشای ئارا بکات پڕمەکانی بەکوڵتر دەبێت. ژەنینی دەفی مۆسیقاکەی عەزییزی شارۆخیی بەشێوەیەک کار لە تریفە دەکات کە وەک پەڵەیەکی تەڵخی سەرەبەهار بەخوڕ فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتەخوارەوە. هێندەنابات ئارا بە دەنگێکی بڵند ئەیداتە پڕمەی گریان و بە چنگەگرێکێ خۆی دەگەیەنێتە لای تریفە و باوەش دەکەن بە یەکتردا و لەگەڵ عەزییزی شارۆخییدا گۆرانیییەکە بە گریانەوە دەڵێنەوە. ئارا و تریفە کۆنسێرتێکی درامیی وەهایان سازکردووە، مەحاڵە هەر کەسێک لە دوورەوە بیان بینێت و نەیداتە پڕمەی گریان، یان چ نەبێت فرمێسک نەبێتە میوانی چاوەکانی. خۆشەویستیییەک بەم شێوەیەی ئارا و تریفە مەگەر هەر داستان و ڕۆمانەکان بیگێڕنەوە. ئارا و تریفە لە باوەشی یەکتردا بەدەم پڕمەی گریانەوە لە دوو مەلی تەڕ و تەرەی پاییز دەچن کە لەسەر لقی درەختێک لایاندابێت و سەری کزیان نابێت بەسەری یەکەیەوە. ڕاژەنینی جەستەیان لەباوەشی یەکتردا هونەرێکی لاوانەوەی وەهای پێوەدیارە مەگەر هەر دایک ئەوها بۆ مەرگی ڕۆڵەی خۆی گریابێت. کاتێک گۆرانییەکەی عەزییزی شارۆخیی تەواو دەبێت، ئارا و تریفە سەردەخەنە سەرشانی یەکتر و توند یەکتر لەباوەش دەگرن. بێدەنگیی ماوەیەک باڵی بەسەر ئارا و تریفەدا ڕادەکێشێت، بێجگە لەوەی بە جەستە و دڵ گوێ لەهەناسەدانی یەکتر و گوێ لە ترپەی لێدانی دڵی یەکتر دەگرن هیچ وشەیەکی تر لە زاریان نادێتەدەرەوە.
پاش کەمێک تریفە سەری لەسەر شانی ئارا لادەبات و دەڵێ: ئارا گیان هەستە ماڵەکەم

دەمەوێت بچم کەمێک دەمووچاوم بشۆم.
ئارا قۆڵەکانی لە قەدی تریفە دەکاتەوە و سەری لادەبات و بە لاوازییەکەوە بە قنەخشکێ لە تریفە جیادەبێتەوە.
تریفە هێز ئەداتە خۆی و هەڵدەستێت و دەڕوات بۆ ژووری "باد"ەکە و دەمووچاوی دەشوات و کەمێک لە ئاوێنەی سەردەستشۆرەکەدا تەماشای خۆی دەکات و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، سەرێک ڕادەوەشێنێت و ئەوسا بە خاولییەکی چکۆلانە دەمووچاوی وشکدەکاتەوە و دێتەوە بۆ لای ئارا. تریفە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئارا گیان بمبوورە ئەیزم لە دوێنێوە هەتا ئێستا من زووخاوی دونیام کرد بە دڵی تۆدا، لە ناخی دڵمەوە خۆم بە تاوانبار دەزانم، تکایە بمبوورە.
ئارا تەماشایەکی تریفە دەکات و هەڵدەستێتە سەرپێ و دێت لە تەنیشت تریفەوە دادەنیشێت و دەستێک بە ڕووخساری تریفەدا دێنێت و دەڵێ: نا ئەزیزم وا مەڵێ، ماڵەکەم ئەدی ئەگەر ئێمە خۆشیی و ناخۆشییمان یەک نەبێت ئیدی بۆچیی دڵدار بین؟ بۆچیی هاوڕێ و هاوسەر و هاوخەمی یەکبین؟ پاشانیش ماڵەکەم ئێمە ئەوە بۆ ماوەی یەک ساڵە ڕاهاتووین لەگەڵ ئەم بارو‌ودۆخەدا. ئێمە لە گیسکەکەی هەیاسی خاس دەچین، دەمێک لەڕ و دەمێک قەڵەو، دەمێک پێدەکەنین و لە لووتکەی دڵخۆشییداین و دەمێکیش لە ناسۆرترینن شیوەنداین. کەواتە ئەمە شتێکی نوێ نییە چ بۆ من چ بۆ تۆ.
تریفە باوەشێک بە ئارادا دەکات و دەڵێ: خودایە تۆ چییت؟ خودایە بۆ ناهێڵیت ئاسوودە لەگەڵ ئارادا بژییم؟ خودایە تاوانم چیی بوو؟
ئارا دەستەکانی دەکاتە باوەشێک بۆ ڕوومەتەکانی تریفە و دەڵێ: من دەچم دەمووچاوم دەشۆم و دەڕۆم، نامەوێت، کە ئەو پیاوە هات من لەماڵ بم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە تۆ دەڕۆیت و ئیتر هیچ ئاگامان لەیەک نابێت. تکایە هەر ئیمرۆ تێلێفۆنم بۆ بکە، دەمەوێت لە هەواڵت ئاگادار بم.
تریفە بە ڕووخسارێکی خەمبارەوە بە ئارا دەڵێ: وا دەکەم ئارا گیان وا دەکەم.
ئارا دەڕواتە بادەکەوە و دەمووچاوی دەشوات و بە خاولییەک دەمووچاوی وشکدەکاتەوە و کەمێک بۆن ئەدات لە بن گوێچکەکانی و دەڕواتە ژووری نووستنەکەیان پانتۆڵ و کراسێکی ڕەش لەبەردەکات و دێتە ناوهۆڵەکەوە پێڵاوەکانی لەپێ دەکات و دەڵێ: تریفە گیان من دەڕۆم، دڵنییام کەمێکی دی ئەو پیاوە دەگاتە ئێرە.
تریفە دێتە هۆڵەکەوە و تەماشای ئارا دەکات و ماوەیەکی کورت بە بێدەنگیی تەماشای یەکتر دەکەن و پاشان توند باوەش بەیەکتردا دەکەن و تێر تێر ناودەمی یەک دەمژن و تێر ماچی یەک دەکەن و ئەوسا تریفە دەڵێ: مەگەر بمرم دەنا هەردێمەوە لات.
ئارا بزەیەک دێتە سەرگۆنای و تریفە بەجێدەهێڵێت و دەرگاکە دەکاتەوە و دەڕوات.
پاش چەند خولەکێک مێرسیدسێکی ڕەشی قەترانیی لەبەردەم دەرگای ماڵی ئارا و تریفەدا ڕادەوەستێت و شەهابی کۆنە مێردی تریفە دادەبەزێت و دەرگای سندوقی ئوتۆمبیلەکەی هەڵدەداتەوە و سەرێک هەڵدەبڕێت بۆ پەنجەرەکەی ماڵی ئارا و تریفە لە پەنجەرەکەدا

دەبینێت. تریفە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: دەبێت بەرگەی ئەم ئازارەش بگرم، دەست دەداتە جانتاکانی و سەرەتا هەر بە ناوماڵەکەدا دەڕوانێت و دەست بە دیوار و قەنفە و کەلوپەلەکاندا دەهێنێت. پاشان هێز دەداتە خۆی و لە ماڵەکە دەچێتە دەرەوە و دەگاتە لای شەهاب و شەهاب سڵاوی لێدەکات و تریفە وەڵام ناداتەوە. تریفە جانتاکانی لە سندوقەکە دەنێت و دەڕوات لە دواوە دادەنیشێت و ئەوسا شەهابیش دەرگای سندوقەکەی دادەخات و دێتەوە ناوئوتۆمبیلەکەیەوە و پێی پێدا دەنێت و لە کۆڵانەکەدا دەردەچن و وندەبن.

IIIIII

بەرەبەیانێکی ڕۆژی یەکشەممەیە، ئارا بەدەم تەپ و تلی شەوێکی پڕ خەمباریی و پەشێوییە هێندەنابێت خەو چۆتەچاوەکانی، زەنگی تێلیفۆنێکی شپرزە ئارا بەئاگا دێنێت. ئارا چاوخەواڵو و ماندوو شەکەت بەتانییەکە لەسەر خۆی لادەدات و دەست درێژ دەکات بۆ تێلیفۆنەکە و هەڵی دەگرێت. بەدەنگێکی خەواڵووەوە دەڵێ: بەڵێ فەرموو:
نووزەیەک لە تێلیفۆنەکەوە دێت و کەس قسەناکات. ئارا دیسان دەڵێت: فەرموو بەڕێزم تۆ کێیت؟

دیسان بێجگە لە نووزەیەک هیچی تر نادێتەگوێ. ئارا هەمدیسان دەڵێ: بەڵێ فەرموو:

ئەمجارە دەنگێک بە گریانەوە دێت و دەڵێ: ئا ر ا.

ئارا تووشی سەرسووڕمانێک دەبێت و دەڵێ: بەڵێ گیانە فەرموو تۆ کێیت؟

سەرەتا قوڵپی گریانێک درێژە بە شانۆی تێلیفۆنەکە دەدات و پاشان بە نووزەوە دەنگەکە دەڵێ: ئەزیزم خۆت دەزانیت ئەوە وا دوو ساڵ بەسەر مەرگی " چۆپیی"دا تێدەپەڕێت و منیش هێشتا هەر بەرکوڵم و ڕووم تەڕن. هێشتا کانیی چاوەکانم دەڵێی تازە لە پەڵەی سەرەبەهاردا تەقیوون. چۆپییەک لە وێنەی سێوی باخەکانی دوورگەی "ئارگۆس"ی وڵاتی یۆنان دەچوو، هێندە ئاڵوواڵ و هێندە ناسک. ئاخر بۆچیی دەبێت چارەنووسی کچێکی بیستویەک ساڵە بە هەڵواسینی خۆی کۆتاییی پێ بێت؟! ئاخر بۆ؟!! ئارا گیان، ئەوە ماوەیەکی زۆرە هەرچی ئیمایل بۆ چۆپیی دەنێرم بۆم دەگەڕێتەوە سندووقی پۆستەکەی پڕبووە هیچی تر ناگرێت. بەڵام من دڵنییام چۆپیی لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خەوی لێکەوتووە، بۆ ئەم ماوەیە "چێک مایل" ناکات. تۆ دەبێت هەر سبەی زووتر نییە بفڕیت بۆ "ڤانکۆڤەر" لە دەرگای ماڵەکەیان بدەیت و هەڵیبستێنیت لەخەو. من دڵنییام خەوی لێکەوتووە. قوڵپەیەکی گریانی درێژ سەرتاپای گیانی ئارا دەتەزێنێت. ئارا دەڵێ: ڕەنجەگیان تۆیت؟ ڕەنجە؟

ڕەنجە پرمەی گریانێک لێدەدات و دەڵێ: ئارا گیان بمبوورە وا دەسووتێم خەو نادێتە چاوەکانم. ڕەنجە تێلیفۆنەکە دادەخاتەوە و تووتەتووتی تێلیفۆنەکە ئارا سەرسام دەکات. ئارا پاشان چەند زەنگ بۆ ڕەنجەلێدەدات ڕەنجە وەڵامی تێلیفۆن ناداتەوە. ڕەنج کوڕێکی باڵا مام ناوەندیی خوێن گەرمی گەم ڕەنگە. چاوەکانی ڕەنگی حەڵوای وڵاتیان هەیە. ڕەنج لەگەڵ چۆپییدا هاوتەمەن بوون، ئەمەش وەهای کردبوو زۆر هۆگری یەکبن. وا دوو ساڵ

بەسەر مەرگی چۆپپیدا تێدەپەڕێت بەڵام لای ڕەنجە هێشتا چۆپپی هەڵم لە لاشەی هەڵدەستێت. بەڵام لای ڕەنجە هێشتا چۆپپی لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خەوی لێکەوتووە. ڕەنج هەندێ جار شێتانەبوو بیرکردنەوەی، لەلایەک پێدەزانێت ئەوا دوو ساڵ بەسەر مەرگی چۆپپیدا تێدەپەڕێت، لەلایەکیشەوە هێشتا باوەڕناکات چۆپپی مردبێت. ئەمەش سەرەتای بەرەبەیانێکی ڕۆژی یەکشەممەی ئارایە. لەکاتێکدا خەڵکانی خۆشبەخت تازەبەتازە لە گەڕان و گەشت و ڕابواردن دێنەوە بۆ ماڵەوە و دەچنە باوەشی خەوێکی قورسەوە.

مانگی سێپتێمبەر هێدی هێدی هەنگاوەکانی خێراتر هەڵدەهێنێتەوە، درەختەکان یەک لە ڕەنگی بزرکاوی یەکدی دەڕوانن، شەقام و کۆڵانەکانی شار وردەوردە بە ماچی پرچی وەریووی درەختەکان ئاشنا دەبن، شنەباڵی مەلەکان بە ئاسمانەوە لەگەڵ "با"ی مانگی سێپتێمبەردا لە کۆلارەیەکی لەنگەرگرتوو دەچن، وەک ئەوەی لانەیان لێ ونبووبێت و بۆی بگەڕێن. ئیمڕۆ ڕۆژی یەکشەممە و یەکی سێپتێمبەری ساڵی 1996 ە، سەرەتای سێپتێمبەرێکی سەرسوورهێنەر بەردەمی ماڵەکەمی گرتووە. وەک ئەوەی بڵێیت هەرچیی ڕووداوەکانی ئەم دواهەمیین ڕۆژانەی ئاب بووە ئاسایی نەڕۆیشتبن بەڕێوە، ئاوها وەدەردەکەوت. دوێنێ شەو لەگەڵ بیستنی هەواڵی شکاندنی پشتی تریفەدا، هەتا بەرەبەیان کەروێشکەخەوم بوو. لەو چەند ڕۆژەی ڕابورددا، هەواڵەکان بەسواری پشتی هەوری خەنجەر و چەقۆ دەگەیشتنە گوێکانی ئارا. کووشتنی نەسرین بەدەستی باوکی و پەخشانە جەرگبڕەکەی "گەشاو" و تێلیفۆنەکەی"ڕەنج" لە لەندەنەوە و شکاندنی پشتی تریفە لەناکاودا کارێکی ئاسایی نەبوو. شتەکان ڕێکەوت نین، بگرە هەموویان لە هۆکارێکەوە سەردەردێنن. ئاخۆ ئەم هەموو ئازارانە بۆ؟ ئاخۆ ئەم هەموو سوێیانە بۆ؟ تۆ بڵێی مرۆڤی دیکەش هەبێت وەک ئێمە ئەوها خەمبار و دڵتەنگ؟ ئاخۆ دەبێت هەواڵی "ڕەنج" چۆن بێت، دوای ئەوەی تێلیفۆنەکەی لەگەڵ مندا داخستەوە؟! ئاخر ئەوە بەم کازیوەی بەیانییە، کام پەخشانی سوێری دارەوانە بەدرەختی ڕووتەڵەی پاییزی تەمەنما هەڵدەگەڕێ؟! کام هەواڵی گڕخواردووی وڵاتە گەرووی بیرکردنەوەم بەم بەرەبەیانە ئەسووتێنێ؟! کام ڕەشەبا و شەستە و ڕەهێڵەی وەرزی تارییکییە هێشوو بە هێشووی بەرسیلەی مێوی دڵم ئەوەرێنێ؟!

ئارا بە ڕووتیی لە جێگاکەی دێتە دەرەوە و دەچێتە بەردەمی پەنجەرەکەی و کەمێک پەردەکە لادەدات و تەماشایەکی کۆڵان دەکات. گڵۆپە زەردەکەی بەردەم باڵکۆنەکەی ئارا هێشتا ئەسووتێت و تاک و تەرا پاسارییەکان و خۆشئاوازەکانی گەڕەک بەسەر ئەنتێنەکانی ماڵانەوە و بەسەر لق و پۆپی درەختە پۆشتەوپەرداخەکانی کۆڵانەوە جریوە جریوویانە. ئارا پەردەکە دادەداتەوە و دەچێتە دوشەکەیەوە، سەرەتا ڕادیۆ چکۆلانە هەڵواسراوەکەی ناودوشەکە دەکاتەوە و گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت. دوشەکەی ئارا وەک ماڵە کۆنەکەی گەورە نییە، هەرچەندە لەم ماڵەیدا بادێکی کەمێک چکۆلانەی هەیە، کە لە خانووەکەی ئەو لای بادی نەبوو، بەڵام هێشتا ئەم بادە بۆ باڵای ئارا نابێت و بچکۆلانەیە بۆی. ئارا وردە وردە ئاوی دوشەکە دەکاتەوە هەتا کەمێک گەرم دەبێت، ئەوسا دەچێتە ژێر دوشەکەوە و هەتا ئارەزووی بێت لەژێریدا ڕادەوەستێت و ئەوسا کەمێک شامپۆ لە قژی

ئەدات و دەستدەکات بە شووشتنی قژی. ئارا لەگەڵ دەنگی مۆسیقای ڕادیۆکەدا لەبەرخۆیەوە دەنگێکی لێدێت وەک ئەوەی گۆرانییەکە لەگەڵ ڕادیۆکەدا بڵێتەوە وەها وەدەردەکەوێت. پاشان وردە وردە دەستدەکات بە شووشتنی لەشیی و دیسان ئاوێکی نیمچە گەرم دەکاتەوە و دەچێتە ژێر دوشەکەوە و ئاوێکی زۆر بەخۆیدا دەکات. پاش ئەوەی ئارا لە دوشکردن دەبێتەوە دەست دەبات بۆ ڕۆبە سەوزەکاڵەکەی و لەبەریدەکات و لە دوشەکەی دێتە دەرەوە. ئارا بێ ئەوەی قژی وشکبکاتەوە ڕاستەوخۆ دێتەوە ژووریّ و دەرگای باڵکۆنەکە دەکاتەوە و دەچێتە نێو باڵکۆنەکەوە ڕادەوەستێت. ئارا بە پێوە لەناو باڵکۆنەکەدا وەستاوە و هەڵم لە سەرتاپای گیانی هەڵدەستێت. ئێستا بەم بەرەبەیانەی ڕۆژی یەکشەممە پێدەچێت ئارا تاکە کەس بێت لەگەڕەکەکەیاندا بەم بەیانییە زووە بە ئاگا بێت و دوشیشی کردبێت. پاش کەمێک ئارا دێتەوە ژووریّ و دەرگای باڵکۆنەکە بە کراوەیی بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە موبەقە چکۆلانەکەی و کافییەک لێدەنێت. ئارا وەک ئەوەی لە دەریادا لەدایک بووبێت وەها پێناس دەکرا. یەکەم بەوەی کە زۆر دوش دەکات و زۆر حەزی بە ئاوە دووهەمیش کە زۆرینەی کەلوپەلەکانی ناوماڵەکەی شیین بوون. بێت و چەرچەف و سەریین و دۆشەک شیین بوون. قاپ و کەوچک و چەتاڵ و چەقۆ و کووپ شیین بوون. کافیّ ماشینە شیین بوو، خاولیی زۆرینەیان شیین بوون. بۆیە بەم بەیانییە لە مووبەقەکەیدا دەستی دەدایە هەر شتێک شیین دەهات بە دەستییەوە، هەموو کاتێکیش هەرچیی پرسیاری لێبکردایە بۆچیی ئەم هەموو شتانە شیینن؟ ئەو بە ئارامییەوە دەیگووت شیین بەختەوەرت دەکات. پاش کەمێک کافیێکەی تەواو دەبێت و دەیکاتە کووپێکی شیینەوە و کەمێک شیری تێدەکات و بەبێ شەکر لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە ژوورەوە بۆ خواردنەوە. هەر لە ڕێگاوە قوومێک ئەدات لە کافیێکە و دەڵێ: هەممممم خۆشە. پاشان دێتەوە ناو جێگاکەی و باڵکۆنەکە هەر بە کراوەیی بەجێدەهێڵێت. هەوایەکی فرە فێنێک دێتە ژوورەوە و ئارا زۆر ئارام دەبێت بەم گەشەی بەرەبەیان. لە جێگاکەیدا بە قنەوە دادەنیشێت و بەتانییەکەی ئەدات بەسەر قاچیدا و دەست دەبات پەڕتووکێکی "ئێمانوێل کانت" لەسەر مێزەکەی تەنیشت بێتەکەیەوە دەردێنێت و دەستدەکات بە خوێندنەوەی. ئارا ئەم پەڕتووکەی نزیکەی دوو مانگە بەدەستەوەیە بۆ خوێندنەوە، بەڵام هەموو جارێک پێنج بۆ "دە" لاپەڕەی لێدەخوێنێتەوە، ئیتر هەتا جارێکی تر دەستی ئەداتەوە بە نیوەچڵیی وازی لێدێنێت. تێزەکانی کانت هەموو کات وا لە ئارا دەکات کە بیری بۆ چەند شتێکی سەیر و بایەخپێدراو بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاستەوخۆ حەز بە گفتووگۆ دەکات. بۆیە دوای ئەوەی قوومێکی تر لە کافیێکەی دەدات، دەستدەداتە تێلێفۆنەکە و تێلێفۆن بۆ تریفە دەکات لە لەندەن. تریفە ئێستا لە شیرینیی خەودایە و ژێرکراسێکی سپیی کورتی هەتا سەرووڕانی لەبەردایە و نیوەی بەتانییەکەی لەسەر لەشی لاچووە و ڕانە سپیی و سۆڵەکانی بەدەرکەوتوون. میلۆدیی تێلێفۆنەکە تریفە لە خەو بەئاگا دێنێت و بەدەم خەوەوە کە هیچ ئارەزووشی نییە چاوەکانی هەڵبهێنێت دەڵێت: بەڵێ:

ئارا بەیانیی باش لە تریفە دەکات و دەڵێ: تریفە گیان بمبوورە لە خەوم کردیت ئەزیزم.

تریفە باوێشکێک دەدات و دەڵێ: ئارا گیان ئەوە خوا گرتوویتیی بەم بەرەبەیانە تێلێفۆن دەکەیت؟
ئارا نەرمە پێکەنینێک دەکات و دەڵێ: تریفە گیان، من لە پێنجی بەیانییەوە وەکوو سەرباز هەستاوم لە خەو. چیبکەم ئەمەش بەدبەختییە، ئەگەر بەدبەختیی نەبێت کەست دیووە بە پێنیجی بەیانیی بەتایبەت لە ڕۆژی یەکشەممەدا لە خەو هەستێت؟
تریفە زۆر بە سادەیی و بەدەم خەوەوە دەڵێ: ئا
ئارا دەڵێ: کێ؟
تریفە دیسان باوێشکێک دەدات و دەڵێ: تۆ.
ئارا دەڵێ: وەڵامەکەت ڕاستە من. بەڵام تریفە گیان، منیش لەگەڵ تۆدا لەخۆم ڕادەبینم لە هەموو کاتەکاندا تێلێفۆنت بۆ بکەم، ئەویش دەزانم ئێستا لە لەندەن خانووی خۆتت هەیە و تەنیا دەژییت. ئارا بەردەوامیی بە قسەکردن دەدات ماوەیەکی درێژ بەبێ وەستان ئەدوێت، پاش ئەوەی ئارا هیچ وەڵامێک لەلای تریفەوە نابیستێت هەستدەکات کە ئیتر تریفە دیسان خەوی لێکەوتۆتەوە. ئارا بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای تێلێفۆنەکە دەکات و دەڵێ: ئارا شێت بەم بەیانیی‌یە خەو لە خەڵکیی بۆ تێک دەدەیت؟
تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە و چەند قوومێک لەسەریەک لە کافێکەی دەدات و دەستدەکاتەوە بەخوێندنەوە. دەنگی مۆسیقای ڕادیۆکەی ژووری دوشەکە بە نەرمیی دەگاتە گوێی ئارا و گەشێکی جوانی بۆ بەردەوامییپێدانی خوێندنەوەی ئارا ڕێکخستووە. ئارا نزیکەی کاتژمێر و نیوێک زیاتر بەخوێندنەوەوە خەریکدەبێت، کاتێک دەست بۆ کافێکەی دەبات تەماشادەکات کووپەکەی بەتاڵبووە هەڵدەستێت دەڕواتە مووبەق کووپێک کافێ تێدەکاتەوە و دێتەوە بۆ سەرجێگاکەی. دوای ئەوەی کەمێکی دی دەچێتەوە قوڵایی خوێندنەوەوە میلۆدیی تێلێفۆنەکەی لێدەدات و ئارا تێلێفۆنەکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو:
تریفە بە نازێکی خەواڵووەوە دەڵێ: ئارا گیان ببوورە ئەوە پێموابێت خەوم لێکەوتبوو لەکاتی قسەکردندا.
ئارا نەرمەپێکەنینێک دەکات و دەڵێ: بەڵێ خەوت لێکەوتەوە ماڵەکەم، تکایە تۆ لە من ببوورە کە بەو بەیانییە زووە بێزارمکردیت. بەڵام چیبکەم خۆت دەمناسیت، من شەرم لەتۆ ناکەم، بۆیە ڕێگا بەخۆم ئەدەم لە هەموو کاتەکاندا تێلێفۆنت بۆ بکەم.
تریفە دەڵێ: بێگوومان ئارا گیان لە هەموو کاتەکاندا دەتوانیت تێلێفۆن بکەیت بۆم. بەڵام ببوورە، باوەڕت بێت ئەوەندە خەوەکەم خۆش بوو، بگرە ئارەزووشم نەبوو چاو هەڵبهێنێم. بۆیە هەر نازانم چیت گووتووە و کەی هەستتپێکردووە کە من خەوم لێکەوتۆتەوە؟! دیسان ببوورە ماڵەکەم ئارا گیان.
ئارا قاقایەک لێدەدات پەڕتووکەکەی دەستی لەسەر مێزەکەی تەنیشتییەوە دادەنێت و دەڵێ:
 کێشە نییە تریفە گیان، ئەوەش دەبێت. بەڵام منێکی شێتووێت بەم بەیانییە زووە دانەسەکنیم هەتا تۆ کەمێک تێرخەو بیت ئەوسا زەنگێکت لۆ لێبدەم. من خۆم زۆر حەز بە خەوی یەکشەممان دەکەم هەتا دەمەونیوەڕۆ. وەلێ ئیمڕۆ بۆم نەهات، خەمێک ئێخەی گرتم

و منیش ئێخەی تێلێفۆنەکەم گرت. باشتر بێژم ئێخەی خەوەکەی تۆم گرت. بەهەرحاڵ تریفە گیان، ئێستا تێرخەو بوویت؟

تریفە جارێکی تر خۆی دەکێشێتەوە و بەتانییەکە لەسەر خۆی لادەدات و ڕانە سپیی و جوانەکانی دەردەکەون و دەڵێ: باشە خراپ نییە، بەڵا ئەگەر تێلێفۆنت نەکردایە دڵنییام هەتا دوانزدە دەنووستم، لێی دەبوومە عەبدەخەوە.

ئارا دەڵێ: دە باشە کچی جوان، بەسیە ئیدی تانەم لێ مەدە، هەر دڵدارەکەی جارانتم. بمبوورە جارێکی دی.

تریفە ئەیداتە پێکەنین و دەڵێ: فایەق بێکەس ئەو هۆنراوەیەی بۆ نەتەوەکەی نووسیی بوو، ئەتۆش وەک یاریی هەڵگێڕانەوە بە پانتایی زمانت وەک سەدفلسیی کۆن، هەڵتگێڕایەوە لە بۆ من، بۆ داوای لێبووردنێک. هەر بژییت تریفە بۆ خۆت و بۆ کاردانەوەت.

ئارا پێدەکەنێت و دەست بە ناوقژیدا دێنێت و دەڵێ: تریفە گیان چیی بکەم لە تۆ زیاتر لە خۆمدا ڕانابینم لە کاتێکی وەهادا تێلێفۆن بۆ کەسێکی تر بکەم. لەو باوەڕەدام ئەتۆش بوویتایە هەر وەهات دەکرد. بەهەرحاڵێک، خۆت چۆنیت ماڵەکەم؟

تریفە پاڵی داوەتەوە بە پشتی بێتەکەیەوە و قاچێکی ڕاکێشاوە و قاچەکەی تری نووشتانۆتەوە و دەڵێ: ئارا گیان ئەگەر بڵێم باشم درۆ دەکەم، بەڵام چیی بکەم دەستەڵاتم نییە، لاوازییەکەی من ژنێتییمە، لەم کۆمەڵگا کوردییەدا وەک ژنێک ناتوانییت ئازاد بیت لە بڕیارداندا. هەرچەندە من بەشبەحاڵی خۆم توانیم زۆر سنور ببەزێنم، کە پێشتر بە خوێن خەتیان بۆ کێشا بوو. بەڵام هێشتا من هەر دیلم دیلی یاسا کۆمەڵایەتییەکان دیلی یاسا خێڵەکییەکان دیلی یاسا ئایینییەکان یاسا ئیسلامییەکان ... هتد. خۆشترین کاتەکانی ژییانم ئەو کاتانە بوون کە لەگەڵ تۆدا بووم، جوانترین یادگارم ئەو ڕۆژانەن کە لەگەڵ تۆدا بووم، ئەمە مێژووی ژییانی منە. دوارۆژ چیم بەسەر دێت نادیارە، چونکە هەتا ئێستا بوونم لێرە لەلای برا و خزم و کەسوکار تەنها خڵەتاندنی من و خافڵکردنی منە بە شتێکی هیچەوە. خەریککردنی منە بە ڕۆژی دوانزدە کاتژمێر کارکردنەوە تەنانەت هەندێجار پێویستە یەکشەممانیش کاربکەم. بێزارم زۆر هەتا بڵێی بێزارم. باوەڕم بە بوونی خودا نییە، بەڵام ئەگەر خودایەک هەبێت، ئەوا ئەم جوانییەی کە بە منی داوە بەس بە تەنها بۆ خەم و پەژارەیە و چدی نا. خۆزگە لە توێکڵەشووتی بەردەم مریشکێکی لاکۆڵان دەچووم بەڵام بەختەوەر بوومایە. هاکا زانیت وا سەری ساڵە، خۆ کات لەم ئەوروپایە وەک "با" دەڕوات. ساڵێکی تریش تێدەپەڕێنین و هیچمان بەهیچ نەکرد. نازانم کەی دەتبینمەوە، کە بتبینمەوە چۆن دەتبینمەوە؟ وەک هاوڕێیەک؟ یان وەک دڵدارێک؟ یان دەبینە ژن و مێرد؟ یان هەر ناتبینمەوە؟ یان لە حەسرەتی ئەم چەوسانەوەیەمدا دڵم لە لێدان دەکەوێت؟ من ناڵێم خۆکووشتن، چونکە پێشتر بیرم لە خۆکووشتن دەکردەوە، بەڵام بیرێکی هەڵەیە خۆت گووتەنیی، خۆکووشتن فەوتانی خود و سەرکەوتنی ڕەقیبانە. بیریشت دەکەم زۆر، تەنانەت ڕۆژێکیان بە مام گووت زۆر بیری ئارا دەکەم! مام حەپەسا و تەماشایەکی کردم و هیچی نەگووت. ئەوسا زانیم کە قسەکەمی یان بە دڵ نەبوو یان ئەوەتا تاساندی. بەڵام ئارا گیان

باوەڕ بکە من چەند خەمی خۆمە ئەوەندەش خەمی تۆمە. قەیناکە تۆ پیاویت و هەندێک سنور هەیە تۆ وەک نێرینە لەناو کورددا دەتوانیت بیانبەزێنیت، بەڵام تۆ گیرۆدەی هەندێک مەراقی تریت. خەمی تۆ چارەنووستە، ئاخۆ دڵێکی وەها جوان و کەللەیەکی وەها بەجۆش و پاک بۆ ناحەوێتەوە؟ بۆ دەبێت تەنها بزنەڕێکانی چارەنووس ببنە مێژووی ژیانی تۆ؟! ئاخ ئارا گیان باوەڕبکە هەندێک جار وەختە لە پێستی خۆم بێمە دەرەوە. ڕۆژێک لەم ڕۆژانەی ڕابووردا، دوو پیاوی عەرەب هاتنە دووکانەکەمانەوە، خۆت دەزانیت لەندەن بڕووخێت بەسەر عەرەبدا دەڕووخێت، جا چ دانیشتووی ناولەندەن چ عەرەبی گەشتکەر لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە بەتایبەت. جا هەردوو کابرا بە عەگال و دیزداشەوە هاتبوون، کەمێک تەماشای جلوبەرگیان کرد و پاشان یەکێکیان هاتە لای من و بە ئینگلیزییەکی شەق و شڕ پێی گووتم ئەگەر تۆ ئیمشەو بێیتە لام بۆ هۆتێل ئەوا ئێستا هەرچییەک لەم دوکانەدایە دەیکرم. منیش زۆر سەیرم لێهات و حەپەسام و تەماشایەکی کچەکەی هاوکارم کرد و چوومە بەردەمی کابرای عەگال بەسەر و گووتم: بۆ دەرەوە. کابرا کەمێک مۆربۆوە ئاخر عەرەب چونکە ڕەشن و دێزن، مۆردەبنەوە کە تێکدەچن نەگ سوور. ئەوسا گووتی: چۆن بە من دەڵێی بۆ دەرەوە دەزانی من کێم؟

منیش گووتم هەرکەسێک بیت، حەزتدەکرد کوڕی خوا بیت، بۆ دەرەوە دەڵێم دەنا هەر بە شەق دەتکەمە دەرەوە، تەماشای چاوە شینەکانم و پرچە زەردەکەم مەکە، بۆ خەڵکانی وەک تۆ لە دڕک دڕکترم. هەر حەز بەو سەروپەتەڵاکەشت ناکەم بە چەفتە و عەگال و دیزداشەوە. حەزیشت لە سێکسە ئەوا چیی زۆرە لە لەندەن "نایت کلوب" زۆرە و پڕیشیەتی لە ژنی عەرەبیی، هەر لە ئێراقییەوە بیگرە هەتا مەملەکەتی عەرەبیی سعودیی. ئینجا کابرای عەرەب زیاتر تێکچوو دەستی کرد بە گیرفانی دیزداشەکەیدا و پاسپۆرتەکەی دەرهێنا و پیشانی دام گووتی تەماشابکە من برای ئەمیری قەتەرەم، تۆ گەورەترین شانسی خۆتت لەکیس دا. ئەوسا منیش قۆڵیم گرت و بە پاڵ کردمە دەرەوە، لە تەنیشت دوکانەکەمانەوە کناپیەیەک هەیە، چەندیین کوڕی گەنج دانیشتبوون کافێیان دەخواردەوە، هەبوو بیرەی لەبەردەمدا بوو، دڵنیام عەرەبیشی تێدا بوو، بەوانیشم گووت تکایە ئەم دوو پیاوە هێرشمان بۆ دەبەن مەهێڵن بێنە دوکانەکەمانەوە دەنا تێلێفۆن بۆ پۆلیس دەکەم. ئیتر دوو پیاوی کەتە و زل هەستانە سەرپێ و هاتن هەردوو عەرەبەکەیان لە دوکانەکەمان دوورخستەوە. جا ئارا گیان ڕۆژانە بەم ڕەفتارە دژوارانەوە لە لەندەندا بەڕاستیی سەختە ڕۆژانەت بەڕێوەبەریت. بەڵام چیی بکەم، چ نەبێت چاکترە لەوەی لەماڵەوە دابنیشم. باوەڕبکە تەنهایی و بێکاریی تووشی بیرکردنەوەی سەختت دەکات و پێدەچێت هەندێ جار هێرشی دەروونیشت بۆ بەرێت.

ئارا ڕووخساری پڕ بووە لە پێکەنین و چاوەکانی بریسکەیان دێت لە خۆشیی ئەو کاردانەوەیەی تریفە بەرانبەر بەو دوو پیاوە عەرەبە قەتەرییە هەیبووە. سەرەتا قاقایەکی نەرم لێدەدات و دەڵێ: تریفە بەڕاستیی شانازییت پێوە دەکەم، زۆر ئازایانە و زۆر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە کاردانەوەت بەرانبەر ئەو داوایەی برای ئەمیری قەتەر هەبووە. بەڵام تریفە

گیان، ئەمە کارێکی ئاساییە بۆ خەڵکانی خاوەن دەستەڵاتی عەرەب، جا لە هەر وڵاتێکی عەرەبییەوە بێنە دەرەوە بۆ ئەوروپا دەیانەوێت بەهێزی پارە ئەوی ویستیان بێت بیگەنێ. دیارە لە وڵاتەکانی خۆیاندا تەنها پێویستیان بە چاوسوورکردنەوەیەکە و بەس ئیدی کام ژن و کچیان بوێت لە چاوتروکانێکدا لە جێگاکانیاندایە. ئەو کاتانەی کە من دێمە لەندەن هەست ناکەم لە ئەورووپام، بەڵکووم هەست دەکەم لە جیهانی سێهەمدام و لە یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا. ئیدی لە سەنتەردا بۆ هەرکوێ دەچیت چێشتخانەی عەرەبیی و قاوەخانە و چایخانە و کورە نازانم چیی و ئەم هەموو نێرگەلە و عەگال و چەفتانە لەبەردەمی گازینۆ عەرەبییەکاندا دانراوە ئیدی خۆ هەست ناکەیت لە ئەورووپایت. بەڕاستیی مرۆڤیش هەتا وڵاتی بەریتانیا نەبینێت لە دوورەوە و بە فەنتازیای خۆی تەماشای ئەو وڵاتە بکات هەرگیز لەگەڵ ڕیالیتیتی بەریتانیادا خۆی نادۆزێتەوە. بۆ من بەریتانیا وەک وڵاتەکە خۆی ناوی زل و دێی وێران. من پێموایە دەوڵەتی بەریتانیی هەموو بوونیەتی خۆی لە کاری ڕامیاریی دەرەوەی وڵاتدا کۆکردۆتەوە و هیچ گرنگیی بە ناوەوەی وڵات نەداوە. بەریتانیا تاکە وڵاتە لە سەرتاسەری ئەورووپای خۆرئاوادا کە بەمشێوەیە بە جێگەی سەرسووڕمانی خەڵکیی ماوەتەوە. من پێموایە دانیشتوانی وڵاتی بەریتانیا لە وڵاتانی تری ئەورووپای خۆرئاوادا ناحەوێنەوە، چونکە ئەوان فێری پابەندبوونی یاسا نەبوون. لە بەریتانیادا یەک شت بەدی ناکرێت مەخابن دەنا سەد لە سەد قاڵبی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوەڕاستی خۆرهەڵاتدا پێکدەهێنا، ئەویش هاموشۆی ئازادانەی مەڕ و بزن و مانگاکانە بەنێو شەقامەکانی شار و سەنتەری شاردا. بەڵام تریفە گیان چیی بکەین ئەمە چارەنووسی ئێمەی کوردی پەراگەندەیە لە تاراوگەدا. لێرەش دوای چەندیین ساڵ ژییانی نەهامەتیی و ژێردەستەییی و چەوساندنەوە و زۆرلێکردنی دەوڵەتە یەک لە دووی یەک هاتووەکانی ئێراق، کەڵە پیاوانی کرکەوتوو لەسەر کلتوور و دابونەریت و عەشایەرگەریی ناهێڵن ئاسوودە بین ناهێڵن بە ئازادیی و بە ویستی خۆمان بژیین. تریفە گیان کوردایەتیی کرکەوتن نییە لەسەر هێلکەی دابونەریت و کلتوور. بەڵام چیی لەم خەڵکە دەکەیت کە ئاسان لەم کارایانە ناگەن؟! لەناو کۆمەڵگای کوردیی دا لە ئەوروپا خەڵکانێک دەیانەوێت یاساخێڵەکییەکان زیندوو بکەنەوە. خەڵکانێک دەیانەوێت لەژێر پەردەی کوردایەتییدا سنوورەکان جیابکەنەوە، دەرگا لە ڕووی جیهانگیریی و مۆدێرنێتە دابخەن. ئەوانە دەیانەوێت کۆپی خۆیان لە وەچەی داهاتدا بکەن. سەر لە وەچە و لە دوارۆژی نەتەوەیەکیش بە ناوی کوردایەتییەوە ئەشێوێنن. باوکەکان براکان بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن خوشک و دایک و ژن و کچیان بۆ کۆمەڵی کوردیی دەکووژن نەگ بۆخۆیان. ئەوان دەیانەوێت کۆمەڵیان لێ نەرەنجێت پێیان وایە ڕووشاندنی کەسایەتییان پابەندە بە ئابڕووەوە ئابڕووش تەنها لە دەرپێی ژنان و کچاندا بەدی دەکەن. من دڵنییام زۆرینەی ئەو باوکانەی کچەکانیان دەکووژن هیچ شەوێک ئارام نانوون، بەڵام نایانەوێت ئەو ڕاستییانە لەناو کۆمەڵدا بدرکێنن. ئەوان هەتا ئێستا خاوەنی ئەوە بوون ، کە بۆ هەرکوێ چووبێتن دەستیان بە سنگەوە بۆ گیراوە و ڕێزیان لێگیراوە، بۆئەوەی ئەو ڕێزەیان کەم

نەبێتەوە لە چایخانە و بەردووکانەکانی بازاڕ و سەریکۆڵانەکان و سەرڕێدا هەمان دەستیان بە سنگەوە بۆ بگیرێت، ڕێگە بەخۆیان نادەن ناویان بکەوێتە سەرزاری خەڵکیی بۆ سووکایەتیی پێکردن. لەپێش بکووژدا کۆمەڵ تاوانبارە نەگ بکووژ، جا ئەگەر هەر کەسێکە. بۆیە دەبێت پێش بکووژ لێپرسینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرانبەر کۆمەڵ بکرێت. بەڵام تریفە گیان کێ گوێ لەم قسانە دەگرێت؟ کۆمەڵی ئێمە زۆرییەیان دیلن دیلی کلتوور و دابونەریت و ئایین. بۆیە لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت ئەوا لە ناخی خۆیاندا بگۆڕێن دەنا ناتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تسیڤیلیزاتسیۆن دا ڕێکبخەن. ناتوانن دیموکراتیی بن، ناتوانن دان بە ئازادیی تاک و کۆمەڵدا بنێن. ناتوانن ئازادیی بە هۆش و بیرکردنەوەی جیاوازخوازی بەرانبەرەکەیان بدەن.

تریفە لەگەڵ قسەکانی ئارادا ڕۆیشتووە و تەنانەت هەندێ جار هەر ئاگاشی لێ نییە کە ئارا باسی چیی دەکات. لەپڕ تریفە قسەکان بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: ئارا بۆچیی ئەو هەستەم هەیە کە ناتبینمەوە؟!

ئارا قسەکان لە زاریدا تەتەڵەوپەتەڵە دەکات و دەڵێ: چ چ چیی؟ ئەڵێی چیی تریفە؟

تریفە بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: ناتبینمەوە.

ئارا دەڵێ: چۆن ئەو قسەیە دەکەیت؟

تریفە دەڵێ: ئێستا لە قسەکانتا ئەو تابلۆیەم وەرگرت، دیارە هیچ تاوانی تۆی تێدا نییە، بەڵام من و تۆ یەک نابینینەوە. پێموایە وردە وردە نیشانەکان لای منیش خۆیان ئاشکرا دەکەن. بۆ نموونە تێلێفۆن کردنی تۆ بەم بەرەبەیانیییەی ئیمرۆ و چۆنێتی قسەکردنمان پێکەوە ئەمانە هەموو نیشانەن ئەگەر بێتوو ئێمە سەرنجیان لێ بدەین. ئەوەی کە گرنگ بێت بۆ من ئەوەیە کە تۆ ئاسوودە بژییت و مەرگت نەبێت دەنا هەموو شتێک شایانی چارەسەرکردنە. من لە ماوەی ڕابووردا بیرم لەوە کردوە کە ئایا بۆچیی شەهابی کۆنە مێردی من ڕازی نابێت بە شووکردنەوەی من بە پیاوێکی تر. دیارە کاتی خۆیشی پێغمبەری ئیسلام محەممەد ڕازی نەبووە کە دوای خۆی هیچ کەسێکی تر یەکێک لە ژنەکانی مارە بکاتەوە. لە کاتێکدا محەممەد چەندیین ژنی هەبووە کە پێشتر مێردیان هەبووە جا یان ئەوەتا بە مێردەکانیانی تەڵاق داوە بە باوەڕە ئیسلامییەکە یان ئەوەتا مێردەکانیان مردوون یان وازیان لێهێناون ئەوسا محەممەد لە خۆیانی مارە کردووە. بۆ نموونە: زەینەبی کچی جەحش پێشتر ژنی زەیدی کوڕی حارس بووە. محەممەد زەیدی هەڵگرتبۆوە، بۆیە زەید وەک کوڕی محەممەد وابووە، لێرەدا شەهابی ژنی کوڕی خۆی لەخۆی مارە کردۆتەوە، بەڵام کەس بۆی نەبووە دوای خۆی ژنەکانی مارە بکاتەوە. دایکی حەبیبەی کچی ئەبوو سفیان، پێشتر ژنی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش بوو. جا محەممەد ئاوێکی ڕشتووە کە لە شەڕ زیاتر چاکەی لێ نابێتەوە. من دڵنییام محەممەدی مێردی منیش لەوباوەڕەوە تەماشای من دەکات، تەنانەت جارێکیش بە خۆمی گووت: هیچ کەسێک نییە دوای من ژنی من مارە بکاتەوە. بۆیە باوەڕم نییە من تۆ یەک ببینینەوە، هەندێ جار هەست دەکەم کە من تۆم کۆت و بەند کردووە کە ئەمەش کارێکی ڕەوا نییە، من بەرانبەر تۆ دەیکەم. هەستدەکەم منیش هەمان یاسا

بەکاردەهێنم لەگەڵ تۆدا، ئەو یاسا نابەجێیەی کە بەرانبەر خۆم بەکار دێت. کە دوای من کەسی تر بۆی نەبێت ببێتە خاوەنی تۆ. بەڵام من لە ڕوویەکی ئایینییەوە بیرناکەمەوە، من خۆشەویستییمە لەبۆت وام لێدەکات ئەم بیرکردنەوەیە ببێتە میوانم. هەندێجار دڵپیسییە. بەڵام من مافی ئەوەشم نییە ئەو بڕیارە بدەم. سەردەمی جولیا و ڕۆمیۆ بەسەرچووە. ئیمرۆ لە ئەورووپادا بەتایبەت کۆمەڵگای تسیڤیل گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هیچ هێزێک نییە ڕێگا لە خۆشەویستیی بگرێت. بۆیە کارێکی ئاساییە کە ئەگەر خۆشەویستیی من و تۆ بەرەو ئاوابوون بڕوات. لە وڵاتی ئێمە ئێستاش کوڕان ئاواتە خوازن ڕان و پووزی کچێکی جوان ببینن. لە وڵاتی ئێمە کوڕان بە دیمەنێکی وا ئاشق دەبن. لێرە لە ئەورووپا قۆناغەکان دەمێکە ئەو ڕۆژگارانەیان تێپەڕاندووە. لێرە کوڕان بە مەمکێکی ڕووت و پێ و پووزێک ئاشق نابن. ئاشقیی سەردەمە فاناتیکییەکانی خۆیان تێپەڕاندووە. ئیمرۆ لۆگیک تێکەڵی ترپەی لێدانی دڵ بووە، کچ کوڕ دوای ساتە پڕ خۆشییەکانی ژییانی خۆیان دەکەون، دوای ناخۆشیی ناکەون. لەوباوەڕەدام هیچ کچ و کوڕێکی ئەورووپیی لەبری من و تۆ بوونایە لە هەفتەیەک زیاتر پێکەوە نەدەبوون. بەتایبەت بۆ کوڕ، هیچ کوڕێکی ئەورووپیی ئامادەی ئەوە نییە ئەم هەموو خەمە لەگەڵ مندا بخوات. هەربۆشە دەبینیت ڕێژەیەکی زۆر کەم هەن لەو کچە کوردانەی مێردی ئەورووپیی یان دڵداری ئەورووپییان هەیە. ژمارەیان لە پەنجەکانی دەستمان تێپەڕناکەن. ئاوازی داماو لە سوێدن یەکێکە لەو نموونانە کە باجەکەی بەخوێنی خۆیدا و کوڕەکەش داماوە هەر بە وەرگەراندنی ئۆتۆمبێل مرد. لەبەرئەوە ئاواز نموونەیەکە بۆ کوڕانی سوێدیی کە نەتوانن لە کچانی کورد نزیکببنەوە. بەڵام ئارا گیان ئەم کۆمەڵی کوردەوارییە بە من تۆ چاک ناکرێت. ناشکرێت ئێمەش تێنەکۆشین چ نەبێت ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی کورد چاو لە من و تۆ و فلان و فیسار دەکەن. خەڵکانی تریش پێش من و تۆ زۆریان کرد و باجەکەشی هەر خوێنی خۆیان بوو. من ئەو کەسانەش هەر بە شەهید دەناسێنم، هیچ جیاوازییان نییە لەلای من لەگەڵ ئەو شەهیدانەی لەپێناوی خاکدا خوێنی خۆیان ڕشت. ئەمانیش خوێنی خۆیان لە پێناوی ئازادیی هۆش و ئازادیی بڕیاردانی خۆیان لەسەر ژییانی خۆیان ڕشتووە. وشەی ئیندیڤیدوالیزم "تاک" لەناو ناوەڕاستی خۆرهەڵاتدا بە گیشتیی و لەناو کۆمەڵگای کوردیی دا بەتایبەتیی هێشتا وشەیەکی قەدەغەیە و ناهێڵن تاکەکانی کۆمەڵ بە ویستی خۆیان بیربکەنەوە و بڕیار بدەن لەسەر ژییانی چارەنووسیی خۆیان. تریفە لە جێگاکەی هەڵدەستێت تێلیفۆنەکە لەگەڵ خۆیادا دەباتە بەرپەنجەرەکە. پەردە سپییە تەنکەکانی بەردەم پەنجەرە چکۆلانەکەی کە ڕووی کردۆتە خۆرهەڵات لادەدات و ژوورەکەی بە پرچی درێژ و زێڕیینیی خۆر دەڕازێنێتەوە. پاشان هەردوو تاکی پەنجەرەکەی دەکاتەوە و بایەکی نەرمی فێنک دێتە ژوورەوە و ڕووخساری تریفە هێندەی تر گەشتر دەکات و "با" دەکەوێتە سەما لەگەڵ ژێرکراسە کورتەکەی بەری تریفەدا. پاشان تریفە بە ئارا دەڵێ: ئارا گیان ماڵەکەم زۆرمان قسە کرد. باشمان گووت و خراپیشمان گووت. ئێستا دەمەوێت بچم دوشێک بکەم و چایەکی ڕەش لێبنێم و وەک پیشەی هەمیشەییم نان و ماستێک بۆ بەرچایی بخۆم. ئەوساش با بزانم لەم ڕۆژە خۆشەی پاییزدا

چیی بکەم؟ لەوانەیە بچم بۆ ماڵی کاکم لەگەڵ ئەواندا ڕۆژەکەم بەسەربەرم. جا لای منەوە ماڵئاوا کچم بووکت و کوڕت زاوا. بەهیوام ڕۆژێکی خۆشت هەبێت ئەزیزم هەوڵبدە کەمتر بیربکەیتەوە و خۆت هێندە ماندوو مەکە.

ئارا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: دەترسم بۆ خۆمان پێکنەگەین بەڵام وەچەکانمان بۆ داهات ڕوویان ببێت بە ڕووی یەکەوە.

تریفە قسەکە بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: بۆ پێت خۆش نییە؟!

ئارا دەڵێ: بێگوومان پێمخۆشە، بەڵام سەیرە تۆ بڵێی مێژوو بیەوێت ئەم درامانەش لەگەڵ خۆیدا بنووسێتەوە و دووبارەی بکاتەوە لە وەچەکانماندا؟!

تریفە دەڵێ: وەچەی ئێمە تووشی شتی وا نابێت، چونکە ئێمە ئەو کات خۆمان گەورەی ئەوانین، کەواتە دەبێت میهرەبانتر و ئینتێلەکتوێلتر بین وەک لە گەورەکانی خۆمان.

ئارا دەڵێ: دروستە تریفە گیان. باشە ماڵەکەم با لەوە زیاتر کاتت نەگرم ماڵەکەم بەهیوای ڕۆژێکی خۆش و بەختەوەر لەبۆت ئەزیزم. کاتێکی خۆش بای بای. ئارا تێلیفۆنەکە دادەخاتەوە و لە جێگاکەی هەڵدەستێت و کووپەکەی هەڵدەگرێت و دەڕواتەوە موبەق کووپێک کافیی تر تێدەکات و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە ناوباڵکۆنەکەوە و دوای ئەوەی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت قومێک لە کافێکەی ئەدات و دەڵێ مامۆستا گۆران بە ناهەق نەیگووتووە:

ئەی قژ زەرد ئەی بەژن و باڵای کەڵەگەت
بۆ کـــز ڕاوەسـتاوی بــەرانبــەری مـــــن؟
بۆ دەستت ناوەتــە ژێرچــەنەی خـــەفەت
لــــــە ئاستی دیمەنی دەربەدەری مـــن؟
بەڵام ئاخ دوو گـــاردی چــاو لێم دابچڕاو
چــەپ و ڕاست وەستاون بۆم دوژمــنانە،
کەلەپچەی لە دەستما توونــــــد کلیل دراو
نیشانـــــــــەی ڕێگــــــامە کە بۆ زیندانە،

بەڵام چیبکەم منیش کەلەپچەی خەمێکی دی لە دەستمدایە کە ناهێڵێت بە نیگای گەرمت بگەم تریفە گیان. من گاردی خێڵەکیی و بیری کۆن دەوریانداوم و هەڕەشەی وەستانم لێدەکەن. جوانیی تۆش پێش هەموو شت خەمێکی گرانە بۆ شانی خۆت. چ خۆشییت لە جوانیی خۆت بینیی ئەزیزم، بێجگە لە دەردەسەریی و مەینەتیی زیاتر؟! خۆزگە ئێمەی کوردیش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمانتوانی ئەو دیوارە ئاسینینانە تێکبشکێنین کە بەری خۆری ئازادیی لێگرتووین. خۆ ئێمەی کورد دووجار دیلین، جارێک دیلی ژێردەستی داگیرکەران جارێکیش دیلی دەستی یاسا کۆنەپارێزییەکانی کۆمەڵین. بەڵام تریفە گیان هێندە دەزانم بوویتە تاڵێکی سپیی لە قژی قەترانما بوویتە ڕەواترین دەنگ لە سەردێڕی تێکڕای وتەکانما بوویتە سۆما و بوویتە چرا وایت لە گلێنەی چاوەکانما. ئارا بۆ ماوەیەک لە باڵکۆنەکەدا دەمێنێتەوە و لەگەڵ لێکدانەوەی

خۆیدا دەکەوێتە گفتووگۆ. پاش ماوەیەک لە جەڕەسی دەرگاکەی دەدرێت و ئارا لە باڵکۆنەکەیدا دێتەوە ژووری و دەچێتە لای دەرگاکە لە کوونی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوە دەکات کەس دیار نییە. پاشان تێلێفۆنی دەرگاکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: بەڵێ کێیە؟
سالیی کوڕێکی هاوتەمەنی ئارا خۆیەتی و باڵایەکی مامناوەندی هەیە، لەبەردەمی دەرگای دەرەوەی ماڵەکەی ئارادا بە دەستێک جلی وەرزشییەوە ڕاوەستاوە و دەڵێ: ئارا منم ماڵەکەم سالیی.
ئارا دەرگاکە دەکاتەوە و سالیی بە چەند هەنگاوێکی خێرا دەگاتە لای ئارا و بەیانیی باش لە ئارا دەکات و ئاراش باوەشێکی گەرم دەکات بە سالیی دا و بەیانیی باشی لێدەکات. سالیی دەڵێ: ماڵتم ئاواکرد ئارا دەزانی من لە کەیەکەوە تێلێفۆنت بۆ دەکەم خەتەکەت هەر خەریک بوو. ئیدی گووتم ئەمە لەگەڵ تریفەدا قسە دەکات باوەڕ ناکەم هەتا نیوەڕۆش تەواو بن لە قسەکردن. دەڵێن گەلی یۆنانیی چەنەبازترین گەلن. بەڵام من لەوباوەڕەدام کە یۆنانی دوای تۆ و تریفە چەنەبازترین گەلن. دەی باشە ئارا گیان خۆ پیاو بە تەمای تۆ بێت دەبێت بەبێ شێو سەربنێتەوە. تۆ ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوورد بەمنت گووت کە یەکشەممە کاتژمێر هەشت و نیو خۆت دێیت بەدوامدا.
ئارا چەپۆکێک دەکێشێت بە ئەژنۆی خۆیدا و دەڵێ: شێت بەچاوی سالیی بیرم چووبۆوە. تۆ وەرە با دانیشین جارێ بۆ بەپێوە لەم ناودەرگایەدا بووەستین؟
سالیی دەڵێ: دانانیشین ئارا گیان کاتی ئەوە نییە خێرا خۆتبگۆڕە و با بڕۆین ئیمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە و با لەکیس خۆمانی نەدین. ئیدی ئەمە کۆتایی هاوینە ڕۆژانی وا وەک لۆتۆ تۆتۆ دەردەچێت دەنا بە تەمای هەتاوی وا خۆشی سەرەتای پاییز نەبیت، هیچ نەبێت لێرە لە ئەڵمانیادا،
ئارا دەڵێ: باشە باشە سالیی گیان پەلەی پاییزت نەبێت هێشتا بیست و دوو ڕۆژ هاوین ماوە. ئەها هەر ئەوەندە یەک و دوو من خۆم دەگۆڕم. ئارا هەر لەبەردەم سالیی دا لەناو دەرگاکەدا خاولییەکە لەخۆی دەکاتەوە و لە دۆڵابەکەی بەردەمییدا دەست دەبات جلی وەرزش دەربکاتە دەرەوە، بەڕێکەوت خاتوونە تەمەن بیست و سێ ساڵەکەی دراوسێی دێتە دەرەوە و تەماشا دەکات ئارا ڕووتە و کوڕێکیش لەناو دەرگاکەدا بەدیاریەوە وەستاوە. ئارا بە پەلە خاولییەکەی هەڵدەگرێتەوە و لە خۆی دەپێچێتەوە و دەڵێ: خاتوو "مای" بەیانییت باش بەڕێز. بەهیوام بەهەڵە تێنەگەیت ئەم دیمەنە بەوشێوەیە نییە کە بیری لێبکەیتەوە. خاتوو" میشایلا مای" تەماشایەکی ئارا دەکات و بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بەیانییت باش ئارا. نا مەترسە وا بیرناکەمەوە بەیانیی زووش لە باڵکۆنەکەدا بینیمیت بە خاولییەکەوە، بەڵام ئاوا بە جوانیی نەمبینیت، پێمباشە هەموو جار ئاوا وەک ئێستا بتبینم. هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین و سالیی دەڵێ: من بە دڵنیاییەوە نامەوێت.
پاشان میشایلا دەڵێ: منیش بەتەمام دەمەونیوەڕۆ بچم بۆ ڕاکردن، بەڵام ئێستا لەگەڵ کچێکی هاوڕێم بڕیارە بچین بۆ نانخواردنی بەیانیی هەر لەم نزیکانە. بەهەرحاڵ بەهیوام یەکشەممەیەکی خۆشتان هەبێت، من بای.

ئارا و سالیی بای بای لە میشایلا دەکەن و ئەوسا ئارا دەکەویتە خۆگۆڕیین و دەڵێ: ئەمەش کەتنی تۆ سالیی. ئەگەر تۆ بێیتە ژوورەوە دابنیشت و پەلە لە من نەکەیت بۆ خۆگۆڕیین بۆ وامان بەسەردێت؟

سالیی پێدەکەنێت و دەڵێ: دەی دەی دەزانم پێشت خۆشە بە ڕووتی بتبینن. ئەم شاردنەوەیە بۆ؟

ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: ئەی لە سالیی ئای ئای.

سالیی بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: خەمت نەبێت لای کەس باسی ناکەم.

ئارا خۆی لەبەرکردووە و خەریکی لەپێکردنی پێڵاوەکانیەتی، سالیی دەڵێ: ئارا گیان بۆ هۆشت لەبەربراوە خۆ میشایلا لێرە نییە. تۆ برۆ لەپێشدا دەرگای باڵکۆنەکەت دابخە و ڕادیۆکەت بکووژێنەوە ئەوسا پێڵاوەکانت لەپێ بکە.

ئارا قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: سالیی گیان خوا بۆی دای بۆ ئیمڕۆ. بەراستیی ئیمڕۆ زۆر شپرزەت کردووم سالیی گیان. دە کەمێک بەزەییت هەبێت برام. ئارا پێڵاوەکانی دادەکەنێت و دەڕواتە ژوورەوە دەرگای باڵکۆنەکەی دادەخات و ڕادیۆکەی دەکووژێنێتەوە. لەسەر مێزی کۆمپیوتەرەکەی مۆبایلەکەی دەبینێت و دەستی دەداتێ و ئەیخاتە گیرفانیەوە. پاشان یەک دوو هەنگاوی خێرا دەنێت و دێتەوە پێڵاوەکانی لەپێ دەکات و ئامادە دەبن بۆ ڕۆیشتن. ئینجا سالیی دەڵێ: ئارا گیان بەیەکجاریی خاولییەک و جووتێ نەعلیش بهێنە بۆ ئەوەی جارێکی تر پێویست نەکات بێینەوە بۆ ماڵەوە، چونکە دوای ئەوە دەچین بۆ ساونا. شامپۆی قژ و لەش من پێمە پێویست ناکات بیهێنیت، مەگەر خۆت حەز بکەیت دەنا پێویست ناکات. ئارا و سالیی لە ماڵەکە دێنە دەرەوە و دەرگا دادەخەن و دەڕۆن. سالیی دەڵێ: باش بوو ئیمڕۆ شانسم هەبوو هەر نزیک ماڵەکەی خۆت پارکێکم دەستکەوت دەچین لە پێشدا شتەکانی تۆ دەخەینە ناوئوتۆمبێلەکەوە ئەوسا ڕادەکەین. سالیی قەمەرەیەکی ئۆپڵی ڕەنگ سووری شپۆرتی پێیە، دەرگای قەمەرەکەی بۆ ئارا دەکاتەوە و شتەکانی ئارا فرێدەدەنە قەمەرەکەوە و ئیدی ڕێگای پارکەکەی نزیک ماڵی ئارا دەگرنەبەر. سەرەتا هەر بە ڕۆیشتنێکی ئاسایی وەک پیاسە دەڕۆن هەتا لە دەمی ڕێگای پارکەکە نزیک دەبنەوە ئەوسا وردە وردە دەست دەکەن بە ڕاکردنێکی نەرم بەشێوەی "جۆکن" ئارا بە سالیی دەڵێ: سالیی گیان تەماشای کاتژمێر بکە بۆئەوەی بزانین چەند کاتژمێر ڕادەکەین. سالیی دەڵێ: زۆرچاکە ئێستا کاتژمێر نزیکەی نۆونیووی بەیانییە هەتا دەونیوو ڕادەکەین. سەرەتا نەرم نەرم هەردوو بە جووت ڕادەکەن هەتا کەمێک هەست بە گەرمیی لەشیان دەکەن، ئیدی ئەوسا دەکەونە خێرایی هەنگاوەکانی ڕاکردنێکی ئاساییەوە. درەختەکانی نێو پارکەکە زۆربینەیان ڕەنگێکی گازەڵییانگرتووە و لە شێوەی شاشبوونێکیشدا چەندیینەی گەڵای بەژنیان زەردبوون. ئارا و سالیی بەدەم ڕاکردنەوە قسە لەگەڵ یەکترییدا دەکەن و ناوبەناو وەرزشکارێکی تر بەلایاندا ڕەت دەبێت و سالیی دەڵێ: ئەوەی لەم وڵاتە سەرنجی من زۆر ڕادەکێشێت، ئارەزوومەندێتیی وەرزشکردنی خەڵکەکەیەتی. ئیتر با کەمێک بچینە نێو دارستانەکەوە خۆ وادەزانیت هەرچی خەڵکی ئەم شارەیە لێرە کۆبوونەتەوە بۆ پاسکیل لێخوڕین و ڕاکردن.

ئارا دەستەکانی نووشتانۆتەوە بۆ بەرسنگی و زۆر ئێلێگانتانە ڕادەکات، بەشێوەیەک کە ئەگەر بەرەوڕووی ئارا بێیت ئیدی هەستدەکەیت کە ئارا مرۆڤێکی وەرزشکار و چالاکە. بەدەم هەنگاوەکانیەوە ئارا تەماشایەکی سالیی دەکات و دەڵێ: مێشکێکی باش لە لەشێکی ساغدایە. ئەورووپیی گرنگی زۆر بە لەشساغیی دەدەن، بۆیە هۆشیشیان ساغە. مرۆڤی ئێمە کە تەمەنی چۆ پەنجاساڵییەوە ئیدی بە مامەپیرە بانگدەکرێت و تووشی هەزار جۆرە دەرد دەبێت. خۆر هەتا بێت زیاتر تیشکی خۆی بەسەر ڕووخساری شاردا بڵاودەکاتەوە و خۆشیی ئەدات بە دانیشتوانی شار. وەرزشکاران لەم پارکەدا هەتا بێت ڕێژەیان بەرەو زۆر بوون دەڕوات، هەندێکیان زۆر ئارەزووخۆشن کە دەگەنە بەردەمی ئارا و سالیی بەیانیی باشێک دەکەن. ئارا و سالیی نزیکەی پانتاییی پارکەکەیان تێپەڕاندووە و چوونەتە نێو دارستانەکەوە، جریووە جریووی چۆلەکەکان و ژەکەژەکی قەلەباچکەکانی سەرلق و چڵەکانی درەختەکانی سەرڕێ، ئارەزوویەکی خۆشیان بۆ پیادەڕەوان و وەرزشکارانی نێو دارستان و پارکەکە دروستکردووە. سەگێکی شێفی ئەڵمانیی "شێفە هوند" بەخێرایییەکی زۆر بە تەنیشت ئارا و سالیی دا تێدەپەڕێت نزیکەی تێکڕای زمانی هێناوەتە دەرەوە و چنگ لەسەرشان باز ئەدات. سەگەکە قایشێکی لە ملدایە و لە دوایەوە خاوەنەکە کە کوڕێکی گەنجی تەمەن نزیکەی بیست ساڵەیە جووتێ سکایتی لە پێدایە و قایشی ملی سەگەکەی توند بەدەستەوە گرتووە بۆئەوەی سەگەکە بەدوای خۆیدا ڕایبکێشێت. ئیدی دیمەنی سەگ و کوڕەکە ئارا و سالیی دێنێتە پێکەنین و ئەیدەنە قاقای پێکەنین. کوڕەکە ئاوڕێک بۆ سالیی و ئارا ئەداتەوە و دەڵێ: سەگەکەم سەگی چاکە شەست ئەسپە "شەست پی ئێس" بەدەم پێکەنینەوە سەگ و کوڕەکە ئارا و سالیی تێپەڕدەکەن و لەچاو وندەبن. سالیی هێشتا هەر ڕوومەتەکانی ئاوساوی پێکەنین و ڕوودەکاتە ئارا و دەڵێ: من بەزمی زۆرم لە شێفە هوند بینیووە، بەڵام ئەم بەزمەیان بۆ من نوێ بوو.

ئارا کە وردە وردە ماندووبوونی پێوە دیارە تەماشایەکی سالیی دەکات و دەڵێ: ئەی خۆ بە گاڵتە شێفە هوند لە هەموو سەگەکان گرانتر نییە. پاش بێدەنگییەکی کەم لەنێوانی سالیی و ئارادا، میلۆدیی مۆبایلەکەی سالیی لێدەدات و سالیی بەدەم هەناسەبڕکێی ڕاکردنەوە مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەردێنێت و ئەینێت بە گوێیەوە و دەڵێ: بەڵێ فەرموو: سەرەتا غەڵبەغڵبێک دێت و سالیی هیچ لە تێلێفۆنەکە ناگات. بۆیە جارێکی تر سالیی وەڵام ئەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ فەرموو دەنگت نایەت. ئەمجارەیان دەنگی پیاوێک دێت و بە پەلە قسە بە دوای قسەدا دەهێنێت و دەبات. کابرای سەر تێلێفۆنەکە زۆر بەشڵەژاوییەوە قسە دەکات، وەک ئەوەی دڵنیا نەبێت لەوەی کە قسەکانی لەکاتی خۆیدا بگاتە گوێی ئەو کەسەی تێلیفۆنی بۆدەکات. سالیی دەڵێ: کاکە تۆیت؟

کوڕەی سەرتێلێفۆنەکەش دەڵێ: بەڵێ منم سالیی گیان ئاکۆی براتم، خوایان سووتاندین. بووین بەو فیلمەی کە هێشتا دەرهێنەرەکەی لەدایک نەبووە. لە خوای خیانەت و سیاسەت بەم. ئێمە قەت نابین بەهیچ قەت ناگەینە ئامانج دوودڵ و پیس و موخەننەتین لەگەڵ یەک، بۆیە وا چارەنووسمان هەر کوژران و ئاوارەبوون و دەربەدەرییە. لە ئێرانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم.

دیسان بووینەوە بە پەنگ دیسان ڕەومانکردەوە، دیسان دەرگای کوردستانمان بۆ تانک و زرێپۆشەکانی فاشست و بەعس و نۆکەرانیی کردەوە.

سالیی کە گوێی لە ئاکۆ دەبێت دەڵێ لە ئێرانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، دەست لە ڕاکردن هەڵدەگرێت و بە دەست نیشانە بۆ ڕاوەستانی ئارا دەکات. سالیی لەسەر جادەکە لادەچێت و دەچێتە بن درەختێکەوە ڕادەوەستێت و دەڵێ: کاکە ئاکۆ چۆنییت بەساقە؟ ئەوە چییە خێرە لە ئێرانیت؟ بۆ وا گەرم بوویت؟ بۆ وا هەڵچوویت خیانەتی چیی و کوردی چیی و بەعس و سیاسەتی چیی؟

ئاکۆ بە شپرزەییی‌یەکەوە دەڵێ: سالیی گیان ڕامانکردووە، سلێمانیی دیسانەوە چۆڵکرا بەعس هاتەوە.

سالیی تووشی سەرسووڕمانێکی کتووپڕیی دەبێت و دەڵێ: چۆن؟ یانی چیی بەعس هاتەوە؟

ئاکۆ دەڵێ: کوڕە تۆ ئاگات لە چییە سالیی گیان، ئەم شەڕی قین بە قینی یەکێتیی و دیموکراتە کە ئێمە هەر بە پارتیی بانگیان دەکەین، هیچ سنوورێکیان بۆ هەڵوێست و کوردایەتیی نەهێشتۆتەوە. یەکێتیی هێندە هێرشی کردە سەردیموکرات کە کوونە مشکی لێکردبوو بە قەیسەریی ئەویش لەتاو لەناونەچوونی خۆی پەنای بردە بەربەعس. ئیتر سالیی برام دیموکرات و بەعس وەکوو برا دەست لەناودەست هەموو ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی یەکێتییان گرتەوە. ئێستا دەبابەی بەعس لەبەردەرکی سەرادا وەک تەکسیی دێت و دەچێت. ئیتر کاکە گیان خۆ ئەم لایەنە ڕامیارکارانەی ئێمە کە زۆریان بۆدێت پەنا دەبەنە بەرقووتابخانە وێرانکەرەکەی "میکاڤیللیی" بگە بە ئامانجەکانت بەهەرشێوەیەک بێت. ئیتر بەڕاستیی دیموکرات ئابڕووی کوردی بۆ هەتاهەتاییی برد. لەوباوەڕەدام ئەگەر ئێمە وەک جەماوەر و یەکێتییش وەک لایەنێکی ڕامیاریی لە دیموکرات خۆش بین مێژوو لێی خۆش نابێت. ئەوا ئێمە ئێستا لە سەقزین لە ماڵێکی ناسیاو، لێرە بیستمان دەڵێن کاک مەسعود بارزانیی و چەند کەسانێکی تری باڵادەست لەناو دیموکراتدا لە سلێمانییەوە بە کەرکووکدا گەڕاونەتەوە بۆ هەولێر، لە کەرکووک منداڵان لاندکرۆزەرەکانیان بەرتەماتە و توێکڵە شووتی داون. سالیی گیان باوەڕ بکە هەرگیز ئەوەندەی ئەم چەند ڕۆژە خەمبار نەبووم، تەنانەت لە کۆڕەوە گەورەکەی بەهاری نەوەت و یەکدا ورەم زۆر لەئێستا بەهێزتربوو. ئێمە ئەوە ئێمڕۆ دووڕۆژە لە سەقزین، ئێمە پێش خەڵکیی ڕامانکرد، هەواڵمان پێگەیشتبوو کە شتێکی وەها لە ئارادایە. هەر دوای گرتنی هەولێر بە بەعس و دیموکرات ئیتر خەڵکی کۆیە و سلێمانیی و ناوچەکانی تر کەوتنە خۆیان. دەڵێن لەو هەولێرە زمانی پێشمەرگەیان بە زیندوێتیی قرتاندووە. گوێیان بڕیووە لوتیان بڕیووە. ئیتر ئەوەی بەعس لەکاتی خۆیدا پیاڕانەگەیشت بیکات لەم هاتنەوەیەیدا لەسای سەری کورد خۆیەوە کردی. ئەم قسەیە بۆ هەق دەکەم بە دیموکرات و بە بەعس و بە تورکیا لەیەککاتدا لە یەکێتییان دا. کاکە ئەم شەڕە ناهەقە ڕسوای کردین کوردی سەد ساڵ گەڕانەوە دواوە. ئەم ڕقەبەرایەتیی دیموکرات و یەکێتیی‌یە لە زیانی نەتەوەییی کورد زیاتر هیچ سوودێکی نەبوو. ئەم لە ڕقی ئەو ئێران دەهێنێتە کوردستانەوە ئەو لە ڕقی ئەم تورک و بەعس دێنێت. ئێمەی هاووڵاتیی قوربەسەر لەم دەستاڕەدا تێداچووین. سالیی بەم قسانە تەواو پەکی دەکەوێت و هەر لە جێگەی

خۆیەوە بە قنەوە دادەنیشێت و پاڵ ئەدات بە دارەکەی پشتییەوە. ئارا کە دەبینێت سالیی بە تێلیفۆنەکە تێکچووە، هیچ قسە ناکات ئەویش بەرانبەر سالیی دادەنیشێت و گوێ لە قسەکانی سالیی دەگرێت. سالیی بە ئاکۆی برای دەڵێ باشە ئێستا ئێوە نیازتان چییە؟ دەتانەوێت چیی بکەن؟

ئاکۆ دەڵێ: دایکم و باوکم و هەردوو خوشکەکەم لەگەڵ مێردەکانیاندا لە سەقز دەمێننەوە هەتا بزانن چی بەسەر سلێمانیی دێت. من و ئاراس و ئاواتیش هەرسێکمان نیازمانە نەگەڕێینەوە بێین بۆ ئەوروپا. قاچاغچیمان دۆزیووەتەوە هەتا ئەستەنبوڵ نەفەری حەوتسەد دۆلار وەردەگرێت. ئەو پارەیەی کە تۆ مانگی پێشوو ناردتەوە بۆمان شتێکمان پێماوە. بەڵام هێشتا هەر بەشی هەرسێکمان ناکات هەتا ئەستەنبوڵ. ئەگەر بۆت دەکرێت ئەوا هەزار دۆلاری ترمان بۆ بنێرە بۆ ئێرە بۆ سەقز ژمارەی کۆنتۆیەکی ناسیاوت بە فاکس بۆ دەنووسم بیخە سەرئەو کۆنتۆیە بە هەفتەیەک بەدەستمان دەگات.

سالیی دەڵێ: ئەی قوربەسەرم هەزار دۆلار. بەڕاستیی پێمهەڵناسوورێت دەبێت بۆتان قەرز بکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەیناکە ئەم خەمەش دەکەمە شانی خۆم، تۆ ئەو فاکسەم بۆ بنێرە، من وەڵامتان ئەدەمەوە.

ئاکۆ دەڵێ: دەی باشە وا من کارتەکەم تەواو دەبێت، چاوەڕێبکە لەم ڕۆژانەدا فاکست بۆ دەکەم، ئیتر ئاگات لەخۆت بێت سالیی گیان، ئێمە بەس تۆمان هەیە، دەبێت هەر دەرمان بکەیت تازە ئێمە گەڕانەوەمان نییە بۆ سلێمانیی. کاتێکی خۆش خوا حافیز.

سالیی هەڵدەستێتە سەرپێ و خواحافیزیی لە ئاکۆی برای دەکات. ئینجا هەتا دەستی بگاتێ تێلیفۆنەکەی فرێدەدات بۆ ناودارستانەکە و مستێکی توند دەسرەوێنێت لەو دارەی کە لەژێریدا ڕاوەستاوە و بەهاوارەوە دەڵێ: دیسان کورد دیسان دیسان دیسان. لە خوای کورد بەم، کە هێندە خۆخۆر و ناحەز و دوژمنین بەرانبەر یەک.

ئارا کەمێک ترسی لێدەنیشێت و لە سالیی نزیکدەبێتەوە و بە ترسێکەوە دەڵێ: سالیی گیان چییە بەساقە چیی بووە؟ خۆ خودا نەکردە هیچی خراپ نەقەوماوە؟

سالیی دەمووچاوی ڕەشداگەڕاوە و تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئارا ئیتر هەرشتێک ڕوودەدات هەرگیز لەم ڕووداوە سەرسووڕهێنەرتر و لێقەومانەتر و قەڵبتر نابێت.

ئارا بە پەرۆشێکەوە دەڵێ: دە چیی بووە قسە بکە خوام نەما منیش.

سالیی دەمووچاوێکی تووڕە لە ڕووی دەنیشێت و دەڵێ: دیموکرات و بەعس بە جووتە هەولێر و سلێمانیی و ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی یەکێتییانگرتووە. ئاکۆی برام بوو لەسەر خەت لەگەڵم، دەڵێ: دەبابە و مدەرەعەی بەعس لە بەردەرکی سەرادا جرتوفرتیانە وەک جاران.

ئارا بەم قسانە سەرسام دەبێت و دەڵێ: ئۆی، بەڕاستیی کارێکی دزێوە. هیچ جوان نییە بۆ کورد لەم کاتە ناسک و نالەبارەدا لە شانی بەعسەوە هێرش بکەنە سەریەکتریی. ئەم شەڕە نە شەڕی براکووژییە نە شەڕی ناخۆ، شەڕی کۆنە قینی بنەماڵەی بارزانیی و خودی جەلال تاڵەبانیی خۆیەتی. لەمانەوە وەک گۆزەی شکاو ڕق دەڕێژرێت و هەر لە سەرکردایەتیی هەردوولایانەوە هەتا لایەنگرەکانیشیان دەمووچاوی پێدەشۆن. هەتا کورد دەروونی لە ڕق

خاڵیی نەکاتەوە ئەم ئاگرە ناکوژێتەوە. هەتا شۆڕشێکی ڕۆشنگەریی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا بەتایبەت لە باشووردا بەرپا نەبێت، کورد نازانێ ئازادیی چییە. ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە دیلین مرۆڤێکی کوردی ئازاد بە دەگمەن دەستدەکەوێت. لە ماڵەوە دیلی یاساکانی خێزانین، ئەو یاسا چەوتانەی دایک و باوک دایدەرێژن، پاشانیش براگەورەکان دەبنە سکرتێری ئەم یاسا چەوتانە. لە قووتابخانەدا دیلی مامۆستاکانین. لە کۆلاندا دیلی منداڵە چەقاوە سووەکانین. لە کۆمەڵدا دیلی یاسا کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکانین. لە دەوڵەتدا دیلی دەستی ئایدیۆلۆژیەتی زاڵین. ئاخر ئەوە ئایدیۆلۆژیەتی زاڵە دەوڵەتی زاڵ دەسەپێنێت. ئەمە قسەی کارڵ مارکسە. ئاخر ئەوەش دەسەڵاتی زاڵی لایەنە ڕامیارییە کوردییەکانی خۆمانە لە میدیاکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەکانیانەوە وتاری زاڵ پەخش دەکەن. فوکۆ دەڵێ: دەستەڵاتی زاڵ وتاری زاڵ دەسەپێنێت. ئەمانە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لە بەرژەوەندیی کورد نەکردەوە، گوێ لە قسەی هیچ ڕیش سپییەک و هیچ ڕووناکبیرێک و هیچ کەسێک ناگرن. هێگڵ دەیگووت بۆئەوەی ئەڵمانەکان ببنە نەتەوە دەبێت هەوڵبدەن دەوڵەتێکیان هەبێت. بەڵام وا دەردەکەوێت بۆئەوەی لە نەتەوایەتییشمان بخەن دەبێت دەوڵەتمان نەبێت، وەک بە دڵ و بەگیان چ دیموکرات و چ یەکێتیی هەوڵی بۆئەدەن. بەڕاستیی شەرمە هەتا کەی ئەم خوێنڕشتنە؟ لە پەنجاکانەوە ئەم دوو بەرەیە دەمیانناوە بە گەرووی خوێنی یەکترەوە بەبێ پشوو فوارەی خوێنی یەکدی دەخۆنەوە. سالیی لەجێگەی خۆی ڕەق بووە و هیچ ورتەیەک لە دەمی نادێتە دەرەوە. پاشان ئارا بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات کە سالیی تێلیفۆنەکەی لێ فڕێدا. دادەنەوێتەوە و وردە وردە بۆ تێلیفۆنەکەی سالیی دەگەڕێت، دوای ئەوەی زۆر ماندوو دەبێت لەگەڕان و نایدۆزێتەوە دەست دەکات بەگیرفانیدا و مۆبایلەکەی خۆی دەردێنێت و زەنگێک بۆ مۆبایلەکەی سالیی لێدەدات. هێندەنابات مۆبایلەکەی سالیی دوور لە شوێنەکەی ئاراوە دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە و ئاراش بەرەورووی دەڕوات و هەڵی دەگرێتەوە و تەماشایەکی دەکات دەبینێت هیچی لێ نەهاتووە، پاشان دەستێکی پێدادێنێت و دەیداتەوە دەستی سالیی. سالییش بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت تەماشایەکی ئارا دەکات نیمچە بزەیەکی کەم دەگرێتە ئارا و مۆبایلەکەی دەخاتەوە گیرفانی. پاشان هەردووکیان بەبێ ئەوەی هیچ لەگەڵ یەکتر بڵێن بەبێدەنگیی بە پیادە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەگرنەبەر و ڕاکردنەکەیان لێ تێکدەچێت. ئارا و سالیی لە دوو مەلی باڵشۆڕی شەکەت دەچن، هەردووکیان چاوەکانیان بڕیووەتە بەرپێی خۆیان و ورتەیان لە دەم نادێتە دەرەوە. بەدەم ڕێگاوە سالیی جار جارە شەقێک لە بەردێکی چکۆلانەی بەرپێی هەڵدەدات. کچێکی گەنج بە پاسکیلێکەوە بەرەورووویان دێت، کچەکە هەر لە دوورەوە سەرنجی داوەتە سالیی بە سەرسووڕمانێکەوە لە سالیی دەڕوانێت. کە دەگاتە بەردەمی سالیی لێخوڕینەکەی هێواش دەکاتەوە و دەڵێ: کوڕی گەنج خوێن لە دەستت دەڕوات.

سالیی وەک ئەوەی لە خەو دایبچڵەکێنن وەها وەدەردەکەوت ئاوڕێک دەداتەوە تەماشایەکی کچەکە دەکات کە بە تەنیشتیدا بە پاسکیلێکەوە تێپەڕیی. لە هەمان کاتدا کچەکەش ئاوڕێک بۆ سالیی دەداتەوە، ئینجا بە نیشانە پەنجە بۆ دەستی سالیی درێژ دەکات. سالیی تەماشایەکی دەستی دەکات، کە دەبینێت خوێنێکی زۆر لە دەستی دەڕوات و تەواوی تیشێرتەکەی و پانتۆڵی

تراکسوودەکەی خوێناویی کردووە. پاشان دەستێک بۆ کچەکە هەڵدەبڕێت و سووپاسی دەکات.
سالیی لە قەراغ ڕێگاکەدا دادەنیشێت و تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ئیمڕۆ بێجگە لە خەم هیچی تر ئێخەمان ناگرێت.
ئارا دێتە تەنیشت سالیییەوە دادەنیشتێت و دەڵێ: سالیی گیان دەزانی منیش هیچ هەستم پێنەکردبوو کە دەستت خوێنی لێدێت. کێشە لەوەدایە هەردووکمان جلی وەرزشمان لەبەردایە، ئەم خوێنەش پێویستی بە وەستاندنەوە و بەستنە.
سالیی پاڵێک دەداتەوە و دەستدەکات بە داکەندنی کالەکانی پێی و دەڵێ: هەتا ماڵەوە چارەیەکی چکۆلانە هەر دەبێت. تاکێک لە گۆرەوییەکانی دادەکەنێت و دەینێت بە لووتیەوە و دەڵێ: دەرمان لەمە باشتر نابێت. پاشان گۆرەوییەکەی ئەداتە دەستی ئارا و دەڵێ: دکتۆر گیان ئەم کارەیان ئەدەمە دەستی تۆ.
ئارا بە قێز و بێزێکەوە بە سەری پەنجە گۆرەوییەکە لە سالیی وەردەگرێت و دەڵێ: نەدەبوو ئەم مشتەت لەو درەختە نەدایە؟
سالیی تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: نەدەبوو دیموکرات دوای دەبابەکانی بەعس نەکەوتایە؟ نەدەبوو کورد تەنها سەری بۆ بەرزیی خاکی کوردستان نەویی بکردایە؟ نەدەبوو ئێمەی کورد بە مانای وشە برا بووینایە؟ خۆ ئێمە بە گۆشت و خوێن و ئێسک و پروسک براین.
ئارا گۆرەوییەکە لەسەر پشتی دەستی سالیی دادەنێت و بۆی دەبەستێت. سالیی هاوارێکی لێوەدێت و دەڵێ: کوڕی خوا کەمێک هێواش بیبەستە خۆ دەستی شەیتان نییە.
ئارا داوای لێبووردن لە سالیی دەکات و دەڵێ: ببوورە لەبەر بۆنی گۆرەوییەکەت دەبوو بە پەلە خۆم ڕزگاربکەم لەم بۆنە. ئێستا هەستە با بڕۆین هیچ نەبێت لە ماڵەوە لای من کەمێک دەستت بشۆ و بە خاوێنی بیبەستە. من لە ماڵەوە دەرمانخانەیەکی چکۆلانەی ناومالم هەیە کەلوپەلی برینپێچیی تێدایە.
سالیی تاکەپێڵاوەکەی لەپێدەکاتەوە و هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: با بڕۆین. ئارا ئەزانی من لە تووڕەییدا برسییمە، چیت هەیە لە ماڵەوە بیخۆین؟
ئارا لچەکانی پێکەوە پاندەکاتەوە و دەڵێ: هـــــــــــــــــــــــــــمممممممممممممم
کافێ، مۆتسێرێللا، مرەبای هەنجیر، نۆتێللا. نانی ڕەش. ئەمە بۆ نانی بەیانیی. ئەگەر حەزت لە خواردنی قورسیشە دەتوانین چێشت دروستبکەین.
سالیی دەڵێ: نا ئارا گیان ئەوەی هەتە سەروزیادە بۆ ئێستامان. من نەگبەتییەکیشم هەیە، کە تووڕە دەبم یان خەمم دەبێت سەردەکەمە سەرنانخواردن. هەرباشیشە نابم بە کەریمەزلەی محەلەبیی فرۆش. ئارا و سالیی ڕێگایەکی زۆریان لەبەردەمدا ماوە بۆ گەیشتن بە ماڵەوە، بۆیە هەرجارەی ڕێگاکە بە باسێکەوە دەبڕن. بەڵام هەرچەند دەکەن ناتوانن خۆیان لە چێوارچێوەی باسی سیی و یەکی ئاب دەربازبکەن. دیسانەوە لێوەکانیان شۆڕی خەم دەبن و فرمێسک چاوەکانیان تەڕدەکات. دوای نیووکاتژمێرە ڕێگایەک دەگەنە ماڵەوە و بەرلەهەموو شت سالیی دەچێتە ژووری دوشەکەوە و دەستی پاک دەشوات و بانگی ئارا دەکات هەتا بۆی دەرمان بکات و بە لەفافێک بۆی ببەستێت.

ئارا لە ژووری موبەقەکەیدا دەرمانخانەیەکی بچکۆلانەی هەڵواسراوی هەیە، کرێمێک بۆ چەورکردنی بریین و پارچەیەک لۆکە و لەفافێک بۆ سالیی دێنێت و لە دوشەکەدا دەستی بۆ پاکدەکاتەوە و ئەمجارەیان بە نەرمونیانیی بۆی دەپێچێت.
سالیی سووپاسی دەکات و دەڵێ: دە ئێستا بابچین بۆ موبەق کافییەک دروستبکەین و کەمێک نانبخۆین. سالیی و ئارا هەردووک پێکەوە دەچنە موبەق و هاریکاریی یەکدەکەن و لە ماوەیەکی کەمدا خواردنەکەیان دەخەنە سەرسینیی و دێنە ژووری دانیشتنەکە و دادەنیشن بۆ نانخواردن.
ئارا کافییەک بۆ سالیی تێدەکات و دەڵێ: من پێمباشە کافێکەت بەبێ شیر بخۆیتەوە، کاریگەرێتیی باشتر دەبێت بۆسەر مێشکت. چ نەبێت بۆ ماوەیەک هێمن ڕاتدەگرێت.
سالیی دەست بۆ کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆنەکە درێژ دەکات و کەناڵێکی مۆسیقیی دادەگیرسێنێت و دەڵێ: خۆیشم بەنیازی کافیی بێ شیر بووم، سووپاس ئارا گیان. تکایە ببوورە کە ڕۆژەکەم لە تۆش تێکدا.
ئارا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: خەمت نەبێت بۆ من هیچ ناخۆش نەبوو، چونکە من لە پێنجی بەیانییەوە بە خەم لە خەو هەستاوم. کەواتە ڕۆژەکەم نۆرماڵیەتی خۆی بە درامە وەرگرتووە.
ئارا و سالیی بەدەم گوێگرتن لە مۆسیقاکانی کەناڵی" ئێم تی ڤی"یەوە ناندەخۆن و قسە دەکەن هەتا ئەوکاتەی باری دەروونیی سالیی هێمن دەبێتەوە. ئەوسا سالیی سووپاسی ئارا دەکات و داوای لێبووردنی لێدەکات بۆ هەر ناخۆشییەک تووشیان بووبێت. بەڵام بەڵێن بە ئارا دەدات کە هەفتەی داهات ئەگەر هاتوو گەش خۆش بوو ئەوا دیسانەوە بچن بۆ وەرزشکردن و بەسەربردنی کاتی خۆش. سالییماڵئاواییی لە ئارا دەکات و دەڕوات، ئاراش بە تەنها لە ماڵەوە دەمێنێتەوە.

IIIIIII

نۆڤێمبەری ساڵی 1996 ە، مامۆستا تۆفیق گەیشتۆتە وڵاتی سوێدن و لە دەمەو ئێوارەیەکی درەنگدا لە یەکێک لە کابینەکانی تەلەفۆنەکانی سەرجادەکانەوە تێلێفۆن دەکات بۆ ماڵی خۆیان لە کوردستان. بەڕێکەوت قومریی تێلێفۆنەکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو:
مامۆستا تۆفیق بە پەرۆشییەکەوە دەڵێ: قومریی گیان منم تۆفیق.
قومریی ژنی مامۆستا تۆفیق لە خۆشییاندا زریکەی لێهەڵدەستێت و هاوار دەکات منداڵینە وەرن باوکتانە. ئیدی لە ناکاوێکی زۆر خێرادا منداڵان هەموو لە دەوری تێلێفۆنەکە کۆدەبنەوە و هاوار بۆ باوکیان دەکەن. قومریی زۆر پەرۆشی هەواڵ پرسینیی تۆفیقە و دەڵێ: تۆفیق گیان دەمێک بوو ئاگاداریی هەواڵت نەبووین هۆشمان لەبەربڕابوو بۆت. ئەی هەواڵت چۆنە؟ هەر لە یۆنانیت؟
مامۆستا تۆفیق هەموو ڕووخساری پڕبووە لە پێکەنین و دەڵێ: کچە یۆنانی چیی ئەوەتام لە سوێدن.
قومریی کە گوێی لەم قسەیە دەبێت لە خۆشیاندا هەڵدەبەزێتەوە و دەڵێ: چیی؟ لە یۆنان؟ تووخوا بەڕاستە؟
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: بە چاوی قومریی و منداڵەکان وام لە سوێدن.

قومریی ئیدی لە خۆشیییاندا هەڵدەبەزێتەوە و هەڵدەپەڕێت و تەماشای منداڵەکان دەکات و دەڵێ: باوکتان گەیشتۆتە سوێدن. ئیدی منداڵەکان لە خۆشیییاندا هەڵدەبەزنەوە و دەکەونە قاقای پێکەنین و دەڵێن: ئۆخەی ئۆخەی دەڕۆین بۆ سوێدن. ئۆخەی ئۆخەی ئیتر لەم قوربەسەرییە ڕزگارمان دەبێت. قومریی ئیتر لە خۆشیییاندا نازانێت چیی بڵێت. هەر بەوەدا ڕادەگات بەساقە و بەقوربانی مامۆستا تۆفیق بێت. پاشان دەڵێ: ئۆی تۆفیق گیان بەخوا تۆ لێرە نەبوویت ئەمەندە بێکەس بووین ئەمجارە، هەر مەگەر ئەو خوایە بۆ خۆی ئەوەندە بێکەس بووبێت لە ژییاندا. بەخوا کە بەعس و دیموکرات هاتنەوە بۆ ئەم شارە، خەڵکیی هەموو ڕایانکرد بۆ ئێران دیسانەوە. من وتم بەم بێکەسیی و نەدارییە بۆ کوێ بچم خوایە سەری خۆم بۆ کوێ هەڵبگرم؟ قومریی ئیدی دەیداتە پرمەی گریان و دەڵێ: بەخوا دەرگامان بە نەبوونیی و بە برسێتیی لەسەر خۆمان داخست، وتمان بمرین باشترە وەک لەوەی جارێکی تر ئاوارەی ئەو شاخ و داخە بینەوە. تووخوا بەشکم زوو ڕزگارمان بێت و دەربچین لەم قوربەسەرییە. ئەمە کەی ژییانە؟ ئەمە کەی وڵاتە؟

مامۆستا تۆفیق قسەکان بە قومریی دەبڕێت و دەڵێ: قومریی گیان کارتەکەم تەواو دەبێت ڕۆڵە، لە بری من چاوی منداڵەکان ماچ بکە لەم هەفتەیەدا جارێکی تریش پەیووەندییتان پێوە دەکەمەوە. ئاگاتان لە خۆتان بێت. بیرم نەبوو هەواڵی بنار و ئەوان چۆنە؟

قومریی دەڵێ: ئۆی تۆفیق گیان بنار و ئەوانیش هەرسێکیان پێکەوە ڕۆیشتن. خۆی و مێردەکەی و کچەکەیان هەموو پێکەوە ڕۆیشتن. لە ئەڵمانیاوە هەواڵیان بۆهات کە هەموویان پێکەوە بچن بۆ ئەستەنبوڵ لەوێوە کەسێک دێت بە دوایاندا دەیانبات بۆ ئەڵمانیا.

مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئێدە زۆر چاکە زۆرم پێخۆشە، بەشکم ئەوانیش بەم زووانە بگەنە شوێنی خۆیان. لەناکاودا کارتی تێلیفۆنەکەی مامۆستا تۆفیق تەواو دەبێت و قسەکانی لێدەپچڕێت، تێلیفۆنەکە دادەخاتەوە بە ڕوویەکی خۆشەوە لە کابینەی تێلیفۆنەکە دێتە دەرەوە و ڕێگای گەڕانەوە بەرەو کەمپەکەی دەگرێت. پاش چارەکە کاتژمێرێک ڕۆیشتن بە پێ، مامۆستا تۆفیق دەگاتە دەمی دەرگای کەمپەکە و دەچێتە ژوورەوە، لەناو هۆڵی کەمپەکەدا چەند کوردێک ڕاوەستاون و قسە دەکەن، مامۆستا تۆفیق سڵاوێکیان لێدەکات و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت بۆ نهۆمی دووهەم بۆ ژوورەکەی خۆیان. لەم ژوورەدا دوو کوردی دیکەی تر لەگەڵ مامۆستا تۆفیق دا دەژیین. یەکێکیان گەنجێکی تەمەن بیست و پێنجساڵەیە و خەڵکی ڕانیەیە. ئەوی تریان گەنجێکی تەمەن سیی ساڵەیە و خەڵکی هەولێرە. مامۆستا تۆفیق لە دەرگا دەدات و دێتە ژوورەوە، فەرهاد و سالار لە ژوورەوە لەسەر یەکێک لە بێتی خەوتنەکانیان دانیشتوون و یاریی کارت دەکەن. مامۆستا تۆفیق سڵاویان لێدەکات و دێتە لایانەوە دادەنیشێت. ئەوانیش بەخۆشحاڵییەوە وەڵامی سڵاوەکەی مامۆستا تۆفیق ئەدەنەوە و فەرهادیان دەڵێ: وەرە مامۆستا دابەزە لەگەڵمان. مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئێستا نا، دوای ئەم دەستە. ئێوە جارێ یاریی خۆتان بکەن، پەلەمان چییە، شەوێکی دوور و درێژە و کەسیشمان کارمان نییە.

فەرهاد بە خەندەیەکەوە تەماشایەکی مامۆستا تۆفیق دەکات و دەڵێ: لۆ نا برام لۆ نا؟ خۆمن هەرچۆنێک بێت سالارم تەخت کردووە. تۆش کەمێک مەشق بکە مامۆستا گیان، چونکە دڵنییام

تۆش تەخت دەکەم، بەڵام کێشەکە لێرەدایە ئێمە هەموو لاتین دەنا لەسەر شتێکی گرانبەها یارییمان بکردایە گەلێک خۆشتر بوو.
مامۆستا تۆفیق ئاورێک دەداتەوە و دەڵێ: ئێستاش دەتوانین لەسەر شتێکی گرانبەها یاریی بکەین.
سالار و فەرهاد ڕووی خۆیان دەکەنە مامۆستا و بە سەرسوورمانێکەوە دەڵێن: لەسەر چیی؟
مامۆستا تۆفیق چاوەکانی بەرەو لای ڕاست و بەرەو لای چەپ دێنێت و دەبات و لە ناکاودا دەڵێ: لەسەر ئەرکی ناوماڵی ڕۆژێک. پاککردنەوە چێشت و قاپ شتن.
سالار و فەرهاد تەماشایەکی یەک دەکەن و دەڵێن: نـــــــــــــــــــــــــــــــــــا.
مامۆستا تۆفیق ئەیداتە قاقای پێکەنین و هەڵدەستێە سەرپێ و دەڕوات لە سەلاجەکەیاندا شووشەیەک خۆشاوی پرتەقاڵ دەردێنێت و گلاسێکی لێ پڕدەکات و دەچێتە سەرجێگاکەی خۆی و دادەنیشێت. پاش ئەوەی یەک دوو قووم لە خۆشاوەکەی دەخواتەوە، تەماشایەکی سالار و فەرهاد دەکات و دەڵێ: ئەوە بۆچیی وا زیرەتانکردووە؟ خۆ خراپم نەگووتووە، وتوومە کاری ڕۆژێک خۆ نەمگووتووە خوانەخواستە لەسەر هەزار دۆلار.
فەرهاد بە پەلە دێتە وەڵام و دەڵێ: باوەڕبکە مامۆستا هەزار دۆلار بدۆڕێنیت خۆشترە وەک لەوەی گسکت پێبدەن. کاکە شتن و پاککردنەوە و چێشت لێنان کاری ژنانە کەی کاری پیاوە. ئێمە پیاومان پێدەرێن.
مامۆستا تۆفیق بە سەرسوورمانێکەوە دەڵێ: نا سالار گیان ئێجگار واش نا، ژن بە تەنها بۆ پاککردنەوە و چێشت لێنان نییە، ئەوە ئێمەی پیاوی تەمبەڵین ئەو کارە بەسەریاندا دەسەپێنین، تەمبەڵێکی وەکوو تۆ وا دەڵێت.
فەرهاد ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: باوەڕبکە مامۆستا ئەم سالارە قالۆنچە لە جێگاکەی بدات هیچ ئارەزووی نییە پاکی بکاتەوە. تۆ پێی بڵێ کەی دواهەمیینجار دەرپێ کورتەکەت شتووە؟
سالار سوور دەبێتەوە و دەڵێ: هەتیوو فەرهاد باسی دەرپێ کوا لە کۆنکەندا هەیە ماڵتم ڕمان. هەرچەندە دەرپێکەم جوانتربووە ئێستا جاران سپیی بوو بەڵام ئێستا پێش و پاشی زەردە.
مامۆستا تۆفیق و فەرهاد ئەیدەنە قاقای پێکەنین و لەسەر گازی پشت دەتریقێنەوە.
مامۆستا تۆفیق دەڵێ: دەڵێم خودایە ئەم بۆنە چییە لەم ژوورە دێت؟ ئەمە توومەس دەرپێکەی سالارە.
سالار دەڵێ: مامۆستا تۆفیق ماڵتم ئاوەدانکرد. باوەڕبکەن ئێوەش بن لەبری من هەتا ماون ئەو دەرپێیە لە قنتان داناکەنن.
فەرهاد دەڵێ: بۆ کاکە بۆ خۆ دەرپێی ئاڵتوونیی نییە.
سالار دەڵێ: هەر ئاڵتوونیی و بەس. ئەو دەرپێیەی لەپێی مندایە دەرپێی دەستگیرانەکەمە، جا تووخودا ئێوەش بن دڵتان دێت دایبکەنن و بیشۆن.
مامۆستا تۆفیق بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: سالار گیان، دەرپێی دەستگیرانێک جار جار دەریدێنیت و بۆنێکی دەکەیت نەگ لە بەرتا زەرد و پیسی بکەیت و دوایش ناچار بیت فڕێیبدەیت.

سالار ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: باشە مامۆستا تۆفیق گیانە پێم ناڵێیت لەکوێ کات و بوارم هەبێت من دەرپێی دەستگیرانەکەم لە جانتاکەمدا دەربهێنم و بۆنی بکەم؟ بۆ لەتۆ وایە ئەم کۆگەلەی ڕێگای قاچاغی ئەوروپا و کەمپ و کوێ و کوێ بۆم ناکەن بە دەهۆڵ؟ نا نا مامۆستا گیان بڕیارەکەی خۆم زۆر لە بۆنکردنەکەی تۆ باشترە، با هەر لەبەرمدا بێت. سالار چاوێک لە مامۆستا تۆفیق دادەگرێت و دەڵێ: بەڵام مامۆستا پێشنیارەکەی تۆ شتێکی خراپ نییە، پێدەچێت ئیمشەو بیری لێبکەمەوە و دەرپێکە دابکەنم و بیشۆم و ئووتووی بکەم و هەڵیبگرم وەک دەڵێی جار ناجارە دەری دێنم و بۆنی دەکەم.

فەرهاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بەڵام سالار ئێستا دەرپێکە بۆنی دەستگیرانەکەتی لێ نایەت بەڵکوو بۆنی چڵکی پێنج مانگی خۆت. یان بۆنی تایت و شامپۆ.

سالار دەستدەداتە سەرینێک و هەتا هێزی تێدا بێت ئەیکێشێت بە سەری فەرهاددا. ئەوسا هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و ماوەیەکی درێژ پێکەوە پێدەکەنن و سالار ژوورەکە بەجێدێڵێت و دەڕواتە ژووری دوشەکە و دەست دەکات بە داکەندنی دەرپێکەی و سەرەتا بە دەستییەوە دەگرێت و تەماشای دەکات لە پاش و لە پێش. پاشان دەرپێکە هەڵدەبڕێت و دەیخاتە بەردەمی ئاوێنەکە و تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: پێنج مانگی ڕەبەقە لە جەستەم جیانەکردوویتەوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەبێ ترس بۆنت بکەم. سووپاس بۆ مامۆستا. سالار ناوحەوزی دەستشۆرەکە پڕدەکات لە ئاوی گەرم و تایتی تێدەکات و دەستدەکات بە شتنی دەرپێکە. ماوەیەکی زۆر پێوەی خەریک دەبێت و پاشان بە شامپۆ دەیشوات هەتا کەمێک بۆنێکی خۆش بە دەرپێکە بدات. دوای ئەوەی سالار دەرپێکە جوان دەشوات، دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆیان و هەر لەناودەرگاکەوە دەرپێکە بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: تەتا تەتا تەتا.

فەرهاد و مامۆستا تۆفیق دەنگ بەرزدەکەنەوە و دەڵێن: یاهوو هەربژییت سالار یاهوو.

سالار تەماشایەکی فەرهاد دەکات و دەڵێ: دەرپێکە سپیی نییە فەرهاد وەک تۆ دەڵێی بەڵکوو سپیی‌یە و گوڵی پەمەیی تێدایە. وەرە جوان تەماشابکە. سالار دەرپێکە هەڵدەبڕێت و دێتە بەردەمی مامۆستا و فەرهاد و دەڵێ: بە دڵتانە؟

مامۆستا و فەرهاد پێکەوە دەڵێن: هەر زۆر، بەهیواین بە زووترین کات بە دیداری یەکدی شادبنەوە. لەناکاوێکد دەنگە دەنگ و هەرا و هوریایەک لە ماڵەکدا بەرزدەبێتەوە مامۆستا و فەرهاد و سالار بە دەنگەکە سەرسام دەبن و بە پەلە ڕادەکەنە دەرەوە هەتا بزانن چ شتێک ڕوویداوە. هەر ئەوەندە دەرگای ژوورەکەیان دەکەنەوە ڕاستەوخۆ بتڵێکی بیرەی بەتاڵ بەرەوڕووی ژوورەکەیان دێت و بە پەناگوێی سالاردا تێدەپەڕێت و ئەیکێشێت بەدیواری دەرگاکەدا. سالار دەحەپەسێت و دەڵێ: کوڕە ئەوە چییە ماڵوێرانانە؟ ئیدی هەرجنێوی ناشرین هەیە و دێتە گوێی سالار و مامۆستا و فەرهاد و تێکڕای ئەو کوردانەی تریش کە لە کەمپەکەدا دەژیین. جاشیینە، بەعسییانەی خوشک و دایک حیز و بەڕەڵڵایانە، ناپیاوینە. بەرەی دووهەم هاوار دەکات شەست و شەشینەی بەکرەجۆییانەی جاشانەی جەلالییانە، خوشک و دایکتان دەخەینە سەر پۆپەی کێرمان. مامۆستا و فەرهاد بە پەلە ڕادەکەنە شەڕەکەوە بۆ لێکجوداکردنەوەی شەڕکەرەکان. مامۆستا تۆفیق هاوارێک لە سالار دەکات و دەڵێ: سالار

ماڵئاوا ئەوە بۆ واقت ورماوە وەرە کاکە کەی وەختی تەماشاکردنە ئێستا ئابڕوومان دەچێت لەم کەمپەدا. سالار بە حەپەساوییەکەوە ڕادەکاتە شەڕەکەوە و دەڵێ: بیکەن بە خاتری خودا وازبهێنن، ئێمە لەتاو ئەم نەهامەتییە ڕامانکرد بۆ هەندەران ئێستا لێرەش ناهێڵن بحەوێینەوە. لە سەر و لە خواری ئەپارتمەنەکەوە خەڵکی کورد و ئەفغانیی و فارس و عەرەب و ئەلبانیی و ئەفریقیی و سۆماڵیی دێت بۆ لێکجوداکردنەوەی شەڕکەرەکان. شەڕکەرەکان پێنج کوردی یەکێتیی و شەش کوردی پارتی دیموکرات بوون، بۆیە ئاسان نەبوو تەنها بە مامۆستا و فەرهاد و سالار لێکجوودا بکرێنەوە. مامۆستا تۆفیق زۆر خۆشحاڵ دەبێت، کە لە ناکاوێکدا ئەم هەموو خەڵکە هاتن بەتەنگ شەڕەکەوە و شەڕکەرانیان لێکجیاکردەوە. کچێکی گەنجی گەنم ڕەنگ نزیکی شەڕکەران دەبێتەوە و دەڵێ: ڕووتان ڕەش بێت شەڕی براکوژییش مەکەنە ئەورووپاوە هەموو لەدەست زۆرداریی ئێوە ڕامانکردووە. مامۆستا تۆفیق تەماشایەکی کچەکە دەکات و دەڵێ: خوشکم ئەمە شەڕی براکوژیی نییە، بەڵکوو شەڕی دوژمنایەتیی دوو بەرەیە، وەک چەرمەگایی و دڕەیی. وەک هەردوو عەشیرەتی تری کورد لە کوردستان دا. ئەگەر ئەمە شەڕی براکوژیی بوایە ئێستا ئێمە هەموو دەستمان ئەدایە ئێخەی یەکدیی و دەستمان بە خوێنی یەکدیی سوور دەکرد. بەڵام ئەوەتا ئێمە ناوبژیی دەکەین، کەواتە ئێمە بکووژی برای یەکدیی نیین. ئەمە دەستەڵاتدارانی هەردوو بەرەی تاوانبار بەسەر ئەندامەکانیاندا دەسەپێنن. شەڕکەرەکان هەریەکەیان دەبرێنەوە ژوورەکانی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هاوار هاواری جاش و بەعسیی و بەکرەجۆ و سیی و یەکی ئاب هەر لە گوێماندا دەزرنگێتەوە. سالار بە حەپەساوییەکەوە لە ناوەڕاستدا وەستاوە و هەر تەماشای بەژنی خۆی دەکات و دەڵێ: بەو کوردستانەی ئێوە باوەڕتان پێ نییە و هەر ڕۆژەی دەیفرۆش بە وڵاتێک دەبێت کراسەکەم بۆ بکڕنەوە. سەرەتا خەریکبوو بتڵێک لەسەرمدا بچەقێنن، ئێستا کراسەکەشتان دڕاندم، کە هیچی ترم نییە لەبەری بکەم لەوە زیاتر. کوڕێکی گەنجی سپییکەلە لەولاوە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: کوڕە ئەوە بەڕاستە ئەوانە نەک کراس، ورگی "دە" هەزار پێشمەرگەیان لە یەکدیی دڕیی گوێشیان پێی نییە، پێت وایە ئێستا غەمی دڕاندنی کراسەکەی تۆ دەخۆن؟! ئەوانە گەیشتن بە کووشتنی دیلەکانی یەکدیی، ئەوانە گەیشتن بە بڕیینی زمانی پێشمەرگە و گوێچکەی یەکدیی. ئەوانە گەیشتن بەوەی گوو دەرخواردی ئەو کەسانەش بدەن، کە لە ئەورووپاوە قسەیەکیان پێ گووتبێتن و ڕۆژێک لە ڕۆژان چووبێتنەوە بۆ کوردستان. ئەوە دەڵێی چیی بابە گیان؟! برۆ سەری خۆت کزبگرە هەتا تۆش بەر ڤیرۆسی ئەم نەخۆشییە نەکەوتوویت. برۆ خۆت بکووتە، کووتان دژی نالۆگیکیی، کووتان دژی شەڕ، کووتان دژی قین و دژی دوژمنایەتیی و دڵپیسیی. سالار تەماشایەکی کوڕە سپییکەلەکە دەکات و دەڵێ: کاکە گیان من هەتا سێی ناوەندییم خوێندووە بەخوا بەم قسانە سەرم تەقەی دێت. بە کورتیی و بە کوردیی لەگەڵمی ببڕێنەوە، ئێستا کراسەکەم وەردەگرمەوە یان نەخێر؟

کوڕە سپییکەلەکە تەماشایەکی سالار دەکات و بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: نەخێر بەڵام ئەگەر کراسی منت بۆ بشێت ئەوا من کراسێکی نوێی خۆمت پێدەدەم. من خوشک و برام لێرە هەیە، ئەوان مشووری من دەخۆن. کەواتە منیش ئێستا دەتوانم مشووری تۆ بخۆم، وەرە لەگەڵم بۆ

ژوورەکەم. سالار دوای کوڕە دەکەوێت بۆ نهۆمی سێهەم و لەگەڵی دەچێتە ژوورەوە. کوڕە سپییکەلەکە دەستی تەوقەیەک بۆ سالار درێژ دەکات و دەڵێ: من ناوم هیوایە و خەڵکی سلێمانییم.
سالار بە خۆشییەوە دەستی تەوقەی دەگووشێت و دەڵێ: منیش ناوم سالارە و خەڵکی هەولێرم.
هیوا خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: بەڵام کەم پێتەوە دیارە هەولێریی بیت.
سالار بە پێکەنیێکەوە دەڵێ: ئاخر هاوڕێ و دۆست و برادەری خەڵکی سلێمانییم زۆر بووە بۆیە. بەڵام ئەگەر بشمدەوێت دەتوانم بە دیالێکتی هەولێری قسان بکەم.
هیوا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بۆچیی نا چ حەیبێتی هەولێریی، دەرگای دۆڵابی جلکەکانی دەکاتەوە و کراسێکی زەردی کاڵ دەردێنێت و دەڵێ: فەرموو کاک سالار بزانە ئەم کراسە بە بەرت دەکات؟
سالار بە شلەژاوییەکەوە دەڵێ: کاکە دەتەوێت خوێنم بکەیتە کاسەوە؟
هیوا دەڵێ بۆ؟
سالار دەشلەژێت و دەستەکانی دەهێنێت و دەبات و دەڵێ: هیوا گیان ئەوە بەڕاستە؟ کاکە ئەوە ڕەنگی زەردە. من لە هەولێر دەیان شەقم خواردووە لەسەر ڕەنگی سەوز. بە دڵنیاییەوە لە سلێمانییش خەڵکی لەسەر زەرد شەقیان خواردووە. کاکە ئەمانە ڕەنگەکانیشیان دابەشکرد. خۆ کەس ناوێرێت ڕەنگێک لەبەر بکات ڕاستەوخۆ دەڵێن کاکە تۆ سەوزیت یان زەردیت.
هیوا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: وەڵڵا بابە ناهەقت ناگرم، ئەی ئەوە نییە قووتابیی و خوێندکار و ژن و ئافرەتیشمان لێ پەیدا بوو. لەژێر دەستەڵاتی هەرلایەنێکدا ئەم بوونیەتانە ناوێکی تایبەتیان هەیە کە باکگراوندێکی پارتایەتییان هەیە. ئێستا چیی بکەین سالار گیان؟ حەز بە ڕەنگی جەرگیی دەکەیت؟
سالار دەڵێ: کاکە هەر سەوز و زەرد و سوور و شیین نەبێت ئیدی خودای دەکرد ڕەش دەبوو بمدەیە لەبەری دەکەم.
هیوا کراسێکی جەرگیی ئەداتە سالار بۆ تاقیکردنەوە. سالار کراسەکە لەبەر دەکات و دەچێتە بەرئاوێنەیەکی چکۆلانە کە لە قووژبنێکی ژوورەکەدا هەڵواسراوە. تەماشایەکی خۆی دەکات و دەڵێ: بە خودای سێ ساڵ گەنجتربوومەتەوە بەم کراسەوە. کاکە هیوا کراسەکەیش و ڕەنگەکەیشیم بەدڵە و زۆر زۆر سووپاس براگیان. باوەڕ بکە فلسی سوور لە گیرفانمدا نییە و هیچ کەسێکیش لەم بەستەڵەکەدا ناناسم.
هیوا خۆشحاڵیی خۆی بۆ سالار دەردەبڕێت و دەڵێ: شایانی نییە برا گیان، ئەگەر ئێمە ناوبژییشمان پێ نەکرێت ئەوا دەستی هانامان بۆ یەکتریی پێ درێژ دەکرێت. پاشان سالار و هیوا پێکەوە دەچنەوە خوارەوە بۆ لای ئەو کوڕگەلانەی بە هانای ناوبژییکردنەوە هاتن. کە سالار لەسەر پلیکانەکانەوە بە کراسێکی تازەوە دەبینن هەموو دەست دەکەن بە هاوار و قاقا و پێکەنین و پیرۆزبایی کراسی تازە لە سالار دەکەن.

فەرهاد بە پێکەنینێکەوە بە سالار دەڵێ: سالار گیان دوحای بکە هەموو ڕۆژێک شەڕ بێت هەتا کراسی تازە لەبەر بکەیت. هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین و پاشان سالار، هیوا بۆ خواردنەوەی قاوەیەک لە ژوورەکەی خۆیاندا بانگ دەکات. هیوا بەخۆشحاڵییەوە دێت لەگەڵیان و ئەوسا خەڵکەکانی تریش هەموو بڵاوەی لێدەکەن و دەچنەوە ژوورەکانی خۆیان. مامۆستا تۆفیق دەڵێ: سالار من قاوەتان لۆ دەکەم ئێوە بڕۆن دابنیشن.

سالار سووپاسی مامۆستا دەکات و ئیدی هەموو پێکەوە دەڕۆنە ژوورەوە دادەنیشن و دەستدەکەن بە دەربڕینی سکاڵای دڵی یەکدیی و نارەزایی دەربڕیین لەم هەڵوێستەی ئەندامانی یەکێتیی و پارتی دیموکرات. هیوا دەڵێ: من کەسێکی بێلایەنم بەڵام شیکردنەوەی من بۆ ئەم بارووودۆخەی ئێستای کورد وا دەڵێ:

فەرهاد بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشایەکی هیوا دەکات و دەڵێ: ئادەی کاک هیوا گیان بێژە پێمان بزانین لێکدانەوەی تۆ کووە. بەخودا پێشناچێت تۆ بێلایەن بیت، چونکە شت زۆر دەزانیت.

هیوا پێدەکەنێت و دەڵێ: بۆ کاک فەرهاد هەر دەبێت ئەوانەی ئەندام و لایەنگری پارتەکان بن شت بزانن؟

فەرهاد دەڵێ: نا واش ناڵێم، بەڵام بە قسەکانتا دیارە شتت زۆر پێیە. تووخودای ئەگەر لایەنگر و ئەندام نەبیت چیت؟

هیوا دەڵێ؛ هیچ تەنها کەسێکی خوێنەری کوردم و خوێندنەوەم لەسەر بابەتەکان زۆرە.

سالار لەناکاو دەڵێ: نووسەریت؟

هیوا دەڵێ: بەڵێ:

فەرهاد دەڵێ: ئێدە وا بڵێ کاکە گیان وا بڵێ، خۆ شتەکان دیارە پێتەوە لۆ دەیشارییەوە؟

هیوا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: نا کاکە گیان بابەت شاردنەوە نییە. خۆ ناکرێت هەر کە گووتم سڵاو ئیدی پێناسی تەواوی خۆم بکەم.

سالار ئۆقرەی لەبەر براوە و دەڵێ: دە کاک هیوا گیان ئێستا وازبهێنە لەم قسانە و پێمان بڵێ لێکدانەوەی تۆ بۆ ئەم ناکۆکییە چییە؟ مامۆستا تۆفیق دەڵێ: ئەمە شەڕی دوژمنایەتیی و کۆنە قینە نەک براکووژیی. ئەی تۆ دەڵێی چیی؟

هیوا دەڵێ: من دەڵێم ئەمە قەرزێک بوو لەلای پارتی دیموکرات، کە یەکێتیی نیشتیمانی دەمێک بوو داوای دەکرد بیداتەوە.

سالار و فەرهاد تەماشایەکی یەکدیی دەکەن و دەڵێن: قەرز؟

هیوا بەردەوامیی بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: ئەو قەرزە نا، کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، بەڵکوو قەرزی ڕامیاریی. پارتی دیموکرات لە ساڵی شەست و شەش دا هێندە سەری کردە سەربەرەی بۆچوونی جیاواز لەناو پارتی دیموکرات دا، دیارە لێرەدا مەبەستم لە بەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییە. ئەم سەرکردنەسەرە وەهای کرد، کە جەلال تاڵەبانیی و ئیبراهیم ئەحمەد پێکەوە سیاسەتی تێکۆشان لە پێناوی مانەوەدا بەکار بهێنن. بە فەلسەفەی میکاڤیللیی "بگە بە ئامانجەکانت بە هەر نرخێک بێت" ئەوە بوو کۆمەڵەکەی ئەوسای ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال

تاڵەبانیی پەنایان برد بۆ ڕژێمی بەعس و لەوساوە بە جەلالیی ناسراون. وەک چۆن جەلالییەکانیش ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتیان بە مەلاییی ناوزەد کردبوو. جا ئەم قەرزە پارتی دیموکرات هەر دەبوایە بیدایەتەوە، یەکێتیی نیشتیمانییش دەیان ساڵ بوو چاوەڕوانی ئەو هەلەی دەکرد بیقۆزێتەوە. ئێستا وەک چۆن پەیمانی بەعس و جەلال تاڵەبانیی لە شەست و شەش دا بە خیانەت لە مێژووی کورددا ناونووسکرا ئاوهاش سیی و یەکی ئاب لە مێژووی کورددا بە خیانەت ناونووسکرا. کەواتە ئێستا تای تەرازووی ویژدانی هەردوولایان لەیەک سەنگدا وەستاوە. دەنا یەکێتیی نیشتیمانیی زۆر باش دەیزانی کە پارتی دیموکرات بەرگەی هێرشەکانی یەکێتیی ناگرێت، هەربۆشە زیاتر پاڵی دەنان هەتا وایان لێبکات پەنا بەرنە بەر ڕژێمی بەعس. لێرەدا یەکێتیی نیشتیمانیی ئاواتەکەی هاتە دی، ئەویش بەخوێنی دەیان هەزار پێشمەرگە. دەنا چ دەبوو ئەگەر یەکێتیی نیشتیمانیی لە سنووریکدا دەستی لە شەڕ هەڵبگرتایە و وازی لە پارتی دیموکرات بهێنایە لە ناوچەی خۆیاندا حوکمڕانییان بکردایە، بەڵام نەگ یەکێتیی دەیوویست دیموکرات بە تەواویی لە کوردستان دەربکات هەتا پەنا بهێنە بەربەعس. ئەگەر پارتی دیموکراتیش ئەم کارەی نەکردایە بەدڵنیاییەوە هیچ دەستەڵاتێکیان لە کوردستان دا نەدەما و ئەوسا بوونیشیان لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانییەوە قەدەغە دەکرا. کەس نەیدەزانی داهاتی دەستەڵاتی سیاسیی کورد بەرەو کام سیستێم دەڕۆیشت. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە ڕەفتارانەش هەرگیز سیستێمێکی دیموکراسیی و مەدەنیی لێ نابێتەوە.

مامۆستا تۆفیق خۆی دەکات بە ژووردا و دەڵێ: کوڕینە قاوەکەمان تەواوبووە، سالار گیان ئەو مێزە کەمێک نزیکبکەرەوە هەتا هەمووومان لەدەوری خڕبینەوە.

سالار بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: مامۆستا خڕ بینەوە یان کۆبینەوە؟

مامۆستا تۆفیق قۆرییەک قاوەی بە دەستەوەیە و دەڵێ: کۆبینەوە، خڕبینەوە چ جیاوازیی هەیە سالار گیان؟

سالار دەڵێ: هیچ، بەڵام با بڵێین کۆبینەوە، وەک چۆن جاران جاش و بەعسییە کوردەکان دەیانگووت "ئیجتماع" و دوای ڕاپەڕیین کردیان بە کۆبوونەوە.

مامۆستا تۆفیق تەماشایەکی سالار دەکات و دەڵێ: سالار گیان تەندروستییت باشە؟ ئادەی با دەستێک بدەم لە نێوچەوانت بزانم تات نییە؟ مامۆستا تۆفیق دەستێک لە نێوچەوانی سالار ئەدات و دەڵێ: ئەی باوکە گیان خەریکە گڕدەگریت سالار گیان خێرا بچۆ بۆ نەخۆشخانە. ئەرێ سالار گیان کۆبوونەوە و خڕبوونەوە لەکوێ و جاش بەعسیی و ئیجتماع لەکوێ؟ هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و پاشان سالار کەمێک سووردەبێتەوە و دەڵێ: ئەرێ کاکە گیان ئێ با منیش جارێک فەلسەفەیەک دەرببڕم.

فەرهاد هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: نا سالار گیان تۆ و فەلسەفەیان نەگووتووە، بۆ خۆت هەر لەسەر قسەخۆشەکانی خۆت بمێنەرەوە جەماوەرت باشتر دەبێت وەک لەوەی خۆت فێری فەلسەفە بکەیت. فەلسەفەکردن لە تۆ نایەت ماڵتم ئاواکرد. دەی مامۆستا تۆفیق گیان با منیش یارمەتیت بدەم، من دەچم کووپ دێنم، ئەرێ چەند کەسین بەڕاستیی؟ فەرهاد بە پەنجە خۆیان دەژمێرێت و قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: قووتابییەکی ژیرم هێشتا ماتماتیک دەزانم. چوار کووپ

دێنم. فەرهاد بەرەو مووبەقەکەیان دەڕوات و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات. سالار لە جێگاکەی خۆی دەردەپەڕێت و دەڵێ: مامۆستا تۆفیق گیان ئیمرۆ پاکەتێک کێکسی خۆشم کڕیووە، باوەڕبکە ئێستا باشترین کاتە بۆ خواردنی، خۆ بۆنی ئەو قاوەیە لە خۆشیییاندا هەراسانت دەکات. سالار دێتەوە ژووری و چوار کووپی لەگەڵ خۆی هێناوە و بەهەموویان مێزێکی چکۆلانە دەڕازێننەوە و مامۆستا دەستدەکات بە تێکردنی قاوە و سالاریش کێکسەکان دەخاتە سەرقاپێکی بچکۆلانە و دەستدەکەن بە خواردنەوەی قاوە و خواردنی کێکس پێکەوە.

IIIIIII

ساڵ بەرەو کۆتاییی دەڕوات ژییان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، تریفە لە دەریای غەمی ژییانی لەندەندا دوور لە ئارا دەتلێتەوە. بنار و مێرد و کچەکەی لە وڵاتی سووریادا گیرۆدەی دەستی قاچاغچیین هاتا بگەنە وڵاتی ئەڵمانیا. دایک و خوشک و براکانی بنار چاوەڕوانیی ئەوەن مامۆستا تۆفیق بگەڕێتەوە بەدوایاندا و بیانبات بۆ وڵاتی سوێدن. کوردستان بووەتە مەنجەڵێکی کینە و شەڕ و ناهەمواریی و هێندەی نەماوە بتەقێت. ڕۆژێک لە کۆتاییی مانگی نۆڤێمبەردا یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی ئارا، کە سەردەمانێک هەم لە کوردستان هاوڕێ بوون و هەم لە هەندەرانیش پێکەوە ژییانی کەمپی پەناهەندەییان بردۆتەسەر، لە ئێوارە وەختێکدا زەنگ بۆ ئارا لێدەدات. ئارا لەماڵەوە تەنها دانیشتووە و بە دیار گڵۆپێکی شەوق کزەوە خەریکی خوێندنەوەی " حەمەدۆک"ە بەشی دووهەمی. زەنگی تێلیفۆنەکە ئارا لە خوێندنەوە دەبچڕێنێت و هەڵدەستێت بۆ هەڵگرتنی تێلیفۆنەکە و بە دەنگێکی مات و نزمەوە دەڵێ: بەڵێ فەرموو:

دەنگی کوڕێکی گەنج لە تێلیفۆنەکە دەردەچێت و دەڵێ: ئێوارەت باش ئارا چۆنیت بەقوربان؟ من "دانا"م دانای سەرشەقامیی.

ئارا خۆشیییەک بە دەروونییدا دێت و دەڵێ: سڵاو دانا گیان چۆنیت بەقوربانت باشیت؟ پەکوو زۆر لەمێژە ئاگاداری یەک نین دەنگووباست بەساقە؟ هەر لە میونشن ماویت؟

دانا هەمانشێوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: سووپاس ئارا گیان من باشم بەهیوام تۆش باش بیت ماڵەکەم. ئارا گیان ڕۆژی شەممە کۆڕێک هەیە لەسەر شەڕی برا کوژیی لێرە.

ئارا قسەکان بە دانا دەبڕێت و دەڵێ دوژمنایەتیی یان براکوژیی؟

دانا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: کوڕە قسەکەی تۆیە دوژمنایەتیی دەنا براکوژیی چی و شتی چی، ئەمانە بۆ کورسیی و دەستەڵات ناویان ناوە براکوژیی. بەهەرحاڵ وتم ئەگەر حەزتکرد وەرە.

ئارا دەڵێ: شەممە یانی سبەینێ؟

دانا دەڵێ: نا ببوورە ئارا گیان شەممەی داهات نەگ ئەم شەممەیە. هەر پێشمخۆشە بتبینم زۆر لەمێژە یەکترمان نەدیووە. دەتوانیت ڕۆژی هەینیی ئێوارەکەی بێیت و بۆ یەکشەممە

بگەڕێیتەوە. دەچین بەشوێن دڵشادیشدا ئەویش دێت. ئەویش میوانێکی هاتووە لە سوێدنەوە هەمانشێوە ڕۆژی یەکشەممە دەگەڕێتەوە.
ئارا دەڵێ: پێمخۆشە دڵشادیش ببینم. ئەویش دواهەمیینجار لێرە بەڕێکەوت لەماڵی پادە بینیم، وتی بەنیازم بۆ هەمیشەیی بڕۆمەوە بۆ کوردستان. وادیار بوو بەڵێنیان پێدابوو بیکەنە لێپرسراو و شتی وا. ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: نا شۆخیی دەکەم، کەسێکی وەک دڵشاد دوای کورسیی ناکەوێت لەسەرخوێنی کوڕی خەڵکیی. ئەدی میوانەکەی کێیە لە سوێدەوە؟
دانا دەڵێ: کچێکی هاوڕێیەتی کارێکی بە پەلەی هەیە و دەڕواتەوە.
ئارا دەڵێ: باشە دانا گیان زۆرخۆشحاڵبووم، من ڕۆژی هەینیی داهات ئێوارەکەی پێش ئەوەی لێرەوە دەربچم تێلێفۆنت بۆ دەکەم.
دانا ماڵئاوایی لە ئارا دەکات و تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە.
ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: دانـــــــــــــــــــــــــــــــــا، ژییانی ئەوروپا خۆشت لەبیردەباتەوە نەگ هاوڕێکانت. بەڵام دەستەڵاتیش نییە چی دەکەیت بەدەست بێ کاتیی و کاری زۆرەوە؟ مرۆڤ هەرئەوەندە فریا دەکەوێت ژییانی خۆی بگووزەرێنێت و ئەو کەسانەی کە لە شارەکەی خۆیدا دەیانناسێت کەم تا زۆر بەسەریان بکاتەوە.
ئارا ئەو هەفتەیە لەگەڵ کارکردندا و جارناجارێک بە چوونەدەرەوە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانیدا دەباتەسەر. پاییزێکی هەتا بڵێی سارده هەر لە ئێستاوە بەفر بووەتە میوانی ئەم وڵاتە. یەکێک لە پیاسە خۆشەکانی ئاراش بەتەنێ ڕۆیشتنیەتی بەنێو سینەی سپیی و سۆڵی بەفردا. هەربۆیە ئەو ئێوارانەی هەست بە تەنهایی و نائارامیی خۆی بکات، خۆی لە باوەشی پاڵتۆیەکی ئەستووری نیلیی دەنێت و مل بۆ دەرەوە دەنێت. ئەوسا بە چەقاندنی یەکەمیین هەنگاوی لە هەناوی بەفردا دەچێتە دونیای خۆیەوە و دەست لەملانێی ئەندێشەکانی دەبێت. هەموو ئەوجارانەش کە لە بەفری ژێر پێ و بەردەمی دەڕوانێت، هەمان تابلۆ دێنەوە کامێرای چاوەکانی کە لە خەونەکانیدا دەیان بینێت. کە لە ڕۆیشتنی گایستی دا دەیانبینێت. بەڵام ئارا ئێستا وەک ئەوەی بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێت بۆ ئەم لێکدانەوانە وەها وەدەردەکەوێت. جارناجارێک بەدەم خۆیەوە دەڵێت: هێندەی نەماوە دەرگای تێگەیشتنت بکەمەوە، خۆم هەستی پێدەکەم. هەستدەکەم وەک ئەوەی گەیشتبێتمە بەردەمی دەرگاکەت و لە کلیلی کردنەوەت دەگەڕێم. پاشان هەناسەیەک هەڵدەمژێت ئەیداتەوە هەڵهێنانەوەی شەقاوەکانی و بزەیەکی ڕۆحانیی ئەخاتە سەرڕووخساری و دادەنەوێتەوە و تۆپەڵێک بەفر دروست دەکات و هەتا هێزی تێدابێت دەیهاوژێت. ئیدی وردە وردە ملی ڕێگای پارکێکی گەورە دەگرێتە بەر، کە سەرتاپای بە سەرپۆشێکی زیوینی ئاڵ داپۆشراوە.
دوای ئەوەی ئارا ڕۆژانی ئەو هەفتەیە تێدەپەڕێنێت و دەکەوێتە ڕۆژی هەینییەوە ئیدی چاوەکانی هەر لەسەر کاتژمێرە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کات ببێتە شانزدەی دوای نیووەڕۆ و دەست لە کار هەڵبگرێت و لێبخوڕێت بەرەو میونشن. هەندێکجار خامۆشیی و بێدەنگییەک بە ڕووخسارییەوە دیارە و هەندێکجاریش بە ئارەزووە و خەریکی قسەی خۆش و پێکەنینە لەگەڵ

هاوکارانیدا. ئارا بە پاڵەپەستۆ ئەو ڕۆژە کات تێدەپەڕێنێت، هەر لەگەڵ میلی کاتژمێرەکە دەچێتە سەرشانزدە ئیدی ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ ئۆخەی خۆ ئەم ڕۆژەم لێ ببوو بە یەک ساڵ هەر نەدەڕۆیشت. ئاراماڵئاوایی لە هاوکارانی دەکات و بە جێبەکەی ڕێگای ماڵەوە دەگرێتە بەر. ڕێگاکان هێشتا لەو بەفرەی کە چەند ڕۆژێک لەسەریەک بارییبوو باش پاک نەبوونەتەوە. گەش و هەوایەکی ئێجگار ساردی هەیە، هێشتا بەردەوامیش کرێوەی بەفرێکی ورد سەرتاپای شاری گرتۆتەوە. ئارا بەدەم لێخوڕیینەوە خەیاڵی بۆ لای تریفە ڕۆیشتووە و لە لێکدانەوەی ئەوەدایە ئاخۆ دەبێت ئێستا باری دەروونیی تریفە چۆن بێت؟ ئاخۆ بڵێی بتوانێت لە داهاتێکی نزیکدا ژییانی خۆی وەک تاکێکی ئازادی کۆمەڵ کۆنترۆڵ بکات؟ ئاخۆ بڵێی بەم نزیکانە ئەم تیرۆری کەسیی و تیرۆری تێلیفۆن و نامە و ئێس ئێم ئێس و ئیمالانە لە ژییانی تریفەدا نەمێنێت؟ من دڵنییام ئێستا تریفە لەم کاتەدا لە گێژاوێکی مەترسییداری دەروونییدایە. نزیکەی مانگێکیش دەبێت من و تریفە هیچ تێلیفۆنمان پێکەوە نەکردووە. ئەو هەواڵانەی لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە بڵاودەکرێنەوە هێندەی تر من تووشی لێکدانەوە دەکات. دیاردەی خۆکووشتن لەناو کۆمەڵگای کوردیی دا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیادبوون دەڕوات. بەتایبەت لە ڕاسەی ژناندا ئەم دیاردەیە زیاتر بەدی دەکرێت. ئارا لە گێژاوی ئەوەدایە نەگ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم هێرشە دەروونییە ڕووبکاتە تریفە زەفەری پێ بەرێت. تریفە چەندیینجار ئەم بیرکردنەوانەی بۆ هاتووە، بەڵام هەمیشە تریفە لە لێکدانەوە ڕەشەکان گەورەتر بووە. بەڵام ئەمە ژییانیشە هەموو شتێک شیاوی ڕوودانە. هێندە نابات لۆرییەک لە دەستە ڕاستەوە دێتە سەرهێڵی چەپ و دەیەوێت لۆرییەکی تر تێپەڕێنێت کە بە خێراییەکی کەمتر لێدەخوڕێت. شۆفێری ئەم لۆرییە پێدەچێت یان ئارای لە تەنیشتی خۆیەوە نەدیبێت، یان ئەوەتا وای هەستکردووە کە ئارا بەخێراییەکی کەمتر لەو لێدەخوڕێت. ئارا هێندە نازانێت لۆرییەکی زل و زەبەلاح لەبەردەمیدا قووتدەبێتەوە. ئەویش هەتا پێی بکرێت قاچ لە ستۆپ دادەگرێت. ئارا ئیدی لە باوەڕی ئەوەدا نەماوە کە لە دواوە لە لۆرییەکە نەدات، بە تەواوەتیی دەستی لە خۆی شتووە و چاوەکانی دەنووقێنێت و چاوەڕوانی زرمە لێهەڵستان دەکات. هەمووی نیوو مەتریشی نامێنێت لووتی جێبەکەی ئارا لە دوای لۆرییەکەوە دەوەستێت و ئارا خۆیشی باوەڕ ناکات کە گەیشتبێت بەم ئەنجامە. ئیدی ئارا هێندە قولبۆتەوە لە خەیاڵەکانییدا و هێندە بێ هیوا ببوو لە ڕاوەستانی جێبەکەیدا لە کاتی خۆیدا، هیچ نقەی لێوەنایەت. هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەستێک بە دەمووچاویدا دێنێت و دەڵێ: نەمردم من ئەمجارەش بێ تۆ. ئیدی ئارا وردە وردە بەنزیین ئەداتەوە جێبەکەی و لێدەخوڕێتەوە. کاتێک لۆرییەکەی پێش ئارا لۆرییەکەی تر تێدەپەڕێنێت و دەچێتەوە سەرهێڵی خۆی، ئارا خۆی لە پەنجەرەی شۆفێرەکە نزیکدەکاتەوە هەتا بە نیشانەی دەستەکانی بە شۆفێری لۆرییەکە بڵێت: کە تۆ شێتیت تۆ تێکچوویت تۆ مرۆڤیت تۆ چیت؟ بەڵام شۆفێرەکە هەستدەکات کە گەورەتیین هەڵەی کردووە و ژییانی شۆفێرێکی تری خستۆتە مەترسییەوە، هیچ ڕووی ئەوەی نییە ڕوو بکاتە ئارا و بە شەرمەوە تەماشای پێشی خۆی دەکات. پاشان ئارا پێ لە بەنزیین دادەگرێت و بە خێرانیی لێدەخوڕێت. پاش چەند خولەکێک لێخوڕیین ئارا دەگاتەوە نزیک ماڵە کۆنەکەی خۆی و لە کەنارێکدا پارکێک دەکات و بەرەوڕووی

دوکانی سەموونەکەی خاتوو کراگ دەڕوات. ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و تەماشایەکی ماڵە کۆنەکەی خۆیان دەکات، کە هەرچەند مەترێک لە دوکانی سەموونەکەی خاتوو کراگەوە دوورە. لەبەردەمی دەرگاکەدا پێڵاوەکانی بەو فەرشە زبرەی بۆ پاککردنەوەی پێڵاو دانراوە، پاکدەکاتەوە و ئەوسا بە بزەیەکەوە خۆیدەکات بە ژووردا و سڵاوی خۆی بە کارمەندان ڕادەگەیەنێت. خاتوو کراگ، کە خاوەنی دوکانەکەیە بە خۆشحاڵییەوە سڵاو لە ئارا دەکات و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: ئەوە چۆن بوو ڕێگات کەوتۆتە لامان ئارا؟ پێدەچێت ڕێگات لێ ونبووبێت.

ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: باوەڕبکە خاتوو کراگ من دەمویست بڕۆمەوە ماڵەوە بەڵام چی منی هێنایە ئەم کۆڵانە؟ باوەڕبکە نازانم! هەرچییەک منی هێنابێت بۆ ئێرە بەهیوام خۆشیی پێوە بێت نەک ناخۆشیی.

خاتوو کراگ سەرێک دەجوڵێنێت و دەڵێ: ئەڵمان دەڵێ: هیچ شتێک بێ هۆ نییە، هەموو شت هۆکاری خۆی هەیە. ئەم هاتنەی تۆش هۆیەکی هەیە پێدەچێت ئێستا وەڵامەکەی نەزانیت، بەڵام لە داهاتوویەکی دوور یان نزییکدا بۆت ڕووندەبێتەوە. پاشان خاتوو کراگ هەواڵی تریفە لە ئارا دەپرسێت. ئارا بە ماتەمیینییەکەوە دەڵێ: باوەڕ بکە نازانم ئەوە ماوەی یەک مانگە قسەمان نەکردووە پێکەوە، خۆیشم نازانم بۆ؟ نە من تێلێفۆن دەکەم نە ئەویش بەڵام بڕیار بێت هەرئێستا، کە چوومەوە ماڵەوە تێلێفۆنی بۆ بکەم، ئێستا لەسەر ئاوتۆبان هێندەی نەمابوو بە ئەندێشەی تریفەوە نەچمە ژێر لۆرییەکەوە.

خاتوو کراگ قسەکان بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: خۆ خوانەخواستە هیچ ڕووی نەداوە؟

ئارا دەڵێ: نەگەیشتە ئەوەی کارەستا ڕوبدات. پێدەچوو من بۆ شۆفێری لۆرییەکە گۆشەیەکی مردوو بووبم، یان ئەوەتا وایدەزانی، کە من هێواش لێدەخوڕم. بەهەرحاڵ هیچ ڕوووینەدا.

خاتوو کراگ دەڵێ: ئۆخەی دە لە بیر خۆتی بەرەوە و تەماشای پێشەوە بکە نەک دواوە. بڵێ دەی بزانم چیت دەوێت؟

ئارا بزەیەک دەگرێتە خاتوو کراگ و دەڵێ: لە ڕاستییدا ئەم کۆتایی هەفتەیە لە ماڵ نابم، هەرئێستا دەچم دوشێک دەکەم و لێدەخوڕم بۆ میونشن بۆ سەردانی هاوڕێیەکی دێریین. جا پێمخۆشە بۆ ڕێگا چەند پارچە کێک و کولیچەیەک لەگەڵ خۆم بەرم.

خاتوو کراگ دەڵێ: دەی بەخۆشیی بێت و ئاگاداری خۆتبە لە لێخوڕییندا. پاشان داواکانی ئارا دەکاتە زەرفێکەوە و هیوای کۆتایی هەفتەیەکی خۆش بۆ ئارا دەخوازێت.

ئارا دێتە دەرەوە و سواری جێبەکەی دەبێتەوە بەرەو ماڵەوە ڕێگا دەبڕێت. ئارا دیسان لە ڕێگادا بیرلەوە دەکاتەوە، کە چی پاڵی بە ئاراوە ناوە، ئێستا لەم کاتەدا بەرەو ماڵە کۆنەکەی لێبخوڕێت؟ بەبێ ئەوەی ئارا بیری لەوەکردبێتەوە بچێت بۆ لای خاتوو کراگ بۆ کڕیینی کێک و کولچیە. ئارا زۆر سەری لەم کارە دەسووڕمێت و هیچ وەڵامێکی پێ نییە بۆی. پاش چەند خولەکێکی کەم ئارا دەگاتەوە کۆڵانی خۆیان و پارکێکی بەتاڵی نزیک ماڵەکەی خۆی دەستدەکەوێت. هەموو ئەوکاتانەی، کە ئارا پارکی بەتاڵی دەستدەکەوێت وادەزانێت لۆتۆ تۆتۆی بۆ دەرچووە ئەوەندە دڵی پێخۆش دەبێت. ئارا لە جێبەکەی دادەبەزێت و بەرەو ماڵەوە دەڕوات،

سەرجادە و کۆڵانەکان هێشتا بەفریان پێوەیە، ئارا تەماشای جادە و ڕێگاکان دەکات و دەڵێ: هێشتا پاییزی وا ساردم نەدیووە. پاشان دەگاتە ماڵەوە و تەماشایەکی سندوقی پۆستەکەی دەکات چەند نامەیەکی فەرمانگەکانی تێلیفۆن و کارەبا بەدەستییەوە دێت و پاشانیش پۆستکارتێک لە سندووقەکەیدا بەدی دەکات. ئارا زۆر بەپەلە پۆستکارتەکە هەڵدەگێڕێتەوە و تەماشای نووسینەکەی دەکات و دەڵێ: تریفە. بەپەلە وەک ئەوەی کارتەکەی لەدەست بفڕێنن وەها وەدەردەکەوت دەستدەکات بەخوێندنەوەی کارتەکەی تریفە.

سڵاو ئارا گیان ئەی خوداکەی من.

ئەگەر لە هەواڵی باشیی من دەپرسیت؟ ئەوا من هیچ باش نیم، بوویمەتەوە بە کەرەکەی جاران. نامەوێت هیچ بیربکەمەوە. دەخۆم دەنووم کاردەکەم ڕۆژانە دوانزدە کاتژمێر کە زۆر زۆر ماندووم دەکات. کەسوکارم لێرە درۆیان لەگەڵ کردم. هێنانی من بۆ ئێرە بۆ لەندەن تەنها هەڵخڵەتاندنم بوو و هیچی تر. کە بێدەنگم تێلیفۆن ناکەم ئەوە زۆر ماندووم و دەروونیشم بەم ڕۆژگارە شۆڕتدەکات و گڕدەگرێت. بۆیە حەزم نەکردووە دڵت تەنگ بکەم. هەتا ماوم یارمەتیی تۆم بیرناچێت، هەزارجار سووپاس هیوام وایە تۆش منت بیر نەچێت. هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. ئیمزا تریفە. لەندەن.

ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: لە خۆڕا نەبوو من لەناکاو لەسەر ئاوتۆبان دا تریفە بوو بە شاشەی سینەمای ئەندێشەکانم. ئارا بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت و دەڕواتە ژوورەوە. هەرئەوەندەی گەیشتە ژوورەوە خێرا پێڵاوەکانی دادەکەنێت و بەرەولای تێلیفۆنەکەی دەڕوات و زەنگێک بۆ تریفە لێدەدات. هەر لەگەڵ یەکەم زەنگ لێدانیدا مۆبایلەکەی تریفە دەچێتە سەر مێسیج ماشین. ئارا هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: ئەمەش لەبەختی من. دوای ئەوەی ماشینەکە تووتە لێدەدات بۆ دانانی وەڵام ئارا دەستدەکات بە قسەکردن و دەڵێ: سڵاو تریفە گیان منم ئارا. ئیمڕۆ کارتەکەتم بەدەست گەیشت زۆر سووپاس ماڵەکەم. مەخابن زۆر خەمبار دیاریت لە نووسینەکەتدا پێمخۆش نییە و خەمبارم دەکات. من ئێستا دەچم بۆ میونشن بۆ کۆڕێکی دوژمنایەتیی یەکێتیی و پارتی دیموکرات ڕۆژی یەکشەممە دێمەوە، بەهیوام ئەوکات بتوانین قسان بکەین. کاتێکی خۆش دڵسۆزت ئارا.

ئارا ئیدی خۆی دادەکەنێت و دەڕواتە دوشەکەیەوە، دوشێکی خێرا دەکات و ڕیشی دەتاشێت و دێتەوە ژووری بۆ خۆگۆڕیین. یەکێک لە خووەکانی ئارا ئەوەیە کە دەچێت بۆ هەرشوێنێک بەتایبەت وەک سەردان و میوان زۆر خۆی کەشخە و جوان دەکات. هەربۆیە ئەمجارەش دەستێک چاکەت و پانتۆڵی ڕەش لەبەردەکات و دەستێک جلی تریش لەگەڵ خۆی دەبات و قاتێک چاکەت و بیجامەی قووماش و ئیدی ئەوشتانەی کە بۆ ئەم دووڕۆژە پێویستیی بێت دەخنێتە جانتایەکی ڕەشەوە. ئارا بەدەم خۆگۆڕیین و پێچانەوەی کەلوپەلەوە کاسێتێکی مەزهەری خالقیی دەنێتە نێو ڕیکۆردەکەیەوە و گوێ لە خالقیی دەگرێت، بێگوومان هەمووکاتێکیش هەر بەیادی تریفەوە گوێ لە خالقیی دەگرێت. چونکە خالقیی بۆ تریفە تنۆکێک لە ئاوی ژیین بوو. ئەوسا دەچێتە مووبەقەکە و قاوەیەک دروستدەکات. ئارا وردە وردە هەم ئارامییەک بە دڵیدا دێت کە لەدوای مانگێکی دوور و درێژ هەواڵی تریفەی زانی، هەم دڵتەنگیش

دەبێت بەوەی کە ژییانی تریفە هیچ بەرەو ئازادیی و خۆشیی نەڕۆیشتووە. دێتەوە لای تێلیفۆنەکە و زەنگێک بۆ دانا لێدەدات لە میونشن. دانا زوو دێتە وەڵام و دەڵێ: بەڵێ ئارا گیان سڵاو.

ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەوە چۆن دەزانیت منم؟

دانا دەڵێ: ئەی ماڵتم ئاواکرد، ژمارەکەتم لە مۆبایلەکەمدا تۆمارکردووە، بۆیە هەمووکات ژمارەکەت لە دیسپلەیەکەمدا دەردەکەوێت.

ئارا دەڵێ: ئەها کارێکی خراپ نییە. باشە ماڵەکەم ئەوە من ئێستا لە کار هاتوومەتەوە دوشم کردووە و وا خەریکی خۆگۆڕیینم. پاشان کافێیەک دەخۆمەوە و بەرەولای تۆ بەڕێدەکەوم. جا نازانم یەکسەر بێمە ماڵەوە یان لە شوێنێکی تر یەک ببینین؟

دانا دەڵێ: بە ئارەزووی خۆت. ئەوە ئێستا لەگەڵ دڵشاد و میوانەکەیدام دڵشاد زۆری پێخۆشە کە دێیت و زۆر سڵاوی هەیە بۆت. دڵشاد لەولاوە هاوارێک دەکات و دەڵێ: ئارا خوێڕی گیان چاک نەبوو ئێمەشت بیرکەوتەوە؟ دانا دەڵێ: کوڕە ئەوی چی؟ من ئەوم بیرکەوتەوە و تۆشم بەبیرهێنایەوە دەنا ئارا هەر لە دونیای بیرچوونەوەدا دەژیی.

ئارا ئەیداتە پێکەنین و دەڵێ: ڕاستدەکەیت دانا گیان مافتە ئەو قسەیە بکەیت. باشە من یەکسەر دێم بۆ ماڵەوە ئێوە لەوێ چاوەڕێم بکەن. ئیدی من ئەوا لە دوو کاتژمێر و چارەکێکی تردا لەوێم. ئەدرێسەکەشم بیرنەچووە ماریین شتڕاسە هەشت.

دانا دەڵێ: هەربژییت کوڕی ئازا. باشە دەی ئارا گیان با کاتت لێ نەگرم بەڕێکەوە ماڵەکەم. کاتێکی خۆش تا دوایی.

ئارا تێلیفۆنەکە دادەخاتەوە و دەڕواتەوە بۆ مووبەق، کافێکەی تەواو بووە. کووپێک تێدەکات بۆ خواردنەوە و ئەوی تریش دەکاتە نێو تەرمۆزەیەکەوە بۆ ڕێگا. ئارا هەر لە مووبەقەکەیدا قاوەکەی دەخواتەوە و گوێ لە مەزهەر دەگرێت و جارناجارێکیش گۆرانییەکە لەگەڵ مەزهەردا دەڵێتەوە. پاش ماوەیەکی کەم ئارا ئامادە دەبێت بۆ هاتنە دەرەوە. دەست ئەداتە جانتاکەی و ڕیکۆردەکەی دەکووژێنێتەوە و تەماشایەکی ماڵەکەی دەکات نەگ هەرشتێکی بە داگیرساوی بەجێهێشتبێت. دوای ئەوەی دڵنییا دەبێت لەوەی هەموو شت تەواوە، ئیتر لە ماڵ دێتە دەرەوە و بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوە و بەرەو لای جێبەکەی دەڕوات. ئارا فرە جوان خۆی گۆڕییوە و هەتا بڵێی جێگای سەرنجە کە بەم بەفر و سەرمایە هێندە ڕێک و جوان مرۆڤ خۆی پۆشتە بکات. جانتاکەی دەنێتە نێو سندووقی جێبەکەوە و سوار دەبێت و دەست بە سلف لێدان دەکات. ئیدی ئارا لە پارکەکەی دێتە دەرێ و وردە وردە بەنزیین ئەداتە جێبەکە و ڕێگا دەبڕێت. دونیا تارییکبووە و گڵۆپەکانی سەرشەقام و کۆڵان و دوکان بازاڕەکان چراخانێکیان دروستکردووە. ئارا ڕادیۆکەی دادەگیرسێنێت و ملی ڕێگای میونشن دەگرێت. دیمەنی سەرجادە و ڕێگاکان بە گڵۆپی ئوتۆمبیلەکان و بریسکەی کرێوە و بەفری سەرڕێ هەتابڵێیت هەستێکی جوان ئەدات بە دڵی مرۆڤ. هەروەک چۆن شەوان درەنگ لە بەرزاییەکانی قەراغی شارەوە تەماشای شار بکەیت بریسک و هوڕی گڵۆپەکانی شار هەستت بۆلای خۆیان دەفرێنن. ڕێگا ڕۆژانە ئاسا لەم کاتانەدا قەرەباڵغە، خەڵکانێکی زۆر لە کار دەگەڕێنەوە بەرەو ماڵەوە. سەرڕێگاکانی ئاوتۆبان

بەتایبەت بۆ شۆفێرە بارهەڵگرەکان و پۆستەچییەکان دەبێتە وروژانی پوورەهەنگێک. ئەم شۆفێرانەش هەموو شەکەت و ماندووی "دە" بۆ دوانزدە کاتژمێر کارن، هەندێکیان بگرە زیاتر. هەربۆیە زۆرینەی کارەساتە دڵتەزێنەکانی سەررێگا و بان ڕوودەکاتە ئەمان. باری دەروونیی ئەم شۆفێرانە بە بەردەوامیی باش نییە. هەموو ئەم شۆفێرانە لەژێر پاڵەپەستۆی کات و بەرێوەبەرانی کارەکانیاندان. هەر ساتە ناساتێک تێلێفۆنێکیان بۆ دێت، ئەرێ کەی دەگەیتە فلان کۆمپانیا؟ کەی دەگەیتە لای فلانە کەس؟ فلان کارگە تێلێفۆنی کردووە دەتوانی لە نیوکاتژمێری داهاتدا پاکەتەکانیان پێبگەیەنیت؟ دیارە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و مۆدێرنێتە چەند پۆزەتیڤانە ڕووی کردبێتە کۆمەڵگای تسیڤیل هەمانشێوە نێگەتیڤانەش ڕووی لە کۆمەڵگا کردووە. ئیمڕۆ بەهۆی تەکنەلۆژیای مۆبایل و ئینتەرنێتەوە کێشەیەکی زۆر بۆ کرێکارانی دەرەوەی کۆمپانیا سازبووە. پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش ڕاستە لە زۆر بواری دیکەی تردا گەش و هەوای کاری خۆشتر و ئاسانتر کردووە. کرێکارانی بارهەڵگری جاران و پۆستەچییەکان خاوەنی مۆبایل نەبوون، هەموو دووربوون لە سەرئێشەی پاڵەپەستۆی کات. ئیمڕۆ بەهۆی تەکنیکی مۆبایلەوە هەموو شۆفێرێک پێویستە لەسەری مۆبایلی پێبێت. جا ئەگەر خۆیشی توانای ئەوەی نەبێت مۆبایلێک بکرێت ئەوا کۆمپانیا و فیرماکان خۆیان مۆبایل بۆ شۆفێرەکانیان جێبەجێدەکەن. ئەم گێژاو و پاڵەپەستۆ دەروونیییانەی دەکرێتە سەرشۆفێرەکان فاکتەرێکی بەهێزن بۆ دروستبوونی کارەساتەکان لەسەر ڕێگای ئاوتۆبان. ئارا وردە وردە بەرەو ئەو گەش و هەوایە دەڕوات کە زۆر دڵی بە گەشتەکەی بۆ شاری میونشن خۆشە. ماوەیەکی زۆر درێژە ئارا لە شارەکەی خۆی دوورنەکەوتۆتەوە. بەتایبەت لەوڕۆژەوەی تریفە لە ئارا دوورکەوتۆتەوە و ڕۆیشتووە. هەربۆیە ئارا دڵی بە گەشتەکەی زۆر خۆشە. پاش نزیکەی دوو کاتژمێرە ڕێگا ئارا دەگاتە دەرکی شاری میونشن. پەنجەرەکەی لای خۆی دەکاتەوە و کەمێک هەوای پاک وەردەگرێت. پاش کەمێک لەسەر ڕێگای ئاوتۆبان دێتە دەرەوە و دەچێتە نێو شاری میونشنەوە و دەمی ڕێگای ماڵی دانا دەگرێتە بەر. ماڵی دانا کەوتۆتە نزیکەی باشووری شاری میونشنەوە. مینوشن شارێکی هەتا بڵێیت خۆش و ڕازوە و مۆدێرنە. خاوەنی کلتوورێکی تایبەتن و دانیشتوانەکەشی پابەندن بە کلتووری خۆیانەوە و شانازییەکی زۆریش بە کلتوور و دابونەریتی خۆیانەوە دەکەن. ژییان لەشاری میونشندا هەتا بڵێی گرانە. نرخی کەلوپەلی خواردن لێرە لەم شارەدا نزیکەی لەسەددا پێنج گرانترە وەک لە شارەکانی تری مەڵبەندی بایەرن. بینا و باڵەخانەی بەرز و جوان و مۆدێرن ژمارەیان لەم شارەدا زۆرە خاوەنی پردێکی زۆر و جادە و بانی ڕێکوپێکە. مرۆڤ لەم شارەدا هەست بە جوانییەکی زۆری شارەکە دەکات. ئەو بەفرە زۆرە و ئەو ساردییەی کە لە شارەکانی تری ئەڵمانیادا هەیە بەوشێوەیە میونشنی نەگرتۆتەوە. میونشن کەوتۆتە باشووری وڵاتەوە. شارێکی گەورەیە و خاوەنی دانیشتوانێکی زۆرە و کارگە و کۆمپانیا و فیرمای کارکردنی زۆرە. بەهۆی قەرەباڵغی شارەکەشەوە بەفر زۆر بە جادە و بانەکانیەوە نامێنێتەوە. ئارا سالانی پێشتر زۆر هاتووە بۆ میونشن و سەردانی دانای زۆرکردووە هەربۆیە ڕێگاکان شارەزایە و کێشەی لەگەڵ دۆزینەوەی ئەدرێسەکەی دانادا نییە. پاش "دە" خولەکێک ئارا دەگاتە کۆڵانەکەی دانا و بەدوای پارکێکدا دەگەڕێت. کەمێک دوور لە ماڵی داناوە پارکێکی

دەستدەکەوێت بەڵام ئارا زۆر دڵی بە پارکەکەی خۆشە. چونکە پارکی بەلاش لە کۆڵان و شەقامەکانی شاری میونشندا کەم دەستدەکەوێت. ئارا دادەبەزێت و سەرەتا هەوایەک هەڵدەمژێت ئەوسا دەرگای سندووقەکەی دەکاتەوە و جانتاکەی دەردێنێت و جێبەکەی جوان دادەخات و بەرەو ماڵی دانا هەنگاو دەنێت. ماڵی دانا کەوتۆتە نزیکەی کۆتایی کۆڵانەکەوە. مارین شتراسە یەکێکە لە کۆڵانە درێژەکان، ئارا جانتاکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت و کۆڵانەکە هێشتا جوموجۆڵی خەڵکیی تێدایە. کچانی عەیار و بێ شەرم کە دڵیان زۆر گەرمە و باوەڕیان بە پاڵتۆ و چاکەتی ئەستوور نییە. هەندێکیان بە تیشێرتێکەوە و چاکەتێکی تەنکیان لەبەرکردووە و نێوەڕاستی سک و پشتیان هێشتا بەدەرەوەیە. ڕێبوارە پیرەکانیش یاپراخ ئاسا خۆیان پێچاوەتەوە و زۆر وریا و لەسەرخۆ بەڕێگادا دەڕۆن. ئارا دەگاتە بەردەمی ماڵی دانا و لە جەڕەسی ماڵەکەی ئەدات. دانا لەسەرەوە تەماشایەکی دڵشاد و خۆزگە دەکات و دەڵێ: من ئارا بناسم ئەم جەڕەسە ئارایە. دانا دەزگای دەنگی دەرگاکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: ئارا تۆیت؟

ئارا لە خوارەوە پێدەکەنێت و دەڵێ: چۆن دەزانیت؟ خۆ ئەمجارەش ناوم لەسەر دیسپلەیەرکە دەرنەچووە.

دانا پێدەکەنێت و دەڵێ: وەرە سەرەوە ماڵەکەم دڵم لێیدابوو کە تۆ بیت، دەتناسم کوڕی کۆنیت. دانا دەرگاکە لە ئارا دەکاتەوە و ئارا بەخۆی و جانتاکەیەوە خۆی دەکات بە ئەپارتمەنەکەدا و دەست بە دووگمەی سەرخەرەکەدا دەنێت هەتا پێی بچێتە نهۆمی دووهەم. هەتا ئارا دێتە سەرەوە دانا خەریکی چاککردنی سەرمێز و ژووری دانیشتنەکەی دەبێت. دڵشاد دەڵێ: ئای ئارا گیان چەند لەمێژە یەکدیمان نەدیووە.

خۆزگە تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: پێتخۆشە دەیبینیت؟

دڵشاد دەڵێ: ئەی چۆن خۆزگە گیان دەزانیت من و ئارا چەند کاتی خۆشمان پێکەوە بەسەر بردووە؟ پاشان ئێمە ماوەیەکی زۆرە یەکدی دەناسین و مەخابن ماوەیەکی درێژە یەکدیمان نەدیووە.

خۆزگە تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەستێک بە قژیدا دێنێت و دەڵێ: دەی بەشکم منیش ئەم ئارایەم بەدڵ بێت.

دڵشاد دەمی دێنێتە نزیک گوێچکەی خۆزگەوە و دەڵێ: من لەبری تۆ بم هەل لەکیس خۆم نادەم.

خۆزگە قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: دڵشاد ماڵتم ئاواکرد جارێ ڕێگە بدە با کوڕە بێتە سەرەوە. لەم قسانەدا و ئارا لە دەرگای ژوورەکە ئەدات و دانا بە ڕاکردن دەڕوات بەرەو دەرگاکە و دەرگا لە ئارا دەکاتەوە و بە باوەشەوە بەخێرهاتنی ئارا دەکات و توونە ئەیگووشێت بەخۆیەوە و ئاراش هەمانشێوە توونە دانا لەباوەش دەگرێت. دڵشاد بە قاقاوە دێت بەرەو ڕووی ئارا و باوەشی پێدا دەکات و بەخێرهاتنی دەکات. خۆزگە هەستاوەتە سەرپێ و سەرنجی ئارا دەدات، هەر لەیەکەم نیگاوە پەیوەست دەبێت بە سکێچی ڕووخساری ئاراوە و بە بەژن و باڵای و بە پۆشتە و پەرداغیی ئاراوە. دانا و دڵشاد هەریەکەیان دەستیان لە کەمەری ئارادایە و دەیهێننە ژوورەوە و دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: ئەمەش ئارا کە باسمان لێکرد.

ئارا قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: چیی باسی من؟ هەر زەمتان نەکردبێتم باشە.
خۆزگە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: نا خەمت نەبێت زەم نەبوو بەڵکوو شتی جوان بوو. دەستی تەوقە بۆ ئارا درێژ دەکات و دەڵێ: من خۆزگەم و میوانم لێرە لە سوێدنەوە هاتووم و ڕۆژی یەکشەممە دەڕۆمەوە.
ئارا دەستی تەوقەی خۆزگە دەگووشێت و دەڵێ: من ئارام و لە ئەڵمانیا لە شاری نورنبێرگ دەژییم و منیش ڕۆژی یەکشەممە دەڕۆمەوە زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت. پاشان هەموو پێکەوە دێن دادەنیشن و دانا دەڵێ: ئارا گیان حەز بە کافییەک دەکەیت؟ یان حەزت بە خواردنەوەی ساردە؟
ئارا دەڵێ: ئەگەر کافییەک هەبێت خراپ نییە، سووپاسیشت دەکەم.
خۆزگە دەڵێ: بۆ منیش بەیارمەتی کاک دانا.
دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: ها تۆش. دانا بۆ منیش.
دانا دەڵێ: کوڕە بۆ خۆشم دەکەم بۆچیی هەر بۆ ئێوە؟ هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین. پاشان دڵشاد ڕوو دەکاتە ئارا و دەڵێ: ئارا گیان چاوەکانم ڕوون زۆر خۆشحاڵم بەڕاستیی.
ئارا سووپاسی دڵشاد دەکات و دەڵێ: منیش دڵشاد گیان باوەڕبکە بیرم دەکردن زۆریش نەگ کەم، بەڵام چیدەکەیت بەدەست بێ کاتیی و کاری زۆرەوە؟
دڵشاد دەڵێ: ڕاستە ئارا گیان لەگەڵتم، خۆ منیش گلەیی ناکەم ئەزیزم، من ئێستا زۆر خۆشحاڵم بەوەی جارێکی تر بەدیدەنی یەک گەیشتینەوە. کێ ناڵێت ئەمەش چارەنووس نییە؟!
ئارا دەموچاوی گرژ دەکات و دەڵێ: نا دڵشاد گیان باسی چارەنووس مەکە من و چارەنووس دوژمنی باوک کووشتەی یەکین. من هەر خۆم لە دەستی ڕادەپرسکێنم و ئەویش هەر دێتەوە سەرڕێگام. باوەڕ بکە حەز بە چارەی چارەنووس ناکەم. چونکە دیدارەکانی لەگەڵ مندا هەموو دراماین.
دڵشاد دەڵێ: کوڕە ئارا دانیشە یانی ئەم دیدارە دراماییە کە بە دیدەنی یەک شادبووینەتەوە؟
ئارا دەڵێ: ئەمە چارەنووس نییە، ئەمە ڕێکەوتە. من خۆشحاڵم زۆر بە هاتنم بۆ ئێرە.
دڵشاد دەڵێ: بەڵام چارەنووسیشە ئارا گیان. چارەنووس تۆی هێناوە بۆ ئێرە. کێ ناڵێ ئەگەر تۆ ئەم کۆتایی هەفتەیە لە نورنبێرگ بوویتایە کارەساتێکت بەسەر نەهاتایە! یان کێ ناڵێت ئەم هاتنەت بۆ میونشن ژییانت پێ ناگۆڕێت، ئەمانە هەموو لێکدانەوەی چارەنووسن.
خۆزگە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: ئەوە چاوپێکەوتنەکانی ئێوە هەموو کات ئاوهایە؟ ئەگەر وابێت من پێویستم نییە بچمەوە بۆ قووتابخانە هەمووڕۆژێ دێم لای ئێوە دادەنیشم. خۆ ئێمەش هەر باس لە چارەنووس و ڕوودا و کاریگەریی دەکەین لە وانەکانماندا.
دڵشاد ڕوودەکاتە خۆزگە و دەڵێ: لەکوێ ئارات بینی ئەوە بزانە ئەو دانیشتنە بێ گفتووگۆی قوڵ نابێت.
خۆزگە پێدەکەنێت و دەڵێ: دە پێموایە بێیت بۆ سوێدن بۆ لای ئێمە چاکترە، چونکە ئێمە هەموو کات گفتووگۆی قوڵمان هەیە.

ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: نا نا هەرچییەک بێژی سوێدن نا. من خۆم بەستەڵەکی بەرەنگاربوونەوەی کلتووری زاڵی کۆمەڵایەتیی کوردییم بەسە بەرەورووی ببمەوە. من دەرەقەتی ئەو مەنفای بەفرەی سوێدن نادێم. جا نازانم بەڕێزت لەکوێندەریێ دەژییت خاتوو خۆزگە؟
خۆزگە قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: کە گوێت لێدەگرم وادەزانم یان لە ستودیۆی ڕادیۆ یان لە تیڤی چاوپێکەوتن دەکەم. یان وادەزانم کێتب دەخوێنمەوە. پێمخۆشە زۆر نۆرماڵ ناوم بهێنیت تەنها خۆزگە و بەس. پاشان من لە باکوور دەژییم، واتە ئەگەر لە باشوور و نێوەڕاست زستانان، لە ڕۆژدا مینۆس "دە" پلەیان هەبێت ئەوا ئێمە مینۆس بیستمان هەیە.
ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: ئەی قوڕ وەسەرم، مینۆس بیست. جاخۆ بەفربەستێک مینۆس هەشتی هەیە. کەواتە ئێوە دووجار و نیوو لە بەفربەست ساردترن. هەر کاریگەریی بۆ سەرخۆشتان نەبێت چاکە. چونکە مرۆڤی سارد باوەڕبکەن بەقەد مردن قێزەونە. ئارا ئەیداتە پێکەنین و پاشان دەڵێ: زۆر بمبەخشە خۆگە گیان تکایە.، مەبەستم ئەوە نەبوو کە بریینداررت بکەم. پێشمخۆشە کە ئەودیوارەت شکاند منیش کەسێکم حەز بە کاک و ئەم شتانە ناکەم پێمخۆشە مرۆڤ تەنها بەناوی خۆمەوە بانگم بکات. چونکە کەسمان لە کەسمان زیاتر نین و پاشان من ناوەڕۆکی ڕێز لە هەڵوێست و مامەڵەکردنی ڕۆژانەدا دەبینم نەگ کەسێک پێم بێژێت کاک یان بە کەسێک بێژم خاتوون یان کاک.
خۆزگە بزەیەک دەگرێتە ئارا و دەڵێ: نا هیچ پێم ناخۆش نییە. قسەکەت ڕاستە خەڵکی باکووری سوێدن هێندە ساردن دەڵێی بەفرن. جا بەدڵنیاییەوە کاریگەرییان بۆسەر خەڵکی تریش هەیە. کە ئەمانیش ئەم ڕەوشتەیان لە سروشتەکەیانەوە پێگەیشتووە. واتە فاکتەرێکی بیۆلۆگییە. بەڵام ئەگەر بۆم هەبێت پرسیارێک با بکەم تۆ هەولێرییت؟ یان پشدەریی؟ یان خەڵکی سلێمانیی؟ یان خەڵکی خۆرهەڵاتییت؟
دڵشاد ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: هەر ئەمەمان مابوو ئارا گیان، ئارا پشدەریی. کوڕە خۆ لێشت دێت، تەنها کڵاومشکییەکت دەوێ و هیچی ترنا، ئیتر ناوت دەنێین ئارائاغای پشدەریی.
دانا لە موبەقەکە دێتە دەرەوە و دەڵێ: دڵشاد من کڵاو و مشکییم هەیە وەرە با بینێینە سەری ئارا.
دڵشاد ڕادەکات بەرەو لای دانا و پێکەوە دەچن بۆ لای کانتۆری جلەکانی دانا و کڵاو و مشکییەکی سوور دەردێنن و دڵشاد دێتەوە لای ئارا و کڵاوەکەی لەسەردەنێت و مشکییەکەی بەشێوەیەکی پشدەرییانە بۆ دەبەستێت. ئیدی خۆزگە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەست بە سکیەوە دەگرێت هێندە پێدەکەنێت.
دانا دەڵێ: باوکم بە کوردستان ئەڵێی گوڵە بەم مشکییەوە، زۆر لێیهاتووە. مەگەر سمکۆی شکاک ئەمەندە قۆزبووبێت.
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: باشە خۆزگە ئەمەش کەتنی تۆ، کڵاویشت لەسەر ناین. هەرئەوەندە ئارا ئەم قسەیە دەکات دڵشاد و دانا ئەبچڕێن لە پێکەنیندا. قاقا لێدەدەن دەنگیان دەگاتە سەرجادەکە.
و دڵشاد دەڵێ: کوڕی ئاسمان ئارا، هەی خودایە خۆش بیت ئارا گیان.

ئارا هێشتا هەرنازانێت بۆچی دانا و دڵشاد و خۆزگە پێدەکەنن. بەسەرسوورمان و پێکەنینێکەوە دەڵێ: ئەرێ ئەوە بۆ بچڕاون لە پێکەنیندا خۆ چییم گووتووە؟

هەمدیسان دانا و دڵشاد و خۆزگە ئەیدەنەوە قاقای پێکەنین و دەڵێن: کوڕە هیچ جا چیت نەگووتووە. باسی سەر و کڵاوت کردووە. دیسان پێدەکەننەوە ئینجا ئارا هەستدەکات کە ئەوان مەبەستیان چییە. ئیدی ئارا خۆیشی قاقا لێدەدات و دەڵێ: ماڵتانم ئاواکرد، خۆ هەموو شتێک دەبەنەوە بۆ بانە. کاکە ئێمە باسی کڵاوی ڕاستی دەکەین، ئەوەی ئێستا خۆزگە ناویەتە سەری من. دیسان خۆزگە و دانا و دڵشاد ئەیدەنەوە قاقای پێکەنین و دانا دەڵێ: وازبێنن باوەڕبکەن ئێستا کەسمان قوومێک کافیمان بۆ ناخورێتەوە هەمووی ئەهێنینەوە دەرێ. خۆزگە هەڵدەستێت و یارمەتی دانا دەدات بۆ هێنانی کووپ و تێکردنی کافێ. دانا دەڵێ: ئەرێ کچ و کوڕیینە کافێکەمان سادە بێت یان حەز بە شتێک دەکەن لەگەل کافێکەدا بیخۆن؟ جا بسکیت بێت یان نەستەلە یان نازانم حەزتان لەچییە؟

دڵشاد دەڵێ: تۆ بەختەوەربە بەوەی کە بەس بەتەنها کافێکەمان بۆ بخورێتەوە واز لە شتی تر بهێنە.

خۆزگە تەماشایەکی دانا دەکات و دەڵێ: دڵشاد ڕاستدەکات، ئەگەر بمانەوێت شتی لەگەڵدا بخۆین ئەوە دەبێت ئارا دەربکەینە دەرەوە هەتا لە کافێ خواردنەوە دەبینەوە. ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: نا کاکە گیان ئەو کارە تیرۆریستییە لەگەڵ مندا مەکەن، من بەم سەرمایە ناچمە دەرەوە.

خۆزگە دەڵێ: باشە دەی لێبووردنی گشتیی بۆ ئارا دەردەکەین. کەس ناچێتە دەرەوە. ئیدی هەموو لەدەوری مێزەکە کۆدەبنەوە و خۆزگە کافێکان تێدەکات و شەکر و شیریش لە ناوەڕاستدا دادەنێت و دەڵێ: ئەوی حەزی پێکرد با دەست درێژ بکات. من حەز بە کافێی ڕەش دەکەم بەبێ شیر و بەبێ شەکر.

ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: منیش هەندێکجار ئەوکاتانەی زۆر شکستبم لە دەروونندا پەنا دەبەمە بەر کافێی ڕەش.

دانا دەڵێ: من پەنا دەبەمە بەر ویسکیی.

دڵشاد دەڵێ: من جگەرە زۆر دەکێشم هەتا ئەوکاتەی وەک لوولەکێش دوکەڵم لێ بەرزدەبێتەوە.

خۆزگە هیچ ناڵێت.

دڵشاد دەڵێ: ئەی تۆ خۆزگە گیان؟

خۆزگە قوومێک لە کافێکەی ئەدات و کەمێک لە دەمیدا دەیهێڵێتەوە و پاشان قووتی ئەدات و دەڵێ: چی؟ من؟

دڵشاد دەڵێ: بەڵێ تۆ چۆلەکە چکۆلانەکە، پەنا دەبەیتە بەرچی کە دەروونت هەراسانت دەکات؟

خۆزگە کەمێک مات دەبێت و دەڵێ: گریان.

دانا دەڵێ: چی گریان؟

خۆزگە بە غەمبارییەکەوە دەڵێ: بەڵێ گریان. هێندە دەگرییم هەتاوەکوو کورد گووتەنی: چاوەکانم دەردێن. ئەوسا ئەگەر بۆمکرا و بوار هەبوو دوشێکی گەرم گەرم دەکەم و دێمەوە دەخەوم.

هەموو مات و بێدەنگ دەبن و ماوەی چەند چرکەیەک کەس نقەی لێوە نادێت و بێدەنگیی باڵیان بەسەردا دەدات. پاشان خۆزگە دەستدەبات بۆ پاکەتی جگەرەکەی لەسەر مێزەکە و جگەرەیەک دەردێنێت و چەرخەکەی هەڵدەگرێت و داوای یارمەتی لە کوڕەکان دەکات و دەڕواتە باڵکۆنەکەوە بۆ کێشانی جگەرەیەک. دونیا لە تارییکییدا نقووم بووە و تەنها چرای سەرجادە و کۆڵانەکان و ماڵەکان دەسووتێن. کە وەک تارایەکی ئەستێرەیی بەسەر ڕووخساری شاری میونشن دا دراوە. دوور و نزیک دەنگی موسیکێکی خۆش دێت، موسیکێکی درامیی سلۆ. موسیکەکە لە هونەری ڕەشەکان دەچێت. "بلاک موسیک" کە خانە بە خانەی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەک پوورەهەنگ دەوروژێنێت. خۆزگە پاڵتۆکەی لەبەردەکات و دەڕواتە باڵکۆنەکەوە بۆ کێشانی جگەرەکەی. کوڕەکان دەزانن کە باری دەروونیی خۆزگە پێویستی بەوەیە بێدەنگیی بەرانبەر بەکار بهێنیت هیچ لەگەڵ خۆزگە ناڵێن و ئازادیی خۆی لەگەڵدا بەکاردێنن. خۆزگە چاوەکانی تەڕ بووە و دەرگای باڵکۆنەکە دەکاتەوە و دەرگاکە لەسەرخۆی دادەخات و پاڵدەدات بەدیواری ژوورەکەوە، بەشێوەیەک کە پشتی کردبێتە کوڕەکان. بەدەستێکی لەرزۆکەوە جگەرەکەی دەنێتە سەرلێوی و هەوڵی داگیرساندنی چەرخەکەی دەدات. چەند جارێک هەوڵدەدات و کەچی بایەکی نەرم گڕەکەی دەکووژێنێتەوە. ئەمجارە خۆزگە دەستەکانی دەکاتە پەرژینێک بۆ گڕی چەرخەکە و جگەرەکەی دادەگیرسێنێت. قومێک لە جگەرەکەی دەدات و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت. ڕووخساری خۆزگە هەتابێت بەرەو سووربوونەوە دەڕوات و غەمباریی بەڕووخسارییەوە بەدی دەکرێت. خۆزگە کچێکی ئێسک سووکی باڵا کورتی سپییکەلەی چاو کاڵە و قژێکی ڕەنگ خورمایی هەیە. دەمووچاوێکی وردیلە و لێوەکانی ئەستوور و چاوەکانی کەمێک گەورە و سەرنج ڕاکێشن. خۆزگە پرمەی گریانێک لێدەدات و فرمێسکەکانی وەک جۆگەیەکی بارییکی ڕووبارێک بە ڕووخساریدا دێنە خوارێ، هەتا لە چاڵی چەناگەیدا گیردەبن.

دڵشاد لە ژوورەوە تەماشای ئارا دەکات و دەڵێ: زۆر غەم لەم کچە دەخۆم، بەردەوام لە خۆشترین قاقای پێکەنیندا، هێرشێکی دەروونیی بۆ دێت و ئەیدات بە تەختی زەویی غەمدا. ئیتر خواش ناتوانێت لەم قەیرانەی ڕزگار بکات. بە دەردی خۆی دەڵێ: ئەمەندە دەگریی هەتا چاوەکانی دێنە دەرەوە.

ئارا تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: دڵشاد گیان خۆزگە کێیە؟ نازانم ئەگەر هەڵە نەبم، وا هەستدەکەم دەیناسم، پێدەچێت لە شوێنێک یەکترمان دیبێت و یەکبناسین.

دڵشاد دەستێک بە ڕانی ئارادا دەکێشێت و دەڵێ: نا ئارا گیان باوەڕناکەم تۆ خۆزگە بناسیت. خۆزگە خەڵکی سلێمانییە و من کاتی خۆی لێرە بەهۆی هاوڕێیەکمەوە ناسییم کە برادەری براکەی بوو. ئیدی لەوساوە تێکەڵییەکی قوڵمان هەیە.

ئارا تەمشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: قوڵ وەک پێکەوەبوونێکی دڵداریی یاخود چۆن؟

دڵشاد دەڵێ: نا دڵداریی نا، وەک دوو هاوڕێی دڵسۆز. خۆزگە لە سوێدن دەژیی و کاتی خۆیشی هات بۆ سەردانی براکەی لێرە لە پشووی هاوییندا ماوەی مانگێک لێرە بوو، بۆیە کاتی زۆرمان پێکەوە بردەسەر بە کۆمەڵ. ئێستاش براکەی لەسەرئەوەی بەرلە چەند مانگێک ویستی ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت و بڕوات بۆ وڵاتی بەریتانیا، لەوێ لەسەر سنوور دەگیرێت و ڕەوانەی ئەڵمانیای دەکەنەوە. ئێستا لێرە زیندانیی کراوە و تەنها بە پارێزەر ئازاد دەبێت. ئەمەش لە بەختی ئەو. خۆ بەم ڕۆژگارە کورد عەرەب فارس ئەلبانیی لە ئەڵمانیا دەردەچن و دەڕۆن بۆ وڵاتانی تر و دەگیرێن ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکرێنەوە کەسیان زیندانیی ناکرێن. ئەم نەگبەتەی برای ئەم بوو بە نموونە و ئێستا داوای پارێزەری لێدەکەن، دەنا بەرنابێت. پێموایە ئەمەش لەبەرئەوەی کە مافی پەناهەندەیی نەفەوتێت، چونکە هێشتا مانەوەی لە ئەڵمانیا وەرنەگرتووە کە زیاد لە دوو ساڵ دەبێت. هەر لەم مەڵبەندەی ئێمەش وایە هەر ڕۆژەی یاسایەک دەردەچێت بۆ پەناهەندە. جا ئەوە خۆزگە لە پێنج شەممەوە هاتووە بۆ ئێرە هەتا سەردانی ئالانی برای بکات و ڕۆژی یەکشەممە دەڕواتەوە. دوێنێ و ئیمڕۆ سەردانمانکرد. هەرچەندە خۆی بەس ڕۆژی هەینیی بۆمان هەبوو سەردانی بکەین، بەڵام کە خۆزگە ڕۆژی پێنج شەممە دەمەو دوانیوەڕۆ گەیشتە ئێرە هەر یەکسەر لە فرۆکەخانەوە وتی بابچین بۆ زیندان. هەرچەندە پێمگووت ئیمڕۆ نابێت، وتی ئێمە هەوڵێکە ئەیدەین چیمان لەکیس دەچێت؟ ئیتر کە چووین، لە پۆلیسەکانمان گەیاند کە ئەمە خوشکیەتی و بەتایبەت لە سوێدنەوە هاتووە بۆ سەردانی براکەی، هەمانکاتیش خوێندکارە و کاتی نییە دەبێت کۆتایی هەفتە بڕواتەوە بۆ سوێدن چونکە دووشەممە خوێندنی هەیە. یەکێک لە پۆلیسەکان وتی یانی تۆ تەنها بۆ کۆتایی هەفتەیەک لە سوێدنەوە فڕیویت بۆ ئەڵمانیا؟
خۆزگە گووتی بەڵێ: بەس لەبەر ئەوە دەنا کارم نییە لێرە. من خوێندکارم. بێگوومان خۆزگە بە ئینگلیزیی قسەی دەکرد. دەنا خۆزگە ئەڵمانیی نازانێت. پاشان کچێکی گەنجی پۆلیس هاتە پێشەوە و بە خۆزگەی گووت بەیارمەتی پاسپۆرت و پێناسی خوێندکاریەکەت.
خۆزگە دەستی کرد بە جانتاکەیدا و پاسپۆرتەکەی دانێ و لە جزدانەکەشیدا پێناسی خوێندکاریەکەی خستە بەردەستیان. پاشان پۆلیسەکان وتیان بچن لەو هۆڵی چاوەڕوانییە دابنیشن ئێستا وەڵامتان ئەدەینەوە. ئێمە هاتینە دەرەوە و چووینە هۆڵەکە دانیشتین. پۆلیسەکانیش چوونە ژوورێکی ترەوە کە پەنجەرەیەکی گەورەی تێدابوو ڕووی لە ئێمە بوو. ئاگامان لێبوو لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەی خۆزگەیان هەڵدەدایەوە و بە تێلێفۆن قسەیان دەکرد. پاش کەمێک کچە پۆلیسەکە هاتە دەرەوە بۆ لای ئێمە و گووتی: هەردووکتان دەتانەوێت بچن ئالان ببینن یان بەس خوشکەکەی؟ ئیتر منیش بە پۆلیسەکەم گووت ئەگەر منیش ڕێگام هەبێت ببینم ئەوا منیش حەز دەکەم و سووپاسیشتان دەکەم.
کچە پۆلیسەکە گووتی: ئۆکەی تۆش بڕۆ بەڵام تەنها پانزدە خولەک کاتتان هەیە، سبەینێ ڕۆژی هەینیی ڕۆژی سەردانە و دەتوانن نیووکاتژمێر بمێننەوە. ئیتر جانتاکانی خۆزگەمان لە هۆڵەکە بەجێهێشت و پۆلیسێک هات هەموو گیانی منی پشکنیی و کچە پۆلیسەکەش خۆزگەی پشکنیی و یەکێک لە پۆلیسەکان پێشمانکەوت هەتا بردینیە هۆڵی چاوپێکەوتن، لەوێ دایان نیشانین و پاش

کەمێک ئالانیان هێنا و وتیان تەنها پانزدە خولەک کاتتان هەیە. ئیتر خۆ "دە" خولەکی یەکەم خۆزگە هەر ئالانی لەباوەشگرتبوو هیچ قسەمان نەکرد، هەتا من لێکم کردنەوە و منیش باوەشم پێداکرد و پلانمانکرد کە پارێزەری بۆ دەگرین و ئازادی دەکەین. پانزدە خولەکەکەمان تەواو بوو، ئەوسا پۆلیسەکە هاتەوە لامان و ئالانی بردەوە شوێنی خۆی و هاتەوە بەدوای ئێمەدا و ئێمەشی ڕەوانەکرد. ئیتر هەر دوای هاتنەدەرەوەمان ڕاستەوخۆ من و خۆزگە چووین بۆ لای پارێزەرەکەی خۆم و کێشەکەمان لە پارێزەرەکەم گەیاند و ئەویش ناوەڕۆکی بابەتەکەی لای خۆی تۆمارکرد و بەڵێنیدا کە ڕۆژی دووشەممە بچێت بۆ زیندان هەتا ئالان ببینێت و خۆی قسەی لەگەڵ بکات و ئیمزای لێوەربگرێت کە لەبری ئالان ئەم هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی. ئیتر پاشان گووتی کێشە نییە، ئەم یاسایە تازەیە دەرچووە و ئێمەش وەک پارێزەر ئاگادارین و هیچ کێشەیەک نییە، بابەت لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هاتوو پەنابەرێک پێش وەرگرتنی مافی پەنابەریی لەم وڵاتەدا ڕابکات و بچێتە وڵاتێکی ترەوە و ئەوسا بە زیندانیی بدرێتەوە بە ئەڵمانیا ئەوسا تووشی کێشەی یاسا دەبێت و دەبێت پارێزەرێک هەوڵی بۆ بدات مافە پەنابەرییەکانی لەم وڵاتە بپارێزێت. من بەڵێن ئەدەم کە هەفتەی داهات ئالان لە زیندان بێتە دەرەوە و ئازاد بژیی. ئیتر ئارا گیان دوێنێش چووینەوە بۆ لای ئالان و پێمانگووت کە پارێزەرمان بۆ گرتوویت و ڕۆژی دووشەممە دێتە لات و هەفتەی داهات ئازاد دەبیت. ئیتر زۆری پێخۆش بوو و زۆر سووپاسی خۆزگەی کرد و لەباوەشی دەگرت. ئیتر ئابەم شێوەیە کاتمان بەسەربرد هەتا تۆ هاتیت و ئەوە ئێستاش دوای ئەم هەموو قاقا و پێکەنینە، خۆزگە لە شین و غەمدایە. هەمووی خەتای تۆیە ئەگەر تۆ ئەم هەمووە قسەت خۆش نەبێت، بۆ ئەو تووشی غەم دەبێت؟

ئارا دەڵێ: یانی ئێستا من کاکی تاوانبارم لێرەدا؟

دانا قومێک لە کافێکەی ئەدات و دەڵێ: بەڵێ. پێویستە بڕیاری "شەنقەن حەتا موت" دەربکەین بۆت.

ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: کوڕە خۆ ئەمانە ویژدانیان نییە. چاک نەبوو ئەمانە دەستەڵاتدار نەبوون جا خۆ وایان دەکرد هەموو کورد لەسەر ئەژنۆ بڕوات. ئارا هەڵدەستێتە سەرپێ و ئەویش پاڵتۆکەی ئەدات بەشانیدا و دەچێتە باڵکۆنەکەوە بۆ لای خۆزگە. دەرگاکە دادەخاتەوە و سەرەتا هیچ لەگەڵ خۆزگە ناڵێت دەچێتە بەردەمی باڵکۆنەکە دەوەستێت و هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: هەموو کات شەو بۆ من کاتێکی پڕ پرسیار بووە کە ناتوانم ئاسان وەڵامی بدەمەوە. ئەو هێمنییەی لە شەودایە، هەستەکان ناسکترن وشەکان ڕەوانتر دێنە گوێچکەوە. دەستەکان بەسۆزترن و هێمنن. لە شەودا هەموو شتەکان ئاسانتر دەڕۆن بەڕێوە. هەناسەدان، قسەکردن، هەمانکات گوێگرتن. بیرکردنەوە لە دواڕۆژ و یادکردنی بیرەوەرییەکان چ خۆش چ ناخۆش. بۆیە پێموایە کە شەو کاتێکی پڕ پرسیارە.

خۆزگە دەستێک بە قژیدا دێنێت و فرمێسکەکانی دەسڕێت و دەڵێ: زۆر لە مێژە گوێم لە دەربڕینێکی وەها شاعیرانە نەبووە.

ئارا ئاوڕێک ئەداتەوە و بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: شاعیرانە یان دێوانەییانە؟

خۆزگە دەڵێ: ئەگەر شاعیریش دیوانەی زمان نەبوایە نەدەبووە شاعیر.
ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: زۆر جوانە، چونکە هەر شاعیرە وەک دیوانە دوای زمان کەوتووە. زمان دروستکەری شاعیرە. شیعریش باس لە بیگۆرافیی هزری شاعیر دەکات بە هونەرێکی فەلسەفییانەوە. کەواتە شیعر شەپۆلی دەستەڵاتی نووسینە.
خۆزگە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: واو خۆتگووتەنی شەو کاتێکی پڕ پرسیارە و هەستەکانیش دەربڕینێکی تایبەت دەدەن بە قسەکەر. تۆ شاعیریت؟
ئارا تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: نەخێر بەڵام پێدەچێت ڕۆژێک زمانەکەم بمکاتە شاعیر. لەوانەیە لەژێر کاریگەرێتیی شتێکدا یان ڕووداوێکدا یان هەرشت.
خۆزگە دەڵێ: پێتوایە زۆرینەی شاعیران لەژێر کاریگەرێتیی خۆشەویستییدا بوویێتنە شاعیر؟
ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: ئەگەر تەماشای بیگۆرافیی زۆرینەی شاعیرانی دونیا بکەین ئەوا بە دڵنیاییەوە بەڵێ. ئەگەر نا ئەوا لەناو کورددا هەر لە سەردەمی کلاسیکەوە بیگرە هەتا هونەری شیعری تازە شاعیرانمان هەتا ئێستا لەژێر کاریگەریی دڵدارییدان. یان پیاوە شاعیرەکانمان لەژێر کاریگەریی ژندان، بێگوومانیش بەو خۆشەویستییەی کە خۆیان هەیانە بەرانبەر بەژن. دەنا پێموابێت هێشتا شاعیرانی کوردیش ماویانە بتوانن لەمانای خۆشەویستیی و ئازادیی بگەن. هەندێجار پیاوی کورد ژنێکی ئەوەندە خۆشدەوێت نەبێتەوە، بەڵام بەوخۆشەویستییەی کە خۆی دەیەوێت، بێئەوەی هەست بەخۆی بکات، ئازادیی لە ژیانی ژنەکە زەوتدەکات، ئەمەش وەهایکردووە کە ڕێگای زیاتر بۆ چەوساندنەوەی ژن و کێشە کۆمەڵایەتییەکان خۆشتر بکات. ئەگەر تەماشا بکەیت زۆرینەی ژنی کورد دوای ئەوەی بە دڵدارییش بە پیاوەکانیان دەگەن لە ژیانی ژن و مێردایەتییدا تووشی کێشە دەبن. چونکە پیاوەکە بەوشێوەیە ژنەکەی خۆشدەوێت کە خۆی ئەیەوێت، ئەمەش وادەکات ئازادیی لە ژنەکە زەوت بکات و بیرکردنەوە باوکسالارییەکان زاڵ بن بەسەر بڕیارەکانی پیاوەکەدا. ڕۆسۆ دەڵێ: مرۆڤ هەتا ئەوکاتە ئازادە کەدەچێتە سنووری ژیانی کەسێکی ترەوە. بەڵام ئێمەی پیاوی کورد ئەو سنوورانەمان لە مێژە بەزاندووە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. لە خێزاندا دەوڵەتێکی چکۆلانەی دیکتاتۆریی باوکسالارییمان دامەزراندووە، باوک سەرۆکی دەوڵەتە و کوڕی گەورەش وەزیری ناوخۆ. لە پارتەکاندا هەمانشێوە. لە قووتابخانەدا، لە کۆلاندا، لە کۆمەڵدا. ئەگەر ژنی کورد ئازاد بوایە و پیاوی کوردیش ئازادییخواز ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕۆژانە هەزاران ژن و مێردی کورد لێکجودا دەبنەوە. بەڵام ئەگەر ژنیش داوای جیابوونەوە بکات ئەوا پیاوەکە ڕێگای دەگرێت و دەڵێ: من بڕیار ئەدەم کە تۆ بۆت هەبێت جیابیتەوە یان نەخێر. من لە کۆمەڵدا ڕێزم هەیە تۆ چۆن ڕێگا بەخۆت ئەدەیت ئەو ڕێزەی من کەمبکەیتەوە و لێمجابیتەوە. بێگوومان ماڵە باوکیش پشتگیریی ئەوە دەکەن کە کچەکەیان نان و شەق بخوات بەڵام جیانەبێتەوە. وشەی "تەڵاق" هەتا ئێستا لای ئێمە ژەهراوییترین وشەیە کە خەڵکی کوردی پێ ئەکوژرێت. لای ئێمە نەریتی ئیسلام هەیە نەگ مافێکی زانستیی و یاسایی. بۆیە تەڵاق وشەیەکی ناشرینە. لە ئەورووپا جیابوونەوە هەیە شتێک نییە ناوی تەڵاق بێت. کێشەکە لێرەدایە کە خودی ژنی کورد هەمان ڕەفتار بەرانبەر بە یەکتر دەکەن و ناو و ناتۆرە لەیەک دەنێن و

دەڵێن: ئۆی فلانەکەس تەلاق درا. کچە فلانەکەسیش پێش ئەم شووەی شوویەکی تریشی کردبوو دەستگیراندار‌بوو خوا ئەزانێت گوێزراوەتەوە یان نا. یان خوا ئەزانێت کوڕە چی لەگەڵ کردووە. یان گەر پیاوێک لە ژنێک نزییکبێتەوە، ئەوا لە پێش پیاوانەوە ژنان ئەو پرسیارە دەکەن. بەتایبەت دایکان و خوشکان، کوڕە کاکە گیان فلانە کەس کێ ئەڵێ کچە؟! کوڕە ئەوە پێشتر دەستگیرانی فلانەکەس بوو شەکراویشیان خواردەوە و ئەڵقەشیان لەدەستکرد دوایی کوڕە تەلاقی دا. مەگەر خوا بزانێت چی لەگەڵ کردووە. کوڕە کێ دەڵێت ئەوە ئێستا بە کچیی ماوەتەوە؟! جا بۆیە کلتووری کورد لە دڵداریی و هەڵبژاردنی هاوسەردا سەقەتە. هەتا ئێستا کلتووری کورد نەیتوانیووە ڕێزێک لەو ژنانە بگرێت کە پێشتر شوویانکردووە و خاوەنی منداڵن. هەتا ئێستاش ژنی کورد لە پێش پیاوانەوە بەوانە دەڵێن: مانگا بە گوێرەکەوە.

خۆزگە هەتا بۆی بکرێت قاقایەکی بەرز لێ ئەدات و دەستدەکات بە پێکەنین. لەم بەزمەدا دانا و دڵشاد بەپەلە خۆیاندەکەن بە باڵکۆنەکەدا و دەڵێن: کوڕی خوا ئارا ئەوە چیت لە خۆزگە کرد؟ ئەوە چیت بە خۆزگە گووت وا ئاوها لەم ماوە کورتەدا توانیت خۆزگە بهێنیتە نەگ پێکەنین قاقا و قریوە لێدان؟

ئارا دەستدەکات بە پێکەنین و دەڵێ: باوەڕبکەن هیچ هەر قسەی نۆڕماڵمان دەکرد ئیتر مانگا و گوێرەکە هاتە باسەکەوە. دیسان خۆزگە ئەیداتەوە قاقای پێکەنین و دەڵێ: دەبەسە دڵشاد ماڵتم ئاوەدانکرد بۆ دەبێت هەموو شت بزانیت. خۆت دەزانیت من ئاشقی مانگا و گوێرەکەم. کێ ناڵێت ئەمجارە شووناکەم بە مانگایەک؟

دڵشاد پەنجەکانی دەکات بە چۆق سەر دادەنەوێت و وەکوو مانگا ئەبۆڕێنێت و دەڵێ: دەی خۆ منیش مانگام.

دانا تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: نا دڵە گیان تۆ مانگایەکی بڵحیت بەکەڵکی ئەوە نایەیت. واز لەوە بێنن ئەرێ حەز لە گلووڤاین دەکەن؟ ئێستا بۆ ئەم کاتەی باڵکۆن خۆشە. هەموو دەڵێن ئا ئا ئا. دانا دەڵێ: باشە باشە قوڕم بەسەر جا ئێوە حەز بەچی ناکەن. دانا دەڕواتە ژوورەوە و شووشەیەک گلووڤاین دەکاتە دۆڵکەیەکی ستیلەوە و لەسەر ئاگرێکی مامناوەندی دادەنێت. ئاوڕێک بۆ دواوە دەداتەوە ڕوودەکاتە دڵشاد و خۆزگە و ئارا و دەڵێ: کێ حەزی لە هەنگوینە لە گلووڤاینەکەدا بێت؟ هەرسێکیان دەست بەرزدەکەنەوە و دەڵێن: من من من. دانا تەماشایەکیان دەکات و دەڵێ: ئیتر پرسیار ناکەم ئێوە حەزتان لە هەمووشتێکە. منیش چیم ویست دەیکەم. لە ماوەی سێ چوار خولەکێکدا دانا بە خۆی و چوار کووپی گەورە گلووڤاینەوە دێتەوە باڵکۆنەکە و ئەوانیش وەک شێت پەلاماری دەستی دانا ئەدەن و هەریەک کووپێک بۆ خۆی دەفڕێنێت. ئارا کووپەی خۆی لەسەر سینیەیەکە هەڵدەگرێت و سینییەکە لەلایەک دادەنێت و دەرگای باڵکۆنەکە دادەخات لەسەر خۆیان و دەڵێ: پرۆست دەستم خۆش بێت. ئەوانیش بە کۆمەڵ دەڵێن: پرۆست دانا دەستت خۆش بێت. هەموو پێکەوە قووم لە گلووڤاینەکانیان ئەدەن و ئارا دەڵێ: هـــــــــــــــــــم، بەڕاستی خۆشە هەتا بڵێیت.

دانا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: بەم زستانە مەگەر هەر گلووڤاین فریای ئێمە بکەوێت گەرممانبکاتەوە و بەدوورمان بخات لە نەخۆشیی گریپە ئارا گیان. ئەزانن چی؟ من هەموو

کات کام گلووڤاین گران بێت ئەوە دەکرم. بەتایبەت گلووڤاینی گێلاس من زۆر زیاتر حەزم لێیە وەک لە هی تریَ. پاشان بەتایبەت دەچم بۆ ئەو دوکانانەی، کە تەنها خواردنە تایبەتییەکان دەفرۆشن. دوکانێک هەیە لە سەنتەر هەر خودی خۆی چ ڤاین و چ گلووڤاینیشی هەیە، دوکانێکی ئیتالییە. ئیتر کاکە ئەمە چەندەها جۆری پەنیری ئیتالییە هەیانە، ئەمە زەیتوون، ئەمە زەیت، ئەمە زەڵاتە، ئەمە چەندەها خۆراکی جیاواز جیاوازی ئیتالیی. لەسەر ئەم هەموو شتانەوە هەنگوینی ڕەسەنیان هەیە، بەبێ دەستتێوەردان، تۆزقاڵەزەرڕەیەک شەکر چییە تێیدا نابینیت. ئا لەم دوکانە من گلووڤاین و هەنگوینی پێکەوە دەکرم. بۆ خواردنەوەش هەرئەوەندە گلووڤاینەکە کەمێک گەرمیی پێگەیشت یەک کەوچکی چێشت هەنگوینی تێدەکەم، ئیتر ئا ئەم چێژەی لێدەردەچێت. خۆزگە هێندە گلووڤاینەکەی لا خۆشە ئیتر خوا خوایەتی کوڕەکان بە قسەوە خەریکبن هەتا ئەم دواهەمیین قووم لە گلووڤاینەکەی بدات و بڕواتە ژوورەوە کووپەکەی پڕبکاتەوە. هەرهێندەی خۆزگە شانێک دەجووڵێنێت ئیدی ئارا دەست ئەداتە دەرگاکە بۆ ئەوەی خۆی پێش خۆزگە بچێتە ژوورەوە. خۆزگە چکۆلانە ترە لە کوڕەکان بۆیە لەنێوانی هەموویانەوە درزێک دەدۆزێتەوە و خۆی دەکات بە ژووردا و پەلاماری سوراحییە ستیلەکە دەدات و کووپەکەی خۆی لێ پڕ دەکات. ئارا بەدوایدا دێت و ئەویش فریای خۆی دەکەوێت هەتا دوا دڵۆپی گلووڤاینەکە دەڕژێنێتە کووپەکەی خۆیەوە. ئیتر دڵشاد ئەیکات بە هەراوهوریایەک نەبێتەوە. سوێند لە ئارا و خۆزگە دەخوات دەڵێ: بە هەردووکتان کووپەکەم نیوە نەکەن ئێستا ئەم بینایە ئەهێنمە سەرتان. ئارا و خۆزگە هیچ گوێ بە داواکەی نادەن، دڵشادیش هەتا هێزی تێدا بێت هاوار دەکات بەشم بـــــــــــــــــدەن، ئارا و خۆزگە تەماشایەکی یەکتر دەکەن و دەموچاویان بە حەپەساوی دەجووقێنن و ڕادەکەن بۆ لای دڵشاد و کووپەکەی بۆ نیوە دەکەن. دڵشاد قوومێکی لێدەدات و چاوەکانی دەنووقێنێت و ئەوسا بە دانەوەی هەناسەیەک سەبووری دێت و دەستێک بەسەر دڵیدا دێنێت و دەڕواتەوە بۆ باڵکۆنەکە ئیتر وەک ئەوەی نە"با"ی دیبێت نەباران. دانا دەڵێ: ئەی قوڕبەسەرم جا وەرە قەرزاری دڵشاد بیت و پێی بڵێیت قەرزەکەت نادەمەوە. باوەڕتان بێت ئەیکات بەوڕۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژراوە. ئارا و خۆزگەش دێنەوە باڵکۆنەکە و دەڵێن: خەتای تۆیە دانا بۆ ئەوەندە خۆش دروستی دەکەیت؟ یان کە دروستی دەکەیت ئەوا لەگەنێک بکوڵێنە. دڵشاد هیچ نقەی لێوە نایەت هەر قووم لێئەدات و هەناسە ئەداتەوە و دەست بە سنگییدا دێنێت. لەپڕێکدا ماچێکی دانا دەکات و دەڵێ: کچ بوومایە ئێستا دەمبردیتە تەوالێتەکەوە. هەمووو ئەیدەنە قاقای پێکەنین، ئارا لە تاودا ئەو قوومەی بەرێکەوت لەکاتی ئەم قسەیەی دڵشاددا ویستی بیخواتەوە هەمووی فڕێ ئەداتەوە دەرەوە و هەرچی گیانی خۆزگە هەیە نایهێڵێت. ئیتر خۆزگە دەڵێی مریشکی سەربڕیوە و لەدەستی بەربووە. سەرتاپای گیانی بە گلووڤاینەکە سوور دەبێت. ئەمەش ئەبێتە مایەی پێکەنینێکی گەرم بۆ دڵشاد و دانا. خۆزگە ئیتر هەر جووکەی دێت و دەڵێ: دەگ بە پەنگ بیت ڕۆڵە ئارا، دەنگ سەرت شیین بکەیت کورم ئارا. ڕۆژێک پێش ئەوەی بێم ئەم کراس و پانتۆڵەم کڕیی. ئارا ئیتر لەتاودا هەردەست بە پانتۆڵەکەی و بە بەرسکی دا و دەستی بەرزدەکاتەوە بەرسنگ و مەمکی بسڕێت دەستی بەر مەمکی خۆزگە دەکەوێت و وەک

ئەوەی کارەبا بیگرێت وەها وەدەردەکەوت خێرا دەستی دەگەڕێنێتەوە. ئیتر خوا بۆ دڵشاد و دانای دا، ئەمەندە پێکدەکەنن ئەمەندە پێدەکەنن نەبێتەوە، هەتا ئەوکاتەی دوو کچ لە باڵکۆنەکەی سەریانەوە سەرشۆڕدەکەنەوە و دەڵێن: ئەرێ ئێمڕۆ ڕۆژی پێکەنینە ئێمە نەمانزانیووە؟ دڵشاد سەرێک بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئێوەش لێرە لەخوارەوە بوونایە لای ئێمە ئەوا بە دڵنیابییەوە لە ئێمە خراپتر پێدەکەنین.

یەکێک لە کچەکان عەیارانە دەڵێ: چییە دەڵێی درۆگنتان لێداوە؟

دانا کووپەکەی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: باشترین درۆگن.

کچەکان ئەیدەنە قاقای پێکەنین و دەڵێن: ناشێ بڵێن بە گلووڤاین ئەم هەموو پێکەنینەتان هێناوەتە کایەوە؟

دڵشاد قوومێک لە گلووڤاینەکەی دەدات و دەڵێ: بەدڵنیابییەوە.

خۆزگە باڵکۆنەکە بەجێدەهێڵێت و بەرەو دوش و تەوالێتەکە دەڕوات و ئاراش بەدوایدا. ئارا داوای لێبووردن لە خۆزگە دەکات و دەڵێ: ئەگەر دڵشادی ئاگر نەبێت من بۆ خەڵتانی گلووڤاینت دەکەم.

خۆزگە لە دوشەکەدا ئاوە گەرمە دەکاتەوە و دەستی تەڕ دەکات و ئەیهێنێت بە کراس و پانتۆڵەکەیدا. ئارا لە تەنیشتییەوە یارمەتی دەدات و پانتۆڵەکەی بۆ پاکدەکاتەوە. ئەوکاتانەی ئارا دەست بە پانتۆڵەکەی خۆزگەدا دێنێت، خۆزگە ئیدی هەراسانی هەستێکی زۆر دەبێت بۆ ئارا. بۆیە هەوڵێکی زۆر دەدات کە بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵ بێت. لە کاتێکدا ئارا دانەویوەتەوە پانتۆڵەکەی بۆ پاکدەکاتەوە خۆزگە ئیدی ئاگای لە ئاوەکە نامێنێت و دەمی ئاوی دوشەکە بەرەو ڕووی ئارا دەڕوات و کەمێک تەڕی دەکات، ئارا هاوارێکی لێ هەڵدەستێت و دەیەوێت سەرێک بەرزبکاتەوە و خۆی لە ئاوەکە دووربخاتەوە، هەرهێندەی سەر بڵند دەکات دەم و لێوی دەنووسێت بە دەم و لێوی خۆزگەوە، ئیدی وەک ئەوەی دەیان ساڵ بێت یەکدی بناسن و دڵداری یەکبن دەکەونە لێساندنەوەی لێو و زمانی یەکدی و هەتا هەناسەیان لەبەر مابێت ماچی پەلاسی نێو دەمی یەکتر دەکەن. پاشان بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای یەکتر دەکەن و بزەیەک بەیەکتریی دەبەخشن و خۆزگە دەڵێ: جا خۆ ئێستا بەم تەڕییەوە بچمەوە باڵکۆنەکە بۆ بەیانی دەمرم. باشترە دەستێک جلی تر لەبەر بکەم و ئەمانە لێرە هەڵبخەم. ئارا مەنگ بووە و بە دەنگێکی نزم دەڵێ: منیش پێم باشە.

خۆزگە تەماشایەکی ئارا دەکات و دەستێکی سۆز بە ڕوومەتەکانی ئارادا دێنێت و دەڵێ: چییە هێندە حەپەساویت؟

ئارا دەڵێ: هیچ شتێکی وەها نییە، تەنها هەستێکی سەیرم هەیە لەبۆت دەڵێی لەمێژە دەتناسم. کە ماچمکردیت هەستەکانم بە هەموو کیشوەرەکانی هەست و جەستەدا بەبێ ڤیزە تێپەڕیین. هیچ خاڵێکی پشکنینی دوودڵیی و گوومان ڕای نەگرتم. کەواتە من ئاشنام بەتۆ، کە من پێشتر تۆم هەرگیز نەدیووە لە ژییانمدا.

خۆزگە پەنجەیەک دەخاتە سەرلێوەکانی ئارا و دەڵێ: منیش هەمانشێوە، ئێستا هیچ مەڵێ، ئەمە دەرگای پاییزە ئەشقێک بوو بە ڕووماندا کرایەوە. خۆزگە ماچێکی نەرمی لێوەکانی ئارا دەکات

و دەرواتە دەرەوە لە دوشەکە. ئارا هەر واقی وڕماوە و لە جێگای خۆی چەقیوە. پاش چەند چرکەیەک خۆزگە خۆیدەکاتەوە بە دوشەکەدا و تەماشای ئارا دەکات و دەڵێ: ئەوە بۆوا حەپەساویت، لاچۆ برۆ دەرەوە با خۆم بگۆڕم ناشرییین. بچۆرەوە لای کوڕەکان ئێستا دێمەوە لاتان. ئارا بە پێکەنینێکەوە خۆزگە بەجێدەهێڵێت و دەرواتەوە باڵکۆنەکە لای کوڕەکان. دانا دەڵێ: وەرە ئارا بەزم گەرمە ئەو کچانەی سەرەوە پێمان ڕادەبوێرن دەڵێن: بە گلووڤاین سەرخۆش بوون، جا وەرە دوو پێک تەکیلا هەڵدەن چیتان لێدێت؟

پاشان کچەکان دەڵێن: کوڕان ئێمە دەبێت بڕۆین، ئێستا دێن بە دواماندا. ئێوارەیەکی خۆشتان هەبێت، بۆخۆتان هەرپێبکەنن، پێکەنیین جوانترین دیاریی ژییانە. کاتێکی خۆش.

دانا و دڵشادماڵئاوایی لە کچەکان دەکەن و دەڵێن: کاتێکی خۆش بۆ خۆشتان، دڵنییابن ئێمە هەمیشە دەم بە قاقا دەبین. ئینجا دڵشاد ڕووی دەمی دەکاتە ئارا و دەڵێ: ئارا گیان یاخوا بەخێربێیت، ئای چەند خۆشە کات بەسەربردن لەگەڵ تۆدا، لە هەمووشتێکمان دەبێت، گفتووگۆ گۆرانیی قاقا و پێکەنین و نووکتە و کوڕە جا نازانم چیتر بڵێم، هەموو شت لەگەڵ تۆ خۆشە. خۆزگە خۆی دەکات بە باڵکۆنەکەدا و دەڵێ: کوڕە کەی گلووڤاین خواردنەوە لەگەڵ ئارا خۆشە، هەرچی گیانت هەیە نایهێڵێت، وەک سەرخۆش ئەڕشێتەوە بەسەر گیانتا. ئیدی هەموو ئەیدەنەوە قاقای پێکەنین و ئارا دەڵێ: وای لێهات خۆزگە گیان، دەی قەیچێکە با من پیاو خراپ بم.

خۆزگە دەڵێ: کوڕیینە بابچینەوە ژووری دەمێکە لێرە وەستاوین با کەسمان نەخۆش نەکەوین، من هێشتا هەموو گیانم تەڕە. منیش ئەوەندە بێ مێشک بووم نەچووم جلەکان دابکەنم ئەوسا پاکیان بکەمەوە، هەر لە بەریخۆمدا هێشتمەوە ئەوسا پاکمکردەوە.

دڵشاد دەڵێ: کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە ژەهریشی تێدا بێت دەبێت بینۆشی گووناهی خۆتە بیزانە.

خۆزگە بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: جا ئەم کۆپلەیە چ پەیوەندیی بە پیسسبوونی پانتۆڵەکەی منەوە هەیە دڵشاد گیان؟

دڵشاد دەڵێ: تووخوا نییەتی؟ یانی کۆپلەکەم خراپە بۆ پیسبوونی پانتۆڵەکەت؟

ئارا دەڵێ: وەکوو حوشتر و قاپ قاپ وایە.

دڵشاد چەپۆکێک دەکێشێت بەسەر سنگی ئارادا و دەڵێ: دەلاچۆ ئارا تۆ چیدەزانیت کوڕە کورد سێ زانای ئەدەب و هونەری هەیە، یەکێکیان محەممەدی مەلاکەریمە دووهەمیان شوکور مستەفایە و سێهەمیشیان منم.

خۆزگە دەڵێ: ئەی قوڕ بەتەوقی سەرم دڵشاد گیان. کوڕە تۆ زانای ئەدەب و هونەر بیت کورد زریانی سەرلێشێواویی دەبیات. ئەرێ کوڕیینە دەزانن شتێکی زۆر سەیرهەیە، ئێمە هەموومان هەستێکی ئەدەبیی گەورەمان تێدا بەدی دەکرێت کەچی کەسیشمان هونەرمەند نین. کە دەڵێم ئێمە مەبەستم لە خۆمانە نەگ لە سەرجەم خەڵکی کورد. لە سوێدنیش چەند هاوڕێیەکم هەیە هەمانشێوە وەک ئێوەن.

ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: پێدەچێت تەمبەڵیی خۆمان بێت، کە بەتەنگ هەستەکانمانەوە ناڕۆین و نامانەوێت خۆمان ماندوو بکەین. پێدەچێت ترسیش بێت لە سەرنەکەوتن. یان ترس لەوەی ئازاری خۆمان بدەین، مەبەستم ئازاری دەروونیی و تێکشکانی دەروونییە. چونکە قوڵبوونەوە لە بیرکردنەوەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی گێژاوێکی دەروونیی سەخت کەم مرۆڤیش هەیە بەرگەی ئەم گێژاوە بگرێت. مەگەر کەسانێک، کە نۆرماڵ نەبن. تەماشای فریدریش نیچە، تەماشای ڤانکوخ، ئەمانە هەموو تووشی تێکشانی دەروونیی بوون زیانیان بە ژیانی خۆیان گەیاند. هەم لەکیس خۆیان چوون، هەم لەکیس کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی. دەنا منیش لەوباوەڕەدام بۆ نموونە دڵشاد توانایەکی باشی تێدایە. من وەک خوێنەرێکی زۆر بەسەرنج دەتوانم دڵشاد وەک مرۆڤێکی دیکادێنت واتە کلتوورڕێل یان ئەدەبیی پێناس بکەم. زۆرجاریش پێمگووتووە، کە شیاوی ئەوەیە بچێتە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ماڵئاوا دڵشاد شیعر وەک مەکینەی ئۆتۆمبیل هەڵدەوەشێنێت، ئەڵێی خۆی نووسیوویەتی. هەندێکجاریش گاڵتە دەکات وەک هێنانەوەی کۆپلەکەی ئیمرۆی بۆ تۆ. بەڵام ئەگەر مەبەستیشی بێت ئەوا وەک حەسەنی جاجی لۆکە ئەتکات بە لیفە و ئەتدووریَ. ئارا ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: دڵشاد گیان ئەو کوڕە هەولێرییەکە ناوی چیی بوو کە لە کەمپ ناسیمان وتی من شاعیرم؟

دڵشاد تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: کامە ماڵەکەم؟

ئارا دەڵێ: کوڕە ئەوەی شەوان دەمانهێنایە خوارەوە بۆلای خۆمان و شیعرمان پێدەخوێنەوە.

دڵشاد دەڵێ: ئەها خالید غەریب.

ئارا دەڵێ: دەمخۆش خالید غەریب. ئەمە بێگوومان خۆزگە کوڕە خۆی ناوی خالید بوو پاشناوێکیشی وەک نازناو نابوو بەقنی خۆیە ئەویش غەریب بوو. ئینجا ئەم کوڕە باوەڕت بێت هەمووشتێکی پڕ سەیروسەمەرەی دەنووسیی تەنها شیعر نەبێت. ئەم دڵشادە زۆردارەش پێی ڕادەبوارد، دەچوو بەشوێنیدا لە قاتی سەرەوە دەیهێنایە خوارەوە بۆ لای خۆمان، چەند شووشەیەک بیرەی لەبەردەم دادەنا و بە مامۆستا خالید غەریب، خالید غەریب فلچەی لێدەدا و شیعری پێدەخوێندەوە. ئیتر وەرە ئێمە هەر بچڕابووین لە پێکەنیندا. جا خالید، کە شیعرێکی دەخوێندەوە، دڵشاد بۆ ئێمەی شیدەکردەوە شیعرەکەی دەکرد بە مەریخ هێندە گرنگی دەکرد مەگەر هەر ڕامبۆ و گووتەی ئەڵمان شیعری وەهایان نووسی بێت. ئەم خالیدەش لەولاوە گەز گەز باڵای پێدەکرد.

دڵشاد هەڵدەداتە قسەکان و دەڵێ: ڕاستە ئێمە پێمانڕادەبوارد، بەڵام کێ ناڵێت ئەو هاندانەی ئێمە ئێستا نەیکردووە بە شاعیر؟! ئینجا دڵشاد تەماشای ناوژوورەکە دەکات و دەڵێ: ئەرێ ئەوە دانا کوا من دەڵێی شتێکم لێ ونبووە. ئەرێ دانا هۆ دانا کاکە ئەوە لە کوێیت؟ پاش کەمێک دەنگی کەمانچەیەک بەرزدەبێتەوە و دڵشاد ڕووی دەمی دەکاتە خۆزگە و دەڵێ: کوڕە چۆن هونەرمەندمان نییە، ئەوە هونەرمەندە بەساقەی خواکەی بم، هونەرەجوانەکانیشی نەخوێندووە بە هەولوتەقەلای خۆی فێربووە. دانا بە کەمانچەکەی ئاوازێکی سەید عەلی ئەزغەر لێدەدات و

هەتا بێت دەنگی کەمانچەکەی بڵندتر دەبێت. خۆزگە هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئەی گیان، ئەی ئەوە بۆ چەند ڕۆژە هیچ قسە ناکات؟

دڵشاد دەستێک بە شانی خۆزگەدا دێنێت و دەڵێ: جا تۆ جارێ چیت بیستووە خۆزگە گیان ڕاوەستە بۆم. دڵشاد بەخێرایی دەچێتە موبەق و شووشەیەک تەکیلا و چوار پەرداخی زۆر بچکۆلانە و چەند قاشێک لیمۆ و خوێدانێک دێنێت و پەرداخەکان پڕ دەکات و هەریەکە و قاشێک لیمۆیان ئەداتێ و پێکێک تەکیلا و قاشێک لیمۆ بۆ دانا دەبات و پێی دەڵێ: بگرە دانا گیان بە ئارەزووی خۆت بکە، کوێت پێخۆشە لەوێ کەمانچەکەت بژەنە، بەڵام تکایە بەردەوامبە. ئینجا دێتەوە لای ئارا و خۆزگە و بە قاشە لیمۆکەی پشتی دەستی تەڕدەکات و کەمێک خوێی دەکاتەسەر و پێکەکەی هەڵدەبڕێت و بەدەنگی بەرز دەڵێ: دانا دەی ئاگاداربە بەخۆشی خۆزگە و ئارا. ئینجا پێکەکەی هەڵدەدات و دەکەوێتە لێسانەوەی پشتی دەستی. خۆزگە و ئارا هەمانشێوە بەدوایدا پێکەکانیان هەڵدەدەن و دەکەونە لێسانەوەی پشتی دەستیان.

دانا هاوارێکیان لێدەکات و دەڵێ نۆش. ئینجا دانا دەکەوێتەوە کەمانچەلێدان و ئاوازێکی سەید عەلی ئەزغەر " غەمگین و دڵ پەشێوم" دەژەنێت و لێرەشەوە دڵشاد چاوێک لە ئارا دادەگرێت. ئیتر ئارا بە یەک هەستان هەڵدەستێت هەرچی مووی گیانی خۆزگەیە بەرز دەبێتەوە و مووچورکە بە گیانیدا دێت. غەمگیین و دڵ پەشێوم بڕوانە باری لێوم، حەیرانی خاڵی لێوت ئۆی جەرگم سووتا وەک قاوە، ئەرێ وەی جەرگم سووتا وەک قاوە. دانا کە گوێی لە ئارا دەبێت زیاتر جۆش و خرۆشی ئاوازژەنین دەیگرێت و بەجۆشەوە کەمانچەکە دەژەنێت و دێتەوە لای ئارا و دڵشاد و خۆزگە و لە گۆشەیەکدا بەپێوە دەوەستێت و کەمانچەکەی دەژەنێت. ئینجا ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و بە مەقامەوە دەڵێ: پاییزی زەردی جاران ساردیی کردە سەری من، زمستانی فیراقت تێکیدا بازاڕی دڵ، ئەرێ وەی تێکیدا بازاڕی دڵ. خۆزگە لەجێگەی خۆیەوە سڕبووە و چاوەکانی بڕیوەتە جوڵانەوەی لێوەکانی ئارا. دانا چاوەکانی نووقاندووە و بە پەنجەی ڕۆح کەمانچەکەی دەژەنێت و ئینجا دیسانەوە ئارا ڕوودەکاتەوە خۆزگە و دەڵێ: بۆ تۆ شێت و شەیدا بووم بۆ تۆ دیل و ڕسوا بووم، بۆ تۆ غەرقی زریان بووم بۆچی تۆ ڕەحمت نەماوە؟ ئاخ بۆچی تۆ ڕەحمت نەماوە؟ دانا دیسانەوە بەجۆشەوە ئاوازەکە دەژەنێتەوە و بە هەڵسانێک هەڵدەستێت و پاشان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئاوازەکە دێنێتەوە خوارەوە و زۆر هونەرییانە کۆتایی بە مۆسیقاکە دێنێت. خۆزگە تەواو سەرسام بووە لە هونەرمەندێتیی هەردووکیان هەم کەمانچە ژەنین و هەم هونەری گۆرانیی وتن. چەپڵەیەکی گەرمیان بۆ لێدەدات و دەڵێ: هەی ئافەریین بەڕاستیی هەردووکتان بەتوانا بوون. مەگەر هەر سەید ئەلی ئەزغەر ئەوها خۆش گۆرانییەکەی بڵێت. دەستی تۆش خۆش دانا گیان بەراستی کەمانچەژەنیت. کاکە من پەشیمانبوومەوە لە قسەکەی خۆم جا ئێوە هونەرمەند نەبن کێ هونەرمەندە؟ ئەلی یارە؟ یان زلێخا؟ دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: کچە ئەو دوو ناشرییینە چ مافیان هەیە بە پەنجەیەکی ئارا و دانا بن. جا خۆزگە باوەڕت بێت لێرە بیت لای ئێمە ئاسوودەتر دەژییت بڕۆ شڕوشیتاڵت کۆبکەرەوە و وەرە لە ئەڵمانیا بژیی دادە خوێندن هەر خوێندنە لێرە بێت یان لەوێ. هەموو شەممە و یەکشەممانێک ئەمە بەزممان دەبێت.

خۆزگە بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە دەڵێ: نا ئێوە وەرن بۆ لای من. لای منیش هەردەتوانین شەممە و یەکشەممان کۆبینەوە.
ئارا دەست هەڵدەبڕێت و دەڵێ: من دێم.
خۆزگە گەش گەش دەبێتەوە و دەڵێ: ئەوە یەک.
دڵشاد چەپۆکێک دەکێشێت بە ئارادا و دەڵێ: ئەحە ژنانیی یەک هەنگاو لەم وڵاتە دوورناکەویتەوە هەر دەبێت بێشیت بۆ میونشن چیتداوە لە کوردنبێرگ؟
خۆزگە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: چیی بێرگ؟
دڵشاد دەڵێ: کوردن.
خۆزگە دەڵێ: بۆ ئارا گیان شارەکەت ناوی کوردنبێرگە؟
ئارا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: نا وای ناو نییە، ئەمانە وایان ناوناوە چونکە زۆرترین کورد لە شارەکەی من دەژیی. خۆی نورنبێرگە ئەمانە نورەکەیان لێکردۆتەوە کوردیان پێوەناوە.
دڵشاد هاوارێکی لێ هەڵدەستێت و دەڵێ: ئەی باوکە گیان ئەوە وا کاتژمێر دوانزدەی شەوە، ئەرێ ئەم کاتە بۆ وا خێرا دەڕوات؟ خۆ من مردم لەبرسا هیچمان نەخواردووە.
دانا دەڵێ: کوڕە من خواردنیشم لێنا، خۆ ئێوە لەتاو قاقا و پێکەنین و ئارەزوو و بەزم ئاگاتان لە هیچ نییە. قەلێکی سێ کیلۆییم کردۆتە فڕنەکەوە. بەشی چوارکەس برنج و شلەی کوولەکە. برنج و شلەکە تەواو بووە و بەس قەلەکە ماوە ئەویش خۆی بکووژێت و ببڕێت بە چارەکێکی تر ئامادە دەبێت بۆ خواردن. لەم قسانەدا و جەڕەسی تێلێفۆنەکەی دانا لێدەدات و دانا وەڵامدەداتەوە و بە ئەڵمانیی قسە دەکات. دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە و ئارا دەکات و دەڵێ هیچ نییە ئیش کرایەوە. خۆزگە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: حەزم لە پیاسەیەکی بچکۆلەیە.
دڵشاد برۆکانی دەنێتە سەریەک و تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: بەمن نەڵێیت. من لەم ماڵە ناچمە دەرەوە بەقەد پێشمەرگەیەک برسییمە ئێستا.
خۆزگە قاقایەک لێدەات و دەڵێ: وەی لە پێشمەرگەی داماو. باشە مەمانخۆ بەتەنیا دەچم.
دڵشاد بە کۆمیدیییەکەوە تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: جا مافت هەیە بەتەنیا بڕۆیت خۆ کچی خۆمان نەدۆزیوەتەوە. ئێستا پێشمەرگەیەکت لەگەڵ دەنێرم. ئادەی ئارا هەستە دەی خێرا خۆت ببەستە و ئەو کچەمان گاسیی پێبکە" گاسیی پیاسە و چوونە دەرەوەی سەگە" ئا ببوورن پیاسە پێبکە.
ئیتر خۆزگە ئەبچڕێت لە پێکەنیندا و دەڵێ: جا خۆ دڵشاد گیان سەگ هایلایف دەژیی لە ئەوروپا. لە نیوەشەودا خاوەنەکانیان دەیانهێننە دەرەوە پیاسەیان پێدەکەن.
دڵشاد بە پێکەنینێکەوە بە خۆزگە دەڵێ: ئەزانم ماڵەکەم وەکوو ئێستای تۆ. دەبڕۆن بەڵام زوو وەرنەوە ها پانزدە خولەک زیاترتان پێ نەچێت، خواردن دادەنێین.
خۆزگە چەپۆکێک دەکێشت بە دڵشاددا و دەڵێ: باشە دڵە گیان ئێمە جارێ بای.
خۆزگە و ئارا پاڵتۆکانیان لەبەردەکەن و پێڵاوەکانیان هەڵدەکێشن و دەڕۆنە دەرەوە. سواری سەرخەرەکە دەبن و هەتا قاتی خوارەوە. ئەوسا لە ماڵەکە دێنە دەرەوە و خۆزگە دەڵێ: بەکام لادا بڕۆین ڕاست یان چەپ؟

ئارا دەڵێ: کە ئێمە هەر پانزدە خولەک کاتمان هەبێت دەتوانین بە دەستە ڕاستدا بڕۆین چوونکە جادەکەی درێژترە و بە پانزدەخولەک دەچین و دێینەوە. بەڵام لە چەپەوە خێرا دەگەینە سەری کۆڵانێکی تر و ئیتر لەولاوە دەبێت بە پارکێک.
خۆزگە دەستی ئارا دەگرێت و دەڵێ: کەواتە بە چەپدا دەڕۆین.
ئارا بەسەرسوڕمانێکەوە دەڵێ: باشە بەدڵی تۆ بۆنا.
خۆزگە قۆڵدەکات بە قۆڵی ئارادا و خۆی پێدادەت هەتا لە شانەوە گەرمیی بێتەوە و سەرمای نەبێت. ئینجا هەردووک بەجووت دەکەونە قسەکردن و خۆزگە دەڵێ: ئارا ئەزانی ئەوکاتەی گۆرانییت دەگووت هەروەختەبوو بتخۆم. خواکە ئەو دەنگەخۆشەت لەکوێ بوو؟ کە گۆرانییەکەت تەواوکرد پێمخۆش بوو بێم لە باوەشت دانیشم بەڵام شەرممکرد. بەڵام ئێستا شەرم ناکەم. خۆزگە ڕادەوەستێت و باوەش بە ئارادا دەکات و دەم دەنێتە نێو دەمیەوە و تێر تێر دەم و لێو و زمانی ماچدەکات. و ئینجا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: ناخم پێمدەڵێ کە من زۆر دەمێکە دەناسم. بەڵام چۆن و لەکوێ؟ نازانم،
ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: منیش هەمانشێوە. بۆ منیش سەیرە دڵنییام کە دەتناسم بەڵام نازانم تۆم لەکوێ دیووە. خۆزگە دەڵێ: گرنگ نییە لەکوێ گرنگ ئەوەیە ئێستا تۆ دەناسم و زۆر خۆشحاڵم. بابڕۆین بەردەوامبین بۆ گاسیی.
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: گاسیی. ئارا و خۆزگە ماوەیەک بەپێ دەڕۆن و قسە و باسێکی زۆر دەگۆڕنەوە و ئەوسا ڕێیاندەکەوێتە بەردەمی پارکەکە و خۆزگە دەڵێ: باچین کەمێک بە پارکەکەدا پیاسە بکەین. دەڕۆنە پارکەکەوە دار و درەختەکانی ناوپارکەکە و باخچە و چیمەنەکانی پارکەکە هێشتا بەفر داپۆشیوون. گڵۆپەکانی ناو پارکەکە کز دەسووتێن و ڕووناکییەکی مۆم ئاسایانداوە بە پارکەکە. ئارا و خۆزگە لەبن درەختێکی ناوقەد ئەستووردا ڕادەوەستن و ئاوێزانی یەکتر دەبن. لێرەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەم دەنێنە نێودەمی یەکدییەوە و ماچی یەکدەکەن. خۆزگە تەماشای ئارا دەکات و دەڵێ: بەمن بێت دەمم لا نەبەم لەسەر دەمت هێندە تامەزرۆتم. زۆر لە مێژە هیچ کەسێک ئەم هەستەی تۆی نەداومەتێ. زۆر لەمێژە ئەم متمانەیەم لای هیچ کەسێک بۆ دروست نەبووە. چ چارەنووسێکە، من لە سوێدنەوە هاتم دیدەنیی براکەم بکەم لە زیندان و کەمێک ورەی پێبدەمەوە. کەچی تۆم ناسیی.
ئارا دەڵێ: سەرنجڕاکێشانەکە لەوەدایە من زۆردەمێکە نەهاتووم بۆ میونشن، تەنها بەتێلیفۆن لەگەڵ دڵشاد و دانا قسەمانکردووە. ڕێکەوتێکی سەیرە وەک گەردوون ئەم دیدەنەی پلان کردبێت ئاوها دێتە بەرچاوم. دیدەنێکیش کە پێیدەڵێن خۆشەویستیی لەیەکەم چاوترووکاندا. ئینجا خۆزگە بە ئارا دەڵێ: بێدەنگبە هیچ مەڵێ بەس ماچم بکە. هەتا لێوەکانت دەسوێن ماچم بکە. ئارا و خۆزگە بە شیشی ئەوینێکی شێتانە لەسەروەجاخی چارەنووس ماچەکانی یەکتر دەبرژێنن. هەتا ئەوکاتەی خۆزگە لە باوەشی ئارادا لێکدەبێتەوە ماچی یەکدی دەکەن. خۆزگە هەرچی توانا هەبێت پێی نەماوە و بەسنگ و بەرۆکی ئاراوە خۆی گرتۆتەوە. ئارا لە جێگای خۆی بە چیچکانەوە دادەنیشێت هەتا خۆزگە بگرێتە باوەش و نەهێڵێت بکەوێت. پاڵتۆکەی خۆزگە دەکەوێتە سەرزەویی و بەفرەکە و ئارا بۆی گرمۆڵە دەکات و بەڵام هێشتا چاری نییە،

بۆیە ئارا لە جێگای خۆی خۆزگە بەرزدەکاتەوە و دەیکاتە کۆشیەوە. ئیدی ئەوسا خۆزگە وەکوو ساوا دەستدەکاتە ملی ئارا و دەڵێ: وەرە لەگەڵم بۆ سویدن، لەوێ پێکەوە دەژیین.
ئارا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: حەزدەکەم زۆریش. من خۆم لەم وڵاتە بێزاربووم، دەمێکە دەمەوێت دووربکەومەوە بەڵام نەمدەزانی بۆکوێ بچم.
خۆزگە دەستێک بە ڕوومەتی ئارادا دێنێت و دەڵێ: ئێ خۆ ئێستا دەزانیت بۆکوێ بچیت. وەرەلەگەڵ من.
ئارا هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: ماوەمبدە هەتا کۆتایی ساڵ خۆم ئامادە دەکەم بۆ هاتن. من لە بیست و یەکی دوانزدەوە پشووم هەیە هەتا پانزدەی یەکی ساڵی نەوەت و حەوت. دەتوانم ئەو ماوەیە بێمە سەردانت.
خۆزگە بزەیەک دێتە سەرلێوەکانی و ماچێکی نەرمی لێوەکانی ئارا دەکات و دەڵێ: زۆر خۆشحاڵ دەبم بە هاتنت زۆر زۆر.
ئارا لە پڕێکدا دەکەوێت بەقندا و خۆزگە هاوارێکی نزمی لێهەڵدەستێت و ئارا دەڵێ: قاچم سڕبوو ئیتر هیچ هێزی تێدا نەما. هەردووکیان دەستدەکەن بە پێکەنین و ئینجا هەڵدەستن و خۆزگە دەڵێ: دەی ئەوە نیشانەی ئەوەبوو کە کاتەکەمان تەواوبوو دەبێت بڕۆینەوە. خۆزگە پشتەقنی ئارا دەسڕێت و بۆی پاکدەکاتەوە و ئەوسا قۆڵ دەکەن بە قۆڵی یەکدا و بەرەو ماڵەوە بەرێدەکەون. بەدەم قسەکردنێکی زۆر بەرێگاوە هێندەنابات دەگەنە بەردەمی ماڵەوە و لە جەرەس دەدەن و دڵشاد دێتە سەر دەزگای قسەکردنەکە و خۆزگە لە خوارەوە دەڵێ: پۆلیسین بیکەنەوە. دڵشاد لەسەرەوە دەڵێ: پۆلیسی وەک ئێوە جوان دەنێینە سەرچاوانمان. ئینجا ئارا و خۆزگە پێدەکەنن و خۆزگە دەڵێ: باشە دەی ماستاوچی بیکەرەوە. دڵشاد دەرگاکەیان لێدەکاتەوە و بەجووتە دەچنە سەرخەرەکەوە. خۆزگە لەسەرخەرەکەدا هەتا دەگەنە سەرەوە دەم دەنێتە نێودەمی ئاراوە و ماچی دەکات. پاش کەمێک دەگەنە سەرەوە و ئارا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و شانەکانی هەڵدەتەکێنێت وەک ئەوەی بە شان بە خۆزگە بڵێت، ماچەکەمان کورتبوو دەستەڵاتیشمان نییە. ئینجا لە جەرەسی دەرگاکەیان دەدەنەوە و دڵشاد دەرگایان لێدەکاتەوە و دەڵێ: بەخێربێنەوە دوو منداڵی زۆر ژیربوون لەقسەم دەرنەچوون لەکاتی خۆیدا هاتنەوە.
خۆزگە عەیارانە سەری دێنێتە پێشەوە بۆ لای دڵشاد و دەڵێ: چونکە خۆمان دوو منداڵی ژیر و میهرەبانین بۆیە.
دەڵشاد پەلیان ڕادەکێشێتە ژوورەوە و دەڵێ: وەختی قسەی زل نییە دەی وەرن نانبخۆن و دوایش قاپ و مەنجەڵەکان بشۆن.
ئارا و خۆزگە وەک ئەوەی پلانیانکردبێت بۆ ئەم وەڵامە، پێکەوە دەڵێن: ئێمە برسییمان نییە، ئێستا لە دەرەوە نانمانخوارد.
دڵشاد هاوارێک بۆ دانا دەکات و دەڵێ: دانا ئارا و خۆزگە لە دەرەوە نانیانخواردووە، کەواتە قەلەکە ماڵی خۆم و خۆتە. بیر لە کەسی تر مەکەرەوە.
دانا دەڵێ: وەی گیان زۆرم پێخۆشە.

ئینجا دڵشاد و ئارا و خۆزگە دەرۆنە ژووری موبەق بۆ لای دانا. دڵشاد دەڵێ: ئێوە ئەتوانن بچن لە ژووری دانیشتن دابنیشن چیدەکەن لێرە لەناو ئەم هەموو بۆن قەل و برنج و کولەکەیەدا؟

ئارا و خۆزگە تەماشایەکی یەکتر دەکەن و خۆزگە دەڵێ: خۆ ئەم دڵشادە زۆر بێویژدانە. تۆ تەماشا خۆ خەریکە بەتەقەماندا دەخات. کاکی داناش نقەی لێوە نایەت خواخوایەتی بڵێین ناخۆین. کورە چ مافتان هەیە، وەرە پێشێ ئارا گیان، وەرە با نۆشی بکەین لەگەڵیان.

دڵشاد پێدەکەنێت و دەڵێ: دەسا باوەڕبکەن هێندەی نەمابوو بە برسێتی بتانهێڵمەوە. بەڵام هێشتا هەر براوەین لەبەرئەوەی ئارا گۆشت ناخوات.

خۆزگە تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: بە تەقە خستندا نەما، دانیشە بە ژیریی وەک منداڵێکی بەختەوەر.

دڵشاد دەڵێ: ئەمەیانم بەڕاستە هیچ تەقە و ڕەقەی تێدا نییە. ئەو تریفە داماوەی مراندبوو لەبرسا لە ماڵەوە. تریفەی داماو هەفتەی جارێک گۆشتی دەخوارد ئەویش ئەوکاتانە بوو، کە دەچوونە دەرەوە نانیان دەخوارد.

خۆزگە بە قسەکانی دڵشاد کەمێک سەری دەسوڕمێت و کە ناوی کچێکیش بەناوی تریفەوە دەبیستێت، کەمێک نیگەران دەبێت لەوەی کە ئاخۆ بڵێی ئارا ژنی هەبێت؟ پاشان هەوڵدەدات کۆنترۆڵی دەروونی خۆی بکات، هەتا بە ڕووخساریەوە دیار نەبێت کە چەند تەیارێکی شۆکی کارەبایی ئێستا بە دەمارە هەستیارەکانی گیانیدا تێدەپەڕێ. تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: بەڕاست ئارا گۆشت ناخۆیت؟

ئارا بە ڕوویەکی خۆشەوە تەماشای خۆزگە دەکات و دەڵێ: نا ماڵەکەم ناخۆم، لەمێژە گۆشتم تەرک کردووە.

دڵشاد بەدەم نانخواردنەوە بە خۆزگە دەڵێ: لەبەرخاتری بەڕێزی هەمووجار ئێمە گۆشتی سوور ناکەینە شلەوە، چونکە ئەو شلەیەشی گۆشتی تێدا کوڵابێت ئارا نایخوات. برنج چ مافمان هەیە بە ئاوی مریشک لێیبنێین. وابزانم ساڵی پار بوو، ئەوکات تازە ئارا تریفەی ناسیبوو، پێکەوە هاتن بۆلامان بۆ ئێرە، ئێمەش کاکە کردبوومان بەورۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژرابوو، هەرچی قەل و مریشک و گۆشتی بەرخ و چیی و چیی هەیە لێمان نابوو. ئەم ئارا داماوە لچی لە هیچیان نەدا. هەستا چایەکی لێنا و قاپێ ماستی لە سەلاجەکە دەرهێنا و دانیشت نان و ماستی بە چاوە خوارد. بەڵام تریفەم بەدڵ بوو، وەک خۆمان نەوەی مەیموونەمرۆڤ و داینەسۆر بوو. بەبێ گۆشت نەدەژییا. بەڵام لەم کۆتاییانەدا وەک بیستم ئەویش گۆشتی کەمکردبۆوە دیارە ئارا کاریگەریی زۆربوو لەسەر تریفە. بەڵام خۆزگە یەک دەنگی پێوە بوو، باوەڕت بێت زۆرڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەموو ژییانم هیچ ژنێکی کوردم نەدیووە، لە هەرپارچەیەکی کوردستان دا هێندەی ئەو تریفەیە دەنگی خۆش بووبێت. بەڵام ئەویش خۆمان ئاسا هونەرەکەی هەر بۆخۆیی و بۆ هاورێکانی دەوروبەری بوو. ئامادە نەبوو گۆرانیی بۆ بڵاوکردنەوە بڵێت. دڵشاد ڕوودەکاتە ئارا و دەڵێ: بەڕاست ئارا ئێستا دەنگوباسی تریفە چۆنە؟ هیچ ئاگات لە ژییانی هەیە؟

خۆزگە هەناسەیەک هەڵدەمژێت و بەم قسەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە بوونی تریفە تەنها ڕابردوویەکە لە ژیانی ئارادا. ئیدی لەم چرکەیە بەدواوە ئەو قورساییە لەسەر دڵی خۆزگە نامێنێت. بەڵکوو بە پەرۆشەوە گوێ هەڵدەخات هەتا زیاتر لەسەر ژیانی تریفە بزانێت.
ئارا سەرێک دادەخات و بەدەنگێکی نزم دەڵێ: بڵێم چیی دڵشاد گیان باشە و باش نییە و. ئێستا لە بەریتانیا دەژیی، بەڵام ئاسوودە نییە و هەست بە ژیانێکی ناخۆش دەکات. ماوەیەکی زۆرە گوێم لە دەنگی نەبووە بەڵام ئیمڕۆ کارتێکی بۆ ناردبووم، کەمێک نیگەرانیی بەرانبەر بە چارەنووسی ژیانی خۆی و هەڵوێستی کەسوکاری دەربڕیوە.
دانا تەماشایەکی ئارا دەکات و دەڵێ: بەڕاستی مرۆڤێکی دڵ گەورە و ژنێکی هەتا بڵێی ئێسک سووک و جوان و شۆخ و میهرەبان بوو. بەڵام بەداخەوە کە لێکیانکردن ونەیانهێشت بۆ یەک ببن.
خۆزگە لەگەڵ بیستنی هەرشتێکی نوێدا لەسەر تریفە زیاتر سەبووریی دێت و ئارام دەبێتەوە. ئێستا بۆی دەرکەوت کە ئارا و تریفە تەنها خۆشەویستی یەک بوون و گرێبەندی ژن و مێردایەتیی لەنێوانیاندا نەبووە.
دڵشاد ڕوودەکاتە دانا و دەڵێ: بەڕاستیی قسەی تۆیە دانا. ژنێکی پڕ پێناسی باش بوو. من زۆری بیردەکەم ئەو مەلحونە. بەدەردی خۆی دەیگووت مەلحون.
ئارا غەمبارییەک دایدەگرێت و بەبێدەنگیی نانەکەی دەخوات. دانا و دڵشاد هەستدەکەن ئارا تێکچووە و غەمدایگرتووە، ئیدی کۆتایی بە باسکردنی تریفە دێنن و هیچیتر قسە لەسەر تریفە ناکەن. پاش کەمێک ئارا دەڵێ: ئەزانن چی من پێموایە غەدرم لە تریفە کرد،
دڵشاد و دانا قسەکانی پێ دەبڕن و دەڵێن: ببوورە ئارا گیان ئێمە نەمانویست غەمبارت بکەین، نەمانزانی ئاوها ئەم یادگارییانە کارت تێدەکات دەنا باسمان نەدەکرد. ئێستاش پێویست ناکات قسە بکەیت واز بهێنە ماڵەکەم.
ئارا دەڵێ: نا هیچ کێشە نییە، خۆ من ئیمڕۆ بێت یان سبەینێ هەر دەبێت ئەم زووخاوە هەڵڕژم. من ئەوە ماوەیەکی زۆرە تریفە لەلام ڕۆیشتووە، بۆشاییەکی گەورەی کردۆتە ژیانمەوە. هەندێجار زۆر ئازار دەخۆم، من واهەستدەکەم کە من هیچم بۆ ئەو ژنە نەکرد. واهەستدەکەم کە من غەدرێکی گەورەم لەو ژنە کردووە. من دڵی خۆمم پێدا و دڵی ئەویشم بەخۆمەوە هەراسانکرد و کەچی نەمتوانی پارێزگاریی ئەو دڵە جوانەی بکەم هەتا نەشکێت. بەڵام من بوومە هۆی شکانی دڵی.
دانا قسەکان بە ئارا دەبڕێت و دەڵێ: ئارا گیان وا مەڵێ: تۆ هیچ تاوانبار نیت. تۆ تریفەت خۆشویست بە دڵ و بەگیان، بەڵام کەسوکاری تریفە و مێردە کۆنەکەی بوونە هۆکاری ئەوەی کە تۆ و تریفە نەتوانن ببنە ژن و مێرد و پێکەوە بژیین. ئەوان ڕێگاگری ئەم هەڵوێستەی تۆ و تریفە بوون.
دڵشاد دەڵێ: کوڕی خوا تۆ چەند جار هەڕەشەی کووشتنتیان کرد؟ چەند جار هاتنە سەرڕێگات و دەمانچەیان خستە سەرگەردنت و هەتا ئێستاش بە تریفەت نەگووت، کە شتێکی وەها ڕوویداوە. تۆ لەتاو تریفە پەنات بۆ هەموو پیاو و ناپیاو گەواد و مەردێک برد. هەمووی

لەپێناوی ئەوەی کە بتوانیت تریفە بپارێزیت. دەنا کەی تۆ تێکەڵیی هەمووکەس دەکەیت و ئەوجۆرە خەڵکانە شیاوی ئەوە بوون لە تۆ نزیکببنەوە. ئەمانەش هەمووی لەپێناوی تریفەدا بووە. کەواتە واز لەو بیرکردنەوانە بهێنە کە تۆ تاوانباریت. پاشان ئێمە لە چ مێژوویەک و لە چ ڕیاڵێکدا دەژیین؟ ماڵەکەم کەی باوی ئەوە ماوە دوژمنایەتیی عەشایەریی بکەیت لەسەر دڵداریی. خۆ ناکرێت بە هۆشی سارد و سڕ و وشکوبڕنگی ئەوان هەڵسوکەوت بکەیت. خودی تریفە مرۆڤێکی زۆر باشە. بەڵام تۆش مرۆڤێکی باشیت لەپێناوی چییدا ساتێک پێبکەنیت و دەیان ڕۆژ بگرییت؟ دەزانم تۆ ئێستا شیریین و فەرهادانە بیردەکەیتەوە. بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ لە فەرهادت لەم ئەوویینەدا کەمتر نەکرد. بەڵام تریفەش بێ هێز بوو. هەموو جارێک بە هەڕەشەیەک دەگەڕایەوە کۆشی ژییانی کۆنی. کەواتە دەرگایەک لەسەر ئەم بیرکردنەوانە دابخە و هیچ بیری لێمەکەرەوە کە خۆت بەتاوانبار بزانیت. هیوای ژییانێکی خۆش بۆ تریفە بخوازە و ئەویش دەبێت بە خۆشیی ژییانی تۆ دڵخۆش بێت. نەگ هەستی ئەوەت بداتێ کە تۆ خیانەتت لێکردووە. ئێوە بەزەبری شەق لێکجیابوونەتەوە نەگ تۆ واز لە تریفە بهێنیت بۆ ژنێکی تر. ئێستاش مافی خۆتە بچیتە ژییانی کەسێکی ترەوە.

خۆزگە لەجێگەی خۆی هەڵدەستێت و دەڵێ: کوڕیینە دەڵێن چیی چایەک لێ بنێم؟

دانا دەڵێ: سووپاسیشت دەکەین خۆزگە گیان. ئەرکیشە تووخوا، بمانبەخشە.

خۆزگە دەڵێ: نا ئاسایییە خۆم حەزدەکەم.

دانا دەڵێ: سووپاس گوڵە گیان.

دانا و دڵشاد و ئارا دیسانەوە دەکەونەوە بێدەنگیی و خەریکی نانخواردن دەبن. خۆزگە بەدەم چا لێنانەوە دەستێک دەنێت بەو ڕیکۆردەدا کە لە گۆشەیەکی کەوانتەری موبەقەکەدا دانراوە و دەنگی مەزهەری خالقیی بە گۆرانیی "نەسیمەکەی ساردی پاییز" بەرزدەبێتەوە و دڵشاد هاواری لێهەڵدەستێت و دەڵێ: خۆزگ——————————ە کچی خوا ئەمە چیی بوو لەم کاتەدا کردتە سەری؟

خۆزگە دەڵێ: دڵشاد گیان دەچیبکەم وتم با ئەو بەستەڵەکی بێدەنگییەتان بشکێنم.

دڵشاد ئاوڕێک ئەداتەوە و دەڵێ: جا بە مەزهەر؟

خۆزگە بە پێکەنینێکەوە تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: دڵشاد گیان ببوورە ئەلی یارەم دەستنەکەوت.

دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە دەکات و برۆکانی ڕادەکێشێت بۆ ئارا، بۆ ئەوەی خۆزگە تێبگەیەنێت کە ئەو گۆرانیی‌یە ئارا غەمگیین دەکات.

خۆزگە تێدەگات دڵشاد مەبەستی چییە و خێرا ڕیکۆردەکە دەکوژێنێتەوە. هەر بە کوژاندنەوەی ڕیکۆردەکە، ئارا دەنگی لێبەرزدەبێتەوە و دەڵێ: نەسیمەکەی ساردی پاییز چ بێ ڕەحمیت چ دڵ بەردیت، سووری گوڵ و سەوزی گوڵزاران ئەبەیت و ڕوو بە ڕەنگ زەردیت.

دانا لەسەر مێزی نانخواردنەکە ڕادەکات بۆ هێنانی کەمانچەکەی و دەڵێ: دەتووخوا با "دە"ش لەسەر نۆ بێت. کوڕە خۆ مردین بەدەست غەمەوە، دەستدەکات بە ژەنینی ئاوازەکەی خالقیی و ئاراش گۆرانیییەکەی بەردەوام دەچڕێت و دەڵێ: بە نەغمەی شاد و مەستانم هەزاران سوبح و

شەو بولبول، سەفاهی ناوە بۆ گوڵشەن لە دووری ئارەزووی سوور گوڵ، ئەتۆ پاییز گوڵت ژاکاند بە جەورت بولبولت تەراند. دانا زۆر بەسۆزەوە ئاوازەکە دەژەنێت و تەماشایەکی خۆزگە دەکات وەک ئەوەی پێیبڵێت بێت دانیشێت. خۆزگە داواکەی تێدەگات و دێتە تەنیشت ئاراوە دادەنیشێت و ئەوسا ئارا بەندی داهاتی گۆرانییەکەی دەچڕێت و دەڵێ: مەشۆرێ سەرلاپەڕەی سووری گوڵاڵەی دەشت و هەوری ڕەش، مەکە دێوانە ئەی بولبول بەیەکجاریی لە ژیین بێبەش دە پاییز بەسیە ئازارت خودایە کوانێ بەهارت؟ دە پاییز بەسیە ئازارت خودایە کوانێ ئارامت؟ دانا ئاوازەکە بەردەوام دەژەنێت و وردە وردە دەنگی ئاوازەکەی نزمدەکاتەوە هەتا ئەوکاتەی کۆتایی بە ژەنینی کەمانچەکەی دێنێت. لەگەڵ تەوابوونی ئاوازەکەدا ئارا زۆر سوپاسی دانا دەکات و دڵشاد و خۆزگەش چەپڵەیەکی گەرم بۆ دانا و ئارا لێدەدەن و خۆزگە لەناکاوێکدا دەڵێ: نارۆمەوە.

دڵشاد و دانا تەماشایەکی خۆزگە دەکەن و دەڵێن: چیی؟

خۆزگە چاوەکانی لە دانا و دڵشاد زەق دەکاتەوە و دەڵێ: نارۆمەوە چییە پێتان ناخۆشە نەڕۆمەوە؟ کوڕە گوومکردە ئەو ژیانەی مەنفای سوێدن چیمداوە لە بەفر و بەستەڵەتی سروشت و دڵی خەڵکیی، بە سوێدیی و بە بێگانەکانی سوێدەوە. دێم لێرە دەژییم لە هەناوی کوانوو و ژیلەمۆی هەست و دڵدا.

دانا تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: دڵە گیان تۆ ئینگلیزیەکەت زۆر باشە دەستێک بخەرە سەردڵی خۆزگە بزانە سەدی لادا نارِوات؟

دڵشاد دەستێک دەکاتە سەردڵی خۆزگە و هەموو ئەیدەنە قاقای پێکەنین و دڵشاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: دڵی خۆزگە دەڵێ ئـــــــــــــارا ئـــــــــــــارا، دم دم دم دم دم

خۆزگە ئەیداتە قاقای پێکەنین و چەپۆکێک بە دڵشاددا دەکێشێت و دەڵێ: دڵە ئاگر بەسە تەریقم مەکەرەوە.

دانا ڕوودەکاتە خۆزگە و دەڵێ: خۆزگە ئێمە هەموو هاوڕێ و دۆست و ئەزیزی یەکدین، بەبێ هیچ شەرم و شوورەیییەک، هەستدەکەیت ئارا ئەو کەسەیە ئاسوودەت بکات؟

خۆزگە ڕەنگی وەک گلۆپ دادەگیرسێت و سوورهەڵدەگەڕێت و کەمێک بە شەرمەوە دەڵێ: بەڵێ زۆریش، چونکە واهەستدەکەم من دەمێکە ئارا دەناسم. ڕۆحی ئارا بە دەروونم ئاشنایە بۆچی نازانم.

ئارا قسەکان بە خۆزگە دەبڕێت و تەماشای دانا و دڵشاد دەکات و دەڵێ: لە ڕاستییدا منیش هەمانشێوە. زۆر سەیرە دەڵێی دەیان ساڵە من خۆزگە دەناسم کە پێشتر لە ژییانمدا خۆزگەم نەدیووە.

دڵشاد تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: جا باوکم بەڕاستیی ئارا یەکێکە لەو پیاوە کوردانەی کە هەستێکی هەتا بڵێیت ناسک و جوان و میهرەبانی هەیە. دەگ پیرۆزی یەک بن خودایە هەتا ماون پێکەوە ئاسوودە بن. بەڕاستیی من خەریکە چاوەکانم لە خۆشییاندا تەڕ دەبێت. چونکە هەردووکتان خاوەنی ڕابردوویەکی زۆر تاڵ و بەئازارن کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ ژییان پێبکەنن نەگ بگریین.

خۆزگە چاوەکانی پڕدەبێت لە فرمێسک و هەڵدەستێت باوەشێک بە دڵشاددا دەکات و ماچێکی دەکات و دەڵێ: هەمووکات تۆ وەک برایەکی دڵسۆزی ئازادییخواز و دیموکراتخواز حەزت بە خۆشیی من کردووە، ئێستاش دووپاتتکردەوە سووپاس کە هەیت.
دڵشاد فرمێسکەکانی بێ شەرمانە بە ڕووخساریدا دێتە خوارەوە و ماچێکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: خۆزگە گیان شایەنی هەموو شتێکیتماڵەکەم، تۆش ئەزموونی ناخۆشیی ژییانی خۆتت هەبووە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاسوودە بژییت.
ئارا دەستی درێژ دەکات و دەستی دڵشاد توووند دەگووشێت و دەڵێ: ئەوکاتانەی پیاو دەگریی شتێکی نائاسایی لە پیاودا بەدیدەکرێت. پیاو هەتا ئێستا نیشانەی ڕەقیی و توووندوتیژیی بووە. بەڵام فرمێسکەکانی پیاو ئەم لێکدانەوانە هەموو پووچەڵ دەکەنەوە. فرمێسکەکانی پیاو ئەوە دەسەلمێنن، کە پیاویش بە چاوی ویژدان و مرۆڤایەتی دەتوانێت بڕوانێتە ڕووداوەکان. هەمووکات ئەو پیاوانەم لا جوانترن کە دەگریین. ئەو پیاوانەی شەرم لە فرمێسکەکانیان ناکەن و ئازادانە دیڕێژن. حەزیشم بەو پیاوانە نییە، کە بەدزێوە دەگریین. فرمێسک نیشانەی سۆزە نیشانەی خۆشەویستیی‌یە نیشانەی بەقا و مرۆڤایەتیییە. دڵشاد دەستی لە دەستی ئارا دەردێنێت و دەڵێ: بەیارمەتییتان من دەچمە باڵکۆنەکە کەمێک هەوای پاک وەردەگرم. دڵشاد پاڵتۆکەی لەبەردەکات و بەرەو باڵکۆنەکە دەڕوات. هەرهێندەی دەرگای باڵکۆنەکە دەکاتەوە بە لێشاو بە "با"وە بەفر خۆیدەکات بەژووردا و دڵشاد دەرگای باڵکۆنەکە بە پەلە دادەخات و دەگەڕێتەوە موبەقەکە لای ئارا و دانا و خۆزگە. خۆزگە بەرەوڕووی دڵشاد دەڕوات و دەستەکانی دەگرێت و دەڵێ: دڵە گیان چییە بۆ هاتیتەوە؟
دڵشاد بە هێمنییەکەوە دەڵێ: بەفر دەبارێت.
خۆزگە دەڵێ: بەڕاستە؟ ئینجا خۆزگە ڕادەکات بەرەو باڵکۆنەکە و دەرگای باڵکۆنەکە دەکاتەوە، دیسانەوە بەفر بە "با"وە خۆی دەکات بەژووردا و خۆزگە دەرگاکە پێوەدەداتەوە و بەدەنگی بەرز دەڵێ: مەنفای بەفر لە سوێدنەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەڵمانیا.
دانا سەرێکی سەرسوڕمان دەلەقێنێت و دەڵێ: ئەم بەفرە نۆرماڵ نییە، ئاخر هیچ کات ئەڵمانیا ئەوەندە سارد نەبووە مەگەر پەنجاساڵ بەرلەئێستا. بەتایبەت لە میونشن دا. کاکە میونش بەناوبانگە بۆ ئەم شتە، کە بەفر خۆی تێدا ناگرێت و زوو دەڕوات و دەتوێتەوە، کەچی ئەوە چەند ڕۆژە لەسەریەک بەفردەبارێت بەبێ پشوو. لەسەروئەوەشەوە لە سەرەتای مانگی دوانزدەدا.
خۆزگە بە ماتەمیینییەکەوە دەڵێ: بەبیرم دێت کە منداڵ بووم، دایەگەورە دەهات بۆ ماڵمان لە زستاندا بەدیار گڕی زۆپایەکەوە دادەنیشتین دۆشاو و بەفرمان دەخوارد. دایەگەورە هەمووکات دەیگووت: ئەو ساڵەی بەفر پێشبکەوێت و بەردەوام بباریت پیاوی گەورە دەمرێت.
دانا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: خۆزگە گیان یانی چاوەڕێی مردنی "هێلموت کۆڵ" بکەین لەم ڕۆژانەدا؟
دڵشاد تەماشایەکی دانا دەکات و دەڵێ: ئیف هەر کۆڵی داماو مابوو بۆی بقرێنن.

دانا دەڵێ: باشە ئەگەر کوڵ بمرێت، دەبێت بەچی بمرێت؟ تۆ بڵێی تیرۆری بکەن؟ یان فرۆکەکەی دەکەوێتە خوارەوە؟ یان لە ئوتۆمبیلدا بە کارەستا دەمرێت؟ یان دڵی دەوەستێت؟ یان تووشی نەخۆشییەکی کووشندە دەبێت و چارەسەری ناکرێت؟
ئارا تەواو تەواو تووشی بێدەنگییەکی سەیر بووە. تابلۆکانی گێژاوی بەفر و سارد و سەرما و تەنیایی وەک کورتە فیلم بە کامێرای چاوەکانیدا دێن و دەچن. فریینی بەفرخۆرەکانی سەرلق و چڵەکانی درەختەکانی سەرڕێ خێرا خێرا دێنە کامێرای چاوەکانیەوە. ئارا هەمووگیانی گەرم دادێت و هیچ ئاگای لە قسەکانی دانا و دڵشاد نامێنێت. خۆزگە چەند جارێک بانگی ئارا دەکات هەتا بەئاگای بهێنێت بەڵام هیچ کاردانەوەی نییە. بۆیە خۆزگە چەند هەنگاوێک بەرەو لای ئارا دێنێت و دەستێک بە ڕوومەتیدا دێنێت و دەڵێ: ئارا گیان.
ئارا دێتەوە هۆش خۆی و دەڵێ: ببوورن خەیاڵم ڕۆیشتبوو. باسی چیتان کرد.
دانا دەڵێ: ئەی گیان، جا بەس نەبوو تۆ قووتابییم نەبوویت و منیش مامۆستات، جا خۆ ئێستا بەشەق لە پۆل ئەمکردیتە دەرەوە.
دڵشاد لەولاوە دەڵێ: فشەفش تۆ پیاوی شەق نیت.
خۆزگە بەسەرسوورمانێکەوە ڕوودەکاتە دڵشاد و دانا و دەڵێ: کوڕینە ئارا تای هەیە زۆر گەرمبووە.
دانا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: بەڕاست؟
خۆزگە بەخێرایی وەڵامی دانا دەداتەوە و دەڵێ: باوەڕبکەن. ئینجا خۆزگە قۆپچەیەکی کراسە سپییەکەی ئارا دەکاتەوە و دەست لە سنگی دەدات، ئیدی دەستی یەکپارچە دەبێت بە ئاو. دەستی دەردێنێت و پیشانی دڵشاد و دانای ئەدات. دڵشاد ئیدی وەک شۆکێک لێیبدات وەها وەدەردەکەوت خێرا غەمەکانی خۆی بیردەچێتەوە و دەچێتە لای ئارا و دەست لە نێوچەوان و سنگی ئارا دەدات و دەڵێ: ئارا تای هەیە قوڕبەسەرم. باشە بەچیی، خۆ سەرمای نەبووە.
ئارا هەتا بێت تابلۆکان خێراتر بە بەرچاویدا دێن و دەچن و دەکەوێتە ورێنەکردن و بەدەم خۆیەوە دەڵێت: فریینم بیرچۆتەوە لەم کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم.
دەربڕینی ئەم ڕستەیە تەواو تەواو دانا و دڵشاد و خۆزگە سەرسام دەکات. خۆزگە ڕادەکات لە ژووری نووستنەکەی دانا سەرجێگاکەی بۆ چاکدەکات و داناش جامێک ئاوی سارد و پەڕۆیەکی سپیی پاک دێنێت هەتا تەڕی بکات و بیخاتە سەرنێوچەوانی. دڵشاد ئارا بەباوەش هەڵدەگرێت و دەیباتە سەرجێگای نووستنەکەی دانا و دەیەوێت جلەکانی لەبەردابکەنێت. خۆزگە دەستی دڵشاد دەگرێت و دەڵێ: دڵە گیان نەکەی، ئێستا ئارا سەرمایەتی بۆیە پێویست نییە جلی لەبەردابکەنیت. ئێستا خوێنی ساردە، کە تۆ هەست بەگەرمیی لەشی دەکەیت لە ناوجەستەی ئارا پێچەوانەکەیەتی کەواتە ئێستا دەبێت بە جلەکانی خۆیەوە بیخەینە جێگاوە کە تای نەما ئەوسا دەتوانین ڕووتی بکەینەوە.
دڵشاد دەڵێ: باشە خۆزگە گیان وایە ڕاستە، بەڵام خۆ من هۆشم لەبەر براوە. دانا قاچەکانی ئارا بە پەڕۆی تەڕ فێنک دەکاتەوە، نێوچەوانی فێنک دەکاتەوە سەرسنگی فێنک دەکاتەوە.

بەتانییەک ئەدەن بە ئارا دا و هەموو لە دەوری کۆدەبنەوە. پاش کەمێک ئارا خەوی لێدەکەوێت و ئیدی دانا و دڵشاد دەڵێن: با وازی لێبهێنین بخەوێت.
خۆزگە دەڵێ: من کەمێک لای دەبم، ئێوە بڕۆن، منیش دوای ئێوە دێم.
دڵشاد و دانا ژوورەکە بەجێدەهێڵن و خۆزگە بەتەنها لەلای ئارا دەمێنێتەوە. خۆزگە دەچێتە تەنیشت ئاراوە دادەنیشێت و جارناجارێک پەڕۆیەکی تەڕ بە نێوچەوان و سنگ و قاچیدا دەهێنێت. ئینجا پەڕۆ تەڕەکە لادەبات و دەست بە ناوقژی ئارادا دێنێت و دەڵێ: خودایە مرۆڤێکی چەند میهرەبان و بێ تاوان دیاریت، ئەم تایە چیی بوو لەناکاو بۆت هات؟ بەڵام باش دەبیت ئارا گیان، ئێستا وردە وردە پلەی گەرمات دادەبەزێت. ماچێکی نێوچەوانی دەکات و دەم دەنێت بە گوێچکەیەوە و دەڵێ: خۆشم دەوێی بەقەد چاوم، بەقەد دڵەی هەڵگیرساوم. ئینجا خۆزگە بەهێمنیی لەتەنیشت ئارا دووردەکەوێتەوە و گڵۆپی ژوورەکەی لێدەکوژێنێتەوە و دەرگای ژوورەکە دادەخات و دێتەوە لای دانا و دڵشاد دادەنیشێت.
دانا تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: ئارا چۆنە؟
خۆزگە بە غەمبارییەکەوە دەڵێ: باشترە هەستدەکەم تاکەی کەمێک دابەزیوە.
دانا دەستێک بەنێوچەوانیدا دێنێت و دەڵێ: بڵێم چی، تۆ بڵێیت هی خواردنەکە نەبووبێت کە ئارا ئاوها لەناکاو نەخۆش کەوت؟ بڵێی چەوریی زۆر نەبووبێت خواردنەکە؟ یان بڵێیی شتێک لە خورادنەکەدا هەبووبێت بە ئارا نەکەوتبێت؟
دڵشاد دەڵێ بڕواناکەم. چونکە هەموو کات کە ئارا هاتووە بۆ ئێرە تۆ بە دڵی ئارا خواردنت لێناوە. بە چەوریی کەمەوە و گۆشتت نەکردۆتە شلەوە و برنجت بە ئاوی مریشک لێنەناوە.
خۆزگە قژی دەکاتەوە و چەند جارێک دەست بەناوقژیدا دێنێت و دەبات و ئەوسا لە دواوە توووند دەیگرێت و بە تەوقەکەی دەیبەستێتەوە و دەڵێ: منیش باوەڕناکەم، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بۆمن بۆچی ئارا بەڕۆحم ئاشنایە؟ ئارا بۆمن بێگانە نییە، هەستی پێدەکەم من ئارا دەناسم و ئاراش من دەناسێت، ئێمە پێشتر یەکمان دیووە بەڵام نازانم لەکوێ؟! لەوانەیە پێتان سەیر بێت ئێستا قسەیەک بکەم، بەڵام باوەڕبکەن ئارا بە جستەشم نامۆ نییە. من دەستم بەر جەستەیەکی نامۆ دەکەوێت دەمارەهەستیارەکانی لەشم لە چاوتروکانێدا پێمدەڵێن کە ئەو جەستەیەی بەرم دەکەوێت تەنێکی نامۆیە، بە گیانم. بەڵام ئارا نەخێر. هەستم هیچ ئەلارمێکم ناداتێ.
دڵشاد و دانا تەماشایەکی یەکدەکەن و سەریان سوڕدەمێنێت و ڕوودەکەنە خۆزگە و دەڵێن: تۆ و ئارا بەریەک کەوتن؟
خۆزگە سەرێک دێنێت و دەبات و چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و دەڵێت: بەڵێ: بەریەک کەوتین. کە پانتۆڵەکەم بە گلووڤاینەکەی ئارا پیس بوو، پاشان هاتینە دوشەکە خۆم پاکبکەمەوە لەوێ شتەکە زۆر ڕێکەوت بوو، یان پێدەچێت ڕێکەوتیش نەبووبێت. پێدەچێت چارەنووس بووبێت. ئیدی کەسمان نازانین چۆن بوو. دەممان نایە دەمی یەک بەبێ ترس یەکمان ماچ کرد، وەک وتم جەستەی ئارا بەمن ئاشنایە، جەستەیەکی بێگانە نییە. خۆزگە بەدەم قسەکردنەوە

دەستدەکات بەگریان و دەڵێ: خودایە ئەمە چییە؟ چیم بەسەردێت؟ بۆ دەبێت من هەمووکات کێڵگە بم بۆ غەم و ئازار؟
ئیدی دانا و دڵشاد واقیان دەوڕمێت و دەشڵەژێن. دانا تەماشایەکی دڵشاد دەکات و دەڵێ: من دەڵێم ئەم هەموو بەفربارینە نۆڕماڵ نییە.
دڵشاد بە وشەی بەفر و نۆڕماڵ نەبوونی دانا سڕ دەبێت و ڕاستەوخۆ مێشکی بۆلای ئەو قسەیەی خۆزگە دەچێت کە لەمووبەق کردی. کاتێک وتی دایەگەورەم هەموو کات دەیگووت: ئەگەر بەفرێکی زۆر بە بەردەوامیی لەسەریەک بباریت و وادە و کاتی خۆی نەبێت، ئەوا ئەو بەفرە هەواڵی مردنی پیاوێکی گەورەی پێیە. دڵشاد دەست بە سەریەوە دەگرێت و دەڵێ: نا نا نا نا نا شتی وا نابێت نابێت.
دانا سەری لە ڕەوشتەکەی دڵشاد دەسوڕمێت و دەڵێ: چی نابێت دڵە گیان شێت بوویت؟
دڵشاد دەڵێ: خۆزیا شێت دەبووم بەڵام ئەم لێکدانەوەیەم ڕاست نەدەبوو.
خۆزگە فرمێسکەکانی دەسڕێت و دەڵێ: دڵە چییە؟ هەست بە چیی دەکەیت؟
دڵشاد هەڵدەستێتە سەرپێ و تەماشای دانا و خۆزگە دەکات و بە پەنجەکانی و قسەکەی خۆزگە ڕووندەکاتەوە. ڕوودەکاتە خۆزگە و دەڵێ: تۆ وتت دایەگەورەم گووتوویەتی: ئەگەر بەفرێکی زۆر بە بەردەوامیی لەسەریەک بباریت و وادە و کاتی خۆی نەبێت، ئەوا ئەو بەفرە هەواڵی مردنی پیاوێکی گەورەی پێیە. داناش چەند جارێک لەسەریەک دەیگووت ئەم بەفرە بەبێ وادەی خۆی و بەم بەردەوامیی بارینە نۆڕماڵ نییە.
دانا و خۆزگە و دڵشاد لە یەککاتدا تەماشای یەکتر دەکەن و هەرسێکیان پێکەوە لە یەککاتدا ڕادەکەن بەرەوژووری نووستنەکە بۆ لای ئارا. کە تەماشا دەکەن ئارا لە شیرینیی خەوێکی خۆشدایە نێوچەوان و سنگی یەکپارچە بووە بە ئاو و تاکەی نەماوە. خۆزگە ڕوودەکاتە دڵشاد و دەڵێ: دڵە گیان ئێستا کاتی ڕووتکردنەوەی ئارایە دەنا ئەماجارە لەرزی لێدێت. خێرا بەتانییەکەی لەسەر لادەبەن و دەستدەکەن بە ڕووتکردنەوەی بەتەنها دەرپێ کورتەکەی لەبەردا دەهێڵنەوە. پاشان بەتانییەکەی پێدا دەدەنەوە. هەرسێکیان تەماشای یەکدی دەکەن و دیسانەوە دەڕۆنەوە دەرەوە لە ژوورەکە و دەرگا لەسەر ئارا دادەخەن. دڵشاد لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و دەڵێ: ئەی خودایە ئەو غەمەمان نەیەنیتە ڕێگا.
دانا بە پەرۆشییەکەوە تەماشای خۆزگە دەکات و دەڵێ: خۆزگە تۆ باوەڕت بە چارەنووس و ئەو هەستانە هەیە، کە لەگەڵ ئارادا هەتە؟
خۆزگە هیچ نقەی لێوە نایەت و سەرێک بۆ ڕەزامەندی دادەنەوێنێت.
دڵشاد دەڵێ: ئاراش هەمان هەستی خۆزگەی هەیە، خۆی لەسەر نانخواردنەکە گووتی. پاشان بۆچی وا بۆ چەند مانگی دوور و درێژە ئارا نەهاتووە بۆ لامان ئێستا دێت؟ لە کاتێکدا کە خۆزگە دێت بۆ ئێرە. ئەمە ڕێکەوت نییە، ئەمە چارەنووسە. ئەگەر ئێستا ئەلبەرت ئاینشتاین دەبووم، دەزگایەکم دروستدەکرد هەتا بەخێراترین شێوە کاتم ڕادەگرت و ڕێگام لە گرتنی کارەساتێک بگرتایە. بەڵام من چییم من هیچ نیم. مرۆڤێکی بێدەستەڵاتم.

دانا دەڵێ: ئەزانن چیی با ئێمە هەرئەوەندە ڕەشبین نەبین. ئەمە باش نییە ئێمە بەردەوام لێکدانەوەی نێگەتیڤمان بۆ ئەم ڕووداوە هەبێت.
دڵشاد هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: کات درەنگە من ماندووبووم ئەمەوێت بخەوم. قەنەفەکەی ژێر خۆی ڕادەکێشێت و دەیکات بە "بێت" بۆ خەوتن. پاشان دەڕوات لە ژووری نووستنەکە پەتوویەک و سەرییەنێکیش دێنێت و لێی ڕادەکشێت.
دانا دەڵێ: منیش دەخەوم بەسە بۆ ئیمڕۆ زۆرمان دیت. دەچێتە ژووری نووستنەکە و ئەویش بەتانییەک و سەرییەنێک دێنێت و بەرانبەر دڵشاد لەسەر قەنەفەیەک لێی پاڵدەکەوێت.
خۆزگە دەڵێ: من جارێ خەوم نایەت دەچم سەرێک لە ئارا ئەدەم.
دڵشاد دەڵێ: خۆزگە گیان ئەو گڵۆپانە هەموو بکووژێنەوە، بەس گڵۆپێکی کز هەیە لەو گۆشەیەی لای ژووری نووستنەکەوە ئەوە دابگیرسێنە بەسە.
خۆزگە دەڵێ: باشە دڵە گیان بەسەرچاو. ئەگەر زووش خەوتان لێکەوت ئەوا شەوتان شاد.
دانا و دڵشاد پێکەوە شەوشاد لە خۆزگە دەکەن و خۆزگەش دەڕواتە ژووری نووستنەکە لای ئارا. لە یەکێک لە تاکی دۆلابەکەدا بەتانییەک دەردێنێت و گڵۆپی ژوورەکە دەکووژێنێتەوە و دێت لەسەر فەرشەکە لەبەردەمی ئارادا دادەنیشێت و بەتانییەکەی ئەدات بەسەر ڕان و قاچییدا. سەردەخاتە لای سنگی ئاراوە و دەستی ئارا دەگرێت و دەینێتە دەستی خۆیەوە. ژووری نووستنەکەی دانا دەڕوانێت بەسەر ڕووی حەوشەی پشتەوەی خانووەکەدا، کە باخچەیەکی چکۆلانەی هەیە بۆ دانیشتوانی ئەپارتمەنەکان. لەوێوە ڕووناکیی گڵۆپەکانی باخچەکە دەگاتە ژووری نووستنەکە و تارمایی جەستەی خۆزگە و ئارا ئاسان دەناسرێنەوە. خۆزگە ماوەیەکی زۆر بەدیار ئاراوە دادەنیشێت و جارناجارێک خەوێکی کەم دەچێتە چاوەکانی و بەئاگا دێتەوە. ئەمجارەیان خۆزگە کتووپڕانە هەڵدەستێت و دەچێتە سەرکۆمپیوتەرەکەی دانا کە لە ژووری نووستنەکەی داناوە. کۆمپیوتەرەکە دادەگیرسێنێت و دەچێتە سەرخەتی ئینتەرنێت و ئیمایلێک بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی دەنووسێت و تێیدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات کە ئیمڕۆ بەسەر خۆزگەدا هاتووە. خۆزگە زۆر بە پەرۆشەوە داوا لە هاوڕێکەی دەکات کە بە هەرشێوەیەک بێت وەڵامێکی لۆگیکانەی بۆ بنێرێت. خۆزگە پشتی کردۆتە ئارا و ئەو ڕووناکییەی کە لە گڵۆپەکانی باخچەکەی پشتەوە دەگاتە ژووری نووستنەکە تاڵە زەردەکانی قژی خۆزگە لە پشتەوە ئەدرەوشێننەوە. ئارا لە خەوەکەی بەگادێت و سەرێک هەڵدەبڕێت کە تەماشا دەکات خۆزگە لەسەر کۆمپیوتەرێک دانیشتووە و لە پشتەوە ڕەنگی ئاڵی قژی دەبریسکێنەوە. دیمەنی خۆزگە لەم شێوەیەدا، یەکێک لەو تابلۆیانە دێنێتەوە خەیاڵی ئارا کە بەرلە چەند مانگێک لەمەوبەر لە خەویدا و لە کامێرای چاوەکانیدا خۆیان نیشان دەدا. ئارا بە دەنگێکی نزم دەڵێ: نا نا نا نا
خۆزگە ئاوڕێک دەداتەوە و بزەیەک دێتە سەرلێوی کە ئارا لەخەو هەستاوە. هەرهێندە دەبینێت ئارا دیسانەوە دەبووڕێتەوە. خۆزگە ڕادەکاتە لای ئارا و بانگی دەکات. ئارا ئارا ئارا ئارا گیان ئارا ماڵەکەم هەستە چیی بوو؟ ئارا

ئارا ئیدی دیسانەوە تای لێدێت و تەندروستیی بەرەوخراپتر دەڕوات. خۆزگە ڕادەکاتە دەرەوە و دڵشاد و دانا لەخەو هەڵدەستێنێت و دەڵێ: هەستن کوڕینە ئارا دیسانەوە تای لێهات و باش نییە. دڵشاد بەپەلە هەڵدەستێت و گڵۆپەکان دادەگیرسێنێت و ڕادەکاتە لای ئارا. دانا و دڵشاد کە تەماشا دەکەن دیسانەوە گیانی ئارا بووە بە ئاگر. دڵشاد دەشڵەژێت و دەڵێ: ئەمە وا نابێت دەبێت بیبەین بۆ خەستەخانە.
دانا دەڵێ: تا ئێمە دەگەینە خستەخانە ئەوەندەی تر سەرمای دەبێت. تێلیفۆن بکە بۆ فریاکەوتن. دڵشاد ڕادەکات بۆ لای تێلیفۆنەکە و ژمارەی فریاکەوتن لێدەدات و بە زمانی ئەڵمانیی دەڵێ: بەڕێز نەخۆشێکمان هەیە، تەندرووستیی زۆر خراپە و لە نیوەشەوەوە ئەمە دووهەمجارە پلەی گەرمای زۆر بەرز دەبێتەوە. ئێستاش هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە و تایەکی زۆری هەیە. دەزگای فریاکەوتن داوای ئەدرێسی ماڵی دانا دەکەن و دڵشادیش. دەڵێ: مارییِن شتراسە هەشت لە باشووری شار. خاوەن ماڵ ناوی بابانە " بی ئا بی ئا ئێن" نهۆمی دووهەم.
فەرمانبەرەکەی دەزگای فریاکەوتن دەڵێ: زۆرباشە ئێمە ئەگەر کێشەمان لە دۆزیینەوەی ماڵەکە هەبوو ئەوا ژمارەی تێلیفۆنەکەی ئێوە لەسەر دیسپلەیەرەکەی ئێمە دەرچووە و ئێستا لای خۆم دەینووسمەوە تێلیفۆن دەکەین بۆتان. هەوڵبدەن نەخۆشەکەتان ئارام ڕابگرن و داپۆشن بە بەتانیی ئێمە چەند خولەکێکی تر لاتانین. دڵشاد سووپاسیان دەکات و تێلیفۆنەکە دادەخاتەوە و دێتەوە لای دانا و خۆزگە و دەڵێ: کوا جلەکانی ئارا دەبێت جزدانەکەی بدۆزینەوە پێویستمان بە کارتی تەندروستیی‌یەکەیەتی. خۆزگە لە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەی ئارادا جزدانەکەی ئارا دەردێنێت و ئەیدات بە دڵشاد و دەڵێ: ها دڵە گیان خۆت باشتر کارتەکان دەناسیت دەریبهێنە. دڵشاد کارتەکەی دەردێنێت و ئامادەی دەکات بۆ کارمەندەکان. پاشان دانا خێرا دەستێک جلی چاکەت و بیجامە دێنێت و هەر پارچەیەی دەدات بە یەکێکیان و دەڵێ: دەبێت ئەم جلانەی لەبەر بکەین، نەوەکوو بیبەن لەگەڵ خۆیان بۆ خەستەخانە. خۆزگە خێرا جلەکان لەدەستی دانا وەردەگرێت و دەیانکاتە بەری ئارا و قۆپچەکانی سنگیشی بۆ دادەخات. هێندە نابات ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە بە لورە لور خۆیدەکات بە کۆڵانەکەدا و دڵشاد دەڵێ ئەوە هاتن من دەچمە خوارەوە دەرگایان لێدەکەمەوە و دەیانهێنمە سەرەوە. دڵشاد بە پلیکانەکاندا بەپێی پەتیی ڕادەکاتە خوارەوە و دەرگا لە کارمەندانی فریاکەوتن دەکاتەوە. دکتۆرێکی گەنجی پیاو و سستەرێک و کوڕێکی گەنجی تریش خۆیان دەکەن بەژووردا و دڵشاد پێشیان دەکەوێت و دەست دەنێت بە دوگمەی سەرخەرەکەدا و کارمەندەکان و دکتۆرەکە لەگەڵ خۆی دەباتە سەرەوە بۆ لای ئارا. دڵشاد پەشۆکاوە و دەڵێ: سووپاس بۆ هاتنتان هاوڕێکەمان تایەکی زۆر سەرسوڕهێنەری هەیە. دکتۆرەکە دەچێتە ژووری نووستنەکە و خۆزگە و دانا بەخێرهاتنیان دەکەن و ڕێگا بۆ دکتۆرەکە خۆش دەکەن کە تەماشای ئارا بکات. سەرەتا دکتۆرەکە پرسیاری خواردنەوەی ئەلکهول دەکات. دڵشاد دەڵێ: تەنها یەک پێکی بچکۆلانەی تەکیلا و کووپێک گلووڤاین. پاشان دکتۆرەکە دەڵێ: ئەی خواردن؟
دڵشاد دەڵێ: ئێمە زۆرمان خواردووە بەڵام ئارا مەبەستم نەخۆشەکەیە ڤێگیتاریایە و خواردنیشی کەم خوارد. کەمێک برنج و کەمێک سووپی تسووکینیی "کوولەکە".

دکتۆرەکە پاڵەپەستۆی خوێن و پلەی تای گیانی دەپێویت و دەڵێ: پاڵەپەستۆی خوێنی باشە، بەڵام تای زۆرە. هیچ نییە تەنها ئەم ڤیروسی گریپەیە " ئەنفلۆنزا" نەبێت، پێدەچێت هەر تازە گرتبێتی. ئەم شووشە ئاوەی بۆ هەڵدەواسین، کە تەواو بوو ئەم بتڵەی تری بۆ دابنێن. چونکە تاکەی زۆر بە قورسیی گرتووە و وزەیەکی زۆریشی لەبەرڕۆیشتووە. بەپێی ئەوەی ڕووەکییە، پێویستی بەوزەی زۆرترە. بۆیە با ئەم دوو بتڵە ئاوە وەربگرێت. ئەزانن چۆن بەکار دێت؟

دانا دەڵێ: بەڵێ من دەزانم.

دکتۆرەکە دەڵێ زۆر باشە. ئێستاش ئەم دوو کەپسلە با بەسەریەکەوە بخوات و ئەوی تریش هەر شەش کاتژمێر جارێک دوای نانخواردن با بیخوات. ئەگەر هاتوو بەمانە باش نەبوو ئەوا با بێت بۆ خەستەخانە لەوێ دەرمانی تری بۆ دەنووسین. چونکە ئیمڕۆ شەممەیە و پڕاکسیسی دکتۆرەکان داخراون هەتا دووشەممە. بۆیە باشترە بێتە خەستەخانە ئەویش ئەگەر باش نەبوو. بەڵام من دڵنییام باش دەبێت. کە لە خەویش هەستا با دوشێک بکات و ئەوسا بێتەوە جێگا و پشوو بدات و خۆی نەداتە بەر هەوای سارد. دکتۆرەکە کەلوپەلەکانی کۆدەکاتەوە و دەڵێ: ئێستا پێویستمان بە کارتی نەخۆشەکەیە.

دڵشاد کارتەکەیان بەڕێزەوە دەداتێ.

دکتۆرەکە تەماشایەکی کارتەکە دەکات و دەڵێ: نەخۆشەکەتان خەڵکی نورنبێرگە؟

دڵشاد دەڵێ: ئیمڕۆ بە میوانیی هاتووە بۆ لای ئێمە و بەیانیی دەڕواتەوە.

دکتۆرەکە دەڵێ: وادیارە شانسی نەبووە لە هاتنەکەی بۆلاتان. چیبکەین ئەمەش چارەنووسە. ئیدی دەستدەکات بە تۆمارکردنی ناوی ئارا و ژمارەی کارتەکەی و ناوی کاسەی دڵنیاییەکەی.

دڵشاد کە گوێی لە چارەنووس دەبێت. خێرا لە دکتۆرەکە دەپرسێت. بەرێز دکتۆر جەنابت باوەڕت بە چارەنووس هەیە؟

دکتۆرەکە سەرێک هەڵدەبڕێت و کارتەکە ئەداتەوە دەستی دڵشاد و دەڵێ: چارەنووس ئیمشەو منی کردە دکتۆری ئێشکگری هەینیی لەسەر شەممە هەتا بێم هاوڕێکەت چاکبکەمەوە. ئینجا دکتۆرەکە ماڵئاوایی دەکات و خۆی و دوو کارمەندەکەی لەماڵەکە دەڕۆنە دەرەوە و هیوای چاکبوونەوەی خێراشیان بۆ ئارا خواست.

دڵشاد دەرگاکە دادەخات و دێتەوە لای خۆزگە و دانا و هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: پێموابێت ئێمە لێکدانەوەی زۆر ڕەشمان لەسەر تاکەی ئارا لا دروست بوو. ئەویش هی ئەوە بوو کەمێک ئەلکهولمان خواردبۆوە. وەک دکتۆرەکەش گووتی: تەنها ڤیروسی گریپەیە و هیچی تر.

دانا دەڵێ: منیش پێموابێت هەر وایە.

ئینجا هەردووکیان تەماشای خۆزگە دەکەن و دەڵێن: ها خۆزگە گیان تۆ دەڵێیت چیی؟ بۆ بێدەنگ بوویت؟

خۆزگە خۆی بەڕێکخستنەوە و داپۆشینی ئاراوە خەریک دەکات و دەڵێ: دڵە گیان تۆ وەک خۆت گووتت، ئێمە تەنها یەک پێکی بچکۆلانە تەکیلامان خواردەوە لەگەڵ کووپێک گلووڤاین.

تەکیلاکە قوومێک بوو، گلووڤاینەکەش پڕی هەنگوویین بوو ئەلکهولی هەر زۆر کەم تێدایە. خۆ هەموومان لە باڵکۆنەکە وەستابووین دوێنێ ئێوارە.
دڵشاد دەڵێ: بۆچی دوێنێ ئێوارە ئیمڕۆ.
خۆزگە دەڵێ: چاولێیە. ئیمڕۆ شەممەیە دوێنێ هەینیی بوو. تەماشای کاتژمێر بکە پێنج و نیووی بەیانییە. ڕۆژی شەممە.
دانا پێدەکەنێت و پاشان دڵشاد دەڵێ: ئێستا دەتەوێت بڵێیت چیی خۆزگە گیان؟
خۆزگە دەڵێ: ئەمەوێت بڵێم، کە پێش هەر چارەکە کاتژمێرێک لەخەو هەستا و منی بینیی و گووتی نا نا نا و پاشان لە هۆش خۆی چوو و تای لێهاتەوە. دەنا پێشتر هەتا پێش ئەوەی کۆمپیوتەرەکەی دانا دابگیرسێنم و ئیمال بۆ کچێکی هاوڕێم بنووسم من لای ئارا بووم خەوتبوو پرخەی دەهات تای نەبوو. ئەمە گریپە نییە. ئەمە هەواڵێکە کەسمان لێی تێناگەین.
خۆزگە تووڕە دەبێت و دەڵێ: بڕۆنە دەرەوە بڕۆن بخەون من ماندووم دەمەوێت تەنها بم.
دڵشاد و دانا خۆزگە بەجێدەهێڵن و دەرۆنەوە ژووری دانیشتنەکە و هەریەکەیان دەچێتەوە ژێر بەتانیی خۆی و بێدەنگ دەبن. پاشان دڵشاد دەڵێ: نازانم بڵێم چیی ئەگەر بە زانست بێت ئەوا ئەو دکتۆرە سەلماندی کە ئارا گریپەی هەیە و هیچی تر نا. ئەگەر بە ئەندێشە و خەیاڵیش بێت. ئەوا شتێک لە پشتی پەردەی تاکەی ئاراوە هەیە. هەستەکانی ئارا و خۆزگە بۆ یەکتریی و ئاشنابوونی جەستەیان بەیەکدی و ئەمشتانە نازانم بڵێم چیی، بەخوا ئەوەندە بیربکەمەوە شێت دەبم.
دانا دەڵێ: پێشدەچێت هەر لەیەکەم بینینەوە ئاشقی یەکبووبن و تووشی ئەم فەنتازیای ئەشقە بووبن.
دڵشاد تەماشایەکی دانا دەکات و دەڵێ: ئەویش دەبێت. بۆ نا، هەمووشت ڕێگای تێدەچێت. ئێستا دەمەوێت بخەوم، هیچ نەبێت چەند کاتژمێرێک، من دڵنییام دەبێت تۆزێکی تر هەڵبستینەوە.
دانا دەڵێ: بەهیوام ئەگەر هەڵیشمان بستێنن بۆ هەواڵی خۆش بێت نەگ ناخۆش.
خۆزگە دەستێک بیجامەی سپیی خەوی لەبەرکردووە و چۆتەوە تەنیشت ئارا و بەدیاریەوە دانیشتووە. جارناجارێک ئارەقەی تەوێڵ و بەرگەردن و ملی بۆ دەسڕێت و ناولەپی دەستەکانی بە پەڕۆیەکی تەڕ بۆ ساردەکاتەوە. خۆزگە هەتابڵێی غەمگیینە و زۆر بەقوڵیی دەڕوانێتە ڕووخساری بێ تاوانی ئارا و لێوەکانی بە نەرمیی ماچ دەکات و دەڵێ: من نازانم تۆ کێیت! بەڵام هێندە دەزانم نزیکترین کەسی منیت. جا ئەگەر دڵشاد و دانا بەشێتیشم بزانن، بەڵام من هەر سوورم لەسەر قسەی خۆم. پاڕانەوەی من بۆ تۆ تەنها ئەوەیە کە بارینی ئەم بەفرە هیچ پەیوەندیی بەتۆوە و بە قسەکەی دایەگەورەمەوە نەبێت. خۆزگە جارناجارێک تەماشایەکی ئاوە هەڵواسراوەکەی ئارا دەکات هەتا بزانێت ئاوی تێدا ماوە یان نا. پاشان کە دڵنییا دەبێت لەوەی هێشتا ئاوی تێدا ماوە و ئاوەڕۆکەش باش دەڕوات ئیتر سەردەنێتەوە بەردەمی ئارا و وەک چۆن دایکێک ئێشکگری کۆرپەیەکی دەکات ئاوهاش خۆزگە بەدیار ئاراوە دانیشتووە. خۆزگە چاوەکانی دەچێتە خەو و هێندە نابات لە خەویدا ژنێکی پاکیزەی بەرگ سپیی کە هەموو گیانی

دەدرەوشايەوە بەرەورووی خۆزگە دێت لە جێگاکەیدا دەستی دەگرێت و دەیهێنێتە دەرەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات، پاش ئەوەی چەند هەنگاوێک تێدەپەڕێنن و دەرگای ژوورەکە دەکەنەوە بچنە دەرەوە، لە کردنەوەی دەرگاکەوە دونیایەکی تر دێتە پێش چاوی خۆزگە. خاتوونە پاکیزەیییەکە و خۆزگە بەسەر بەرزاییییەکەوە بەپێوە وەستاون و تەماشای بەردەمی خۆیان دەکەن. خۆزگە خۆی دەبینێت، لە یەکێک لە چێشخانەکانی ستۆکهۆڵمدا کاردەکات و هەتا بڵێی ماندووە. خۆزگە تەماشایەکی خاتوونەکە دەکات و ئینجا خاتوونەکە بە چاو سەرنجی خۆزگە بۆ شوێنێکی تر ڕادەکێشێت، کە خۆزگە لە ماڵێکی کورددا لە ستۆکهۆڵمدا نانی نیوەڕۆ دەخوات. خاتوونەکە دەستی خۆزگە دەگرێت و چەند هەنگاوێک دەڕۆن و ئەوسا دیسانەوە دەوەستن و خۆزگە دەبینێت، دەستی لەناو دەستی کوڕێکدایە و بە پیاسە پێکەوە دەڕۆن و کوڕەکە جارناجارێک سەرێک دێنێتە پێشەوە و ماچێکی خۆزگە دەکات. خۆزگە تەماشایەکی خاتوونەکە دەکات و دەڵێ من دڵدارم؟

خاتوونەکە بە دانەواندی سەری وەڵام بە بەڵێ دەداتەوە و ئینجا پەنجە بۆ شوێنێکی تر ڕادەکێشێت و شوێنێکی تری نیشان دەدات خۆزگە لە شوێنکدا دانیشتووە و بە کوڵ دەگریی و هەناسە هەڵکێشانەکانی هەر کەمێک لە مردن گەڕاوەتەوە، خۆزگە کە خۆی بەوشێوەیە دەبینێت چاوەکانی تەڕ دەبن و دەستدەکات بەگریان. ئینجا خاتوونەکە دەستی خۆزگە دەگرێت و دەڕۆن هەتا دەگەنە شوێنێکی تر و لە کەنارێکدا کورسیییەکی درێژ دانراوە و خاتوونەکە و خۆزگە لەسەری دادەنیشن و لە پێشی خۆیان دەڕوانن، خۆزگە خۆی لە حەوشەی زانکۆیەکدا دەبینێتەوە و قاقا پێدەکەنێت و دڵخۆشیی پێوە دیارە و تەماشایەکی خاتوونەکە دەکات و دەڵێ:
من جلی واش لەبەردەکەم؟

خاتوونەکە دەڵێ: تۆ بە چلەی زستانیش پشتی قنت و سکت بەدەرەوەیە.

خۆزگە دەستێک بە دەمیەوە دەگرێت و پێدەکەنێت، گریان و پێکەنینەکەی پێکەوە دەنووسێن. ئینجا هەڵدەستن دەڕۆن بۆ نێو دارستانێک لەوێدا دەوەستن و لەپێش خۆیانەوە خانوویەک هەیە و لە قاتی یەکەمی خانووەکە دا لەبەردەمی پەنجەرەیەکی گەورەدا خۆزگە ڕاوەستاوە و تێلیفۆنی بەدەستەوەیە و قسە دەکات هێندە نابات قیژە و هاواری لێ هەڵدەستێت و دەست دەکات بەقسەی ناشرینن و جوێن و هاوارکردن.

خۆزگە دەستێک بە کراسە سپیییەکەی خاتوونەکەوە دەگرێت و دەڵێ: ئەوە منم؟

خاتوونەکە بە ماتەمیینییەکەوە تەماشای خۆزگە دەکات و دەڵێ: بەڵێ تۆیت گوڵ.

خۆزگە دەڵێ: وتت چی؟ منت بەچی ناوبرد؟

خاتوونەکە دەڵێ: گوڵ. چونکە ئارا بە تۆ دەڵێ گوڵ.

خۆزگە چاوەکانی پڕ دەبێت لە فرمێسک و دەڵێ: چیم بەسەردێت؟

خاتوونەکە دەستی خۆزگە دەگرێت و دەڵێ: بابڕۆین بۆ شوێنێکی تر چەند هەنگاوێک دەڕۆن پاشان دیمەنی بارێک دێتە پێشەوە و خۆزگە و چەندیین کەس لەسەر مێزێک پێکەوە دانیشتوون و ئاراش لە تەنیشتی خۆزگەوە ملپێچێکی لەملدایە و یەک لەسەریەک دەکۆکێت و لەملایشەوە ژنێکی تر دەنکێک حەب دەکات بە قوڕگی ئارادا و پەرداخێک ئاوی پێدەدات.

خۆزگە دەڵێ: ئەوە ئارایە نەخۆشە و ئەو ژنە حەبی دەداتێ؟
خاتوونەکە دەڵێ: بەڵێ.
خۆزگە دەڵێ: ئەی بۆچی من حەبی نادەمێ؟
خاتوونەکە دەڵێ: لەبەرئەوەی تۆ ناتەوێت ئارا بە هاوڕێکانت بناسێنیت.
خۆزگە چاوەکانی دیسانەوە تەڕ دەبن و تەماشای ئارا دەکات کە چۆن دەکۆکێت و خۆیشی لە شانۆی بارەکەدا سەما دەکات. بریسکەی ئەڵقەیەکی زیوویین لە دەستی ئارادا بەدی دەکات و بە خاتوونەکە دەڵێ: ئارا ژنی هێناوە؟
خاتوونەکە دەڵێ: بەڵێ
خۆزگە بە نوزە نوزی گریانەوە دەڵێ: ئەی کوا ژنەکەی؟
خاتوونەکە دەڵێ: ژنەکەی سەما دەکات.
خۆزگە دەڵێ: کامەیە ژنەکەی؟
خاتوونەکە دەڵێ: تۆیت.
خۆزگە ئەیداتە پرمەی گریان و خاتوونەکە دەستی دەگرێت و دەڕۆنە شوێنێکی تر و خۆزگە دەبینێت ئارا لە جێگادا کەوتووە و دەمێک لەرزی لێدێت و دەمێک" تا" نزیکەی چوار پێنج بەتانیی پێوەیە و ژنێک بەدیار ئاراوە دانیشتووە و خەریکی تەڕکردنی نێوچەوانیەتی.
خۆزگە بە خاتوونەکە دەڵێ: ئەگەر من ژنی ئارام بۆچی هەر ئەو ژنە بەتەنگ نەخۆشییەکەی ئاراوە دێت؟ ئەی من لە کوێم؟
خاتوونەکە دەستێک بەرزدەکاتەوە خۆزگە خۆی دەبینێت لەماڵێک دانیشتووە و لەگەڵ چوار پێنج هاوڕێیدا خەریکی قاقای پێکەنین و گاڵتە و گەپن.
خۆزگە دەگریی و دەڵێ: ئەی من چیدەکەم لەوێ بۆ ناچم لای ئارا بم کە نەخۆشە. بۆچی خەڵکێکی تر یارمەتیی ئارا دەدەن؟ بۆ من یارمەتیی ئارا نادەم؟
خاتوونەکە بە ماتەمیینییەکەوە تەماشای خۆزگە دەکات و دەڵێ: چونکە نەتدەویست.
خاتوونەکە پێش خۆزگە دەکەوێت و چەند هەنگاوێک دەڕوات و پاشان دەوەستێت. خۆزگە تەماشا دەکات خۆی دەبینێت لەگەڵ ئارادا خەریکی خواردن دروستکردنن. هەردووکیان ئاسوودە و خۆشبەخت پێکەوە لە مووبەقن. پاشان لە شوێنێکی تردا خۆزگە و ئارا لە جێگادان و خۆشەویستیی دەکەن. خۆزگە پێکەنینێک دێتە سەرلێوی دەڵێ: هیچ نەبێت شتێکی خۆشیش هەبووە لە ژییانمادا.
خاتوونەکە تەماشایەکی خۆزگە دەکات و دەڵێ: هەوڵبدە مەهێڵە ئەو خۆشییە ببێتە تاڵیی.
خۆزگە دەڵێ: یانی چیی مەبەستت چییە نەبێتە تاڵیی؟
خاتوونەکە دەستێک بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: مەبەستم ئەوەیە.
خۆزگە هەمان پەنجەرەی ئەو خانووە دەبینێتەوە کە خۆی تێدا وەستا بوو. لەبەردەمی پەنجەرەیەکی گەورەدا خەریکی تێلیفۆن کردنە. دەنگەکان هەتا بێت بەرزتر دەبنەوە، هەتا بێت خۆزگە تووڕەتر دەبێت و ئەم وشانە دێنە گوێی. بێ ئەخلاقی هیچ و پووچی خوێڕیی کوڕی خوێڕیی، برۆ پێستی سەرت بە نەفرەت بێت. هەی سەخیفی هیچ و پووچ. خۆزگە کە گوێی لەم

وشانە دەبێت ئەیداتە پرمەی گریان و دەڵێ: بەسە خاتوون بەسە لایبەرە. خۆزگە ئاوڕێک ئەداتەوە دەبینێ کەسی لا نەماوە و لەناوەڕاستی بەفرێکی زۆردا چەقیوە و تەماشای خۆی دەکات و دەنگەکان هەتا بێت بەرزتر دەبێت، سەخیف، هیچ و پووچ، خوێڕیی کوڕی خوێڕیی. خۆزگە لە جێگەی خۆی دادەنیشێ و لرفە لرفی دەم و لوێی دێت لەسەرمایاندا، کە بەپێی پەتیی و بە دەستێ بیجامەی تەنکەوە لەوبەفرەدا وەستاوە. بەشێوەیەک دەگریی وەک ئەوەی بە چەقۆیەکی تیژ و بە زیندوویتی سەراپای گیانی کووت کووت بکەن. هەرچەند تەماشای خۆی دەکات لەوبەرپەنجەرەیەدا هێندەی تر پرمەی گریانی گەورەتر دەبێت هەتا ئەوکاتەی، ئارا ڕایدەوەشێنێت و بەئاگای دەهێنێتەوە کاتێک خۆزگە بەئاگا دێت دەبینێت لە باوەشی ئارادایە و هەموو گیانی دەلەرزێت.

ئارا خۆزگە توند بە خۆیەوە دەنووسێنێت و دەڵێ: هیچ نییەماڵەکەم هیچ نییە کەسەکەم، هیچ نییە خۆزگە گیان، خەوت بینیووە هیچی تر نییە. ئەوی بینیووتە تەنها خەوێک بووە و هیچی تر.

خۆزگە دەست بە سەر و ڕووخساری ئارادا دێنێت و باوەشێکی قووڵی پێدا دەکات و دیسانەوە ئەیداتە پرمەی گریان و دەڵێ: بمبەخشە ئارا گیان، تکایە بمبەخشە.

ئارا دەست بەقژی خۆزگەدا دێنێت و دەڵێ: لەچیت ببەخشم خۆزگە گیان لەچی؟ ئەوەی بینیووتە تەنها خەوێک بووە و هیچی تر.

خۆزگە بە نوزە نوزی گریانەوە دەڵێ: نا خەو نییە ڕاستیی بوو، ئەوانەی دیم هەموو ڕیالن. هیچی خەو نەبوو.

ئارا دەڵێ: چیت دی؟

خۆزگە بە گریانەوە دەڵێ: خۆ من هەر خەریکی تۆ بووم، نازانم چۆن بە ملی شکاوم چاوم چۆ خەو، هەرهێندەی خەوم لێکەوت ژنێکی بەرگ سپیی پاکیزە هات بۆ لام هەموو گیانی وەک ئەستێرە ئەدرەوشایەوە، دەستی گرتم و بردمی بۆ دونیایەکی تر، لە هەرشوێنێکدا دەوەستا بەشێک لە ژیانی خۆمی پیشان دەدام.

ئارا ماچێکی سەری خۆزگە دەکات و دەڵێ: شتەکان چی بوون؟

خۆزگە دەڵێ: شتەکان هەمووی دواڕۆژ بوون. پێدەچوو کە لە شەش ساڵی داهاتدا ڕوویدەن، چونکە دەمووچاوم و خودی خۆشم لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕا بووم. پێکەنینێک دێتە سەر دەم و لێوی و دەڵێ: بە چلەی زستان پشتی قنم و سکم بەدەرەوە بوو. زۆر مۆدێل بووم.

ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: وەی وەی وەی.

خۆزگە درێژە بەقسەکانی دەدات و دیسانەوە دەگریی و دەڵێ: تۆ لەوکاتەدا مێردی من بوویت. واتە من شوومکردووە بە تۆ، کەچی من لە هاوڕێکانمی دەشارمەوە. بۆچیی؟ نازانم. تۆ نەخۆشیت، بەڵام بەلای منەوە ئاساییە هیچ گوێ پێنادەم، خەڵکی بێگانە یارمەتی دتۆ دەدەن. ئەمەش ڕەوشتی من نییە. فەرموو من ئیمرۆ تۆم ناسیووە، کە نەخۆشیت من هیچت نیم نە ژن نە خۆشەویست نەهیچ، بزانە چۆن جەرگم بۆت دەسووتێت جا نەخوازە مێردم بیت. بەڵام لەوێدا هیچ گرنگ نییە لام کە نەخۆشیت، من هەر خەریکی بەزم و خۆشیی خۆمم، پاشان

کۆتاییەکەی زۆر ناخۆش بوو، قسەی وات پێدەڵێم، کە لە ژیانمدا ئەو قسانەم لەدەم نەهاتۆتە دەر.
ئارا دەڵێ: چییم پێدەڵێیت؟
خۆزگە دەڵێ: نامەوێت ئەو قسانە بکەم. چونکە ئەوە ڕەوشتی من نییە.
ئینجا ئارا خەوەکەی خۆزگە بە ڕاستیی وەردەگرێت و دەڵێ: خۆزگە گیان خەوەکەت ڕاستە.
خۆزگە لە باخەڵی ئارادا دادەچڵەکێت و دەڵێ: چیی؟
ئارا سەرێک دادەخات و دەڵێ: خەوەکەت ڕاستە. من زۆر دەمێکە ئەم ڤیزیۆنانە چ بە خەو چ بە دیمەن دەبینم، بەڵام لێکدانەوەم بۆی نەبووە، ئێستا دەزانم ئەو ڤیزیۆنانە چین. ئەمشەو کە لە خەو هەستام و تۆم لەسەر مێزی کۆمپیوتەرەکە بینی ڕاستەوخۆ کاری تێکردم، چونکە من تۆم بەوشێوەیە پێش نزیکەی شەش مانگ بەخەو بینیی بوو. هەمانشێوە هەمان دانیشتن هەمان ڕووناکیی کە لە پشتەوە تاڵە زەردەکانی قژتی دەبریسکانەوە. کە لە مووبەقیش باسی دایەگەورەتت کرد و باسی بەفر و مەرگی مرۆڤی گەورەت کرد، من هەمدیسان ڤیزیۆنێکم بۆ هات و بەرگەیم نەگرت.
خۆزگە دەڵێ: ئەی بۆ من تا ئێستا شتی وام بۆ نەهاتووە؟ ئەمە یەکەمینجارە تووشم ببێت و بەوشێوەیە خەو بە دوارۆژی خۆمەوە بدینم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە یەکەمیین دیدارەوە، هەستم دەکرد تۆ نامۆ نیت بەمن. بەڵام ئێستا دەزانم تۆ کێیت، تۆ مێردی دوارۆژی منیت، منیش ژنی دوارۆژی تۆم وە من شانازییت پێوە دەکەم کە ژنی تۆ بم. من ماچەکانی دوێنێ ئێوارەتم لە دانا و دڵشاد نەشاردەوە جا وەرە مێردم بیت چۆن دەیشارمەوە.
ئارا پێدەکەنێت و دەڵێ: بەڕاست باستکرد؟
خۆزگە دەڵێ: بەچاوی ئارا. خۆزگە بزەیەک دێتە سەرلێوی و ماچێکی نەرمی لێوەکانی ئارا دەکات و دەڵێ: بەفر و دایە گەورەش لەبیربکە چونکە تۆ بوورابوویتەوە ئێمە دکتۆرمان هێنا بۆت بۆ ماڵەوە، تەماشای کردیت و گووتی هیچ نییە، گریپەیەتی.
ئارا دەڵێ: تووسەری تۆ بەڕاست؟
خۆزگە دەڵێ: ئەی ناپرسیت ئەو سۆندەیە چییە بەدەستتەوە؟
ئارا تەماشایەک دەکات و دەڵێ: ئەوە خۆ ڕاستە. ئاویشی تێدا نەماوە.
خۆزگە سەرێک هەڵدەبرێت و دەڵێ: ئۆی باش بوو پێتزانی ئارا گیان پاڵبکەوە با بۆت بگۆڕم چونکە دکتۆرەکە گووتی هەرکە تەواو بوو، بتڵەکەی تری بۆ دابنێن. خەمت نەبێت منیش ئەزانم دایبنێم. خۆزگە کیسە بەتاڵەکە لێدەکاتەوە و کیسە پڕەکە لە جێگەی ئەو بە سۆندەکەوە دەبەستێتەوە. ئینجا دێتەوە تەنیشتی ئارا و خۆی دەکات بەژێر پەتووەکەیدا و ئارا دەنێتە باوەشی خۆیەوە. تێر تێر ماچی یەکتر دەکەن هەتا ئەوکاتەی لێوەکانیان ماندوو دەبێت، ئەوسا خۆزگە هێدی هێدی بە تاسەوە تێکەڵی حەزەکانی ئارا دەبێت و لە باوەشی گەرمی یەکتردا تێکەڵی ڕۆحی یەکتر دەبن. ئەوکاتەی شەلاڵی ئارەقەیەکی زۆر دەبن خۆزگە سەردەنێتە سەرسینەی تەڕ و گەرمی ئارا و دەڵێ: خۆشمدەوێیت ئارا گیان.

ئارا ماچێکی تەوێڵی خۆزگە دەکات و دەڵێ: منیش تۆم خۆشدەوێت خۆزگە گیان. پاش کەمێک چاویان دەچێتە خەو و لە باوەشی یەکتردا دەخەون.
کات تێپەڕیووە و تەواو تەواو ڕۆژبۆتەوە کاتژمێر نزیکەی هەشتی بەیانییە، ئارا لەخەو هەڵدەستێت و بە هێمنی خۆی لە باوەشی خۆزگەدا دەردێنێت و تەماشایەکی کیسە ئاوەکەی دەکات ئەویش بەتاڵ بووە و ئەمجا بەهێواشی سرنجەکە لە دەستی دەردێنێت و لەزگەیەک لە تەنیشتی بێتەکەوە لەسەرگۆشەیەک دانراوە لەگەڵ پارچەیەک لۆکە، کە سستەرەکە بەجێیهێشتبوو بۆ ئەوکاتەی سۆندەکە لەدەستی ئارا بکەنەوە و پێی ببەستن. ئارا لۆکەکە دەخاتە سەردەستیی و بە لەزگەکە دەیبەستێت و هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڕواتە تەوالێت و دوشەکە دەست و دەمووچاوی دەشوات و دێتەوە ژووری نووستنەکە و جلەکانی لەبەردەکات. ئارا خۆی تەواو پۆشتەکردووە و دێتەوە لای خۆزگە ماچێکی تەوێڵی خۆزگە دەکات و خۆزگە بەئاگا دێت لە خەو بە خەواڵوییەکەوە دەستدەکاتە ملی ئارا و دەڵێ: خۆشم دەوێی.
ئارا دەڵێ: منیش گوڵم. ماڵەکەم من ئەچم سەموونی تازە دێنم بۆ بەرچایی بەیانیی هەرئێستا دێمەوە.
خۆزگە دەڵێ: نا مەڕۆ وەرەوە تەنیشتی من پاڵبکەوە، تکایە پێویستم پێتە.
ئارا ماچێکی لێوەکانی خۆزگە دەکات و دەڵێ: ماڵەکەم دوکانەکە ئەوەتا لەپشتی ئەم جادەیەی خۆمانەوە نزیک پارکەکە.
خۆزگە دەڵێ: باشە خێرا وەرەوە کە هاتیشیتەوە کەس هەڵمەستێنە، خۆت ڕووبکەرەوە و وەرە لای من.
ئارا دەڵێ: باشە گوڵم، وا دەکەم. ئارا دەڕواتە دەرەوە و خۆزگە بەجێدەهێڵێت و خۆزگەش بەدەم خەولۆییەوە چاوەکانی دەنووقێنێتەوە و دەخەوێتەوە. ئارا دەڕواتە سەرجادەکە و دەبینێ بەفری تازە باریوە و سەرجادە و کۆڵانەکان یەکپارچە سەرپۆشی زیوینیان پۆشیوە. بە پیادە بەرەو دوکانی سەموونەکە دەڕوات و دڵێکی زۆر خۆشی هەیە، بەشێوەیەک لەبیری چۆتەوە کە دوێنێ شەو چەند نەخۆش و دەردەدار بووە. جار ناجارێک دەستەکانی بڵاودەکاتەوە و تەماشای ئاسمان دەکات و هەرکەسێک بەلایدا تێپەڕێت هەستدەکات کە ئارا مرۆڤێکی دڵخۆش و بەختەوەرە. پاش کەمێک دەگاتە سەموونخانەکە و بەیانیی باش لە هەمووان بە ڕوویەکی خۆشەوە دەکات و ئینجا خاتوونێک دێت بەپیر ئاراوە و دەڵێ: فەرمووو بەڕێز چیی دەخوازیت؟
ئارا بە ڕوویەکی خۆشەوە داوای هەشت سەموونی خڕی چکۆلانە دەکات و لەگەڵ چوار پارچە کێکی میوە. خاتوونەکە دەڵێ: بەخۆشییەوە، هێندەی یەک و دوو خاتوونەکە داواکانی ئارا دەپێچێتەوە و دەڵێ: فەرمووو بەڕێز داواکات دەکاتە دوانزدە مارک.
ئارا پانزدە مارک ئەداتە خاتوونەکە و سێ مارک باقی لێوەردەگرێتەوە و هیوای کۆتایی هەفتەیەکی خۆشیان بۆ دەخوازێت و لە سەموونخانەکە دێتە دەر. ئارا بەدەم گۆرانیی گووتنەوە بەخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە بەرێدەکەوێت. لە کۆڵانی پشتی سەموونخانەکەوە کە پێچێکی قەوسە و کۆڵانی سەموونخانەکە و کۆڵانەکەی ماڵی دانا پێکەوە دەبەستێتەوە، لۆرییەکی

گەورەی بارهەڵگر، کە داری گەورە گەورە و زل و زەبەلاحی هەڵگرتووە، نزیکەی بەخێراییەکی زۆر بەرەوڕووی ئارا بەڕێگاوەیە کە هێشتا نەگەیشتۆتە سەرگۆشەکەی ئارا، لەم دیوەوە لەسەر گۆشەکەوە منداڵێک بە پاسکیلێکەوە لەناکاو دەیەوێت لەمبەری جادەکەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری جادەکە، شۆفێری لۆرییەکەش کە لەناکاو منداڵەکە دەبینێت قاچ بە ستۆپدا دەنێت هەتا لەمنداڵەکە نەدات. جادەکە سەهۆڵە و بەفرە تایەی لۆرییەکە دەخزێت و شۆفێری لۆرییەکە هیچ کۆنترۆڵی خۆی پێناکرێت، لەم کاتەشدا ئارا بەڕێگاوەیە و دەگاتە سەری گۆشەکە، منداڵەکە جادەکە تێدەپەڕێنێت و لۆرییەکە لە پێچەکەدا تووشی کێشەی وەستانەوە دەبێت و قنگ بەملاو ئەولاد فڕێدەدات لەنێوەندا یەکێک لە ئاسنەکانی کە بۆ ڕاگرتنی دارەگەورەکان دانراوە لێدەبێتەوە و دەکەوێتە خوارەوە. هەر کە ئەو ئاسنە لێدەبێتەوە لەبەر قورسیی بارەکە و دارەکان شیشەکانیتریش بەرگەی کێشی دارەکان ناگرن و لۆرییەکە تەرازووی خۆی لەکیس دەچێت و وەردەگەڕێت و زۆرینەی دارەکان بەرەوڕووی ئارا دێن و یەکێک لە دارە هەر گەورەکان بە ئاسمانەوە ڕێک دێت بۆ ئارا و بەرنێوچەوانی دەکەوێت و ئەیدات بە زەویی دا و بەدوای ئەم دارەشدا چەند دارێکی تریش یەک لەسەریەک بەرئارا دەکەون و ئارا دەکەوێتە ژێر دارەکانەوە و دەکەوێتە گیاندان.

لەم کاتەدا لە ماڵەوە لە ماڵی دانا بەفرخۆرەیەک دێتە بەرپەنجەرەکەی خۆزگە و دەست بە خوێندنێکی زۆر دەکات هەتا ئەوکاتەی خۆزگە هەڵدەستێت لە خەو، خۆزگە هەر کە گوێی لە بەفرخۆرەکە دەبێت تەماشای تەنیشتی خۆی دەکات ئارا نەهاتۆتەوە هەموو مووی گیانی بەرزدەبێتەوە، دێتەوە خەیاڵی کە ئارا ئەم بەیانییە بە خۆزگەی گووت منیش تۆم خۆشدەوێت گوڵم. ئینجا بیر لەو خاتوونە دەکاتەوە کە لە خەویدا بینیی و بە خۆزگەی گوت گوڵ. کاتێک خۆزگە وتی بۆچی ناوت نام گوڵ. خاتوونەکەش وتی: چونکە ئارا تۆی ناوناوە گوڵ. ئیتر هەتا هێزی تێدا بێت زریکەیەکی گەورە دەکات بەشێوەیەک کە دانا و دڵشاد لە خەوڕادەچڵەکێن و بە ڕاکردن دێن بەرەو ژووری نووستنەکە، کە دەبینن خۆزگە ڕووتە و خەریکی خۆ لەبرکردنە و بەدەم گریانەوە دەڵێ: ئارا مرد ، ئارا دەمرێت.

دڵشاد و دانا دەڵێن: خۆزگە گیان چیبووە؟ کوا ئارا بۆ کوێ چووە ئارا؟

خۆزگە هەر دەگریی و دەڵێ: چوو بمرێت. ئەمانە هیچی فەنتازیا نەبوون ئەمانە هیچی خەو نەبوون ئەمانە هەموو ڕیاڵ بوون. ئینجا خۆزگە بە پەلە پەل پێڵاوەکانی لەپێدەکات و بە پلیکانەکاندا ڕادەکاتە خوارەوە. دانا و دڵشاد هێندەیان پێدەکرێت پێڵاوەکانیان هەڵکێشن و بەدوای خۆزگەدا ڕابکەن. خۆزگە بەگریانەوە بەسەر ئەو جادەیەدا ڕادەکات بەرەوڕووی سەمموونخانەکە و دڵشاد و داناش بەدوایدا. کاتێک نزیکدەبنەوە لە لۆرییە وەرگەڕاوەکە خۆزگە هاوار هاواری لێهەڵدەستێت و دڵشاد و داناش فرمێسک چاوەکانیان تەڕ دەکات و دڵیان خێراتر لێدەدات. کاتێک دەگەنە لای ئارا دەبینن زیاد لە "دە" دوانزە پیاو خەریکی لابردنی دارەکانی سەرسنگی ئاران. خۆزگە بە زریکە زریک خۆیدەگەیەنێتە ئارا و بەساقە و بەقوربانیی دەبێت و سەری بەسنگییەوە دەنێت و دەڵێ: ئارا گیان توخوا بەجێم مەهێڵە ئارا گیان مەمرە توخوا. ئارا گیان توخوا من ئەم بەیانییە لە خەومدا بینیم کە چەند ئازارم داویت بێ ئەوەی من

هەست بەخۆم بکەم. مەمرە تووخوا ئارا گیان هەتا خۆشم بوێیت و نەهێڵم ئەو ئازارانەت بۆ دروست بێت. ئارا زۆر لە خۆی دەکات قسەیەک بە خۆزگە بڵێت و پاشان بە دەنگێکی نزم دەڵێ: نا گوڵم.
کە خۆزگە گوێی لە ئارا دەبێت بە گوڵم بانگی دەکات هێندەی تر ئازار دەخوات و دەگریی.
پاشان ئارا دەڵێ: منیش بێبەش نیم لەو ئازاردانە، من فریشتە نیم و تۆش تاوانبار. منیش ئازاری تۆمداوە، بۆیە ئیمڕۆ باجەکەی بەمەرگی خۆم ئەدەم، باشترە مەرگم پێش مەرگت بکەوێت، هەتا ئەو ئازارەت بۆ دروست نەکەم، هەتا لەو دونیاش کڕنووش بۆ ڕەنگی گوڵی لێوت نەبێت بۆ هیچ گوڵێکی تری نەبەم. ئارا چاوەکانی لێکدەنێت و دەمرێت. خۆزگەش سوێی هەرچی دونیایە دەچێتە دڵیەوە و گریانێک دەگریی بەهیچ کەس ژێرنابێتەوە. دەزگاکانی فریاکەوتن دەگەنە سەرکارەساتەکە و دەیانەوێت فریای ئارا بکەون کە دێن ئارا لە باوەشی خۆزگەدا دەبینن و یەکێک لە دکتۆرەکان تەماشای چاوی ئارا دەکات کە مردووە، بە دیمەنەکە زۆر غەمبار دەبێت و سەرێک بۆ دکتۆر و کارمەندەکانی تر دەلەقێنێت وەک ئەوەی تێیانبگەیەنێت کە ئارا مردووە. بۆ ماوەیەک واز لە خۆزگە دێنن کە ئارا لە باوەشیدا بمێنێتەوە، پاشان دکتۆرەکان و سستەرەکان هەوڵدەدەن لاشەکەی ئارا لە باوەشی خۆزگەدا بهێننە دەرەوە، هەرچەند دەکەن دەرەقەتی خۆزگە نادێن و ناتوانن لاشەکەی ئارا لە خۆزگە بسەنن. دکتۆرەکان سەریان لەو هێزەی خۆزگە بەو لەڕ و لاوازێتیییەی خۆیەوە دەسوورمێت. پاشان دانا و دڵشاد بە پرمەی گریانەوە دێن باوەش بە ئارادا دەکەن و ئەوانیش شیینی خۆیانی بەسەردا دەکەن. خەڵکەکانی ئەو دەوروبەرە سەریان لە خۆزگە و دانا و دڵشاد دەسوورمێت. ئەو خاتوونەی کە سەموونەکانی بە ئارا فرۆشت دێتە لای فریاگووزەرەکان و دەڵێ: کوڕێکی زۆر شۆخ و ئێسک سووک و ڕۆح شیریین بوو. ئەمجارەیان دکتۆرەکان و کارمەندەکانی تر لەگەڵ دوو پۆلیسدا دێن بۆ لای خۆزگە و هەوڵدەدەن لاشەکەی ئارای لێ دووربخەنەوە. خۆزگە شێتانە ماچی نێوچەوانی دەکات و بەساقە و بەقوربانی دەبێت. یەکێک لە پۆلیسەکان دەچێتە بن باڵی خۆزگە و لەگەڵ سستەرێکی فریاکەوتندا و پیاوێکی تری فریاکەوتن دەستدەخەنە بن باڵی خۆزگە و لە لاشەکەی ئارای دووردەخەنەوە. دوو کارمەندی تری فریاکەوتن دێن لاشەکەی ئارا دەخەنە سەر نەقالەیەک و خامێکی سپیی پێدادەن و یەکێک لە کارمەندەکان دەست دەکات بە گیرفانەکانیدا و جزدانەکەی دەدۆزێتەوە و پێناسەکانی دەردێنێت و تەماشای دەکات و دەڵێ: ئەم کوڕە دوێنێ شەو لای بووین لەماڵەوە گریپەی هەبوو ئاومان بۆ هەڵواسیی.
خۆزگە کە خامە سپییەکە بەسەر ڕووخساری ئاراوە دەبینێت ئەوەندەی تر ئاگر دەیگرێت. تەرمەکەی ئارا دەکەنە ناوئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکەوە و لە شوێنی کارەساتەکەی دووردەخەنەوە. یەکێک لە پۆلیسەکانیش دەچێتە لای دڵشاد و دانا و دەڵێ: ئێوە کەسوکاری ئەو کوڕەن کە گیانی لەدەستدا؟
دڵشاد بە دڵێکی پڕ و چاو بەفرمێسک و گریانەوە دەڵێ: ئارا کەسی نییە لێرە، وەک خزم و دایک و باوک و برا و خوشک، تەنها هاوڕێ نەبێت. ئێمەش هاوڕێی ئاراین و دوێنێ شەو لە

نورنبێرگەوە هات بۆ لامان بڕیار بوو سبەینێ بگەڕێتەوە بۆ نورنبێرگ پڕمەیەکی گریان لێدەدات و دەڵێ: چونکە دووشەممە دەبوایە کاری بکردایە.
پۆلیسەکە دەڵێ: پێویستمان بە ئەدرێس و ژمارەی تێلێفۆنە هەتاوەکوو پەیوەندییتان پێوە بکەینەوە، بۆ دانەوەی تەرمەکەی.
دڵشاد ئەدرێس و ژمارەی تێلێفۆن ئەدات بە پۆلیسەکە و ئەوسا پۆلیسەکە دەڵێ: ئێستا ئێمە ئەتانبەینەوە بۆماڵەوە، هەتا لە ماڵەوە کەمێک سەبووریی بەخۆتاندا بهێننەوە. ئێستا ئێوە تووشی شۆک بوون و ئیتر مرۆڤیش هیچ دەستەڵاتێکی بەرانبەر بەمردن نییە. پاشان یەکێک لە پۆلیسەکانی تریش دێت و خۆزگە و داناش سواری ئۆتۆمبیلەکە دەکەن و پۆلیسەکەی تریش دڵشاد سەردەخات و بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە. پۆلیسەکان خۆزگە و دڵشاد و دانا هەتا بەردەمی ژوورەکەی خۆیان دەبەن و ئەوسا بەجێیان دەهێڵن. پۆلیسێکیان دەڵێ: زۆر قورسە لە وڵاتێکدا لێت بقەومێت و هیچ کەست نەبێت. بەڕاستیی ئەم خەڵکە بێگانانەی ناووڵاتی ئەڵمانیا نازانم چۆن بەرگەی ئەم هەموو کارەساتانە دەگرن. من بەشبەحاڵی خۆم ئەمە چوارەمجارە تووشی ئەوە ببم کە بێگانەیەک دەمرێت پرسیاری کەسوکاری دەکەیت دەڵێن: کەسی لێرە نییە. پۆلیسەکان دەڕۆن و ماڵەکە بەجێدەهێڵن و خۆزگە و دانا و دڵشادیش لە ژوورەوە بەخوڕ دەگریین و شیین و شەپۆڕیان دێت ئەمەندە دەگریین ئەمەندە دەگریین ئاو لە چاویاندا نامێنێت هەر جارەی یەکێکیان دەچێتە لای ئەوی تریان سەبووری ئەداتەوە. تەواوی ئەو ڕۆژە ئەم سێ هاوڕێ دڵسۆزە بەشیان هەر شین و شەپۆڕ دەبێت. دڵشاد دەمەو ئێوارە تێلێفۆن بۆ هاوڕێکانی دەکات و هەواڵی مردنی ئارا بە هاوڕێکانی دەگەیەنێت. خۆزگە وەک شێتی لێهاتووە و ئەوەندە گریاوە چاوەکانی هێندەی نەماوە بێتە دەرەوە. لە بەینی هەر پێنج خولەکێکدا یەک دوو هاوڕێی دڵشاد و دانا و ئارا خۆیان دەکەن بە ژووردا و پرسە و سەرەخۆشیی خۆیان بەرانبەر دڵشاد و دانا دەردەبڕن. دڵشاد زۆر هەوڵ لەگەڵ خۆزگە دەدات کە ئارامی بکاتەوە بەڵام هیچ چاری نییە لەگەڵیدا. خۆزگە دەڵێ: کەستان باوەڕتان پێ نەکردم کەستان نەتانویست گوێم لێبگرن، دڵشاد ئەیداتە پڕمەی گریان و دەڵێ: خۆزگە گیان ئێمە چووزانین شتەکە ئابەوشێوەیە کۆتایی دێت. خۆزگە بە گریانەوە دەڵێ: من دەمزانیی من درکم پێکردبوو، من هەستم دەکرد ئارا ئاشنایە پێم. ئارا مێردم بوو. من و ئارا ژن و مێرد بووین. خۆزگە ئەیداتە پڕمەی گریان و باوەش بە دڵشاددا دەکات و دەڵێ: ئارا مێردم بوو، ئەم بەیانییە خەوم بینی ژنێکی پاکیزە بە جلێکی جریوەداری سپییەوە هات بۆ لام و بردمی لەگەڵ خۆی هەموو ئەو شوێنانەی پیشاندام کە من و ئارا پێکەوە لێی بووین، من زۆر خراپ بووم بۆ ئارا هیچ گرنگییم پێ نەدابوو. ژنە پاکیزەکە دەیوست نیشانم بدات کە چۆن خراپ بووم بەرانبەر ئارا و دەیویست پێمبڵێت کە ئارا کێیە. من و ئارا کێشەمان هەبووە و لێکجوودا بووینەتەوە. ئارا ئێستا بۆ من مرد، هەتا لە داهاتدا تووشی ئەو خەمەم نەکات. پێش مردنی پێی گووتم، کە ئەویش ئازاری منیداوە و ناتوانێت لەخۆی ببوورێت، بۆیە مەرگی پێش مەرگم کەوتووە، هەتا لە داهاتدا ڕێگا بەخۆی نەدات ئازارم بدات. بەڵام ئەوەی کە من دیم لە خەوەکەمدا باوەڕناکەم ئارا چارەکی ئەوەشی بەرانبەر من کردبێت. هێندەی من لە دوێنێ ئێوارەوە ئارا بناسم. دڵشاد و خۆزگە ئەیدەنەوە پڕمەی گریان و باوەش

به یەکدیدا دەکەن. میوانەکان بۆ پرسە و سەرخۆشییدانەوە هەتا بێت ژمارەیان زیاد دەکات. زۆریینەی میوانەکان هەتا شەو درەنگان نارۆنەوە هەتا خۆزگە و دڵشاد و دانا تەنیا نەبن غەم و گریان نەیانکووژێت. ئەو شەوە خۆزگە بڕیاردەدات کە نەڕواتەوە هەتا تەرمی ئارا بە خاک دەسپێرن. دڵشاد و دانا زۆریان پێخۆش دەبێت دەڵێن: تازە تۆ هەر نابێت بڕۆیتەوە بۆ سوێدن، ئێستا تۆ لەیەککاتدا هەم خۆزگەیت هەم ئارایت بۆ ئێمە. تۆ دەبێت بێیتە ئێرە بژییت. خۆزگە بەڵێنیان پێدەدات کە داواکەیان بەجێبگەیەنێت. بۆ سبەینێ خۆزگە ئیمایلێک بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێت و داوای لێدەکات کە لە قووتابخانە کارەساتەکەی بۆ بەڕێوەبەری قووتابخانە شیبکاتەوە و داوای لێبکات کە ماوەی هەفتەیەک پشووی پێبدات هەتا ئامادە دەبێتەوە بۆ خوێندن. دوو ڕۆژ بەسەر مەرگی ئارا دا تێدەپەڕێت و پاشان شارەوانیی میونشن نامە دەنێرێت بۆ ماڵی دانا و داوایان لێدەکات کە بچن تەرمەکەی ئارا لە تەرمخانە وەربگرنەوە و شارەوانیش لە یەکێک لە سەرقەبرانەکانی باشووری شاری میونش جێگە گۆڕێکیان بۆ ئارا تەرخانکردووە، لە نامەکەدا شارەوانیی دەڵێ: ئەگەر ئێوە وەک کەسوکاری ئارا دەتانەوێت ئەوا دەتوانن لەم گۆڕستانەدا ئارا بنێژن. دڵشاد و دانا و خۆزگە بڕیاردەدەن کە ئارا لەو سەرقەبرانەدا بنێژن هەتا لە خۆیانەوە نزییک بێت. ڕۆژێک دوای ئەوە دانا و دڵشاد و خۆزگە دەچنە تەرمخانەی شار و داوای تەرمەکەی ئارا دەکەنەوە و دەڵێن: بڕیارمانداوە کە لە گۆڕستانەکەی باشووری میونشن ئارا بنێژین. یەکێک لە کارمەندەکان فۆرمولارێک دێنێت و بە دڵشاد و دانا و خۆزگەی ئیمزا دەکات و پاشان پێیان دەڵێت؛ کە سبەینێ کاتژمێر یانزدەی پێش نیوەڕۆ لەسەرقەبران ئامادە بن ئەمان خۆیان تەرمەکەی ئارا بەڕێدەکەن بۆ سەرقەبران. دڵشاد و دانا و خۆزگە سووپاسی کارمەندەکە دەکەن و دەڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. پاشان تێلیفۆن دەکەن بۆ هاوڕێکانیان و پێیان دەڵێن کە سبەێنێ کاتژمێر یانزدە تەرمی ئارا بەخاک دەسپێردرێت. خۆزگە بە دڵشاد و دانا دەڵێ: لەم شارە کوردی خەت خۆش هەیە؟

دانا دەڵێ: بەڵێ هەیە، هیوای خۆش نووس هەیە. بۆچیتە خۆزگە گیان؟

خۆزگە بە گریانێکەوە دەڵێ: بیرتان دێت ئەو شەوە کە یەکەمیینجار ئارا تاکەی لێهات و کەوتە وڕێنەکردن و وتی: فڕیینم بریچۆتەوە لەم کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم؟

دڵشاد و دانا دەڵێن بەڵێ بیرمان دێت.

خۆزگە بەگریانەوە دەڵێ: ئەوە وڕێنە نەبوو ئەوە ڕیاڵ بوو بەڵام ئێمە کەسمان لێی تێنەگەیشتین. فەرموو ئەوەتانێ ئیمڕۆ لێی تێدەگەین، ئارا لێرە دەمرێت و تەرمەکەی ناگاتەوە وڵات. لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ئەم شارەدا دادەپۆشرێت و تاک و تەنها بە نامۆییی بەجێدەهێڵرێت و هیچ کەس ناناسێت لە مردووەکان. وەک مەلێک وایە لە دوورگەیەکەوە بیبەیتە دوورگەیەکی تر و باڵەکانی بقرتێنیت و نەهێڵیت بفڕێتەوە بۆ دوورگەکەی خۆی. لەوێش بەبێ باڵ ئەودالانە بۆ هاوڕێیەک بگەڕێت، کە بۆ تەنها جارێک لێی بگات و گوێ بۆ ئازارەکانی شل بکات. یان وەک مەلێک کۆچی کیشوەرێکی تر بکات و لە کەناردا لێی بقەومێت و فڕیینی بیربچێتەوە و نەگاتەوە کیشوەرەکەی خۆی. لەوێش ئەودالی هاوڕێیەک بێت و چنگی نەکەوێت، هەتا کروزی غەمەکانی خۆی بۆ هەڵڕێژێت. دەمەوێت ئەو ڕستەیەی کە ئارا دەریبڕیی لەسەر

تابلۆیەکی جوان و بە خەتێکی جوان بینووسین و لە چوارچێوەیەکی شووشەی بگرین و لەسەر گۆڕەکەی دابنێین بە وێنەیەکی خۆیەوە. دانا هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: من هەرئێستا دەچم ئەو کارە جێبەجێدەکەم. دانا دەڕواتە خوارەوە و بەرەو بەجێگەیاندنی ئەو کارە بەڕێدەکەوێت.

بۆ ڕۆژی داهات کاتژمێر یانزدەی پێش نیوەڕۆ هەموو هاوڕێکانی ئارا لە تەواوی ئەڵمانیاوە ئامادەی بەخاک سپاردنی ئارا دەبن. هەموو بە قات و جلوبەرگی ڕەشەوە لەسەر تەرمەکەی ئارا دەوەستن و چەپکە گوڵی سپیی لەسەر تەرمەکەی دادەنێن و ماچی دەکەن. پاشان یەکەمجار قەشەیەک چەند قسەیەکی پیرۆز بەدەستووری ئایینی مەسیحیی لەسەر تەرمەکەی ئارا پێشکەش دەکات و دوای ئەویش مەلایەک کە هەر شارەوانیی ئامادەی کردبوو بۆ بەخاک سپاردنی تەرمەکەی ئارا، چەند پارچەیەک لە ئایەتی قورئان پێشکەش دەکات و دوای ئەوە یەک دوانێک لە هاوڕێکانی ئارا و ئەو پیاوانەی ئەرکی بەخاکسپارنی ئارایان لەلایەن شارەوانییەوە پێ سپێردرابوو تەرمەکەی ئارا بە سندوقەکەیەوە دەنێنە گۆڕەوە و ئینجا هەم مەلاکە و هەم قەشەکە یەکی چەند کەوچکە خاکەنازێک خۆڵ دەکەن بەسەر تەرمەکەیدا و لە دوایشدا هەریەک لە هاوڕێکانی چەند خاکەنازێک خۆڵ هەڵئەدەنە سەرتەرمەکەی و تەرمەکەی ئارا دادەپۆشن.

ئەوسا ئیدی هاوڕێکانی ئارا هەموو جارێکی تر سەرەخۆشیی لەیەک دەکەن و دڵشاد و ئارا و خۆزگە سووپاسی هاتنیان دەکەن. خۆزگە پارچە نووسینەکەی لە کیسەیەکی نایلۆندا دەردێنێت و دەیچەقێنێتە سەرگۆڕەکەی. هاوڕێکانی ئارا ئاوڕ بۆسەرگۆڕەکەی ئارا دەدەنەوە و هەموو نووسراوەکە دەخوێننەوە" فرییینم بیرچۆتەوە لەم کەنارەدا بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێم" ئیدی هەموو لەبەرخۆیانەوە دەڵێن: جێگەت بەهەشتی بەریین بێت ئارا گیان. دڵشاد و دانا و خۆزگەش دەست بە ناوقەدی یەکەوە دەگرن و گۆڕستانەکە بەجێدێڵن و خۆزگە تەماشایان دەکات و دەڵێ: ئیدی منیش لە داهاتدا لە میونشن دەژییم.

دڵشاد و دانا باوەش بە خۆزگەدا دەکەن و دەڵێن: تۆش لە مەرگی ئاراوە، ئارا و خۆزگەی ئێمەیت.

کۆتایی

پێنج شەممە

12.08.04

کاتژمێر 00:39 دوانیوەشەو